
نرخەکەی داشکێنراوە
٦٧٥٠

فیقهی ئاسان

لە ژێر ڕۆشنایی سوننەت و قورئان

الفقه الميسر

في ضوء الكتاب والسنة



دانانی
دەستەبژێرێک لە زانایان

وەرگێڕان و لەسەر نوسینی
ماموستا علی خان

چاپی سێیەم
چاپێکی پوخت و بۆ زیادکراوە

کتێبخانەی ئاموژگاری
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

فیقهی ئاسان

له ژێر ڕۆشنایی سوننەت و قورئان

دانانی:

دەسته بژێرێك له زانایان

وەر گێڕان وله سەر نوسین وبەراورد کردن وڕاست کردنەوەی:

علی خان

چاپی سێیەم

هەڵەچنی کراوە

کتێبخانەی ئامۆژگاری

ناوی کتێب بە عەرەبی:	الفقه الميسر في ضوء الكتاب والسنة
ناوی کتێب بە کوردی :	فیقهی ئاسان لە ژێر ڕۆشنایی قورئان وفەرموودەکان
نوسەر:	دەستەیەك لە زانایان
پێداچوونەوەی:	شێخ ساڵح.
وەرگێرانی:	علي خان
نوسینەوەی:	ژیلوان علي
دیزاینی ناوەوە:	سایتی: www.ali-xan.com
بەرگ:	کارزان
بلاوکردنەوەی:	کتێبخانەی ئامۆژگاری، سلێمانی.
نۆرە وساڵی چاپ:	سێیەم ١٤٤١ - ٢٠٢٠
تیراژ:	١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن:	(٤٤٥) ساڵی ٢٠١٩ کتێبخانە گشتیەکانی پێ دراوە.

بەرهەمی سایتی

www.ali-xan.com

لە چاپ دان وبلاو کردنەوەی

کتێبخانەی ئامۆژگاری

سلێمانی، دارە سوتاوەکە، بەرامبەر کەشتی نوح

ktebxanayamozhgary

maktabaalnasiha

07701499711

فیقهی ئاسان

لە ژێر ڕۆشنایی سوننەت و قورئان

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی خوای خاوەن بەزەیی، وبەزەیی کار

پێشەکی وەرگێڕ

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله، وآله وصحبه، أما بعد:

خوێنـەری بـەڕێز: ئەمـە وەرگێڕانـی کتـێبی: «الفِقْهُ المُيَسّر فِي ضَوْءِ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ»یە، کە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆر وپرۆفیسۆری بواری فیقهـەوە نوسـراوەتەوە. ئاسانی ئوسلوبەکەی، وپشت بە ستنی بـە بەڵگـە دروسـتەکان، وگشـت گـیری بـۆ بابەتەکان، ومام ناوەند بون وبە ئینساف بونی لە حوکم دان وپەسەند کردنی بۆچـونە فیقهیەکان، وناوەند گرتن لە کورت بڕی ناڕون، ودرێژا دڕی بێزار کەر، وبەسـتنەوەی بە بابەتە فیقهیە نوێ وسەردەمیەکان، وهەروەها ئەوەی کە کـاری دەسـتە جەمعیـە وهی یەك کەس نیە... وهتد، وای کردوە ئەم کتێبە ببێتە یەکێك لە کتێبە هەرە بـە ناو بانگ ترینەکانی جیهانی ئیسلامی.

وا لە خوارەوەش هەر بە کورتی -بە ویستی خوا- هەندێك تێبینی دەخەینـە ڕو، لەگەڵ ئەو ڕێبازەی لەم وەر گێڕانەماندا گرتومانەتە بەر:

١. پشت بە ستراوە بە چاپی دوەمی ئەم کتێبە، کە لە لایەن خـودی «مُجَمَّع»ەوە لە چاپ دراوە ودواترین چاپیشێتی، وجیاوازیشی هەیە لەگەڵ چاپە بە ناو بانگەکانی نێو بازاڕ.

٢. کتێبەکە ئاستێکی زانستی بەرز وبە نرخی هەیە، جا هەوڵ دراوە پارێز گـاری لەو پایەیەی بکرێت.

٣. هەروەها بە زمانێکی ئاسان وڕەوان وەرگێڕدراوە، بەو شێوازەی خەڵك قسـەی پێ دەکەن.

٤. بۆ لێك دانەوەی ئایەت وفەرمودەکان پشت بە کتێبەکانی ئەو بوارە بەستراوە، بــە تایبــەت: «التفسير الميسر» و«الفتح الباري»، و«عـون المعبـود» و«تحفـة

«جوزي» و«مختار الصحاح» و«النهاية» و«معجم مقاييس اللغة» و«المعجم الوسيط» زۆر ترین گەڕانەوە بۆ ئەمانە بوە.

٥. هەر تێبینی وسەرنج وزیادەیەك بە زەرور وپێویست زانرا بێت، ئەوا لە پەراوێز یان لە سەردوە ئاماژەی پێ کراوە، ولە نێوان ئەم دو کەوانەدا [ ] دانراوە، بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت.

٦. هەندێك جۆراو جۆری وهونەر کاری کراوە لە وەر گێڕانەکەدا، بـۆ ورد بـین ڕون دەبێتەوە، هەر وەکو چۆن بایەخ دراوە بە ڕێساکانی ڕێنوسی، بۆ ئاسان تێگەیشتن.

٧. ئەو وتە ووشانەی کتێبەکە کە نا ڕون بوە، لە پەراوێز ڕون کراوەتەوە.

٨. هەمو فەرمودەکان بە پێی توانا بە حەرەکات وسەکەنات (سەرە وبۆرە...)ەوە دانراوە، کە لە عەرەبیەکەدا وا نیە.

٩. لە پاش هەر دەقێك یەك سەر لە کەوانەیەکی ئاوهادا «» وەرگێڕانی بۆ کراوە.

١٠. دەقە دو بارەکـان فەرمایشـت بـن یـان فـەرمودە، وەرگێڕانەکـەی دو بـارە نەکراوەتەوە.

١١. ئامرازی پەیوەندی واو، دراودتە پـاڵ وشـەکەی دوای خـۆی، بـۆ نمونـە بـەم شێوازە: «بە بەڵگەی قورئان، وفەرمودە، وکۆ دەنگی».

١٢. ئەم جۆرە فاریزەیە کە خاڵێك لە ژێریەتی « ؛ »، واتـە: ئـەوەی دوای خـۆی، ڕونکردنەوەی پێش خۆیەتی.

١٣. کاری سەرەکی من وەرگێڕانە، بۆیە لە کتێبەکەدا بۆچونێك لە یـەکێکی تـر بە پەسەند تر زانرا بێت، تەعقیب نەکراون وقسەی لە سەر نەکراوە، بـە تایبـەت تـر مەسەلە فیقهیەکان زۆرێکی فراوانی تێدایە.

١٤. بۆ ورد بین ڕون دەبێتەوە تەخریجەکەیان یەك دەست نیە، وبواریشیان بـۆ وردە کار هێشتۆتەوە، جا ئەمە چارەسەر کراوە، بۆ نمونە: دەقەکە بەو شێوازە نـەبو بێـت،

یان ژمارەکە هی ئەو دەقە نەبو بێت وهتد...)، وشەیەکیشی بۆ زیـاد کـرا بێـت لـە نێوان دوو کەوانەدا دامناوە، چونکە بە لامەوە گرنگ بوە کتێبـە عەرەبیەکـە وەکـو خۆی بهێنێتەوە بیٚ دەست کاری کردن. هەر لەم جۆرەش: ئەو تەخریجـە زۆرانەیـە کـە دوبارە بۆتەوە زۆر جار بە جیاوازیشەوە، جا لێرەدا تـیٚ هـەڵکێش کـراوە ولـە یـەك شوێندا دانراوە، کە دوبارە بویەوە، دەنوسرێت: [پێشو] یا [پێشتر].

١٥. هەر لەم جۆرە: تەخریج کردنی ئەو شوێنانەیە، کە تەخریج نەکراوە.

١٦. کە لە خوارەوە بەم شێوازە نوسیم: [هذا لفظه- ئەمە لەفزەکەیـەتی]، واتـا: لەو کتێبەی ئەوان پشتیان پیٚ بەستوە، وئەو شوێنەی ئـەوان ئاماژەیـان بـۆ کـردوە، دەقەکەمان لەو شوێنەدا وبەو شێوازەی ئەوان بەر چاو نەکـەوتوە، هـەڵیش دەگرێـت ئەوەی ئەوانیش لە نوسخەی تردا وا بێت، بەڵام من گومانم بۆ ئێوە کردوە بـە یـەقین ودەقی فەرمودەکەم لە سەر چاوەکەوە نوسیوەتەوە، ئەگەریش زیاد وکەمێکیان کـرد بێت لە نێوان دو کەوانە دامناوە، بە ڕادەیەك ترست نەبێت لە بەری بکە ووا بزانە لە کتێبەکانی فەرمودەوە لە بەرت کردوە والحمد لله تعالى.

١٧. کە نوسیمان: «فەرموده» واتا: حەدیس، «فەرمایشت»یش: ئایەت.

١٨. ئەم وشە ورستانە ئاوها وەرگێڕدراوە:

«لا يجوز»: دروست نیە. بەڵام «لا يصح»: دروست نابێت.

«ينبغي»: ئەبێت. بەڵام «يجب»: پێویستە.

١٩. ئەم ڕەمز وسیمبولە بە کار هاتوانەش بەم واتایانە دێن:

- ﷻ «عَزَّ وَجَلَّ»، واتە: توانا ودەسەڵات ومەزنی وشکۆ بۆ خوا.

- ﷻ «جل وعلا»، واتە: شکۆ داری وبەرزی بۆ خوا.

- ﷻ «تبارك وتعالى»: واتە: پیرۆزی وفەڕ وبەرەکەت وبەرزی بۆ خوا.

- ﷻ «سبحانه وتعالى»: واتە: پاکی وبیٚ عەیبی وکورتی وبەرزی بۆ خوا.

- ﷺ «صلى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم»، واتە: سەڵات وسەلامی خوای لێبێت.
- ؓ «رَضِيَ اللّٰه عَنْه»، واتە: خوای لێ ڕازی بێت.
- ؓ «رَضِيَ اللّٰه عَنْها»، واتە: خوای لێ ڕازی بێت «بۆ مێینە».
- ؓ «رَضِيَ اللّٰه عَنْهما»، واتە: خوا لە هەر دوکیان ڕازی بێت.
- ؓ «رَضِيَ اللّٰه عَنْهم»، واتە: خوا لە هەمویان ڕازی بێت.
- رَحِمَهُ ٱللَّهُ، واتە: ڕەحمەتی خوای لێ بێت.
- «سەحیحەین»: واتە: هەر دو تاکە کتێبە سەحیحەکە، کە صەحیحی بوخاری وصەحیحی موسلمن.
- «شەیخەین»: واتە: هەر دو شێخەکە، کە شێخی بوخاری وشێخی موسلمن.
- «متفق علیە»: واتە: «کۆکن لە سەر گێڕانەوەی»، یانی: بوخاری وموسلم.
- «خاوەن سونەنەکان»: بریتین لە نەسائی، وتورمزی، وئەبو داود، وئیبن ماجە.
- «بەرزی دەکاتەوە»: واتە: ئەیداتە پاڵ پەیامبەر ﷺ.

٢٠. لە کۆتایی کتێبەکەدا -بە حەول وقوەتی خوا- پێڕستێکی ورد ودور ودرێژمان کردوە بۆ سەرجەم بابەتەکان، کە دەگاتە «٣٠» سی لاپەڕە، والحمد لله.

پەروەردگارا! هەوڵم دا هەندێك هۆکار بگرمە بەر بۆ بەرەکەت داری ئەم کتێبە، سا لێت دەپاڕێمەوە بە فەزڵی خۆت، بەرەکەت وفەڕ وپیرۆزی بە سەر کتێبەکە وخوێنەرانی دا برێژە، وبیکە مایەی سود بۆ سەرجەم موسڵمانانی کورد زوبان، وبیکە مایەی لێ خۆشبون. لە کەم وکورتیشم ببورە بە لێ بوردەیی وبەخشندەیی خۆت.

بەندەی خوا
علی خان
٠٧٧٠١٢٣٤١٥٧
info@ali-xan.com

ڕێبازی کار لەم کتێبەدا[1]

ڕێبازی کار لەمانەی خوارەوەدا کورت هەڵ دەهێنین:

یەکەم: دابەش کردنی بابەتەکان بۆ چەند بەش (کِتاب)ێکی سەرەکی، وهەر بەشێکیش دابەش کراوە بۆ چەند دەروازەیەك، وهەر دەروازەیەك چەند پرسێکی لە ژێردایە، ئەمەش بۆ نزیکردنەوە وئاسان کردنەوەی باسەکان بۆ خوێنەر.

دووەم: لە هەر بابەتێکدا تەنها مەسەلە گرنگەکان هێنراوە کە پێویستی نەبخوازێت، وباسی وردە چڵ وئەو مەسەلانەمان نەکردوە کە خەڵك کەم پێویستیان پێ دەکەوێت.

سێیەم: کورت بڕی وهەڵبژاردنی لەفز ودەستەواژە ئاسان وڕونەکان بە پێی توانا.

چوارەم: لە هەر پرسێکدا تەنها بەڵگە پشت پێ بەستراوەکانمان هێناوە.

پێنجەم: لەو پرسانەی ڕا جیاوازی تێدایە، تەنها وتەی پەسەند باس کراوە کە پشت قایە بە بەڵگە، بێ پەنا بردن بۆ باس کردنی ڕا وبۆچون ووتەکان لە پرسەکەدا.

شەشەم: ئایەتەکان دراوەتە پاڵ شوێنەکەیەوە؛ بە باس کردنی ناوی سورەت وژمارەی ئایەت، ئەمەش لە تەنیشت ئایەتەکەدا.

حەوتەم: تەخریج کردنی فەرمودەکانی پەیامبەر ﷺ؛ بە دانە پاڵی سەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکانی؛ ئەگەر لە سەحیحەین یان یەکێکیان هەبێت ئەوە بەسە،

---

(١) [پێش ئەم ناونیشانە، خشتەی کار هەبو، جا لەبەر ئەوەی ڕێك بریتی بو لە پێڕستی ئەم کتێبە لابرا].

ئەگەریش لەوێ نەبێت، لە سەرچاوە بە ناو بانگەکانی ترەوە تەخریجمان کردوە، وچوار سونەنەکەمان خستۆتە پێش ئەوانی تردوە، هەروەها حوکم دراوە بە سەر فەرمردەکان وناستەکەی ڕون کراودتەوە جگە لە فەرمودەکانی سەحیحەین، ئەمەش بە باس کردنی وتەی پێشەوایانی ئەم بوارە -بە کۆن وتازەیانەوە- لەم بارەوە.

هەشتەم: وشە وزاراوە نامۆکان کە پێویستی بە ڕۆشن کردنەوە هەیە ڕون کراودتەوە، جا ئەو وشە وزاراوانە ئەگەر لە میانەی شەرح دا بێت لە پەراوێز باس کراوە، ئەگەریش لە زاراوە سەرەکیەکانی ئەم لێ کۆڵینەوەیە بن ئەوا هەر لە ناودڕۆکەکەیدا لە سەردتای هەمو دەروازە وپرسێك باس کراوە.

نۆیەم: سود بینین لە هەندێك کتێبی فیقهی سەردەم لە گرنگترینیان:

«الشرح الممتع» هی مامۆستای بەڕێز شێخ موحەممەد بن عوسەیمین ﷺ.

و«الملخص الفقهي» هی مامۆستای بەڕێز شێخ سالّح ئەلفەوزان خوا بیپارێزێت.

ئەمە جگە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی هەر چوار مەزهەبەکە وجگە لەوانیش.

دەیەم: باس کردنی هەندێك لەو شتانەی کەوا زۆرێکی خەڵك بە پێچەوانەی قورئان وسوننەتی صەحیحەوە ئەنجامی دەدەن، وڕون کردنەوەی ڕاست وهەقەکە لەو بارەوە، ئەمەش لەو شوێنانەی پێمان وابوە پێویستی دەیخوازێت.

یانزەهەم: لە کۆتایی کتێبەکەدا پێڕستێکی وردمان داناوە بۆ بابەت وپرسەکانی کتێبەکە، ئەمەش تا ئاسان بێت بۆ کەسی خوێنەر.

ڕێ خۆشکار

لەم خاڵانەی خوارەوەدا پێك هاتوە:

- پێناسەی فیقه لە زمان وزاراوەدا.

- سەرچاوەکانی.

- بابەتەکانی.

- بەر وبومەکانی.

- فەزڵەکانی.

• **واتای فیقه لە زمان وزاراوەدا:**

فیقه: فیقه لە زماندا: تێگەیشتنە، وەك فەرمایشتەکەی خوای بالاّ لە بارەی گەلی شوعەیبەوە: ﴿...مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ...﴾ [هود:٩١] «ئێمە تێناگەین لە زۆرێکی ئەو شتانەی تۆ ئەیلێی». هەروەها ئەفەرموێ: ﴿...وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ﴾ [الإسراء:٤٤] «بەلاّم ئێوە لە تەسبیحاتیان تێ ناگەن»..

بەلاّم فیقه لە زاراوەدا: بونی زانستە بە حوکمە شەرعیە کردەوەییە بە دەست هاتوەکان لە بەڵگە وردەکاریەکانەوە، هەروەها فیقه بە خودی حوکمەکانیش دەوترێت.

سەرچاوە سەرەکیەکانی فیقه:

١- قورئانی پیرۆز.

٢- سوننەتی پاك.

٣- کۆ دەنگی.

٤- قیاس.

بابەکانی فیقه:

بابەتی فیقه بریتیه لە کردەوەی بەندە تەکلیف لێ کراوەکان بە شێوەیەکی گشتی وگشت گیر، جا فیقه پەیوەندی مرۆڤ لە خۆ دەگرێ لەگەڵ پەروەردگار، وخۆی، وکۆمەڵگاکەشی.

هەروەها حوکمە کردەییەکان، وئەوەی لە تەکلیف لێ کراوان دەوەشێتەوە لە وتە وکردەوە، وگرێ بەست وهەڵس وکەوت= دەگرێتەوە. ئەمەش دو جۆرە:

یەکەم: حوکمی پەرستنەکان: لە نوێژ وڕۆژو وحەج وهاوشێوەکانی.

دوەم: حوکمی مامەڵەکان: لە گرێ بەست، وهەڵس وکەوت (تصرفات)، وسزاکان (عقوبات)، وتاوانەکان (جنایات)، زەمانەت وجگە لە مانەش کە مەبەست لێی ڕێکخستنی مامەڵەیە لە نێوان خەڵك دا.

ئەم حوکمانەش دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کورت هەڵ بهێنرێت:

١- حوکمە خێزانیەکان لە سەرەتای پێکەوەنانیەوە تا کۆتایی هاتنی. ئەمەش حوکمەکانی هاوسەر گیری وتەلاق وڕەچەڵەك، وخەرجی کێشان، ومیرات وهاوشێوەکانی دەگرێتەوە.

٢- حوکمی مامەڵە داراییەکان (مەدەنیەکان): ئەو حوکمانەیە کە پەیوەستە بە مامەڵەی تاکەکان وئاڵوگۆڕیانەوە، لە کڕین وفرۆشتن وکرێ دان وشەریکی وهاو شێوەکانی.

٣- حوکمی تاوانەکان: کە پەیوەستە بەو شتانەی لە تەکلیف لێ کراو دەوەشێتەوە لە تاوان ودەست درێژیەکان، هەروەها شایستەی چ سزایەکە.

٤- حوکمی موڕافەعات[1] ودادوەری: کە تایبەتە بە بڕیاردان لە کێشە وناکۆکی وبانگەشەکان وڕێگای سەلماندنی وهاوشێوەکانی.

٥- حوکمە نێو دەوڵەتیەکان: ئەو حوکمانەیە کە پەیوەستە بە ڕێك خستنی پەیوەندی دەوڵەتی ئیسلام لەگەڵ ئەوانی تردا لە دەوڵەتانی ئاشتی وشەڕ خوازەکان، هەروەها پەیوەندی هاو وڵاتیە ناموسڵمانەکان لەگەڵ دەوڵەت دا. وە تێکۆشان وپەیماننامەکانیش دەگرێتەوە.

بەر وبومی زانستی فیقه:

شارەزا بون لە فیقه وئیش پێ کردنی ئەبێتە مایەی چاك بونی بەندە، ودروست بونی پەرستنەکانی، وڕێك بونی ئاکارەکانی. کەیش بەندە چاك بو کۆمەڵگە چاك دەبێت، بەر وبومی ئەمەش کامەرانی وخۆشی ژیانی دونیایە، لەگەڵ ڕەزامەندی وبەهەشتەکەی خوا لە دوا ڕۆژدا.

فەزڵی شارەزا بون لە دین وهاندان بۆ فێرخوازی وزانست وەرگرتن:

شارەزا بون لە دین، لە باشترین کردەوەکان وپاك ترین خەسڵەتەکانە. دەقەکانیش لە قورئان وفەرمودە بەڵگەن لە سەر گەورەیی فەزڵی وهاندان بۆ لای. لەوانە: فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ [التوبة ١٢٢] «وناگونجێت وناشبێت ئیمانداران هەر هەمویان دەر بچن بۆ تێکۆشان وجەنگ کردن لەگەڵ دوژمنەکەیان، بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن سەرکەوت بن بڕ نەبن، وەکو چۆن

---

(١) «المرافعات» کۆی «المرافعة»یە، کۆمەڵێك ڕێ وشوێنی دیاری کراوە دەگیرێتە بەر بۆ ڕاست کردنەوەی بانگەشە وخستنە ڕوی. بڕوانە: «المعجم الوسيط» (رفع). وەرگێڕ.

ناشبێت وناکونجێت هەموتان دابنیشن، ئەی کۆمەڵێك بۆ ناچن بۆ جیهاد کە بەس بێت ومەبەست بپێکێت، وکۆمەڵێکی تر نامێننەوە لەگەڵ پەیامبەردا؟! ئەمەش بۆ ئەوەی فێری دین ببن لێوەی». هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ» «خوا ویستی خێری بۆ هەر کەسێك بوێت لە دین شارەزای دەکات وتێی دەگەیەنێت»[١]. دەبینی پەیامبەر ﷺ هەمو خێرێك دەبەستێتەوە بە شارەزا بون لە دین ولێ تێگەیشتنی، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر گرنگیەکەی ومەزنی پایەکەی وبەرزی پلەکەی. هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «النَّاسُ مَعَادِنُ، خِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الْإِسْلَامِ إِذَا فَقُهُوا» «خەڵك وەك کانزان (بە بنەچە وڕیشەی خۆیانن)، باشترینەکەیان لە نەفامی باشترینەکەیانە لە ئیسلامەتی دا، ئەگەر لە دین شارەزا ببن ولێی تێ بگەن»[٢].

جا تێگەیشتن لە دین پایەکەی لە ئیسلامدا زۆر مەزنە، وپلەکەشی لە پاداشتدا زۆر گەورەیە، چونکە موسڵمان کە لە کاروباری دینەکەی شارەزا بو وتێگەیشت وزانی چ مافێکی هەیە وچ ئەرك واجبێکی لە سەرە؟ ئەوسا بە بەر چاو ڕۆشنیەوە پەرستنش بۆ خوا دەکات، وسەرکەوتو دەبێت بۆ خێر وکامەرانی لە دونیا ودوا ڕۆژدا.

---

(١) أخرجه البخاري (٧١) واللفظ له، ومسلم (١٠٣٧).
(٢) أخرجه البخاري (٣٣٨٣) واللفظ له، ومسلم (٢٦٣٨).

یەکەم: بەشی پاك وخاوێنی.

وله ده دەروازه پێك دێت:

دەروازەی یەکـــەم: له بارەی حوکمی پاك وخاوێنی وئاوەوە.

دەروازەی دوەم: له بارەی قاپ وقاپچاخەوە.

دەروازەی سـێیەم: له بارەی دەست بە ئاو گەیاندن وئادابەکانیەوە.

دەروازەی چـوارەم: له بارەی سیواك وسوننەتەکانی فیترەتەوە.

دەروازەی پێنجەم: له بارەی ئیعتیکافەوە.

دەروازەی شەشەم: له بارەی مەسحی خوف ومێزدر ولەفافەوە.

دەروازەی حەوتەم: له بارەی غوسلەوە.

دەروازەی هەشتەم: له بارەی تەیەمومەوە.

دەروازەی نۆیـــەم: له بارەی پیسیەکان وچۆنیەتی پاك کردنەوەیان.

دەروازەی دەیـــەم: له بارەی سوڕی مانگانە وزەیستانیەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی ئەحکامەکانی پاك وخاوێنی (الطهارة) وناوەکانەوە.

وله چەندین مەسەلە «پرس» پێك هاتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی پاك وخاوێنی وڕون کردنەوەی گرنگیەکەی، وبەشەکانی:

١. گرنگی پاك وخاوێنی وبەشەکانی:

پاك وخاوێنی کلیلی نوێژە، ویەکێکە لە مەرجە تەئکید لە سەر کراو (المُؤَكَّد)ـەکانی[١]، ومەرجیش، ئەبێ لە پێشی «مەرج بۆ گیراو» بێت[٢].

پاك وخاوێنیش دو بەشە:

بەشی یەکەم: پاك وخاوێنیەکی مەعنەویە، کە بریتیە لە پاك وخاوێنی دڵ لە شیرك وسەرپێچیەکان وهەمو ئەو شتانەی پەردە ئەهێنن بە سەری دا، ئەم جۆرەش گرنگ ترە لە پاك وخاوێنی لاشە، وهەرگیز ناکرێت پاك وخاوێنی لاشە بە دی بێت لەگەڵ بونی پیسی شیرك دا، وەك پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ [التوبة:٢٨]. واتە: «بەڕاستی هاوبەش دانەران پیسن».

بەشی دوەم: بریتیە لە پاك وخاوێنی بەر جەستەیی، وا لەم چەند دێڕەی خوارەوەش بە وردی ڕونی دەکەینەوە.

٢. پێناسەکەی:

لە زمانەوانیدا: بریتیە لە خاوێنی، وپاکبون لە پیسی.

---

(١) واتە: جەختی زۆری لە سەر کراوەتەوە، سوننەتی موئەککەدەیش هەمان واتای هەیە، ئەو سوننەتەیە پەیامبەر ﷺ ئەنجامی دابێت وبەردەوام بو بێت لە سەری. «وەرگێڕ»

(٢) ئەوەش جیاوازی نێوان مەرج وڕوکنە؛ ڕوکن لە ناوەوەی دایە؛ وەك: سوژدە لە نوێژدا، بەڵام مەرج لە دەرەوەیە؛ وەك: دەست نوێژ بۆ نوێژ. دوایش دێت «وەرگێڕ»

ولە زاراوەش دا: بریتیە لە نەهێشتنی حەدەس (الحدث)، ولا بردنی پیسی (الخبث)[1].

مەبەستیش لە نەهێشتنی حەدەس: لابردنی ئەو وەصفەیە کە بوەتە ڕێ گر لە نوێژکردن، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئاو لە هەمو لاشەدا ئەگەر حەدەسەکە گەورە بو: ئەگەر حەدەسەکەش بچوك بو تەنها ئاو دەهێنی بە سەر ئەندامەکانی دەست نوێژدا بە نیەتەوە، ئەگەر ئاویش نەبو یان نەکرا بەکار بهێنرێ، ئەوا جێ گرەکەی بە کار ئەهێنێت، کە بریتیە لە خۆڵ، بەو شێوازەی شەرع فەرمانی پێ کردوە، و-بە ویستی خوا- لە دەروازەی تەیەمومدا باس ئەکرێت.

مەبەستیش لە لابردنی پیسی: واتە: لابردنی پیسی لە سەر لاشە وجل وبەرگ وشوێن.

کەواتە پاك وخاوێنی بەر جەستە (الحسي)ی دو جۆر بو: پاك وخاوێنی «حەدەس» کە تایبەتە بە جەستەوە، وپاك وخاوێنی «پیسی» کە تایبەتە بە لاشە وجل وبەرگ وشوێنەوە.

---

[1] حەدەس: بریتیە لە وەصفێکی لاشە، ڕێ گرە لە نوێژ وهاو شێوەکانی لەو شتانەی کە دەست نوێژی بۆ بە مەرج کراوە. ئەشبێتە دو جۆرەوە:
حەدەسی بچوك. کە لە ئەندامەکانی دەست نوێژدا هەیە، وەك ئەو شتانەی لە هەر دو ڕێگاکەوە دێتە دەرەوە لە میز وپیسی [وبا]، وئەم حەدەسەش بە دەست نوێژ نامێنێت.
وحەدەسی گەورە، کە لە هەمو لاشەدا وەستاوە، وەك: لەش گرانی، ئەمەش بە خۆ شۆردن (الغُسل) لا دەچێت، کەوابو: پاك کردنەوەی حەدەسی گەورە: بە غوسلە، وبچوکیش: بە دەست نوێژە، وبە جێگرەوەی ئەم دوانەیە لە کاتی نەکرانیاندا کە ئەویش: تەیەمومە. بڕوانە: «شرح الممتع» (١/١٩)، «الفقه الإسلامي وأدلته» (١/٢٣١)، و«الخبث»یش واتە: پیسی. دواجار زیاتر ڕونی دەکەینەوە.

وحەدەسیش دو جۆر بو: حەدەسی بچوك، کە دەست نوێژ پێویست دەکات، وحەدەسی گەورە، کە غوسل پێویست ئەکات.

بەڵام پیسی ئەبێتە سێ جۆرەوە: پیسیەك پێویستە بشۆردرێت، وپیسیەك پێویستە ئاو پرژێن بکرێت، وپیسیەك پێویستە بسڕدرێت.

پرسی دووەم: ئەو ئاوەی پاك وخاوێنی پێ بەدی دێت:

پاك کردنەوە پێویستی بە شتێك هەیە پێی پاك بکرێتەوە، پیسی پێ لا ببرێ وحەدەسی پێ هەڵ بگیرێت، ئەمەش بریتیە لە ئاو، وئەو ئاوەشی پاك وخاوێنی پێ بەدی دێت ئاوی پاکە؛ ئەو ئاوەی چۆن دروست کراوە تا بەو شێوازە مابێتەوە، ئیتر لە ئاسمانەوە دابەزیبێت: وەك باران وبەفرە تواوەکان وتەرزە، یا بە سەر زەویدا بڕوات، وەکو: ئاوی ڕوبار وکانیاو وبیر ودەریاکان. بە بەڵگەی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ﴾ [الأنفال:١١] «ولە هەورەکانەوە ئاوێکتان بۆ دادەبارێنێ تا ئێوەی پێ پاك بکاتەوە». هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا﴾ [الفرقان:٤٨]، «وئێمە لە هەورەکانەوە ئاوێکی پاکمان بۆ دا باراندون». هەروەها لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ» «خوایە! بشۆ لە تاوانەکانم بە ئاو وبەفر وتەرزە»[1]. هەروەها پەیامبەر ﷺ لە بارەی ئاوی دەریاوە ئەفەرموێ: «هُو الطَّهُورُ ماؤُهُ، الحِلُّ مَيْتَتُه» «ئاوەکەی پاکە، ومرداردوەبوەکەشی پاکە»[2]. ئەم ئاوەش خۆی پاکە وپاك کەرەوەی شتی تریشە.

(١) أخرجه البخاري (٧٤٤)، ومسلم (٥٩٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٨٣)، والترمذي (٦٩)، والنسائي (٥٩)، وابن ماجه (٣٢٤٦)، قال الترمذي: «حديث حسن صحيح». وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» ٥٨».

پاك بونەوەش لە حەدەس هەرگیز بە شلەکانی تری جگە لە ئـاو بـە دی نایـەت، وەك: سرکە وبەنزین وشـەربەت ولیمـۆ وهاوشـێوەکانیان، لـە بـەر فەرمایشـتەکەی پـەروەردگار: ﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا﴾ [المائدة:٦]. واتـە: «ئەگـەر ئاوتـان دەست نەکەوت، ئەوا بە خۆڵێکی پاك تەیەموم بکەن». جا ئەگەر پاك وخـاوێنی بـە شلەیەکی تری جگە لە ئاو بەدی بهاتبا، ئەگەر ئاوی دەست نەکەوتبایە ڕێنمایی بـۆ لا دەکرا، نەك بۆ لای خۆڵ.

بەڵام سەبارەت بە لا بردنی پیسی، ئەوا هەر شلەیەك بەس لایبدات، پێی بـە دی دێت وەك ئەو شلە تازانەی لەم سەردەمە دروست کراون.

پرسی سێیەم: ئاو ئەگەر پیسی تێکەڵ بو:

ئاو -کەم بێت یا زۆر- ئەگەر پیسیەکی تێکەڵ بو، ویەکێك لە سـێ سـیفەتەکەی گۆڕی -بۆنی، یا تامی، یا ڕەنگی- ئەوا بە کۆ دەنگی پیسە ونابێ بەکار بهێنرێـت، نە حەدەس ونە پیسی لا نادات.

بەڵام ئەگەر پیسیەکی تێکەڵ بو یەکێك لەم سێ سیفەتەی نەگۆڕی:

- ئەگەر زۆر بو، ئەوا پیس نابێ وپاك وخاوێنی پێ بە دی دێت.
- ئەگەریش کەم بو ئەوا پیس ئەبێ وپاك وخاوێنی پێ بە دی نایەت.

پێناسەی ئاوی زۆریش ئەوەیە: بگاتە دو قوللـە (قُلَّة)[1] یـا زیـاتر، کـەمیش ئەودیە لەمە کەم تر بێت. بەڵگـەش لـە سـەری: فەرمودەکـەی ئـەبو سـەعیدی خودریـە ﷺ، کـە پەیامبـەری خـوا ﷺ ئەفـەرمێ: «إِنَّ المَاءَ طَهُورٌ لَا يُنَجِّسُه

---

(١) «القلة» بریتیە لە کوزەی گەورە، بە «قُلل» و«قلال» کۆ دەکرێتەوە. دەکاتە نزیکەی ٩٣,٠٧٥ مەن کە بەرامبەری ١٦٠,٥ لیتری ئاوە، ودو قوللە دەکاتە نزیکەی پێنج مەشکە.

شيءٌ» «ئاو پاکە، هیچ پیسی ناکات»[1]. وفەرمودەکەی ئیبن عومەر کە پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمێ: «إذا بلغَ الماءُ قُلّتين لم يحمل الخبث» «ئەگەر ئاو بگاتە دو قوللە ئەوا پیسی هەڵ ناگرێت»[2].

پرسی چوارەم: ئەگەر ئاو شتێکی پاکی تێکەڵ بو:

ئەگەر ئاو ماددەیەکی پاکی تێکەڵ بو، وەکو گەڵای دار یا سابون یا ئوشنان[3] یا ئەبك ومادە پاکەکانی تر، وئەم ماددەیەی تێکەڵی بوە زاڵ تر نەبێت، ئەوا وتەی ڕاست ئەوەیە پاکە وەدەتوانێت خۆی پێ پاك بکاتەوە لە حەدەس وپیسی، چونکە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُوا۟ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم﴾ [النساء:٤٣] «ئەگەر نەخۆش بون یا لە سەفەر بون یا کەسێکتان لە سەر ئاودەوە هات، یا لەگەڵ خێزانتان دا جوت بون، وئاوتان دەست نەکەوت، ئەوە تەیەمموم بکەن بە خۆڵێکی پاك وەدەست بسڕن بە دەم وچاو وەدەستەکانتاندا». جا وشەی «ئاو» لە ئایەتەکەدا نەناسراو (نکرة)یە لە چوارچێوەی نەرێ دا هاتوە[4]، بۆیە هەمو ئاوێك دەگرێتەوە، وجیاوازیش نیە لە نێوان ئاوی پەتی وتێکەڵاو.

هەروەها پەیامبەر ﷺ بەو ئافرەتانەی فەرموە کە خەریکی شۆردنەوەی کچەکەی بون: «اغْسِلْنَهَا ثَلَاثًا، أَوْ خَمْسًا، أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَاجْعَلْنَ

---

(١) أخرجه أحمد (١٥/٣)، وأبو داود (٦١)، والنسائي (٢٧٧)، والترمذي (٦٦) وقال: «حديث حسن». وصححه الألباني في «الإرواء» (٤٥/١).

(٢) أخرجه أحمد (٢٧/٢)، وأبو داود (٦٣)، والترمذي (٦٧)، والنسائي (٥٢)، وابن ماجه (٥١٧) ولفظه: «إذا كان الماء قلتين لم ينجسه شيء»، وصححه الألباني في «الإرواء» (٤٥/١).

(٣) «الأشنان» بریتیە لە ترشەیەك دەستی پێ ئەشۆردرێت، بە عەرەبیش پێی ئەوترێ: حورد. وبە کەسرەی ئەلیفەکە -«أشنان»-یش دەخوێنرێتەوە.

(٤) مەبەستی ئەو بنچینەی ئوصولی فیقهە کە ئەڵێ: «النكرةُ في سياق النفي». «وەرگێڕ»

في الآخرة كافورا، أوْ شيئا منْ كافورٍ» «بیشۆرنەوە سێ جار یا پێنج جار یـا زیـاتر لەوە ئەگەر بینیتان پێویست ئەکات، بە ئاو ونـەبك، لـە کۆتایشـدا بـە کـافور، یـا هەندێ کافوری تێکەڵ بکەن»[1].

پرسی پێنجەم: حوکمی ئاوی بە کار هێنراو لە پاك وخاوێنی دا:

ئاوی بە کار هێنراو لە پاك وخاوێنی دا، بۆ نمونە: وەك ئەو ئاوەی لە ئەندامەکانی دەست نوێژ گر یا غوسڵ کەر جیا بودتەوە= ئاوێکی پاکە وپـاك کەرەوەیـە لـە سـەر ڕای دروست، وحەدەس وپیسی لا دەبـات، مـادام هـیچ کـام لـە سـێ سـیفەتەکەی نەگۆڕاوە: کە بۆن وتام ورەنگە. وبەڵگەی پاکێتیشی ئەوەیە: «پەیامبەری خـوا ﷺ ئەگەر دەست نوێژی بگرتبایە وەخـت بـو لـە سـەر ئاوەکـەی بکەنـە شـەڕ»[2]. هەروەها ئەو کاتەی جابر نەخۆش بو، پەیامبەر ﷺ لە ئـاوی دەسـت نوێژەکـەی خۆی کرد بە سەر جابر دا[3]. خۆ ئەگەر پیس بوایە دروست نەبو کاری وا بکات.

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ وهاوەڵ وخێزانەکانیشی لە پەرداخ وجام (القَدَح) ودەوری وقاپلەمە (التَّوْر) دەست نوێژیان گرتوە، ولە مەنجەڵ وتەشـت (الجِفَان) دا غوسڵیان کردوە، شتی ئاوهاش بە کار هێنەرەکەی لە پرش کەوتنـە نـاو ئاوەکـە سەلامەت نابێت.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٢٥٣، ١٢٥٨، ١٢٥٩، وغيرها)، ومسلم (٩٣٩).
(٢) أخرجه البخاري (١٨٩).
(٣) أخرجه البخاري (٥٦٥١)، ومسلم (١٦١٦).

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ بە ئەبو هورەیرەی فەرمو[1] -ئەو کاتەی لەش گران بو-: «إِنَّ المُؤمِنَ لا يَنْجُسُ» «ئیماندار پیس نابێت». دە کەوابو ئاو بە بەرکەوتنی لاشە -بەرکەوتنێکی پەتی- پاکێتی خۆی لە دەست نادات.

سەبارەت بە پاشماوەی ئاو؛ دروستە ئافرەت بە ئاوی پاش ماوەی پیاو خۆی پاك بکاتەوە، وپیاویش بۆی دروستە بە ئاوی پاش ماوەی ئافرەت خۆی پاك بکاتەوە، چونکە پەیامبەر ﷺ بە پاش ماوەی مەیمونە غوسلی کردوە[2].

پرسی شەشەم: شوێن دەمە (السُؤْر)ی ئادەمیزاد ومەڕ ومانگا ووشتر:

شوێن دەمە «السؤر»: بریتیە لەوەی دوای لێ خواردن لە قاپدا دەمێنێتەوە، جا ئادەمیزاد پاکە، شوێن دەمیشی پاکە، موسڵمان بێت یا نا، لەش گران بێت یا ئافرەت بێت لە سوڕی مانگانەدا، لە پەیامبەریشەوە ﷺ چەسپاوە فەرمویەتی [وەك باس کرا]: «ئیماندار پیس نابێت». ولە عائیشەوە ﵂ هاتوە[3]: لە سوڕی مانگانە بوە لە پەرداخ دا خواردنەوەی خواردۆتەوە، پەیامبەری خواش ﷺ لەو شوێنەی پەرداخەکەوە خواردویەتیەوە کە عائیشە لێی خواردۆتەوە.

وزانایان کۆکن لە سەر پاکێتی شوێن دەمی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ئەخورێت لە مەڕ ومانگا وشتر وجگە لەمانەش.

بەڵام ئەوانەی گۆشتیان ناخورێت وەك: دڕندەکان وگوێدرێژەکان وجگە لەمانە، شوێن دەمیان پاکە وکاریگەری ناکاتە سەر ئاوەکە، هەروەها شوێن دەمی

---

(١) أخرجه مسلم (٣٧١).
(٢) أخرجه مسلم في صحيحه (٣٢٣).
(٣) أخرجه مسلم (٣٠٠).

پشیلە، چونکە کاتێك پشیلەیەك لە دەفرێکی خواردەوە، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّهَا لَيْسَتْ بِنَجَسٍ، إِنَّهَا مِنَ الطَّوَّافِينَ عَلَيْكُمْ وَالطَّوَّافَاتِ» «پیس نیە، چونکە پشیلە لەو ئاژەڵانەیە زۆر لە دەور دەست تانن ودێن ودەڕۆن»(١). هەروەها لە بەر ئەوەی زۆر جار قورسە خۆ پارێزی لێ بکرێت، جا ئەگەر بڵێین شوێن دەمیان پیسە وپێویستە قاپەکە بشۆردرێت، ئەوا نارەحەتی تێدایە، نارەحەتیش لە سەر ئەم ئومەتە هەڵ گیراوە.

شوێن دەمی سەگیش: پیسە، هەروەها بەرازیش.

سەگ: لە بەر ئەوەی لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ هاتوە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ(٢) فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ، أُولَاهُنَّ بِالتُّرَابِ» «پاکبونەوەی قاپی هەرکەسێکتان ئەگەر سەگ زمانی تێخست، ئەوەیە: حەوت جار بیشوات یەکەمیشیان بە خۆڵ بێت»(٣).

سەبارەت بە بەرازیش: چونکە پیس وچەپەڵ وقیزەونە، وەك پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ﴾ [الأنعام:١٤٥] «ولەوەی حەرامان کردوە، گۆشتی بەرازە، چونکە پیسە».

(١) أخرجه أحمد (٢٩٦/٥) وأبو داود (٧٥)، والترمذي (٩٢) وقال: «حديث حسن صحيح»، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٣).

(٢) «ولغ»: بە زمانی لێی خوارد.

(٣) أخرجه البخاري (١٧٢)، ومسلم (٢٧٩) - ٩١، واللفظ لمسلم.

دەروازەی دووەم

لە بارەی قاپ وقاچاخەكانەوە «الآنِيَة».

«الآنِيَة»: ئەو قاپ وقاچاخانەیە كە ناو وشتەكانی تری تێدا دەپارێزرێت، ئیتر لە ئاسن بێت یا نا، وەكو بنەماش حەڵاڵە، لە بەر فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ [البقرة:٢٩] «ئەو پەروەردگارەیە كە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوە دروستی كردوە».

ئەم دەروازەیەش لە چەند پرسێك پێك هاتوە:

پرسی یەكەم: بە كار هێنانی قاپ وقاچاخی زێڕ وزیو وهی تریش لە پاك وخاوێنی دا[(١)]:

بەكار هێنانی سەرجەم قاپ وقاچاخەكان لە خواردن وخواردنەوەدا دروستە، ئەگەر پاك وحەڵاڵ بێت، چونكە لە سەر بنەماكەی خۆیان كە حەڵاڵێتیە ماونەتەوە، جگە لە قاپ وقاچاخی ئاڵتون وزیو نەبێ، خواردن وخواردنەوە تێیاندا حەرامە، چونكە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «وَلَا تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، وَلَا تَأْكُلُوا فِي صِحَافِهَا، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الْآخِرَةِ» «لە قاپ وقاچاخی زێڕ وزیودا مەخۆنەوە، لە دەفرەكانیشیاندا مەخۆن، چونكە لە دونیادا بۆ ئەوانە، ولە دوا ڕۆژیشدا بۆ ئێوە»[(٢)].

---

(١) واتە: بۆ نمونە: دەتوانێت دەست نوێژی تێدا بگرێت. ئەمە مەبەستە. «وەرگێڕ»

(٢) أخرجه البخاري (٥٤٢٦)، ومسلم (٢٠٦٧).

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمێ[١]: «الَّذِي يشْرَبُ فِي آنِيةِ الْفِضَّةِ، إِنَّما يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نارَ جَهَنَّمَ» «ئەوەی کە لە دەفری زیو دەخواتەوە، ئاگری دۆزەخ لە ناو سکیدا قوڵپە قوڵپی دێت». ئەمانەش دەقن[٢] لە سەر حەرامێتی خواردن وخواردنەوە تێیاندا، وڕێگری کردنەکەش گشتیە؛ قاپێکی زێڕ وزیوی پەتی یا ڕوپۆش کراو بە زێڕ وزیو یا ئەوەی هەندێك ئاڵتون وزیوی تێدا بێت، هەموی دەگرێتەوە.

پرسی دووەم: حوکمی بەکار هێنانی دەفری چاك کراو بە ئاڵتون وزیو:

ئەگەر هاتو لەحیمەکە (الضَّبة)[٣] لە ئاڵتون بو، حەرامە دەفرەکە بەکار بهێنریت بە هەر شێوەیەك بێت (مطلقًا)، چونکە ئەڕواتە ژێر گشتیەتی دەقەکانەوە، بەڵام ئەگەر لە زیو بو، کەمیش بو، دروستە دەفرەکە بە کار بهێنرێت، لە بەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ: «أَنَّ قَدَحَ النَّبِيِّ ﷺ انْكَسَرَ، فَاتَّخَذَ مَكَانَ الشَّعْبِ سِلْسِلَةً مِنْ فِضَّةٍ»، «پەرداخەکەی پەیامبەری خوا ﷺ شکا، لە شوێنی شکانەکە زیوی بەکار هێنا»[٤].

پرسی سێیەم: قاپ وقاچاخی بێ باوەڕان:

بنەما لە قاپ وقاچاخی بێ باوەڕان دا حەڵاڵیەتیە، مەگەر بزانرێت پیسە، ئەو کاتە دروست نیە بە کار بهێنرێت مەگەر دوای شۆردنی، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو سەعلەبەی خوشەنی ﷺ ئەڵێ: وتم ئەی پەیامبەری خوا! ﷺ ئێمە لە ناوچەیەکین

---

(١) أخرجه البخاري (٥٦٣٤)، ومسلم (٢٠٦٥).

(٢) دەق «النص» لە لایان ئەودیە: واتاکەی ڕون ودیارە وواتای تر هەڵ ناگرێت. «وەرگێڕ»

(٣) «الْمضَبّب»: بریتیە لە چاك کردنەوەی دەفری شکاو بە ئاسن وهتد... [واتە: لەحیم کردن].

(٤) أخرجه البخاري (٣١٠٩).

خاوەن کتێبەکانی تێدایە، ئایا لە قاپ وقاچاخیان بخۆینەوە؟ فەرموی: «لا تأكلوا فِيهَا، وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَاغْسِلُوهَا ثُمَّ كُلُوا فِيهَا» «تێیدا مەخۆنەوە مەگەر هیچتان دەست نەکەوێت، ئەو کاتە بیشۆن پاشان شتی تێدا بخۆن»[1].

بەڵام ئەگەر نەزانرا پیسە، ئەوە دروستە بەکار بهێنرێت، چونکە چەسپاوە پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانی ئاویان لە کونەی ئافرەتێکی موشریك بردوە بۆ دەست نوێژ[2]، هەروەها خوا سبحانە خواردەمەنی خاوەن کتێبەکانی بۆ حەڵاڵ کردوین، کە لە دەفرەکانی خۆیاندا پێشکەشی ئێمەی ئەکەن، وەك چۆن منداڵە یەهودیەکە بانگ هێشتی پەیامبەری خوای ﷺ کرد بۆ نانی جۆ وچەوری وزدیت (إهالة)یەك کە بۆنی گۆڕابو (سَنِخَة)، ئەویش لێی خوارد[3].

پرسی چوارەم: حوکمی پێستەی مردارەوە بو:

پێستەی مردارەوە بو ئەگەر خۆشە ودەباغ کرا پاك ئەبێتەوە ودروستە بەکار بهێنرێت، لە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَيُّمَا إِهابٍ دُبِغ فقدْ طَهُرَ» «هەر پێستەیەك خۆشە بکرێ ئەوە بێگومان پاك بودتەوە»[4]. هەروەها ﷺ بەلای شەکێکی مردارەوە بو دا تێ پەڕ بو، فەرموی[5]: «هَلَّا أَخَذُوا إِهَابَها فَدَبَغُوه فَانْتَفَعُوا بِه» «ئەی بۆ پێستەکەیان نەبرد خۆشەی بکەن وکەڵکی لێ وەر بگرن!؟»، وتیان: ئەوە مردارەوە بوە! فەرموی: «فإنما حَرُمَ أكلُهَا» «تەنها خواردنی حەرام

(١) أخرجه البخاري (٥٤٧٨)، ومسلم (١٩٣٠) [هذا لفظه].
(٢) أخرجه البخاري (٣٤٤) ومسلم (٦٨٢).
(٣) أخرجه أحمد (٣/٢١٠). وصححه الألباني «الإرواء» (٧١/١)، والإهالة: چەوری وزمیتە. والسنخة: بۆنی گۆڕاوە.
(٤) أخرجه الترمذي (١٦٥٠)،ومسلم (٣٦٦) بلفظ: «إذا دبغ الإهاب فقد طهر» من حديث ابن عباس.
(٥) أخرجه مسلم (٣٦٣)، وابن ماجه (٣٦١٠).

کراوە». ئەمە ئەگەر هاتو ئاژەڵەکە بە سەر بڕین حەڵاڵ دەبو، ئەگەرنا نەخێر، [جا ئەبێت: ئاژەڵەکە گۆشتی بخورێت، ئەگەرنا پاکەوە نابێت].

خُری[1] (مو)دەکەشی پاکە، یانی: خوری مردارەوە بوی گۆشت حەڵاڵ کە زیندو بێت، بەڵام گۆشت وئێسك ودەمارەکانی پیسە وخواردنیشی حەرامە، لە بەر ئایەتی: ﴿إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ﴾ [الأنعام:١٤٥]. واتە: «خواردنەکان حەڵاڵن بۆم مەگەر مردارەوە بو یا خوێنی ڕژێنراو (چۆڕاو) یا گۆشتی بەراز، چونکە پیسە».

خۆشەکردنیش بە خاوێن کردنەوەی پیسی قەد پێستەکە بەدی دێت، لە ڕێگەی هەندێك مادەوە تێکەڵی ئاو دەکرێ وەك خوێ وهتد، یا بە ڕوەکێکی ناسراو بەو بوارە وەکو هەورس «العرعر»[2] و«القَرَظ»[3] وهاوشێوەکانیان.

ئەو ئاژەڵانەشی کە سەر بڕینی شەرعیان بە سەردا نایەت، پێستەکەی پاك نابێتەوە، کەواتە: پێستەی پشیلە ولەو بچوکتریش بە خۆشەکردنی پاك نابنەوە، با بە زیندویش پاك بێت.

بە پوختی: هەر ئاژەڵێك مردارەوە بێت وگۆشتی حەڵاڵ بێت، ئەوە پێستەکەی بە خۆشەکردن پاك دەبێتەوە، بەڵام هەر ئاژەڵێك مردارەوە بێت وگۆشتی نەخورێت، پێستەکەی بە خۆشە کردنیش پاك نابێتەوە.

---

(١) زۆرێك دەنوسن: «خوری»، بەڵام لەوانەیە بەو شێوازەی نوسراوە ورد (دقیق) تر بێت، وەك کۆمەڵێك لە نوسەران وشارەزایانی زمانی کوردی ئەم شێوازەیان بە کار هێناوە. «وەرگێڕ»

(٢) درەختی عەرعەر، لە سنەوبەر دەچێت. «وەرگێڕ»

(٣) [کەلای دار «سەلم»ە، وەك دار گوێز وایە، بۆ خۆشە ودەباغ کردن بە کار دێت. وتراویشە گەڵای دار نەبکە].

دەروازەی سێیەم

دەربارەی دەست بە ئاو گەیاندن وئادابەکانی [(تارات گرتن)]

رچەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: «الإِسْتِنْجَاء» و«الإِسْتِجْمَار» وشوێن گرتنەوەیان بۆ یەکتر:

«الإِسْتِنْجَاء» بە ئاو لابردنی ئەو شتەیە کە لە هەردو دەردچەکەوە دێتە دەرەوە. «الإِسْتِجْمَار»یش: بریتیە لەوەی بیسرێت بە شتێکی پاکی حەلاڵی پاك کەرەوە (لابەر)، وەك: بەرد وهاو شێوەکانی، وهەر یەکەیان جێگەی ئەوی تریان دەگرنەوە، چونکە ئەمە لە پەیامبەری خواوە ﷺ چەسپاوە، ئەوەتا ئەنەس ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ ئەرۆشتە عەدەب خانە، من ومنداڵێکی هاو تەمەنی خۆم کونەیەکی بچوکی ئاو لەگەڵ رمێکی بچوك (العَنَزة)یەکمان هەڵ دەگرت، ئەویش خۆی بە ئاوەکە پاك دەکردەوە»[1]. هەروەها لە عائیشەوە ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْغَائِطِ، فَلْيَذْهَبْ مَعَهُ بِثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ يَسْتَطِيبُ بِهِنَّ، فَإِنَّهُنَّ تُجْزِئُ عَنْهُ» «کەسێکتان چو بۆ ئاودەس، با بە سێ بەرد خۆی پاك بکاتەوە، ئەوە بەسیەتی»[2]. بەڵام کۆ کردنەوەی هەر دو کیشیان باشترە.

«الإِسْتِجْمَار»یش بە بەرد وهاو شێوەکانی لە شتە پاکە لابەر (مُنْق)یە حەلاڵەکان بە دی دێت، وەکو کلینیسك ودار وهاو شێوەکانیان، چونکە پەیامبەر ﷺ بە بەرد خۆی پاك کردۆتەوە، کەواتە هەر شتێك هاو شێوەی بێت لە لابردن وپاك کردنەوە

---

(١) أخرجه مسلم (٢٧١)، والإداوة: إناء صغير من جلد.

(٢) أخرجه أحمد (١٠٨/٦) [هذا لفظه]، والدارقطني (١٤٤) وقال: «إسناد صحيح»، [وأخرجه أبو داود (٤٠)، والنسائي (٤٤) وهما أولى بالعزو من الثاني].

دەخرێتە پاڵی، وخۆ پاکردنەوەش بە کەم تر لە سێ سڕین بە دی نایەت، لە بەر فەرمودەکەی سەلمان ﷺ ئەفەرموێ: «نهانا -يَعْنِي النَّبِيَّ ﷺ- أَنْ نَسْتَنْجِي بِالْيمِين، وأن نستنجي بأقل من ثلاثة أحجار، وأن نستنجي برجيع أو عظم» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردوین بە دەستی ڕاست تارات بگرین، یا کەمتر لە سێ بەرد بەکار بهێنین، هەروەها بە پیسایی ئاژەڵ (رَجِيع)[1] یا ئێسك خۆمان پاك بکەینەوە»[2].

پرسی دووەم: ڕو کردن وپشت کردنە قیبلە لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندن دا:

دروست نیە لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندن لە دەشتێك دا کە هیچی لە بەردەم نەبێت، ڕو یا پشت بکرێتە قیبلە، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا أَتَيْتُم الغَائِطَ فَلَا تَسْتَقْبِلُوا القِبْلَة، ولا تَسْتَدْبِرُوهَا، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا» «ئەگەر چون بۆ ناو دەس، نە ڕو بکەنە قیبلە نە پشتی لێبکەن، بەڵکو ڕو بکەنە ڕۆژ هەڵات یان ڕۆژ ئاوا». ئەبو ئەیوب ئەڵێ: ئەوەبو ڕۆیشتینە شام، تەماشا ئەکەین عەدەب خانەکانیان ڕو بەرەو کەعبە بونیاد نراوە، ئێمەش ڕومان وەر دەگێڕا وداوای لێ بوردنمان لە خوا دەکرد»[3].

بەڵام ئەگەر لە ناو ماڵاندا بو، یا بەینی ئاو دەستەکە وقیبلە داپۆشەرێك هەبو، ئەوە دروستە، لە بەر حەدیسەکەی ئیبن عومەر ﷺ کە: «پەیامبەری خوای ﷺ بینیوە لە ماڵی خۆیاندا ڕوەو شام وپشت بە کەعبە میزی کردوە»[4]. وفەرمودەکەی

---

(١) بریتیە لە پاشەڕۆی ئاژەڵی سمدار، واتە: تەپاڵە وتەرس وپشقل و... دەکرێتەوە، ئەمە وەکو زمانەوانی، بەڵام لە شەرعدا پیسایی هەمو ئاژەڵێك دەگرێتەوە. «وەرگێڕ»

(٢) أخرجه مسلم (٢٦٢)، والرجيع: العذرةُ والروْثُ.

(٣) أخرجه البخاري في كتاب الوضوء (١٤٤)، ومسلم (٢٦٤).

(٤) أخرجه البخاري (١٤٨)، ومسلم (٢٦٦).

مەروانی ئەصفەر ئەڵێ: «ئیبن عومەر ﷺ ئاژەڵەکەی ڕو بەرەو قیبلە یەخ دا، پاشان دانیشت وبەو ئاراستە میزی کرد، وتم: ئەی باوکی عەبدولڕەحمان، ئەی ئەهی نەکراوە لەمە؟ وتی: بۆ نە، نەهی لەمە کراوە ئەگەر لە دەشت بێت، بەڵام ئەگەر لە نێوان تۆ وقیبلە شتێك هەبو دەبوە بەر بەست، ئەوە هیچی تێدا نیە»[1]. باشتریش وایە لە ناو ماڵانیشدا نەکرێ. خواش زاناترە.

پرسی سێیەم: سوننەتەکانی کاتی چونە عەدەب خانە:

ئەو کەسەی ئەڕواتە سەر ئاو، سوننەتە بڵێ: «بِسْمِ اللهِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِن الخُبُثِ والخَبَائِثِ» «بِسْمِ اللهِ، خوایە پەنات پێ دەگرم لە جنۆکەی نێرینە ومێینە». ولە کاتی تەواو بون ودەرچوندا ئەڵێ: «غُفْرَانَكَ» «خوایە داوای لێ خۆش بونت لێ دەکەم». لە چونە ژوردوەشدا قاچی چەپی پێش دەخات، لە هاتنە دەرەوەشدا قاچی ڕاستی. کەل وپەلەکەشی هەڵ ناکات عەورەتی دەر بکەوێت تا لە زەوی نزیك دەبێتەوە.

ئەگەریش هاتو لە دەشت دا بو، سوننەتە دور بکەوێتەوە ولە بەر چاو نەمێنێت، بەڵگەی هەمو ئەمانە: فەرمودەکەی جابرە ﷺ ئەڵێ: «خَرَجْنَا مَعَ رَسولِ اللهِ ﷺ فِي سَفَرٍ، وَكَانَ رَسولُ اللهِ ﷺ لَا يَأْتِي البَرَازَ حَتَّى يَتَغَيَّبَ فلا يُرى» «دەرچوین بۆ سەفەرێك لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ، جا پەیامبەر ﷺ دەستی بە ئاو نەدەگەیاند تا تەواو لە بەر چاو ون دەبو ونە دەبینرا»[2]. هەروەها فەرمودەکەی عەلیە ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «سَتْرُ مَا بَيْنَ الجِنِّ وَعَوراتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَل

---

(١) أخرجه أبو داود (١١)، والدارقطني (١٥٨)، والحاكم (١٥٤/١). وصححه الدارقطني، والحاكم وافقه الذهبي، وحسنه الحافظ ابن حجر، والحازمي، والألباني، انظر: «الإرواء» (٦١).

(٢) أخرجه أبو داود (٢)، وابن ماجه (٣٣٥)، واللفظ له، وإسناده صحيح. انظر: «صحيح ابن ماجه» (٦٠/١).

الخَلاءَ، أَنْ يقول: بِسْمِ الله» «پەردەی نێوان جنۆکە وعەورەتی ئادەمیزاد ئەوەیە رۆیشتە ئاو دەست بلێت: بِسْمِ الله»[1]. هەروەها فەرمودەکەی ئەنەسە ﷺ ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر بڕوایەتە سەر ئاو، ئەیفەرمو: «بە ناوی خوا، خوایە! پەنات پێ دەگرم لە جنۆکەی نێرینە ومێینە»[2]. هەروەها فەرمودەکەی عائیشەیە ﷺ کە ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ لە سەر ئاو دەر بچوایە ئەیفەرمو: «خوایە! داوای لێ خۆش بونت لێ دەکەم»[3]. هەروەها فەرمودەکەی ئیبن عومەرە ﷺ ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر بیویستایە بڕواتە سەر ئاو، جل وبەرگەکەی بەرز نەدەکردەوە تا لە زەوی نزیك دەبویەوە»[4].

پرسی چوارەم: ئەو شتانەی لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندندا حەرامە:

١. حەرامە میز بکرێتە ئاوی وەستاوەوە، لە بەر فەرمودەکەی جابر ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ: «نَهَى عَنْ البَوْلِ في المَاءِ الرَّاكِدِ» «نەهی کردوە لە میز کردنە ناو ئاوی وەستاو»[5].

٢. هەروەها لە کاتی میز کردن دا بە دەستی ڕاستی عەورەتی ناگرێت، یا خۆی پێ پاك ناکاتەوە، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا بَالَ أَحَدُكُمْ فَلَا يَأْخُذَنَّ

---

(١) أخرجه ابن ماجه (٢٩٧)، والترمذي (٦٠٦) وحسنه أحمد شاكر في حاشية الترمذي، وصححه الألباني. صحيح الجامع الصغير (٣٦١١).
(٢) أخرجه البخاري (١٤٢)، ومسلم (٣٧٥).
(٣) أخرجه أبو داود (١٧)، والترمذي (٧)، وقال: «حسن غريب». وحسنه الألباني «صحيح الجامع» ٤٧٠٧).
(٤) أخرجه أبو داود (١٤)، والترمذي (١٤) وصححه الألباني، انظر: «صحيح الجامع» (٤٦٥٢).
(٥) أخرجه مسلم (٢٨١)، ونحوه عند البخاري (٢٣٩). و«الراكد»: هو الساكن الذي لا يجري.

ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ، وَلَا يَتَمَسَّحْ بِيَمِينِهِ» «ئەگەر کەسێکتان میزی کرد، با بە دەستی ڕاستی عەورەتی نەگرێت، وخۆی پێ پاك نەکاتەوە»[1].

٣. هەروەها حەرامە میز یا پیسی بکات لە سەر ڕێگا یا لە سێبەر یا لە باخچەی گشتی یا لە ژێر داری بەربوم دار یا لە سەر کانی وچاوگەکان دا، لە بەر فەرمودەکەی موعاز ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «اتَّقُوا الْمَلَاعِنَ الثَّلَاثَ[ـةَ]: الْبَرَازَ فِي الْمَوَارِدِ، وَقَارِعَةِ الطَّرِيقِ، وَالظِّلِّ» «خۆتان لەو سێ شتە بپارێزن ئەبێتە مایەی لەعنەت لێ کردن: دەست بە ئاو گەیاندن لە سەر کانیاو، ولە سەر ڕێگا، ولە سێبەرەکان»[2]. وفەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «اتَّقُوا اللَّاعِنَيْنِ» «خۆتان لەو دو شتە بپارێزن کە مایەی لەعنەت لێ کردنە» وتیان: ئەی پەیامبەری خوا! کامانەن؟ فەرموی: «الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ» «ئەوەی کە لە سەر ڕێگا یا سێبەری خەڵك دەست بە ئاو دەگەیەنێت»[3].

٤. هەروەها حەرامە بە پیسایی ئاژەڵ یا ئێسك یا خواردنێکی ڕێز لێ گیراو خۆی پاك بکاتەوە، لە بەر فەرمودەکەی جابر ﷺ: «نَهَى النَّبِيُّ ﷺ أَنْ يَتَمَسَّحَ بِعَظْمٍ أَوْ بِبَعْرٍ» «پەیامبەر ﷺ نەهی کردوە بە ئێسك یا پیسایی ئاژەڵ، خۆ پاك بکرێتەوە»[4].

٥. هەروەها دەست بە ئاو ناگەیەنێت لە ناو گۆڕستانی موسڵمانان، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «وَمَا أُبَالِي أَوَسَطَ الْقُبُورِ قَضَيْتُ حَاجَتِي، أَوْ وَسَطَ السُّوقِ»

---

١) أخرجه البخاري (١٥٤) واللفظ له، ومسلم (٢٦٧).
٢) أخرجه أبو داود (٢٦)، وابن ماجه (٣٢٨). وإسناده حسن انظر: «إرواء الغليل» (١/١٠٠).
٣) أخرجه مسلم (٢٦٩).
٤) أخرجه مسلم (٢٦٣).

هەر دوکیان وەکو یەکە بە لامەوە: ئەگەر دەس بە ئاو بگەیەنیٚ لە ناو قەبرستان یا لە ناو بازاڕ دا!»[1].

پرسی پێنجەم: ئەو شتانەی کەراهەتی هەیە لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندن دا بکرێت:

١. کەراهەتی هەیە لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندن دا میـز بـە ئاراسـتەی هـەڵ کردنی با دا بکرێت بە بێ بەر بەست، بۆ ئەوەی میزەکە نەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە خۆی.

٢. هەروەها قسە کردن وهاو شێوەکانیشی، چونکە لە کاتی میز کردنی پەیامبەری خوادا ﷺ کابرایەك تێ پەڕ بـو بـە لایـدا وسـەلامی لـێ کـرد، وەلاّمـی سـەلامەکەی نەدایەوە[2].

٣. هەروەها کەراهەتی هەیە میز بکاتـە نێـو کـون وهـاو شـێوەکانی، لـە بـەر فەرمودەکەی قەتادە: کە عەبدوڵای کوڕی سـەرجیس ﷺ ئـەڵێ: «پەیامبـەری خـوا ﷺ ڕێ گری کردوە لە میز کردنە ناو کون»، وتیان ئەی قەتادە بۆ چـی؟! وتـی: لـە بەر ئەوەی شوێنی جنۆکەکانە»[3]. هەروەها نازانرێت لەوانەیە ئاژەڵێکی تێـدا بێـت زیانی پێ بگەیەنێت، یا شوێنی نیشتەجێی جنۆکە بێـت ئـەو کاتـە ئـازاری دەدەن، [هەروەها ئەشبێتە مایەی ئازار دانی ئەو ئاژەڵانە ولانەیان لێ تێك دەدات].

---

(١) أخرجه ابن ماجه (١٥٦٧) وصححه الألباني في «إرواء الغليل» (١٠٢/١).

(٢) أخرجه مسلم (٣٧٠).

(٣) أخرجه أبو داود (٢٩)، والنسائي (٣٤). ونقل الحافظ ابن حجر في التلخيص (١٠٦/١) تصحيحه عن ابن خزيمة وابن السكن. وقال ابن عثيمين: «أقل أحواله أن يكون حسنًا» «الشرح الممتع» (٩٥/١-٩٦).

٤ . هەروەها کەڕاهەتی هەیە بە شتێکەوە بڕواتە سەر ئاوەوە کە ناوی خوای تێدا بێت مەگەر پێویست بکات، چونکە «كَانَ ﷺ إِذَا دَخَلَ الخَلاءَ وَضَعَ خَاتِمَه»[1] «پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر بڕوایەتە سەر ئاوەوە ئەنگوستیلەکەی دادەنا [چونکە کلوانکەکەی لە سەری نوسرا بو: «محمد رسول الله»]». بەڵام لە کاتی پێویستی وزەرورەتدا دروستە، وەك ئەوەی پێویستی بخوازێت بەو دراوانەی کە ناوی خوای تێدایە بڕواتە سەر ئاوەوە، چونکە ئەگەر لە دەرەوە جێی بهێڵێت لەوانەیە ببرێت یا لە بیری بڕواتەوە.

سەبارەت بە قورئانیش: حەرامە ببرێتە ناو دەستەوە، چونکە قسەی خوایە، کە بەرێز ترین فەرمایشتە، وبردنە سەر ئاوی، جۆرێك بێ ڕێزی تێدایە مەکەر لە زەرەر ومەفسەدەیەکی گەورە تر بترسێت.

(١) أخرجه أبو داود (١٩)، والترمذي (١٧٤٦)، والنسائي (٥٢٢٨)، وابن ماجه (٣٠٣)، وقال أبو داود بعد إخراجه: «هذا حديث منكر». وقال الترمذي: «هذا حديث حسن غريب». وضعفه الألباني.

ئەگەریش وترا فەرموودەکە لاوازە وبۆ ئەوە ناشێت بکرێتە بەلگە لەم پرسەدا، ئەوا هەر لە پێشترە وچاك ترە شتێك نەباتە عەدەب خانەوە ناوی خوای تێدا بێت مەگەر زەرور بێت، ئەمەش وەکو ڕێزێك وگەورە ڕاگرتنێك بۆ ناوی خوا.

دەروازەی چوارەم

لە بارەی سیواك وسوننەتەکانی فیترەتەوە

سیواك: بریتیە لە بەکارهێنانی دار یا هاو شێوەکانی بۆ دەم وددان؛ بە مەبەستی لادانی ئەو شتانەی پێیانەوە نوساوە لە خواردن وبۆنەکان[1].

لە چەند پرسێك پێك هاتوە:

پرسی یەکەم: حوکمی سیواك:

سیواك سوننەتە لە هەمو کاتێك دا، تەنانەت ڕۆژوانیش هیچی تێدا نیە لە کاتی ڕۆژوەکەی دا سیواك بکات، ئیتر سەرەتای ڕۆژ بێت یا کۆتاییەکەی، چونکە پەیامبەر ﷺ لە هەمو کات وحاڵێك دا هانی داوین بۆ سیواك کردن، وتایبەتی نەکردوە بە کاتێکەوە، وەك ﷺ دەفەرموێ: «السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ» «سیواك پاك کەرەوەی دەمە، ومایەی ڕەزامەندی پەروەردگاریشە»[2]. وەهەروەها ﷺ ئەفەرموێ: «لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي، لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ» «لە بەر ئەوە نەبوایە قورسی بکەم لە سەر ئومەتەکەم، فەرمانم پێ ئەکردن سیواك بکەن لە کاتی هەمو نوێژێکدا»[3].

---

(١) [ئەگەر وا بێت؛ سیواك گشتیە وتایبەت نیە بەو دار سیواکەوە کە پێی ئەوترێ: «داری ئەراك»، بەڵکو فڵچەی ددانیش حوکمی سیواك وئەجرەکەی هەیە. لە پرسی: «بە چی سیواك دەکرێت؟» ڕون تر دەبێتەوە].

(٢) أخرجه البخاري (٤٠/٢) معلقًا بصيغة الجزم، وأخرجه أحمد (٤٧/٦)، والنسائي (١٠/١). وصححه الألباني «الإرواء» (١٠٥/١).

(٣) متفق عليه: البخاري (٨٨٧)، ومسلم (٢٥٢).

پرسی دووەم: کەی زیاتر سوننەتێکی تەئکید لەسەر کراوە ئەنجام بدرێت؟

سوننەتێکی موەککەدەیە لە کاتی دەست نوێژ، ولە خەو هەستان، وگۆڕینی بۆنی دەم، وقورئان خوێندن، ونوێژکردن دا، هەروەها لە کاتی چونە نێو مزگەوت ومالّ، لە بەر فەرموودەکەی میقدامی کوڕی شورەیح، لە باوکیەوە ئەڵێ: پرسیارم کرد لە عائیشە ﵂ وتم: پەیامبەری خوا ﷺ کە دەهاتە ماڵەوە یەکەم جار بە چی دەستی پێ ئەکرد، وتی: بە سیواك[1]. هەروەها زیاتر سوننەتەتە لە کاتی بێ دەنگی زۆر وزەرد بونەوەی ددانەکان، لە بەر فەرموودەکانی پێشو. هەروەها پەیامبەر ﷺ کە شەوان هەستایە بۆ شەو نوێژ ددانەکانی بە سیواك دەساوی[2]. هەروەها لە کاتی عیبادەت ونزیك بونەوە لە خوا موسڵمان فەرمانی پێکراوە لە باشترین حاڵ وشێوازدا بێت لە خاوێنی وپاکێتی دا.

پرسی سێیەم: سیواك بە چی دەکرێت؟

سوننەتە سیواك کردن بە دارێکی تەڕ بێت، لەت[3] نەبێت، دەم برینـدار نـەکات، چونکە پەیامبەر ﷺ بە داری ئەڕاك[4] سیواکی دەکرد. ودەتوانێت بە دەستی ڕاستی یا چەپی سیواك بکات، لەم بارەوە فراوانی هەیە. ئەگەریش لە کاتی دەست نوێژ دا دارێکی پێ نەبو سیواکی پێ بکات نەتوانێت بە پەنجەکانی سیواك بکات، وەکو لە عەلی کوڕی ئەبو تالبەوە ﵁ هاتوە لە چۆنیەتی دەست نوێژی پەیامبەردا ﷺ[5].

---

(١) أخرجه مسلم (٢٥٣).
(٢) أخرجه البخاري (٢٤٥)، ومسلم (٢٥٥).
(٣) واته: ورد و شی نەبو بێتەوە. «وەرگێڕ»
(٤) الأراك: شجر من الحمض يستاك بقضبانه، واسمه «الكباث».
(٥) أخرجه أحمد في المسند (١٥٨/١)، وصححه ابن حجر في «التلخيص الحبير» (٧٠/١).

پرسی چوارەم: سودەکانی سیواک:

لە گرنگترینی ئەوەیە کە لە فەرمودەکەی پێشودا هاتوە، کە پاك کەرەوەی دەمە لە دونیا، ومایەی ڕەزامەندی پەروەردگارە لە دوا ڕۆژدا. بۆیە ئەبێت موسڵمان پابەند بێت بەم سونەتەوە ووازی لێ نەهێنێت لە بەر ئەو سودە زۆرانەی تێدایە، بەڕاستی هەندێك لە موسڵمانان لەوانەیە کاتێکی زۆر وەك مانگ ودو مانگی بە سەردا تێ پەڕ بێت کەچی هێشتا سیواکی نەکردبێت، ئیتر لە تەمبەڵی بێت یا لە نەزانیەوە، ئەمانەش پاداشتێکی گەورە وسودێکی زۆریان لە کیس خۆیان داوە، بە هۆی وازهێنانیان لەم سونەتەی کە پەیامبەر ﷺ پارێزگاری لێ کردوە، کە وەخت بود فەرمان بکات بە ئوممەتەکەی فەرمانی واجب کردن، ئەگەر ترسی بار گرانی نەبوایە. هەروەها کۆمەڵێ سودی تری سیواك باس کراوە، لەوانە: ددانەکان بە هێز ئەکات، وپوك توند دەکات، ودەنگ ساف دەکات، ومرۆڤ چالاك دەکات.

پرسی پێنجەم: سونەتەکانی فیترەت وسروشت:

هەروەها پێی دەوترێ: سیفەتەکانی فیترەت، چونکە بکەرەکەی ئەو سیفەتانەی لە خۆیدا بە دی هێناوە کە خوا سبحانە خەڵکی لە سەر دروست کردوە، وبۆی بە چاك زانیون، تا لە سەر باشترین وتەواوترین شێواز دا بن. لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ نەلێ پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ ؛ الِاسْتِحْدَادُ، وَالْخِتَانُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَنَتْفُ الْإِبْطِ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ» «پێنج شت لە سروشت وفیترەتە: تاشینی مو بەر وخەتەنە کردن وکورت کردنەوەی شوارب وهەڵ کەندنی موی بن باڵ وگرتنی نینۆك»[1].

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٨٨٩)، ومسلم (٢٥٧).

١. تاشینی موی پێشەوە (الاسْتِحْدَاد): بریتیە لە لابردنی مو بەر، ئەو مووەی لە دەور وبەری عەورەت دایە، بەمەش ناو نراوە چونکە «ئاسن (حدید)»ی تێدا بەکار ئەهێنرێت کە موسە. جا ئەم تاشینە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی فیترەت کە پەیامبەری خوا ﷺ خەلکی بۆ لا هان داوە، وسوننەتە، ونەبێت مرۆڤ بەردەوام بێت لە سەری. لە لابردنیشی جوانی وخاوێنییەکی گەورەی تێدایە. دەشکرێت لا ببرێت بە بێ تاشین وەك لابەرە تازە دروست کراوەکان.

٢. خەتەنە کردن: لا بردنی ئەو پێستەیەیە کە سەر عەورەت (الخَشَفَة)ی گرتوە، تا سەر عەورەت دەر بکەوێت، ئەمە دەرحەق بە نێرینە. بەلاّم مێینە: بڕینی گۆشتێکی زیادەیە ها لە سەر شوێنی چونە ژوورەوەی زەکەر، وتراوە: لە پۆپکەی کەلّە شێر دەچێت. حوکمیشی: واجبە دەرهەق بە پیاوان، وسوننەتە دەرحەق بە ئافرەتان. حیکمەتیش لە خەتەنە کردنی پیاوان: پاك کردنەوەی زەکەرە لەو پیسیەی لە پێستەکەی سەری کۆ بۆتەوە. سودەکانیشی زۆرن. سەبارەت بە ئافرەتانیش: لە توندی شەهوەتیان کەم دەکاتەوە [وهتد].

سوننەتیشە لە ڕۆژی حەوتەم بۆ کۆرپەلە ئەنجام بدرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ حەسەن وحوسەینی لە ڕۆژی حەوتەم دا خەتەنە کرد[1]، هەروەها خێرا تریش چاك دەبێتەوە، ویا مندالّ لە سەر باشترین حالّەت گەورە ببێت.

٣. بڕینی شوارب وزۆر کورت کردنەوەی (قَصُّهُ واحْفَاؤُه): ئەمەش موبالەغە کردنە لە بڕینی شوارب، چونکە لەمەدا خۆ جوان کردن وخاوێن کردنەوە وپێچەوانە کردنی بێ باوەڕانی تێدایە. چەندین فەرمودەی صەحیحیش هاتوە لە بارەی هاندان

---

(١) لەم بارەوە دو حەدیس هاتون یەکتری بەهێز دەکەن، وەك شێخ ئەلبانی ئەلّێ لە «تمام المنة» ل٦٧.

بۆ برینی، وهێشتنەوە وبەردانەوەی ڕیش وڕێز لێ گرتنی، لەمەشدا جوانی ودیمەنی پیاوەتی تێدایە، بەڵام زۆرێك لە خەڵکی ئەمەیان پێچەوانە کردوەتەوە، شواربیان دەهێڵنەوە وڕیشیان دەتاشن یا کورتی دەکەنەوە. ئەمانەش هەموی پێچەوانەی سوننەت وئەو فەرمانانەیە کە هاتوە لە بارەی واجبێتی هێشتنەوەی ڕیش؛ لەوانە: فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «جُزُّوا الشَّوَارِبَ، وَأَرْخُوا اللِّحَى، خَالِفُوا الْمَجُوسَ» «شواربتان ببڕن، وڕیشتان بهێڵنەوە، پێچەوانەی ئاگر پەرستەکان بکەن»(1). وفەرمودەکەی ئیبن عومەرە ﷺ کە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ: وَفِّرُوا اللِّحَى وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ»(2)، واتە: «پێچەوانەی موشریکەکان بکەن، ڕیشتان بهێڵنەوە، وشواربتان لا بدەن». جا لە سەر موسڵمانە پابەندی ئەم ئاکارەی پەیامبەر ﷺ بێت، وپێچەوانەی دوژمنان بکات، وخۆی جیا بکاتەوە لە خۆ شوبهاندن بە ئافرەتان.

٤. **گرتنی نینۆکەکان:** گرتنیەتی بە ڕادەیەك نەهێڵێت درێژ ببێت، ئەم گرتنەش جوانی دەکاتەوە، وپیسی وچڵکە کەڵەکە بوەکانی ژێری لا دەدات، وکۆمەڵێك لە موسڵمانان پێچەوانەی ئەم فیترەتە موحەممەدیەیان کردوە، دەڕۆن نینۆکیان درێژ دەکەن یا نینۆکی پەنجەیەکی دیاری کراویان درێژ نەکەن، هەمو ئەمانەش لە ڕازاندنەوەی شەیتان وچاو لێ کەری دوژمنانی خوایە.

٥. **هەڵکەندنی موی بن باڵ:** یانی: لا بردنی ئەو موەی تێیدا شین دەبێت، جا سوننەتە لا ببرێت بە هەڵ کەندن یا تاشین یا جگە لەم دوانە بێت، چونکە لا دانی پاك وخاوێنیە ونەهێشتنی ئەو بۆنە ناخۆشەیە کە بە هۆی کۆبونەوەی ئەو موەوە لەو

---

(١) أخرجه مسلم (٢٦٠).

(٢) أخرجه البخاري (٥٨٩٢)، ومسلم (٢٥٨). واللفظ للبخاري.

شوێنە دا دروست نەبێت، ئەمە دینی پاك وخاوێنی ئێمەیە، فەرمانی پێ كردوین بەم سیفەتانە، چونكە جوانی وپاكی وخاوێنی تێدایە، وبۆ ئەوەی موسڵمان باشترین شێوازی هەبێت، ودور بێت لە چاو لێ كەری بێ باوەڕان ونەزانان، شانازی بكات بە دینی خۆیەوە، وگوێڕایەڵی كاری پەروەردگارەكەی، وشوێن كەوتوی سوننەتی پەیامبەرەكەی بێت ﷺ.

چەند سیفەتێكی تریش زیاد دەكرێت بۆ ئەم پێنجە، ئەویش: سیواك كردنە، وئاو دانە بە دەم ولوت دا، وشۆردنی ئەو گرێیانەی سەر پەنجەكان (البَرَاجِم)ە كە چڵكی تێدا كۆ دەبێتەوە، وتارات گرتنە، ئەمەش لە بەر فەرمودەكەی عائیشە ﵂، كە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبْطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ -يَعْنِي: الِاسْتِنْجَاءَ-»... قَالَ مُصْعَبٌ: وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ...»[1]، واتە: «دە شت لە فیترەتە: بڕینی شوارب، وهێشتنەوەی ڕیش، وسیواك كردن، وئاو دانە لوت، وبڕینی نینۆك، وشۆردنی گرێكانی سەر پەنجە، وهەڵ كەندنی موی بن باڵ، وتاشینی موی بەر، هەروەها تارات گرتن». موصعەبی كوڕی شەیبە -یەكێكە لە ڕاویەكان- ئەڵێ: «ودەیەمم لە بیر چوە، ئەگەر ئاو دانە ددم نەبێ».

پرسی شەشەم: [كاتی لابردنی ئەو شتانەی لا بردنیان لە فیترەتە]

كات دیاری كردن بۆ تاشینی موی بەر وبڕینی شوارب وگرتنی نینۆك وهەڵ كەندنی موی بن باڵ: پەیوەست كراوە بە درێژی ئەم شتانە وپێویستی كەسەكە بە لا

---

(١) أخرجه مسلم (٢٦١) [هذا لفظه].

بردنی، بەڵام ئەگەر دوای خست، نابێت لە چل ڕۆژ زیاتر درێژە بکێشێت، لە بەر فەرموودەکەی ئەنەس ﷺ ئەڵێ: «ئەو کاتەی بۆمان دیاری کراوە لە بڕینی شوارب وگرتنی ناخون «نینۆک» وهەڵ کەندنی موی بن باڵ وتاشینی موی بەر، ئەوەیە نابێت لە چل شەو زیاتر بێت»[1].

(١) أخرجه مسلم (٢٥٨).

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی دەست نوێژەوە

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی دەست نوێژ وحوکمەکەی:

«الوُضُوء= دەست نوێژ» لە زمانەوانیدا لە «الوَضَاءَة»ەوە هەڵهێنجراوە کە جوانی وخاوێنیە.

لە شەرعیشدا: بریتیە لە بەکارهێنانی ئاو لە سەر چوار ئەندامەکە -کە دەم وچاو وهەر دو دەست وسەر وهەر دو پێ یە- بە شێوەیەکی دیاریکراوی شەرعی وەکو عیبادەت بۆ خوا ﷻ.

حوکمەکەشی: واجبە لە سەر دەست نوێژ شکاو «مُحْدِث» ئەگەر هەستا بۆ نوێژ یا هەستا بۆ ئەو شتانەی حوکمی نوێژی هەیە وەك تەواف کردن یان دەست دان لە قورئان.

پرسی دوەم: بەڵگە لە سەر واجب بونی، هەروەها لە سەر کێ واجبە، هەروەها کەی واجب دەبێت؟

بەڵگە لە سەر واجب بونی: ئەم ئایەتەیە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ وَلَكِنْ يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [المائدة:٦] «ئەی ئەوانەی ئیمان دارن ئەگەر دەست نوێژتان نەبو وویستتان هەستن بۆ نوێژ، ئەوا: دەم وچاو، ودەستەکانتان بشۆن

تا قورانیسك (ئەنیشک)ـەکانتان، وسەرتان بسڕن، وپێکانتان لەگەڵ قوله پێکانتاندا بشۆن، وئەگەریش لەش گران بون ئەوا خۆتان بشـۆن پـێش نوێـژ کـردن، ئەگـەریش نەخۆش بون یا لە سەر سـەفەرێك بـون یـا کەسـێکتان لـە سـەر ئـاودوە هـات یـا جیماعتان کرد، ود ئاوتان دەست نەکەوت ئەوە هەر دو دەستتان بدەن بـە ڕوی زەوی دا لـە خۆڵـە پاکـەکانی سـەری، مەسـحی دەم وچـاو ودەسـتەکانتانی پـێ بکـەن، پەروەردگاریش نایەوێت لە پرسی پاك وخاوێنی دا هیچ بار گرانیتان لە سەر دابنێت، بەڵکو ڕێگەی داون بە تەیەموم تا فراوانی وڕەحمەت بێت بۆتان، بۆیە کردویـەتی بـە جێگرەوەی ئاو لە پاك وخاوێنی دا، سا خـوا دەیـەوێت پاکتـان بکاتـەوە وبـەم کـار ئاسانیە وشتەکانی تریش ئەیەوێت نیعمەتی خۆیتان بە سەردا بڕژێت بە تـەواوەتی، ئەمەش مایەی شوکرانە بـژێری کردنـی خوایـە». هـەروەها پەیامبـەری خـوا ﷺ ئەفەرموێ: «لَا يَقْبَلُ اللهُ صَلَاةً بِغَيْرِ طُهُورٍ، وَلَا صَدَقَةً مِنْ غُلُولٍ» «خـوا سـبحانە نوێژێك وەرناگرێت بە بێ دەست نوێژ، بەخشینیش وەرناگرێت ئەگەر هی دزێنی بێت لە دەست کەوتی جـەنگ وشـتی تـر»[1]. هـەروەها ئەفـەرموێ ﷺ: «لَا يَقْبَلُ اللهُ صَلَاةَ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ» «کەسێك دەست نوێژی بشکێت خوا ﷻ نوێژی لـێ وەر ناگرێت هەتا دەست نوێژ نەگرێت»[2]. وهـیچ زانایـەکی موسـڵمان نـەبووە لـەم بارەوە ڕا جیاواز بوو بێت.

بەمەش شەرعیەتی دەست نوێژ سەلما بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی.

لە سەر کێ واجبە؟ لە سەر موسڵمانی پێگەیشتوی ژیر، ئەگەر ویستی نوێـژ یـا حاو حوکمەکانی نوێژ بکات پێویست ئەبێت.

---

(١) أخرجه مسلم (٢٢٤). والغلول: السرقة من أموال الغنيمة وغيرها.
(٢) أخرجه مسلم (٢٢٣).

ئەی کەی واجبە؟ ئەگەر کاتی نوێژ هات یا مرۆڤ ویستی ئەو کارە بکات کە دەست نوێژی بۆ بە مەرج گیراوە، با پەیوەستیش نەبێت بە کاتێکەوە، وەك تەواف کردن ودەست دان لە قورئان.

پرسی سێیەم: لە بارەی مەرجەکانی دەست نوێژەوە:

ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ دروستێتی دەست نوێژ:

١- **ئیسلامەتی، وژیری، وجیا کردنەوە** (التَّمْيِيز): جا نا موسڵمان وشێت بیکات دروست نیە، ومنداڵی خوار تەمەنی جیا کردنەوەش حیسابی بۆ ناکرێت[١].

٢- نیەت: لە بەر فەرمودەی: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَاتِ، [وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى]» «کار وکردەوەکان بە نیەتە، وبۆ هەر بەندەیەك هەیە لە پاداشت وسزا بە گوێرەی نیەتی»[٢]، ودروستیش نیە بە دەم بهێنرێت؛ چونکە لە پەیامبەرەوە ﷺ نە چەسپاوە.

٣- ئاوی پاك: وەك پێشتر لە «ئاوەکان»دا باس کرا، جا ئاوی پیس دروست نیە دەست نوێژی پێ بگیرێت.

٤- لابردنی ئەو شتانەی رێگرن لە گەیشتنی ئاو بە پێست، وەکو مۆم وهەویر وهاو شێوەکانیان: وەك بان ناخون (بۆیەی نینۆك)ی نێو ئافرەتانی ئەمرۆ.

٥- تارات گرتن، ئەگەر هۆکارەکانی هەبون.

٦- بە دوای یەکتردا بکرێت (الموالاة).

---

(١) [«تەمەنی جیاکردنەوە» (سنّ التّمييز): مەبەست ئەو تەمەنە یا قۆناغەیە کە منداڵ پێی گەیشت لە قسە تێ دەکات وبە باشی وەڵام دەداتەوە وزەرەر وقازانجی خۆی دەزانێت وشتەکان لێك جیا دەکاتەوە، وتایبەتیش نیە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵام زۆرجار حەوت ساڵانە].

(٢) أخرجه البخاري (١)، ومسلم (١٩٠٧).

٧- بە ریز بەندی(الترتیب). دواجاریش باسی هەر دوکیان دێت.

٨- شۆردنی ئەو ئەندامانەی کە واجبە بشۆردرێت.

پرسی چوارەم: فەرزەکانی دەست نوێژ -یانی ئەندامەکانی-:

بریتیە لە شەش دانە:

١. شۆردنی هەمو دەم وچاو، لە بەر ئایەتی: ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ﴾ [المائدة: ٦] «ئەگەر ویستتان هەستن بۆ نوێژ ودەست نوێژتان نەبو ئەوە دەم وچاوتان بشۆن»، ئاو دان بە دەم ولوتیشدا (المَضْمَضَة والاِسْتِنْشَاق) بەشێکە لە شۆردنی دەم وچاو، چونکە دەم ولوت بەشێکە لێی.

٢. شۆردنی هەر دو دەست لەگەڵ قورانیسک (ئەنیشک)، لە بەر ئایەتی: ﴿وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ﴾ [المائدة:٦] «دەستەکانیشتان بشۆن لەگەڵ ئەنیشکەکان».

٣. سڕینی هەمو سەر لەگەڵ گوێکاندا: لە بەر ئایەتی: ﴿وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ﴾ [المائدة:٦] «وسەرتان بسڕن»، ولە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «الأُذُنَانِ مِن الرَّأْسِ» «هەر دو گوێ بەشێکن لە سەر»[1]. بۆیە سڕینی هەندێکی سەر ونەسڕینی هەندیکی تری لە سەری ناخات (لا يُجزيء)[2].

٤. شۆردنی هەردو پێ هەتا قاپە ڕەقە (قولە پێ یا گوێزنگ): لە بەر فەرمایشتی: ﴿وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ﴾ [المائدة: ٦] «وپێکانتان بشۆن لەگەڵ هەر دو قولە پێ دا».

---

(١) أخرجه الترمذي (٣٧) وابن ماجه (٤٤٣) وصححه الألباني (صحيح سنن ابن ماجه ٣٥٧، والسلسلة الصحيحة ٣٦) وأفاض الشيخ -رحمه الله- في جمع طرقه والكلام عليه.

(٢) «لا يجزيء»، لای فوقەها، واتە: بە نەکردنی ئەو شتە، فەرمانەکە لە سەرت نەکەوتوە وبە جێت نەگەیاندوە ونەستۆت پاك نەبۆتەوە، جا نەبێت ئەنجامی بدەیتەوە. «وەگێڕ»

٥. ڕیز بەندی: چونکە پەروەردگار بە ڕیز باسی کرد، وپەیامبەریش ﷺ بەو ڕیز بەندیە دەست نوێژی گرتوە کە پەروەردگار باسی کردوە: دەم وچاو، ئینجا هەر دو دەست، ئینجا سەر، ئینجا هەر دو پێ، لە فەرمودەکەی عەبدوڵای کوڕی زەید[1]، ولە فەرمودەی تریشدا ئەمە هاتوە لە چۆنێتی دەست نوێژ گرتنی پەیامبەر دا ﷺ.

٦. بە دوای یەك دا بکرێت: یانی: شۆردنی هەر ئەندامێك ڕاستەوخۆ دوای ئەندامەکەی تر بێت بە بێ دواخستن، چونکە پەیامبەر ﷺ دەست نوێژی ئاوها نەگرت، هەروەها لە بەر فەرمودەکەی خالدی کوڕی مەعدان: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ رَأَى رَجُلًا يُصَلِّي، وَفِي ظَهْرِ قَدَمِهِ لُمْعَةٌ قَدْرُ الدِّرْهَمِ لَمْ يُصِبْهَا الْمَاءُ، فَأَمَرَهُ النَّبِيُّ ﷺ أَنْ يُعِيدَ الْوُضُوءَ وَالصَّلَاةَ» «کە پەیامبەر ﷺ کابرایەکی بینی نوێژی دەکرد، ولە پشتی پێکانیشیەوە ئەوەندەی درهەمێك ئاوی بەر نەکەوتبو، فەرمانی پێ کرد دەست نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە»[2]. جا ئەگەر بە دوای یەکدا کردن بە بێ دواخستن مەرج نەبوایە ئەوە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی دەکرد تەنها ئەوە بشوات کە نەیشۆردوە، وفەرمانی پێ نەدەکرد دەست نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە.

پرسی پێنجەم: سوننەتەکانی دەست نوێژ:

شتانێك هەیە سوننەتە لە کاتی دەست نوێژدا بکرێت وپاداشت دەدرێتەوە لە سەری، هەر کەسێکیش نەیکات -نەك وەکو نەویستن- ئەوە تاوانی ناگات، وئەم کارانەش پێیان دەوترێت: سوننەتەکانی دەست نوێژ، کە ئەمانەیە:

---

(١) أخرجه مسلم (٢٣٥).

(٢) أخرجه أحمد (٤٢٤/٣)، وأبو داود (١٧٥)، وصححه الألباني. انظر: إرواء الغليل (١٢٧/١).

١. «بسم الله» کردن لە سەرەتاوە: لە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللهِ عَلَيْهِ» «دەست نوێژی کاملی نەگرتوە ئەوەی ناوی خوای لە سەر نەهێنێت»[1].

٢. سیواك کردن: لە بەر حەدیسی: «لَوْلَا أَنْ يَشُقَّ عَلَى أُمَّتِهِ لَأَمَرَهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وُضُوءٍ» «لە بەر ئەوە نەبێت قورسی بکەم لە سەر ئومەتەکەم، فەرمانم پێ دەکردن لە هەمو دەست نوێژێك دا سیواك بکەن»[2].

٣. سێ جار شۆردنی هەر دو لەپ لە سەرەتای دەست نوێژەوە: بە بەڵگەی کرداری پەیامبەر ﷺ، کە هەر دو لەپەکانی سێ جار ئەشۆرد، وەکو لە چۆنیەتی دەست نوێژیدا هاتوە.

٤. موبالەغە لە ئاو دان بە دەم ولوت دا جگە لە ڕۆژوان: ئەمەش لە چۆنیەتی دەست نوێژی پەیامبەردا ﷺ هاتوە، ئەڵێ: «ئاوی دا بە دەمی ومش (الاستنثار)[3]ی کرد». ولە بەر فەرمودەی: «وَبَالِغْ فِي الِاسْتِنْشَاقِ، إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمًا» «وزیادەڕەوی بکە لە ئاو دان بە لوت دا مەگەر بە ڕۆژو بیت»[4].

٥. سڕینی ئەندامەکان (الدَّلْك)، وبە ئاو، دەست بخرێتە ناو ریشی چڕ تا دەگاتە ناو ریش: بە بەڵگەی کرداری پەیامبەری خوا ﷺ، چونکە «کاتێك دەست

---

(١) أخرجه أحمد (٤١٨/٢)، وأبو داود (١٠١)، والحاكم (١٤٧/١) وغيرهم من حديث أبي هريرة رضي الله عنه، وحسنه: ابن الصلاح، وابن كثير، والعراقي، وقواه المنذري وابن حجر، وقال الألباني: حسن. «الإرواء» (١٢٢/١).

(٢) أخرجه البخاري معلقًا بصيغة جزم: باب سواك الرطب واليابس للصائم. وصله النسائي. انظر: «الفتح» (١٥٩/٤).

(٣) «الاستنثار»: ئەوەیە کە ئاوت دا بە لوت دا، ئاو وشتەکانی ناو لوتت دەر بکەیت، ئەمەش واتای دروستی «الاستنثار»ـە لەلای جمهوری زانایان. «وەرگێڕ».

(٤) أخرجه أبو داود (١٤٢)،والنسائي (٦٦/١ رقم ٨٧)،وصححه الألباني (صحيح النسائي رقم ٨٥).

نوێژی بگرتایە دەستی دەهێنــا بــە باڵەکانیــدا»[١]، هــەروەها «نــاوی دەبــردە ژێــر چەناکەیی وئەیهێنا بە ناو ڕیشیدا»[٢].

٦. پێش خستنی لای ڕاست بە سەر چەپدا لە دەست وقاچەکاندا: بــە بەڵگــەی کــرداری پەیامبــەری خــوا ﷺ چــونکە «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِهِ وَطُهُورِهِ، وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ» «حەزی لە لای ڕاست بوە لە دەست پێ کردن وپێڵاو لە پێ کردن، وقژ شانە کردن، ودەست نوێژ گرتن، ولە هەمو کارێکی تری دا»[٣].

٧. سێ بارەکردنەوەی شۆردنی دەم وچاو ودەست وپێکان: ئەوەی واجبــە، تــەنها یەك جارە، سێ بارە کردنەوەشی سوننەتە، بــە بەڵگــەی کــردەوەی پەیامبــەری خــوا ﷺ، لێوەی چەسپاوە کە: «دەست نوێژی گرتوە یەك جار یــەك جــار، ودو جــار دو جار، وسێ جار سێ جار»[٤].

٨. خوێندنی ویردە هاتوەکان دوای دەست نوێژ: لە بــەر فــەرمودەی: «ما مِنْكُمْ أَحَدٌ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ»[٥] «هــیچ

---

(١) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٣٦٣/٣) (١٠٨٢)، والبيهقي في السنن الكبرى (١٩٦/١)، والحاكم في المستدرك (٢٤٣/١) وصححه، وابن خزيمة في صحيحه (٦٢/١)، والإمام أحمد في مسنده (٣٩/٤).

(٢) أخرجه أبو داود (١٤٥)، وصححه الألباني (الإرواء ٩٢).

(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٦٨)، ومسلم (٢٢٦).

(٤) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥٧، ١٥٨، ١٥٩) ومسلم (٢٢٦) وعنده ذكر الثلاث فقط.

(٥) أخرجه مسلم (٢٣٤) وزاد الترمذي: (اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ ، وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ) (٥٥)، وصححه بهذه الزيادة الألباني «الإرواء» (٩٦)، [وجزم ابن القيم في «الزاد» بثبوتها عن النبي ﷺ، أما الحافظ فضعفها كما في «الفتوحات الربانية» (١٩/٢). وأما: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ». فقد رواه الحاكم في «المستدرك» عن أبي سعيد، قال الحافظ: «والسند صحيح بلا ريب ، إنما اختلف في رفع المتن ووقفه» كما في «الفتوحات الربانية» (٢١/٢). وصححه الألباني كما في «الصحيحة» (٢٣٣٣)].

کەسێکتان نیە دەست نوێژ بگرێت دەست نوێژێکی جوان، پاشان بڵێ: شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك حەق نیە جگە لە اللە، تاك وتەنهایە وبێ شەریکە، وشایەتی دەدەم موحەممەد بەندە وپەیامبەری خوایە، مەگەر هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، لە هەر کامی دەیەوێت دەرواتە ژوورەوە».

پرسی شەشەم: لە بارەی هەڵوەشێنەرەوەکانی دەست نوێژەوە:

هەڵوەشێنەرەوەکان: ئەوانەیە دەست نوێژی پێ بەتاڵ ئەبێتەوە. ئەمەش شەشە:

١. **هەرچی دەر بچێ لە هەر دو دەرەچەکەوە:** یانی: دەرەچەی میز وپیسی، ودەرچوەکەش یا میزە یا پاشەڕۆ یا تۆوی پیاوە یا (المَذْي)ـە، یان خوێنی (الاِسْتِحَاضَة)یە[1] یا بایە -کەم بێ یا زۆر-، لە بەر ئایەتی: ﴿أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ﴾ [النساء:٤٣]. ولە بەر فەرمودەی: «خوای گەورە نوێژی هیچ کەس قەبوڵ ناکات بێ دەست نوێژ، مەگەر دەست نوێژ بگرن»، پێشتریش باس کرا. وبە بەڵگەی فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «ولكِنْ مِنْ غَائِطٍ أَوْ بَوْلٍ وَنَوْمٍ» «تەنها لە کاتی پیسی کردن یا میز کردن یان خەوتن خوفەکانتان دا بکەنن»[2]. هەروەها پەیامبەر ﷺ لە بارەی کەسێکەوە گومانی هەیە بای لێ بەر بوە یا نا فەرمویەتی: «فَلَا يَنْصَرِفْ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أو يَجِدَ رِيحًا» «با نوێژەکەی نەبڕێت تا گوێی لە دەنگێك دەبێت یا هەست بە بۆنێك ئەکات»[3].

(١) لە دەروازەی نۆیەم، لە پرسی سێیەم: چۆنێتی پاك کردنەوەی پیسی دا، پێناسەی مەزی ومەنی دێت - بە ویستی خوا-. هەروەها لە دەروازەی دەیەم، پرسی حەوتەم: لە بارەی خوێنی ئیستیحازە، باسی ئیستیحازەش دێت. «وەرگێڕ»

(٢) أخرجه أحمد (٢٣٩/٤) والنسائي (٨٣/١) والترمذي (٩٦) وصححه، وحسنه الألباني في الإرواء (١٤١/١).

(٣) متفق عليه: البخاري (١٣٧)، ومسلم (٣٦١).

٢. دەرچونی شتێکی پیس لە باقی لاشەوە: جا ئەگەر میز بێت یا پیسی ئەوە بە هەمو شێوەیەك بەتاڵ ئەبێتەوە، چونکە دەقەکانی پێشو دەیگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەم دوانەش نەبو وەك: خوێن ورشانەوە: ئەگەر زۆر بو ولە ڕادە بەدەر بو ئەوا چاکتر وایە دەست نوێژ بگرێتەوە لە بەر ئیحتیاط، خۆ ئەگەر کەمیش بو بە کۆ دەنگ دەست نوێژی بۆ ناگرێتەوە.

٣. نەمانی عەقڵ یا داپۆشینی بە هۆی بورانەوە یا خەوتنەوە: لە بەر فەرمودەی: «تەنها لە کاتی پیسی کردن ومیز کردن وخەوتن دا». وهەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «العَيْنُ وِكَاءُ السَّهِ، فَمَنْ نَامَ فَلْيَتوضَّأْ» «چاو پەتی کۆمە جا هەر کەسێك خەوت با دەست نوێژ بگرێت»[١]. سەبارەت بە شێتی وبورانەوە وسەر خۆش بون وهاو شێوەکانیان بە کۆ دەنگی زانایان بەتاڵی دەکەنەوە، وئەو خەوەش کە دەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە بریتیە لەو خەوە قوڵەی هەستی لەگەڵ دا نامێنێت، ئیتر خەوتنەکە بە هەر شێوازێك بێت، بەڵام سوکە خەو بەتاڵی ناکاتەوە، چونکە هاوەڵان ﷺ جار وا هەبوە لە چاوەڕوانی نوێژدا خەو بردونەتیەوە، هەستاون، نوێژیان کردوە، ودەست نوێژیشیان نەگرتۆتەوە[٢].

٤. دەست دان لە عەورەتی ئادەمیزاد بە بێ بەر بەست: لە بەر فەرمودەکەی بوسرەی کچی صەفوان ﷺ، کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ» «هەر کەس دەستی بەر زەکەری خۆی کەوت با دەست نوێژ بگرێت»[٣].

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٠٣)، وابن ماجه (٤٧٧)، وحسنه الألباني في الإرواء (١٤٨/١). والمعنى: أن العينين في يقظتهما بمنزلة الحبل الذي يربط به، فزوال اليقظة كزوال هذا الرباط.

(٢) «صحيح مسلم» (٣٧٦).

(٣) أخرجه أبو داود (١٨١) واللفظ له، والنسائي (١٦٣)، والترمذي (٨٢) وقال: حديث حسن صحيح. وابن ماجه (٤٤٧٩)، وصححه الألباني في الإرواء (١٥٠/١).

ولـە فەرمودەکـەی ئـەبو ئـەیوب وئـوم حەبیبـە دا ﷺ هـاتوە: «مَنْ مَسَّ فرْجَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ»[1]، «هەمان واتای پێشو».

٥. **خواردنی گۆشتی وشتر:** لە بەر فەرمودەکـەی جـابری کـوڕی سـەمورە ﷺ: پیاوێك پرسیاری کرد لە پەیامبەر ﷺ: دەست نوێـژ بگرینـەوە بـە هـۆی خـواردنی گۆشـتی مـەڕەوە؟ فـەرموی: «إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ، وَإِنْ شِئْتَ فَلَا تَتَوَضَّأْ» «ئەگـەر ویستت دەست نوێژ بگرە، نەشت ویسـت مـەیگرە». وتـی: ئـەی بـەهۆی گۆشـتی وشترەوە؟ فەرموی: «نَعَمْ، تَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ» «بـەڵێ، دەسـت نوێـژ بگـرە بـۆ گۆشتی وشتر»[2].

٦. **هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام:** لە بـەر ئایـەتی: ﴿وَمَنْ يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ﴾ [المائدة:٥] «هەر کەس هەڵگەڕێتەوە لە ئیمان ئـەوە کـردەوەی پوچـەڵ بودتـەوە». وهەر شتێکی تریش غوسل واجب بکات دەست نوێژیش واجب دەکات، مردن نەبێت.

[هەروەها کەڕاهەتی هەیە زیاد لە پێویست ناو بە خەرج بدات].

پرسی حەوتەم: ئەو شتانەی واجبە دەست نوێژی بۆ بگیرێت:

واجبە لە سەر تەکلیف لێ کراو (مكلَّف)[3] بۆ ئەم شتانە دەست نوێژ بگرێ:

---

(١) رواية أم حبيبة أخرجها: ابن ماجه (٤٨١)، وصححها الألباني في الإرواء (١٥١/١)، أما حديث أبي أيوب فقال الألباني: "لم أقف على إسناده" الإرواء (١٥١/١).

(٢) أخرجه مسلم (٣٦٠).

(٣) «المكلف» لەم کتێبەدا زۆر دوبارە دەبێتەوە، جا واتاکەی بزانە: عاقڵێکی پێگەیشتوی تێگەیشتوە (العاقل البالغ الذاكر أو الفاهم). «وەرگێڕ»

١. نوێژ کردن: لە بەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر ﷺ بەرزی دەکاتەوە ﷺ: «خوا ﷻ نوێژێك وەرناگرێت بەبێ دەست نوێژ، بەخشینیش وەرناگرێت هی دزین بێ لە دەست کەوت وشتی تریش».

٢. سورانەوە بە دەوری کەعبە فەرز بێت یا سوننەت: لە بەر کردەوەی پەیامبەر ﷺ: «دەست نوێژی گرتوە وپاشان تەوافی کردوە»[١]. وله بەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ[٢]: «الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ صَلَاةٌ إِلَّا أَنَّ اللهَ أَبَاحَ فِيهِ الكَلَامَ» «تەواف بە دەوری کەعبەدا نوێژە، ئەوەندە نەبێت خوا قسە کردنی تێدا حەلاڵ کردوە». هەروەها بە بەلگەی ئەوەی نەهی کردوە لە سوڕی مانگانەدا ئافرەت تەواف بکات هەتا پاك دەبێتەوە[٣].

٣. دەست دان لە قورئان وپێستەی بەری بکەوێت بێ بەربەست: لە بەر ئایەتی: ﴿لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ﴾ [الواقعة: ٧٩]. واتە: «ئەم قورئانە کەس دەستی پێوە نادات مەگەر پاکەکان». هەروەها لە بەر فەرمودەی: «لَا يَمَسُّ القُرْآنَ إلا طاهر» «کەس دەست بەم قورئانەوە نادات، مەگەر کەسێك پاك بێت»[٤].

---

(١) أخرجه البخاري (١٦١٤)، ومسلم (١٢٣٥).

(٢) أخرجه ابن حبان (٣٨٣٦)، والحاكم (١/٤٥٩) وصحح إسناده، وافقه الذهبي، والبيهقي (٥/٨٧) وغيرهم، وصححه الألباني «الإرواء» (١٢١).

(٣) أخرجه البخاري (٣٠٥)، ومسلم (١٢١١).

(٤) أخرجه مالك (٤٦٨)، والحاكم (١/٣٩٥) و(٣/٤٨٥) وصححه، والدارقطني (١/ ١٢١)، والبيهقي (١/٨٧)، وصححه الألباني في «الإرواء» (١٢٢).

پرسی هەشتەم: ئەو شتانەی سوننەتە دەست نوێژی بۆ بگیرێت:

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا سوننەتە دەست نوێژ بگیرێت:

١. لە کاتی یادکردنی خوای گەورەدا ﷻ وقورئان خوێندن.

٢. تازە کردنەوەی بۆ هەمو نوێژێك: لە بەر بەردەوامی پەیامبەری خـوا ﷺ لـە سەری، وەك لـە ئەنەســەوە ﷺ هـاتوە: «كَان النَّبِيّ ﷺ يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاةٍ»، «پەیامبەری خوا ﷺ پێش هەمو نوێژێك دەست نوێژی ئەشۆرد»[1].

٣. سوننەتە کەسی لەش گران ئەگەر ویستی دوبارە جوت ببێتـەوە، یـا ویسـتی بخەوێت، یا بخوات، یا بخواتەوە= دەست نوێژ بگرێتەوە: لـە بـەر فەرمودەکـەی ئـەبو سەعیدی خودری ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویـەتی: «إِذَا أَتَى أَحَدُكُم أَهلَه، ثم أراد أن يعود، فَلْيتوضأ» «ئەگەر کەسـێکتان جـوت بـو لەگـەڵ خێزانـی دا، ئینجـا ویـستی دوبارەی بکاتەوە، با دەست نوێژ بگرێت»[2]. ولە بەر فەرمودەکەی عائیشـە ﷺ[3]: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ وَهُوَ جُنُبٌ، تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ» «پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر لەش گران ببوایـە وبیویسـتایە بخەوتایـە، پێش خەوتن دەست نوێژی ئەگرت وەکو دەست نوێژی نوێـژ» لـە ڕیوایـەتێکی تـری ئەودا: «ئەگەر بیویستایە بخوات یا بخەوێت...»[4].

٤. دەست نوێژ گرتن پێش غوسل کردن: لـە بـەر فەرمودەکـەی عائیشـە ﷺ ئەفەرموێ: «پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر غوسلی بکردایە بۆ لـەش گرانـی: سـەرەتا

---

(١) أخرجه البخاري (٢١٤).
(٢) أخرجه مسلم (٣٠٨).
(٣) أخرجه مسلم (٣٠٥).
(٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشو، فەرمودەی پاشتری.

هەر دو دەستی دەشۆرد، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکرد بە سەر دەستی چەپی دا، پاشان عەورەتی دەشۆرد پاشان دەست نوێژێکی وەك دەست نوێژی نوێژ ئەگرت...» تا کۆتایی فەرمودەکە[1].

٥. لە کاتی خەوتن دا: لە بەر فەرمودەکەی بەرائی کوڕی عازب ﷺ پەیامبەر ﷺ فەرموی: «إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلَاةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الْأَيْمَنِ...» «ئەگەر چویتە سەر جێگاکەت دەست نوێژ بگرە وەکو دەست نوێژی نوێژ پاشان بەلای ڕاستدا ڕا بکشێ... » هتد فەرمودکە [2].

(١) أخرجه مسلم (٣١٦).

(٢) أخرجه البخاري (٢٤٧).

دەروازەی شەشەم

لە بارەی مەسح کردن لە سەر سۆل (الخُف) ومێزەر وکەرەستەی گرتنەوە

سۆل «الخُف»: ئەوەیە لە پێ دەکرێت لە پێستە وهاوشێوەکانی، کۆکەی «خِفاف»، وهەر شتێك بکرێتە پێ لە خُری (خوری) وهاو شێوەکانی حوکمی خوفی هەیە.

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: حوکمی سڕینی سۆل وبەڵگەکەی:

سڕینی خوف دروستە بە کۆ دەنگی ئەهلی سوننەت وجەماعەت، وڕوخسەت وڕێ پێدانێکی خوایە ﷻ وەك بار سوکیەك لە سەر بەندەکانی، ولابردنی نارەحەتی وتەنگی لە سەریان.

سوننەت وکۆ دەنگیش بەڵگەن لە سەر ئەوەی دروستە.

سەبارەت بە فەرمودە: فەرمودە صەحیحەکان بە موتەواتری لە پەیامبەری خواوە ﷺ چەسپاون؛ هەم بە کردەوەی وهەم بە فەرمانی وڕوخسەت پێدانی. پێشەوا ئەحمەد رَحِمَهُ اللهُ ئەڵێ: هیچ لە دڵم دا نیە لە ئاست مەسح کردن، چل فەرمودەی لە سەر هاتوە لە پەیامبەرەوە ﷺ. کە ئەڵێ: «هیچ لە دڵم دا نیە» مەبەستی: کەم ترین گومانی نیە کە دروستە. حەسەنی بەصری رَحِمَهُ اللهُ ئەڵێ: حەفتا کەس لە هاوەڵانی پەیامبەری خوا ﷺ بۆیان گێڕاومەتەوە کە پەیامبەر ﷺ مەسحی لە سەر خوفەکانی کردوە. جا لەو فەرمودانە: حەدیسەکەی جەریری کوڕی عەبدولایە

ﷺ ئەڵێ: «رَأَيتُ رَسُولَ الله ﷺ بالَ ثمّ توضّأ ومَسَح عَلى خُفَّيه» «پەیامبەری خوام ﷺ بینی میزی کرد، پاشان دەست نوێژی گرت وخوفەکانی سڕی»[1].

ئەعمەش ئەڵێ: ئیبراهیم وتی: ئەم فەرمودەیەیان زۆر پێ خۆش بو، چونکە جەریر ﷺ دوای دابەزینی سورەتی «المائدة» موسڵمان بوە، یانی: ئایەتی دەست نوێژ.

زانایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەتیش کۆکن لە سەر شەرعیەتی ئەم کارە لە سەفەر ونیشتەجێ بون، پێویستیەك بێت یا نا.

هەروەها دروستە لە سەر گۆرەویش مەسح بکرێت، کە بریتیە لەوەی لە پێ دەکرێت جگە لە پێست، وەك: پەڕۆ وهاوشێوەکانی، دروستیشە، لەبەر ئەوەی وەك خوف وایە لەوەی مرۆڤ پێویستی پێ یەتی، وهۆکار (العِلَّة)[2] لە هەر دوکیاندا هەر یەك شتە، وبە ڕاستی لە پێ کردنی بەر بلاَو تریشە لە خوف، بۆیە دروستە مەسحی لە سەر بکرێت ئەگەر پێی داپۆشی.

پرسی دووەم: مەرجەکانی مەسح کردن لە سەر خوف وجێ گرەوەکانی:

مەرجەکانیش ئەمانەن:

١. بە دەست نوێژەوە لە پێ بکرێت: بە بەڵگەی ئەوەی موغیرە ﷺ ئەڵێ: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پەیامبەری خوا دا ﷺ بوم، دا چەمیم سۆلەکانی پێی دا بکەنم،

(١) أخرجه مسلم (٢٧٢)، وروى نحوه البخاري عن المغيرة (٢٠٣).

(٢) یەکێك لە بنچینەکانی قیاس هاو هۆکاریە (هەمان هۆکاری هەبێت)، واتە: خوف ڕێگەی پێ دراوە لەبەر هۆکارێك، دەی هەمان هۆکار لە جۆراب وگۆرەوی دا هەیە، کەواتە چۆن ئەسڵەکە دروستە لەبەر ئەم هۆکارە، لقەکەش دروستە لەبەر هەمان هۆکار، ئەمەش پێی دەڵێن: قیاس. سەرباری ئەمە لە حەدیسیشدا هاتوە! «وەرگێڕ».

فەرموی: «دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُما طَاهِرَتَيْنِ، فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا» «وازی لـێ بهێنـه مـن بە پاکی (بە دەست نوێژەوە) لە پێم کردوە، پاشان مەسحی لە سەر کردن»[1].

٢. ئەبێت ئەو شوێنەی پێ -کە فەرزە بشۆردرێت-، داپۆشێت.

٣. حەلاڵ بن: دروست نیە مەسح بکرێـت لـە سـەر زەوت کـراو، یـا دزراو، یـا ئاوریشم بۆ پیاو، چونکە پۆشینی تاوانە، بۆیە ڕوخسەت نادرێت.

٤. خودی خوفەکان پاك بن: چونکە دروست نیە مەسح بکرێ لە سەر شتی پیس، وەك ئەوەی لە پێستەی کەر دروست کرا بێت.

٥. سڕینەکە لەو ماوەیە بێت کە شەرع دیاری کردوە: کە بـۆ نیشـتە جـێ شـەو ورۆژێکە، وبۆ ڕێبواریش سێ شەو وسێ ڕۆژە.

ئەمە پێنج مەرجە بۆ دروستێتی مەسح کردن لە سـەر خـوف زانایـان لـە دەقـە حەدیسی، وڕێـسا گشتیەکانەوە دەریان هێناوە، بۆیە ئەبێت ڕەچاو بکرێت لـە کـاتی مەسح کردن دا.

وهیچی تێدا نیە مەسح بکرێت لە سەر گۆرەوەیی تەنك، تـۆزێ دڕاو[2]، لـە بـەر ئەو بەڵگانەی هاتون لە بارەی دروستێتی مەسح کردن، هەروەها داکەندنی ناڕەحەتی تێدایە.

(١) متفق علیه: أخرجه البخاري (٢٠٦)، ومسلم (٢٧٤).

(٢) [ئەگەر گۆرەوی تەنك، یان دڕا بو" بە ڕادەیەك کە ئەگەر مەسحی لە سـەر بکرێت ئاوەکە بەر پێکان بکەوێت ئەوە پێی ناوترێت سڕین ومەسح، بەڵکو ئەوە شۆردنە! جا دەردەکەوێت دروست نەبێت].

پرسی سێیەم: چۆنیەتی سڕین وشێوازەکەی:

ئەو شوێنەی دانراوە مەسح بکرێت: سەروی خوفەکانە، واجبیش لەم بارەوە ئەوەندەیە: ناوی سڕین (مەسح) بیگرێتەوە. وچۆنیەتیەکەشی: زیاتر لای سەروی خوفەکەی بسڕێت، لە بەر فەرمودەکەی موغیرەی کوڕی شوعبە ﵁ کە باسی شێوازی مەسحی پەیامبەرمان ﷺ بۆ دەکات لە کاتی دەست نوێژدا، ئەلێت[١]: «رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَمْسَحُ عَلى الخُفَّيْنِ: عَلَى ظَاهِرِهِما» «پەیامبەری خوام ﷺ بینی سەر هەر دو خوفەکەی سڕی». و[بە تەنها] مەسح کردنی ژێر وپشتی خوف لە سەرتی ناخات، وسوننەتیش نیە، لە بەر فەرمایشتەکەی عەلی ﵁ ئەلێ[٢]: «ئەگەر دین بە ڕا وبۆچون ببوایە، ئەوا بێ گومان سڕینی ژێرەوەی سۆل لە پێشتر بو تا سەرەوەی، بەڵام پەیامبەری خوام ﷺ بینی سەروی خوفەکانی سڕی». خۆ ئەگەر سەرەوە وخوارەوە پێکەوە بسڕێت، دروستە بەڵام کەراهەتی هەیە.

پرسی چوارەم: ماوەی مەسحی خوف:

وماوەی مەسح کردن لە سەر خوف بۆ نیشتە جێ، وئەوەی لە سەفەرێك بێت بۆی نەبێت نوێژ کورت بکاتەوە: بۆ هەر دوکیان شەو وڕۆژێکە، بۆ: موسافریش، کە بۆی هەبێت نوێژ کورت بکاتەوە: سێ ڕۆژ وسێ شەوە، لە بەر فەرمودەکەی عەلی ﵁: ئەلێ[٣]: «جَعَلَ رَسولُ اللهِ ﷺ ثَلاثَةَ أَيّامٍ وَلَيالِيهِنَّ لِلْمُسَافِرِ، وَيَوْمًا وَلَيْلَةً لِلمُقِيمِ»، واتە: «پەیامبەری خوا ﷺ بۆ موسافر: سێ شەو وسێ ڕۆژی داناوە، وبۆ نیشتەجێش شەو وڕۆژێك».

---

(١) أخرجه الترمذي (٩٨)، وقال: حسن. وقال الألباني: حسن صحيح (صحيح الترمذي ٨٥).
(٢) أخرجه أبو داود (١٦٢)، والبيهقي (١/٢٩٢)، وصححه الحافظ ابن حجر (التلخيص الحبير ١/١٦٠).
(٣) أخرجه مسلم (٨٥).

پرسی پێنجەم: هەڵ وەشێنەرەوەکانی مەسح کردن:

سڕینیش بەم شتانە هەڵ دەوەشێتەوە:

١. هەر شتێك ڕو بدات کە غوسل واجب بکات، ئەوە مەسحەکەش هەڵ دەوەشێتەوە، لە بەر فەرمودەکەی سەفوانی کوڕی عەسسال ﷺ ئەڵێ: «كَانَ النَّبي ﷺ يَأْمُرُنَا إذا كُنَّا سفرًا ألا نَنْزِعَ خِفَافَنَا ثَلَاثَةَ أيامٍ وَلَيَالِيهِنَّ إِلَّا مِنْ جَنَابَة» «پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ ئەکردین ئەگەر لە سەفەر بوین خوفەکانمان سێ شەو وسێ ڕۆژ دانەکەنین مەگەر بۆ لەش گرانی»[1].

٢. ئەگەر هەندێك شوێنی فەرزەکە دەرکەوت، یانی: هەندێ شوێنی پێی دەرکەوێ، مەسحەکە هەڵ دەوەشێتەوە.

٣. داکەندنی خوف مەسح پوچەڵ دەکاتەوە، وداکەندنی یەکێکیشیان وەکو داکەندنی هەر دوکیان وایە لە سەر ڕای زۆربەی زانایان.

٤. تەواو بونی ماوەی مەسحەکە هەڵی دەوەشێنێتەوە، چونکە مەسح کاتەکەی دیاری کراوە لە لایەن شەرعەوە، جا دروست نیە زیاتر لە ماوەی دیاری کراو مەسح بکرێت. فەرمودەکانی ئەم باسە ئەمەی لێ دەفامی.

پرسی شەشەم: سەرەتای دەست پێ کردنی مەسح:

ماوەی مەسح دەست پێدەکات لە یەکەم مەسحی دوای دەست نوێژ شکاندن لە دوای لە پێ کردنی، بۆ نمونە: دەست نوێژ دەگرێت بۆ نوێژی بەیانی، وخوفەکانی لە پێ دەکات، بەڵام دوای هەڵهاتنی خۆر دەست نوێژی دەشکێت، ودەست نوێژ

(١) أخرجه أحمد (٤/٢٣٩)، والنسائي (١/٨٤)، والترمذي (٩٦) وصححه، وحسنه الألباني (الإرواء ١٠٤).

ئاگرێتەوە، پاشان پێش نوێژی نیوەڕۆ دەست نوێژ دەکرێت، جا دەست پێ کردنی ماوەکە لە کاتی دەست نوێژ گرتنیەوە دەست پێدەکات لە پێش نوێژی نیوەڕۆ، یانی: لە مەسح کردنی دوای دەست نوێژ شکاندن. هەندێکیش لە زانایان وتویانە: سەرەتاکەی لە هەڵاتنی خۆرەوەیە لە کاتی دەست نوێژ شکاندنەکەی[1].

پرسی حەوتەم: مەسح کردن لە سەر کەرەستەی گرتنەوە ومێزەر وسەرپۆشی ئافرەتان.

«الجبيرة= کەرەستەی گرتنەوە»: دار وهاوشێوەکانیەتی وەك گەچ، لەو شتانەی بە شکاویەوە دەپێچرێت تا سارێژ بون وخۆش بونەوەی، مەسحی لە سەر دەکات، هەروەها مەسح دەکات لە سەر لەزگە ولەفافی سەر برینەکان، هەمو ئەمانە مەسحی لە سەر دەکرێ بەو مەرجەی بە گوێرەی پێویستی دانرا بێت، خۆ ئەگەر لە پێویستی زیاتر بو، ئەوا ئەبێت زیادەکە هەڵ ماڵێت ودایبکەنێت.

هەروەها لە حەدەسی گەورە وگچکە دروستە مەسحی لە سەر بکات، وبۆ مەسح لە سەر کردنیشی ماوەیەکی دیاری کراوی نیە، بەڵکو مەسحی لە سەر دەکات تا لابردنی یا چاك بونەوەی ئەوەی ژێری. بەڵگەش لە سەر ئەمە: ئەوەیە مەسح کردن لە سەری زەرورەتێکە، زەرورەتیش بە گوێرەی خۆی ئەندازەی بۆ دادەنرێ، هیچ جیاوازیەکیش نیە لە نێوان هەر دو جۆرەکەی حەدەس.

هەروەها دروستە مەسح بکرێت لە سەر مێزەر (ئەوەی کە دەپێچرێتە سەرەوە)، بەڵگەش لە سەر ئەمە: فەرمودەکەی موغیرەی کوڕی شوعبەیە ﵁: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ مَسَحَ عَلَى عِمَامَتِهِ وَعَلَى النَّاصِيَةِ وَالخُفَّيْنِ» «پەیامبەری خوا ﷺ سەر

---

(١) واتە: ئەم بۆچونە پێی وایە لە دەست نوێژ شکاندنەوە حساب دەکرێت. وەرگێڕ

مێزەرەکەی وپێشە سەری وخوفەکانی مەسح کرد»[1]. ولە بەر فەرمودەی: «پەیامبەری خوا ﷺ مەسحی کرد لە سەر خوفەکانی ومێزەرەکەی»[2]. مەسح کردنیش لە سەری کاتێکی دیاری کراوی نیە وبەڵام ئەگەر ئیحتیاط بکات ومەسحی نەکات مەگەر بە دەست نوێژەوە لە سەری کردبێت ولەو ماوە دیاری کراوە بێت کە بۆ مەسح لە سەر خوف باس کرا، ئەوە چاکترە.

سەرپۆشی ئافرەتانیش، ئەوەی کە سەری پێ دادەپۆشێت، باشترە مەسحی لە سەر نەکات مەگەر: قورسیەك هەبێت لە داکەندنی، یا، بە هۆی نەخۆشیەك لە سەری وهاوشێوەی ئەمانە، ئەگەریش سەری گرتبوە خەنە وهاوشێوەکانی، ئەوە دروستە مەسحی لە سەر بکات، چونکە پەیامبەری خوا ﷺکردویەتی، وبە گشتیش پاك کردنەوەی سەر هەندێك کار ئاسانی وبار سوکی تێدا کراوە بۆ ئەم ئومەتە.

(١) أخرجه مسلم (٢٧٤).
(٢) أخرجه مسلم (٢٧٥).

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی خۆ شۆردن (الغُسْل)ـەوە

ئەمەش لە چەند پرسێك پێك هاتوە:

پرسی یەکەم: واتای غوسل، وحوکمەکەی، وبەڵگەکانی:

١. **واتاکەی**: «الغُسل» لە زمانەوانی دا: چاوگی «غَسَلَ الشيءَ يَغْسِل غسْلًا وغُسْلًا»ە، کە بریتیە لە شۆردنی تەواوی لاشە.

واتاکەیشی لە شەرع دا: ئەوەیە ئاو بکەیت بە هەمو لاشەدا، یا: بە کار هێنانی ئاوێکی پاکە بۆ هەمو لاشە، بە شێوازێکی دیاری کراو، وەکو پەرستشی خوا ﷻ.

٢. **حوکمەکەی**: غوسل پێویستە، ئەگەر پێویست کەرەکەی بە دی هات، لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ [المائدة:٦] «وئەگەر لەشتان گران بو، ئەوا خۆتان بشۆن»، وئەو فەرمودانەی چۆنیەتی غوسلی تێدا هاتوە لە چەندەها هاودڵەوە، لە پەیامبەرەوە ﷺ بەڵگەن لە سەر واجبێتی غوسل، هەندێکیشی بەم نزیکانە دێت -إن شاء الله تعالى-.

٣. **ئەو شتانەی غوسل واجب دەکەن**: لە بەر هەر یەك لەم هۆکارانەی خوارەوە واجب دەبێ:

أ. **دەرچونی تۆوی پیار لە شوێنی خۆیەوە**: مەرجیشە پشقە بکات، وبە چێژەوە بێت، لە نێر یا لە مێ، لە بەر ئایەتی: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ [المائدة:٦]، ولە بەر

فەرمایشـتەکەی پەیامبـەر ﷺ بـۆ عـەلی ﷺ: «إذا فَضَخْتَ الماء فاغْتَسِلْ»[١]. واتە: «ئەگەر ئاوت پشقەی کرد، ئەوا غوسل بکە»، بە مەرجێك نە خەوتبێت وەساو شێوەکانی، ئەوسا چێژ نابێتە مەرج، چونکە خەوتو لەوانەیە هەستی پێ نەکات، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کە پرسیاری لێ کرا: ئایا ئافرەت غوسلی لـە سـەرە ئەگەر لەش گران بو، فەرموی: «نَعَمْ إِذَا رَأَتِ الماءَ» «بەڵێ، ئەگەر ئاوی بـینی»[٢]. هەمو ئەمانەش کۆ دەنگی لە سەرە.

ب. **سەری عەورەت هەر هەموی، یا ئەندازەکەی بچێت بە دامێندا**، بە بێ بەر بەست، با ئاویش نەیەتەوە، لە بەر فەرمودەی: «إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأربع، وَمَسَّ الخِتَانُ الخِتَانَ، وجبَ الغُسلُ» «ئەگەر لە بەینی چوار پەلی دانیشت وخەتەنە کـراو بەر خەتەنە کراو کەوت، ئەوە غوسل واجب بـوە»[٣]، بـەڵام لـەم حاڵەتـەدا غوسـل واجب نابێت مەگەر کورێك تەمەنی دە ساڵان وبەرەو سەرەوە بێت، وکچێك نۆ سـاڵ وبەرەو سەرەوە بێت.

ج. **موسڵمان بونی کافر ئەگەر هەڵ گەراوەش بێت**، چونکە: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَمَرَ قَيْسَ بْنَ عَاصِمٍ حِينَ أَسْلَمَ أَن يَغْتَسِلَ» «کاتێـك قەیسـی کـوری عاصـم ﷺ موسڵمان بو، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کرد غوسل بکات»[٤].

د. **نەمانی خوێنی سوری مانگانە وزەیستانی**: لـە بـەر فەرمودەکـەی عائیشـە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ بە فاتمەی کچی ئەبی حوبەیشـی ﷺ فـەرمو: «إِذَا

(١) أخرجه أبو داود (٢٠٦)، وصححه الألباني (الإرواء ١٢٥).
(٢) أخرجه مسلم (٣١٣).
(٣) أخرجه مسلم (٣٤٩).
(٤) أخرجه أبو داود (٣٥٥)، والنسائي (١٠٩/١)، والترمذي (٦٠٥) وحسنه، وصححه الألباني «الإرواء» (١٦٣/١-١٦٤).

أقبلتْ حَيْضتُكِ فَدَعِي الصَّلاةَ، وإذا أدبرتْ فاغْسِلي عنْكِ الدَّمَ ثُمَّ صلِّي»، «ئەگەر سوری مانگانە هات، واز لە نوێژ بهێنە، ئەگەریش تەواو بو ئەوا خۆت بشۆ ونوێژ بکە»[1].

زەیستانیش وەکو سوری مانگانە وایە بە کۆ دەنگی.

ھ. مردن: لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ -کە زەینەبی کچی وەفاتی کرد بو-: «بیشۆن»[2]. هەروەها لە بارەی ئەو کەسەی لە ئیحرامدا مرد، فەرموی: «اِغْسِلُوه بِمَاءٍ وَسِدْرٍ» «بیشۆن بە ئاو ونەبك»[3]، ئەمەش وەکو عیبادەت دەکرێت، چونکە ئەگەر بە هۆی حەدەسەوە ببوایە، حەدەسەکە لا نەدەچو لە کاتێکدا هۆکارەکەشی هێشتا ماوە[4].

پرسی دوەم: لە بارەی شێوازی غوسل دەرکردن وچۆنیەتیەکەی:

دەرکردنی غوسلی لەش گرانی دوو شێوازی هەیە: شێوازێکی لە سەر کەوتن[5]، وشێوازێکی تەواوەتی[6].

شێوازی لە سەر کەوتن بەوە ئەبێت: بە نیەتەوە، ئاو بکات بە هەمو لاشەیدا، لە بەر فەرمودەکەی مەیونە ﵂ ئەڵێ: «وَضَعْتُ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ غُسْلًا وَسَتَرْتُهُ،

---

(١) أخرجه البخاري (٣٢٠)، ومسلم (٣٣٣).

(٢) متفق عليه، أخرجه البخاري (١٢٥٣)، ومسلم (٩٣٩).

(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٢٦٦) كتاب الجنائز، ومسلم (١٢٠٦).

(٤) [واتە: بە هۆی مردنەوە، ئەوا ئەو زیندو نەبۆتەوە وهۆکارەکە لا نەچوە، تا حەدەسەکەی دەر بکەین بە غوسل. وەك ئافرەت لە حەیزدا بێت ناکرێت هێشتا خوێنی لێ بچۆڕێت، کەچی بروات غوسل بکات].

(٥) [بۆ واتای لە سەر کەوتن (الإجزاء) بڕوانە: دەروازەی پێنجەم، پرسی چوارەم: فەرزەکانی دەست نوێژ].

(٦) چۆنێتی غوسلی لە سەر کەوتنیش: ئەو غوسلەیە کە لە تەنها واجبەکان پێك هاتوە. چۆنێتی تەواوەتی وسوننەتیش: بریتیە لەوەی واجب وسوننەتەکانی لە خۆ گرتوە.

فَصَبَّ عَلَى يَدِهِ، فَغَسَلَهَا مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ -قَالَ: سُلَيْمَانُ لاَ أَدْرِي، أَذَكَرَ الثَّالِثَةَ أَمْ لاَ؟- ثُمَّ أَفْرَغَ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ، فَغَسَلَ فَرْجَهُ، ثُمَّ دَلَكَ يَدَهُ بِالأَرْضِ أَوْ بِالحَائِطِ، ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ، وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ، وَغَسَلَ رَأْسَهُ، ثُمَّ صَبَّ عَلَى جَسَدِهِ، ثُمَّ تَنَحَّى فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ، فَنَاوَلْتُهُ خِرْقَةً، فَقَالَ بِيَدِهِ هَكَذَا، وَلَمْ يُرِدْهَا»[١].

«ئاوی غوسلم بۆ پەیامبەری خوا ﷺ دانا، ودام پۆشی، ئاوی کرد بە سەر دەستیدا وجارێك یا دو جار شۆردی، -سولەیمان ئەڵێ: نازانم باسی سێ جاریشی کرد یا نا- پاشان بە دەستە ڕاستی ئاوی کرد بە سەر دەستە چەپی دا وسێ جار عەوورەتی خۆی شۆرد، پاشان دەستی ساوی بە زەوی یا بە دیوارەکەدا، پاشان ئاوی دا بە دەم ولوتیدا وددەم وچاو ودەست وسەری شۆرد، وپاشان ئاوی کرد بە سەر هەمو جەستەیدا، پاشان ڕۆیشتە ئەولاتردود وقاچەکانی شۆرد، منیش خاولیەکم بۆ برد، بە دەستی ئاوەهای کرد ونەیویست». بە هەمان شێوە فەرمودەکەی عائیشە ﵂ کە تێیدا هاتوە: «پاشان ددست ئەکاتە ناو قژی تا ئەزانێ ئاو گەیشتۆتە بنی قژی، ئەوسا سێ جار ئاو دەکات بە سەری دا، پاشان هەمو لاشەی شۆرد»[٢].

شێوازی تەواودتیش ئەوەیە: هەر دو دەستی، وعەوورەتی، لەگەڵ شتێك پێوەی بێت بشوات، پاشان دەست نوێژ ودك هی نوێژ دەگرێت، پاشان بە ئاو دەست دەخاتە ناو قژی هەتا بنی، وهەست ددکات ئاو گەیشتۆتە بنەوە، پاشان سێ جار ئاو ددکات بە سەری دا، پاشان ئاو دەکات بە هەمو لاشەیدا، ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂ کە بوخاری وموسلیم گێڕاویانەتەوە.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٢٦)، ومسلم (٣١٧).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٤٨)، ومسلم (٣١٦).

واجبیش نیە لە سەر ئافرەت پەلکەکانی قژی بکاتەوە لـە کـاتی غوسـلی لـەش گرانی دا، بەڵام بۆ غوسلی سوڕی مانگانە واجبە، لە بەر فەرمودەکەی ئوم سـەلەمە ﵂، ئەڵێ: وتم: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ! من ئافرەتێکم قژم دەکەمە پەلك، ئایا بـۆ غوسلی لەش گرانی بیکەمەوە؟ فـەرموی: «لَا، إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِي عَلَى رَأْسِكِ ثَلَاثَ حَثَيَاتٍ، ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ» ((نا، بەستە سێ جار ئـاو بکـەی بە سەر سەرت دا، پاشان ئاو دەکەی بە خۆت دا وپاك دەبیتەوە))[1].

پرسی سێیەم: ئەو کەسەی غوسلی لە سەر واجبە، چی حوکمێکی لیٚ دەبێتەوە؟

ئەو کەسەی غوسلی لە سەر واجب ئەبێت، هەنـدێك حـوکمی لـیٚ دەکەوێتـەوە، دەکریٚ لەمانەی خوارەوە گرد بکرێتەوە:

١. دروست نیە بۆی لە مزگەوت بمێنیتەوە مەگەر پێیدا تیٚ پـەڕِ بێـت، لـە بـەر ئایەتی: ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ﴾ [النساء:٤٣] ((ونزیکی مزگەوت مەبنـەوە لـە کـاتی لەش گرانی دا مەگەر تیٚ پەڕ بن پێی دا))، ئەگەریش دەست نوێـژی گـرت دروسـتە بۆی بمێنێتەوە لە مزگەوت، چونکە ئەمە چەسپاوە لە کۆمـەڵێك لـە هاوەڵانـەوە لـە سەردەمی پەیامبەردا ﷺ، هەروەها دەست نوێژ حەددس سوك دەکاتـەوە، ودەسـت نوێژیش یەکێکە لە دو پاکیەکە.

٢. دروست نیە بۆی دەست بدات بە قورئانەوە، لە بەر فەرمایشتەکەی خـوا ﷻ: ﴿لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ﴾ [الواقعة:٧٩]. هەروەها لە بەر فەرمودەی [پێشـتر]: ((کـەس دەست بە قورئانەوە نادات مەگەر پاك)).

(١) أخرجه مسلم (٣٣٠).

٣. دروست نیە بۆی قورئان بخوێنێت، جا لەش گران نابێت هیچ قورئـان بخوێنێت تا خۆی دەشوات، لە بەر فەرمودەکەی عـەلی ﷺ ئـەڵێ: «کان ﷺ لا یمنعه من قراءة القرآن شيء إلا الجنابة» «پەیامبەر ﷺ هیچ ڕێگری قورئـان خوێنـدنی لـێ نەدەکرد مەگەر لەش گرانی»(١). کە ڕێ گریشی لێ دەکرێت هاندانێکە بۆی تا پەلـە بکا لە غوسل دەر کردن، وڕێ گر لە خوێندن زو لا بدات.

لەو شتانەی تر حەرامە لە سەری:

٤. نوێژ کردن.

٥. تەواف کردن بە دەوری کەعبـەدا. وەك پێشـتر بـاس کـرا لـە پرسـی: «ئـەو شتانەی پێویستە دەست نوێژی بۆ بگیرێت»، لە دەروازەی پێنجەم.

پرسی چوارەم: ئەو غوسلانەی سوننەتن:

پێشتر باسی غوسلە واجبەکانمان کرد، غوسلە سوننەتەکانیش ئەمانەن:

١. خۆشۆردنەوە بۆ هەمو جوت بونێك: لـە بـەر فەرمودەکـەی ئـەبو ڕافـع ﷺ: پەیامبەری خوا ﷺ شەوێکیان غوسلی دەکرد لە لای ئەمەکەیان ولە لای ئەوەکـەی تریشیان، وتم: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ بۆ یەك جار خۆت ناشۆیت؟ فەرموی: «هذا أَزْكَى، وَأَطْيَبُ، وأَطْهَرُ» «ئەمە پاك ترە وچاك ترە وخاوێن ترە»(٢).

---

(١) أخرجه أحمد (١٠١٤)، وابن ماجه (٥٩٤)، والترمذي (١٤٦)، قال الترمذي: «حسن صحيح». وصححه الحاكم «المستدرك» (١٠٧/٤). ونقل الحافظ تصحيحه عن: ابن السكن، وعبد الحق، والبغوي. وأن شعبة حسّنه. «التلخيص الحبير» (١٣٩/١).

(٢) أخرجه أبو داود (٢١٦)، وابن ماجه (٥٩٠)، وحسّنه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٤٨٦).

٢. غوسل بـۆ هـەینی: لەبـەر فەرمایشـەکەی پەیامبـەری خـوا ﷺ : «إذا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيَغْتَسِلْ»، «ئەگـەر کەسـێکتان هـات بـۆ جومعـە، بـا خـۆی بشوات»[١]، ئەمەش لە هەمو غوسلەکان زیاتر سوننەترە.

٣. غوسل بۆ هەر دو جەژنەکە.

٤. غوسل لە کاتی ئیحرام بەستن بـۆ عـومرە یـا حـەج: چـونکە پەیامبـەر ﷺ کاتێك ئیحرامی بەست خۆی شۆرد.

٥. غوسل بۆ مردو شۆر: لە بەر فەرمودەکـەی پەیامبـەر ﷺ: «من غَسَلَ ميتًا فلْيغتسل» «هەر کەس مردویەکی شۆرد با خۆی بشوات»[٢].

---

(١) أخرجه البخاري (٨٧٧).
(٢) أخرجه ابن ماجه (١٤٦٣)، وصححه الألباني (الإرواء ١٤٤).

دەروازەی هەشتەم

لە بارەی تەیەمموم (التَّيمُّم)

«التَّيَمُّم» لە زمانەوانی دا: مەبەستە، لە شەرعیش دا: بریتیە لە سڕینی دەم وچاو ودەست بە خۆڵی پاك، بە شێوەیەكی دیاری كراو، وەك پەرستش بۆ خوا.

چەند پرسێكیشی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: حوکمی تەیەموم وبەڵگەکەی:

تەیەموم شەرعییە، وڕوخسەتێكی خواییە بۆ بەندەكانی، یەكێكیشە لە جوانیەكانی ئەم شەریعەتە، وتایبەتمەندیەكانی ئەم ئومەتە، لە بەر ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ مَا يُرِيدُ اللهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ وَلَكِنْ يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [المائدة: ٦]. [پێشتر ڕاڤەمان كرد]، هەروەها لە بەر فەرمایشتەكەی پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێت: «إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ، فَإِذَا وَجَدَ الْمَاءَ فَلْيُمِسَّهُ بَشَرَتَهُ، فَإِنَّ ذَلِكَ خَيْرٌ» «خۆڵی پاكی ڕوی زەوی، ئاوی دەست نوێژە بۆ موسڵمان، ئەگەر بۆ ماوەی دەساڵیش ئاوی دەست نەكەوێت، كە دەستی كەوت با بیدات بە پێستەی خۆی دا، ئەوە باشترە بۆی»[1]، ولە بەر فەرمایشتی پەیامبەر

(١) أخرجه أبو داود (٣٢٩) [بل (٣٣٢، ٣٣٣)]، والترمذي (١٢٤) [هذا لفظه]، وصححه الألباني «الإرواء» (١٥٣).

ﷺ کە ئەفەرموێت: «جُعلَتْ لي الأرْضُ مسْجدًا وطَهُورًا» «من هەمو زەویم بۆ کراوە بە شوێنی نوێژ وپاك کەرەوە»[١].

وزانایان کۆکن لە سەر دروستێتی تەیەموم ئەگەر مەرجەکانی فەراهەم بو، وکۆکن لە سەر ئەوەی کە جێی دەست نوێژ گرتن بە ئاو دەگرێتەوە، وئەوەی ڕاستە حەدەس ناهێڵێت، وئەوەی بە دەست نوێژ گرتن بە ئاو حەلاڵ ئەبێت بە ئەمیش حەلاڵ ئەبێت، وەك: نوێژ، تەواف، قورئان خویندن، وهتد.

بەمەش دروستێتی تەیەموم کردن چەسپا بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی.

پرسی دوەم: مەرجەکانی تەیەموم وئەو هۆکارانەی کە حەلاڵی دەکەن:

ئەگەر نەتوانرا ئاو بە کار بهێنرێت، ئەوە تەیەموم دروستە، ئیتر بە هۆی نەبونیەوە بێت ، یا ترسی زەرەر پێگەیشتن لە بەکارهێنانی بە هۆی نەخۆشیەکی لاشەوە یا زۆری سەرماوە بێت. بە بەلگەی فەرمودەکەی عیمرانی کوڕی حوصەین ﷺ: «عَلَيْكَ بالصَّعيدِ الطَّيِّبِ فإنَّه يَكْفِيكَ» «خۆڵی پاك بە كار بهێنە، بەستە»[٢].

تەیەمومیش دروست ئەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. **نیەت:** کە بریتیە لە مەبەستی دڵ بۆ حەلاڵ کردنی نوێژ، نیەتیش مەرجە لە هەمو عیبادەتێك دا، جا تەیەمومیش عیبادەتە.

٢. **ئیسلام:** جا لە لایەن کافرەوە بکرێت نابێت، چونکە عیبادەتە.

٣. **ئاوەز (عەقڵ):** جا لە لایەن نا ژیرەوە نابێت، وەك: شێت وبوراو

(١) أخرجه البخاري (٣٣٥).
(٢) أخرجه البخاري (٣٤٤)، ومسلم (٦٨٢).

٤. **جیا کردنەوە**[١]: جا کەسێك نەگەیشتبێتە جیا کردنەوە نابێت، کە بریتیە لە خوار حەوت ساڵان.

٥. نەکرێ ئاو بە کار بهێنرێ: **بە هۆی نەبونیەوە بێت**، وەك خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾ [المائدة:٦]، ولە بەر فەرمودەی [پێشتر]: «خۆڵی پاك ئاوی دەست نوێژی موسڵمانە ئەگەر دە ساڵیش ئاوی دەست نەکەوێت، ئەگەر ئاوی دەست کەوت ئەوا با بەکاری بهێنێت لە لاشەیدا، ئەوە خێر وچاکە». یا **بەهۆی ترسی زیان پێ گەیشتنەوە بێت** لە بەکارهێنانی وەك نەخۆشیەك بترسێ زیاد بکات، یا درەنگ تر چاك ببێتەوە بە هۆی ئاو بە کار هێنان، لە بەر ئایەتی: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى﴾ [النساء:٤٣]، «وئەگەر نەخۆش بون». ولە بەر فەرمودەی کابرای زام دار، تێیدا هاتوە: پەیامبەر ﷺ فەرموی: «قَتَلُوه قَتَلَهم الله، هَلَّا سَأَلُوا إِذَا لَمْ يَعْلَمُوا؛ فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ» «کوشتیان خوا بیان کوژێت! ئەی بۆ پرسیاریان نەکرد کە ئەیان دەزانی، شیفای نەزانین پرسیار کردنە»[٢]. یا بەهۆی زۆری سەرماوە بێت، بترسێت بە هۆی ئاو بەکارهێنانەوە زیانی پێ بگات یا تیا بچێت، لە بەر فەرمودەکەی عەمری کوڕی عاص ﷺ کە نێردراوە بۆ غەزای «ذات السلاسل»، ئەڵێ: «لە شەوێکی زۆر سەرما دا لەش گران بوم، ترسام ئەگەر خۆم بشۆم تیا بچم، بۆیە تەیەمومم کرد وبەر نوێژی بەیانیم بۆ کردن، [کە بۆ پەیامبەرم ﷺ گێڕایەوە پێکەنی وهیچی نەوت]»[٣].

---

(١) بۆ تمییز، بڕوانە: دەروازەی پێنجەم، پرسی سێیەم: لە بارەی مەرجەکانی دەست نوێژەوە. «وەرگێڕ»

(٢) أخرجه أبو داود (٣٣٧)، وابن ماجه (٥٧٢)، وصححه الشيخ أحمد شاكر «حواشي المسند» (٥/٢٢-٢٣)، وحسّنه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٤٦٤).

(٣) أخرجه أحمد (٤/٢٠٣)، وأبو داود (٣٣٤)، والدارقطني، وصححه الألباني (الإرواء ١٥٤).

٦. ئەبێت تەیەمرم بە خۆڵێکی پاك بێت ونابێت پیس بێت -وەك خۆڵێك میزی بەر کەوتبێت وپاك نەبو بێتەوە-، وتۆزیشی هەبێت وبنوسێت بە دەستەوە، ئەگەر دەستی کەوت، لە بەر فەرمایشتی: ﴿فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ﴾ [المائدة:٦]. «بە خۆڵێکی پاکی ڕوی زەوی تەیەموم بکەن ودەم وچاو ودەستانی پێ بسڕن»، وئیبن عەبباس ئەڵێ: «"الصَّعِيد" خۆڵی کێڵگەیە، "الطَّيِّب"یش: یانی پاك». ئەگەریش خۆڵی دەست نەکەوت، تەیەموم ئەکات بەوەی دەستی ئەکەوێت لە لم وبەرد، لە بەر فەرمایشتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [التغابن:١٦] «بە پێی توانا لە خوا بترسن وپارێزی لێ بکەن»، ئەوزاعی ئەڵێت: لم لە «صَعِيد»ە.

پرسی سێیەم: بەتاڵکەرەوەکانی تەیەموم:

ئەو شتانەیە تەیەمومم هەڵ دەوەشێننەوە، پوچەڵ کەرەوەکانیشی سیانن:

١. تەیەموم دەشکێت بە حەدەسی بچوك کە شکێنەری دەست نوێژن، وبە هۆی حەدەسی گەورەشەوە کە پێویست کەرەکانی غوسڵن، وەك لەش گرانی وسوڕی مانگانە وزەیستانی، جا ئەگەر تەیەمومی کرد بە هۆی حەدەسی بچوکەوە، پاشان میزی کرد یا پیسی کرد ئەوە تەیەمومەکەی هەڵ دەوەشێتەوە، چونکە تەیەموم جێ گرەوەی دەست نوێژە، جێگرەوەش حوکمی ئەو شتەی هەیە جێگەی گرتۆتەوە. بەهەمان شێوە تەیەموم کردن بە هۆی حەدەسی گەورەوە.

٢. بونی ئاو، ئەمە ئەگەر تەیەموم کردنەکە بە هۆی نەبونی ئاوەوە بو، لە بەر فەرمودەی: «ئەگەر ئاوت دەست کەوت بیدە لە پێستت» پێشتریش باس کرا.

٣. نەمانی ئەو بیانوەی بە هۆیەوە ڕێگە بە تەیەموم دراوە وەك نەخۆشی وهاوشێوەکانی.

پرسی چوارەم: شێوازی تەیەموم کردن:

چۆنێتیەکەی ئەوەیە: نیەتی هەبێت، پاشان «بسم الله» دەکات، وەهەر دوو دەستی دەدات بە سەر زەوی دا یەك جار، پاشان فوی پێ دا دەکات یا دەیتەکێنێت، پاشان دەم وچاو وهەر دو دەستی پێ دەسڕێت تا مەچەکەکانی، مەچەکیش بریتیە لەو جومگەیەی نێوان باسك ولەپ. ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی عەمار ﷺ، کە تێیدا هاتوە: «التَّيَمُّمُ ضَرْبَةٌ لِلْوَجه والكَفَّين» «تەیەموم لێ دانێکە بۆ دەم وچاو وهەر دو لەپ»[1]، ولەبەر فەرمودەیەکی تری کە پەیامبەر ﷺ پێی فەرموە: «إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَع هَكذا» «ئاوات بکردایە بەست بو»[2]، پاشان لەپەکانی دا بە زەوی دا وتەکاندی وپاشان بە دەستی چەپی بان دەستی ڕاستی سڕی، یا بە دەستی ڕاستی سەر لەپی چەپی سڕی، پاشان مەسحی دەم وچاوی پێ کرد.

---

(١) أخرجه أحمد (٢٦٣/٤)، وأبو داود (٣٢٧)، وصححه الألباني (الإرواء ١٦١).
(٢) أخرجه البخاري (٣٤٧)، ومسلم (٣٦٨) واللفظ للبخاري.

دەروازەی نۆیەم

لە بارەی پیسیەکان وچۆنێتی پاك کردنەوەی

لە چەند پرسێك پێك هاتوە:

مەسەلەی یەکەم: پێناسەی پیسی ودو جۆرەکەی:

پیسی: بریتیە لە هەمو شتێکی قیزەون کە شەرع فەرمانی لیٚ دور کەوتنەوەی کرد بێت.

ئەمەش دو جۆرە:

١. **خودی خۆی پیسە** «پیسی حەقیقی»: ئەو جۆرەیە کە بە هیچ شێوەیەك پاك نابێتەوە، چونکە خودی خۆی پیسە، وەك تەرسەی کەر، وخوێن، ومیز.

٢. **حوکمەکەی پیسە** «پیسی حوکمی»: ئەم جۆرە ئیعتباریە وبە سەر ئەندامەکان دا دێت، ورێگرە لە دروستی نوێژ، وحەدەسی بچوك دەگرێتەوە کە بە دەست نوێژ لا دەچێت، وەك دەست بە ئاو گەیاندن، وحەدەسی گەورەش دەگرێتەوە کە بە غوسل لا دەچێت، وەك لەش گرانی.

لە بنەڕەتیشدا ئەو شتەی پیسی پیٚ پاك دەکرێتەوە ئاوە، ئەوە بنچینە ونەسڵە لە پاك کردنەوە، لە بەر فەرمایشتی: ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ﴾ [الأنفال:١١] «وئاوێکتان لە هەورەکانەوە بۆ دا دەبارێنێت بۆ ئەوەی خۆتانی پیٚ پاك بکەنەوە».

پیسیش ئەبێتە سیٚ بەشەوە:

پیسیەکی قورس (سەخت): کە بریتیە لە پیسی سەگ وئەوەشی لێی دەبێت.

پیسیەکی سوك: وەك خوێن ومەزی وچڵك وکێم وزوخاو ومیزی منداڵێك خواردن ناخوات[1].

پیسی مام ناوەند: بریتیە لە پیسیەکانی تر، وەك: میز وپاشەڕۆ ومرداردوە بو.

پرسی دووەم: ئەو شتانەی بەڵگە هەیە لە سەر پیسیەکەی:

١. میزی ئادەمیزاد وپاشەڕۆی وڕشانەوەی: تەنها میزی منداڵ نەبێت کە خواردن نەخوات ئەوە تەنها ئاو پرژێن دەکرێت، لە بەر فەرمودەکەی ئوم قەیسی کچی میحصەن ﷺ «منداڵێکی بچوکی -کە هێشتا خواردنی نەدەخوارد- هێنایە خزمەتی پەیامبەری خوا ﷺ، ئەویش لە کۆشی خۆی داینا، ومنداڵەکە میزی کرد بە جل وبەرگەکەیدا، ئەویش داوای ئاوی کرد وشوێنەکەی ئاو پرژێن کرد ونەیشۆرد »[2]. سەبارەت بە میزی منداڵێك خواردن بخوات یا کیژۆڵە، ئەوە وەك میزی گەورد وایە، دەبێت بشۆردرێت.

٢. خوێنی ڕژاو لە ئاژەڵێکی گۆشت خوراودوە، بەڵام ئەو خوێنەی کە لە گۆشت ودەمارەکاندا دەمێنێتەوە ئەوە پاکە، لە بەر ئایەتی: ﴿أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا﴾ [الأنعام:١٤٥]، «یا خوێنێکی چۆڕاو» کە ئەو خوێنەیە بڕژێت وبچۆڕێت[3].

٣. میز وپاشەڕۆی هەمو ئاژەڵێك گوشتی نەخورێت، وەك پشیلە ومشك.

---

(١) یانی: بە سەر بەخۆیی خۆراکی لە سەر خوارەمەنیەکان نیە، وبێ نیازی نەکردوە بە شیر خواردن. بڕوانە: «الفتح» (١/٣٢٦).

(٢) أخرجه البخاري (٢٢٣). و«نضحه»: ئاو ڕەشەی کرد وئاوی کرد بە سەریدا.

(٣) بۆ ئەوەی خوێنەکانی تری وەك جگەر وهاوشێوەکانی نەگرێتەوە. «وەرگێر»

٤. مردارەوە بو: ئەو ئاژەڵەیە مردار بو بێتەوە بە بێ ئەوەی بە شێوازێکی شەرعی سەر بڕدرا بێت، ئەمەش لە بەر فەرمایشتەکەی پەروەردگار: ﴿إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً﴾ [الأنعام ١٤٥] ((مەگەر مردارەوە بو، ئەوە حەرامە))، بەڵام ماسی وکولەی مردارەوە بو، وهەر شتێکی تر خوێنی لێ نەیەت= ناگرێتەوە، وپاکە.

٥. مەزی: بریتیە لە ئاوێکی ڕەنگ ئاوی تەنکی لینج، لە کاتی دەست بازی یا بیر کردنەوە لە جوت بون دەر دەچێت، بێ شەهوەت، وبێ فشقەکردن، وسارد بونەوەی بە دوا دا نایەت، لەوانەشە هەست بە دەرچونی هەر نەکات، ئەمەش پیسە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بە عەلی کوڕی ئەبو تالب ﷺ: «تَوَضَّأْ، واغْسِلْ ذَكَرَكَ» ((دەست نویژ بگرە وعورەتت بشۆ))[1]. یانی: بەهۆی مەزیەوە، فەرمانیشی پێ نەکرد بە غوسل کردن، وەك سوك کردنەوە ولا بردنی ناڕەحەتی، چونکە خۆ لێ پاراستنی قورسە.

٦. وەدی (الْوَدْي): ئاوێکی سپی خەستە، دوای میز کردن دەر دەچێت، هەر کەسیش بەری بکەوێت، عەورەتی دەشوات ودەست نویژ دەگرێت وغوسڵ ناکات.

٧. خوێنی سوری مانگانە: وەك لە فەرمودەکەی ئەسمائی کچی ئەبو بەکر دا ﷺ هاتوە، ئەڵێ[2]: «ئافرەتێك هات بۆ لای پەیامبەر ﷺ وتی: هی وامان هەیە خوێنی عادە بەر جل وبەرگەکەی دەکەوێت، چی بکا؟ فەرموی: «تَحُتُّهُ، ثم

---

(١) أخرجه البخاري (٢٦٩).

(٢) أخرجه البخاري (٢٢٧)، ومسلم (٢٩١) واللفظ لمسلم.

تَقْرُصُهُ[١] بالماء، ثم تَنْضَحُه، ثم تُصَلي فيه» «با بە شتێك بیودرێنێت، وبە ئاو بیدات بە لەپ دا، وئاو بكات بە سەری دا، وئینجا نوێژی پێوە دەكات».

٨. خوێنی زۆر كە لە ڕێگەی لوت (الرعاف) وهتد لە مرۆڤ دێتە دەرەوە[٢].

مەسەلەی سێیەم: چۆنێتی پاك كردنەوەی پیسی:

١. ئەگەر پیسیەكە لە زەوی دا بو: ئەوە جارێك شۆردن بەسە بۆ پاك كردنەوەی، ئەگەر خودی پیسیەكە لا بدات، جا یەك جار ئاوی بە سەردا دەكات، لە بەر ئەوەی كە كابرای دەشتەكی لە ناو مزگەوت دا میزی كرد، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی كرد، ئاو بكرێت بە سەر میزەكەی دا[٣].

٢. ئەگەریش پیسیەكە لە زەوی دا نەبو: وەك ئەوەی لە جل وبەرگ یا لە قاپێك دا بو، جا ئەگەر بە هۆی سەگەوە بو دەمی خستبوە ناو قاپەكە، ئەوە دەبێت حەوت جار بشۆردرێت، یەكەمیان بە خوڵ، لە بەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ، أُولَاهُنَّ بِالتُّرَابِ» «پاك بونەوەی دەفری كەسێكتان ئەگەر سەگ دەمی تێخست، بەوەیە: حەوت جار بیشوات ویەكەم جاریشی بە خۆڵ»[٤]، ئەم حوكمەش گشتیە، دەفر وهی تریش دەگرێتەوە وەك: كەل وپەل وفەرش.

---

(١) «تحتُه»: ئەیكرێنی بە بەردێك یان دارێك، و«تقرصه»: بە توندی ئەیدەیت بە لەپدا بە پەنجە ونینۆكەكان، وئاویش دەكات بە سەریدا تا خۆی وشوێنەوارەكەشی نامێنێت.

(٢) وا دەر دەكەوێت ڕای ڕاستتر ئەوە بێت ئەمە دەست نوێژ بەتاڵ ناكاتەوە. وەرگێر.

(٣) أخرجه البخاري (٢٢٠)، ومسلم (٢٨٤).

(٤) أخرجه مسلم (٢٧٩).

سەباردت بە پیسی بەرازیش: ئەوەی سەحیحە ودك سەرجەم پیسـیەکانی تـر وایـە، یەك جار شۆردنی بەسە، خودی پیسیەکە لا بدات، مەرج نیە حەوت جار بشۆردرێت.

ئەگەریش پیسیەکە میز وپاشەڕۆ وخوێن وهاوشێوەکانیان بـوو: ئـەوە بـە ئـاو دەشۆردرێت لەگەڵ دانە لەپ وگوشاردنی تا هیچی نامێنێت وئاسەوارەکەی دەڕوات، ویەك جاریش بەسە بۆ شۆردنی.

بۆ میزی منداڵیش کە خواردنی نەخواردبێت، ئاو پیێ دا پرژانـدنی بەسـە، لەبـەر فەرمودەکەی پەیامبـەر ﷺ: «يُغْسَلُ مِن بَولِ الجَارِيةِ، وَيُنْضَحُ مِن بَولِ الغُلامِ» «میزی کیژۆڵە دەشۆردرێت، هی کـوڕیش ئـاو پـرژێن دەکرێـت»[1]. وهـەروەها بـە بەڵگەی حەدیسەکەی ئوم قەیسی کچی میحصەنی پێشو رضي الله عنها.

سەباردت بە پێستەی مردارەوەبوی گۆشـت خـوراو: ئـەوە بـە خۆشـەکردنی پـاك دەبێتەوە، لە بەر فەرمودەی پێشـتر: «هـەر پێسـتەیەك خۆشـە بکرێـت ئـەوە پـاك دەبێتەوە»[2].

خوێنی حەیزیش لە قەد جل بەرگ بە ئاو دەشۆردرێت، وپاشان ئەیدات بـە لـەپ دا، ونوێژی پێوە دەکات.

جا پێویستە لە سەر مسوڵمان بایەخ بە پاك وخاوێنی بدات لە پیسیەکان، لە لاشەی بێت یا شوێنەکەی یا ئەو جلەی نوێژی پێوە دەکات، چونکە پاکی مەرجە بۆ دروستێتی نوێژ.

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٧٦) والنسائي (٣٠٢) وابن ماجه (٥٢٦) وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٢٩٣).
(٢) رواه النسائي (٤٢٥٢)، والترمذي (١٧٢٨)، وابن ماجه (٣٦٠٩)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٧٩/١)، وأخرجه مسلم (٣٦٦) بلفظ: «إذا دبغ الإهاب فقد طهر».

دەروازەی دەیەم

لە بارەی سوڕی مانگانە وزەیستانییەوە (الحَيْضُ والنِّفَاس)

«الحَيض» لە زمانەوانی دا: بریتییە لە چۆڕان، ولە شەرعیش دا: خوێنێکی ناسایی وسروشتیە، لە بن منداڵ دانەوە دەر دەچێت لە کاتێکی دیاری کراو دا، لە حاڵەتی تەندروستی ئافرەتدا، بە بێ هۆکاری منداڵ بون.

«النفاس= زەیستانی»ش: خوێنێکە لە ئافرەت دێتە دەرەوە لە کاتی منداڵ بوندا.

ئەم باسەش چەند پرسێك لە خۆ دەگرێت:

پرسی یەکەم: سەرەتای کاتی سوڕی مانگانە وکۆتاییەکەی:

سوڕی مانگانە ڕو نادات پێش نۆ ساڵان، چونکە هەرگیز لە بون دا نە سەلمێنراوە ئافرەتێك پێش ئەوە توشی هاتبێت، ولە عائیشەوە ﵂ دەگێڕنەوە، ئەڵێ: «ئەگەر کیژۆڵە گەیشتە نۆ ساڵان ئەوە ئیتر ئافرەتە»[١].

هەروەها لە دوای پەنجا ساڵیشەوە لە سەر ڕای دروست زۆر جار سوڕی مانگانە ڕو نادات، هەر لە عائیشەوە ﵂ دەگێڕنەوە، ئەڵێ: «ئەگەر ئافرەت گەیشتە پەنجا ساڵ لە سنوری سوڕی مانگانە دەردەچێت»[٢].

پرسی دودەم: لای کەم ولای ئەو پەڕی سوڕی مانگانە:

ئەوەی صەحیحە: لای کەمەکەی دیاری نیە، هەروەها لای زۆرەکەشی، بەڵکو لەم پرسەدا کەڕانەوە بۆ عورف وداب ونەریتە.

(١) ذكره الترمذي (٤١٨/٣)، والبيهقي في السنن الكبرى (٣٢٠/١) بدون إسناد.
(٢) «المغني» (٤٠٦/١).

پرسی سێیەم: زۆر جار ماوەی سوڕی مانگانە چەندە؟

سوڕی مانگانە زۆر جار شەش یا حەوت ڕۆژە، لە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ حەمنەی کچی جەحش ﷺ، ئەڵێ: «فتحَيَّضي[1] ستَّةَ أيامٍ أوْ سبْعةَ أيامٍ -في عِلْمِ اللهِ تَعالَى ذِكْرُهُ[2]-، ثُمَّ اغْتَسِلِي، [...] فصلِّي ثلاثًا وَعِشْرِين لَيْلَةً، أَوْ أَرْبعًا وعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأيَّامَهَا، [...] وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي كُلَّ شَهْرٍ كَمَا يَحِضْنَ النِّساءُ، وكما يَطْهُرْنَ مِيقَاتَ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ» «شەش یا حەوت ڕۆژ -کە خوا ئەزانێت- حیساب بکە بۆ سوڕی مانگانە، پاشان غوسل بکە، وبۆ ماوەی بیست وچوار یا بیست وسێ ڕۆژ نوێژ بکە، ئیتر ماوەی عادە وپاك بونەوەکەت بژمێرە، وەك عادەتی باقی ئافرەتان کە دەکەونە عادەوە وپاك دەبنەوە»[3].

پرسی چوارەم: ئەو شتانەی بە سوڕی مانگانە وزەیستانی حەرام دەبن:

بە هۆی سوڕی مانگانە وزەیستانیەوە چەند شتێك حەرام دەبێت:

١. جوت بون لە منداڵدانەوە: لە بەر فەرمایشتی: ﴿فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ﴾ [البقرة:٢٢٢] «لە ئافرەتان دور بکەونەوە لە کاتی سوڕی مانگانەدا ونزیکیان مەکەونەوە بۆ جوتبون تا تەواو پاك دەبنەوە». کە

---

(١) [يقال: تحيضت المرأة، أي: قعدت أيام حيضها عن الصلاة والصوم، أي: اجعلي نفسك حائضة وافعلي ما تفعل الحائض].

(٢) [أي: في علم الله من أمرك من الست أو السبع، فهذا هذا شيء بينك وبين الله، وقيل: حكم الله تعالى، أي: بما أمرتك فهو حكم الله تعالى].

(٣) أخرجه أبو داود (٢٨٧)، والترمذي (١٢٨) [هذا لفظه] وقال: «حسن صحيح». وحسنه الألباني في «صحيح الترمذي» (١١٠).

داشبەزی پەیامبەری خـوا ﷺ فـەرموی: «اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ» «هـەمو شتێك بكەن تەنها جوت بون نەبێت»[1].

٢. طــــەلاق: لــە بــەر ئایــەتی: ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ [الطلاق:١] «لـە مـاوەی (عیددە)ی خۆیاندا طــەلاقیان بدەن». وفەرمودەكەی پەیامبەریش ﷺ بـۆ عومـەر ﷺ، كاتێك عـەبدولای كوڕی ﷺ، ژنەكـەی لـە حـەیزدا تەلاقـدا، فـەرموی: «مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا» «فەرمانی پێ بكە با بیگێڕێتەوە» هتد فەرمودەكە[2].

٣. نوێژ كردن: لە بەر فەرمودەكـەی پەیامبـەر ﷺ بـۆ فاتیمـەی كچـی ئـەبو حوبەیش ﷺ: «إِذَا أَقْبَلَتِ الحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ»[3] «ئەگەر سوڕی مانگانـە هـات ئەوە واز لە نوێژ كردن بهێنە».

٤. ڕۆژو گرتن: لە بەر فەرمودەی: «أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ؟ [...] فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا» «ئەوە نیە كە دەكەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەكـات نـە ڕۆژو دەگرێت؟ وتیان: بەڵێ وایە، فەرموی: جا ئەوە كورتی دینەكەیەتی»[4].

٥. تەواف كردن: لە بەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ بۆ عائیشـە ﷺ كـە توشـی سوڕی مانگانـە هـات، فـەرموی: «افْعَلِي مَا يَفْعَلُ الحَاجُّ غَيْرَ أَلَّا تَطُوفِي بِالبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي» «ئەوە بكە كە حاجی دەیكـات، تـەنها سـوڕانەوە نـەبێت بـە دەوری كەعبەدا، هەتا پاك دەبیتەوە»[5].

---

(١) أخرجه مسلم (٣٠٢).
(٢) أخرجه البخاري (٥٢٥١)، ومسلم (١٤٧١).
(٣) أخرجه البخاري (٣٢٠)، ومسلم (٣٣٣).
(٤) أخرجه البخاري (٣٠٤) [مختصرًا، ولفظ الأصل وجدته في كتب الفقهاء].
(٥) متفق عليه: البخاري (٣٠٥)، ومسلم (١٢١١) (١١٩).

٦. قورئان خوێندن: ئەمەش وتەی زۆربەی زانایانە لە هاوەڵان وشوێن کەوتوان، وئەوانەی دوای ئەوانیش. بەڵام ئەگەر پێویستی بە خوێندنی هەبو -بۆ نمونە: پێویستی بە پێ داچونەوەی ئەوانە هەیە کە لە بەری کردوە، بۆ ئەوەدی لە بیری نەڕواتەوە، یا وانە بە کچان دەڵێتەوە لە خوێندنگاکان یا ویردێکی ڕۆژانەی هەبو- ئەوە دروستە بۆی، ئەگەریش پێویستی نەبو ناخوێنێت، وەك هەندێك لە زانایان فەرمویانە[1].

٧. دەست دان لە قورئان: لە بەر فەرمایشتەکەی پەروردگار: ﴿لَا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ﴾ [الواقعة:٧٩].

٨. چونە مزگەوت ومانەوە تێیدا: لە بەر فەرمودەی: «لَا أُحِلُّ الْمَسْجِدَ لِجُنُبٍ، وَلَا حَائِضٍ» «مزگەوت حەڵاڵ ناکەم بۆ لەش گران وئەوەی لە عادە دا بێت»[2]. ولە بەر ئەوەی کاتێك عائیشە لە ژورەکەی خۆی بو، پەیامبەریش ﷺ لە مزگەوت ئیعتیکافی کردبو، لە تاقەکەوە[3]، سەری لێ نزیك کردەوە تا قژی شانە بکات، لە کاتێکدا لە سوڕی مانگانەشدا بو[4]. هەروەها حەرامە بۆی بە ناو مزگەوتدا تێپەڕ ببێت ئەگەر ترسا پیس ببێت، خۆ ئەگەر لە پیس نەبونی دڵنیا بو ئەوە حەرام نیە.

(١) انظر: «الشرح الممتع» (١/٢٩١-٢٩٢).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٢)، وصححه ابن خزيمة، وحسنه ابن القطان وابن سيد الناس. انظر: نيل الأوطار (١/٢٨٨) (٣٠٥).

(٣) تاقێك یا پەنجەرەیەکی بچوك هەبو لە نێوان ژورەکەیی ومزگەوت. «وەرگێڕ»

(٤) أخرجه البخاري (٢٩٦). قال الحافظ: «في الحديث دلالة على... أن الحائض لا تدخل المسجد» «الفتح» (١/٤٠١).

پرسی پێنجەم: سوڕی مانگانە چی واجب دەكات؟

١. **غوسل كردن پێویست دەكات:** لە بەر فەرموودەی: «دَعِي الصَّلاةَ قَدْرَ الأَيَّامِ الَّتِي كُنْتِ تَحِيضِينَ فِيهَا، ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي» «واز لە نوێژ بهێنە بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی كە تێیدا دەكەوتیتە عادەوە، پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بكە»(١).

٢. **پێگەیشتن (بالغ بون):** لە بەر فەرموودەكەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا يَقْبَلُ اللهُ صَلَاةَ حَائِضٍ إِلَّا بِخِمَارٍ» «خوا ﷻ نوێژی ئافرەتێك وەرناگرێت كەیشتبێتە سوڕی مانگانە مەگەر بە سەرپۆشەوە»(٢)، ئەوەتا پەیامبەر ﷺ خۆ داپۆشینی لە سەر واجب كرد بە كەوتنە سوڕی مانگانەوە، ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی بە سوڕی مانگانە ئیتر تەكلیف لێ كراوە، ئەمەش بە بالغ بون بە دی دێت.

٣. **عیددەگرتن پێی:** ئافرەتی تەڵاق دراو وهاو شێوەكانی عیددەی بە حەیز تەواو دەبێت ئەگەر دەكەوتە سوڕی مانگانەوە. لە بەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ﴾ [البقرة:٢٢٨] «تەڵاق دراوەكان سێ عادە چاودێرێ دەكەن». ﴿ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ﴾ یانی: سێ سوڕی مانگانە.

٤. **بڕیار دان بە پاكی منداڵ دان لە كاتی عیددە گرتن بە سوڕی مانگانە.**

تێبینی: ئەگەر لە سوڕی مانگانە یا زەیستانی دا پێش ئاوا بونی خۆر پاك بویەوە، ئەوە لە سەریەتی نوێژی نیوەڕۆ وعەسری ئەو ڕۆژە بكات، ئەگەریش پاك بویەوە پێش دەرچونی سپێدە (الفجر) ئەوە لە سەریەتی نوێژی ئێوارە وعیشای ئەو

---

(١) أخرجه البخاري (٣٠٦)، ومسلم (٣٣٤).

(٢) أخرجه أبو داود (٦٤١)، والترمذي (٣٧٧) وحسنه، وابن ماجه (٦٥٥)، وصححه الألباني «الإرواء» (٢١٥/١) (١٩٦). والمقصود بالحائض: التي بلغت سن التكليف.

شەوە بکات، چونکە لە کاتی عـوزردا کـاتی نوێـژی دوەم کـاتی نوێـژی یەکەمـە، زۆربەی زانایانیش لە سەر ئەمەن[1].

پرسی شەشەم: لای کەمی ماوەی زەیستانی ولای ئەو پەڕی:

کەمترینی ماوەی زەیستانی دیاری نیـە، چـونکە هـیچ شـتێك نـەهاتوە دیـاری بکات، جا تێیدا گەڕاونەتەوە بۆ بـون وواقیـع، لـە بـون وواقعیشـدا، کـەمی هەیـە وزۆریشی هەیە، بەڵام لای زۆرەکەی چل ڕۆژە، تورمزی ئەڵێ: زانایـان لـە هـاوەڵانی پەیامبەر ﷺ وئەوانەی دواتریش کۆکن لە سەر ئـەوەی زەیسـتانی چـل ڕۆژ واز لـە نوێژ ئەهێنێت، مەگەر پێش ئەوە پاك ببێتەوە، ئەوسا غوسل دەکات ونوێژ دەکـات، ولە بەر فەرموودەکەی ئوم سەلەمە ﵂ ئـەڵێ: «ئـافرەتی زەیسـتانی لـە سـەردەمی پەیامبەردا ﷺ چل ڕۆژ دادەنیشت»[2].

پرسی حەوتەم: لە بارەی خوێنی نەزیفی (الاِسْتِحَاضَة):

«الاِسْتِحَاضَة»: ئیستیحازە بریتیە لە چۆڕینی خوێن بە دەر لە کاتەکەی خۆی لـە شێوەی نەزیفی، لە دەمارێکەوە پێی ئەوترێت: «عَاذِل». خوێنی نـەزیفیش جیـاوازە لە خوێنی عادە هەم لە ڕوی حوکم، وهەم لە ڕوی شێوازەوە، ئەم دەمارێکە لە منداڵ دانەوە دەتەقێت، ئیتر لە کاتی حەیز دا بێت یا نا، ونابێتە ڕێگریش لـە نوێـژ کـردن وڕۆژو گرتن وجوت بون، ئەگەر لە ڕۆژانی حەیز دا نـەبو، چـونکە حـوکمی ئـافرەتی پاکی هەیە، بەڵام لە ڕۆژانی عادە دا ئەبێتە ڕێگر لە بەردەم نوێژ کـردن وڕۆژو گـرتن

---

(١) انظر: «الملخص الفقهي» (١/٥٩-٦٠).

(٢) أخرجه أبو داود (٣١٢)، والترمذي (١٣٩)، وابن ماجه (٦٤٨)، وقال الألباني: «موقوف ضعيف». «الإرواء» (١/٢٢٦).

رجوت بون. بە بەڵگەی فەرمودەکەی فاتیمەی کچی ئەبو حوبەیش ﵂ وتی: «ئـەی پەیامبەری خوا ﷺ من توشی نەزیفی دێم وپاك نابمەوە، ئایا واز لـە نوێـژ بهێـنم؟ فەرموی: «لَا، إنَ ذَلكَ عِرْقٌ وَليسَ بالحَيْضَةِ، فإذا أَقْبَلَتِ الحَيضةِ فَدَعِي الصَّلاةَ، فإذا أَدْبرتْ فَاغْسِلِي عنكِ الدَّمَ وَصَلِّي» «نەخێر، ئـەوە دەمارێکـە وخـوێنی عـادە نیە، جا ئەگەر خوێنی حەیز هات ئەوە واز لـە نوێـژ کـردن بهێنـە، کـە تـەواو بـو خوێنەکە لە خۆت پاك کەرەوە ودەست بکە بە نوێژ»[1]. بۆیە واجبە لە سـەری دوای کۆتایی هاتنی عادە حیساب بۆ کراوەکە غوسل بکات، بەڵام لـە کـاتی نـەزیفی دا تەنها دامێنی دەشوات ولە دەرەچەی دامێنی دا پـەمو (لۆکە)یـەك وهاوشـێوەکانی دادەنێت کە ڕێگر بێت لە خوێن، بە شتێکیش توندی دەکات بـۆ ئـەوەی نەکـەوێت. حەفازە (سانتی)ـە تەندروستی یەکانی ئەم ڕۆژە بە کار بهێنێت، ئەوە جێی ئەمانەی بۆ دەگرێتەوە، پاشان بۆ هەمو نوێژێك دەست نوێژ دەگرێت.

پرسی هەشتەم: ئافرەتی نەزیف چۆن سوڕی مانگانەکەی خۆی بناسێتەوە:

ئافرەتی نەزیف (المستحاضة) سێ حاڵەتی بۆ هەیە:

حاڵەتی یەکەم: ئەوەیە عادەتێکی دیار وزانراوی هەبێت، یـانی: مـاوەی سـوڕی مانگانەکەی لە لای زانراو بێت پێش ئەوەی بکەوێتە ئیستیحازەوە، لەم حاڵەتەدا بە ئەندازەی ماوەی عادەکەی دادەنیشێت واز لە نوێژ وڕۆژو دەهێنێـت وبـەوە هـەژمار دەکرێت کە لە سوڕی مانگانە دایە. کە ماوەکەی تەواو بو غوسـل دەکـات ودەسـت دەکات بە نوێژ کردن، وئەو خوێنەشی لێی دەر دەچێت بە خـوێنی نـەزیفی هـەژمار دەکات، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بـۆ ئـوم حەبیبـە ﵂: «اُمْكُثِي قَدْرَ ما

---

(١) أخرجه البخاري (٣٠٦)، ومسلم (٣٣٤).

كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ، ثم اغتسلي، وصلّي» «چاوەڕێ بکە بە ئەندازەی ساوەی سوری مانگانەکەت، پاشان غوسل بکە، ودەست بکە بە نوێژ کردن»[١].

حاڵەتی دووەم: ئەگەر عادەتێکی زانراو ودیاری نەبو، بەڵام خوێنەکەی جیا دەکاتەوە، هەندێکی لە شێوەی خوێنی عادە دایە، بۆ نمونە: ڕەشە یان خەستە یا بۆنی هەیە، ئەوەکەی تریش لە شێوەی خوێنی ئیستیحازەیە؛ خوێنێکی سور وبێ بۆنە، ئەوە لەم حاڵەتە دا ئیش بە جیاکردنەوەی خوێنەکان دەکرێت، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ فاتیمەی کچی ئەبو حوبەیش ﷺ: «إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضِ فَإِنَّهُ دَمٌ أَسْوَدُ يُعْرَفُ[٢]، فَأَمْسِكِي عَنِ الصَّلَاةِ، فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي [وَصَلِّي] فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ» «ئەگەر خوێنی حەیز بێت، ئەوە ڕەشە ودەناسرێتەوە، جا واز لە نوێژ کردن بهێنە، ئەگەر خوێنەکەی تریش بو ئەوا دەست نوێژ بشۆ ونوێژ بکە، چونکە ئەوە دەمارێکە تەقیوە»[٣].

حاڵەتی سێیەم: نە عادەت ونە شێوەیەکی جیاوازی نەبو حەیزی پێ جیا بکرێتەوە، ئەوە لەم حاڵەتەدا لای ئەو پەڕی حەیز هەژمار دەکات، ودادەنیشێت کە شەش یا حەوت ڕۆژە، چونکە ئەمە عادەتی زۆر جاری ئافرەتانە، ئیتر دوای ئەم چەند ڕۆژە هەر خوێنێك هات، ئەوە خوێنی نەزیفیە، دەیشوات ودەست دەکات بە نوێژ کردن وڕۆژو گرتن، لە بەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ بۆ حەمنەی کچی جەحش: «إِنَّمَا هِيَ رَكْضَةٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي

---

(١) أخرجه مسلم (٣٣٤) (٦٥).

(٢) [فيه احتمالان: الأول: أنه على صيغة المجهول من المعرفة، أي: تعرفه النساء باعتبار لونه وثخانته كما تعرفه باعتبار عادته. والثاني: على صيغة المعروف من الأعراف، أي: له عرف ورائحة].

(٣) أخرجه أبو داود (٢٨٦) وصححه ابن حبان «الإحسان» (٢/٤٥٨)، والحاكم (١/١٧٤)، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٠٤).

عِلْمِ اللهِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي، فَإِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي [...] وَصُومِي [...]، فَإِنَّ ذَلِكِ يُجْزِئُكِ» «ئەوە لێ دانێکی شەیتانە، (چونکە شەیتان پاڵی ناوە وئەو خوێنەی جوڵاندوە)، جا شەش یا حەوت ڕۆژ دابنیشە وەك لە سوڕی مانگانەدا بیت، پاشان خۆت بشۆ، ئەگەر تەواو پاك بویتەوە نوێژ بکە وڕۆژو بگرە، ئەوە بەستە ولە سەرت دەکەوێت»[1].

(١) أخرجه أبو داود (٢٨٧) والترمذي (١٢٨) وقال: حسن صحيح، وحسّنه الألباني «الإرواء» (٢٠٥).

دووەم: بەشی نوێژ

لە پانزە دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکـــەم: پێناسەکەی، فەزلّی، واجبێتی پێنج فەرزەکە.

دەروازەی دوەم: بانگ وقامەت.

دەروازەی سـێیەم: لە بارەی کاتەکانی نوێژەوە.

دەروازەی چـوارەم: مەرجەکانی نوێژ وپایەکانی وبەلگەکانی ونوێژ نەکەر.

دەروازەی پێنجەم: لە بارەی نوێژی سوننەتەوە.

دەروازەی شەشەم: لە بارەی سوجدەی سەهو، وقورئان خوێندن، وشوکر

دەروازەی حەوتەم: لە بارەی نوێژی جەماعەتەوە.

دەروازەی هەشتەم: لە بارەی بەر نوێژی کردن.

دەروازەی نۆیـــەم: لە بارەی نوێژی خاوەن عوزرەکان.

دەروازەی دەیـــەم: لە بارەی نوێژی جومعەوە.

دەروازەی یانزەیەم: لە بارەی نوێژی ترسەوە.

دەروازەی دوانزەیەم: لە بارەی نوێژی دو جەژنەکەوە.

دەروازەی سیانزدیەم: لە بارەی نوێژە بارانەوە.

دەروازەی چواردەیەم: لە بارەی نوێژی خۆر گیان ومانگ گیرانەوە.

دەروازەی پانزەهەم: لە بارەی نوێژی جەنازە وحوکمەکانی جەنازەوە.

دەروازەی یەکەم

دەربارەی پێناسەی نوێژ وفەزڵەکەی، واجبێتی پێنج فەرزەکە

١. پێناسەکەی:

«الصلاة» لە زوباندا: دوعا وپاڕانەوەیە.

لە شەرعیش دا: پەرستشێکە کۆمەڵێك وتە وکردەوەی تایبەتی لە خۆ گرتوە، بە «الله أكبر» دەست پێ دەکات، وبە سەلام دانەوە کۆتایی پێ دێت.

وردەکاریەکەشی لە دەروازەکانی تردا دێت -إن شاء الله تعالى-.

٢. فەزڵەکەی:

نوێژ لە جەخت کراو ترین پایەکانی ئیسلامە دوای شایەتومان، بەڵکو کۆڵەکەی ئیسلامە، لە شەوی میعراج دا لە سەروی حەوت ئاسمانەکانەوە خوا ﷻ لە سەر پەیامبەرەکەی ﷺ فەرزی کردوە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر گرنگیەکەی لە ژیانی موسڵمان دا، پەیامبەریش ﷺ ئەگەر توشی ناڕەحەتیەك ببوایە هانای بۆ نوێژ دەبرد[1]، چەندین حەدیسیش هاتوە لە بارەی فەزڵی نوێژ وهاندان لە سەری، لەوانە: فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ» «پێنج فەرزەکە، وهەینی بۆ هەینی وڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، سڕینەرەوەی تاوانەکانی ئەو بەینەن ئەگەر لە تاوانە گەورەکان دور بکەوێتەوە»[2]. هەروەها پەیامبەر ﷺ

---

(١) انظر: «سنن أبي داود» (١٣١٩)، و«مسند أحمد» (٢٣٧٧٣)]

(٢) أخرجه مسلم (٢٣٣) (١٦).

ئەفەرمێ: «أرأيْتُمْ لوْ أنَّ نَهرًا بِبابِ أحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ مِنْهُ كُلَّ يوْمٍ خمْسَ مرّاتٍ هَلْ يَبْقَى مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ؟» «ئەگەر ڕوبارێك بە بەر دەرگاتاندا بڕوات، وەهەمو ڕۆژێك پێنج جار خۆی لێ بشوات، ئایا هیچ چڵکی پێوە دەمێنێت؟» وتیان: نەخێر، هیچ چلكی پێوە نامێنێت. فەرموی: «فَذَلِكَ مَثَلُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ يَمْحُو اللهُ بِهِنَّ الْخَطَايَا»[١]، «دەی ئەمە وەکو پێنج فەرزەکە وایە، خوا ﷻ تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە».

٣. واجب بونی:

فەرز بونی پێنج نوێژەکە زانراوە بە قورئان، وسوننەت، وکۆ دەنگیەکی بەلگە نەویست (الضَّرُورِيّ)، خوا ﷻ ئەفەرمێ: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ [البقرة:٤٣] «نوێژەکانتان بە جێ بگەیەنن»، لە چەندەها ئایەتدا وا دەفەرمێ، هەروەها دەفەرمێ: ﴿قُلْ لِعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا يُقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ [إبراهيم:٣١] «بە بەندەکانم -کە ئیمانیان هێناوە- بلێ: با نوێژ ئەنجام بدەن». لە فەرمودەش دا: فەرمودەکەی میعراجە، تێیدا هاتوە: «هي خَمْسٌ، وهِيَ خَمْسُونَ»[٢]، «خۆی پێنجە بەڵام پەنجایە لە پاداشت دا». هەروەها لە صەحیحەین دا هاتوە: پەیامبەر ﷺ -بەو کەسەی پرسیاری شەریعەتەکانی ئیسلامی لێ کرد- فەرمویەتی: «خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ»، «پێنج نوێژ لە شەو وڕۆژێك دا فەرزە لە سەرت»، پرسیار کەرەکە وتی:

(١) أخرجه البخاري (٥٢٨)، ومسلم (٦٦٧).

(٢) أخرجه البخاري (٣٤٩). والمعنى: «هي خمس في العدد باعتبار الفعل، وهي خمسون في الأجر والثواب».

ئایا جگە لەودم لە سەرە؟ فەرموی: «لا، إلّا أنْ تطَّوَّع»[1]، «نـەخێر مەکـەر خـۆت سوننەت بکەی».

نوێژیش واجبە لە سەر موسڵمانی پێگەیشتوی ژیر، کەواتـە فـەرز نیـە لـە سـەر کافر، ومندالّ، وشێت، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبـەر ﷺ: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ»[2]، «قەڵەم هەڵ گیراوە لە سەر سیان: خەوتو تا هەڵدەسێت، ومنداڵیش تا پـێ دەگـات، وشێت تا عاقڵ دەبێت».

بەڵام منداڵان گەیشتنە حەوت ساڵان فەرمانیان پێ دەکرێت بـە کردنـی، ولـە دە ساڵان دا لێ یان دەدرێت لە سەر نەکردنی.

جا هەرکەسیش نکوڵی لێ بکات یا نـەیکات ئـەوە کـوفری کـردوە، ولـە دیـنی ئیسلام هەڵ گەڕاوەتەوە، لـە بـەر فەرمودەکـەی پەیامبـەر ﷺ: «العَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فقد كفر»[3]، «ئەو پەیمانـەی لـە نێـوان ئێمـە وئەوانـدا هەیە: نوێژە، جا هەر کەس نەیکات، ئەوە کوفری کردوە».

---

(١) أخرجه البخاري (٤٦)، ومسلم (١١).
(٢) أخرجه أبو داود (٤٤٠١)، والنسائي (١٥٦/٦)، وصححه الألباني (الإرواء ٢٩٧).
(٣) أخرجه مسلم (١٣٤).

دەروازەی دووەم

بانگ وقامەت (الأذان والإقامة)

چەند پرسێك لە خۆ دەگرێت.

پرسی یەکەم: پێناسەی بانگ وقامەت وحوکمەکانیان:

١. پێناسەی (الأذان والإقامة):

لە زماندا بریتیە لە ڕاگەیاندن، خوا ﷻ دەفەرمێ: ﴿وَأَذَانٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ [التوبة: ٣]، «وڕاگەیاندنێك لە لایەن خوا وپەیامبەرەکەیەوە»، لە شەرعیشدا: بریتیە لە ڕاگەیاندنی هاتنی کاتی نوێژ بە وێردێکی تایبەت.

(الإقامة)یش: لە زماندا: چاوگی (أَقَامَ)یە، حەقیقەتەکەی: هەستانی دانیشتوو. لە شەرعیشدا: بریتیە لە ڕاگەیاندنی هەستان بۆ نوێژ بە ویردێکی تایبەت کە لە شەرعدا هاتوە.

٢. حوکمیان: بانگ وقامەت بۆ پێنج فەرزەکە شەرعین دەرهەق بە پیاوان بە تەنها، وفەرزی کیفایەن، ئەگەر کەسانێك پێی هەستان تاوان لە سەر باقیەکەی ئەکەوێت، چونکە لە دروشمە دیارەکانی ئیسلامن، بۆیە دروست نیە پەك بخرێن.

پرسی دووەم: مەرجەکانی دروست بوونی بانگ وقامەت:

١. ئیسلام: جا دروست نیە لە لایەن کافرەوە.

٢. ژیری: جا دروست نیە لە لایەن شێت وسەر خۆش وجیانەکەرەوە وەك سەرجەم عیبادەتەکانی تر.

٣. نێریەتی: جا دروست نیە لە لایەن ئافرەتەوە لە بەر مەترسی توش فیتنە هاتن، هەروەها نێرە موکیش چونکە نازانرێ نێرە یا نا، وتەنها قامەت سوننەتە بۆ ئافرەتان.

٤. ئەبێت بانگ لە کاتی نوێژدا بێت: جا دروست نیە پێش هاتنی کاتەکەی، جگە لە بانگی یەکەمی بەیانیان وهەینی ئەبێت دروستە پێش کاتەکەی بدرێت، وئەبێت قامەتیش لە کاتێکدا بێت کە ئەیانەوێت هەستن بۆ نوێژ.

٥. ئەبێت بانگ بە ڕیز بێت وزۆری نێوان نەبێت: وەك لە سوننەتدا هاتوە، قامەتیش بە هەمان شێوە، لەوەو دواش لە باسی شێوازی بانگ وقامەت زیاتر ڕون دەکرێتەوە.

٦. ئەبێت بانگ، هەروەها قامەتیش بە زمانی عەرەبی بێت، وبەو لەفزانەش بێت کە لە سوننەتدا هاتوە.

پرسی سێیەم: لە بارەی ئەو سیفەتانەی سوننەتە لە بانگ بێژدا هەبێ:

١. دادگەر ودەست پاك بێت، چونكە جێی متمانەیە وخەڵك لە نوێژ وڕۆژویاندا بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، جا ناكرێ بە بانگەكەی فریویان بدات وكاتی نوێژیش ئەبێت.

٢. باڵغ وعاقڵ بێت، بانگی منداڵی جیاكەرەوەش دروستە.

٣. شارەزا بێت بە كاتەكانی نوێژ، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە سەرەتای كاتەكە بانگ بدات، چونكە ئەگەر شارەزا نەبێت لەوانەیە هەڵە یا غەڵەت بكات[1].

(١) [الفرق بين الخطإ والغلط: أن الغلط هو وضع الشيء في غير موضعه، ويجوز أن يكون صوابًا في نفسه، والخطأ لا يكون صوابًا على وجه. وقيل: الغلط: أن يسهى عن ترتيب الشيء وإحكامه، والخطأ: أن يسهى عن فعله أو أن يوقعه من غير قصد له ولكن لغيره].

٤. دەنگی گڕ وبە هێز بێت تا دەنگی بگاتە خەڵك.

٥. پاك بێت لە حەددسی گەورە وبچوك.

٦. بە پێوە ڕو بەردو قیبلە بانگ بدات.

٧. دو پەنجەکەی بخاتە هەر دو گوێی، ئەگەریش وتی: «حَيَّ عَلَى الصَّلَاة» بە لای ڕاستدا ڕو وەر بگێڕێت، ئەگەریش وتی: «حَيَّ عَلَى الفَلَاح» بە لای چەپدا ڕو وەر بگێڕێت.

٨. لە سەر خۆ بێت لە بانگەکەیدا، بەڵام لە قامەتەکەی پەلە بکات.

پرسی چوارەم: لە بارەی شێوازی بانگ وقامەتەوە:

چۆنیەتی بانگ وقامەت: چەند شێوازێکیان هەیە لە فەرمودەکاندا هاتوە، لەوانە: فەرمودەکەی ئەبو مەحزورە ﷺ کە پەیامبەر خۆی ﷺ فێری بانگی کردوە، وفەرمویەتی: ((دەڵێی:

الله أكبر الله أكبر، الله أكبر الله أكبر «خوا هەرە گەورەترینە».

أشهد أنْ لا إله إلا الله، أشهد أنْ لا إله إلا الله «شایەتی ئەدەم هیچ پەرستراوێکی هەق نیە جگە لە الله».

أشهد أنَّ محمدًا رسول الله، أشهد أنَّ محمدًا رسول الله «شایەتی ئەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە».

حيّ على الصلاة، حيّ على الصلاة «وەرن هەڵسن بۆ نوێژ».

حيّ على الفلاح، حي على الفلاح «ودرن هەڵسن بۆ سەر فرازی».

اللهُ أكبر، الله أكبر.

لا إله إلا الله»[١].

شێوازی قامەت کردنیش بەم شێوازدیە:

«الله أكبر، الله أكبر.

أشهد أنْ لا إله إلا الله.

أشهد أنَّ محمدًا رسول الله.

حيَّ على الصلاة.

حي على الفلاح.

قد قامت الصلاة، قد قامت الصلاة «كاتی دابەستنی نوێژ نزیکە».

اللهُ أكبر، الله أكبر.

لا إله إلا الله»

ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ ئەڵێ: «أُمِرَ بِلَالٌ ﷺ: أَنْ يَشْفَعَ الْأَذَانَ، وَأَنْ يُوتِرَ الْإِقَامَةَ إِلَّا الْإِقَامَةَ» «فەرمان کرا بە بیلال بانگ جوت بکات، وقامەت تاك بکاتەوە، تەنها «قد قامت الصلاة» نەبێت»[٢].

کەواتە ڕستەکانی بانگ دو جار دو جار ئەیڵێتەوە، ورستەکانی قامەت یەك جار یەك جار ئەیڵێتەوە تەنها «قد قامت الصلاة» نەبێت، لە بەر حەدیسی پێشو.

---

(١) أخرجه أبو داود (٥٠٣)، وابن ماجه (٧٠٨)، وصححه الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (٥٨١).
(٢) أخرجه البخاري (٦٠٥)، ومسلم (٣٧٨) واللفظ للبخاري.

ئەمە شێوازە سوننەتەکەیە لە بانگ وقامەتدا، چونکە بیلال ﷺ ئاوها بانگی دەفەرمو لە سەفەر ولە نیشتەجێدا لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ تا وەفاتی کرد. خۆ ئەگەر لە بانگەکەشدا تەرجیعی[1] کرد، یا قامەتەکەی جوت کردەوە، هیچی تێدا نیە، چونکە لەو جیاوازیەیە کە حەڵاڵە. هەروەها سوننەتە لە بانگی بەیانیدا دوای «حي على الفلاح» بڵێ: «الصلاة خير من النوم، الصلاة خير من النوم»[2]، «نوێژ لە خەوتن باشترە، نوێژ لە خەوتن باشترە»، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو مەحزورە ﷺ، کە پەیامبەر ﷺ پێی فەرمو: «إن كان في أذان الصبح، قلت: الصلاة خير من النوم»[3]، «ئەگەر بانگی بەیانی بو، ئەڵێی: الصلاة خير من النوم».

پرسی پێنجەم: بیسەری بانگ چی ئەڵێت، وبە چی دەپاڕێتەوە دوای بانگ؟

سوننەتە بۆ کەسێك گوێی لە بانگ بو ئەوە بڵێتەوە کە بانگ بێژ ئەیڵێت، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو سەعید ﷺ، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ، فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ» «ئەگەر گویتان لە بانگ بێژ بو، ئەوە بڵێنەوە کە بانگ بێژ ئەیڵێت»[4]، تەنها لە هەر دو «حەیە عەلا»کە نەبێت، لەو کاتەدا شەرعیە بڵێت: «لا حول ولا قوة إلا بالله» «گۆڕان وهێز نیە مەگەر بە خوا»

(١) الترجيع: الترديد، بمعنى أنه يخفض صوته في الشهادتين، ثم يعيدهما برفع الصوت، كما أخرجه أبو داود (٥٠٣).
(٢) وهو التثويب، من ثاب يثوب: إذا رجع، فالمؤذن حين يقول هذه الجملة في صلاة الصبح، فهو رجوع منه إلى كلام فيه الحث على المبادرة إلى الصلاة.
(٣) أخرجه النسائي (٢/٧،٨)، وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٦٢٨).
(٤) أخرجه البخاري (٦٢١)، ومسلم (١٠٩٣).

ئەمەش دوای وتەی بانگ بێژ کە ئەڵێ: «حيّ على الصلاة»، هـەروەها دوای: «حيّ على الفلاح» لە بەر فەرمودەکەی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ لەم بارەوە[1].

خۆ ئەگەر بانگ بێژ لە نوێژی بەیانیـدا وتـی: «الصلاة خيرٌ من النوم»، بیسـەر وەك خۆی ئەیلێتەوە، بەڵام لە کاتی قامەت ئەمە سوننەت نیە.

پاشان صەڵاوات ئەدات لە سەر پەیامبەری خوا ﷺ، ئینجـا ئـەڵێ: «اللهم رَبَّ هذه الدعوة التامَّةِ والصلاة القائمةِ، آتِ محمداً الوسيلةَ والفضيلةَ، وابعثْهُ مقامًا محمودًا الذي وعدته»، «خوایە گیان! پەروەردگاری خاوەن ئەم بانگەوازە تەواو ویـێ کورتی، وئەم نوێژە دابەستراوە، وەسیلەت وفەزیلەت ببەخشە بە موحەممەد، لـە ڕۆژی دوایشدا ئەو پلە ستایش کراوەی پێ ببەخشە کە بەڵێنت پێ داوە».

---

(١) أخرجه مسلم (٣٨٥).

دەروازەی سێیەم

لە بارەی کاتەکانی نوێژەوە

نوێژە فەرزەکان لە شەو ڕۆژێکدا پێنجن، هەر نوێژێکیان کاتێکی دیاری کراوی هەیە؛ شەرع دیاری کردوە. خوا ﷻ فەرمویٚ: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ [النساء:١٠٣]. یانی: بە ڕاستی نوێژ لە سەر بڕوا داران فەرزە لە کاتێکی دیاری کراو دا، بۆیە نوێژ کردن پێش هاتنی کاتەکەی لە سەریان ناکەوێت.

بەلگەی ئەم کاتانەش فەرمودەکەی ئیبن عومەرە ﷺ کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «وَقْتُ الظُّهْرِ إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ، وَكَانَ ظِلُّ الرَّجُلِ كَطُولِهِ مَا لَمْ يَحْضُرِ الْعَصْرُ. وقْتُ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ، وقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَغِبِ الشَّفَقُ، وقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الْأَوْسَطِ. وقْتُ صَلَاةِ الصُّبْحِ مِنْ طُلُوعِ الْفَجْرِ مَا لَمْ تَطْلُعِ الشَّمْسُ، فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ فَأَمْسِكْ عَنِ الصَّلَاةِ فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ» «کاتی نوێژی نیوەڕۆ: ئەو کاتەیە خۆر لە ناو جەرگەی ئاسمان لا بدات وسێبەری مرۆڤ وەك بالآی لێ بێت تا کاتی نوێژی عەسر، وکاتی نوێژی عەسریش بەردەوامە تا خۆر زەرد نەبێتەوە، وکاتی نوێژی ئێوارەش بەردەوامە تا شەفەق وسورایی ئاوا بونی خۆر مابێت، وکاتی نوێژی عیشاش تا نیوەی ناوەڕاستی شەو بەردەوامە[1]، وکاتی نوێژی بەیانیش لە دەرچونی سپێدەوە دەست پێدەکات تا هەڵاتنی خۆر»[2].

---

(١) [«نصف الليل الأوسط» صفة مؤكدة للنصف، أي: نصفه تماما].

(٢) أخرجه مسلم (٦١٢).

کەواتە: **کاتی نوێژی نیوەڕۆ** دەست پێ دەکات بە لا دانی خۆر لە ناو جەرگەی ئاسمانەوە بەرەو خۆر ئاوا بون، درێژ ئەبێتەوە تا سێبەری هەر شتێك ئەوەندەی خۆی لێ دێت لە درێژی دا، وسوننەتە پەلەی لێ بکرێت ولە سەرەتای کاتەکەیدا بکرێت، مەگەر لە گەرمای زۆردا، ئەو کاتە سوننەتە دوا بخرێت بۆ فێنك بونەوە[1]، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ فَأَبْرِدُوا بِالصَّلَاةِ، فَإِنَّ شِدَّةَ الْحَرِّ مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ» «ئەگەر زۆر گەرم بو ئەوا نوێژەکانتان دوا بخەن بۆ فێنکی، چونکە توندی گەرما لە هەناسەی دۆزەخەوەیە»[2].

کاتی نوێژی عەسریش دەست پێ دەکات بە کۆتایی هاتنی کاتی نیوەڕۆ -یانی: سێبەری هەر شتێك ئەوەندەی خۆی لێ بێت- تا زەرد بونەوەی خۆر، ئەمەش کاتی سەر پشکیە، بەڵام کاتی زەرورەت بە ئاوا بونی خۆر کۆتایی دێت، یانی: تا کۆتایی زەرد بونەوە، بەڵام سوننەتە لە سەرەتای کاتەکەیەوە بکرێت ئەوەش بریتیە لە نوێژی ناوەڕاست کە خوا بە دەق باسی ئەکات لە فەرمایشتی: ﴿حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ [البقرة:٢٣٨]، «پارێزگاری بکەن لە سەرجەم نوێژەکانتان لەگەڵ نوێژی ناوەڕاست دا -کە نوێژی عەسرە- ولە نوێژەکانتاندا گوێ ڕایەڵ وملکەچ وزەلیل بن». هەروەها پەیامبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە پارێزگاری لێ کردنی، ونەفەرموێ: «مَنْ فَاتَتْهُ صَلَاةُ الْعَصْرِ، فَكَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ، وَمَالَهُ»[3]، «هەر کەسێك نوێژی عەسر زایە بکات وەك ئەوەیە خێزان ومالەکەی لە دەست دا

---

(١) یانی: نزیك نوێژی عەسر.

(٢) أخرجه مسلم (٦١٥)، والبخاري (٥٣٣-٥٣٤).

(٣) متفق عليه: البخاري (٥٥٢)، ومسلم (٦٢٦، ٢٠١) واللفظ له.

بێت)). هەروەها ﷺ دەفەرموێ: «مَنْ تَرَكَ صَلَاةَ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ»(١)، ((هەر کەس واز لە نوێژی عەسر بهێنێت ئەوە کردەوەکانی پوچەڵ بوەتەوە)).

کاتی نوێژی ئێوارەش لە ناوا بونی خۆرەوە دەست پێ دەکات تا نەمانی شەفەقی سور(٢) لە بەر فەرمودەی: «وَقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَغِبِ الشَّفَقُ»(٣)، ((کاتی نوێژی ئێوارە بەردەوامە تا نەمانی شەفەق)) وسوننەتە لە سەرەتای کاتەکەیەوە ئەنجام بدرێت، لە بەر فەرمودەی: «لَا تَزَالُ أُمَّتِي بِخَيْرٍ مَا لَمْ يُؤَخِّرُوا الْمَغْرِبَ حَتَّى تَشْتَبِكَ النُّجُومُ»(٤)، ((ئومەتەکەم بەردەوام لە خێر دان تا نوێژی ئێوارە دوا نەخەن بۆ کاتی دەرکەوتنی هەمو ئەستێرەکان [مەبەستی تاریکیە])). جگە لە شەوی موزدەلیفە نەبێت بۆ کەسێ ئیحرامی بە حەج کرد بێت، ئەوە سوننەتە دوای بخات ولەگەڵ عیشا دا بە ((کۆ کردنەوەی دوا خستن= جەمعی تەئخیر)) بیکات.

کاتی نوێژی عیشاش دەست پێ ئەکات لە نەمانی شەفەقی سورەوە تا نیوە شەو، لە بەر فەرمودەی: «وَقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الْأَوْسَطِ» ((کاتی نوێژی عیشاش تا نیوەی شەو بەردەوامە))(٥). سوننەتیشە دوا بخرێت بۆ کۆتا کاتی سەر پشکی ئەگەر نارەحەت نەبێت، وکەراهەتی هەیە لە پێشی بخەوێت ولە پاشی قسە بکات بێ هیچ بەرژەوەندیەك، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو بەرزە ﷺ ئەڵێ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَ الْعِشَاءِ، وَالْحَدِيثَ بَعْدَهَا» ((پەیامبەر ﷺ حەزی نەدەکرد

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٣).

(٢) شەفەق: ئەو سوراییەیە کە لە خۆر ناوا بونەوە دەست پێدەکات تا کاتی عیشا، ئەم سوراییەش لە دوای ناوابونی خۆرەوە دەبینرێت.

(٣) أخرجه مسلم (١٧٣) (٤٢٧/١)، وهو جزء من حديث المواقيت الطويل.

(٤) أخرجه أحمد (١٧٤/٤)، وأبو داود (٤١٨)، والحاكم (١٩٠/١-١٩١)، وصححه على شرط مسلم، وافقه الذهبي.

(٥) أخرجه مسلم (١٧٣) وهو جزء من حديث المواقيت الطويل (٤٢٧/١).

لە خەوتنی پێش عیشا وقسە کردنی پاشی»[١].

سەبارەت بە **کاتی نوێژی بەیانی** لە دەرچونی سپێدەی دوەمەوە دەست پێ دەکات تا هەڵاتنی خۆر. سوننەتیشە لە سەرەتاوە بکرێ ئەگەر دڵنیایی هەبو لە دەرچونی سپێدە.

ئەمە ئەو کاتانەیە کە ئەنجام دانی نوێژەکانی تێدا دانراوە، جا پێویستە لە سەر موسڵمانان پێوەی پابەند بن وپارێزگاری لێ بکەن ودوای نەخەن، چونکە خوا ﷻ هەڕەشەی کردوە لەوانەی لە کاتی خۆی دا دوای دەخەن: ﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ [الماعون:٤-٥] «سزایەکی توند بۆ نوێژ خوێنەکان * ئەوانەی لە نوێژەکانیان بێ ئاگان، وبە جوانی ولە کاتی خۆی دا ئەنجامی نادەن». هەروەها ئەفەرموێ: ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾ [مريم:٥٩] «دوای ئەو نیعمەت پێ بەخشراوانە پاشین گەلێکی خراپ هاتن نوێژەکانیان زایە کرد -هەر نەیان دەکرد یا کاتەکانی یا پایەکانیان بە جێ نەدەهێنا-، وشوێنی شەهوەت وئارەزوەکانیان کەوتن، بۆیە «غەی» دەبیننەوە». غەییش بریتیە لە سزای توند وچەند قات، وخراپە، وسەر شۆڕی وشەرمەزاری لە دۆزەخ دا، پەنا بە خوا.

بە جێ گەیاندنی نوێژەکانیش لە کاتی خۆی دا لە خۆشەوست ترین وباش ترین کارەکانە لای خوا، ئەوەتا پرسیار ئەکرێت لە پەیامبەری خوا ﷺ: «چی کارێک خۆشەوسترینە لە لای خوا؟ فەرموی: «الصَّلَاةُ عَلَى وَقْتِهَا» «نوێژکردن لە کاتی خۆیدا»[٢].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٦٨)، ومسلم (٦٤٧).
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٢٧)، ومسلم (٨٥، ١٣٩).

دەروازەی چوارەم

لە بارەی مەرجەكانی نوێژ، وپایەكانی، وبەڵگەكانیان، ولەگەڵ حوكمی نوێژ نەكەر دا

چەند پرسێك لە خۆ دەگرێت:

پرسی یەكەم: لە بارەی ژمارەی نوێژە فەرزەكانەوە:

ژماردی نوێژە فەرزەكان پێنجن، ئەوانیش: بەیانی، ونیـوەڕۆ، وعەسـر، وئێـوارە، وعیشا، ئەمانەش بە ئیجمـاع، وفەرمودەكـەی تەڵحـەی كـوڕی عوبەیـدوڵاش ﷺ بەڵگەیە لە سەری، كە دەشتەكیەك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! خوا چەند نوێـژی لـە سەرم فەرز كردوە؟ فەرموی: «خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ... »، «پێنج نوێژ لـە شەو وڕۆژێكدا...»[(١)]، هەروەها فەرمودەكەی ئەنەس ﷺ كە باسی چیرۆكی كابرای دەشتەكی دەكات بە پەیامبەر ﷺ وتویەتی: «نێردراوەكەت ئەڵێ: لە شەو ڕۆژێكـدا پێنج نوێژمان لە سەرە»، فەرموی: «صَدَقَ...» «ڕاست دەكات»[(٢)].

پرسی دودم: لە سەر كێ واجبە؟

واجبە لە سەر هەمو موسـڵمانێكی پێگەیشـتوی ژیـر كـە لـە سـوڕی مانگانـە وزدیستانی دا نەبێت، ومنداڵیش فەرمان دەكرێت بە كردنی ئەگەر گەیشـتە حـەوت ساڵ، ولە دە ساڵی دا لە سەر نەكردنی لێی دەدرێت، لەبـەر فـەرمودەی [پێشـوتر]:

---

(١) أخرجه مسلم (١١).

(٢) أخرجه مسلم (١٢).

«قەڵەم هەڵ گیراوە لە سەر سیان» لەوانە: «ولە سەر منداڵ تا باڵغ نەبێت»، ولە بەر فەرمودەی: «مُرُوا أَوْلَادكم بِالصَّلَاةِ لِسَبْعٍ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا لِعَشْرٍ، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ» «لە حەوت ساڵاندا فەرمان بکەن بە منداڵەکانتان بە نوێژ کردن، ولـە دە ساڵاندا لە سەری بدەن لێیان، وجێگای خەوتنیشیان جیا بکەنەوە»[١].

پرسی سێیەم: لە بارەی مەرجەکانیەوە:

مەرجەکانی[٢] نۆن:

١. **ئیسلامەتی:** جا کافرێك بیکات دروست نیە، چونکە کردەوەکانی پوچەڵە.

٢. **ژیری:** جا شێتێك بیکات دروست نیە، چونکە تەکلیفی لێ نەکراوە.

٣. **پێگەیشتن:** جا لە سەر منداڵ پێویست نیە تا پێ ئەگات بەڵام لە حەوت ساڵان دا فەرمانی پێ ئەکرێ ولە دە ساڵاندا لە سەری لێی ئەدرێ لەبەر فەرمودەی پێشتر.

٤. **پاك بون لە هەر دو حەدەسەکە**[٣] -ئەگەر توانا هەبو-: لە بـەر فەرمودەکـەی [پێشوتری] ئیبن عومەر ﷺ کە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «خوا نوێژ وەرناگرێت بە بـێ دەست نوێژ»[٤].

٥. **هاتنی کاتی نوێژە کات دیاری کراوەکان:** لە بـەر فەرمایشـتی: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ [النساء:١٠٣]، ولە بـەر فەرمودەکـەی جبریـل ﷺ

---

(١) أخرجه أحمد (٣/٢٠١)، وأبو داود (٤٩٤)، والترمذي (٤٠٧) وقال: «حسن»، وصححه الحاكم في المستدرك (١/٢٠١)، وصححه الألباني: «الإرواء» (٢٤٧).

(٢) ئەوەیە: دروستی نوێژەکەی لە سەر وەستاوە [واتە: ئەگەر نەبێت نوێژەکە بەتاڵە].

(٣) گەورە وگچکە.

(٤) أخرجه مسلم (٢٢٤).

کە بەر نوێژی کرد بە پەیامبەر ﷺ لە پێنج فەرزەکەدا، فەرمووی: «مَا بَيْنَ هَذَيْنِ الْوَقْتَيْنِ وَقْتٌ» «ئەوەی نێوان ئەم دو کاتە کاتی نوێژە»[1] ، بۆیە نە پێش هاتنی کاتەکە نوێژ دروستە ونە دوای ڕۆیشتنی، مەگەر بیانویەکی هەبێت.

٦. **داپۆشینی عەورەت -گەر توانا هەبو- بە شتێك لاشە دەر نەخات:** لەبەر فەرمایشتی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ [الأعراف:٣١] «ئەی ئادەمیزاد نوێژەکانتان بە شێوازێکی جوان ئەنجام بدەن لە داپۆشینی عەورەت وپاك وخاوێنی... هتد».

عەورەتی پیاوی پێگەیشتوش: نێوانی ناوك تا ئەژنۆکانیەتی لە بەر فەرموودەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ جابر ﷺ: «إِذَا صَلَّيْتَ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، فَإِنْ كَانَ وَاسِعًا فَالْتَحِفْ بِهِ، وَإِنْ كَانَ ضَيِّقًا فَاتَّزِرْ بِهِ» «ئەگەر بەیەك کراس نوێژت کرد؛ ئەگەر فراوان بو بی پێچە بە خۆتەوە، ئەگەریش تەسك بو ئەوە لە کەمەرتی ببەستە»[2]. باشتر ولە پێشتریشە هەندێك لە کراسەکەی بدات بە سەر شانی دا چونکە پەیامبەر ﷺ نەهی کردوە نوێژ بکرێت بە بەرگێکەوە وهیچی لێ نەدا بێت بە شانی دا[3].

ئافرەتیش گیانی هەموی عورەتە تەنها دەم وچاوی وهەر دو لەپی نەبێت مەگەر نوێژەکەی لە بەرچاوی بێگانە بێت -یانی: ئەوانەی مەحرەم نین- ئەو کاتە هەمو شتێك دا دەپۆشێت، لە بەر فەرموودەی: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ»[4]، «ئافرەت عەورەتە» هەروەها فەرموودەی [پێشتر]: «خوا نوێژی ئافرەتێك وەرناگرێت گەیشتبێتە سوڕی

---

(١) أخرجه أحمد (٣٣٠،٣)، والنسائي (٩١/١)، والترمذي (١٥٠) وهو صحيح «الإرواء» (٢٥٠).
(٢) أخرجه البخاري (٣٦١)، ومسلم (٣٠١٠).
(٣) [يشير إلى حديث الذي أخرجه البخاري (٣٥٩)، ومسلم (٥١٦)].
(٤) أخرجه الترمذي (٣٩٧)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٢٧٣).

مانگانە مەکەر بە سەر پۆشەوە))[١].

٧. دور کەوتنەوە لە پیسی لە لاشە وبەرگ وشوێنی نوێژەکەی دا -ئەگەر توانا هەبو- لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ [المدثر:٤]. ((جل وبەرگەکەشت پاك ڕابگرە))، هەروەها فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: ((تَنَزَّهوا عَنْ البَولِ؛ فإنَّ عَامَّةَ عَذَابِ القبر منه)) ((خۆتان لە میز پاك ڕا بگرن وپاك بکەنەوە، چونکە زۆربەی سزای گۆڕ بە هۆی ئەوەوەیە))[٢]، هەروەها فەرمودەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ کە بە ئەسمائی ﷺ فەرمو -لە بارەی خوێنی سوری مانگانەوە بەر جل وبەرگ دەکەوێت-: ((با بە شتێك بیوەرێنێت، وبە ئاو بیدات بە لەپ دا، وئاو بکات بە سەری دا، وئینجا نوێژی پێوە بکات)). هەروەها پەیامبەر ﷺ بە هاوەڵەکانی فەرمو -کە کابرایەکی دەشتەکی میزی لە مزگەوت کردبو-: ((أرِيقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلًا مِنْ مَاءٍ)) ((دۆڵەکەیەك ئاو بکەن بە سەر میزەکەی دا))[٣].

٨. **ڕو کردنە قیبلە -گەر توانا هەبو-:** لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ [البقرة:١٤٤] ((جا ڕوت ودر بگێرە بەردو مزگەوتی حەرام))، ولە بەر فەرمودەکەی ﷺ: ((إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَأَسْبِغِ الْوُضُوءَ، وَاسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ)) ((کە هەستای بۆ نوێژ دەست نوێژێکی جوان بشۆ وئینجا ڕو بکە قیبلە))[٤].

٩. **نیەت:** بە هیچ شێوازێکیش ناکەوێت، لە بەر فەرمودەکەی [پێشتری] عومەر ﷺ: ((کار وکردەوەکان بە نیەتە)). شوێنیشی دڵە. وحەقیقەتیشی بریتیە لە سور

---

(١) [تەخریجیەکەیان لێرەدا زۆربەی ژمارەکانی هەڵەیە، نەکەرچی دوبارەشە فەرمودەکە]

(٢) أخرجه الدارقطني (١/٩٧) (٤٥٣)، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٨٠).

(٣) أخرجه البخاري (٢٢٠).

(٤) أخرجه البخاري (٦٢٥١)، ومسلم (٣٩٧).

بون لە سەر کردنی شتێك، ودروست نیە بە دەم بوترێ، چونكە پەیامبەر ﷺ بە دەم نەیفەرموە، ونەشهاتوە كەس لە هاوەڵانی ﷺ كردبێتی.

پرسی چوارەم: لە بارەی پایەکانیەوە:

پایەکان: بریتیە لەو شتانەی پەرستنەکانی لێ پێك دێت، پەرستنەکان دروست نابن بە بێ پایە. وجیاوازی نێوان ئەم ومەرج ئەوەیە: مەرج ئەکەوێتە پێشی پەرستنەکەوە ولەگەڵی دا بەردەوامە، بەڵام پایە ئەو شتانەیە کە پەرستنەکەی لێ پێك هاتوە، لە وتە وکردەوە.

پایەکانیشی چواردە دانەیە، لە سەر كەس ناکەوێت نە بە ئەنقەست، نە بە سەهو، نە بە نەزانین، وا لە خوارەوەش ڕونی دەکەینەوە:

١. **بە پێوە بون:** لە نوێژی فەرز دا بۆ توانا دار، لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ [البقرة:٢٣٨] ((لە نوێژەکانتان دا بە پێوە ڕا بوەستن بە مل کەچیەوە بۆ پەروەدگار))، ولە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کە بە عیمرانی کوڕی حوصەینی فەرمو ﷺ: «صَلِّ قَائِمًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ» ((بە پێوە نوێژ بکە، نەتتوانی بە دانیشتنەوە ئەوەشت نەتوانی بە ڕاکشانەوە))[1]، ئەگەریش بە پێوە نوێژی فەرزی نەکرد بەهۆی عوزرێکەوە وەك نەخۆشی وترس وجگە لەمانەش ئەوا پۆزشەکەی وەر دەگیرێت وبە گوێرەی توانای خۆی نوێژەکە دەکات بە دانیشتنەوە بێت یا بە ڕاکشانەوە. بەڵام نوێژی سوننەت وەستان تێیدا سوننەتە وپایە نیە، بەڵام بە پێوە باشترە لە دانیشتو؛ لە بەر فەرمودەی: «صَلَاةُ

(١) أخرجه البخاري (١١٥١)، ومسلم (٣٩٧).

الْقَاعِدِ عَلَى النِّصْفِ مِنْ صَلَاةِ الْقَائِمِ» «نوێژی دانیشتو پاداشتەکەی نیوەی نوێژی وەستاوە»[1].

٢. تەکبیرەی ئیحرام لە سەرەتایدا: کە بریتیە لە «الله أكبر» کردن، وهیچی تر جێی ناگرێتەوە، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بە کابرای هەڵەکار لە نوێژەکەی دا: «إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَكَبِّرْ» «ئەگەر هەستای بۆ نوێژ بڵێ: «الله أكبر»»[2]، ولە بەر فەرمودەی: «تَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ» «حەرام کردنەکەی تەکبیرە کردنە، وحەڵاڵ کردنەکەی سەلام دانەوەیە»[3]، جا نوێژ دانامەزرێ بە بێ تەکبیرەکردن.

٣. خوێندنی فاتیحا بە رێکی لە هەمو رکاتێک دا: لە بەر فەرمودەی: «لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ» «نوێژی بۆ نیە ئەو کەسەی فاتیحا نەخوێنێت»[4]، بەڵام ئەو کەسەی دوا کەوتوە لەمە هەڵاوێر دەکرێت؛ کە ئەگاتە پێش نوێژ لە رکوع دایە یان وەستاوە بەڵام ناگات بە خوێندنی فاتیحا، وهەروەها مەئمومیش لە نوێژە ئاشکراکان دا، ئەمانە هەڵاوێر کراون لە خوێندنی فاتیحا، بەڵام ئەگەر لە کاتی بێ دەنگ بونەکانی پیشەوا دا بیخوێنێت ئەوە چاك ترە، چونکە ئیحتیاتی زیاتری تێدایە.

٤. چەمینەوە لە هەمو رکاتێك دا: لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا﴾ [الحج:٧٧] «ئەی ئەوانەی بڕوا دارن رکوع ببەن وسوژدە

---

(١) أخرجه مسلم (٧٣٥).
(٢) أخرجه البخاري (٧٩٣)، ومسلم (٣٩٧).
(٣) أخرجه أبو داود (٦١)، وابن ماجه (٢٧٥)، والترمذي (٣)، وقال الألباني: «حسن صحيح» «صحيح ابن ماجه» (٢٢٤).
(٤) أخرجه البخاري (٧٥٦)، ومسلم (٣٩٤).

ببەن»، ولە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بە کابرای هەڵە کار لە نوێژەکەی دا: «ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا» «پاشان رکوع ببە تا ئۆقرە دەگریت بە رکوعی»[1].

٥، ٦. **هەستانەوە لە رکوع ورێك کردنەوەی پشت بە پێوە:** لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بە کابرای هەڵە کار لە نوێژەکەی دا: «...ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا» «پاشان هەستەوە لە رکوع تا بە پێوە پشتت رێك دەبێتەوە».

٧. **کڕنووش بردن:** لەبەر ئەم فەرمایشتەی خوا ﷻ: ﴿وَاسْجُدُوا﴾ [الحج:٧٧]، «وسوژدە ببەن»، ولە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بە کابرای هەڵە کار لە نوێژەکەی دا: «ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا» «پاشان سوژد ببە تا لە سوژدە ئۆقرە دەگریت».

سوژدەش لە هەر رکاتێك دا دو جارە لە سەر ئەو حەوت ئەندامە دەبرێت کە لە فەرمودەکەی ئیبن عەبباس دا هاتوە: «أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ: الْجَبْهَةِ -وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ- وَالْيَدَيْنِ، والرُّكْبَتَيْنِ، وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ» «فەرمانم پێ کراوە سوژدە بەرم لە سەر حەوت ئێسك: تەوێل -وئاماژەی کرد بۆ لوتی-، ودەستەکان، وئەژنۆکان، ونوکی پێکان»[2].

٨، ٩. **هەستانەوە لە سوژدە ودانیشتن لە نێوانیان دا:** لە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ بە کابرای هەڵە کار لە نوێژەکەی دا: «ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا» «پاشان سوژد ببە تا لە سوژدە ئۆقرە دەگریت».

---

(١) أخرجه البخاري (٧٩٣)، ومسلم (٣٩٧).

(٢) أخرجه البخاري (٨٠٩)، ومسلم (٤٩٠، ٢٣٠)، واللفظ لمسلم.

١٠. **نۆقرە گرتن (الطمأنینة) لە سەرجەم پایەکان دا:** یانی: نەجوڵان، ئەندازەکەشی ئەوەندەی وتنی ئەو زیکرە واجبانەیە لە هەر پایەیەك دا هەیە، لە بەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ فەرمانی کرد بە کابرای هەڵە کار لە نوێژەکەی دا لە هەمو پایەیەك دا وا بکات، فەرمانی پێ کرد نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە چونکە نۆقرەی نەدەگرت.

١١. **[خوێندنی] تەحیاتی کۆتایی:** لەبەر فەرموودەکەی ئیبن مەسعود ؓ: «ئێمە پێش ئەوەی تەحیاتمان لە سەر فەرز بێت دەمان وت: سەلامی بەندەکانی خوا لە سەر خوا»، ئەوەبو پەیامبەر ﷺ فەرموی: «لَا تَقُولُوا السَّلامُ عَلَى اللهِ [فَإِنَّ اللهَ هُوَ السَّلَامُ] وَلَكِنْ قُولُوا: التَّحِيَاتُ لِلَّهِ» «مەڵێن: سەلام لە خوا چونکە خوا خۆی سەلامە، بەڵکو بڵێن: موڵك ومەزنی ومانەوە بۆ خوا»[١]، کە ئەشفەرموێ: «پێش ئەوەی لە سەرمان فەرز بکرێت» کەواتە فەرزە.

١٢. **دانیشتن بۆ تەحیاتی کۆتایی:** چونکە پەیامبەر ﷺ کردویەتی ولە سەری بەردەوام بود وفەرمویەتی: «صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي» «نوێژ بکەن بەو شێوازەی من دەبینن نوێژ دەکەم»[٢].

١٣. **سەلام دانەوە:** لە بەر فەرموودەی [پێشتر] «وحەڵاڵ کردنی سەلام دانەوەیە». جا بە لای ڕاست دا ئەڵێ: السلام علیکم ورحمة الله، وبە لای چەپیشدا ئەڵێ: السلام علیکم ورحمة الله.

١٤. **ڕیز بەندی پایەکان بەو شێوازەی ڕون کرایەوە:** چونکە پەیامبەر ﷺ بە ڕیز کردویەتی وفەرمویەتی [وەك ڕابورد]: «نوێژ بکەن بەو شێوازەی من دەبینن نوێژ

---

(١) أخرجه النسائي (٢/٢٤٠)، وصححه الألباني «الإرواء» (٣١٩).
(٢) أخرجه البخاري (٦٣١).

دەکەم». وکە نوێژی فێری هەڵە کارەکە کرد «ثم»ی بە کار هێنا کە بۆ بە دوای یەکدا هاتنە.

پرسی پێنجەم: لە بارەی واجبەکانی نوێژەوە:

واجبەکانی هەشتن، بە واز لێ هێنانی ئەنقەست نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە، بە سەهو ونەزانینیش لە سەرت دەکەوێت، وئەگەر بە سەهو بو سوژدەی سەهوی بۆ دەبەی. جیاوازیش لە نێوان ئەم وپایەکان ئەوەیە: هەر کەس پایەیەکی لە بیر بچێت نوێژەکەی دروست نیە مەگەر پایەکە ئەنجام بدات، بەڵام کەسێك واجبێکی لە بیر بچێت سوژدەی سەهو لە سەری دەیخات، جا پایەکان، لە واجبەکان جەخت لە سەر کراو ترن. **واجبەکانیش ئەمانەن:**

١. هەمو تەکبیرەکان جگە لەوەی سەرەتا، کە پێیان دەوترێ تەکبیرەی «الانتقال»[١]. لە بەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود ﷺ: «رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ يُكَبِّرُ فِي كُلِّ رَفْعٍ وَخَفْضٍ، وَقِيَامٍ، وَقُعُودٍ» «پەیامبەری خوام بینی ﷺ بۆ هەمو بەرز بونەوە وچەمینەوەیەك، وهەستان ودانیشتنێك الله أكبری دەکرد»[٢]، پەیامبەریش ﷺ بەردەوام کردویەتی تا وەفاتی کردوە، فەرمویشیەتی ﷺ: «نوێژ بکەن بەو شێوازەی من دەبینن نوێژ دەکەم».

٢. وتنی: «سمع الله لمن حمده»[٣] بۆ پێش نوێژ وتەنهاش، لە بەر فەرمودەکەی

---

(١) ئەمەش لای حەنبەلیەکان وایە. شوێنەکەشی: بریتیە لە نێوان چون بۆ ڕوکنێك ولێ بونەوەی، کەواتە نە پێش ڕوکنەکە دەکرێت ونە دوای ڕوکنەکە دەکرێت. وەرگێڕ.

(٢) رواه النسائي (٢/٢٠٥)، والترمذي (٢٥٣)، وقال: حسن صحيح، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٢٠٨).

(٣) واتە: «خوا بیستی وەڵامی ئەوەی دایەوە کە ستایش وحەمدی کرد».

ئەبو هورديرە رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: «كان رسُولُ الله ﷺ يكبِّرُ حين يقُومُ إلى الصلاة، ثُمَّ يكبِّرُ حين يَرْكَعُ، ثُمَّ يقُولُ: سَمِعَ اللهُ لمنْ حمِدَهُ حِينَ يَرْفَعُ صُلْبَهُ مِن الرَّكْعةِ، ثُمَّ يقُولُ -وَهُو قَائِمٌ-: رَبَّنا لَكَ الْحَمْدُ» «پەیامبەر ﷺ کە هەستایە بـۆ نوێـژ، الله أكبری دەکـرد، هەروەها لە کاتی ڕکوعیش دا، پاشان کە پشتی لە رکوع بـەرز دەکـردەوە ئەیفـەرمو: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، پاشان هەر بە پێوە دەیفەرمو: «ربَّنا لكَ الْحَمْدُ»»[١].

٣. **وتنی: «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ»[٢] تەنها بۆ مەئموم**، بەڵام پێش نوێژ وکەسی تـەنها سوننەتە هەر دوکی بڵێن، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو هـورەیرەی پێشـو رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، هـەروەها فەرمودەکەی ئەبو موسا رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: «وَإِذَا قَالَ «کە پێش نوێژ وتی»: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا «ئەوا بڵێن»: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ»[٣].

٤. **وتنی: «سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيم»[٤] یەك جار لە ڕکوع دا.**

٥. **وتنی: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى»[٥] یەك جار لە کڕنوش دا**، لە بەر فەرمودەکەی حوزديفـە: «كَانَ -يعني: ﷺ- يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ پەیامبـەر ﷺ لـە چـەمینەوەدا دەیفەرمو: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ، وَفِي سُجُودِهِ لە کڕنوشـیش دا دەیفـەرمو: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى»[٦]. وسوننەتە زیاتریش بکرێت تا دەگاتە سێ جار[٧].

---

(١) أخرجه مسلم (٢٩٣/١) (٢٨).

(٢) واتە: «ئەی پەروەردگارمان! ستایش هەر شایشتەی تۆیە».

(٣) أخرجه مسلم (٤٠٤)، وأحمد (٣٩٩/٤).

(٤) واتە: «پاکی وبێ کورتی بۆ پەروردگاری کەورە ومەزنم».

(٥) واتە: «پاکی وبێ کورتی بۆ پەروردگاری بەرز وبڵندم». هەمو واتا کردنەکانی پێشو هی وەرگێڕن.

(٦) رواه الخمسة: أبو داود (٨٧٤)، والترمذي (٢٦٢) وقال: «حسن صحيح»، والنسائي (١٧٢/١)، وابن ماجه (٨٩٧)، وصححه الألباني في «صحيح النسائي» (١٠٩٧).

(٧) والله أعلم، وا دەردەکەوێت هیچ بەڵگەیەك بە صەحیحی نەهاتبێت لە سەر سێ جار. وەرگێڕ.

٦. **وتنی:** «ربِّ اغفر لي»[1] **لە نێوان دو کڕنوشەکەدا** لەبەر فەرمودەکەی حوزەیفە ﷺ: «كَانَ يَقُولُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ «پەیامبەر ﷺ لە نێوان دو کڕنوشەکەدا دەیفەرمو»: «رَبِّ اغْفِرْ لِي، رَبِّ اغْفِرْ لِي»»[2].

٧. **تەحیاتی یەکەم:** مەگەر کەسێك پێشەواکەی بە سەهو هەستێتەوە، ئەو کاتە لەسەری واجب نابێت، چونکە واجبە شوێنی پێشەوا بکەوێت؛ چونکە پەیامبەر ﷺ کە تەحیاتی یەکەمی لە بیر چو نەگەڕایەوە بۆی، ولە بری ئەوە سوژدەی سەهوی برد. تەحیاتی یەکەمیش ئەمەیە: «التَّحِيَّاتُ لِلهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ» «گەورەیی ومانەوە وموڵك، ونوێژەکان وپەرستنەکان، ووتە پاك وچاکەکان، هەر هەموی بۆ خوای بەرز ومەزنە، سەلام وڕەحمەت وبەرەکەتت لێ بێت ئەی پەیامبەری خوا، سەلام لە ئێمە ولە سەرجەم بەندە چاکەکان، شاهێدی دەدەم پەرستراوی تر نیە هەق بێت جگە لە خوا، وشاهێدی دەدەم موحەممەد بەندە وپەیامبەری خوایە»[3].

٨. **دانیشتن بۆ تەحیاتی یەکەم،** لەبەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود ﷺ: «إِذَا قَعَدْتُمْ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ فَقُولُوا: التَّحِيَّاتُ لِلهِ»، «ئەگەر دانیشتن لە هەمو دو ڕکاتێك دا ئەوا بڵێن: التَّحِيَّاتُ لِلهِ»[4]. ولەبەر فەرمودەکەی ڕیفاعەی کوڕی ڕافع: «فَإِذَا جَلَسْتَ فِي وَسَطِ الصَّلَاةِ فَاطْمَئِنَّ، وَافْتَرِشْ فَخِذَكَ الْيُسْرَى، ثُمَّ تَشَهَّدْ» «ئەگەر دانیشتی

---

(١) واتە: «پەروەردگاردکەم لێم خۆش ببە».

(٢) رواه النسائي (١/١٧٢)، وابن ماجه (٨٩٧)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٣٣٥).

(٣) [أخرجه البخاري (٨٣١)، ومسلم (٤٠٢) وغيرهما].

(٤) أخرجه أحمد (١/٤٣٧)، والنسائي (١/١٧٤)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٣٣٦).

بۆ تەحیات لە ناوەڕاستی نوێژدا، ئەوا ئۆقرە بگرە وڕانی چەپت ڕا بخە، پاشان تەحیات بخوێنە»[1].

پرسی شەشەم: لە بارەی سوننەتەکانی نوێژەوە:

ئەمەش دو جۆرە: سوننەتە کرداریەکان، وسوننەتە گوفتاریەکان.

سوننەتە کرداریەکانیش: وەك دەست بەرز کردنەوە لەگەڵ تەکبیرەی سەرەتا ولە کاتی ڕکوع وهەستانەوە لێی، چونکە مالکی کوڕی حوەیرس ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردبایە «الله أكبر»ی دەکرد ودەستی بەرز دەکردەوە، وبیویستایە ڕکوع ببات دەستی بەرز دەکردەوە، هەروەها هەڵسایەتەوە لە ڕکوع دەستی بەرز دەکردەوە، دەیوت: پەیامبەر ﷺ وای کردوە[2]. هەروەها دەستی ڕاست خستنە سەر چەپ ودانانی لە سەر سنگ بە پێوە، وتەماشا کردنی شوێنی کڕنوش، وجیا کردنەوەی هەر دو پێ بە پێوە، وئەژنۆکانی بە دەستەکانی بگرێت وپەنجەکانی بڵاو بکاتەوە لە کاتی ڕکوع دا، وپشتی درێژ بکاتەوە تێیدا، وسەریشی لە ئاستی پشتی بێت.

سوننەتە گوفتاریەکانیش: وەك نزای دەست پێکردن، و«بسم الله الرحمن الرحيم» کردن، و«أعوذ بالله من الشيطان الرجيم» گرتن، ووتنی: ئامین، وخوێندنی زیاتر لە فاتیحا، وتەسبیحاتی ڕکوع وسوژدە جارەکانی زیاتر بکرێت، ودوعا کردن لە دوای تەحیات وپێش سەلام دانەوە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٨٥٦)، وحسنه الألباني في «الإرواء» (٣٣٧).

(٢) أخرجه مسلم (٣٩١).

پرسی حەوتەم: پوچەڵ کەرەوەکانی نوێژ:

چەندین شت نوێژ پوچ دەکەنەوە، بە گردی (إجمالًا) ئەمانەیە:

١. چی دەست نوێژ پوچ بکاتەوە نوێژیش پوچ دەکاتەوە، چونکە دەست نوێژ مەرجە بۆ دروستی نوێژ، جا ئەگەر دەست نوێژ پوچەڵ بویەوە نوێژیش پوچەڵ دەبێتەوە.

٢. پێکەنین بە دەنگ: کە بریتیە لە قاقا، بە ئیجماع پوچی دەکاتەوە، چونکە وەك قسە وایە بەڵکو توند تریش، ولە بەر ئەو سوکایەتی ویاری کردنەی تێیدایە کە دژی مەبەستی نوێژە، بەڵام بزگەی بێ قاقا بەتاڵی ناکاتەوە، وەك ئیبن مونزیر وئەوان باسیان کردوە.

٣. قسە کردن بە ئەنقەست مەگەر بۆ بەرژەوەندی نوێژ: لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ﷺ ئەڵێ[1]: ئێمە لە نوێژ دا قسەمان دەکرد، کابرا قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی دەکرد کە لە نوێژ دا لە تەنیشتیەوە بو، تا ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ [البقرة:٢٣٨]، ئەوەبو فەرمانمان پێ کرا بە بێ دەنگ بون ونەهیمان لێ کرا لە قسە کردن. ئەگەریش قسەی کرد بە نەزانیەوە یا لە بیری چو ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە.

٤. تێ پەڕ بونی ئافرەتی پێ گەیشتو یا گوێ درێژ یان سەگی ڕەش بە بەردەمی نوێژ خوێندا نەك لەو دیو شوێن سوژدەکەی: لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ، فَإِذَا لَمْ يَكُنْ

---

(١) أخرجه البخاري (١٢٠٠)، ومسلم (٥٣٩).

بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلَاتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الْأَسْوَدُ» «کەسێکتان هەستا بۆ نوێژ ئەگەر شتێکی وەك تەختی پشتی کۆپان لە پێشیەوە بێت ئەوە ستری دەکات، ئەگەرنا شتێکی وەك ئەوەی لە پێش نەبێت ئەوا کوێ درێژ وئافرەت وسەگی ڕەش نوێژەکەی دەبڕن»[1]. وپشتی کۆپانیش ئەندازەی باڵێکە، کەواتە ئەو ئەندازە بۆ سترە لە سەرت دەخات.

٥. **دەرخستنی عەورەت بە ئەنقەست**، لەبەر مەرجەکانی پێشو.

٦. **پشت کردنە قیبلە**، چونکە ڕو کردنە ڕوگە مەرجە بۆ دروستێتی نوێژ.

٧. **پیسی پێوە بێت وپێشی بزانێت ولە بیری بێت**، یەك سەریش لای نەدات.

٨. **نەکردنی پایەیەك لە پایەکان یا مەرجێ لە مەرجەکان بە ئەنقەست وبە بێ عوزر.**

٩. **جوڵەی زۆر** کە لە جۆر وڕەگەزی نوێژ نەبێت وزەرور نەبێت، وەك خواردن وخواردنەوەی ئەنقەست.

١٠. **خۆ دان بە سەر شتێك دا بە بێ عوزر**، چونکە بە پێوە بون مەرجە بۆ دروستێتی نوێژ.

١١. **بە ئەنقەست پایەیەکی کردەیی زیاتر بکرێت**، وەك ڕکوع وکڕنوشی زیاتر، لەبەر ئەوەی بە دەرە لە شێواز وهەیئەتی نوێژ، بۆیە بەتاڵ دەبێتەوە بە ئیجماع.

---

(١) أخرجه مسلم (٥١٠).

١٢. بە ئەنقەست پێش خستنی هەندێك پایە بە سەر هەندێکی تـر دا، چونکە بە ڕیز کردن مەرجە وەك پێشتر باس کرا.

١٣. بە ئەنقەست سەلام بدانەوە پێش تەواو کردنی.

١٤. بە ئەنقەست بە شێوەیەك قورئان بخوێنێت واتا بگۆڕێت وەهـەڵی نـەکرێت «إِحَالَةُ المَعْنَى فِي القِرَاءَةِ»[1]، مەبەست فاتیحایە، چونکە پایەیە لە نوێژ دا.

١٥. هەڵ وەشاندنەوەی نیەت وسور بون لە سەر هـەڵ وەشـاندنەوەی وڕا ڕا بـون تێی دا، چونکە بەردەوامی نیەت مەرجە.

پرسی هەشتەم: ئەو شتانەی کەڕاهەتی هەیە لە نوێژ دا:

ئەم شتانەی خوارەوە کەڕاهەتی[2] هەیە:

١. تەنها خوێندنی فاتیحا لە هەر دو ڕکـاتی یەکـەم ودوەم، چـونکە پێچـەوانەی سونەت وەژی ئیشی پەیامبەرە ﷺ لە نوێژ دا.

٢. دوبارە خوێندنەوەی فاتیحا: چونکە دیسانەوە پێچەوانەی سونەتی پەیامبەرە ﷺ بەڵام ئەگەر لە بەر پێویستیەك دوبارەی کردەوە؛ وەك ئەوەی خشوعی نەما بێت ودڵی لای خوێندنەکەی نەبو بێت، بیەوێت دوبارەی بکاتەوە تـا دڵـی ئامـادە بێـت، ئەوە خراپ نیە بەڵام بە مەرجێك سەر نەکێشێت بۆ وەسواس.

---

(١) [أي: يلحن لحنًا في القراءة يحيل المعنى ويصرفه إلى غيره. انظر: «الحاوي الكبير» (٢/٣٢٣-٣٢٤)].

(٢) کەڕاهەت لە زاراوەی فەقیهەکاندا: بریتیە لە ڕێ گری کردن لە شت بە بێ ئیلزام کردنی بە واز هێنان. وحوکمی مەکروهیش ئەوەیە: پاداشتی واز لێ هێنەرەکەی دەدرێتەوە کە گوێڕایەڵی دەکات، بەڵام سزای واز لێ هێنەرەکەی نادرێت، ودروستە بکرێ لە کاتی پێویستی بێ ئەوەی زەروریش بێت.

٣. ئاوڕ دانەوەی کەم کەراهەتی هەیە بە بێ پێویستی: لە بەر فەرموودەکەی پەیامبەر ﷺ کە پرسیاری لێ دەکرێت لە بارەی ئاوڕ دانەوە لە نوێژ دا فەرموی: «هُوَ اخْتِلَاسٌ، يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلَاةِ الْعَبْدِ»[1] «دزی وگزیەکە شەیتان لە نوێژ بەندەی دەدزێت».

بەڵام ئەگەر ئاوڕ دانەوە لە بەر پێویستی بو، ئەو کات هیچی تێدا نیە، وەك یەکێك بە هۆی وەسواسەوە پێویستی بەوە بێت لە نوێژەکەی دا سێ جار تف بکات بە لای چەپی دا، جا ئەم ئاوڕ دانەوەیە لە بەر پێویستیەکە پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێ کردوە، هەروەها وەك کەسێك لە ون بونی منداڵەکەی بترسێت وئاوڕ بداتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لێ بێت.

هەمو ئەمانە بۆ ئاوڕ دانەوەیەکی کەمە، بەڵام ئەگەر بە هەمو لاشەی ئاوڕی دایەوە یا پشتی کردە قیبلە، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە ئەگەر بە بێ عوزر بیکات، وەك ترسێکی زۆر وهاو شێوەکانی.

٤. داخستنی چاوەکان لە نوێژ دا: چونکە ئەمە لە ئیشی مەجوسەکان دەچێت لە کاتی ئاگر پەرستنیاندا. وتراویشە: لە ئیشی جولەکەش دەچێت[2]، ئێمەش ڕێگریمان لێ کراوە لە خۆ چواندن بە بێ باوەڕان، [بەڵام کەسێك پێویستی بێت کەراهەتی نیە].

٥. ڕاخستنی باڵەکان لە سوژدە دا: لە بەر فەرمودەی: «اعْتَدِلُوا فِي السُّجُودِ، وَلَا يَبْسُطْ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيْهِ انْبِسَاطَ الْكَلْبِ» «لە سوژدەدا مام ناوەند بن لە نێوان خۆ

---

(١) أخرجه البخاري (٧٥١).

(٢) الله أعلم ئیشی ئەوانە یان نا؟! بەس بێت کە پەیامبەر ﷺ نوێژی بە چاو کراوەیی کردوە. وەرگێڕ

کور کردن وخۆ ڕاخستن، وکەستان باڵەکانی ڕا نەخات وەك ڕاخستنی سەگ»[١]. جا نەبێت نوێژ خوێن هەر دو باڵی دور بخاتەوە لە یەکتر ولە زەوی بەرزیان بکاتەوە وخۆی نەچوێنێ بە ئاژەڵ.

٦. زۆر یاری کردن لە نوێژ دا: لە بەر ئەوەی سەرقاڵ بونی دڵـی تێدایـە کـە دژی خشوعە، خشوعیش داواکراوە لە نوێژدا.

٧. دەست گرتن لە سەر کەمەر وناو قەد: لـە بـەر فەرمودەکـەی ئـەبو هـورەیرە ﷺ: «نُهِي أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ مُخْتَصِرًا» «ڕێ گری کراوە موسڵمان دەست لـە سـەر ناو قەد بگرێت»[٢]. نـاو قـەد وکەمـەر ئەوەیـە ئەکەوێتـە سـەروی سمت وڕانـەوە. عائیشەش ﷺ هۆکاردکەی بەوە دەهێنێتەوە کە جولەکە وا دەکەن[٣].

٨. شۆڕ کردنەوە «السدل»، وداپۆشینی دەم لە ناو نوێـژدا: چـونکە «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنِ السَّدْلِ فِي الصَّلَاةِ، وَأَنْ يُغَطِّيَ الرَّجُلُ فَاهُ» «پەیامبەر ﷺ نـەهی کردوە لە شۆڕکردنەوە لە نوێژ دا، هـەروەها مـرۆڤ دەمـی داپۆشـێت»[٤]، «السـدل» ئەوەیە جلەکەی بدات بە سەر شانی دا ودیوەکانی نەگێڕێتـەوە بـۆ سـەر شـانەکانی [واتە: دیوی ڕاستی نەداتەوە بەسەر شانی چەپ دا...] وتراویشە: شۆڕ کردنەوەی جل وبەرگە تا دەگاتە ئەرز، لە سەر ئەمەش بێت بە واتای «الإسبال- شۆڕ کردنەوەی جل وبەرگ بۆ خوار قوله پێ» دێت.

---

(١) أخرجه البخاري (٨٢٢).
(٢) أخرجه البخاري (١٢٢٠).
(٣) روى ذلك عنها مسروق. أخرجه البخاري في صحيحه (٣٤٥٨).
(٤) أخرجه أبو داود(٦٤٣)، والترمذي(٣٧٩)، وحسنه الألباني في «صحيح سنن الترمذي» (٣١٢).

٩. موافەقەکردنی پێشەوا، چونکە دژی ئەو شوێن کەوتنەیە داوای لێ کراوە، هەروەها ئەو پێش برکێ حەرامەی لێ نەوەشاوەتەوە کە پەیامبەر ﷺ دەیفەرموێ: «أَمَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ، أَوْ: لَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ، إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ قَبْلَ الْإِمَامِ، أَنْ يَجْعَلَ اللهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ، أَوْ يَجْعَلَ اللهُ صُورَتَهُ صُورَةَ حِمَارٍ» «ئایا کەس لە ئێوە ناترسێت کە سەری پێش پێشەوا بەرز کردەوە خوا سەری بکات بە سەری گوێ درێژ یا وێنەی بکاتە وێنەی گوێ درێژ»[١]، کەواتە کارەکەی بە مەکرووهی دەمێنێتەوە چونکە لە نێوان حەلاڵ بون وحەرام بون دایە.

١٠. **پەنجە کردن بە ناو یەك دا:** چونکە پەیامبەر ﷺ نەهی کردوە کەسێك دەست نوێژ بگرێت وبێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ وئەمە بکات[٢]، جا لە نوێژ بێت لە پێشترە مەکروه بێت، بەڵام پەنجە کردن بە یەك دا لە دوای نوێژ کەراهەتی تێدا نیە، با لە مزگەوتیش بێت چونکە پەیامبەر ﷺ کردویەتی وەك لە چیرۆکی کابرای خاوەن دو دەست دا هاتوە[٣].

١١. گرتنەوەی قژ وجل وبەرگ «الكَفّ»: لە بەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما: «فەرمان کرا بە پەیامبەر ﷺ کە لە سەر حەوت ئەندام سوژدە ببات، هەروەها جل وبەرگ وقژی نەگرێتەوە»[٤]. «الكَفّ»یش بە واتای کۆ کردنەوە دێت، یانی: با کۆی نەکاتەوە ونەینات بە یەك، ئەکرێ بە واتای گرتنەوەش بێت، یانی: با

---

(١) أخرجه البخاري (٦٩١)، ومسلم (٤٢٧).
(٢) أخرجه الحاكم (٢٠٦/١) وصححه، وافقه الذهبي، وافقهما الألباني «الإرواء» (١٠٢/٢).
(٣) أخرجه البخاري (٤٨٢)، ومسلم (٥٧٣).
(٤) أخرجه البخاري (٨١٥)، ومسلم (٤٩٠).

نەیگرێتەوە وشۆڕی بکاتەوە لە کاتی کڕنوش دا، هەمو ئەمانەش گاڵتە جاڕیە ودژی خشوعە لە نوێژ دا.

١٢. نوێژ کردن بە ئامادە بونی خواردن، یا بە تەنگە تاوی: لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا صَلَاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ وَلَا وَهُوَ يُدَافِعُهُ الْأَخْبَثَانِ» «نوێژ نیە بە ئامادە بونی خواردن، هەروەها لە کاتی تەنگە تاوی دا»[1]. کەراهەتی نوێژ کردنیش بە ئامادە بونی خواردن بەو مەرجەیە ئارەزوی بکات، وبتوانێت بیخوات، وئامادە بێت لە بەردەمی دا، جا ئەگەر ئامادە بو بەڵام بە ڕۆژو بو یا تێر بو ئارەزوی نەدەکرد یا نەیدەتوانی لێی بخوات لەبەر ئەوەی زۆر گەرمە، لە هەمو ئەمانەدا کەراهەتی نیە -ئامادەش بو- نوێژ بکات.

سەبارەت بە هەر دو پیسەکە: بریتیە لە میز وپیسی. ئەهیش کراوە لە هەمو ئەمانە چونکە دڵی نوێژ خوێن سەرقاڵ دەکەن ومێشکی پەرتەوازە دەکەن وئەمەش دژی خشوعە لە نوێژ دا. لەوانەشە زیانی پێ بگات بە گرتنەوەی میز وپیسی وگل دانەوەیان.

١٣. سەر بەرز کردنەوە بۆ ئاسمان: لە بەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي الصَّلَاةِ، أَوْ لَتُخْطَفَنَّ أَبْصَارُهُمْ» «خەڵکانێك یا واز دەهێنن لە سەر بەرز کردنەوە بۆ ئاسمان لە نوێژ دا یا خوا لە پڕ دا چاویان دەباتەوە»[2].

(١) أخرجه مسلم (٥٦٠).
(٢) أخرجه مسلم (٤٢٩).

پرسی نۆیەم: حوکمی نوێژ نەکەر:

هەر کەس واز لە نوێژ بهێنێت وەکو نکوڵی لە واجب بونی، ئەوە بێ باوەڕ وهەڵ گەڕاوەیە، چونکە خوا وپەیامبەر ﷺ وکۆ دەنگی موسڵمانانی بە درۆ خستۆتەوە.

بەڵام کەسێك نەیکات لە بەر کەمتەرخەمی وتەمبەڵی: لەمەش دا ئەوەی ڕاستە هەر بێ باوەڕە ئەگەر بەردەوام ویەك جارەکی نەیکات، لە بەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾ [التوبة:١١] «ئەگەر تەوبەیان کرد ونوێژیان ئەنجام دا وزەکاتیان بەخشیەوە ئەوە براتانن لە دین دا». ئەمە بەلگەیە لە سەر ئەوەی ئەگەر مەرجی نوێژ کردنیان بە جێ نەهێنا ئەوا موسڵمان نین ولە دین دا برامان نین، ولە بەر ئەو فەرمودەی پەیامبەر ﷺ: «الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ» «ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمە وئەوان دا هەیە نوێژە، جا هەر کەس وازی لێ بهێنێت کوفری کردوە»[1]. هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلَاةِ» «نێوانی مرۆڤ لەگەڵ شیرك وکوفر دا واز هێنانە لە نوێژ»[2].

---

(١) أخرجه الترمذي (٢١٢٦). والنسائي (٢٣١/١)، وأحمد (٣٤٦/٥)، والحاكم (٦/١، ٧). قال الترمذي: «حسن صحيح غريب»، وصححه الحاكم ووافقه الذهبي، وهو في «صحيح الترمذي ٢١١٣».

(٢) أخرجه مسلم (٨٢).

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی نوێژی سوننەتەوە

مەبەستیش لە سوننەت: هەمو پەرستنێکە واجب نەبێت.

چەند پرسێکیشی تێدایە:

پرسی یەکەم: فەزڵی نوێژی سوننەت، وحیکمەت لە شەرعی بونی:

١. **فەزڵەکەی:** نوێژی سوننەت لە باشترین پەرستشەکانە لە دوای تێ کۆشان لە پێناوی خوا وفێرخوازی، ئەمەش لە بەر بەردەوام بونی پەیامبەر ﷺ لە سەر کردنی نوێژی سوننەت، ولە بەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ اللهَ تَعَالى قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ...» «خوا ﷻ فەرمویەتی: هەر کەس دژایەتی دۆستێکی من بکات، ئەوا شەڕی لە دژ ڕا دەگەیەنم، وبەندەکەم لێم نزیك نابێتەوە بە شتێك خۆشەویست تر بێت لە لام وەك فەرزەکان، وبەردەوام بەندەکەم لێم نزیك دەبێتەوە بە سوننەتەکان تا خۆشم دەوێت»[1].

٢. **حیکمەت لە دانانی:** خوا ﷻ سوننەتەکانی داناوە وەك ڕەحمەتێك بە بەندەکانی، جا بۆ هەر فەرزێك سوننەتێکی لە جۆر (ڕەگەز)ی خۆی بۆ داناوە تا ئیماندار بە هۆیەوە ئیمانی زیاتر بێت وپلەی بەرز تر بێت، وفەرزەکانیشی پێ تەواو بکرێت وببێتە جێگرەوەی لە قیامەت، چونکە فەرزەکان کەم وکورتی بە سەردا دێت،

---

(١) أخرجه مسلم (٨٢).

وەك لە فەرموودەکەی ئەبو هوورەیرەدا ﷺ هاتوە، لـە پەیامبـەرەوە ﷺ: «إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ يَوْمَ الْقِيامَةِ الصَّلاةُ [الْمَكْتُوبَةُ]، فَإِنْ أَتَمَّها وَإِلَّا قِيلَ: انْظُرُوا هَلْ لَهُ مِنْ تَطَوُّعٍ ؟ فَإِنْ كانَ لَهُ تَطَوُّعٌ أُكْمِلَتِ الْفَرِيضَةُ مِنْ تَطَوُّعِهِ، ثُمَّ يُفْعَلُ بِسائِرِ الأَعْمَالِ الْمَفْرُوضَةِ مِثْلُ ذَلِكَ» «یەکەم شتێك لە قیامەت دا کە لە سەری لـێ پرسینەوە لە گەڵ موسڵمان دەکرێت، نوێژە فەرزەکانە، جا ئەگەر تەواو وکامڵ بو، ئەوا باشە، وەگەرنا ئەوترێت: تەماشا بکەن بزانن سوننەتی هەیە؟ ئەگەر هەیبو فەرزەکـەی پێ تەواو دەکرێت، پاشان لە گەڵ سەرجەم کارە فەرزەکانی تردا ئاوها دەکرێت»[1].

پرسی دووەم: لە بارەی بەشەکانی نوێژی سوننەوە:

نوێژی سوننەت دو جۆرە:

جۆری یەکەم: ئەو سوننەتانەیە کاتێکی دیاری کراوی هەیە، پێشی دەوترێت: سوننەتی «المُقَيَّد»، وهەیانە لەگەڵ فەرزەکان دایە وەکو سوننەتە ڕاتیبەکان (الرواتب)، هەشیانە وا نیە وەك نوێژی وتر وچێشتەنگاو وخۆر گیران.

جۆری دووەم: ئەو سوننەتانەیە نە بەستراوە بە کاتێکی دیاری کراوەوە.

جۆری یەکەمیش چەندین جۆرە، وهەندێکیشیی لە هەندێکی تەئکید کراو ترە، لـە هەمویشی جەخت کراو تر خۆر گیرانە، پاشان ویتر، دوای ئـەوە نوێـژە بارانـە، ئینجـا نوێژی تەراویح.

بەڵام جۆری دووەم بە شەو بەردەوام دروستە، لە ڕۆژیش دا دروستە جگـە لـە کاتـە نەهی لێ کراوەکان. نوێژی شەویش لە نوێژی ڕۆژ باشترە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٦٨٤)، والنسائي (٤٦٦، ٤٦٧)، وابن ماجه (١٤٢٥) قال البغوي «شرح السنة» (١٥٩/٤): «حديث حسن»، وهو في «صحيح النسائي» (٤٥١-٤٥٣)، واللفظ لابن ماجه [وفي الموضع المشار إليه الزيادة المثبتة].

پرسی سێیەم: ئەو نوێژە سوننەتانەی بە کۆمەڵ بکرێت سوننەتە:

سوننەتە نوێژی جەماعەت بکرێت بۆ: تەراویح، وداوای باران بارین، وخۆر گیران.

پرسی چوارەم: ژمارەی ڕەواتبەکان:

ڕەواتب کۆی ڕاتبە، واتا: بەردەوامی هەمیشەیی، ئەمانەش لەگەڵ فەرزەکان دان، سودی ئەم ڕاتبانە ئەوەیە کەم وکورتی فەرزەکان پڕ دەکەنەوە، وەك پێشتر ڕون کرایەوە.

ژمارەشیان دە ڕکاتە، وەك لە فەرمودەکەی ئیبن عومەردا ﷺ هاتوە: «حَفِظْتُ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ عَشْرَ رَكَعَاتٍ؛ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعِشَاءِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلَاةِ الصُّبْحِ، كَانَتْ سَاعَةً لَا يُدْخَلُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ فِيهَا. حَدَّثَتْنِي حَفْصَةُ: أَنَّهُ كَانَ إِذَا أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ، وَطَلَعَ الْفَجْرُ، صَلَّى رَكْعَتَيْنِ» «دە ڕکاتم لە پەیامبەرەوە ﷺ لە بەر کردوە وفێری بوم: دو ڕکات پێش نیوەڕۆ، دو ڕکاتیش لە پاشی، دو ڕکات دوای مەغریب لە ماڵی خۆی دا، دو ڕکاتیش دوای عیشا لە ماڵی خۆی دا، دو ڕکاتیش پێش نوێژی بەیانی، لەو کاتانەش دا کەس نە دەچوە خزمەتی، حەفسە بۆی گێڕامەوە کە دوای بانگ ودەرچونی سپێدە دو ڕکات نوێژی دەکرد»[١].

وتەئکید لە سەر کراوە دەرحەق موسڵمان پارێزگاری بکات لە سەر دوانزە ڕکات، لە بەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّي لِلهِ تعالى كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا غَيْرَ فَرِيضَةٍ، إِلَّا بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ - أَوْ إِلَّا بُنِيَ لَهُ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ» «هیچ موسڵمانێك نیە هەمو ڕۆژێك دوازدە ڕکات نوێژ بکات مەگەر خوای

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١١٨٠، ١١٨١) [واللفظ له]، ومسلم (٧٢٩).

گەورە ماڵێکی لە بەهەشت دا بۆ دروست دەکات»[١]. ئەمەش هەر ئەوەی پێشوە تەنها پێش نیوەڕۆ چوار ڕکاتە، وەك لە زیادەیەکی تورمزیدا هاتوە لە فەرمودەکەی ئوم حەبیبەی پێشو ﷺ: «أَرْبَعًا قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعِشَاءِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلَاةِ الْفَجْرِ صَلَاةِ الْغَدَاةِ» «چوار ڕکاتە پێش نیوەڕۆ، ودوان لە پاشی، ودوان پاش مەغریب، ودوان پاش عیشا، دوان لە پێش نوێژی بەیانی»[٢]. هەروەها لە بەر ئەو فەرمودەیەی کە لە صەحیحدا هاتوە لە عائیشەوە: «پەیامبەر ﷺ چوار ڕکاتەکەی پێش نوێژی نیوەڕۆی واز لێ نەدەهێنا»[٣].

وتەئکید کراو ترینی ڕەواتبەکان: دو ڕکاتەکەی پێش نوێژ بەیانیە، لە بەر ئەو فەرمودیەی پەیامبەر ﷺ کە ئەفەرموێ: «رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا» «دو ڕکاتەکەی بەیانی لە دونیا وئەوەشی تێیدایە باشترە»[٤]. ولە بەر فەرمودەکەی عائیشە ﷺ لە بارەی ئەو دو ڕکاتەوە: «وَلَمْ يَكُنْ يَدَعُهُمَا أَبَدًا» «هەرگیز وازی لێ نەدەهێنا»[٥].

پرسی پێنجەم: حوکمی ویتر وفەزڵەکەی وکاتەکەی:

حوکمەکەی: سونەتێکی تەئکید کراوە، پەیامبەر ﷺ هانی لە سەر داوە، وەك ئەفەرموێ: «إِنَّ اللهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الوِتْرَ» «خوا تاکە، ویتر (تاك)ی پێ خۆشە»[٦]. هەروەها

(١) أخرجه مسلم (٧٢٨) من حديث أم حبيبة ﷺ.
(٢) «جامع الترمذي ٤١٥». وقال: «حسن صحيح»، وهو في «صحيح سنن الترمذي» (٨٣٣، ٨٣٩).
(٣) أخرجه البخاري (١١٨٢).
(٤) أخرجه مسلم (٧٢٥).
(٥) أخرجه البخاري (١١٥٩).
(٦) أخرجه البخاري (٦٤١٠)، ومسلم (٢٦٧٧).

ئەفەرموێ ﷺ: «يا أهلَ القُرآنِ أوْتِرُوا؛ فإنَّ الله وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْر» «ئەی قورئان خوێنان ویتر بکەن، خوا ویترە ویتری پێ خۆشە»[١].

کاتەکەشی: نێوان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە بە کۆ دەنگی زانایان، لە بەر کردەوەی پەیامبەر ﷺ خۆی، وفەرمایشتیشی: «إِنَّ اللهَ تَعَالَى قَدْ أَمَدَّكُمْ بِصَلاةٍ، وَهِيَ خَيْرٌ لَكُمْ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ، وَهِيَ الْوِتْرُ، فَجَعَلَهَا لَكُمْ فِيمَا بَيْنَ الْعِشَاءِ إِلَى طُلُوعِ الْفَجْرِ» «خوا ﷻ نوێژێکی بۆ زیاد کردون، کە لە بە نرخ ترین ماڵ «وشتر، سورە» باشترە بۆتان، ئەویش نوێژی ویترە، خستویەتی نێوان نوێژی عیشا ودەرچونی سپێدەوە»[٢].

کە سپێدە دەرچو ئیتر وتر نامێنێت، لە بەر فەرمودەی: «صَلاَةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً، تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى» «شەو نوێژ دو ڕکات دو ڕکاتە، جا ئەگەر کەسێکتان ترسا سپێدە دەر بچێت، یەك ڕکات دەکات، ئەبێتە ویتری نوێژەکانی»[٣]. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی نەمانی کاتی ویتر بە دەرچونی سپێدە دەبێت.

حافز ئیبن حەجەر دەڵێت: «وڕاشکاو تر لەمە ئەوەیە کە ئەبو داود ونەسائی دەگێڕنەوە وئەبو عەوانە وجگە لەویش بە صحیحان داناوە... کە ئیبن عومەر ﷺ ئەیوت: «مَنْ صَلَّى مِنَ اللَّيْلِ فَلْيَجْعَلْ آخِرَ صَلاَتِهِ وِتْرًا فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَأْمُرُ بِذَلِكَ، فَإِذَا كَانَ الْفَجْرُ فَقَدْ ذَهَبَ كُلُّ صَلاَةِ اللَّيْلِ وَالْوِتْرِ» «هەر کەس شەو

---

(١) أخرجه أبو داود (١٤١٦)، وصححه الألباني في التعليق على «صحيح ابن خزيمة» (١٠٦٧).

(٢) أخرجه أبو داود (١٤١٨)، والترمذي (٤٥٢)، والحاكم (٣٠٦/١) وصححه وافقه الذهبي. وقال الألباني: «صحيح دون قوله: «هي خير لكم من حمر النعم» «صحيح الترمذي» (٣٧٣).

(٣) أخرجه البخاري (٩٩٠).

نوێژی کرد با ویتر بخاتە کۆتاییەکەی، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرمانی بەوە دەکرد، کە سپێدەش دەرچو ئیتر شەو نوێژ ویتریش نامێنێت»»[1].

ونوێژی ویتریش لە کۆتایی شەو دا باشترە لە سەرەتاکەی، بەڵام سوننەتە پێش بخرێت بۆ کەسێك زانی کۆتایی شەو بە خەبەر نایەت، ئەگەریش زانی بە خەبەر دێت سوننەتە دوا بخرێت، لە بەر فەرمودەکەی جابر ﷺ کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ خَافَ أَنْ لَا يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ، وَمَنْ طَمِعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ فَإِنَّ صَلَاةَ آخِرِ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ، وَذَلِكَ أَفْضَلُ» «هەر کەس ترسا کۆتایی شەو دا بە خەبەر نەیەت، ئەوا با سەرەتاکەی ویتر بکات، هەرکەسیش بە تەمای کۆتایی شەو بو ئەوا با کۆتایی شەو ویتر بکات، چونکە نوێژی کۆتایی شەو فریشتەکان ئامادەی دەبن، وئەوەش چاکترە»[2].

پرسی شەشەم: شێوازی ویتر وژمارەی ڕکاتەکانی:

ویتر لای کەمەکەی یەك ڕکاتە، لە بەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر وئیبن عەبباس ﷺ ئەیدەنە پاڵ پەیامبەر ﷺ: «الوِتْرُ رَكْعَةٌ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ» «ویتر ڕکاتێکە لە کۆتایی شەو»[3]، ولە بەر فەرمودەکەی ئیبن عومەری پێشو ﷺ: «یەك ڕکات دەکات ئەبێتە ویتری نوێژەکانی».

---

(١) «فتح الباري» (٥٥٧/٢) [انظر: أحمد (٦٤٤٦)، الترمذي (٤٧٩)، وابن خزيمة (١٠٩١)، والحاكم (٣٠٢/١)، وعبد الرزاق (٤٦٤٦)، والبيهقي (٤٧٨/٢)].

(٢) أخرجه مسلم (٧٥٥).

(٣) أخرجه مسلم (٧٥٣، ٧٥٢).

دروستە بە سێ ڕکاتیش بکرێت، لە بەر فەرموودەکەی عائیشە ﵂ کە پەیامبەر ﷺ چوار ڕکاتی(١) دەکرد مەپرسە لە جوانی ودرێژیەکەی پاشان چواری تری دەکرد مەپرسە لە جوانی ودرێژیەکەی، پاشان سێ ڕکاتی دەکرد»(٢).

دروستیشە ئەم سیانە بە دو سەلام بکرێت، چونکە عەبدوڵای کوڕی عومەر ﵄ لە دوەم دا سەلامی دەدایەوە بۆ فەرمان کردن بە هەندێك پێداویستی خۆی(٣). ودروستیشە پێکەوە بکرێت بە یەك تەحیات وسەلامێك، لە بەر فەرموودەکەی عائیشە ﵂ ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ سێ ڕکات ویتری دەکرد دانەدەنیشت تەنها لە کۆتایی نەبێت(٤). بەڵام بە دو تەحیات وسەلامێك ناکرێت بۆ ئەوەی لە نوێژی مەغریب نەچێت وپەیامبەریش نەهی لەوە کردوە(٥).

ودروستیشە ویتر بە حەوت ڕکات وبە پێنجیش بکرێت، دانانیشێت لە کۆتاییەکەی نەبێت، لە بەر فەرموودەکەی عائیشە ﵂: «پەیامبەر ﷺ سیانزە ڕکات شەو نوێژی دەکرد، پێنجیانی دەکردە ویتر، دا نەدەنیشت تەنها لە کۆتاییەکەی نەبێت»(٦). ولە بەر فەرموودەکەی ئوم سەلەمە ﵂: «پەیامبەر ﷺ حەوت یا پێنج ڕکات ویتری دەکرد، نە سەلامی تێدا دەدایەوە ونە قسەی تێدا دەکرد»(٧).

---

(١) [مەبەستی دو دوە، بۆیەش ئەڵێ چوار، چونکە دوای چوار ڕکات شەکەتی دەر کردوە]
(٢) أخرجه مسلم (٧٣٨).
(٣) أخرجه البخاري (٩٩١).
(٤) أخرجه النسائي (١٦٩٨)، والبيهقي (٢٨/٣) واللفظ له، والحاكم (٣٠٤/١) وصححه على شرط الشيخين، وافقه الذهبي، وإسناد النسائي حسن، والبيهقي صحيح. انظر: «المجموع ١٧/٤».
(٥) أخرجه الدارقطني (٢٤/٢) وقال: «كلهم ثقات»، والبيهقي (٣١/٣) والحاكم (٣٠٤/١) وصححه على شرط الشيخين، وافقه الذهبي. «وإسناده على شرط الشيخين» «الفتح» (٥٥٨/٢).
(٦) أخرجه مسلم (٧٣٧).
(٧) أخرجه ابن ماجه (١١٩٢)، وصححه الألباني في «صحيح سنن ابن ماجه» (٩٨٠).

پرسی حەوتەم: ئەو کاتانەی نەهی کراوە سوننەتی تێدا بکرێت:

هەندێك کات هەیە نوێژی سوننەت کردن تێیدا نەهی لێ کراوە -مەگەر ئەوەی هەڵاوێر کراوە- کە بریتین لە پێنج کات:

یەکەم: لە دوای نوێژی بەیانیەوە تا خۆر دەرچون، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا صَلَاةَ بَعْدَ صَلَاةِ الْفَجْرِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ» «لە دوای نوێژی بەیانیەوە نوێژ نیە هەتا دەرچونی خۆر»[١].

دوەم: لە دەرچونی خۆرەوە تا بەرز بونەوەی بە ئەندازەی ڕمێك لە پێش چاودا کە نزیکەی مەترێك دەکات، ئێستاش دەکاتە نزیکەی چارەك یا سێ یەکی سەعاتێك، جا هەر کە خۆر بەرز بویەوە بە قەد ڕمێك ئیتر کاتی نەهی کۆتایی پێ هاتوە، چونکە پەیامبەر ﷺ بە عەمری کوڕی عەبەسەی فەرمو: «صَلِّ صَلَاةَ الصُّبْحِ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلَاةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ» «نوێژی بەیانی بکە پاشان واز بهێنە لە نوێژ کردن تا خۆر دەر دەچێت»[٢]. ولە بەر فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی عامر ﷺ کە دێت.

سێیەم: کە خۆر هاتە نێو جەرگەی ئاسمان تا دەست دەکات بە لادان بەرەو ڕۆژ ئاوا وکاتی نوێژی نیوەڕۆ دێت، لە بەر فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی عامر ﷺ: «ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَزُولَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ» «سێ کات پەیامبەر ﷺ نەهی لێ دەکردین نوێژی تێدا

---

(١) أخرجه البخاري (٥٨٦)، ومسلم (٨٢٧)، واللفظ لمسلم.
(٢) أخرجه مسلم (٨٣٢).

بکەین ومردوی تێدا بنێژین: ئەو کاتەی خۆر هەڵ دێت تا بەرز دەبێتەوە، وئەو کاتەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان ڕادەوەستێت تا دەست دەکات بە لادان، وئەو کاتەی خۆر خوار دەبێتەوە بۆ ئاوا بون»[1].

چوارەم: لە نوێژی عەسرەوە تا خۆر دەست دەکات بە ئاوا بون، لە بەر فەرمودەی: «لَا صَلَاةَ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَرْتَفِعَ الشَّمْسُ، وَلَا صَلَاةَ بَعْدَ الْعَصْرِ حَتَّى تَغِيبَ الشَّمْسُ» «لە دوای نوێژی بەیانی تا خۆر بەرز دەبێتەوە نوێژ نیە، هەروەها دوای عەسریش تا خۆر ئاوا دەبێت»[2].

کاتی پێنجەم: کە دەستی کرد بە ئاوا بون تا ئاوا دەبێت، وەك لە فەرمودەکە باس کرا.

کەواتە ئەم پێنج کاتە لە سێ کات دا کورت هەڵ هاتوە کە بریتیە لە:

دوای نوێژی بەیانی تا بەرز بونەوەی خۆر بە ئەندازەی ڕمێك، وکاتێك خۆر دێتە ناو جەرگەی ئاسمان تا لا دەدات، ودوای نوێژی عەسر تا خۆر ئاوا دەبێت.

سەبارەت بەوەی حیکمەت چیە نەهی لە نوێژ کراوە لەم کاتانەدا: پەیامبەر ﷺ باسی بۆ کردوین کە بێ باوەڕان خۆر دەپەرەستن لە کاتی دەرچونی وئاوا بونی دا، بۆیە نوێژی موسڵمان لەو کاتانە دا خۆ چواندنی تێدایە بەوان، ئەوەتا لە فەرمودەکەی عەمری کوڕی عەبەسە رضي الله عنه هاتوە[3]: «فَإِنَّهَا -أي: الشمس- تَطْلُعُ حِينَ تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ... فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ» «چونکە خۆر ئەو کاتەی هەڵ دێت لە نێوان شاخەکانی شەیتان هەڵ

---

(١) أخرجه مسلم (٨٣١).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٨٦)، ومسلم (٨٢٧) [تقدم قريبًا].

(٣) أخرجه مسلم (٨٣٢) وقد تقدم.

دێت، ئیتر بێ باوەڕان کڕنوشی بۆ دەبەن... چونکە لەو کاتە دا لـە نێـوان شـاخەکانی شەیتان دا ئاوا دەبێت، ئیتر بێ باوەڕان کڕنوشی بۆ دەبەن».

ئەمە سەبارەت بە کاتی دەرچونی خۆر وئاوا بونی، بەڵام کاتی بەرز بونەوەیی وهاتنە ناو جەرگەی ئاسمان، ئەوە پەیامبەری خوا ﷺ هۆکارەکەی لـە فـەرمودەی پێشـو ڕون کردۆتەوە: «فَإِنَّ حِينَئِذٍ تُسْجَرُ جَهَنَّمُ» «چونکە ئەو کاتە دۆزەخ گڕ وتاو دەدرێت».

جا دروست نیە نوێژی سوننەت بکرێت لـەم کاتانـەدا مەگـەر بەڵگـە هاتبێـت بـە هەڵاوێر کردنی، وەك دو ڕکاتی تەواف کردن، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ! لَا تَمْنَعُوا أَحَدًا طَافَ بِهَذَا الْبَيْتِ، وَصَلَّى أَيَّةَ سَاعَةٍ شَاءَ، مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ» «ئەی نەوەی عەبد موناف! ڕێ گر مەبن لە هەر کەس سوڕایەوە بە دەوری کەعبە دا ونوێژی تێدا کرد لە هەر کـاتێکی شـەو یـا ڕۆژ دا»[1]. هـەروەها قـەزا کردنـەوەی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی، وقەزا کردنەوەی نیوەڕۆ دوای عەسر، بە تایبـەت ئەگـەر پێکەوە کۆی کردنەوە، هەروەها ئەو نوێژانەی کـە سـەبەب دارە، وەك نوێـژی مـردو، وسڵاوی مزگەوت، ونوێژی خۆر گیران، هەروەها قەزا کردنەوەی نوێژە لە دەست چوەکان لەم کاتانەدا، لەبـەر فەرمایشـتەکەی پەیامبـەر ﷺ: «مَنْ نَامَ عَنْ صَلَاةٍ أَوْ نَسِيَهَا، فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا» «هەر کەس نوێژێکی نەکرد خەوی لێ کەوت یا لـە بـیری چـوەوە ئەوا کەی هاتە بیری ئەنجامی دەدات»[2].

هەروەها چونکە فەرزەکان قەرزن پێوستە ئەنجام بدرێن، جا کەی هاتە بیری ئەنجامی دەدات.

---

(١) أخرجه أبو داود (١٨٩٤)، والترمذي (٨٦٨)، وقال: حسن صحيح. وابن ماجه (١٢٥٤)، والحاكم (٤٤٨/١) وصححه، ووافقه الذهبي، وصححه الألباني كما في «صحيح ابن ماجه ١٠٣٦».

(٢) أخرجه مسلم (٦٨٤).

دەروازەی شەشەم

لە بارەی سوژدەی سەهو، وقورئان خوێندن، وشوکرانە بژێریەوە

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: دروستێتی سوژدەی سەهو وهۆکارەکانی:

مەبەست لێی: ئەو کڕنوشەیە کە داوا کراوە ببرێت لە کۆتایی نوێژدا بۆ قەرەبو کردنەوەی کەم وکورتیەك، یا زیادەیەك، یا گومانێك لە نوێژەکەدا.

سوژدەی سەهویش دروستە لە بەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا نَسِيَ أَحَدُكم فَلْيَسْجُد سَجْدَتَيْنِ» «ئەگەر کەسێکیتان لە نوێژەکەی دا شتێکی لە بیر چو، با دو سوژدە ببات»[1]. زانایانیش کۆکن لە سەر دروستێتی سوژدەی سەهو.

هۆکارەکانیشی سیانە: زیاد کردن، کەم کردن، گومان بون.

پرسی دوەم: کەی واجب دەبێت:

سوژدەی سەهو واجب دەبێت لەم حاڵەتانەی خوارەودا:

١. ئەگەر کارێك زیاد بکات لە ڕەگەزی نوێژ، وەك ئەوەی ڕکوعێك یا سوژدەیەك یا وەستانێك یا دانیشتنێك زیاتر بکات با بە ئەندازەی دانیشتنی «شەکەتی دەر کردن= جلسة الاستراحة»ش بێت، لە بەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود رضي الله عنه: «پەیامبەر ﷺ پێنج ڕکاتی بۆ کردین، کە سەلامی دایەوە ورتە ورتە لە ناو خەڵك

(١) أخرجه أبو داود (١٨٩٤)، والترمذي (٨٦٨)، وقال: حسن صحيح. وابن ماجه (١٢٥٤)، والحاكم (١/٤٤٨) وصححه، وافقه الذهبي، وصححه الألباني كما في «صحيح ابن ماجه» (١٠٣٦).

دا دروست بو، فەرموی: «ما شأنكم؟» چیتانەوە؟ وتیان: ئەی پەیامبەری خوا! ئایا نوێژ زیاد کراوە؟ فەرموی: نەخێر، وتیان: جەنابتان پێنج ڕکاتتان کرد، ئەوەبو گەڕایەوە ودو سوژدەی برد وپاشان سەلامی دایەوە، ئینجا فەرموی: «إِنَّما أنا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ، فَإِذَا نَسِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ» «منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە شتم لە بیر دەچێت چۆن ئێوە شتتان لە بیر دەچێت، جا ئەگەر کەسێکتان لە بیری چو با دو سوژدە ببات»[1]. جا ئەگەر زانی زیاتری کردوە وهێشتا لە نوێژ دا بو، ئەوا واجبە لە سەری کەی زانی [وازی لێ بهێنیت] ئەگەر تەنانەت لە ڕکوعیشدا بێت، چونکە ئەگەر بەردەوام بێت لە سەر زیادەکە وبشزانێت ئەوا شتێکی لە نوێژ دا زیاد کردوە بە ئەنقەست وشتی واش دروست نیە.

٢. یا سەلام بداتەوە پێش تەواو کردنی نوێژەکەی، لە بەر فەرمودەکەی عیمرانی کوری حوصەین ﵁: «پەیامبەری خوا ﷺ لە نوێژی عەسر، لە سێیەم ڕکات دا سەلامی دایەوە، پاشان هەستا وچوە حوجرەکەیەوە، پیاوێکی دەست درێژیش هەستا وتی: نوێژ کورت بۆتەوە؟ ئەوەبو پەیامبەری خوا ﷺ هاتە دەردوە وئەو ڕکاتەی کرد کە لە بیری چو بو، پاشان سەلامی دایەوە وپاشان دو ڕکات سوژدەی سەهوی برد وئینجا سەلامی دایەوە»[2].

٣. یا واجبێك واز لێ بهێنێت، لە بەر فەرمودەکەی ئیبن بوحەینە ﵁ ئەڵێ: «لە یەکێك لە نوێژەکاندا پەیامبەر ﷺ دو ڕکاتی بۆ کردین پاشان هەستایەوە ودانەنیشت، خەڵکیش لەگەڵیدا هەستایەوە، کە لە تەحیات بویەوە چاوەڕێی

---

(١) أخرجه مسلم (٥٧٢).

(٢) أخرجه مسلم (٥٧٤).

سەلامدانەوەمان دەکرد، «الله أكبر»ی کرد وەهەر بە دانیشتنەوە دو سوژدەی برد، پاشان سەلامی دایەوە»[١]. ئەمەی فەرموودەکە لەبارەی نەکردنی تەحیاتی ناوەڕاستەردیە، جا واجبەکانی تریش قیاس دەکرێتە سەری، وەك نەکردنی تەسبیحاتەکان لە ڕکوع وسوژدەدا، هەروەها نەوتنی: «رَبِّ اغْفِرْ لِي» لە نێوان دو سوژدەکە، هەروەها «الله أكبر» کردن لە بەینەکان دا.

٤. هەروەها سوژدەی سەهو واجبە ئەگەر گومانی هەبو لە ژمارەی ڕکاتەکان ونەیزانی چەندێکی کردوە؟ ئەمەش لە ناو نوێژ دا، لە بەر ئەوەی بەشێکی نوێژەکەی ئەنجام داوە لە کاتێکدا ڕا ڕا بوە ئایا هەر بەشێکە لە نوێژەکەی یا زیادەیە، بۆیە نیەتەکەی لاواز بوە وپێویستی بە سوژدە بردنە بۆ قەرەبو کردنەوە، ئەمەش لە بەر گشتی فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَامَ يُصَلِّي جَاءَهُ الشَّيْطَانُ فَلَبَسَ عَلَيْهِ، حَتَّى لَا يَدْرِيَ كَمْ صَلَّى. فَإِذَا وَجَدَ ذَلِكَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ» «ئەگەر کەسێکتان هەستا نوێژی کرد، شەیتان دێت بۆ لای ونوێژەکەی لێ تێك دەدات تا وای لێ دەکات نازانێت چەند ڕکاتی کردوە، جا ئەگەر کەسێکتان وای لێ هات با دو سوژدە ببات هەر بە دانیشتنەوە»[٢].

لەم حاڵەتەشدا لە نێوان دو شتدایە:

- یا گومان «شَكّ»ـە وهیچ لایەکی گومانەکەی پارسەنگ نیە. لەم حاڵەتەدا لای کەمترەکە وەردەگرێت وبینای لە سەر دەکات، پاشان سوژدەی سەهو دەبات، لە

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٢٣٠)، ومسلم (٥٧٠).

(٢) أخرجه البخاري (١٢٣١)، ومسلم (٣٨٩).

بەر فەرمودەی: «إذا شكَّ أحدُكُم في صلاته فلَمْ يَدْرِ كَمْ صَلَّى ثلاثًا أمْ أربعًا، فَلْيطرَح الشَّكَّ وَلْيَبْنِ على ما استيقن. ثُمَّ يسجُدُ سجدتين قبل أنْ يُسَلِّمَ» «ئەگەر کەسێکتان گومانی هەبو لە نوێژەکەی دا ونەیزانی چەند ڕکاتی کردوە سێ یا چوار، با گومانەکەی وە لا بنێت ولە سەر دڵنیایی بونیاد بنێت، پاشان پێش سەلام دانەوە با دو سوژدە ببات»[1].

- بەڵام ئەگەر لایەکی گومانەکەی لا زاڵتر وپارسەنگ بو، ئەوە ئیشی پێ دەکات وبونیادی لە سەر دەکات، بەڵام هەر دو سوژدەی سەهو دەبات، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ لە بارەی کەسێك گومان ورِا بێت: «فَلْيَتَحَرَّ الصَّوَابَ، فَلْيُتِمَّ عَلَيْهِ -أي على التحري- ثُمَّ لِيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ» «با بە دوای ڕاستەکە بگەڕێت پاشان نوێژەکەی لە سەر بونیاد بنێت ئینجا با سەلام بداتەوە پاشان با دوای سەلام دانەوە دو سوژدە ببات»[2].

پرسی سێیەم: کەی سوژدەی سەهو سوننەتە؟

سوننەتە سوژدەی سەهو ببردرێت ئەگەر بە سەهو لە نوێژەکەیدا قسەیەکی شەرعی کرد جێگای خۆی نەبو، وەك قورئان خوێندن لە ڕکوع وسوژدە، وتەحیات خوێندن بە پێوە سەرباری وتنی زیکرە شەرعیەکانی ئەو شوێنانە، بۆ نمونە: لە گەڵ تەسبیحاتەکاندا قورئانیش بخوێنێ، ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر[3]: «إِذَا نَسِيَ أَحَدُكُم فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ» «ئەگەر کەسێکتان لە بیری چو با دو سوژدە ببات».

---

(١) أخرجه مسلم (٥٧١).
(٢) أخرجه مسلم (٥٧٢).
(٣) أخرجه مسلم (٥٧٢) إثر (٩٢).

پرسى چوارەم: شوێن وشێوازەكەی:

١. شـوێنەكەی: گومـانی تێدا نیـە كـە شـوێنی بردنـی سـوژدەی سـەهو لـە فەرمودەكاندا ئەبێتە دو بەشەوە: بەشێكیان بەڵگەن لـە سـەر ئـەوەی پـێش سـەلام دانەوەیە، وبەشەكەی تریش بەڵگەن لە سەر پاش سەلام دانەوە، هەر بۆیە هەندێك لە زانا موحەقیقەكان ئەڵێن: نوێژگەر سەر پشكە ویستی پێش سەلام دانـەوە ئـەیبات، ویستیشی دوای دەخات، چونكە فەرمودەكان بە هەردو حاڵەتەكە هاتون، بۆ یـە لـە هەر دو حاڵەتەكە پێش سەلام دانەوە یا پاش سەلام دانەوە سوژدە ببات دروستە.

٢. شێوازەكەی: كڕنوشی سـەهو دو سـوژدەیە وەك سـوژدەی نوێـژ، لـە هـەمو سوژدەیەكدا الله أكبر دەكـات بـۆ كڕنـوش وهەسـتانەوە، پاشـان سـەلام دەداتـەوە. هەندێكیش ئەڵێن: ئەگەر دوای سەلام دانـەوە بـو تـەحیاتیش دەخوێنێـت، لـە بـەر ئەوەی ئەمە لە سێ فەرمودەی پەیامبەر ﷺ هاتوە وبە هەمویەوە ئەبێتـە حەسـەن وەك حافظ ئیبن حەجەر ئەڵێ[1].

پرسى پێنجەم: سوژدەی قورئان خوێندن (سجدة التلاوة):

١. دروستێتی وحوكمەكەی: شەرعیە سـوژدە ببردرێـت لـە كـاتی خوێنـدن یـا بیستنی ئەو ئایەتانەی سوژدەی تێدایە. ئیبن عومەر ﷺ ئـەڵێ[2]: «پەیامبـەر ﷺ سوردتە سوژدە دارەكانی بە سەرماندا دەخوێند، جا سوژدەی دەبرد وئێمەش لەگەڵیـدا سوژدەمان دەبرد تەنانەت هەمان بو شوێنێكی دەست نەدەكـەوت نـاو چـاوانی تێـدا

(١) انظر: «فتح الباري» (٣/١١٩).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٠٧٦)، ومسلم (٥٧٥).

دابنێت))، وله سەر ڕای ڕاست سوننەته، واجب نیـه، جـا زەیـدی کـوڕی سـابت ﷺ ﴿والنجم﴾ی به سەر پەیامبەر ﷺ خوێند وزەید سوژدەی نەبرد[1]. کەواتـه واجـب نیه.

وشەرعیه قورئان خوێن وگوێ گر سـوژده ببـەن ئەگـەر ئایـەتێکی سـوژده داری خوێند له نوێژدا بو یا له دەردوەی، له بـەر ئـەوەی پەیامبـەر ﷺ کاتێـك ئایـەتی سوژده داری خوێندوه وای کردوه، وهەروەها له بەر سوژده بردنی هاوەڵان له گەڵیـدا وەك لـه فەرمودەکـەی ئـیبن عومـەر ﷺ بـاس کـرا: «سـوژدەی دەبـرد، ئێمـەش سوژدەمان دەبرد». بەڵگەش له سـەر ڕەوایەتی بردنی له نوێژدا ئەوەیـه کـه بوخـاری وموسلیم دەیگێڕنەوه له ئەبو ڕافعەوه ﷺ ئەڵێ[2]: نوێژی عیشام کرد لەگـەڵ ئـەبو هورەیرەدا ﷺ ئەوەبو ﴿إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ﴾ی خوێنـد وسـوژدەی بـرد، وتم: ئەمـه چیه؟ وتی: له پشتی باوکی قاسمەوه ﷺ سوژدەم تێدا بردوه، بۆیه بـەردەوام دەبم لـه سەری تا پێی دەگەمەوه». بەڵام که خوێنـەر سـوژدەی نـەبرد گـوێگریش نایبـات، چونکه گوێگر لەگەڵ خوێنەرد، هەروەها له بەر فەرمودەکەی زەیـدی کـوڕی سـابتی پێشو که زەید سوژدەی نەبرد پەیامبەریش ﷺ نەیبرد.

٢. **فەزڵەکەی:** له ئەبو هـورەیرەوه ﷺ لـه پەیامبـەرەوه ﷺ فەرمویـەتی[3]: «إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ، فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي يَقُولُ: يَا وَيْلَهُ أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ، فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ، وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ» واتـه: «ئەگـەر

---

(١) أخرجه البخاري (١٠٧٣).
(٢) أخرجه البخاري (١٠٧٨)، ومسلم (٥٧٨) واللفظ للبخاري.
(٣) أخرجه مسلم (٨١).

ئادەمیزاد سورەتە سوژدە دارەکانی خوێند وسوژدەی برد، شەیتان پشت هەڵ دەکات ودەگری، ئەڵێ: تیا بچم، ئادەمیزاد فەرمانی پێ کرا سوژدە ببات وبردی، بۆیە بەهەشتی بۆ هەیە، منیش فەرمانم پێ کرا ونەمبرد بۆیە ئاگرم بۆ هەیە»

٣. **شێوازەکەی:** تەنها یەك سوژدە دەبات، و«الله أكبر»ی بۆ دەکات، ولە سوژدەکەی ئەڵێت: «سبحان ربي الأعلى» وەك لە سوژدەی نوێژ دەیڵێت، هەروەها ئەڵێت: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي»(١). ئەگەریش بڵێ: «سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ» «ناوچەوان لە ئەرز دادەنێم بۆ ئەو پەروەردینەی دەم وچاوی خولقاندوم، بە دەسەڵات وتوانای خۆی بیستن وبینای پێ کەردم کردوم»(٢) ئەوە هیچی تێدا نیە.

٤. **شوێنەکانی سوژدەی قورئان خوێندن لە قورئاندا:**

شوێنەکانی سوژدەی قورئانی پیرۆز پانزە شوێنە، بەم ڕیزبەندیەی خوارەوە:

١. کۆتایی سورەتی «الأعراف» ئایەتی ژمارە (٢٠٦).

٢. سورەتی «الرعد» ئایەتی ژمارە (١٥).

٣. سورەتی «النحل» ئایەتی ژمارە (٤٩-٥٠).

٤. سورەتی «الإسراء» ئایەتی ژمارە (١٠٧-١٠٩).

٥. سورەتی «مريم» ئایەتی ژمارە (٥٨).

---

(١) [أخرجه البخاري (٤٩٦٨) ومسلم (٤٨٤)].

(٢) أخرجه الترمذي (٥٨٥)، وقال: «حسن صحيح»، وهو في «صحيح الترمذي» (٤٧٤).

٦. لە سەرەتای سورەتی «الحج» ئایەتی ژمارە (١٨).

٧. لە کۆتایی سورەتی سورەتی «الحج» ئایەتی ژمارە (٧٧).

٨. سورەتی «الفرقان» ئایەتی ژمارە (٧٣).

٩. سورەتی «النمل» ئایەتی ژمارە (٢٥-٢٦).

١٠. سورەتی «السجدة» ئایەتی ژمارە (١٥).

١١. سورەتی «فصلت» ئایەتی ژمارە (٣٧-٣٨).

١٢. کۆتایی سورەتی «النجم» ئایەتی ژمارە (٦٢).

١٣. سورەتی «الانشقاق» ئایەتی ژمارە (٢٠-٢١).

١٤. کۆتایی سورەتی «العلق» ئایەتی ژمارە (١٩).

پانزەهەمینیش: بریتیە لە سوژدەی سورەتی «ص»، ئەمەش سوژدەی شوکرە، ئیبن عەبباس ئەڵێ: «سورەتی «ص» لە عەزیمەتەکانی سوژدە نیە[١]، پەیامبەریشم ﷺ بینیوە سوژدەی تێدا بردوە»[٢].

پرسی شەشەم: سوژدەی شوکر:

ئەگەر کەسێك نیعمەتێکی بەسەردا ڕژا، یا بەڵایەکی لێ دور کەوتەوە، یا مژدەیەکی خۆشی پێ درا؛ سوننەتە سوژدە ببات، وچاو لە پەیامبەر بکات ﷺ، مەرجیش نیە ڕوی لە قیبلە بێت، خۆ ئەگەر ڕویشی لێ کرد باشترە.

(١) [واتە: لە ئەو شتانە نیە کە عەزیمەت هاتبێت لە سەر کردنی، وەك فەرمان کردن].
(٢) أخرجه البخاري (١٠٦٩).

پەیامبەر ﷺ وای دەکرد، ئەوەتا لە «ئەبو بەکرە»وە ﷺ هاتوە: «ئەگەر پەیامبەر هەواڵی دڵخۆش کاری بۆ بهاتبا ئەڕۆیشتە سوژدە وەکو شوکرانە بژێری خوا ﷻ»[1]. هەروەها هاوەڵانیش وایان کردوە.

وحوکمی ئەم شوژدەیە هەمان حوکمی سوژدەی قورنان خوێندنە، هەروەها شێواز وچۆنیەتیەکەشی.

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٧٧٤)، والترمذي (١٥٧٨)، وابن ماجه (١٣٩٤)، وقال الترمذي: «هذا حديث حسن غريب لا نعرفه إلا من هذا الوجه». وحسنه الألباني في «الإرواء» (٢٢٦/٢).

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی نوێژی کۆمەڵەوە

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: فەزڵ وحوکمی نوێژی جەماعەت:

١. **فەزڵەکەی**: نوێژی جەماعەت لە مزگەوتەکاندا دروشمێکی مەزنە لە دروشمەکانی ئیسلام، موسڵمانان کۆکن لە سەر ئەوەی بە جێگەیاندنی پێنج فەرزەکە لە مزگەوتەکاندا لە گەورەترین پەرستشەکانە، خوا لە هەندێك کاتی دیاری کراودا کۆبونەوەی بۆ موسڵمانان داناوە، لەوانە پێنج فەرزەکە، ونوێژی جومعە، ونوێژی دو جەژنەکە ونوێژی خۆر ومانگ گیران. ولە هەموی گەورەتر وگرنگتر کۆبونەوەی ڕۆژی عەرەفەیە، کە ئاماژەیە بۆ یەکڕیزی ئوممەتی ئیسلام لە بیر وباوەڕ وپەرستنی ودروشمەکانی دینەکەیدا.

ئەم کۆبونەوە مەزنانەش لە ئیسلامدا دانراوە لە پێناو بەرژەوەندی موسڵمانان؛ تێیدا بە یەك دەگەن وهەواڵی یەکتر دەپرسن تا کۆتایی ئەو شتانەی کە گرنگە بۆ ئوممەتی ئیسلام بە جیاوازی گەل وخێڵەکانیانەوە، وەك خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات:١٣]. «ئەی خەلکینە ئێمە، ئێوەمان دروست کردوە لە یەك باوك ویەك دایك کە ئادەم وحەوایە، بۆیە کەس ڕەچەڵەکی لەوی تر باشتر نیە، ئێوەشمان لە ڕێی وەچەخستنەوەوە کردوە بە چەند گەل وخێڵێکی جیاواز، بۆ یەکتر ناسین، بەرێزترینیشتان لە لای خوا خۆپارێزترینتانە».

پەیامبەریش ﷺ هانی لە سەر داوە وفەزڵ وگەورەیی پاداشتەکەی ڕوون کردۆتەوە، دەفەرموێ: «صَلاةُ الْجَمَاعَةِ أَفْضَلُ مِنْ صَلاةِ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً»[١] «نوێژی کۆمەڵ باشترە لە نوێژی تاك بە بیست وحەوت پلە». هەروەها ئەفەرموێ: «صَلاةُ الرَّجُلِ فِي الْجَمَاعَةِ تُضَعَّفُ عَلَى صَلاتِهِ فِي بَيْتِهِ وَفِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ ضِعْفًا، وَذَلِكَ أَنَّهُ: إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ، لَا يُخْرِجُهُ إِلَّا الصَّلَاةُ، لَمْ يَخْطُ خُطْوَةً، إِلَّا رُفِعَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ، وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ، فَإِذَا صَلَّى، لَمْ تَزَلِ الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَيْهِ، مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ...»[٢] «نوێژی پیاو بە کۆمەڵ بیست وپێنج جار زیاترە لە نوێژەکەی لەماڵی وبازارەکەیدا، ئەمەش بەوەیە: کە دەست نوێژی گرت، دەست نوێژێکی جوان، پاشان دەرچو بۆ مزگەوت -هیچ دەری ناکات لە ماڵ نوێژ نەبێت- ئەوا یەك هەنگاو نانێت مەگەر پلەیەك بەرز دەبێتەوە، وتاوانێکی لە سەر دەسڕێتەوە، کە نوێژی کرد بەردەوام فریشتە نزای بۆ دەکەن تا لە شوێن نوێژەکەی خۆی بێت...» تا کۆتایی.

٢. **حوکمەکەی:** نوێژ بە جەماعەت واجبە لە پێنج فەرزەکەدا، بەڵگەش لە سەر ئەمە قورئان وفەرمودەیە، لە قورئاندا: ﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ﴾ [النساء:١٠٢] «وئەگەر ئەی پەیامبەر لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا بویت، ویستت نوێژیان بۆ بکەیت، ئەوا با کۆمەڵێکیان هەستن بۆ نوێژ کردن لە گەڵتدا». فەرمانیش بۆ واجبێتیە، جا ئەگەر لە ترسدا بێ، لە ئاسایشدا لە پێشترە.

---

(١) أخرجه البخاري (٦٤٥، ٦٤٦)، ومسلم (٦٥٠).

(٢) أخرجه البخاري (٦٤٧).

لە سوننەتیشدا فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەیە ﷺ پەیامبەر ﷺ فەرموی: «إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا. وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ. ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ»(١) «قورسترین نوێژ لە سەر مونافیقەکان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیانە، ئەگەر بیانزانیایە چ پاداشتێکی تێدایە ئەوا بە گاولکێش بیوایە ئامادەی دەبون. بێگومان نیازم کرد فەرمان بکەم نوێژ دا ببەسترێت، پاشان فەرمان بکەم بە پیاوێك نوێژ بۆ خەڵك بکات، ئینجا چەند پیاوێك لەگەڵ خۆمدا ببەم کە چەند باوەشێك چیلکە وداریان پێ بێت، بۆ ئەوانەی ئامادەی نوێژ نابن، تا ماڵەکانیان بە سەردا بسوتێنم». جا ئەم فەرمودە بەڵگەیە لە سەر واجبێتی نوێژی کۆمەڵ، ئەمەش لە بەر ئەوەی: یەکەم: وەسفی نەهاتوەکان دەکات بە نیفاق، بەڵام ئەنجام نەدەری سوننەت پێی ناوترێت مونافیق، کەواتە ئەوان لە واجبێك دوا کەوتون. دوەم: نیازی هەبوە سزایان بدات لە سەر نەهاتن، سزادانیش لە سەر نەکردنی واجبێك دەبێت، ئەوەشی رێگر بو لە جێ بەجێ نەکردنی سزاکە ئەوەیە کەس سزا بە ئاگر نادات مەگەر دروستکەری ئاگر، وترایشە: بە هۆی ئەو ژن ومندالانەیە کە لە ماڵەکاندان ونوێژی کۆمەڵیان لە سەر واجب نیە(٢).

هەروەها: پیاوێکی نابینا کەسیش نەبوە دەستی بگرێت داوای هێلان «ئیزن»ی کرد لە پەیامبەری خوا ﷺ کە لە ماڵەکەی خۆیدا نوێژ بکات ئەویش هێلای، کە

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٤٤)، ومسلم (٦٥١).

(٢) لە «مسند أحمد» (٣٦٧/٢) هاتوە، وئەلبانی بە لاوازی داناوە: «ضعيف الترغيب والترهيب».

پشتی هەڵکرد بانگی کرد وفەرموی: «هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلَاةِ؟» «ئایا گوێت لە بانگ ئەبێت؟»، فەرموی: بەڵێ. فەرموی: «فَأَجِبْ» «کەوایە وەڵامی دەوە»[١]. هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «مَنْ سَمِعَ النِّدَاءَ فَلَمْ يُجِبْ، فَلَا صَلَاةَ لَهُ إِلَّا مِنْ عُذْرٍ» «هەر کەس گوێی لە بانگ بێت وەڵامی نەداتەوە ئەوا نوێژی بۆ نیە مەگەر عوزری هەبێت»[٢]. ولە بەر وتەکەی ئیبن مەسعود ﷺ: «وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا وَمَا يَتَخَلَّفُ عَنْهَا إِلَّا مُنَافِقٌ مَعْلُومُ النِّفَاقِ» «سوێند بێت ئێمەت دەبینی کەس دوا نەدەکەوت لە نوێژی کۆمەڵ مەگەر مونافیێکی ئاشکرا»[٣].

نوێژی کۆمەڵیش واجبە لە سەر پیاوان نەك ئافرەتان ومنداڵە پێ نەگەیشتودکان، لە بەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ دەرهەق بە ئافرەتان: «وَبُيُوتُهن خَيْرٌ لَهُنَّ» «ومالەکانیان باشترە بۆیان»[٤]. وڕێگریش نیە [منداڵی پێنەگەیشتو و] ئافرەتان ئامادەی نوێژی کۆمەڵ بن لە مزگەوتدا بە داپۆشراوی وپارێزراوی، ودوور بون لە فیتنەوە، وناشبێت ئەگەر داوای هێڵانی کرد لە مێردەکەی بۆ مزگەوت، ڕێگری لێ بکات.

نوێژی کۆمەڵیش لە سەر ڕای ڕاست واجبە لە سەر هەر کەسێك نوێژی لە سەر بێت. وهەر کەس واز لە نوێژی کۆمەڵ بهێنێت وبە تەنها بیکات نوێژەکەی دروستە، بەڵام تاوانبارە لەبەر نەکردنی واجبێك.

---

(١) أخرجه مسلم (٦٥٣).

(٢) أخرجه أبو داود (٥٥١)، وابن ماجه (٧٩٣)، والحاكم (٢٤٥/١)، وصححه على شرط الشيخين، وصححه الألباني في «صحيح ابن ماجه» (٦٤٥).

(٣) أخرجه مسلم (٦٥٤).

(٤) أخرجه أبو داود (٥٦٧)، وأحمد (٧٦/٢)، والحاكم (٢٠٩/١)، وصححه، وافقه الذهبي وصححه الألباني في «الإرواء» (٥١٥).

پرسی دوەم: نوێژی کردوە، وچوە مزگەوتەوە: ئایا لە سەریەتی ئەو نوێژە بکاتەوە بە کۆمەڵ یا نا؟

واجب نیە لە سەری بە کۆمەڵ دوو باردی بکاتەوە، بەلاَم سوننە، ونوێژی یەکەمیشی فەرزە ودوەمیشی ئەبێتە سوننەت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو زەر ﷺ، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «كَيْفَ أَنْتَ إِذَا كَانَتْ عَلَيْكَ أُمَرَاءُ يُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ عَنْ وَقْتِهَا أَوْ يُمِيتُونَ الصَّلَاةَ عَنْ وَقْتِهَا؟ قَالَ: قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: صَلِّ الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا، فَإِنْ أَدْرَكْتَهَا مَعَهُمْ فَصَلِّ فَإِنَّهَا لَكَ نَافِلَةٌ» «چی دەکەیت ئەگەر کۆمەڵێك كاریان گرت بە دەستەوە نوێژەکانیان لە کاتی خۆیدا دوا دەخست یا نوێژەکە لە کاتی خۆیدا دەمرێنن؟ ئەڵێ: وتم: فەرمانم بە چی پێ دەکەیت؟ فەرموی: نوێژ لە کاتی خۆیدا بکە، جا ئەگەر لەگەڵ ئەوانیشدا کردت بۆت دەبێتە سوننەت»[1].

هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ بەو دو پیاوەی دوریان گرتبو لە نوێژی جەماعەت لە مزگەوت، فەرموی: «إِذَا صَلَّيْتُمَا فِي رِحَالِكُمَا، ثُمَّ أَتَيْتُمَا مَسْجِدَ جَمَاعَةٍ، فَصَلِّيَا مَعَهُمْ، فَإِنَّهَا لَكُمَا نَافِلَةٌ» «ئەگەر لە ماڵی خۆتان نوێژتان کرد وپاشان چونە نوێژی جەماعەت، لەگەڵیاندا نوێژ بکەن، بۆتان دەبێتە سوننەت»[2].

پرسی سێ یەم: کەمترین ژمارە کە نوێژی کۆمەڵی پێ دادەبەسترێ:

کەمترینی کۆمەڵ دوانە بە بێ جیاوازی، لە بەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ بە مالکی کوڕی حودیرسی ﷺ فەرمو: «إِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَأَذِّنَا ثُمَّ أَقِيمَا، وَلْيَؤُمَّكُمَا

---

(١) أخرجه مسلم (٦٤٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٥٧٥، ٥٧٦)، والترمذي (٢١٩)، والنسائي (١١٢/٢). قال الترمذي: «حسن صحيح». وصححه الألباني في «صحيح الترمذي» (١٨١).

أَكْبَرُكُمَا» «هەر دوکتان: کە کاتی نوێژ هات، ئەوا بانگ بدەن وپاشان قامەت بکەن، وبا گەورەکەتان بەر نوێژی بکات»[١].

پرسی چوارەم: بە چی دەگەیتە جەماعەت؟

بە گەیشتنە یەك ڕکات دەگەیتە نوێژی کۆمەڵ، هەر کەسێکیش بگاتـە کرنـوش وگومانی نەبێت ئەوا گەیشتۆتە کڕنوشەکە ودرێژەی پێ دەدات. لە بەر فەرمودەکەی ئەبو هـوردیرە ﷺ: «إِذَا جِئْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ وَنَحْنُ سُجُودٌ فَاسْجُدُوا، وَلَا تَعُدُّوهَا شَيْئًا، وَمَنْ أَدْرَكَ الرَّكْعَةَ فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلَاةَ» «ئەگەر هاتن بۆ نوێژ ونێمە لـە سـوژدە بوین، ئەوا بڕۆنە سوژدە، هەر کەسیش گەیشتە ڕکوع ئەوا گەیشتۆتە نوێژ»[٢].

پرسی پێنجەم: کێ عوزری هەیە نەیەت بۆ نوێژی کۆمەڵ؟

موسڵمان پۆزشی هەیە نەیەت بۆ نوێژی کۆمەڵ لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١. نەخۆش؛ نەخۆشێك زۆر قورسە لە سەری بڕوات بۆ نوێـژی کۆمـەڵ، لـە بـەر ئایـەتی: ﴿لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ [الفتح: ١٧]، «ئەی خەڵکینە! کوێرەکانتان تاوانیان لە سەر نیـە، هـەروەها شەل تاوانی لە سەر نیە، هەروەها نەخۆش تاوانی لە سەر نیە ئەگـەر دواکـەوتن لـە تێکۆشان لە پێناو خوادا». ولە بەر ئـەوەی کاتێـك پەیامبـەر ﷺ نـەخۆش کـەوت نەهات بۆ مزگەوت، وفەرموی: «مُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ»[٣]، «فەرمان بکەن بە ئەبو بەکر نوێژ بۆ خەڵك بکات»، ولە بەر وتەکـەی ئـیبن مەسـعود ﷺ: «لَقَدْ رَأَيْتُنَا

(١) أخرجه البخاري (٦٥٨)، ومسلم (٦٧٤).
(٢) أخرجه أبو داود (٨٧٥)، وابن ماجه (٤٦٨)، وصححه الألباني (الإرواء: ٤٩٦).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٧١٣)، ومسلم (٤١٨).

وَما يَتَخَلَّفُ عَنِ الصَّلاةِ إلَّا مُنافِقٌ قَدْ عُلِمَ نِفاقُهُ، أوْ مَرِيضٌ»[١]، «واللە ئێمەت دەبینی کەسمان دوا نەدەکەوت لە نوێژ مەگەر مونافیقێکی ئاشکرا، یا نەخۆش» هەروەها کەسێکیش مەترسی نەخۆش کەوتنی هەبێت، چونکە هەروەك نەخۆشی وایە.

٢. تەنگەتاو بە میز یا پیسی یا خواردن ئامادە بێت وپێویستی پێ بێت، لە بەر فەرموودەکەی [پێشتری] عائیشە ﵂، بەرزی دەکاتەوە: «نوێژ نیە بە ئامادە بوونی خواردن، هەروەها لە کاتی تەنگەتاویدا».

٣. هەر کەس ونبویەکی هەیە وبە تەمای گەڕانەوەیەتی، یان دەترسێت ماڵەکەی یا خواردنەکەی زایە ببێت یا زیانێکی بەر بکەوێت. لە بەر فەرموودەکەی ئیبن عەبباس ﵄ بەرزی دەکاتەوە: «مَنْ سَمِعَ الْمُنَادِيَ فَلَمْ يَمْنَعْهُ مِنَ اتِّبَاعِهِ عُذْرٌ، - قَالُوا: وَمَا الْعُذْرُ؟ قَالَ: خَوْفٌ أَوْ مَرَضٌ- لَمْ تُقْبَلْ مِنْهُ الصَّلَاةُ الَّتِي صَلَّى» «هەر کەس گوێی لە بانگ بێت وهیچ بیانویەکی نەبێت بۆ نەچون، -وتیان: چی عوزرە؟ فەرموی: ترس یا نەخۆشی- ئەوا ئەو نوێژەی لێ وەرناگیرێت»[٢]. هەروەها هەر کەسێك ترسی لە خۆی یان ماڵی یا خێزانی یا منداڵەکەی هەبێت، ئەوا عوزری هەیە نەیەتە جەماعەت، چونکە ترسان عوزرە.

٤. توشی ئازار هاتن بە هۆی باران وقوڕ وبەفر وبەستنەوە، یا بایەکی زۆر سارد لە شەوێکی تاریکدا. لە بەر فەرموودەکەی ئیبن عومەر ﵄: «كان رَسُولُ اللهِ ﷺ

(١) أخرجه مسلم (٦٥٤) [هذا لفظه].

(٢) أخرجه أبو داود (٥٥١)، وهو ضعيف بهذا اللفظ، لكنه صحيح بلفظ: «من سمع النداء فلم يأته، فلا صلاة له إلا من عذر» «الإرواء» (٢/٣٣٦-٣٣٧).

یـأمُرُ الْمُـؤَذِّنَ إذا كانـتْ لَيْلَـةٌ بـارِدَةٌ ذاتُ مطَـرٍ يقُـولُ: ألا صـلُّوا فـي الرِّحـالِ»[1]،

«پەیامبەر ﷺ لە شەوی سەرمای باراناویدا فەرمانی دەکردە بانگ بێژەکە بڵێ: لـە ماڵەوە نوێژ بکەن».

٥. توشـی نارِەحـەتی هـاتن بـە هـۆی درێـژ کردنـەوەی پـێش نوێـژەوە [درێـژ کردنەوەیەك دژی سوننەت بێت]؛ چونکە پیاوێك نوێژی لەگەڵ موعـازدا ﷺ کـرد، پاشان تەنها کەوت وبە تەنها نوێژی کرد بە هۆی نوێژ درێژ کردنەوەی موعازەوە، کە کابرا بە پەیامبەری خوای ﷺ وت، نکوڵی لێ نەکرد[2].

٦. ترسان لە جێهێشتنی هاو سەفەرەکان، چونکە ئەو کاتە بیری سـەرقاڵ ئـەبێت ئەگەر چاوەڕێی جەماعەت بکات، یا بچێتە جەماعەتـەوە، نـەوەك ون ببێـت وهـاو سەفەرەکانی جێی بهێڵن.

٧. ترسان لەوەی نزیکێکی بمرێت ونەمیش ئامادە نەبێت، وەك ئەوەی نزیکەکەی لە سەرە مەرگدا بێت وحەز بکات لەگەڵیدا بێـت وتـەلقینی بکـات بـە شـایەتومان وهاوشێوەکانی، ئەوسا عوزری دەبێت ئەگەر نەهات بۆ جەماعەت.

٨. وازنەهێنانی خاوەن قەرز، ئەمیش هیچی نیە بیداتەوە، ئەو کاتە بـۆی هەیـە واز لە جەماعەت بهێنێت، لە بەر ئەو ئازارەی توشی دێت بە هۆی داواکردنی خاوەن قەرز وازنەهێنانیەوە.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٣٢)، ومسلم (٦٩٧). واللفظ لمسلم.

(٢) انظر: «صحيح مسلم» (٤٦٥).

پرسی شەشەم: دوبارە کردنەوەی جەماعەت لە یەك مزگەوتدا؟

ئەگەر هەندێك دوا کەوتن لە ئامادەبونی نوێـژی جەماعـەتی مزگـەوت لەگـەڵ ئیمامی هەمیشەیی مزگەوت، ونوێژیان لە دەست چو، ئەوا دروسـتە جەماعـەتێکی تر بکەن لە هەمان مزگەوتدا؛ لەبەر گشتێتی فەرمودەی: «[وَإِنَّ] صَلاةَ الرَّجُلِ مَعَ الرَّجُلِ أَزْكَى مِنْ صَلَاتِهِ وَحْدَهُ...»[1]، واتە: «ونوێـژی پیـاو لەگـەڵ یـەکێکی تـردا پاکتر وباشترە لەوەی بە تەنها بیکات... هتد»، ولەبەر فەرمایشـتی پەیامبـەر ﷺ بەو پیاوەی کە دوای نوێژی جەماعـەت هاتـە مزگەوتـەوە، فـەرموی: «[أَلَا] رَجُلٌ يَتَصَدَّقُ عَلَى هَذَا فَيُصَلِّي مَعَهُ؟» «کێ خێر دەکات بەم برایەی خۆی؛ نوێـژی لەگەڵـدا بکات؟» ئەوەبو یەکێکیان هەستا ونوێژی لەگەڵدا کرد[2].

هەروەها ئەگەر هاتو مزگەوتەکە ناو بازاڕ بو یا لە سەر ڕێگا وهاوشێوەکانی بـو، ئەوا هیچی تێدا نیە جەماعەتی تێـدا دوبـارە بکرێتـەوە، بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەو مزگەوتە پێش نوێژی بەردەوامی نەبێت وئەوانەی لە بازاڕن وبە ئەوێـدا تـێ دەپـەڕن زۆر دێن بۆ ئەوێ.

بەڵام ئەگەر مزگەوتەکـە بـە بـەردەوامی دو جەماعـەت یـا زیـاتری تێـدا بـو، خەڵکیش ئەمەیان کردبوە عادەت، ئـەو کاتـە دروسـت نیـە؛ چـونکە شـتی وا لـە سـەردەمی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانیدا نـەزانراوە، هـەروەها پەرتـەوازەیی تێدایـە، هەروەها ئەبێتە مایەی تەمبەڵی وتەوەزەلی لـە هـاتن بـۆ جەماعەتـە سـەرەکیەکە

---

(١) أخرجه أبو داود (٥٥٤)، والنسائي (١٠٤/٢)، وأحمد (١٤٠/٥)، والحاكم (٢٤٧/١). وصححه الحاكم. وذكر ابن حجر في «التلخيص الحبير» (٢٦/٢) تصحيح ابن السكن والعقيلي والحاكم وابن المديني له.

(٢) أخرجه الترمذي (٢٢٠) وأحمد (٥/٣). وحسنه الترمذي، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١٨٢).

پرسی شەشەم: دوبارە کردنەوەی جەماعەت لە یەك مزگەوتدا؟

ئەگەر هەندێك دوا کەوتن لە ئامادەبونی نوێـژی جەماعـەتی مزگـەوت لەگـەڵ ئیمامی هەمیشەیی مزگەوت، ونوێژیان لە دەست چو، ئەوا دروسـتە جەماعـەتێکی تر بکەن لە هەمان مزگەوتدا؛ لەبەر گشتێتی فەرمودەی: «[وَإِنَّ] صَلاَةَ الرَّجُلِ مَعَ الرَّجُلِ أَزْكَى مِنْ صَلاَتِهِ وَحْدَهُ...»[1]، واتە: «ونوێـژی پیـاو لەگـەڵ یـەکێکی تـردا پاکتر وباشترە لەوەی بە تەنها بیکات... هتد»، ولەبەر فەرمایشـتی پەیامبـەر ﷺ بەو پیاوەی کە دوای نوێژی جەماعـەت هاتـە مزگەوتـەوە، فـەرموی: «[أَلاَ] رَجُلٌ يَتَصَدَّقُ عَلَى هَذَا فَيُصَلِّي مَعَهُ؟» «کێ خێر دەکات بەم برایەی خۆی؛ نوێـژی لەگەڵـدا بکات؟» ئەوەبو یەکێکیان هەستا ونوێژی لەگەڵدا کرد[2].

هەروەها ئەگەر هاتو مزگەوتەکە ناو بازاڕ بو یا لە سەر ڕێگا وهاوشێوەکانی بـو، ئەوا هیچی تێدا نیە جەماعەتی تێـدا دوبـارە بکرێتـەوە، بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەو مزگەوتە پێش نوێژی بەردەوامی نەبێت وئەوانەی لە بازاڕن وبە ئەوێـدا تـێ دەپـەڕن زۆر دێن بۆ ئەوێ.

بەڵام ئەگەر مزگەوتەکـە بـە بـەردەوامی دو جەماعـەت یـا زیـاتری تێـدا بـو، خەڵکیش ئەمەیان کردبوە عادەت، ئـەو کاتـە دروسـت نیـە؛ چـونکە شـتی وا لـە سەردەمی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانیدا نـەزانراوە، هـەروەها پەرتـەوازەیی تێدایـە، هەروەها ئەبێتە مایەی تەمبەڵی وتەوەزەلی لـە هـاتن بـۆ جەماعەتـە سـەرەکیەکە

(١) أخرجه أبو داود (٥٥٤)، والنسائي (١٠٤/٢)، وأحمد (١٤٠/٥)، والحاكم (٢٤٧/١). وصححه الحاكم. وذكر ابن حجر في «التلخيص الحبير» (٢٦/٢) تصحيح ابن السكن والعقيلي والحاكم وابن المديني له.
(٢) أخرجه الترمذي (٢٢٠) وأحمد (٥/٣). وحسنه الترمذي، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١٨٢).

لەگەڵ پێش نوێژە هەمیشەییەکە، لەوانەشە ببێتە مایەی دواخستنی نوێژ لە سەرەتای کاتەکەی.

پرسی حەوتەم: حوکمی نوێژ کردن ئەگەر نوێژی فەرز دابەسترا:

ئەگەر بانگ بێژ دەستی کرد بە دابەستنی نوێژی فەرز، ئەوا ئیتر بۆ کەس دروست نیە دەست بکات بە نوێژی سوننەت، وبۆ خۆی بە تەنها سەرقاڵ بێت بە نوێژێکی سوننەتەوە لە بری نوێژێکی فەرزی کۆمەڵ، ئەمەش لەبەر حەدیسی: «إذا أقيمت الصلاة فلا صلاة إلا المكتوبة»[1] «ئەگەر نوێژ دابەسترا، نوێژی تر نیە مەگەر فەرزەکە». هەروەها پەیامبەر ﷺ پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد وبانگ بێژیش نوێژی دادەبەست بۆ نوێژی بەیانی، پێی وت: «أَتُصَلِّي الصُّبْحَ أَرْبَعًا؟!»[2] «ئایا ئەتەوێ چوار ڕکات بکەی؟!».

بەڵام کە دەستی کرد بە نوێژە سوننەتەکەی، دواجار بانگ بێژ قامەتی کرد، ئەوا بە کورتی تەواوی دەکات لە بەر گەیشتن بە فەزڵی تەکبیرەی ئیحرام، هەروەها پەلەکردن بۆ چونە ناو فەرزەکەوە.

باشتریش وایە ئەگەر لە ڕکاتی یەکەم بو بیبڕێت وئەگەریش لە دوەم بو بە کورتی تەوای بکات وخۆی بگەیەنێتە جەماعەت.

---

(١) أخرجه مسلم (٧١٠).

(٢) أخرجه مسلم (٧١١) - ٦٦.

دەروازەی هەشتەم

لە بارەی بەر نوێژیەوە

مەبەستیش لە پێش نوێژی: پەیوەندی نوێژی پاش نوێژد بە پێشەواوە.

چەند پرسێکیشی لە خۆ کرتود:

پرسی یەکەم: کێ شایستەترینە بۆ پێش نوێژی کردن؟

لەم فەرماشتەدا پەیامبەر ﷺ ڕونی کردۆتەوە کە کێ لە پێشترە بۆ ئیمامەت: «يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللهِ، فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ، فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً، فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمًا»[1]. «شارەزاترین بە قورئان خوێندن بەر نوێژی دەکات، ئەگەر لە قورئان خوێندن یەکسان بون ئەوا شارەزاترینیان بە سوننەت، ئەگەریش لە سوننەتدا یەکسان بون، ئەوا لە پێشترینیان لە کۆچکردندا، ئەگەر لە کۆچکردنیش یەکسان بون، ئەوا کێ زوتر موسڵمان بوە». جا لە پێشترین وشایستەرین بۆ بەر نوێژی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. باشترین لە خوێندنەوەی قورئاندا، کە کارامەیە لە خوێندنەوەی قورئاندا، بە تەواوترین شێواز دەیخوێنێت، شارەزا بێت لە پرسە فیقهیەکانی نوێژ، جا ئەگەر قورئان خوێنترینی کەم شارەزا لەگەڵ زۆر شارەزای کەم تەجوید زان کۆ بویەوە، ئەو کاتە کەم توجید زانە زۆر شارەزاکە دەخەینە پێش زۆر تەجوید زانە کەم شارەزاکە، چونکە پێویستی بە شارەزایی لە نوێژ وئادابەکانیدا زیاترە وەك جوان خوێندنەوەی قورئان.

---

(١) أخرجه مسلم (٦٧٣). وسلمًا: يعني إسلامًا.

٢. پاشان شارەزاترین ولێزانترین بە سوننەت پێش دەخرێت، جا ئەگەر دو پێش نوێژ کۆ بونەوە یەکسان بون لە خوێندنەوە بەڵام یەکێکیان شاردزاتر ولێزانتر بو بە سوننەت، شارەزاترەکە پێش دەخرێت، لەبەر فەرمودەکە: «ئەگەر لە خوێندنەدا یەکسان بون ئەوا شارەزاترینیان بە سوننەت پێش دەخرێت».

٣. پاشان کۆنترین کە کۆچی کردوە لە وڵاتی بێ باوەڕانەوە بۆ وڵاتی ئیسلام، ئەگەر هاتو لە خوێندن وزانستدا یەکسان بون.

٤. پاشان ئەوەی زوتر موسڵمان بو بێت، ئەگەر لە کۆچ کردندا یەکسان بون.

٥. پاشان بە تەمەنترینیان، ئەگەر لەوانەی پێشودا یەکسان بون، لەبەر فەرمودەکە: «ئەگەر لە کۆچ کردندا یەکسان بون ئەوا ئەوەیان زوتر موسڵمان بود -لە ڕیوایەتێکدا: بە تەمەنترینیان-». ولەبەر فەرمودەی [پێشتر]: «وَلْيَؤُمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ» «وبە تەمەنترینتان بەر نوێژی بکات».

ئەگەریش لە سەرجەم ئەمانەدا یەکسان بون، تیر وپشکیان لە نێوان دەکرێت، کێ بردیەوە لە قورعەکە پێش دەخرێت.

خاوەن ماڵیش شایستەترە بۆ بەر نوێژی کردن وەك لە مێوانەکەی [با مێوانەکە خاڵەکانی پێشوشی تێدا بێت ولە خاوەن ماڵدا نەبێت] لەبەر فەرمودەی: «[وَ]لَا [تَ]ؤُمَّنَّ الرَّجُلَ فِي أَهْلِهِ وَلَا فِي سُلْطَانِهِ»[1] «وبا کەس بەرنوێژی نەکات بۆ کەسێك لە ناو ماڵەکەی خۆیدا یا لەناو دەسەڵاتی ئەودا»، هەروەها پێشەوای هەرە گەورەش «الإمام الأعظم» لە هی تر شایستەترە بۆ پێش نوێژی لەبەر گشتێتی فەرمودەی

(١) أخرجه مسلم برقم (٦٧٣).

پێشو، هەروەها پێش نوێژی مزگەوت لە پێشترە لە غەیرە خۆی -مەگەر دەسەلاتداری هەرە گەورە- با لە خۆی قورئان خوێنتر وشارەزاتریش هەبێت، هەر لەبەر گشتێتی فەرمودەی [پێشو].

پرسی دووەم: بۆ کێ حەرام وقەدەغەیە بەر نوێژی بکات؟

بەر نوێژی کردن لەم حاڵەتانەدا حەرامە:

١. بەرنوێژی کردنی ئافرەت بۆ پیاو، لەبەر گشتێتی فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً». «هەر گەلێك ژن کار بەدەستیان بێت سەرفراز نابن»[١]. هەروەها لەبەر ئەوەی بنچینە وایە لە دواوەی ڕیزەکانەوە نوێژ بکات لەبەر پارێزراوی وپاراستنی، جا ئەگەر پێشخرا ئەوە دژی ئەو بنچینە شەرعیەیە.

٢. بەر نوێژی کردنی کەسی بێ دەست نوێژ وئەوەی پیسی بە لاشەیەوە بێت وپێشی بزانێت، خۆ ئەگەر پاش نوێژەکان پێیان نەزانی تا دوای نوێژ ئەوە نوێژەکەیان دروستە.

٣. بەر نوێژی کردنی نەخوێندەوار، کە بریتیە لەو کەسەی فاتیحای ڕەوان نیە، نە لەبەر دەیزانێت ونە بە خوێندنەوە، یا ئەو پیتانەی ئیدغام «تێهەڵکێش» ناکرێن ئیدغامی بکات، یا پیتێك بگۆڕێت بە پیتێکی تر، یا هەڵە بیخوێنێتەوە هەڵەیەك واتا بگۆڕێت، ئا ئەمە دروست نیە بەر نوێژی بکات مەگەر بۆ یەکێکی وەك خۆی چونکە توانای پایەکێکی نوێژی نیە.

---

(١) أخرجه البخاري (٤٤٢٥).

٤. بەر نوێژی كردنی فاسقی موبتەدیع «خراپەكارێكی داهێنەر»، ئەگەر فاسقێكی ئاشكرا بو وبانگەشەی بۆ بیدعەكەیەكی كوفری دەكرد ئەوە نوێژكردن لە پشتیەوە دروست نیە، لەبەر فەرمایشتی: ﴿أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا لَا يَسْتَوُونَ﴾ [السجدة:١٨].

٥. كەسێك نەتوانێت كرنوش وسوژدە بەرێت وبوەستێت ودابنیشێت، بەر نوێژی كردنی دروست نیە بۆ كەسێك بە تواناتر بێت بۆ ئەو شتانە.

پرسی سێیەم: كێ باش نیە «كەراهەت»ی هەیە بەر نوێژی بكات؟

بەر نوێژی كردن لەم حاڵەتانەدا كەراهەتی هەیە:

١. هەڵە خوێن «اللَّحَّان»: بریتیە لەو كەسەی لادان وهەڵە خوێندنەوەی زۆرە، ئەمە لە جگە لە «فاتیحا»، بەڵام «فاتیحا» هەڵەیەك بخوێنێت مانا بگۆڕێت نوێژی لەگەڵ دروست نیە، وەك باس كرا، ئەمەش لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ: «قورئان خوێنترین بەر نوێژی بۆ خەڵك دەكات».

٢. كەسێ بەر نوێژی بۆ خەڵكێك بكات لە كاتێكدا هەمویان یا زۆریەیان حەزی لێ نەكەن، لەبەر فەرمایشتی: «ثَلَاثَةٌ لَا تَرْتَفِعُ صَلَاتُهُمْ فَوْقَ رُؤُوسِهِمْ شِبْرًا: رَجُلٌ أَمَّ قَوْمًا وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ...» «سێ كەس نوێژەكانیان بستێك لە سەر سەریان بەرز نابێتەوە: پیاوێك بەر نوێژی بۆ خەڵكێك بكات وئەوانیش حەزی لێ نەكەن...»[1] تا كۆتایی.

---

(١) أخرجه ابن ماجه (٩٧١). وصحح البوصيري إسناده في الزوائد، وحسنه النوي في المجموع (١٥٤/٤)، وحسنه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٧٩٢).

٣. کەسێك هەندێك لە پیتەکان دەشارێتەوە، وناشکرای ناکات، هەروەها کەسێك هەندێك لە پیتەکان دوبارە بکاتەوە، وەك کەسێك تەتەڵەی «فەفە»ی هەبێ کە «فاء» دوبارە بکاتەوە، یا «تەتە»ی هەبێت کە «تاء» دوبارە بکاتەوە وجگە لەمانەش، ئەمەش لەبەر زیادکرنی پیتێك لە قورئان خوێندندا.

پرسی چوارەم: شوێنی پێش نوێژ لە ئاست پاش نوێژەکان:

سوننەت وایە پێشەوا بکەوێتە بەردەم پاش نوێژەکانەوە، ئەوانیش لە دوای ئیمامەوە ڕادەوەستن ئەگەر دوان یا زیاتر بون، چونکە پەیامبەر ﷺ کە بەر نوێژی بکردبا پێش دەکەوت، وهاوەڵانیشی لە پشتیەوە دەوەستان، لە موسلم ونەبو داود هاتوە: کە جابر وجەبار یەکێکیان لە دەستە ڕاستی پەیامبەرەوە ڕادەوستێ وئەوی تریشیان لە دەستە چەپیەوە، ئەویش دەستیان دەگرێت ونەیان باتە دواوە[1]. ولەبەر وتەکەی ئەنەس کە پەیامبەر نوێژی بۆ کردون لە ماڵدا: «پاشان پەیامبەری خوا ﷺ بەرنوێژی دەکرد ونێمەش لە دواوەی ڕادەوەستاین ونوێژی بۆ دەکرد»[2].

بەڵام ئەگەر یەك کەس بو، ئەوا لە ڕاستی پێشەواوە ڕادەوەستێت ڕێکی ئەو، «لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ ئیبن عەبباس وجابری خستە ڕاستی خۆیەوە کاتێك لە دەستە چەپ ڕاوەستان»[3]. دروستیشە ئیمام لە ناوەڕاستی پاش نوێژەکانەوە ڕابوەستێت، چونکە ئیبن مەسعود ئاوها نوێژی کرد لە نێوان عەلقەمە ونەسوەددا، وتی: «پەیامبەرم ﷺ بینی ئاوهای کرد»[4]، بەڵام ئەمە بەندە بە [پێویستیەوە]

(١) أخرجه مسلم (٣٠١٠).
(٢) أخرجه مسلم (٦٥٩).
(٣) أخرجه مسلم (٣٠١٠).
(٤) أخرجه أبو داود (٦١٣) وهو صحيح، انظر إرواء الغليل (٢/٣١٩).

وباشتر وایە لە پشتی پێش نوێژەوە ڕابوەستێت، وئافرەتانیش لە دوای ڕیزی پیاوانەوە بن، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئەنەس ﷺ: «من وهەتیوەکە لە پشتیەوە ڕیزمان بەست وژنە پیرەکەش لە دوامانەوە».

پرسی پێنجەم: ئەو شتانەی کە ئیمام لە بری پاش نوێژ لە ئەستۆی دەگرێت:

قورئان خوێندنی نوێژە ئاشکراکان، پێشەوا لە بری پاش نوێژ لە ئەستۆی دەگرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە بەرزی دەکاتەوە: «وَإِذَا قَرَأَ فَأَنْصِتُوا» «وئەگەر قورئانی خوێند بێ دەنگ بن»[1]. ولەبەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ كَانَ لَهُ إِمَامٌ، فَقِرَاءَتُهُ لَهُ قِرَاءَةٌ» «هەر کەس پێش نوێژی هەبو، ئەوا قورئان خوێندنەکەی بۆ ئەویشە»[2]. بەڵام لە نوێژە نهێنیەکاندا پێش نوێژ خوێندنی فاتیحە بۆ پاش نوێژ لە ئەستۆ ناگرێت.

پرسی شەشەم: پێشبڕکێی پێش نوێژ:

دروست نیە پاش نوێژ پێشبڕکێی پێش نوێژ بکات، جا هەر کەس پێش ئیمامەکەی «الله أكبر»ی سەرەتای کرد، ئەوە نوێژەکەی دانەبەستوە، چونکە مەرجە دوای پێش نوێژ بیکات بەڵام ئەم وای نەکردوە، هەروەها لە سەر پاش نوێژە کاردکانی نوێژ دوای ئیمامەکەی بکات، لەبەر فەرمودەی: «إِنَّمَا جُعِلَ الْإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ؛ فَقُولُوا:

---

(١) رواه الخمسة إلا الترمذي: أبو داود (٦٠٤)، والنسائي (١٤٦/١)، وابن ماجه (٨٤٦)، وأحمد (٤٢٠/٢)، وقال الألباني: حسن صحيح. «صحيح سنن النسائي» (٨٨٢، ٨٨٣). وهو جزء من حديث أوله: «إنما جعل الإمام ليؤتم به...».

(٢) أخرجه أحمد (٣٣٩/٣)، وابن ماجه (٨٥٠). وحسنه الألباني في «الإرواء» (٥٠٠).

ربنا ولك الحمد. وإذا سجد فاسجدوا» «پێش نوێژ دانراوە تا چاوی لێبکرێ، جا ئەگەر وتی: الله أكبر، ئێوەش بە دوایدا تەکبیر بکەن، ئەگەریش کڕنوشی برد ئێوەش بە دوایدا بیبەن، ئەگەریش وتی: سمع الله لمن حمده، ئێوەش بڵێن: ربنا لك الحمد، ئەگەریش سوژدەی برد، بە دوایدا بیبەن»[1].

خۆ ئەگەر [بە دوای دا نەی کرد] ولەگەڵیدا کردی هەروەها لە سەلام دانەوەشدا، ئەوا کەراهەتی هەیە، چونکە پێچەوانەی سوننەتە، بەڵام نوێژەکەی پوچەڵ نابێتەوە: چونکە ڕوکنەکەی لەگەڵ ئەودا کردوە. بەڵام ئەگەر پێشی بکەوێت ئەوا حەرامە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا تَسْبِقُونِي بِالرُّكُوعِ وَلَا بِالسُّجُودِ، وَلَا بِالْقِيَامِ» «جا پێشم مەکەون بە ڕکوع بردن وسوژدە بردن وهەستانەوە»[2]. ونەهیش حەرام بون ئەخوازێ. هەروەها لە ئەبو هورەیرەشەوە ﷺ هاتوە بەرزی دەکاتەوە: «أَمَا يَخْشَى الَّذِي يَرْفَعُ رَأْسَهُ قَبْلَ الْإِمَامِ أَنْ يُحَوِّلَ اللهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ» «ئەو کەسەی سەری پێش ئیمام بەرز دەکاتەوە، ناترسێ خوا سەری بگۆڕێت بۆ سەری کەر»[3].

پرسی حەوتەم: چەند حوکمێکی تر لەبارەی پێش نوێژی ونوێژی کۆمەڵەوە:

لەو حوکمانەی تر جیا لەوانەی پێشو کە پەیوەستە بە پێش نوێژی ونوێژی کۆمەڵەوە:

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٣٨٩)، ومسلم (٤١١).
(٢) أخرجه مسلم (٤١٦).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٩١)، ومسلم (٤٢٧).

١. سوننەتە عاقڵ وژیرەكان لە نزیكی پێش نوێژەوە بن: بۆیە بەرێز وژیر وعاقڵ وسەنگینەكان دەخرێنە پشتی ئیمام ونزیكی وی، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ: «لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» «با ژیر وعاقڵەكان بە دوای منەوە ڕابوەستن وپاشان ئەوانەی دوای ئەوان وپاشان ئەوانەی دوای ئەوان»[1]. حكیمەتیش لەمەدا: ئەوەیە تا لە پێش نوێژەوە فێر ببن، وكەر پێویست بو خوێندنەكەی بۆ ڕاست بكەنەوە، ولە كاتی پێش هاتێكدا لە نوێژدا كەسێكیان بخاتە شوێن خۆی.

٢. سور بون لە سەر ڕیزی یەكەم: سوننەتە نوێژ خوێنان بچنە پێشەوە بۆ ڕیزی یەكەم وسور بن لە سەری ومۆرقەیەدی دوا كەوتن بن، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ: «تَقَدَّمُوا فَائْتَمُّوا بِي، وَلْيَأْتَمَّ بِكُمْ مَنْ بَعْدَكُمْ. لَا يَزَالُ قَوْمٌ يَتَأَخَّرُونَ حَتَّى يُؤَخِّرَهُمُ اللهُ» «بێنە پێشەوە، وچاو لە من بكەن، با ئەوانەی دوای ئێوەش چاو لە ئێوە بكەن، وبەردەوام خەڵكانێك دوا دەكەون تا خوا دوایان دەخات»[2]. هەروەها پەیامبەر ﷺ دەفەرموێت: «لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الْأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لَاسْتَهَمُوا» «ئەگەر خەڵك بزانن بانگ وڕیزی یەكەم چی فەزڵێكی تێدایە، ئەوا دەست پێشخەریان بۆ دەكرد ئەگەریش دەستیان نەكەوتایە بە تیر وپشك نەبێت، ئەوا تیر وپشكیان بۆ دەكرد»[3].

---

(١) أخرجه مسلم (٤٣٢).
(٢) أخرجه مسلم (٤٣٨).
(٣) أخرجه مسلم (٤٣٧).

سەبارەت بە ئافرەتان سوننەت وایە لە ڕیزەکانی دواوەوە بن، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «خيْرُ صُفوفِ الرِّجالِ أوَّلُها، وشَرُّها آخِرُها، وخيْرُ صُفوفِ النِّساءِ آخِرُها، وشَرُّها أوَّلُها» «باشترین ڕیزی پیاوان یەکەمەکەیەتی، وخراپترینی کۆتاییەکەیەتی، وباشترین ڕیزی ئافرەتان کۆتاییەکەیەتی وخراپترینی یەکەمیەتی»[1].

٣. ڕێککردنی ڕیز وپڕکردنەوەی وپاڵ بەیەکەوە دان ونەهێشتنەوەی بۆشایی، وتەواوکردنی ڕیزی یەکەم ئینجا ڕیزەکەی تر: سوننەتە پێش نوێژ پێش دەست پێ کردنی نوێژ فەرمان بکات بە ڕێککردنی ڕیزەکان وپڕکردنەوەی بۆشاییەکان، لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ وای کردوە، هەروەها ﷺ ئەفەرموێ: «سَوُّوا صُفُوفَكُمْ، فَإِنَّ تَسْوِيَةَ الصُّفُوفِ مِنْ تَمَامِ الصَّلَاةِ» «ڕیزەکانتان ڕێك بکەن، چونکە ڕێککردنی ڕیز لە تەواوی نوێژەکانتانە»[2]، ولە ئەنەسەوە ﷺ ئەڵێ: نوێژ دابەسترا، ئەوەبو پەیامبەری خوا ﷺ ڕوی لێ کردین وفەرموی: «أَقِيمُوا[3] صُفُوفَكُمْ وَتَرَاصُّوا، فَإِنِّي أَرَاكُمْ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِي» «ڕیزەکانتان ڕێك بکەن وپاڵ بدەن بە یەکەوە، چونکە من لە پشتەوە دەتان بینم»[4]. هەروەها ئەنەس ﷺ ئەڵێ: «كَانَ أَحَدُنَا يُلْزِقُ مَنْكِبَهُ بِمَنْكِبِ صَاحِبِهِ، وَقَدَمَهُ بِقَدَمِهِ» «ئێمە شانمان دەلکاند بە شانی تەنیشتەکەمانەوە وپێشمان دەلکاند بە پێیەوە»[5].

---

(١) أخرجه مسلم (٤٤٠).
(٢) أخرجه مسلم (٤٣٣).
(٣) [المراد من «أقيموا» أي: «سووا» كما وقع في رواية معمر].
(٤) أخرجه البخاري (٧١٩).
(٥) صحيح البخاري (٧٢٥).

سوننەتیشە ڕیزی یەکەم تەواو بکرێت ئینجا ڕیزی دوا تر، ئەگەر نوقسانیش دەبێ با بکەوێتە ڕیزی کۆتاییەوە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَلا تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟ فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ! وَكَيْفَ تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟ قَالَ: يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الْأُوَلَ، وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ» «ئایا ڕیز نابەستن وەك چۆن فریشتە ڕیز دەبەستن لەلای پەروەردگارەکەیان؟ وتمان: ئەی پەیامبەری خوا! فریشتە چۆن ڕیز دەبەستن لەلای پەروەردگارەکەیان؟ فەرمووی: ڕیزەکانی سەرەتا تەواو دەکەن وڕیزەکانیشیان ڕێك دەخەن وپاڵ بە یەکەوە دەدەن»[1].

٤. نوێژی تەنها کەس لە پشت ڕیزەوە: نوێژی کەسێك دروست نیە بە تەنها لە پشت ڕیزەوە نوێژ دابەستێت، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا صَلَاةَ لِرَجُلٍ فَرْدٍ خَلْفَ الصَّفِّ» «نوێژی بۆ نیە کەسێك بە تەنها لە پشتی ڕیزەوە نوێژ بکات»[2]. هەروەها جارێکیان پەیامبەر ﷺ پیاوێکی بینیوە بە تەنها لە دوای ڕیزەکانەوە نوێژی کردوە، فەرمانی پێکردوە نوێژەکەی دوبارە بکاتەوە[3].

---

(١) أخرجه مسلم (٤٣٠).

(٢) أخرجه أحمد (٢٣/٤) [واللفظ له]، وابن ماجه (١٠٠٣)، وحسنه الإمام أحمد، وصحح البوصيري إسناده في «زوائد ابن ماجه»، وصححه الألباني في «صحيح ابن ماجه» (٨٢٢).

(٣) أخرجه أحمد (٢٢٨/٤)، وأبو داود (٦٨٢)، والترمذي (٢٣٠)، وابن ماجه (١٠٠٤). وحسنه الترمذي. وصححه أحمد شاكر في حواشي الترمذي (٤٤٨/١-٤٥٠). وهو في «صحيح الترمذي» (١٩١).

دەروازەی نۆیەم

نوێژی عوزردارەکان

خاوەن عوزرەکان: بریتین لە نەخۆش وموسافیر ونەوانەی ترسیان هەیە وناتوانن نوێژەکانیان بەو شێوازە بکەن کە بێ عوزرەکان دەیکەن، ئەمانەش شەرع لە سەری سوك کردونەتەوە، بۆیە بە گوێرەی توانای خۆیان نوێژ دەکەن، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج: ٧٨] «خوا مننەتی بەسەر کردون بەوەی شەریعەتەکەتانی ئاسان کردوە، تەسکی وتوندی لە ئەحکام وتەکلیفەکانیدا نیە، وەك لە شەریعەتی گەلانی پێشتر هەبو». هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٨٦] «دینی خوا ئاسانە، قورسی تێدا نیە، بۆیە داوا لە بەندەکانی ناکات شتێك بکەن لە سەروی توانایان بێت». هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [التغابن: ١٦] «ئەی ئیمانداران هەوڵ وتوانای خۆتان بە گەڕ بخەن بۆ پارێزکاری ولە خوا ترسان». جا لە هەر کوێ قورسی هەبو ئاسانکاریش دێت.

چۆنێتی نوێژی نەخۆش:

نەخۆش: ئەو کەسەیە تەندروستی هەمو لاشەی یا بەشێکی تێکچوە.

پێویستیشە نەخۆش نوێژە فەرزەکان بە پێوە بکات بە هەر شێوازێك بێت، گەر لە شێوەی ڕکوعبەریش بێت بۆ کەسێك دەردێك لە پشتی هەبێت نەتوانێت ڕێکی بکاتەوە، یان پاڵ بداتە دیوارێکەوە یا کۆڵەکەیەك، یان خۆی بداتە سەر گۆچانێك،

لەبەر فەرموودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إذا أَمرتُكم بأمرٍ فأْتُوا منه ما استَطعْتُم»[1]. «کە فەرمانێکم پێکردن بە پێی توانا ئەنجامی بدەن». ئەگەریش نەیتوانی ئەوا بە دانیشتنەوە، ئەوەشی نەتوانی ئەوا بە ڕاکشانەوە، لەبەر فەرموودەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ عیمرانی کوڕی حوصەین رضي الله عنه: «بە پێوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتوانی بە دانیشتنەوە، ئەگەریش نەتوانی ئەوا بە ڕاکشانەوە».

ئەگەریش هەمو ئەمانەی نەتوانی ئەوا بە گوێرەی حاڵ وباری خۆی نوێژ دەکات، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ [التغابن: ١٦]. نوێژیش لە سەر نەخۆش ناکەوێت هەتا عەقڵی مابێت، با بە ئاماژەکردنیش نوێژ بکات، چونکە بە نیەتەوە توانای ئەمەی هەیە.

هەروەها نەخۆش بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات، بە ئاماژەکردن وچەماندنەوەی سەری ڕکوع وسوژدە دەبات، سوژدەکەی نزمتر لە ڕکوعەکەکەی، ئەگەر ئاماژەشی بە سەر بۆ نەکرا، بە چاوەکانی ئاماژە دەکات.

بابەتی نوێژی موسافیر:

ئەم باسانەشی تێدایە:

یەکەم: کورتکردنەوەی نوێژە چواریەکان:

ئەمەش چەند مەسەلەیەك لە خۆ دەگرێت:

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١١٧/٩)، ومسلم (١٣٣٧).

پرسی یەکەم: لە بارەی حوکمی نوێژ کورت کردنەوە «القصر»؟:

جیاوازی نیە لە نێوان زانایاندا لەمەڕ شەرعیەتی کورتکردنەوەی نوێژە چواریەکان بۆ موسافیر، بەلگەی ئەمەش: قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە؛ سەبارەت بە قورئـان: فەرمایشـتەکەی پـەروەردگارە: ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ [النساء: ١٠١] «ونەگـەر ئەی ئیمانداران سەفەرتان کـرد لـەم ئـەرزەی خـوادا، ئـەوا هیچـتان لـە سـەر نیـە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە، ئەگەر ترسان بێ باوەڕان دەست درێژی بکەنە سەرتان لە کاتی نوێژدا». کورتکردنەوەش لە سەفەردا [شەرعیە] ئیتر ترس هەبو یان نا، چونکە کە پرسیار لە پەیامبەر ﷺ کرا لەبارەی کورتکردنەوە لە کاتێکدا خەڵك کەوتونەتـە ئاسایشـەوە وترسـیان نـەماوە، فـەرموی: «صَدَقَةٌ تَصَدَّقَ اللهُ بِهَا عَلَيْكُمْ، فَاقْبَلُوا صَدَقَتَهُ» «خێر وصەدەقەیەکی خوایە، پێی بەخشیون، جا لێی وەربگرن»[١]. هەروەها پەیامبەر ﷺ وجێنشینەکانی بەردەوام بون لە سەری، وەك لە ئیبن عومەرەوە هاتوە ئەڵێ: «إِنِّي صَحِبْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ فِي السَّفَرِ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ. وَصَحِبْتُ أَبَا بَكْرٍ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ، [وَصَحِبْتُ عُمَرَ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ، ثُمَّ صَحِبْتُ عُثْمَانَ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ. وَقَدْ قَالَ اللهُ: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾]» «هـاوەڵێتی پەیامبەرم کرد لە سـەفەردا، لـە دو ڕکـات زیـاتری نـەدەکرد هـەتا وەفـاتی کـرد، هاوەڵێتی ئەبو بەکریشم کرد هەر لە دو ڕکات زیاتری نەدەکرد هـەتا وەفـاتی کـرد،

---

(١) أخرجه مسلم (٦٨٦).

عومەریش هەر لەوە زیاتری نەدەکرد تا وەفاتی کرد، عوسمانیش هەروەها»[١].

وئەحمەد دەگێڕێتەوە لە ئیبن عومەرەوە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «إِنَّ اللهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ تُؤْتَى مَعْصِيَتُهُ» «خوا پێی خۆشە ڕوخسەت وڕێ پێدانەکانی بکرێت، وەك چۆن پێی ناخۆشە ڕێ پێ نەدانەکانی ئەنجام بدرێت»[٢].

سەبارەت بە کۆ دەنگی: نوێژ کورتکردنەوە لەو پرسە دینیانەیە کە بەڵگە نەویستە، وئوممەتیش لە سەری کۆکە.

کەوابو: پارێزگاری کردن لە سەر ئەم سوننەتە وەرگرتنی ئەم ڕوخسەتە باشترە وئە پێشترە وەك واز لێ هێنانی، بەڵکو هەندێك زانا بە مەکرۆهی دەزانێت لە سەفەردا نوێژ بە تەواوەتی بکرێت، ئەمەش لەبەر زۆر بەردەوام بونی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانی لە سەر ئەم سوننەتە، کە ئیشی بەردەوامی پەیامبەر ﷺ بوە.

پرسی دووەم: لە بارەی دیاریکردنی ئەو نوێژەی دروستە کورت بکرێتەوە:

ئەو نوێژەی دروستە کورت بکرێتەوە بریتیە لە نوێژە چواریەکان، واتە: نوێژی نیوەڕۆ وعەسر وعیشا، ونە نوێژی بەیانی ونە مەغریب کورت ناکرێتەوە بە ئیجماع، لەبەر ئیشی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانی لە دوای ئەوەوە، ولەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس ﷺ[٣]: «خوا نوێژی فەرز کردوە لە سەر زوبانی پەیامبەرەکەتان، لە شوێنی نیشتەجێ بون: چوارە، لە سەفەریشدا: دوان...». ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی مەبەست لە کورت کردنەوە چواریەکانە.

---

(١) أخرجه مسلم (٦٨٩).

(٢) أخرجه أحمد (٥٨٣٢)، وصححه الشيخ الألباني «الإرواء» (٥٦٤).

(٣) أخرجه مسلم (٦٨٧).

پرسی سێیەم: دوری ئەو سەفەرەی نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە وجۆرەکەی:

دوری ئەو سەفەرەی نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە نزیکەی شانزە فەرسەخە، کە دەکاتە چوار بورد «بُرُد»، بە میلیش دەکاتە چل وهەشت میل، بە کیلۆمەتریش دەکاتە نزیك هەشتا کیلۆمەتر، پەیامبەری خواش ﷺ شەو وڕۆژە ڕێیەکی بە سەفەر ناو بردوە[١]، ئیبن عەبباس وئیبن عومەریش نوێژیان کورت دەکردەوە وڕۆژویان نەدەگرت لە چوار «بورد»داکە شانزە فەرسەخە[٢].

سەبارەت بە جۆری سەفەرەکە: بریتیە لە سەفەری حەلاڵ؛ وەك سەفەری بازرگانی، وگەشت، هەروەها سەفەری واجب؛ وەك سەفەری حەج وجیهاد، هەروەها سەفەری سوننەت؛ وەکو سەردان کردن، وسەفەری دوەم جاری حەج، کەوابو: سەفەری حەرام دروست نیە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە لە سەر ڕای زۆرێکی زانایان[٣].

پرسی چوارەم: کەسێك نیەتی مانەوە «الإقامة»ی هەبێت، کورتی دەکاتەوە؟

کەسێك نیەتی مانەوە بێت وردەکاری تێدایە، بەم شێوەیە: ئەگەر نیەتی مانەوەی ڕەهای[٤] هەبێت کورتی ناکاتەوە؛ چونکە ئەو هۆکارەی کورت کردنەوەی بۆ حەلاڵ دەکات بونی نیە، بە هەمان شێوە ئەگەر نیەتی مانەوەی زیاتر لە چوار[٥] ڕۆژی

---

(١) وذلك في قوله ﷺ: «لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر مسيرة يوم وليلة ليس معها حرمة». أخرجه البخاري (١٠٨٨) واللفظ له، ومسلم (١٣٣٩) – ٤٢١.

(٢) أخرجه البخاري تعليقًا في «باب في كم يقصر الصلاة». وصله البيهقي في «السنن الكبير» (١٣٧/٣) بسنده عن عطاء بن أبي رباح، أن عبد الله بن عمر ﷺ... فذكره دون ذكر الفراسخ.

(٣) کۆمەڵێکی تری زانایانیش ئەو جیاوازیە ناکەن، ئەمەش پەسەندتر دیارە، والله أعلم. وەرگێڕ.

(٤) واتە: بێ دیاری کردنی چەند ڕۆژێکی دیاریکراو. وەرگێڕ.

(٥) جگە لە ڕۆژی دەرچون وگەڕانەوە. وەرگێڕ.

دەبێت، یا بۆ ئیشێك بمێنێتەوە وابزانێت تەواو نابێت مەگەر دوای چوار رۆژ؛ «چونکە پەیامبەر ﷺ کە لە مەککەدا بیست ویەك نوێژ مایەوە کورتیانی دەکردەوە، لە بەردەبەیانی رۆژی چوارەمدا گەیشت هەتا رۆژی تەرویە [«هەشتەم»] مایەوە، نوێژی بەیانی کرد وئینجا دەرچوو». جا هەر کەس چوار رۆژ مایەوە یا کەمتر وەك مانەوەکەی پەیامبەر ﷺ کورتی دەکاتەوە، کێش زیاتر مایەوە بە تەواوی دەیکات. پیشەوا ئەحمەد باسی ئەمەی کردوە[1]. کە ئەنەسیش ئەڵێ: «أَقَمْنَا بِمَكَّةَ عَشْرًا نقْصر الصَّلاة» «لە مەککە دە رۆژ ماینەوە، نوێژمان کورت دەکردەوە»، بەو مانا دێت باسمان کرد، چونکە دەرچونیشی بۆ مینا وعەرەفە ودواتریشی لە دەکە حساب کردوە. ئەگەریش هاتو لەبەر پێویستیەك زیاتر لە چوار رۆژ مایەوە بێ نیەتی مانەوە، ناشزانێت کەی تەواو دەبێت، یا بەند کرا بو بە ستەم یا گیری خواردبو بە هۆی بارانەوە ئەگەر چەندین ساڵیش بێت، ئەوا نوێژ کورت دەکاتەوە. ئیبن ئەلمونزیر ئەڵێ: «وکۆکن لە سەر ئەوەی موسافیر کورتی دەکاتەوە مادام نیەتی مانەوەی نەبێت».

پرسی پێنجەم: ئەو حاڵەتانەی کە پێویستە لە سەر موسافیر نوێژەکانی بە تەواوەتی ئەنجام بدات:

لێرەدا هەندێك حاڵەت هەیە، جیا کراوەتەوە لە نوێژ کورت کردنەوە بۆ موسافیر، لەوانە:

---

(١) انظر: «المغني» (٢/١٣٤-١٣٥)، ومجموع فتاوى الشيخ ابن باز، فتاوى الصلاة (ص ٤٥٨). [رای مالك وشافعیشە. بشزانە لە ئەحمەدەوە دو ریوایەت هەیە: ریوایەتێکیان کە مەزهەبی جمهورە: چوار رۆژە، وئەوی تریان نوێژ حسێب دەکات، بەڵام لێرەدا هەر دوکیانی تێ هەڵکێش کرد].

١. ئەگەر ڕێبوار لە پشت نیشتەجێیەکەوە نوێژی کرد: ئەوا لە سەریەتی بە تەواوەتی بیکات، لەبەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «پێش نوێژ دانراوە تا چاوی لێ بکرێت»[1]، ولەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما کە پرسیاری لێ کرا لە بارەی نوێژ بە تەواوەتی کردن لە پشت نیشتەجێوە؟ وتی: ئەوە سوننەتی باوکی قاسمە ﷺ[2].

٢. ئەگەر نوێژی کرد لە پشت کەسێکەوە گومانی هەبو موسافیرە یا نیشتەجێ: ئەگەر نوێژی دابەست لە پشت کەسێکەوە نازانێ ڕێبوارە یان نیشتەجێ، وەك ئەوەی لە فڕۆکەخانە وهاوشێوەکانی بێت، ئەو کاتە لە سەریەتی بە تەواوەتی بیکات، چونکە کورت کردنەوە پێویستی بە نیەتێکی دڵنیایی هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕاڕاییدا بە تەواوی دەیکات.

٣. ئەگەر لە سەفەردا نوێژی کاتی نیشتەجێی بیر هاتەوە: وەك کەسێکی موسافیر، ولە میانەی سەفەرەکەیدا بیری دەکەوێتەوە لە شاری خۆیدا نوێژی نیوەڕۆی بە بێ دەست نوێژ کردبێت، یا نوێژێکی لە شار فەوتاوی بیر بکەوێتەوە، لێرەدا لە سەریەتی بە تەواوەتی بیکات، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «مَنْ نَامَ عَنْ صَلَاةٍ أَوْ نَسِيَهَا، فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا» «هەر کەس لە نوێژێك خەوی لێکەوت یا بیری چووەوە، ئەوا با بیکاتەوە کەی بیری هاتەوە»[3]. یانی: وەك خۆی چۆنە، دەیکاتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو نوێژە بە تەواوەتی لە سەری فەرز بوە بۆیە لە سەریەتی بە تەواوەتی بیکاتەوە.

---

(١) پێشتر تەخریج کرا.
(٢) أخرجه أحمد (١/٢١٦)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٥٧١).
(٣) أخرجه البخاري (٥٩٧)، ومسلم (٦٨٤) - ٣١٥.

٤. **ئەگەر موسافیر نوێژێکی دا بەست کە لە سەریەتی بە تەواوەتی بیکـات، بەڵام بەتاڵ ببێتەوە، جا دوبارەی کردەوە:** وەك موسافیرێك لە پشـت نیشـتەجێیەکەوە نوێژ بکات، لەم حاڵەتەدا نەبێ بە تەواوەتی بیکات، جا ئەگەر ئەم نوێژەی بەتاڵ بویەوە ودوبارەی کردەوە لە سەریەتی بـە تـەواوەتی بیکاتـەوە، چـونکە دوبـارە کردنـەوەی نوێژێکە کە واجبە بە تەواوەتی بکرێت.

٥. **ئەگەر موسافیر نیەتی مانەوەی ڕەهای هەبو لەو شوێنەی سەفەری بۆ کردبو** بە بێ بەستنەوەی بە کاتێکی دیاری کراو یـا کـارێکی دیـاری کـراو، هـەروەها بـە هەمان شێوە ئەگەر نیەتی هەبو ئەو شوێنە بکاتـە نیشـتمانی خـۆی، ئـەوا ئـەبێت نوێژەکەی بە تەواوی بکات، چونکە حوکمی سەفەر دەرهەق بەو نـەماوە، ئەگـەریش سەفەرەکەی بەسـتەوە بە کـاتێکی دیـاری کـراو یـا کارێـك کۆتاییـان دێـت، ئـەوا موسافیرە ونوێژ کورت دەکاتەوە.

دوەم: کۆ کردنەوەی دو نوێژ:

چەند مەسەلەیەك لە خۆ دەگرێت:

پرسی یەکەم: لە بارەی شەرعی بونی کۆ کردنەوەی دو نوێژ پێکەوە، هەروەها بۆ کێش حەڵاڵە:

بەو سەفەرەی نوێژی پێ کورت دەکرێتەوە؛ حەڵاڵە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر پێکەوە کۆ بکرێتەوە، هەروەها مەغریب وعیشـا لـە کـاتی یەکێکیانـدا کـۆ بکەیتـەوە، لەبـەر فەرمودەکەی موعاز: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ فِي غَزْوَةِ تَبوكَ إِذَا ارْتَحَلَ قَبْلَ [أَنْ تَـ]زِيغَ الشَّمْسُ أَخَّرَ الظُّهْرَ حَتَّى يَجْمَعَهَا إِلَى الْعَصْرِ، فَيُصَلِّيَهُمَا جَمِيعًا، وَإِذَا ارْتَحَلَ بَعْدَ زَيْغِ الشَّمْسِ صَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا، ثُمَّ سَارَ، [وَكَانَ إِذَا ارْتَحَلَ قَبْلَ الْمَغْرِبِ

أَخَرَ الْمَغْرِب حَتَّى يُصلِّيها مَعَ الْعِشَاء، وإِذَا ارْتَحل بعْدَ الْمغْرِب عجَّلَ الْعشَاء، فَصلَّاهَا مَعَ الْمغْرِب]» «پەیامبەری خوا ﷺ لە غەزای تەبوك دا، ئەگەر پاش لادانی خۆر لە جەرگەی ئاسمان (دوای کاتی نوێژی نیوەڕۆ) بیویستایە بکەوێتە ڕێ، نیوەڕۆ وعەسری پێکەوە دەکرد، پاشان دەکەوتە ڕێ، ئەگەریش پێش مەغریب بکەوتایەتە ڕێ، دوای دەخست ولەگەڵ عیشادا دەیکرد، ئەگەریش دوای مەغریب بکەوتایەتە ڕێ، عیشای پێش دەخست ولەگەڵ مەغریبدا دەیکرد»[1]. ئیتر بەڕێوە بێت یان لای دابێت، چونکە ڕوخسەتێکە لە ڕوخسەتەکانی سەفەر، بۆیە عیبرەت بە بەڕێوە بون نیە وەك ڕوخسەتەکانی تری سەفەر، ئەوەندە نەبێت باشترە بۆ ئەوەی لایداوە کۆی نەکاتەوە، چونکە پەیامبەر ﷺ لە مینا کۆی نەکردەوە لە کاتێکدا لای دابو.

وکۆ کردنەوە حەلاڵە بۆ نیشتەجێیەکی نەخۆش کە ئەگەر نەیکات نارەحەتە لە سەری، لەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس ﷺ: «جَمَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ مِنْ غَيْرِ خَوْفٍ، وَلَا مَطَرٍ» «پەیامبەر ﷺ لە مەدینە نیوەڕۆ وعەسر، ومەغریب وعیشای کۆ کردەوە، بە بێ ترس وبێ باران»، لە ڕیوایەتێکدا: «من غير خوف ولا سفر» «بە بێ ترس وسەفەر»[2]. بۆیە تەنها بیانوی نەخۆشی مایەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ «فەرمانی کرد بە ئافرەتی نەزیف «الاسْتِحَاضَة» کە نوێژ کۆ بکاتەوە» ئیستیحازەش جۆرێکە لە نەخۆشی، بە ئیبن عەبباسیش وترا -لە سەر فەرمودەی پێشو-: بۆ وای کرد؟ وتی: بۆ ئەوەی ئومەتەکەی توشی نارەحەتی نەبن. جا کەی مرۆڤ بە هۆی کۆ نەکردنەوە نارەحەتی

(١) أخرجه أبو داود (١٢٠٨)، والترمذي (٥٥٣)، وقال: «حسن غريب». وصححه الألباني في «الإرواء» (٥٧٨).

(٢) رواهما مسلم (٧٠٥) ٤٩-٥٤.

وتەنگی توش هات، دروستە کۆی بکاتەوە[1]، نەخۆش بێت یان عوزرێکی جگە لە نەخۆشیش؛ وەك نیشتە جێ یان ڕێبوار.

هەروەها لەو عوزرانەی تر کە کۆ کردنەوە حەڵاڵ دەکات جگە لە نە خۆشی وسەفەر:

١. بارانی زۆری بە لێزمە کە کەلوپەل تەڕ بکا، وبە هۆیەوە مرۆڤ توشی ناڕەحەتی ببێ.

٢. قوڕ وقوڕاو، ئەگەر بە هۆیەوە ڕێ کردن لە سەر خەڵك ناڕەحەت دەبو.

٣. بای توندی ساردی لە ڕادە بە دەر.

هەروەها هەر بیانویەکی تر کە ئەگەر کۆی نەکاتەوە ببێتە مایەی ناڕەحەتی بۆ کەسەکە.

پرسی دوەم: دیاری کردنی ئەو کۆ کردنەوەیەی کە شەرعیە:

وسنوری نوێژ کۆ کردنەوەی شەرعی، بریتیە لە کۆ کردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ وعەسر، ومەغریب وعیشا بۆ ڕێبوار وهاو حوکمەکانی، هەروەها کۆ کردنەوە لە نیشتەجێدا بە هۆی باران وهاو حوکمەکانیەوە، کەواتە دروستە کۆ کردنەوەی هەر دو نیوەڕۆکە وهەر دو عیشاکە[2]؛ لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباسی پێشو، هەروەها ئەبو بەکر وعومەر وعوسمانیش ﷺ کردویانە، هەروەها هۆکاری کۆ کردنەوەی هەر دو عیشاکە بونی ناڕەحەتیە، جا ئەم هۆکارە لە هەر دو نیوەڕۆکەش هەیە.

---

(١) ناڕەحەتیەکی ڕون وئاشکرا. ئەگەرنا هەر خودی پەرستنەکە جۆرە ناڕەحەتیەکی تێدایە. وەرگێڕ.

(٢) هەر دو عیشاکە: مەغریب وعیشایە، هەر دو نیوەڕۆکەش: نیوەڕۆ وعەسرە، ناوی ئەمەکەیان بەوەکەشەوە نراوە لە ڕوی غەلەبە و[وزالیەوە]، ئەم ناوەکە زاڵ بوە بەسەر ئەوەکەی تردا].

دەروازەی دەیەم

لە بارەی نوێژی هەینیەوە

چەند پرسێکیشی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: حوکمی نوێژی هەینی وبەڵگەکەی:

جومعە فەرزی عەینە لە سەر پیاوان، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ﴾ [الجمعة:٩] «ئەی ئەوانەی بڕواتان بە خوا وپەیامبەر هەیە ونیش بە شەرعەکەی دەکەن! ئەگەر بانگبێژ لە ڕۆژی جومعەدا بانگی فەرمو بۆ نوێژ، بڕۆن بۆ بیستنی وتار وبە جێ گەیاندنی نوێژ، واز لە کڕین وفرۆشتن وهەمو ئەو شتانە بهێنن سەرقاڵتان دەکەن لێی». ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «رَوَاحُ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ» «ڕۆیشتن بۆ نوێژی هەینی واجبە لە سەر هەمو پێگەیشتویەك»[(١)]. هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ وَدْعِهِمُ الْجُمُعَاتِ أَوْ لَيَخْتِمَنَّ اللهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ، ثُمَّ لَيَكُونُنَّ مِنَ الْغَافِلِينَ» «خەڵكانێك واز دەهێنن لە نەهاتن بۆ جومعە ئەوە باشە، وەگەرنا خوا مۆر دەدات بەسەر دڵیاندا، پاشان لە بێ ئاگاکان دەبن»[(٢)]. نەوەوی ئەڵێ: «ئەوەی تێدایە کە جومعە فەرزی عەینە»[(٣)]، ولەبەر ئەو فەرمودەیەی کە تۆزێکی تر دێت، وتێیدا هاتوە: «جومعە هەق واجبە لە سەر هەمو موسڵمانێك».

---

(١) أخرجه النسائي. (٨٩/٣) (١٣٧١) وصححه الألباني «صحيح الجامع» (٣٥٢١).

(٢) أخرجه مسلم (٨٦٥).

(٣) «شرح النوي على مسلم» (١٥٢/٦).

پرسی دووەم: لە سەر کێ پێویستە؟

جومعە پێویستە لە سەر هەمو موسڵمانێکی نێرینەی باڵغی ژیر، توانای ئامادە بونی بێت، نیشتەجێ بێت، بۆیە پێویست نیە لە سەر: کۆیلە، یا ئافرەت، یا منداڵ، یا شێت، یا نەخۆش، یا ڕێبوار، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «الْجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلَّا أَرْبَعَةً: عَبْدٌ مَمْلُوكٌ، أَوِ امْرَأَةٌ، أَوْ صَبِيٌّ، أَوْ مَرِيضٌ» «نوێژی هەینی هەق وواجبە لە سەر هەمو موسڵمانێك بە کۆمەڵ ئامادەی بێت، مەگەر چوار کەس: کۆیلە، یا ئافرەت، یا منداڵ، یا نەخۆش»[١]. جا ڕێبوار لە سەری نیە لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ لە سەفەرەکانی خۆیدا نەیکردوە، ڕۆژی عەرەفەش لە حەجەکەیدا کەوتە جومعەوە، کەچی نوێژی نیوەڕۆی کرد وعەسری لەگەڵ کۆ کردەوە. بەڵام ڕێبوارەکە لە شارێکدا بێت هەینی تێدا بکرێت، ئەوە بۆی باشترە لەگەڵ موسڵماناندا بیکات. ئەگەریش کۆیلە یا ئافرەت یا منداڵ یا نەخۆش یا ڕێبوار ئامادەی هەینی بن نوێژەکەیان دروستە ونوێژی نیوەڕۆیان لە سەر دەکەوێت.

پرسی سێیەم: کاتەکەی:

کاتی جومعە بریتیە لە کاتی نوێژی نیوەڕۆ، کە بریتیە لە دوای لادانی خۆر لە جەرگەی ئاسمانەوە تا ئەوەندەی سێبەری هەر شتێك وەك درێژیەکەی لێ دێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەسی کوڕی مالك ﷺ کە «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُصَلِّي الْجُمُعَةَ حِينَ تَمِيلُ الشَّمْسُ» «پەیامبەری خوا ﷺ نوێژی هەینی دەکرد کاتێك خۆر لای دەدا»[٢].

---

(١) أخرجه أبو داود (١٠٥٤)، وصححه الألباني في «الإرواء» (٥٩٢).

(٢) أخرجه البخاري (٩٠٤).

ئەمەش لە کاری هاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە[١]، بۆیـە: هـەر کـەس کەیشـتە ڕکـاتێکی جومعە پێش دەرچونی کاتەکەی ئەوا گەیشتوە پێی، وەگەرنا نوێـژی نیـوەڕۆ دەکـات، لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێشتر باس کـرا: «هـەر کـەس بگاتـە ڕکـاتێکی نوێـژ ئـەوا گەیشتۆتە ئەو نوێژە».

پرسی چوارەم: وتار:

وتار پایەیەکە لە پایەکانی جومعە، نوێژی جومعەش دروست نابێت بـە بـێ وتـار، چونکە پەیامبەر ﷺ بەردەوام بوە لە سەری وهەرگیز وازی لێ نەهێناوە، بریتیشە لـە دو وتار، مەرجیشە بۆ دروستێتی نوێژی جومعە کە پێش نوێژ بێت.

پرسی پێنجەم: لە بارەی سوننەتەکانی وتارەوە:

وسوننەتە دوعا بکرێت بۆ موسڵمانان بەوەی بۆ دین وژینیان باشە، لەگەڵ دوعاکردن بۆ کار بە دەستی موسڵمانان بە چاك بون وموەفەق بون، چـونکە پەیامبـەر ﷺ «کـە جومعە وتاری دەفەرمو دوعای دەکرد، وبە پەنجەکانی ئاماژەی دەکـرد، وخـەڵکیش ئامینیان دەکرد»[٢]، هەروەها سوننەتە وتار ونوێژەکە یەك کەس بیکات، هەروەها بـە

---

(١) انظر: «فتح الباري» (٢/٤٥٠).

(٢) [قال الألباني في: «الإرواء» (٦١٣) (٣/ ٧٤): «لم أقف على سنده، وإنما علقه البيهقي (٣/٢١٠) مرسلًا فقال: وَرُوِينا عَنِ الزُّهْرِيِّ(*) أَنَّهُ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا خَطَبَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ دَعَا فَأَشَارَ بِإِصْبَعِهِ وَأَمَّنَ النَّاسُ». وَرَوَاهُ قُرَّةُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنِ الزُّهْرِيِّ، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ مَوْصُولًا وَلَيْسَ بِصَحِيحٍ، وَاللهُ أَعْلَمُ»» اهـ.

(*) لێرەدا زەهەبی لە «مهذب»ـەکەی «السنن الکبیر»دا (٣/١١٣٧) (٥١٤٤) دار الوطن نیشانەی «ضبة»یەکی داناوە، وەکو ئاماژەیەك بۆ پچڕاوی سەنەدەکەی. والعجیب أن محقق «شرح منتهی الإرادات» الشیخ عادل سعد (١/٣٩٠) دار الکتب العلمیة ط١، ١٤٢٦، أشار في الهامش إلی أنه أخرجه مسلم وأحمد، ولا شك أنه وهم].

پێی توانا دەنگی تێیاندا بەرز بکاتەوە، وبە پێوە وتار بدات لەبەر ئایـەتی: ﴿وَتَرَكُوكَ قَائِمًا﴾ [الجمعة:١١] «وبە پێوە لە ناو وتار بـە جێیـان هێشـتی». وجـابری کـوڕی سەمورە ﷺ ئەڵێ: «كَانَ [ﷺ] يَخْطُبُ قَائِمًا. ثُمَّ يَجْلِسُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيَخْطُبُ قَائِمًا. فَمَنْ نَبَّأَكَ أَنَّهُ كَانَ يَخْطُبُ جَالِسًا فَقَدْ كَذَبَ. [فَقَدْ وَاللهِ! صَلَّيْتُ مَعَهُ أَكْثَرَ مِنْ أَلْفَيْ صَلَاةٍ]» «پەیامبەر ﷺ بە پێوە وتاری دەفەرمو، ئینجا دادەنیشت، پاشان هەڵدەستا وتاری دەفەرمو بە پێوە، جا هەر کەس پێی وتی بە دانیشتنەوە وتاری فەرموە بێگومان درۆی کردوە، بە خوا زیاتر لە دو هەزار نوێژم لەگەڵدا کردوە»[١]. هەروەها سوننەتە لـە سەر مینبەر یا شوێنێکی بەرز بێت، چونکە پەیامبەر ﷺ «لە سەر مینبـەر وتـاری دەفەرمو»[٢]، کە بەرز بو، باشتریشـە بـۆ ڕاگەیانـدن، وکاریگـەرترە بـۆ ئامۆژگـاری. هەروەها لە نێوان هەر دو وتارەکە تۆزێك دادەنیشێت، لەبەر وتەکەی ئیبن عومەر ﷺ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَخْطُبُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَائِمًا، ثُمَّ يَجْلِسُ، ثُمَّ يَقُومُ» «پەیامبـەر ﷺ لە جومعەدا وتاری دەفەرمو بە پێوە پاشان دادەنیشت وپاشـان هەڵدەسـتا»[٣]. سوننەتیشە هەر دو وتارەکە کورت بکاتەوە، دوەمیش لە یەکەم کورتتر ئەبێت، لەبـەر فەرمودەکەی عەممار ﷺ: «إِنَّ طُولَ صَلَاةِ الرَّجُلِ، وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ، مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ. فَأَطِيلُوا الصَّلَاةَ وَاقْصُرُوا الْخُطْبَةَ» «درێـژی نوێـژ، وکـورتی وتارەکـەی، نیشـانەی تێگەیشتنێتی، جا نوێژ درێژ بکەنەوە وتار کورت بکەنەوە»[٤]. وسوننەتە وتاربێژ کـە ڕوی کردە خەڵکەکە سەلامیان لێ بکات، لەبەر وتەکەی جابر ﷺ: «پەیامبەر ﷺ کە

---

(١) أخرجه مسلم (٨٦٢).

(٢) [قال في «الإرواء» (٦١٥) (٣/ ٧٥): «متواتر عن جماعة من أصحاب النبي ﷺ»].

(٣) متفق عليه: البخاري (٩٢٨)، ومسلم (٨٦١) [واللفظ المثبت هو للبخاري والذي ذكروه في الأصل هو للنسائي وغيره].

(٤) أخرجه مسلم (٨٦٩).

دەهاتە سەر مینبەر سەلامی دەکرد»، وسوننەتە دابنیشێت تا بانگبێژ لێ دەبێتەوە، لەبەر وتەکەی ئیبن عومەر ﷺ «پەیامبەر ﷺ کە دەچوو سەر مینبەر دادەنیشت تا بانگبێژ لێ دەبوەوە ئینجا هەڵدەستا وتاری دەفەرمو»، سوننەتیشە خۆی بدات بە سەر گۆچان وهاوشێوەکانی، هەروەها سوننەتە وتار بێژ تەماشای پێش خۆی بکات، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کردوە.

پرسی شەشەم: ئەوەی حەرامە لە جومعەدا بکرێت:

لە کاتی وتاردا قسەکردن حەرامە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ تَكَلَّمَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ فَهُوَ كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا» «هەر کەس لە رۆژی جومعەدا قسە بکات لە کاتێکدا پێشەوا وتار دەخوێنێت، ئەوە وەکو گوێدرێژ وایە کتێبی هەڵگرتبێت»[1]. ولەبەر فەرمودەکەی تری ﷺ: «إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ: أَنْصِتْ، وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ فَقَدْ لَغَوْتَ» «ئەگەر بەوەی تەنیشتت بڵێی: بێ دەنگ بە وپێشەواش وتار ئێژێت ئەوە قسەی پوچ وباتڵ وڕەدکراودت کردوە»[2]. هەروەها رۆیشتن بە سەر ملی خەڵکیدا لە میانەی وتاردا حەرامە، لەبەر فەرمایشتەکەی ﷺ بۆ کابرا کە بینی هەنگاو دەنێت بەسەر ملی خەڵکدا: «اِجْلِسْ فَقَدْ آذَيْتَ» «دابنیشە! بەڕاستی ئازارت گەیاند»[3]، جا ئازاردانی موسڵمانانی تێدایە، وسەرقاڵیان دەکات لە گوێ گرتن لە وتار، بەڵام وتاربێژ دروستە بەسەر ملی خەڵکدا بڕوات ئەگەر

(١) أخرجه أحمد (٢٣٠/١). وقال ابن حجر في «بلوغ المرام»: «إسناده لا بأس به». «سبل السلام» (١٠١/٢-١٠٢) (٤٢١).

(٢) متفق عليه: البخاري (٣٩٤)، ومسلم (٨٥١). وانظر: إرواء الغليل (٨٤/٣).

(٣) أخرجه أبو داود (١١١٨)، والنسائي (١٠٣/٣)، والحاكم (٢٨٨/١)، وصححه وافقه الذهبي. وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٩١٦).

ڕێگایەکی تری نەبێت مەگەر بەمە، هەروەها کەڕاهەتی هەیە دو کەس لە یەکتر جیا بکەیتەوە [وبڕۆیتە نێوانیان] لەبەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ[1]: «من اغتسل يَوْمَ الْجُمُعَةِ [وَتَطَهَّرَ بِمَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ، ثُمَّ ادَّهَنَ أَوْ مَسَّ مِنْ طيبٍ]، ثُمَّ راحَ فَلَمْ يُفَرِّقْ بَيْنَ اثْنَيْنِ، فَصَلَّى ما كُتِبَ لَهُ، [ثُمَّ إِذَا خَرَجَ الْإِمَامُ أَنْصَتَ]، غُفِرَ لَهُ ما بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الْأُخْرَى» «هەر کەس لە ڕۆژی هەینی دا خۆی بشوات وئەوەندەی توانی خۆی پاك کردەوە، ئینجا ڕۆنی لە قژیدا یا بۆنی لە خۆیدا، ئینجا زو ڕۆیشت ودو کەسی لە یەك جودا نەکردەوە، وئەوەندەی بۆی نوسرا بو نوێژی کرد، ئیتر کە وتار بێژ هات بێ دەنگ بو، ئەوا لە نێوان ئەم هەینیە وهەینیەکەی تر لێی خۆش دەبێت».

پرسی حەوتەم: بە چی دەگەیتە جومعە؟

بە گەیشتنە یەك ڕکات لەگەڵ پێشەوادا گەیشتوی بە جومعە، لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «مَنْ أَدْرَكَ مِنْ الْجُمُعَةِ رَكْعَةً، فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلَاةَ»[2] «هەر کەس بگاتە یەك ڕکاتی جومعە، ئەوا بەڕاستی گەیشتۆتە نوێژي جومعە». ئەگەریش گەیشتە کەمتر لە ڕکاتێك ئەوا نوێژ نیوەڕۆ دەکات.

پرسی هەشتەم: لە بارەی نوێژی سوننەتی جومعەوە:

نوێژی جومعە سوننەتی پێشینەی نیە، بەڵام کەسێك سوننەتی ڕەها بکات پێش هاتنی کاتی بانگ، ئەوا هیچی تێدا نیە [بەلکو سوننەتە]، چونکە پەیامبەر ﷺ

---

(١) أخرجه البخاري (٩١٠).

(٢) أخرجه ابن ماجه (١١٢١)، وصححه الألباني (صحيح سنن ابن ماجه ٩٢٧، ٩٢٨). [كذا خرجوه وفقهم الله. ولفظه في الموضع المشار إليه: «...ركعةً فليصلِّ إليها أُخرى» واللفظ المذكور عند ابن خزيمة: (١٨٥٠) (٣/١٠٣)، وفي ابن ماجه أيضا: (١١٢٣) ولكن بزيادة: «...مِنْ صَلاةِ الْجُمُعَةِ أَوْ غَيْرِهَا...»].

هانی بۆ لا داوە، وەك لە فەرمودەکەی سەلمانی پێشودا ﷺ هاتوە: «هەر کەس لە ڕۆژی هەینی دا خۆی بشوات... ئینجا زو چو ودو کەسی لە یەك جودا نەکردەوە، وئەوەندەی بۆی نوسرا بو نوێژی کرد»، ولەبەر کاری هاوەڵان ﷺ، ولەبەر ئەوەی نوێژی سوننەت فەزڵدارە، ئەشی کرد نکوڵی لێ ناکرێت، چونکە سوننەتە ڕاتیبەکەی جومعە ها لە پاشەوەی کە بریتیە لە دو یا چوار یا شەش ڕکات، کە پەیامبەر ﷺ کردویەتی وفەرمانیشی پێ کردوە، چونکە «دوای جومعە دو ڕکاتی دەکرد»[1]. هەروەها ئەفەرموێ: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيُصَلِّ بَعْدَهَا أَرْبَعًا»[2] «کەسێکتان نوێژی جومعەی کرد با چوار ڕکات لە پاشیەوە بکات».

لە ڕیوایەتێکی تردا: «کامتان دوای جومعە نوێژی کرد با چوار ڕکات بکات»[3]، سەبارەت بە شەش؛ لەبەر ئەوەی ئیبن عومەر ﷺ ئەگەر لە مەککە بوایە ونوێژی جومعەی بکردایە، دەچوە پێشەوە دو ڕکاتی دەکرد، پاشان پێش دەکەوت وچوار ڕکاتی دەکرد، ئەگەریش لە مەدینە بوایە، نوێژی جومعەی دەکرد ودەگەڕایەوە ولە ماڵەوە دو ڕکاتی دەکرد ولە مزگەوت نوێژی نەدەکرد، کە پێیان وت، وتی: پەیامبەر ﷺ وای دەکرد[4].

---

(١) متفق عليه: البخاري (٩٣٧)، ومسلم (٨٨٢).

(٢) أخرجه مسلم (٨٨١) [هكذا اللفظ في الموضع المشار إليه، وفي الأصل: «أربع ركعات»].

(٣) صحيح مسلم (٨٨١) ٦٩.

(٤) أخرجه أبو داود (١١٣٠).

ئەمەوە ڕون بویەوە کەمترین سوننەت دوای جومعە دو ڕکاتە، ئەوپەڕەکەشی شەش، هەندێك لە زانایانیش ئەڵێن: ئەگەر لە مزگەوت کردی چوار ڕکات دەکات. لە ماڵەوەش کردی دو ڕکات دەکات[1]. کەواتە بە گوێرەی حاڵەتەکان جۆراوجۆرە.

پرسی نۆیەم: چۆنێتی نوێژی جومعە:

نوێژی جومعە دو ڕکاتە، وقورئان خوێندنەی نوێژەکە بە ئاشکرایە، چونکە ﷺ وای دەکرد، وکرداریشی لە سوننەتی ویە ﷺ، وزانایانیش کۆکن لە سەر ئەمە، سوننەتیشە لە ڕکاتی یەکەمدا سودرتی «جومعە»، ولە دوەمیشدا «مونافیقون» بخوێنێت دوای فاتیحا[2]، یا لە یەکەم «ئەعلا» دەخوێنێت ودوەمیش «غاشیە»[3]، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کردوە.

پرسی دەیەم: لە بارەی سوننەتەکانی جومعەوە:

١- سوننەتە زو بڕوات بۆ نوێژ، تا پاداشتی مەزنی دەست بکەوێت، لە فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمْعَةِ غُسْلَ الْجَنَابَةِ، ثُمَّ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الْأُولَى فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشًا أَقْرَنَ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الرَّابِعَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ دَجَاجَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الْخَامِسَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَيْضَةً، فَإِذَا خَرَجَ الْإِمَامُ حَضَرَتِ الْمَلَائِكَةُ يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ» «هەر کەس لە ڕۆژی جومعەدا غوسل دەر بکات وەك غوسلی لەشگرانی، پاشان زو

---

(١) «زاد المعاد» (١/٤٤٠).
(٢) أخرجه مسلم (٨٧٧).
(٣) أخرجه مسلم (٨٧٨).

بڕوات لە یەکەم ساتیدا، وەکو ئەوە وایە وشترێکی کردبێتە خێر بۆ نزیک بونەوە لە خوا، وهەر کەس لە ساتی دووەمیدا بڕوات وەکو ئەوە وایە مانگایەکی بەخشی بێتەوە، وهەر کەس لە ساتی سێیەمیدا بڕوات وەکو ئەوە وایە بەرانێکی شاخداری کردبێتە صەدەقە، وهەرکەس لە ساتی چوارمیدا بڕوات، وەکو ئەوە وایە مریشکێکی کردبێتە خێر، وهەرکەس لە ساتی پێنجەمیدا بڕوات، وەکو ئەوە وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر، کە پێشەوا هات ئیتر فریشتەکان ئامادە دەبن وگوێ لە وتار دەگرن»[١]. هەروەها ئەفەرموێ: «مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَغَسَّلَ[٢]، وَبَكَّرَ وَابْتَكَرَ[٣]، وَدَنَا، وَاسْتَمَعَ، وَأَنْصَتَ، كَانَ لَهُ بِكُلِّ خُطْوَةٍ يَخْطُوهَا أَجْرُ سَنَةٍ؛ صِيَامُهَا وَقِيَامُهَا» «هەر کەس جومعە خۆی بشوات وسەریشی بە جوانی بشوات یا غوسلیش بخاتە سەر ژنەکەی، زوش بێت وبگاتە سەرەتای وتار، نزیک پێشەواش دابنیشێت، جوانیش گوێ بگرێت، وبێ دەنگ بێت، ئەوا هەر هەنگاوێکی دەینات پاداشتی ساڵێك ڕۆژو وشەو نوێژی هەیە»[٤].

٢- وخۆشۆردن لە ڕۆژەکەی سوننەتە: لە بەر فەرمودەکەی ئەبو هوردیرەی پێشو: «هەر کەس لە ڕۆژی جومعەدا غوسل دەر بکات وەك غوسلی لەشگرانی» وئەبێت سور بێت لە سەری وازی لێ نەهێنێت، بە تایبەت ئەوانەی بۆنی ناخۆشیان لێ دێت.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٨٨١)، ومسلم (٨٥٠).
(٢) [«روي بالتشديد والتخفيف، قيل: أراد به غسل رأسه... ويرجح هذا لفظ أبي داود: «من غسل رأسه واغتسل»، وما في البخاري عن طاوس: «ذكروا أن النبي ﷺ قال: «اغتسلوا واغسلوا رءوسكم»... وقيل: جامع زوجته فأوجب عليها الغسل، فكأنه غسلها، وقيل: كرر ذلك للتأكيد»].
(٣) [«وابتكر» أي: أدرك أول الخطبة، وقيل: كرره للمبالغة والتأكيد»].
(٤) أخرجه الترمذي (٤٩٦) وحسنه، وحسّنه أيضاً: المنذري «الترغيب والترهيب» (١/٢٤٧).

٣- هەروەها سوننەتە بۆن لە خۆی بدات وخۆی پاکەوە بکات، وئەوەی ئەبێ لاببرێ لە لاشە لایبدات، وەك گرتنی نینۆك وجگە لەویش.

خۆ پاککردنەوەش شتێکی زیاترە لە خۆشۆردن، ئەمەش بەوە دەبێت بۆنە کەنەکان وهۆکاردکانی لە خۆی لابدات، وەك ئەو موانەی شەرع فەرمانی کردوە بە لابردنی، هەروەها نینۆکەکان، جا سوننەتە لەگەڵ خۆشۆردنی جومعەدا موی بەر ودوا وبن باڵ لا ببرێت، ونینۆك بگیرێت، سمێل کورت بکرێتەوە وبۆن لە خۆ بدرێت، لەبەر فەرمودەکەی سەلمان [ی پێشو] بەرزی دەکاتەوە: «کەس نیە لە ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وئەوەندەی توانی خۆی پاك کردەوە، وڕۆن لە قژی بدات یا لە عەتری ماڵەوە بۆن لە خۆی بدات، وزو بڕوات ودو کەس لە یەك جودا نەکاتەوە، وئەوەندەی بۆی نوسرا بو نوێژی کرد، ئینجا کە پێشەوا هات بێ دەنگ بێت، مەگەر لە نێوان ئەم هەینیە وهەینیەکەی تر خوا لێی خۆشدەبێت»[1]. ئیبن حەجەر ئەڵێ: مەبست پێی موبالەغەیە لە خۆ پاککردنەوە، هەروەها ئەمە لەوەشەوە دەفامرێت کە لەگەڵ خۆشۆردن هاتوە... کە خۆشۆردن مەبەست لێی: گرتنی سمێڵ ونینۆك وموی بەر ودوایە»[2].

٤- هەروەها سوننەتە جوانترین جلوبەرگ لەبەر بکات، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﵁: «عومەری کوڕی خەتتاب کراسێکی ئاوریشمی جوانی بینی لە لای دەرکای مزکەوت، وتی: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر ئەمە بکڕیایە، ڕۆژانی هەینی، وبۆ هاتنی وەفد ونوێنەرەکان لەبەرت بکردایە»، بوخاری ﵀ ئەم فەرمودەیە دەکاتە بەڵگە بۆ پۆشینی جوانترین جلوبەرگ بۆ ڕۆژانی جومعە، وەك ئەڵێ: «بابەتی:

---

(١) أخرجه البخاري (٩١٠).

(٢) أخرجه البخاري (٨٨٣) وانظر «فتح الباري» (٤٣٢/٢) [وذكر هذا قبله ابن رجب في «فتحه»].

پۆشینی جوانترینی ئەوەی هەیەتی». حافز ئیبن حەجەر ئەڵێ: «ڕوانگەی کردنە بەڵگە ئەوەیە: پەیامبەر ﷺ ئیقراری عومەر دەکات لە سەر بنچینەی خۆ ڕازاندنـەوە بـۆ جومعە»[1]، ولە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَا عَلَى أَحَدِكُمْ لَوِ اشْتَرَى ثَوْبَيْنِ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ سِوَى ثَوْبَيْ مِهْنَتِهِ» «هیچتان لە سەر نیە ئەگـەر دو کـراس بکـڕن بـۆ ڕۆژی جومعە، جگە لە دو جلوبەرگی ئیشەکەی»[2].

٥- هەروەها سوننەتە لە شەو وڕۆژەکەیدا زۆر صەڵاوات بدرێ لە سەر پەیامبـەر ﷺ، لە بەر فەرمودەی: «فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِيهِ» «زۆر صەڵاواتم لە سەر بدەن تێیدا»[3].

٦- هـەروەها سـوننەتە لـە نوێـژی بەیانیەکەیـدا هـەر دو سـورەتی «سـەجدە» و«ئینسان» بخوێنێت، چونکە پەیامبەر ﷺ بەردەوام بوە لە سەری[4].

٧- [5] هـەروەها سـوننەتە لـە ڕۆژەکەشـیدا سـورەتی کـەهف بخـوێنرێ، لەبـەر فەرمودی پەیامبەر ﷺ[6]: «إِنَّ مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ» «هەر کەس سورەتی کـەهف بخوێنێـت لـە ڕۆژی جومعـەدا ئەوا نورێکی بۆ دەدرەوشێتەوە تا نێوان هەر دو جومعەکە دەڕوات».

---

(١) «فتح الباري» (٢/٤٣٤).

(٢) أخرجه أبو داود (١٠٧٨)، وابن ماجه (١٠٩٥)، وصححه الألباني في «صحيح ابن ماجه» (٨٩٨).

(٣) أخرجه أبو داود (١٠٤٧)، والنسائي (٣/٩١)، وابن ماجه (١٠٨٥)، والحاكم (١/٢٧٨)، وصححه ووافقه الذهبي. وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٨٨٩) [واللفظ المثبت هو من المواضع المشار إليها]

(٤) صحيح البخاري (رقم ٨٩١)

(٥) [لە عەرەبیەکەی دا لەگەڵ خاڵی پێشودا].

(٦) أخرجه الحاكم (٢/٣٦٨)، وصححه، وصححه الألباني «الإرواء» (٣/٩٣). [فالمثبت هنا هو لفظ الحاكم في الموضع الذي أشاروا إليه، وهو من حديث أبي سعيد، أما المثبت عندهم (النسخة العربية) فمن حديث ابن عمر، أخرجه المنذري في «الترغيب والترهيب» وضعفه الألباني وتفصيله في «تمام المنة»].

٨- وسوننەتە بۆ کەسێك لە ڕۆژی جومعە چوە مزگەوتەوە دانەنیشێت تا دو ڕکات نوێژ دەکات، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێکردوە[١]، ئەگەریش لە میانی وتاری پێشەوادا بو، کورتی دەکاتەوە.

٩- هەروەها سوننەتە زۆر بپاڕێتەوە وچاودێری ساتی گیرا بونی دوعا بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِنَّ فِي الْجُمُعَةِ لَسَاعَةً لَا يُوَافِقُهَا مُسْلِمٌ [وَهُوَ] قَائِمٌ يُصَلِّي، يَسْأَلُ اللهَ خَيْرًا، إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ» «هەینی ساتێکی کەمی تێدایە، هیچ موسڵمانێك ڕێکەوتی لێ ناکەوێ خەریکی داوای خێر کردن بێت لە خوا، مەگەر خوا پێی دەبەخشێت»[٢].

(١) صحيح البخاري (٩٣٠).
(٢) أخرجه البخاري (٩٣٥)، ومسلم (٨٥٢) [واللفظ له، والزيادة التي ذكروها للبخاري].

دەروازەی یانزەهەم

لە بارەی نوێژی ترسەوە (صَلاَةُ الخَوْفِ)

ئەمە عوزری سێیەمە لەو عوزرانەی كە نوێژ لە شێوازەكەی یا ژمارەكەی جیاوازە، پێشتریش باسی دوو عوزری ترمان كرد كە نەخۆشی وسەفەر بون.

چەند پرسێكی تێدایە:

پرسی یەكەم: حوكمی نوێژی ترس وبەڵگەكەی شەرعی بونی، ومەرجەكانی:

١- حوكمەكەی:

نوێژی ترس شەرعیە لە هەمو شەڕێكی ڕێگەپێدراودا، وەك شەڕكردن لەگەڵ بێ باوەڕ ودەست درێژی كاران وڕێ گر وڕێ بڕ، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ [النساء:١٠١]، ئەوانی تریش كە دروستە شەڕی لەگەڵ بكەی قیاسی كراوەتە سەر ئەمە.

جا ئەم نوێژە شەرعیە لە كاتی ترسان لە هێرشی دوژمن، یا ڕا كردن لە دوژمن ئەگەر ڕا كردنەكە حەڵاڵ بێت. دوژمنیش هەمو دوژمنێك دەگرێتەوە ئادەمی بێت یا دڕندە لەو شتانەی مرۆڤەكان ترسیان لە خۆیان هەبێت لێیان، وەك ئەو هێرشبەر «الصائل»ـەی پەلاماری ماڵ ومنداڵی دەدات، هەروەها خاوەن قەرزی ستەمكار وجگە لەمانەش.

٢- بەڵگەی شەرعی بونی:

بەڵگەش لە سەر ئەمە: قورئان وسوننەت وكۆ دەنگیە، سەبارەت بە قورئان بریتیە لە ئایەتی: ﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ مَعَكَ

وَلْيَأْخُذُوا أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا فَلْيَكُونُوا مِنْ وَرَائِكُمْ وَلْتَأْتِ طَائِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّوا فَلْيُصَلُّوا مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ﴾ [النساء:١٠٢] «واتە ئەگەر ئەی پەیامبەر خوا لە گۆڕەپانی جەنگدا بویت ویستت نوێژیان بۆ بکەیت، ئەوا با کۆمەڵێکیان لەگەڵتدا نوێژ بکەن وچەکەکانیان پێ بێت، کە ئەمان سوژدەیان برد با کۆمەڵەکەی تر لە پشتەوە چاویان لە دوژمن بێت وڕوبەڕویان بن، ئیتر کۆمەڵی یەکەم لە پێشەوە ڕکاتی دووەمیشیان تەواو دەکەن وسەلام دەدانەوە، پاشان کۆمەڵی دووەم دێن کە هێشتا نوێژیان نەکردوە، با چاوت لێ بکەن لە ڕکاتی یەکەمیاندا پاشان دوای سەلامدانەوەی تۆ ڕکاتەکەی تر بۆ خۆیان تەواو بکەن وبا چەکیشیان پێ بێت ووریای دوژمن بن».

وپەیامبەریش ﷺ ئەنجامی داوە وهاوەڵانیش کۆك بون لە سەر کردنی.

٣- مەرجەکانی:

نوێژی ترس ڕێگە پێدراوە بە دو مەرج:

مەرجی یەکەم: دوژمنەکە لەوانە بێت کە شەڕ لەگەڵ کردنی حەلاڵ بێت، وەك جەنگ لەگەڵ کافران ودەست درێژی کاران، وڕێ گر وڕێ بڕەکان.

مەرجی دووەم: مەترسی هێرشکردنی هەبێت لە کاتی نوێژدا.

پرسی دووەم: چۆنێتی نوێژی ترس:

نوێژی ترس چەندین شێوازی هەیە، لەوانە ئەو شێوازەیە لە فەرمودەکەی سەهلی کوڕی ئەبو حەسمەی ئەنصاریەوە ﷺ هاتوە لە پەیامبەرەوە ﷺ کە زیاتر لەو شێوازە دەچێ لە قورئاندا هاتوە، ونیحتیاتی تێدایە بۆ نوێژ وبۆ شەڕیش، هەروەها شکستی

دوژمنی تێدایە. پەیامبەریش ﷺ لە غەزای «ذات الرقاع»دا ئەم نوێژەی ئەنجام داوە، شێوازەکەشی وەك سەهل دەیگێڕێتەوە ئەوەیە: کۆمەڵێك لە پشتی پەیامبەرەوە ﷺ ڕیزیان بەستوە، وکۆمەڵێکیش ڕوبەڕوی دوژمن وەستاون، یەك ڕکاتی نوێژی کرد بۆ ئەوانەی پشتی، پاشان بە پێوە وەستا، ئەوانیش ڕکاتەکەی تریان بۆ خۆیان کرد وئینجا ڕۆیشتن وڕوبەڕوی دوژمن ڕیزیان بەست، کۆمەڵی دوەمیش هاتن وئەو ڕکاتەی مابو بۆی کردن، پاشان بە دانیشتنەوە مایەوە تا ئەوان ڕکاتێکی تریان بۆ خۆیان کرد پاشان سەلامی بۆ دانەوە[1].

---

(١) أخرجه مسلم (٨٤١).

دەروازەی دوانزەهەم

لە بارەی نوێژی جەژنەوە

هەر دو جەژنەکە بریتین لە: جەژنی قوربان وجەژنی ڕەمەزان، وهەر دوکیشیان بۆنەیەکی شەرعیان هەیە؛ جەژنی ڕەمەزان بە بۆنەی ئەوەیە موسڵمانان ڕۆژوی ڕەمەزان تەواو دەکەن، هی قوربانیش بە بۆنەی کۆتایی هاتنی تۆمینەی حاجیانەوە، پێشی وتراوە: «عید= جەژن» لەبەر ئەوەی دێتەوە ودوبارە دەبێتەوە (یعود) لەو کاتە.

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: حوکمی نوێژی جەژن وبەڵگەکانی:

نوێژی جەژن فەرزی کیفایەیە، ئەگەر هەندێك پێی هەستن لە سەر باقیەکە دەکەوێت. ئەگەریش کەس نەیکات، هەموی تاوانبار دەبێت، چونکە لە دروشمە دیارەکانی ئیسلامە، هەروەها پەیامبەر ﷺ بەردەوام بود لە سەری، تەنانەت پەیامبەر ﷺ فەرمانی بە ئافرەتانیش کردوە، تەوەندە نەبێت فەرمانی کرد ئەوانەی لە سوڕی مانگانەن دور بگرن لە نوێژگە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر گرنگی وگەورەیی فەزڵەکەی، چونکە ئەگەر فەرمان بە ئافرەتان بکات لە کاتێکدا لە ئەهلی جەماعەت نین، سا پیاوان لە پێشترن، هەندێك لە زانایانیش ئەوەی پێ بەهێزە فەرزی عەین بێت لە سەر تاك تاك.

پرسی دودم: مەرجەکانی نوێژی جەژن:

ولە گرنگترین مەرجەکانی: هاتنی کات، وبونی ژمارەی حساب بۆکراو، ونیشتەجێ بونە.

جا پێش کاتەکە دروست نیە، وهەروەها دروست نیە بە کەمتر لە سێ کەس، وپێویستیش نیە لە سەر ڕێبوارێکی نانیشتەجێ.

پرسی سێیەم: ئەو شوێنانەی نوێژەکەی تێدا دەکرێت:

سوننەتە لە دەشتدا لە دەرەوەی بیاناکان بکرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو سەعید ﷺ: «پەیامبەر ﷺ لە قوربان وڕەمەزاندا دەردەچو بۆ نوێژگە»[1]، مەبەستیش لەمە -خواش زاناترە- ئاشکراکردن ودەرخستنی ئەم دروشمەی ئیسلامە، ودروستیشە لە مزگەوتی جامعدا بکرێ ئەگەر عوزرێك هەبو وەك باران وبای توند وهاوشێوەکانی.

پرسی چوارەم: کاتەکەی:

کاتەکەشی وەك کاتی چێشتەنگا وایە دوای بەرزبونەوەی خۆر بە ئەندازەی ڕمێك دەست پێ دەکات تا لادانی خۆر لە جەرگەی ئاسمان، چونکە خۆی ﷺ وجێنشینەکانیشی دوای بەرزبونەوەی خۆر ئەنجامیان دەدا، ولەبەر ئەوەی پێش بەرزبونەوەی خۆر کاتێکی نەهی لێکراوە[2]، هەروەها سوننەتە جەژنی قوربان زو لە سەرەتای کاتی خۆیدا بکرێت، وڕەمەزانیش دوا بخرێت، چونکە خۆی ﷺ وای کردوە، وخەلکیش لە قوربان پێویستیان بە پەلە کردنە بۆ سەر بڕینی قوربانیەکانیان، بەڵام لە ڕەمەزاندا پێویستیان بە درێژبونەوەی کاتەکە هەیە تا سەر فترە بدەن.

---

(١) متفق عليه: البخاري (٩٥٦)، ومسلم (٨٨٩).
(٢) انظر: المغني (٢/٢٣٢-٢٣٣).

پرسی پێنجەم: شێوازەکەی وتەوەی تێیدا دەخوێنرێت:

شێوازەکەشی: دو ڕکاتە پێش وتار، لەبەر وتەکەی عومەر: «صَلَاةُ الْأَضْحَى رَكْعَتَانِ، وَصَلَاةُ الْفِطْرِ رَكْعَتَانِ، وَصَلَاةُ الْجُمُعَةِ رَكْعَتَانِ، تَمَامٌ غَيْرُ قَصْرٍ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ ﷺ [وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى]» «نوێژی جەژنی ڕەمەزان دو ڕکاتە، قوربانیش دو ڕکاتە، جومعەش دو ڕکاتە بە تەواوەتی بێ کورتکردنەوە لە سەر زوبانی پەیامبەرەکەتان [وسەر شۆڕی بۆ ئەوەی درۆ هەڵدەواسێت]»[1]. لە ڕکاتی یەکەمدا دوای تەکبیرەی دابەستن ونزای سەرەتا وپێش پەناگرتن شەش جار تەکبیر دەکات، ولە دوەمیشدا پێش قورئان خوێندن پێنج جار تەکبیرە دەکات بە بێ تەکبیرەی دابەستن، لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂: «كَانَ يُكَبِّرُ فِي الْفِطْرِ، وَالْأَضْحَى فِي الْأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ، وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسًا» «لە ڕەمەزان وقورباندا لە ڕکاتی یەکەمدا حەوت ولە دوەمدا پێنج تەکبیری دەکرد»[2]. ولەگەڵ هەمو تەکبیرەیەکدا دەستی بەرز دەکاتەوە، چونکە پەیامبەر ﷺ: «يَرْفَعُ يَدَيْهِ مَعَ التَّكْبِيرِ» «لەگەڵ تەکبیرەکاندا دەستی بەرز دەکردەوە»[3]. پاشان دوای پەناگرتن بە کۆ دەنگ قورئان بە ئاشکرا دەخوێنێ. جا فاتیحا دەخوێنێت، ئینجا لە ڕکاتی یەکەمدا ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ ولە دوەمیشدا «غاشیە» دەخوێنێت، لەبەر وتەکەی سەمورە ﵁: «پەیامبەر ﷺ لە هەر دو جەژنەکەدا ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ و﴿هَلْ أَتَاكَ

---

(١) أخرجه أحمد (٣٧/١)، والنسائي (٢٣٢/١)، والبيهقي (٢٠٠/٣)، انظر: «الإرواء» (١٠٦/٣). [والمثبت هو اللفظ المذكور في المواضع المشار إليها، والزيادة التي زادوها -وفقهم الله تعالى- من النسائي في «الكبرى» (٤٩٥)، وابن خزيمة (١٦٠٧)].

(٢) صحيح: أخرجه أبو داود (١١٤٩)، انظر: «الإرواء» (٢٨٦/٣) [والمثبت هو لفظه].

(٣) أخرجه أحمد (٣١٦/٤)، وحسنه الألباني في «الإرواء» [(١١٣/٣)] (٦٤١).

خدیث الْغَاشِيَةِ﴾ دەخوێند»[١]، هەروەها بە صەحیحی لێوەی هاتوە ﷺ کە لە ڕکاتی یەکەمدا ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ ولە دوەمیشدا ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ﴾ی خوێندوە[٢]، جا جارێك ئەمە دەخوێنێت وجارێکیش ئەوە، وەك سوننەت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخی نوێژخوێنان، وئاسانترەکەیان لەگەڵ دەکات.

پرسی حەوتەم: شوێنی وتاری جەژن:

شوێنی وتار لە جەژندا دەکەوێتە دوای نوێژەوە، لەبەر وتەکەی ئیبن عومەر ﷺ: «پەیامبەر ﷺ وئەبوبەکر وعومەر نوێژی هەر دو جەژنەکەیان دوای وتار دەکرد»[٣].

پرسی هەشتەم: قەزاکردنەوەی نوێژی جەژن:

کەسێك نوێژی جەژنی لە دەست چو سوننەت نیە بیگێڕێتەوە، چونکە هیچ بەلگەیەك لە پەیامبەرەوە ﷺ نەهاتوە لەم بارەوە، لەبەر ئەوەش ئەم نوێژە کۆبونەوەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە شەرعی نیە مەگەر بەو شێوازە.

پرسی هەشتەم: سوننەتەکانی:

١- سوننەتە نوێژی جەژن لە شوێنێکی دیار وفراوان بکرێت، لە دەرەوەی شار، موسڵمانان تێیدا کۆ دەبنەوە بۆ دەرخستنی ئەم دروشمە، ئەگەریش لە مزگەوت بکرێت بە هۆی عوزرێکەوە هیچی تێدا نیە.

---

(١) أخرجه أحمد (٥/٧) وابن ماجه (١٢٨٣)، وصححه الألباني (الإرواء ٦٤٤).
(٢) أخرجه مسلم (٨٩١).
(٣) أخرجه البخاري (٩٦٣)، ومسلم (٨٨٨).

٢- هەروەها سوننەتە نوێژی جەژنی قوربان زو بکرێ وەی جەژنی ڕەمەزان دوا بخرێ، وەك لە باسی کاتەکەیدا ڕونکرایەوە.

٣- وبۆ جەژنی ڕەمەزان پێش دەرچون چەند خورمایەك بخوات، وبۆ قوربانیش هیچ نەخوات تا نوێژ دەکات، چونکە پەیامبەر ﷺ وای دەکرد، لە ڕەمەزان دەرنەدەچو تا چەند خورمایەکی نەخواردایە بە تاکی دەیخوارد[1]، ولە قورباندا هیچی نەدەخوارد تا نوێژی دەکرد[2].

٤- هەروەها سوننەتە بە پێ زو دەر بچێت بۆ جەژن دوای نوێژ بەیانی، بۆ ئەوەی بتوانێ نزیك پێشەوا دابنیشێت، وپاداشتی چاوەڕێکردنی نوێژی دەست بکەوێت.

٥- سوننەتیشە موسڵمان خۆی برازێنێتەوە، وخۆی بشۆرێت، وجوانترین جلوبەرگ لەبەر بکات، وبۆن لە خۆی بدات.

٦- هەروەها سوننەتە لە جەژندا وتارێکی کۆکەرەوە وگشتگیر بدات بۆ سەرجەم کاروبارەکانی دین، وهانیان بدات بۆ زەکاتی سەر فترە، وبۆیان باس بکات چی دەردەکەن، وهانیان دەدات بۆ قوربانی کردن وحوکمەکانی ڕون دەکاتەوە، بەشی ئافرەتانیشی تێدا دا دەنێت، چونکە پێویستیان بەوەیە، وەکو شوێنکەوتنی پەیامبەریش ﷺ؛ کە نوێژ وتارەکەی تەواوکرد هات بۆ لایان وئامۆژگاری کردن ویادی خستنەوە[3]. نوێژیش دوای وتارە وەك ڕابورد.

---

(١) أخرجه البخاري (٩٥٣).
(٢) أخرجه الترمذي (٥٤٢)، وابن ماجه (١٧٥٦)، وصححه الألباني (صحيح ابن ماجه ١٤٢٢).
(٣) أخرجه البخاري (٩٧٨).

٧- هەروەها سوننەتە زیکری زۆر بکرێت بە «الله أكبر»، «لا إله إلا الله» لەبەر فەرمایشتە پیرۆزەکەی خوا: ﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [البقرة: ١٨٥] «وبۆ ئەوەی ڕۆژوی مانگەکە تەواو بکەن لە کۆتاییەکەی تەکبیرات بکەن لە ڕۆژی جەژندا، وخوا بە مەزن وگەورە ڕابگرن لە سەر ڕێنمایی کردنتان، هەروەها بۆ ئەوەی شوکرانە بژێری بکەن لە سەر نیعمەت پێ بەخشینتان»، وپیاوان بە ئاشکرا ئەیڵێن لە ماڵ ومزگەوت وبازاڕەکاندا، وئافرەتانیش بە نائاشکرا.

٨- گۆڕینی ڕێگا، جا بە ڕێگایەك دەڕوات بۆ جەژن وبە یەکێکی تر دێتەوە، لەبەر فەرمودەکەی جابر ﷺ: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا كَانَ يَوْمُ عِيدٍ خَالَفَ الطَّرِيقَ» «پەیامبەر ﷺ لە ڕۆژی جەژندا ڕێگاکەی دەگۆڕی»[1]. وتراویشە: دانایی لەمەدا ئەوەیە: تا هەر دو ڕێگاکە شاهێدی بۆ بدەن، وتراویشە: بۆ دەرخستنی دروشمی ئیسلامە لە هەر ڕێگاکە، جگە لەمەش وتراوە.

هەروەها هیچی تێدا نیە خەڵك پیرۆزبایی لە یەکتر بکەن لە ڕۆژی جەژندا، وەك بڵێ: «تَقَبَّلَ الله منا ومنك صالح الأعمال» «خوا کردەوەی چاکە لە ئێمە وئێوەش وەر بگرێت»، وەك هاوەڵانی پەیامبەر ﷺ دەیانکرد، لەگەڵ دەرخستنی ڕوخۆشی وخۆشحاڵی بە ڕوی ئەوانەی پێیان دەگات لەو ڕۆژەدا.

---

(١) أخرجه البخاري (٩٨٦).

دەروازەی سیانزەهەم

لە بارەی نوێژە بارانەوە

چەند پرسێك لە خۆ دەگرێت:

پرسی یەکەم: پێناسەی نوێژە بارانە، وحوکمەکەی، وبەڵگەکەی:

١- پێناسەکەی:

داوای بارانکردن «الاستسقاء» بریتیە لە داوای باران کردن لە خوا ﷻ لە کاتی پێویستی بەندەکان پێی، بە شێوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش ئەگەر زەوی بێ ئاو وئاسمان بێ باران بو، چونکە کەس باران نابارێنێت جگە لە خوا.

٢- حوکمەکەی:

سوننەتێکی تەئکید لە سەر کراوە، لەبەر وتەکەی عەبدوڵای کوڕی زەید ﷺ: «خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ يَسْتَسْقِي، فَتَوَجَّهَ إِلَى الْقِبْلَةِ يَدْعُو، وَحَوَّلَ رِدَاءَهُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، جَهَرَ فِيهِمَا بِالْقِرَاءَةِ» «پەیامبەر ﷺ دەرچو بۆ نوێژەبارانە دەپاڕایەوە، وعابەیەکەی هەڵگێڕایەوە، پاشان دو ڕکاتی کرد وقورئانەکەی بە ئاشکرا خوێند»[١].

پرسی دوەم: هۆکاری نوێژە بارانە:

هۆکارەکەی وشکە ساڵیە، کە بریتیە لە باران نەبارین، چونکە پەیامبەر ﷺ لەبەر ئەوە کردی.

---

(١) أخرجه البخاري (١٠١١)، ومسلم (٨٩٤).

پرسی سێیەم: کاتەکەی وشێوازەکەی:

کاتی نوێژە بارانە وشێوازەکەی وەك نوێژی جەژن وایە، لەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس ﷺ: «صَلَّى [ﷺ] رَكْعَتَيْنِ كَمَا يُصَلِّي فِي الْعِيدَيْنِ»(١) «دو ڕکات نوێژی کرد وەك چۆن لە دو جەژنەکە دەیکرد». جا سوننەتە لە نوێژگە بکرێ وەك نوێژی جەژن، ودو ڕکات دەکات، وبە ئاشکرا قورئانەکەی دەخوێنێت وەك نوێژی جەژن، دەشکەوێتە پێشی وتارەوە، هەروەها لە ژمارەی تەکبیرەکان ونەوەی تێیدا دەخوێنرێت هەر وایە، هەروەها داوای باران کردن بە هەرشێوەیەك بێت دروستە، جا مرۆڤ دەپاڕێتەوە وداوای باران دەکات لە نوێژەکەیدا چونکە دوعایە، هەروەها دروستە پێشەواش لە هەینیدا لە سەر سەکۆود داوای باران بکات، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ لە سەر مینبەرەوە لە جومعەدا داوای باران بارینی کرد(٢).

پرسی چوارەم: دەرچون بۆ نوێژەبارانە:

کە پێشەوا ویستی بۆ ئەمە دەربچێت، ئامۆژگاری خەڵك دەکات وفەرمانیان پێ دەکات بە تەوبەکردن وازهێنان لە مافی خەڵك ورق وکینە ودوبەرەکی، چونکە هۆکارێکە بۆ ڕێگریکردن لە دابەزینی خێر لە خواوە ﷻ، هەروەها لەبەر ئەوەی تاوانەکان هۆکاری بێ بارانیە وخۆپارێزیش هۆکاری بەرەکەتە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ [الأعراف: ٩٦] «وئەگەر خەڵکی شارەکان بڕوایان بە پەیامبەرانیان بهێنایە وشوێنیان بکەوتنایە وبە گوێیان بکردنایە

---

(١) رواه النسائي (١٥٢١)، والترمذي (٥٥٨)، وهو حسن. انظر إرواء الغليل (١٣/٣٣).
(٢) أخرجه البخاري (٩٣٣)، ومسلم (٨٩٧).

ئەوا خوا دەرگاكانی خێری بـۆ دەكردنـەوە لـە هـەمو ڕویەكـەوە بـەڵام بـە درۆیـان خستنەوە بۆیە خوا سزای دان بە سزای لەناوبەر بە هۆی بێ باوەڕی وسەرپێچیانەوە».

هەروەها خۆی بۆ پاك دەكاتەوە، وبۆن لە خـۆی نـادات، وبـەرگی ڕازاوە ناپۆشـێت. چونكە ڕۆژی زەلیلـی وملكەچـیە، وبـە خـاكی وزەلیلـی وگەردنكەچـی دڵ ولاشـە وكڕوزانەوەوە دەردەچێت، لەبەر وتەكـەی ئـیبن عـەبباس: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ خَرَجَ مُتَبَذِّلًا مُتَوَاضِعًا مُتَضَرِّعًا» «پەیامبـەر ﷺ دەرچـو بـۆ نوێژەبارانـە بـە بـەرگێكی نەڕازاوەوە، بە خاكی وكڕوزانەوەوە»[1].

پرسی پێنجەم: وتاردان تێیدا:

سوننەتە پێشەوا لە نوێژەبارانەدا یەك وتار بدات لـە دوای نوێـژ، كـە كۆكـەرەوە وگشتگیر بێت، فەرمانی تێدا دەكات بە تەوبەكردن وزۆر صەدەقە كـردن وگەڕانـەوە بۆ لای خوا وواز هێنان لە تاوان. وئەبێت لە وتارەكە زۆر داوای لێ خۆشبون بكـات، وئەو ئایەتانە بخوێنێتەوە كە فەرمانی پێ دەكـات، وزۆر بپاڕێتـەوە بـۆ داوای بـاران كـردن لـە خـوا، وەك فەرمایشـتەكەی ﷺ: «اللهم أغِثْنا» «خوایـە بارانمـان بـۆ ببارێنە»[2]، وفەرمایشـتی: «اللَّهُمَّ اسْقِنَا غَيْثًا مُغِيثًا مَرِيئًا مَرِيعًا عَاجِلًا غَيْرَ آجِلٍ نَافِعًا غَيْرَ ضَارٍّ» «خوایە! بارانی بە كۆمەك بەخشی ئاسان وپاكی بە پیت وبەرهـەممان بۆ ببارێنە، زو ودوا نەكەوێت، بە سود بێت بێ زیان»[3]، وفەرمایشـتی: «[الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ]،

(١) أخرجه الترمذي (٥٥٨) [هذا لفظه!]، وابن ماجه (١٢٦٦)، وهو حسن، انظر: «الإرواء» (٣/١٣٣).
(٢) أخرجه البخاري (١٠١٤)، ومسلم (٨٩٧)، ضمن حديث الاستسقاء الطويل.
(٣) أخرجه أبو داود (١١٦٩)، وصحح الشيخ الألباني إسناده. (تخريج المشكاة ١٥٠٧).

اللَّهُمَّ أَنْتَ اللهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ الْغَنِيُّ، وَنَحْنُ الْفُقَرَاءُ، أَنْزِلْ عَلَيْنَا الْغَيْثَ، وَاجْعَلْ مَا أَنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً، وَبَلَاغًا إِلَى حِينٍ» «ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، خاوەن بەزەیی وبەزەییکار، خاوەنی ڕۆژی پاداشت وسزا، پەرستراوی هەق، چی ویست لێی بێت ئەنجامی دەدات، خوایە! هەر تۆ خوای هەقی پەرستراوی تر نیە بە هەق جگە لە تۆ، دەوڵەمەند وبێ نیاز، وئێمەش نیازمەند وناتاج، بارانمان بۆ ببارێنە ونەو خێرەشی دایدەبەزێنی بیکە مایەی هێز وتوێشویەك بمانگەیەنێتە مەبەست»[1]، وهاوشێوەی ئەم پاڕانەوانە، دەستیش بەرز دەکاتەوە چونکە پەیامبەر ﷺ وای دەکرد بە ڕادەیەك سپیایی بن باڵی دەبینرا[2]، خەڵکیش دەستیان بەرز دەکەنەوە، چونکە پەیامبەر ﷺ لە وتاری هەینیدا کە دەستی بەرز کردەوە بۆ داوای بارانکردن، هاوەڵانیش دەستیان بەرز کردەوە[3]، هەروەها زۆر صەڵاوات دەدەیت لە سەر پەیامبەر ﷺ چونکە ئەوە مایەی گیرابونی دوعایە.

پرسی شەشەم: ئەو سونننەتانەی ئەبێت لە نوێژە بارانەدا بکرێت:

١- زۆر بپاڕێتەوە بەو دوعایانەی لەم بارەوە لە پەیامبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە، لە کۆتایی دوعاکەشدا ڕو دەکاتە قیبلە، وکەواکەی هەڵدەگەڕێنێتەوە؛ لای ڕاست دەکاتە دەستە چەپی ولای چەپی دەکاتە ڕاستی، وهەر شتێکی تری هاو وێنەی وەك عابا وهاوشێوەکانی...، چونکە چەسپاوە[4]: پەیامبەر ﷺ پشتی کردە خەڵك وڕوی

(١) أخرجه أبو داود (١١٧٣) [والزيادة له]، وحسّنه الألباني. (تخريج المشكاة ١٥٠٨).
(٢) متفق عليه من حديث أنس ﷺ: أخرجه البخاري (١٠٣٠)، ومسلم (٨٩٥).
(٣) أخرجه البخاري (١٠٢٩) من حديث أنس ﷺ.
(٤) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٠١١)، ومسلم (٨٩٤).

کردە قیبلە دەپاڕایەوە، پاشان کەواکەی هەڵگەڕانەوە، وتراویشە: دانایی لەم هەڵگێڕانەوەیە: گەشبینیە لە گۆڕانی ئەو حاڵ وبارە.

٢- وسوننەتە هەمو موسڵمانان دەربچن بۆ نوێژەبارانە تەنانەت ژن ومنداڵیش.

٣- سوننەتیشە بە ملکەچی وخۆ شکانەوە وزەلیلیەوە دەر بچن، چونکە پەیامبەر ﷺ بە خۆ زەلیل کرتن وخاکی بون وخۆ شکاندنەوە وکڕوزانەوەوە دەرچو بۆ نوێژە بارانە[١].

٤- سوننەتە لە کاتی دابەزینی باراندا لە سەرەتاکەیەوە لە بەری ڕابوەستێ تا بەری بکەوێت، وبڵێ: «اللَّهُمَّ صَيِّبًا نافعًا»[٢] «خوایە! بە خوڕ ولێزمە بە سود بێت»[٣]، وبڵێ: «مُطِرْنا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ» «بە فەزڵ وبەزەیی خوا بارانمان بۆ باری»[٤].

٥- ئەگەریش باران زۆر بو، ومەترسی زیان هەبو، سوننەتە بوترێ: «اللَّهُمَّ! حَوْلَنَا وَلَا عَلَيْنَا، اللَّهُمَّ! عَلَى الْآكَامِ وَالظِّرَابِ، وَبُطُونِ الْأَوْدِيَةِ، وَمَنَابِتِ الشَّجَرِ» «خوایە! دایبەزێنە دەوروبەرمان نەك بۆ سەرمان، خوایە! بۆ سەر گرد وتەپۆڵکە وناو دۆڵەکان وبن داردکان»[٥].

---

(١) أخرجه الترمذي وقال: حسن صحيح. پێشتر باسکرا.
(٢) [أخرجه البخاري : (١٠٣٢)، بدون لفظ: «اللهم» وهو عند غيره].
(٣) [أخرجه البخاري : (٨٤٦)، ومسلم : (٧١)].
(٤) [أخرجه البخاري : (٢٠٥/١)، ومسلم : (٨٣/١)].
(٥) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٠٢١)، ومسلم (٨٩٧) واللفظ له [بتقديم وتأخير].

ده‌روازه‌ی چوارده‌هه‌م

له‌ باره‌ی نوێژی خۆر گیران ومانگ گیران «الخُسوف والكُسوف»

چه‌ند پرسێكی تێدایه:

پرسى یه‌كه‌م: پێناسه‌ی خۆر گیران، حیكمه‌ت لێی:

الكسوف: بریتیه له دیار نه‌مانی ڕۆشنایی خۆر ومانگ به هۆكارێكی نا ئاسایی، و«الخسوف والكسوف» یه‌ك مانایان هه‌یه، خواش ﷻ ئه‌مه ده‌كات بۆ ترساندنی به‌نده‌كانی تا بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای، وه‌ك په‌یامبه‌ر ﷺ فه‌رموی: «إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَا يَكْسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ، وَلَا لِحَيَاتِهِ، وَلَكِنَّهُمَا مِنْ آيَاتِ اللهِ يُخَوِّفُ اللهُ بِهِمَا عِبَادَهُ» «خۆر ومانگ له‌به‌ر مردن وژیانی كه‌س ناگیرێن، به‌ڵكو له نیشانه وئایه‌ته‌كانی خوان، به‌نده‌كانی پێ ده‌ترسێنێت»[1].

پرسى دوه‌م: حوكمی نوێژی خۆر ومانگ گیران وبه‌ڵگه‌كه‌ی:

نوێژی خۆر ومانگ گیران له سوننه‌ته ته‌ئكیدكراوه‌كانه، چونكه په‌یامبه‌ر ﷺ فه‌رمانی پێ كردوه، وبه ترس وبیمه‌وه ده‌رچو بۆ كردنی، فه‌رمویشی: بۆ ترساندنی به‌نده‌كانه[2].

---

(١) أخرجه البخاري (١٠٤٨)، ومسلم (٩١١). [بل الصواب: البخاري (١٠٥٨)، ومسلم (٩٠١) من حديث عائشة، فإن الموضع الذي أشاروا إليه؛ أخرجه البخاري من حديث أبي بكرة وليس فيه موضع الشاهد، ومسلم من حديث أبي سعيد ﷺ].

(٢) انظر: «فتح الباري» (٢/٦١٢).

پرسی سێیەم: کاتەکەی:

کاتەکەی لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە ئەبێت هەتا نەمانی، لەبەر فەرمودەی پەیامبەر ﷺ: «فَإِذَا رَأَيْتُمْ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَصَلُّوا حَتَّى تَنْجَلِيَ» «کە شتێك لەو نیشانانەتان بینی نوێژ بکەن تا نامێنێت»[١].

پرسی چوارەم: چۆنێتیەکەی وئەوەی تێیدا دەخوێنرێت:

شێوازەکەشی: دو رکاتە، لە رکاتی یەکەمدا فاتیحا وسورەتێکی درێژ دەخوێنێت بە ئاشکرا -شەو بو یا رۆژ-، پاشان رکوعێکی درێژ دەبات، پاشان سەر بەرز دەکاتەوە، «سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَه» دەکات، وسوژدە نابات بەلکو دەست دەکاتەوە بە خوێندنی فاتیحا وسورەتێکی درێژی کەمتر لەوەی پێشو، پاشان رکوع دەبات وسەر بەرز دەکاتەوە، پاشان دو سوژدەی درێژ دەبات، رکاتی دوەمیش وەك یەکەمە بەلام کورتترە لە هەمو ئەوانەی پێشو، پاشان تەحیات دەخوێنێت وسەلام دەداتەوە. لەبەر وتەکەی جابر ﷺ: «كَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فِي يَوْمٍ شَدِيدِ الْحَرِّ، فَصَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ بِأَصْحَابِهِ، فَأَطَالَ الْقِيَامَ، حَتَّى جَعَلُوا يَخِرُّونَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَفَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَفَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ. ثُمَّ قَامَ فَصَنَعَ نَحْوًا مِنْ ذَاكَ. فَكَانَتْ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ»[٢] «لە سەردەمی پەیامبەردا ﷺ لە رۆژێکی زۆر گەرمدا خۆرگیرا، ئەوەبو نوێژی بە هاوەڵانی کرد، وەستانەکەی زۆر درێژ کردەوە، بەرادەیەك ئەیاندا بە ئەرزا، ئینجا رکوعی برد ودرێژی کردەوە، پاشان سەری بەرز کردەوە ودرێژی کردەوە، پاشان

---

(١) أخرجه مسلم (٩١٥).

(٢) أخرجه مسلم (٩٠٤).

ڕکوعی برد ودرێژی کردەوە، پاشان سەری بەرز کردەوە ودرێـژی کـردەوە، ئینجـا دو سوژدەی برد، دوای ئەوە هەستایەوە ورکاتێکی تری وەك ئەوەی کـرد، بـو بـە چـوار کڕنوش وچوار سوژدە»[١].

سوننەتیشە پێشەوا دوای نوێژەکە ئامۆژگاری خەڵك بکات وئاگاداریـان بکاتـەوە لە بێ ئاگایی وفریوخواردن بە دونیاوە، وفەرمانیان پێ بکات بـە فـرە دوعـا کـردن وداوای لێ خۆشبون کـردن، لەبـەر ئیشـی پەیامبـەر ﷺ؛ دوای نوێژەکـەی وتـاری فەرموو: «[فَحَمِدَ اللهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ:] إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ، لَا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ فَادْعُوا اللهَ وَكَبِّرُوا، وَصَلُّوا وَتَصَدَّقُوا» «سوپاس وستایشی خوای کرد ئینجا فەرموی: خۆر ومانگ دو نیشـانەن لە نیشانە وئایەتەکانی خوا، نە لەبەر مردن ونە لەبەر ژیانی کەس ناگیرێن، جـا کـە بینیتان ئەوا بپاڕێنەوە والله أكبر بکەن ونوێژ ئەنجام بدەن وصەدەقە ببەخشنەوە»[٢].

ئەگەر نوێژ تەواو بو هێشتا خۆر یا مانگ دەرنەکەوتبو دوبارەی ناکەنەوە، بەڵکو یـادی خـوا دەکرێـت وزۆر دەپاڕێنـەوە، لەبـەر فـەرمودەی: «فَصَلُّوا وَادْعُوا، حَتَّى يُكْشَفَ مَا بِكُمْ» «ئەوا نوێژ بکەن وبپاڕێنەوە تا لـە سـەرتان لا دەچـێت»[٣]. ئەمـە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ئەگەر پێش دەرکەوتن سەلامیان دایەوە خۆی سەرقاڵی دوعا دەکات. خۆ ئەگەر دەرکەوت وهێشتا لە نوێژ بون، بە کورتی نوێژەکە تـەواو دەکـات ونایبڕێت.

---

(١) أخرجه مسلم (٩٠٤).
(٢) أخرجه البخاري (١٠٤٤)، [ومسلم (٩٠١)].
(٣) أخرجه البخاري (١٠٤٠).

دەروازەی پانزەهەم

لە بارەی نوێژی مردو وحوکمەکانیەوە

«الجنائز»: کۆی «جِنازة»یە -بە فەتحە وکەسرەی جیمەکە- یەك واتایان هەیە. وتراویشە: بە فەتحە بە مردووەکە دەوترێ، بە کەسرەش بە تابوتەکە. ئەشبێت مرۆڤ بیری مردن وکۆتایی خۆی هەبێت لەم ژیانی دونیایە، جا خۆی ئامادە دەکات بە کردەوەی چاکە، وخۆ ئامادەکردن بۆ دوارۆژ، وتەوبەکردن لە سەرپێچیەکان، وگێڕانەوەی مافەکان. هەروەها سوننەتە سەردانی نەخۆش بکرێت وتەوبەکردن ووەسیەتکردنی بیر بخرێتەوە، کە گەیشتە سەرە مەرگ سوننەتە تەلقین بکرێت بە: «لا إله إلا الله» وڕوی بکرێتە قیبلە[1]، کە مرد سوننەتە چاوی دابخرێ، وپەلە بکرێ لە ئامادەکردن وناشتنی. ئەم باسەش چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: حوکمی شوردنی مردو وکفن کردنی:

١- حوکمەکەی: شۆردنی مردو پێویستە، لەبەر فەرمان پێکردنی پەیامبەر ﷺ، وەك لە بارەی کابراوە کە لە ئیحرامدا ئاژەڵەکەی ملی شکاند فەرموی: «اِغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ» «بە ئاو ونەبك بیشۆن»[2]. هەروەها لە بارەی زەینەبی کچیەوە ﷺ فەرموی [وەك باس کرا]: «سێ یا پێنج یا حەوت جار بیشۆن».

٢- چۆنێتی شۆردنەکە: ئەبێت کەسێك دابنرێ بۆ مردو شۆردن کە متمانە پێکراو ودادگەر وشارەزا بێت بە حوکمەکانی غوسل، لە شۆردنیشدا وەسیەت بۆکراو

---

(١) کاری هەندێك بوە لە پێشین -بە ڕەحمەت بن- بەڵام بەڵگەی لە سەر نەهاتوە. وەرگێڕ

(٢) متفق علیه: أخرجه البخاري (١٢٦٦)، ومسلم (١٢٠٦).

پێش دەخرێت، پاشان نزیکتر ونزیکتر، وەك باوك وباپیر وکوڕ ئەگەر شارەزای حوکمەکانی غوسل بون، وەگەرنا جگە لەمانە پێش دەخرێت کە شارەزا بێت. پیاویش پیاوان دەیشۆن وژنیش ژنان، وبۆ هەریەك لە ژن ومێرد هەیە یەکتر بشۆن؛ مێرد ژنەکەی دەشوات وژنیش مێردەکەی، هەر یەك لە پیاوان ونافرەتانیش بۆیان هەیە منداڵی خوار حەوت ساڵ بشۆن، وبۆ موسڵمان نیە -پیاو بێت یا ژن- نە بێ باوەڕ بشوات نە کفنی بکات ونە تەرمەکەی هەڵبگرێت ونە نوێژی لە سەر بکات، با کەس ونزیکیشی بێت وەك باوك ودایك. مەرجیشە ئەو ئاوەی مردوەکەی پێ دەشۆدرێت پاك وحەلاڵ بێت، ولە شوێنێکی داپۆشراودا بشۆردرێت، ونابێت کەسێك ئامادە بێت کە پەیوەندی بە شۆردنی مردوەکەوە نیە.

شێوازی شۆردنەکەش: ئەوەیە بیخاتە سەر جێگای شۆردنەکە، پاشان عەورەتی دادەپۆشێت، ئینجا کەلوپەلەکانی دادەکەنێت، لە شوێنێك بەرچاوی نەبێت وەك ژورێك وهاوشێوەکانی، پاشان شۆردر سەری مردوەکە بەرز دەکاتەوە تا وەك نزیك دانیشتن، پاشان دەست دەنێت بە سکیدا ودەیگوشرێت، وئینجا هەردو دەرچەکە پاك دەکاتەوە، وتاراتی بۆ دەگرێت وچی پیسی لە سەر هەر دو دەرچەکەی بو پاکی دەکاتەوە، ئەمەش بە پارچەیەك کە لە دەستی پێچاوە، پاشان نیەتی غوسل دەهێنێت، وبسم الله دەکات، ودەست نوێژی بۆ دەگرێت وەك دەست نوێژی نوێژ جگە لە ناو دان بە ددم ولوتدا کە تەنها دەست دەهێنێت بە ددم ولوتیدا، ئینجا سەر وڕیشی، بە ئاوی ئەبك، یان سابون، یان شتی تر دەشوات، دوای ئەوە دەستی ڕاست وئینجا دەستە چەپ دەشوات، ئینجا ئەوەی ماوە لە لاشەی دەیشوات، وباشترە «یستحب» پارچەیەك بپێچێتە دەستیەوە لە کاتی شۆردندا، ئەوەشی پێویستە یەك جار شۆردنە ئەگەر پاك بویەوە، سونتەتیشە بکرێتە سێ جار با پاکیش ببێتەوە،

هەروەها بە باش زانراوە لە کۆتا شۆردندا کافوری تێکەڵ بکرێت، پاشان مردووەکە وشك دەکرێتەوە، وئەوەی لێ لا دەبرێت کە شەرعیە لا ببرێت وەك نینۆك وتوك. وقژی ئافرەتیش دەکرێتە پەلك بەدوایدا شۆڕ دەکرێتەوە. ئەگەریش نەکرا مردوو بشۆردرێت لەبەر نەبونی ئاو یان پارچە پارچەیی لاشەکە بە هۆی سوتان وهارشێرەکانیەوە، ئەو کات بە خۆڵ تەیەمومی بۆ دەکرێت، سونەتیشە دوای شۆردنی، مردو شۆرەکە خۆی بشوات.

پرسی دوەم: ئەوەی شۆردن ئەگرێتە ئەستۆ:

باشترە ئەو کەسە شۆردن بگرێتە ئەستۆ کە شارەزاترین بێت بە سوننەتەکانی شۆردن لە کەسانی جێی متمانە ودەستپاك ودادگەرەکان، بە تایبەت ئەگەر لە کەس وخزمانی بێت، چونکە ئەوانەی پەیامبەریان ﷺ شۆرد لە خزمانی بون وەك عەلی وجگە لەو ﷺ[1]، ولە پێشترین کەس بە شۆردنی: ئەوەیە وەسیەتی بۆ کراوە بیشۆرێتەوە، ئینجا باوکی ئینجا باپیری ئینجا نزیکتر ونزیکتر لە پشتەکانی «عصباته»، پاشان خزمانی تری. وپێویستە شۆردنی نێرینە پیاوان بیگرێتە ئەستۆ، ومێینەش ئافرەتان، تەنها ژن ومێرد لەمە دەرچونە دەرەوە بۆیان هەیە یەکتر بشۆن، لەبەر وتەکەی عائیشە ﷺ: «لَوْ كُنْتُ اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ مَا غَسَّلَ النَّبِيَّ ﷺ غَيْرُ نِسَائِهِ» «ئەگەر بیری ئێستام هەبوایە کەس پەیامبەری ﷺ نەدەشۆرد جگە لە خێزانەکانی»[2]. هەروەها پەیامبەر ﷺ بە عائیشەی ﷺ فەرمو: «لَوْ مِتِّ قَبْلِي لَغَسَّلْتُكِ وَكَفَّنْتُكِ» «ئەگەر پێش من بمری بێگومان خۆم

---

(١) أخرجه ابن ماجه (١٤٦٧)، وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٢٠٧)، وانظر أيضًا: «الإرواء» (٦٩٩).
(٢) أخرجه أبو داود (٣١٤١)، وابن ماجه (١٤٦٤)، وحسّنه الألباني (الإرواء ٧٠٢).

دەتشۆم وکفنت دەکەم»[1]. وئەسمائی کچی عومەیس ئەبوبەکری صددیقی مێردی شۆرد ﵄[2]. وشەهیدی جەنگ ناشۆردرێت، وکفن ناکرێت ونوێژی لە سەر ناکرێ، هەر لە بەرگەکەی خۆیدا دەنێژرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ «فەرمانی کرد کوژراوانی ئوحود لە جلوبەرگەکانی خۆیاندا بنێژرێن ونەشۆردرێن ونوێژیشیان لە سەر نەکرێت»[3]. «لە بار چون= السِقْط»یش کە بریتیە لەو کۆرپەلەیەی پێش تەواو بون لە بار دەچێت نێر بێت مێ: ئەگەر بگاتە چوار مانگ دەشۆردرێت وکفن دەکرێت ونوێژی لە سەر دەکرێت ودەنێژرێتیش.

پرسی سێیەم: حوکمی کفن کردنی وشێوازەکەی:

وکفن کردنی مردو پێویستە، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ لەبارەی ئەو کەسەی کە لە ئیحرام بو وشترەکەی ملی شکاند: «وَكَفِّنُوه فِي ثَوْبَيْن» «وکفنی بکەن لە دو بەرگدا»[4]. ئەوەشی پێویستە پۆشینی هەمو لاشەیە، ئەگەر ئەبو تەنها پارچەیەکی کورت نەبێت کە بەش هەمو لاشە ناکات، ئەوا سەری دادەپۆشێت وهەندێك داری «ئیزخەر» دەخرێتە سەر قاچەکانی، لەبەر وتەکەی خەبباب ﵁ لەبارەی کفنکردنی موصعەبی کوڕی عومەیردوە ﵁: «فَأَمَرَنَا النَّبِيُّ ﷺ أَنْ نُغَطِّيَ رَأْسَهُ وَأَنْ نَجْعَلَ عَلَى رِجْلَيْهِ مِنَ الْإِذْخِرِ» «پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێکردین سەری دابپۆشین وئیزخەر بخەینە سەر قاچەکانی»[5]. هەروەها سەری نێرینەیەك لە ئیحرامدا

---

(١) أخرجه ابن ماجه (١٤٦٥)، وهو صحيح، انظر: «إرواء الغليل» (٣/١٦٠).
(٢) أخرجه مالك في الموطأ: (١/٢٢٣).
(٣) أخرجه البخاري (١٣٤٣).
(٤) متفق عليه: البخاري (١٢٦٦)، ومسلم (١٢٠٦).
(٥) متفق عليه: البخاري (١٢٧٦)، ومسلم (٩٤٠).

بێت داناپۆشرێت، لەبەر فەرمودەی: «ولا تُخَمِّرُوا رأسه» «وسەری دامەپۆشن»[1]، کفنیش بە پارچەیەك دەبێت داپۆشەر بێت، تەنك نەبێت لاشە پیشان بدات، ونەبێت پارچەکە لەوە بێت کە هاوشێوەی ئەو مردوە دەیپۆشێت، چونکە شتێك داوا ناکرێ کە لە توانای مردو وودرەسەکەشی نیە، سوننەتیش وایە مردو کفن بکرێت لە سێ لەفافی سپی لە لۆکە، پێکەوە لە سەر یەك ڕادەخرێن، مردوەکە دەخرێتە سەری بە ڕاکشاوی، ئینجا دیوی سەرەوەی لەفافەکە لە چەپی مردوەکەوە دەهێنیتەوە بەسەر لای ڕاستدا، ئینجا دیوی ڕاستی بەسەر چەپدا، ئینجا دوەم ئاوها وسێیەمیش ئاوها، زیادەکەش دەخەیتە دیوی سەریەوە ودەیبەستیت، ئەگەر لەوەش زیاتر بو دەخرێتە دیوی قاچیشیەوە ودەیبەستیت، چونکە ئەمە کفنەکە قایمتر دەکات، لەبەر وتەکەی عائیشە ﵂: «كُفِّنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ بِيضٍ سَحُولِيَّةٍ (جُدُدٍ يَمَانِيَةٍ، لَيْسَ فِيهَا قَمِيصٌ وَلَا عِمَامَةٌ، أُدْرِجَ فِيهَا إِدْرَاجًا)» «پەیامبەر ﷺ لە سێ بەرگی سپی سەحولی[2] تازەی یەمەنیدا کفن کرا، نە قەمیسی تێدا بو نە سەروێن، خرا ناویەوە وپێچرا پێیەوە بە پێچرانەوە»[3]، هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ؛ فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ» «جلوبەرگی سپی بپۆشن، چونکە لە باشترین جلوبەرگەکانتانە، ومردوەکانتانیشی تێدا کفن بکەن»[4]. مێینەش لە پێنج پارچەی لۆکە خوارە وسەرە «إزار وقميص» وسەرپۆش

---

(١) أخرجه البخاري (١٨٤٩) واللفظ له، ومسلم (١٢٠٦).

(٢) «سَحَل» -بە زەمەی یەکەم ودوەم-: کۆی «سَحَل»ـە، کە بریتیە لە بەرگی سپی خاوێن، تەنها لە لۆکەیە، ئەشڵێن: بە فەتحەی سینەکە، نیسبەتە بۆ «سَحُول» دێیەکە لە یەمەن. «النهاية» (٢/٣١٣) (سحل).

(٣) متفق عليه: البخاري (١٢٦٤)، ومسلم (٩٤١) واللفظ الأخير عند أحمد (٦/١١٨).

(٤) أخرجه أبو داود (٣٨٧٨)، والترمذي (١٠٠٥)، وابن ماجه (١٤٧٢) واللفظ للترمذي. قال الترمذي: حسن صحيح. وصححه الألباني (صحيح الترمذي ٧٩٢).

ردو لەفافدا کفن دەکرێت. مێرد منداڵیش لە یەك پارچەدا، ولە سیانیش دروستە، کیژۆڵەش لە قەمیسێك ودو لەفافدا کفن دەکرێن.

پرسی چوارەم: نوێژکردن لە سەر مردو، وحوکمەکەی، وبەڵگەکەی:

نوێژکردن لە سەر مردو فەرزی کیفایەیە، ئەگەر هەندێك بیکەن کوناه لە سەر ئەوانی تر دەکەوێت، بە بەڵگەی فەرمودەکەی ﷺ لە بارەی مردوە قەرزاردکەوە: «صَلُّوا على صاحبكم» «نوێژ لە سەر هاورێکەتان بکەن»[1]، هەروەها فەرمایشتەکەی ﷺ: «إِنَّ أَخا لَكُمْ قَدْ مَاتَ، فَقُومُوا فَصَلُّوا عَلَيْهِ» «برایەکتان مردوە هەستن نوێژی لە سەر بکەن»[2].

پرسی پێنجەم: مەرجەکانی نوێژی مردو وپایەکانی وسونەتەکانی:

١- **مەرجەکانی:** مەرجەکانی بەم شێوازەیە: نیەت، وتەکلیف، ورِوکردنە قیبلە، وداپۆشینی عەورەت، ودورکەوتنەوە لە پیسی، چونکە لە نوێژەکانە، وئامادەبونی مردو لە بەردەم نوێژگەردا ئەگەر لە شاردا بو، وموسڵمان بونی نوێژکەر ونوێژلە سەرکراو، وپاك بونی هەر دوکیان با بە خۆڵیش بێت بە هۆی عوزرێکەوە.

٢- **پایەکانی:** پایەکانیشی بەم شێوازەیە: بە پێوە بون -ئەگەر فەرز بو-[3] بۆ تواناداد، چونکە نوێژە بۆیە بە پێوە بون تێیدا پێویستە وەك فەرزەکان، وچوار تەکبیرەکە؛ «چونکە ﷺ چوار تەکبیری لە سەر نەجاشی کرد»[4]. وخوێندنی فاتیحا،

---

(١) أخرجه مسلم (١٦١٩).
(٢) أخرجه مسلم (٩٥٢) - ٦٤.
(٣) [نمونەی نوێژی جەنازەیەکیش سوننەت بێت، وەك نوێژی جەنازەیەك دوبارە بکاتەوە].
(٤) [معنى حديث أخرجه البخاري في مواضع منها: (١٢٤٥)، ومسلم كذلك (٩٥١)].

لەبەر گشتێتی [فەرمودەی پێشتر]: «نوێژی بۆ نیە کەسێك فاتیحا نەخوێنێت»[1].

هەروەها صەڵاواتدان لە سەر پەیامبەر ﷺ ودوعاکردن بۆ مردودکە، لەبەر فەرمودەی: «إِذَا صَلَّيْتُمْ عَلَى الْمَيِّتِ فَأَخْلِصُوا لَهُ الدُّعَاءَ» «ئەگەر نوێژتان لە سەر مردو کرد بە دڵسۆزیەوە بۆی بپاڕێنەوە»[2]. وسەلامدانەوە لەبەر گشتێتی فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «وحەڵاڵکردنی سەلامدانەوەیە»، هەروەها کردنی پایەکان بە ڕێکی وپایەیەك پێش ئەوی تر نەخات.

٣- سوننەتەکانی:

لە سوننەتەکانی: دەست بەرزکردنەوەیە لەگەڵ هەر تەکبیرەیەکدا، وپەناگرتنە پێش خوێندن، ودوعایە بۆ خۆی وموسڵمانان، وبە نهێنیش قورئانەکەی بخوێنرێت.

پرسی شەشەم: کاتی نوێژی مردو وفەزڵەکەی وشێوازەکەی:

١- کاتەکەی: کاتی نوێژی مردو دوای شۆردن وکفنکردن وئامادەکردنی دەست پێدەکات، ئەگەر ئامادە بو، یا هەواڵی مردنەکەی گەیشت ئەگەر نائامادەبو.

٢- فەزڵەکەی: پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ شَهِدَ الْجِنَازَةَ حَتَّى يُصَلَّى عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ، وَمَنْ شَهِدَهَا حَتَّى تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ، قِيلَ: وَمَا الْقِيرَاطَانِ، قَالَ: مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ» «هەر کەس ئامادەی جەنازە بێت، تا نوێژی لە سەر دەکرێت،

---

(١) [تەخریجەکەی دوبارە دەکەنەوە بە قسوریکەوە].
(٢) أخرجه أبو داود (٣١٩٩)، وهو حسن. انظر: «إرواء الغليل» (١٧٩/٣).

ئەوە پاداشتی قیراتێکی هەیە، هەر کەسێش ئامادەی بێت تا دەنێژرێت ئەوا دو قیراتی بۆ هەیە، وترا: دو قیرات چەندێکە؟ فەرموی: وەکو دو شاخی کەورە»[1].

٣- شێوازەکەی: پێش نوێژ، وتەنیا، لای سەری پیاو، وناوەڕاستی ئافرەتەوە رادەوەستێ: چونکە پەیامبەر ﷺ ئەمەی ئەنجامداوە وەك ئەنەس ﷺ لێوەی دەگێڕێتەوە[2]، ئینجا تەکبیرەی دابەستن دەکات، دوای تەکبیر پەنا دەگرێت، پاشان «بسم الله الرحمن الرحيم» دەکات، ئینجا فاتیحا بە نهێنی دەخوێنێت، با بە شەویش بێت، ئینجا «الله أكبر» دەکات وصەڵاوات دەداتە سەر پەیامبەر ﷺ وەك صەڵاواتی تەحیات، ئینجا «الله أكبر» دەکات ودوعا بۆ مردوەکە دەکات بەوەی لە پەیامبەرەوە ﷺ هاتوە، لەوانە: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا، وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا. اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِسْلَامِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِيمَانِ» «خوایە! خۆش ببە لە زیندو ومردومان، ئامادە ونەهاتومان، گچکە وگەورەمان، نێر ومێمان. خوایە! کامانت ژیان لە سەر ئیسلامەتی بیژێنە، کامانیشت مراند لە سەر ئیمان بیمرێنە»[3]. «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ» «خوایە لێی خۆشبە، وبەزەییت پێیدا بێتەوە،

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٣٢٥)، ومسلم (٩٤٥).

(٢) أخرجه أبو داود (٣١٩٤)، والترمذي (١٠٤٥)، وابن ماجه (١٤٩٤). قال الترمذي: «حديث حسن». وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٨٢٦).

(٣) أخرجه أبو داود (٣٢٠١)، والترمذي (١٠٢٤)، والحاكم (١/٣٥٨). قال الترمذي: «حسن صحيح». وقال الحاكم: «صحيح على شرط الشيخين»، ووافقه الذهبي.

وبێـودی بکـە لـە نارەحـەتی وسـزا، ولێـی ببـوردە، وڕێـز لـە میوانیەکـەی بگـرە، وشوێنەکەی فراوان بکە، وتاوانەکانی بشۆ بە ئاو وبەفر وتەرزە، ولە هەڵەکانی پـاکی بکەوە وەك چۆن کەلوپەلی سپی لە چڵك پاك دەکەیتەوە، ومالەکـەی بـۆ بگـۆڕە بـە لەودی دونیـای باشـتر، وکـەس وکارەکـەی بـۆ بگـۆڕە بـە لەوانـەی دونیـا باشـتر، وهاوسەرێکی لەودی دونیا باشتر، وبیخەرە بەهەشتەوە وبیپارێزە لـە سـزای گـۆڕ یـا سزای ئاگر»[١]. ئەگـەر مردودکـە بچـوك بـو، ئـەڵێ: «اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ سَلَفًا لِوَالِدَيْهِ، وَفَرَطًا وَأَجْرًا» «خوایە! بیکەیتە پێشین بۆ دایك وباوکی، وپاداشت بە پێشتر چـونی، وئەجر بە خۆراگری دایك وباوکی»[٢]. پاشان الله أكبر دەکـات وتۆزێـك دەوەسـتێت، ئەگەریش دوعا بکات بەوەی ئاسان بو چاکە، وەك بڵێ: «اللَّهُمَّ لَا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلَا تَفْتِنَّا بَعْدَهُ» «خوایە لە پاداشتەکەی بێبەشمان مەکە ولە دوای ئەمە توشی فیتنـەمان مەکە»[٣]. پاشان یەك جار سەلام بە لای ڕاست دەداتەوە، ئەگەریش دو جار سـەلامی دایەوە هیچی تێدا نیە. کەسێکیش هەندێکی لە نوێژەکـە لـە دەسـت چـو، لەگـەڵ پێشەوادا نوێژ دا دەبەستێت وکە سەلامی دایەوە باقیەکەی تەواو دەکات بە شێوازی خۆی، هەر کەسێکیش پێش ناشتن نوێژەکـەی لـە دەسـت چـو، دەتوانێـت لـە سـەر گۆڕەکە نوێژ بکات، چونکە پەیامبەرﷺ لە سەر ئەو ئافرەتـەی گسـکی مزگـەوتی دەدا وای کرد[٤]. **نوێژی غائیبیش** -ئەوەی ئامادە نیە لە شار- کـەی زانـرا مـردوە ئەنجام دەدرێت، گەر مانگێك یا زیاتریش بێـت. مـنداڵی لەبارچـوش ئەگـەر چـوار

---

(١) أخرجه مسلم (٩٦٣) [هذا لفظه، والذي في الأصل أشبه أن يكون لفظ ابن ماجة].
(٢) أخرجه عبد الرازق في مصنفه (٥٢٩/٣) ٦٥٨٩.
(٣) أخرجه مالك (٢٢٨/١) ١٧، وعبد الرزاق في مصنفه (٤٨٨/٣) (٦٤٢٥)، وابن حبان، كما في الإحسان (٣٤٢/٧) ٣٠٧٣. وقال محققه: «إسناده صحيح على شرط مسلم».
(٤) أخرجه البخاري (٤٥٨)، ومسلم (٩٥٦).

مەنگ یا زیاتری تەواو کردبو نوێژی لە سەر دەکرێت، لەوە کەمتر نوێژی لە سەر ناکرێت.

پرسی حەوتەم: هەڵگرتنی تەرم وبەرێ خستنی بۆ گۆڕستان:

شوێنکەوتن وبەرێ خستنی جەنازە بۆ گۆڕستان سوننەتە، چونکە نەفەرموێ ﷺ: «هەر کەس ئامادەی جەنازە بێت، تا نوێژی لە سەر دەکرێت، ئەوە پاداشتی قیراتێکی هەیە، هەر کەسیش ئامادەی بێت تا دەنێژرێت ئەوا دو قیراتی بۆ هەیە، وترا: دو قیرات چەندێکە؟ فەرموی: وەکو دو شاخی گەورە»[1]. ونەبێت موسڵمان بە مردنی موسڵمانێکی زانی بچێت بۆ هەڵگرتنی تەرمەکەی ونوێژ لە سەر کردنی وناشتنی، لەبەر فەرمایشتی ﷺ: «حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ؛ رَدُّ السَّلَامِ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ» «مافی موسڵمان لە سەر موسڵمان پێنجە: وەڵامدانەوەی سەلام، وسەردانکردنی نەخۆش، شوێنکەوتنی تەرم»[2]. ئەمەش تەنکیدترە ئەگەر کەس نەهات بۆ تەرمەکەی، هیچیشی تێدا نیە بخرێتە ئۆتۆمبیل یا سەر ئاژەڵ بە تایبەت ئەگەر گۆڕستانەکە دور بو، ئەوەشی دوای کەوتوە لە سەریەتی بەشدار بێت لە هەڵگرتنی.

وشەرعیە مردو لە گۆڕستانی تایبەت بە مردوان بنێژرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ مردوی لە گۆڕستانی بەقیعدا دەناشت، وەك هەواڵەکان لەم بارەوە موتەواترن، ولە هیچ کەس لە پێشینانەوە نەهاتوە لە غەیرە گۆڕستان نێژرا بێت.

---

(١) پێشتر تەخریج کرا.

(٢) أخرجه البخاري (١٢٤٠).

هەروەها سوننەتە پەلە بکرێت لە تەرمەکە؛ لە شۆردنی وکفنکردنی ونوێژ لە سەر کردنی وناشتنی، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «إِذَا مَاتَ أَحَدُكُمْ فَلَا تَحْبِسُوهُ، وَأَسْرِعُوا بِهِ إِلَى قَبْرِهِ» «ئەگەر کەسێکتان مرد دوای مەخەن، وپەلەی لێ بکەن بۆ گۆڕەکەی»[1]. وئەوەی هەندێك خەڵك دەیکەن لە دواخستن وبردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یا دیاری کردنی ڕۆژێکی هەفتە تیای بنێژرێت، هەمو ئەمانە دژی سوننەتە، وەك چۆن سوننەتە لە کاتی هەڵگرتن وبردنیدا پەلەی لێ بکرێت، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَسْرِعُوا بِالْجِنَازَةِ، فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا [إِلَيْهِ]، وَإِنْ يَكُ سِوَى ذَلِكَ، فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ» «پەلە لە تەرمدا بکەن، گەر چاکەکار بێ خێرێکە پێشی دەخەیت، ئەگەریش وا نەبێت ئەوە شەڕێکە لە کۆڵی خۆتانی دەکەنەوە»[2]. بەڵام پەلەکردنێکی زۆر نا، ئەگاتە ڕاکردن وەك هەندێك لە زانایان فەرمویانە.

هەروەها لە سەر هەڵگرانی تەرمە ببەن بە سەنگینی وسام وهەیبەتەوە «السكينة والوقار»، هەروەها دەنگ بەرز نەکەنەوە نە بە قورئان خوێندن ونە بە جگە لەوەش، چونکە هیچ شتێکی وا لە پەیامبەری خواوە ﷺ نەچەسپاوە، هەر کەسێکیش بیکات پێچەوانەی سوننەتی کردوە.

هەروەها دروست نیە ئافرەتان دەربچن لەگەڵ تەرمدا، لە بەر وتەکەی ئوم عەتیە ﷺ: «نُهِينَا عَنِ اتِّبَاعِ الجَنَائِزِ [وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا]» «ڕێگریمان لێکرا شوێنی تەرم

---

(١) أخرجه الطبراني (١٢/٣٤٠) (١٣٦١٣)، وحسنه ابن حجر «الفتح» (٣/٢١٩).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٣٥١)، ومسلم (٩٤٤) واللفظ للبخاري [ولم أجد الزيادة عنده، وعند مسلم بلفظ: «إلى الخير» و: «عليه»، ووجدتها عند أصحاب السنن وأحمد...].

بکەوین، بەڵام جەختمان لە سەر نەکرایەوە»[١]، جا هەڵگرتنی تەرم ودواکەوتنی تایبەتە بە پیاوانەوە. هەروەها کەڕاهەتی هەیە شوێنکەوتو دابنیشێت پێش دانانی تەرمەکە لە زەوی، چونکە پەیامبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە دانیشتن تا داددەنرێت[٢].

پرسی هەشتەم: ناشتنی مردو وشێوازی گۆڕ ونەوەی سونەتە لەم بارەوە:

سونەتە گۆڕەکە قوڵ، وفروان بێت، ونەڵهەد «اللَّحْد»ی بۆ بکەنرێ، کە بریتییە لەوەی کەندرێك بکەنرێ لە بن گۆڕەکەوە بە دیوی قیبلە، ئەگەریش نەڵهەد نەکرا با چاڵ «الشق» بکرێ، کە بریتییە لەوەی: لە ناوەڕاستی گۆڕەکەوە چالی بۆ بکەنرێ، بەڵام ئەڵهەد چاکترە، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «اللَّحْدُ لَنَا، والشَّقُّ لِغَيْرِنا» «ئەڵهەد بۆ ئێمەیە، چاڵیش بۆ جگە لە ئێمە»[٣]. ومردو دەخرێتە ناو ئەڵهەدەکەوە بە سەر لای ڕاستدا بە ڕوی قیبلە، وسەر ئەڵهەدەکە بە خشت وقوڕ دەگیرێت وئینجا خۆڵ دەکرێت بە سەریدا، وگۆڕیش بە ئەندازەی بستێك بەرز دەکرێتەوە لە سەر زەوی وەك پشتی وشتر، چونکە ئەمە چەسپاوە لە بارەی گۆڕی پەیامبەر ﷺ ودو هاوەڵەکەی[٤]، بۆ ئەوەی بزانرێ ئەوە گۆڕە تا سوکایەتی پێ نەکرێ، هیچیشی تێدا نیە چەند بەردێك یا جگە لەوە بخرێتە دەوروبەری تا بناسرێتەوە وسنورەکەی بزانرێ. هەروەها بینا لە سەر گۆڕ دروست کردن وگەچ کردن ولە سەری دانیشتن حەرامە، هەروەها کەڕاهەتی هەیە لە سەری بنوسرێت مەگەر ئەوەندەی پێویست بێت بۆ ناسینەوە، ئەمانەش لەبەر وتەکەی جابر ﷺ: «نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ يُجَصَّصَ

---

(١) أخرجه البخاري (١٢٧٨)، ومسلم (٩٣٨)، واللفظ لمسلم [والزيادة لهما].
(٢) أخرجه البخاري (١٣١٠)، ومسلم (٩٥٩).
(٣) أخرجه الترمذي (١٠٥٦) وحسنه، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٨٣٥).
(٤) انظر: «الشرح الممتع» (٤٥٨/٤).

الْقبرُ، وأنْ يُقعد عليه، وأنْ يُبنى عليه». «پەیامبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە کەچکردنی گۆڕ ودانیشتن وبیناکردن لە سەری»، لە ڕیوایەتەکەی تورمزی ئەڵێ: «وأنْ يُكتب عليها» «ولە سەری بنوسرێ»[١]. چونکە ئەمە لە هۆکارەکانی شیرك وپەیوەست بونە بە مەزارەکانەوە ئەمەش نەزانەکان فریو دەخۆن پێی وپێوەی پەیوەست دەبن.

هەروەها حەرامە گۆڕ ڕوناك بکرێتەوە، چونکە خۆ شوبهاندنی تێدایە بە بێ باوەڕان، وبە فیڕۆدانی ماڵ وسامانیشە، هەروەها بیناکردنی مزگەوت لە سەری ونوێژکردن لە لای یا بەردو وی، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُود وَالنَّصَارَى؛ اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ» «نەفرەتی خوا لە جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پەیامبەرانیان کرد بە مزگەوت»[٢].

هەروەها حەرامە بێ ڕێزی بەرامبەر بکرێ وەك ڕۆیشتن یا بە پێڵاوەوە پێنان بە سەریدا یا دانیشتن لە سەری وهاوشێوەکانی، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «لأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ فَتَحْرِقَ ثِيَابَهُ، فَتَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ» «ئەگەر کەسێکتان دابنیشێ لە سەر پشکۆیەك تا بەرگەکەی دەسوتێنێت ودەگاتە پێستەی، باشترە بۆی وەك لەوەی لە سەر گۆڕێك دابنیشێت»[٣]، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کردوە پێ لە سەر گۆڕ بنرێت[٤].

---

(١) أخرجه مسلم (٩٧٠)، والترمذي (١٠٦٤)، وقال: «حسن صحيح».
(٢) أخرجه البخاري (١٣٣٠)، ومسلم (٥٢٩).
(٣) أخرجه مسلم (٩٧١) [وفي الأصل: «خير من» وهو هكذا في «الجمع» للحميدي (٣/٢٩١)].
(٤) أخرجه الترمذي (١٠٦٤) [بل (١٠٥٢)] وقال: «حسن صحيح».

هەروەها سونەتە دوای ناشتن دوعا بۆ مردووەکە بکرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کردوە، کاتێك لە ناشتنی بوایەتەوە لە سەری دەوەستا ودەیفەرمو: «استغفروا لأخيكم، واسألوا له بالتثبيت؛ فإنه الآن يُسأل» «داوای لێ بوردن وچەسپاوی بۆ براکەتان بکەن چونکە ئێستا پرسیاری لێ دەکرێت»[1]. سەبارەت بە خوێندنی سورەتی فاتیحا وقورئان لە لای گۆڕ ئەوە بیدعەیەکی خراپە، چونکە پەیامبەر ﷺ وهاوەڵانی ﷺ نەیانکردوە، خۆیشی فەرمویەتی: «منْ عمل عملًا ليس عليه أمْرنا فهو ردٌ» «هەر کارێك بکرێت فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە»[2].

پرسی نۆیەم: ئەعزێ وسەر خۆشی کردن، وحوکمەکەی، وشێوازەکەی:

تەعزێ: بریتیە لە سەرەخۆشی کردنی بێ قەوماو وبەهێزکردنی تا بەرگەی ئەو وەی وموسیبەتە بکرێت، جا باسی ئەو پاڕانەوە ویردانەی بۆ دەکرێت کە هاتوە لە بارەی پاداشتی خۆڕاکری وچاوەڕێی پاداشت کردن.

وشەرعیە سەر خۆشی لە کەس وکاری مردو بکرێت بەوەی بەڵاکەیان لە سەر کەمدەکاتەوە وایان لێ دەکات ڕازی وخۆڕاکر بن، ئەمەش بەوەی لە پەیامبەرەوە ﷺ چەسپاوە ئەگەر دەیزانی ولەبەری بو، ئەگەرنا بەوەی بۆی ئاسانە لە قسەی چاك کە مەبەست بەدی دێنێت ودژی شەرع نیە، لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە ﷺ ئەڵێ: «كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ إِحْدَى بَنَاتِهِ تَدْعُوهُ، وَتُخْبِرُهُ أَنَّ صَبِيًّا لَهَا، أَوِ ابْنًا

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٢٢١)، وصححه الحاكم (١/٣٧٠)، وافقه الذهبي، وحسنه النوي والحافظ، انظر: «التعليق على الطحاوية» (٢/٢٦٥ ٦٦٦).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٦٩٧)، ومسلم (١٧١٨) - ١٨ واللفظ لمسلم.

نها: في الموت، فقال للرسول: ارجعْ إليها، فأخبرها: أنَّ لله ما أخذ وله ما أعطى، وكُلُّ شيءٍ عِندَهُ بأجلٍ مُسمّى، فمُرْها فلْتصْبِرْ ولْتحْتسِبْ» «لە خزمـەت پەیامبەر ﷺ بوین یەکێك لە کچەکانی ناردی بـە دوایـدا بـانگی دەکـرد وپێـی دەوت: کـە منداڵێکی لە سەرەمەرگدایە، پەیامبەریش ﷺ فەرموی: بگەڕێوە بۆ لای وپێی بڵێ: هەر چی خوا بردیەوە هی خۆیەتی، هەرچیشی بەخشی هـەر هـی خۆیـەتی، هـەمو شتێکیش لای خوا ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە، فەرمانی پێ بکە: با ئارام بگـرێ وچاودێری پاداشت بکات»[1]، ئەمەش لە باشترین ئـەو لەفزانەیـە هـاتوە لـە بـارەی تەعزیٚ بارییەوە.

لە کاتی تەعزیٚ باریشدا ئەبێت دور بکەوێتەوە لەو شتانەی لە نێـو خەڵکـدا بڵاوە ولە شەرعدا بنەمای نیە، لەوانە:

١- کۆ بونەوە بۆ تەعزیٚ باری لە شوێنێکی دیاری کـراودا بـە هێنـانی کورسـی ورۆناکی وقورئان خوێن.

٢- دروست کردنی خواردن لە لایەن کەسوکاری مردوەوە لە ڕۆژانـی تەعزێکـەدا بۆ ئەو میوانانەی دێن بۆ تەعزیٚ باری، لەبەر فەرموددەکـەی جـەریری بەجـەلی ﷺ ئەڵێ: «كُنَّا نَعُدُّ الاجْتِمَاعَ إِلَى أَهْلِ الْمَيِّتِ، وَصَنِيعَةَ الطَّعَامِ بَعْدَ دَفْنِهِ مِنَ النِّيَاحَةِ» «ئێمە کۆبونەوە لای کەسوکاری مردو وخواردن دروست کردن دوای ناشتنی بـە شـین وڕۆ ڕۆمان دادەنا»[2].

(١) أخرجه البخاري (٢٨٤)، ومسلم (٩٢٣) [واللفظ له].

(٢) أخرجه ابن ماجه (١٦١٢)، [وضعفه بعض الأئمة] وصححه الشيخ الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٣١٨).

٣- دوبارەکردنەوەی سەر خۆشی، هەندێك خەڵك زیاد لە جارێك دەڕوا بۆ لای کەسوکاری مردو بۆ سەر خۆشی لیٔ کردن، وبنچینەش ئەوەیە: سەر خۆشی کردن یەکجارە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە دوبارەکردنەوەی یادخستنەوە وفەرمانکردن بو بە نارامگرتن ورازی بون بە قەزا وقەدەر ئەوە هیچی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر دوبارە کردنەوەی بۆ ئەم مەبەستە نەبو ئەوا نابێت، چونکە ئەمە لە پەیامبەر ﷺ وهاوەڵانەوە نەچەسپاوە.

هەروەها سوننەتە خزمانی مردوەکە وهاوسێکانی خواردن بۆ کەسوکاری مردوەکە دروست بکەن، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «اصْنَعُوا لِآلِ جَعْفَرٍ طَعَامًا فَقَدْ أَتَاهُمْ أَمْرٌ يَشْغَلُهُمْ، أَوْ أَتَاهُمْ مَا يَشْغَلُهُمْ» «خواردن بۆ خاوخێزانی جەعفەر دروست بکەن، بەڕاستی موسیبەتێکیان بە سەردا هاتوە کە سەرقاڵی کردون»[١].

سەبارەت بە گریان ودڵتەنگی بۆ مردو، هیچی تێدا نیە وزۆرجار هەر ڕو دەدات، وئەمەش مەیلی سروشتی کەسەکانە بیٔ زۆر لە خۆ کردن، پەیامبەریش ﷺ بە سەر ئیبراهیمی کوڕی گریا کاتێك مرد، وفەرموی: «إِنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ، وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ، وَلَا نَقُولُ إِلَّا مَا يَرْضَى رَبُّنَا، [وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ]» «چاو فرمێسك دەڕێژێت، ودڵ تەنگ دەبێت، هیچیش ناڵێین مەگەر ئەوەی خوا پێی ڕازی بێت،

(١) أخرجه أبو داود (٣١١٦)، والترمذي (١٠٠٣)، وابن ماجه (١٦١٠). وحسنه الألباني في «صحيح ابن ماجه» (١٣١٦).

وبەڕاستی ئەی ئیبراهیم ئێمە بە چونت دڵتەنگین»[1]. بەڵام ئەمە نابێت وەکو ناڕەزایی وبێزاری وبیٚ سەبری وسکاڵاکردن بێت.

هەروەها پیا هەڵدان بە گریانەوە «النَّدْب» ولاواندنەوە وشینکردن «النیاحة»، ولە گۆنادان وملیواندارنین حەرامە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەرﷺ: «لَيْس مِنَّا مَنْ لَطَمَ الْخُدُودَ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ» «لە ئێمە نیە کەسێك لە گۆنا بدات، وکراس وسنگ دابڕنێت، وبانگەشە وتەی سەردەمی نەفامی بڵێت»[2]. وەك ئەوەی بڵیٚ: هاوار ماڵ وێران بە خۆم، هاوار تیاچوون! ئەمە کاتێتی وەرە «خۆم رۆ»، وهاوشێوەی ئەمانە، هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کە فەرموی: «النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا، تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ» «شین کەر ولاوێنەر ئەگەر تەوبە نەکات پێش مردنی، لە قیامەت کە زیندو دەبێتەوە کراسێکی قەترانی لەبەردایە، وقەڵغانێك لە گەڕی»[3].

---

(١) أخرجه البخاري (١٣٠٣).

(٢) أخرجه البخاري (١٢٩٤)، ومسلم (١٠٣).

(٣) أخرجه مسلم (٩٣٤). گەڕی: نەخۆشیەکی ناسراوە، زیبکەیە لە سەر پێست دەردەکەوێت وخوریان وناولێی لەگەڵدایە.

سێیەم: بەشی زەکات

ولە شەش دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی پێشەکیەکانی زەکاتەوە.

دەروازەی دوەم: زەکاتی ئالتون وزیو.

دەروازەی سێیەم: زەکاتی ئەوەی لە زەوی دێتە دەرەوە.

دەروازەی چوارەم: لە بارەی زەکاتی مەڕ ومالاتەوە.

دەروازەی پێنجەم: لە بارەی زەکاتی سەر فترەوە.

دەروازەی شەشەم: لە بارەی ئەوانەی زەکاتیان پێ دەدرێت.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی پێشەکیەکانی زەکاتەوە

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی زەکات:

زەکات: لە زماندا بریتیە لـە گەشـە وزیـادکردن. ئـەوترێ: «زکا الزرع» ئەگـەر زەرعاتەکە گەشەی کرد. لە شەرعیشدا: بریتیە لە مافێك لەو ماڵەدا پێویسـتە کـە گەیشتبێتە ڕادە «نِصَاب»ێکی[1] دیاری کراو بە چەند مەرجێکی دیـاری کـراو، بـۆ کۆمەڵێکی دیاری کـراو. زەکـاتیش پاکبونەوەیـە بـۆ بەنـدە وخاوێنکردنەوەیـە بـۆ دەرونی، خـوا ﷻ ئەفـەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ [التوبة: ١٠٣] «ئەی پەیامبەر لە ماڵەکانیان صەدەقەیەك ببە کـە پاکیـان بکاتـەوە لە چلکی تاوان ودڵ ودەرونیان خاوێن دەکاتەوە». هەروەها هۆکارێکە بۆ بڵاوبونەوەی هۆگری وخۆشەویسـتی وهەماهـەنگی وبـەدەم یەکـەوە بـون «تَكَافُل»ی تاکـەکانی کۆمەڵگا.

پرسی دوەم: حوکمی زەکات وبەڵگەکەی:

زەکات فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیسلام وپایەیەکە لـە پێـنج پایەکـە، وگـرنگترین پایەکانیەتی دوای نوێژ، لەبەر فەمایشتەکەی خوا: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ [البقرة:٤٣] «ونوێـژەکان بـە جـێ بگەیـەنن وزەکـات بـدەن»، وقوله تعالى: ﴿خُذْ مِنْ

---

(١) بریتیە: لەو سنور وئەندازەیەی کە ماڵ پێی گەیشت زەکاتی تێدا واجب دەبێت. وەرگێڕ.

أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ [التوبة:١٠٣]. هەروەها پەیامبەر ئەفەرموێ ﷺ: «بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا [عَبْدُهُ] وَرَسُولُهُ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ» «ئیسلام لە سەر پێنج شت بونیاد نراوە: شایەتومان، شاهێدی دەدەم كە هیچ پەرستراوێك بە هەق نیە مەگەر خوا، وموحەممەد بەندە وپەیامبەری خوایە، وئەنجامدانی نوێژ، وزەكاتدان، وحەجی ماڵی خوا، وڕۆژوی ڕەمەزان»[١]. هەروەها لە وەسیەتەكەی ﷺ بۆ موعاز رضي الله عنه كە ناردی بۆ یەمەن فەرموی: «ادْعُهُمْ إِلَى: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللهِ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدِ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً فِي أَمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ وَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ» «بانگیان بكە بۆ: شایەتیدان بەوەی كەس شیاوی پەرستن نیە مەگەر خوا وشایەتیدان بەوەی من پەیامبەری خوام، جا ئەگەر لەمە گوێڕایەڵیان كردی، ئەوا پێیان ڕابگەیەنە كە خوا پێنج نوێژی لە شەو ڕۆژێكدا لە سەر فەرز كردون، ئەگەر لەمەش گوێڕایەلیان كردی، ئەوا پێیان ڕابگەیەنە كە خوا صەدەقەی لە ماڵەكانیان فەرز كردوە لە سەریان، لە دەوڵەمەندەكانیان وەردەگیرێ ودەدرێتەوە بە هەژارەكانیان»[٢]. وموسڵمانانیش لە هەمو دونیا كۆكن لە سەر فەرزێتیەكەی.

بەمەش فەرزێتی زەكات سەلمێنرا بە قورئان وسوننەت وكۆ دەنگی.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٨)، ومسلم (١٦)، عن ابن عمر رضي الله عنهما [واللفظ له].
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٣٩٥)، ومسلم (١٩)، عن ابن عباس رضي الله عنهما [واللفظ لهما إلا في كلمة].

پرسی سێیەم: حوکمی کەسێك نکوڵی لیٚ بکات:

هەر کەس نکوڵی لە فەرزێتی زەکات بکات نەزانێت، وبکرێت کەسی وا، شتی وا نەزانێت؛ ئیتر لە بەر تازە موسڵمان بونی بێت، یا لەبەر ئـەوەی لـە دەشـتێکی دورە دەست گەورە بوە، ئەوا فەرزێتی ڕۆژوی تێدەگەیەنی، وکافر ناکرێت چـونکە عـوزری هەیە.

ئەگەریش نکوڵیکەر موسڵمانێك بو لە وڵاتی ئیسـلام ونـاو مامۆسـتا وزاناکـان گەورە بو بو، ئەوە هەڵگەڕاوەیە وحوکمی هەڵگەڕاوەکانی لە سەر جێبەجیٚ دەکرێت، سیٚ ڕۆژ داوای تەوبەی لیٚ دەکرێت وەگەرنا دەکوژرێت، چونکە بەڵگەکانی فـەرزێتی زەکات ئاشکرایە لە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی ئوممەت، وەختیٚ ئـەم حوکمـە لـە کەسی وا شارەوە نەبێت، کە نکوڵی لیٚ دەکـات مەگـەر لەبـەر بـە درۆخسـتنەوەی قورئان وفەرمودەیە، وبێباوەڕە پێیان.

پرسی چوارەم: حوکمی زەکاتنەدەر

هەر کەس زەکات نەدات لە ڕژدی پێشی فەرز بێت، ئەوا تاوانبـارە بـە نـەدانی، بەڵام لە ئیسـلام نایباتـە دەرەوە، چـونکە زەکـات لقێکـە لـە لقـەکانی دیـن، بـە نەکردنێکی پەتی پێی بیٚ باوەڕ نابێـت، لەبـەر ئـەو فـەرمودە [درێـژەی کـە دێـت] پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێت: «دوای ئەوەی باسی سزادانی زەکـات نـەدەر دەکـات بـە ئاگر، ئەفەرمویٚ: پاشان ڕێگای پیشان دەدرێت یا بەرەو بەهەشت یا بـەرەو دۆزەخ». خۆ ئەگەر بێباوەڕ بێت ئەوا ڕێگەی بۆ نیە بۆ بەهەشت. ئەم کەسەش بە زۆر زەکـاتی لیٚ وەر دەگیرێت، ئەگەر ئامادەی شەڕیش بو، شەڕی لەگەڵـدا دەکرێـت تـا ملکـەچ دەکات بۆ فەرمانی خوا وزەکات دەدات، لەبـەر فەرمایشـتی خـوا ﷻ: ﴿فَإِنْ تَابُوا

وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ﴾ [التوبة: ٥]. «جا ئەگەر وازیان هێنا لە بێباوەڕیان وهاتنە نێو ئیسلامەوە وپابەند بون بە شەریعەتی ئیسلامەوە وەك نوێژ وڕۆژو ئەوا ڕێیان بدەن، چونکە ئیتر براتانن». وپەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ» «فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکدا بجەنگم تا شایەتومان دەهێنن: هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نیە مەگەر خوا، وشایەتی بدەن موحەممەد پەیامبەری خوایە، هەروەها نوێژ بکەن وزەکات بدەن، کە ئەوەیان کرد ئیتر خوێن وماڵیان لە من پارێزراوە مەگەر بە مافی ئیسلام، ولێپێچینەوەش لەگەڵیان لە لای خوایە»[1]. ولەبەر وتەکەی ئەبوبەکر ﷺ[2]: «وَاللهِ لَوْ مَنَعُونِي عَنَاقًا كَانُوا يُؤَدُّونَهَا إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهَا» «بەخوا ئەگەر کارە مێیەك نەدەن کە بە پەیامبەریان ﷺ بەخشیوە، ئەوا لە سەری شەڕ دەکەم لەگەڵیان». لەم بۆچونەش هەر سێ جێنشینەکە وسەرجەم هاوەڵان لەگەڵیدا بون، ئەمەش کۆ دەنگیانە لە سەر شەڕکردن لەگەڵ زەکاتنەدەران، ئەوەشی لەبەر چڕوکی نەیدات دەڕواتە ژێر ئەم دەقانەوە.

پرسی پێنجەم: لە بارەی ئەو ماڵانەی زەکاتی تێدایە:

زەکات فەرزە لە پێنج جۆری ماڵ، کە بریتین لە:

١- مەڕ وماڵات «بهيمة الأنعام»:

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٩٤٦)، ومسلم (٢١).
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٤٠٠)، ومسلم (٢٠).

كە بریتییە لە وشتر، ومانگا، ومەڕ وبزن، لەبەر فەرمودەی: «ما مِنْ صاحِبِ إبلٍ، وَلَا بَقَرٍ، وَلَا غَنَمٍ، لَا يُؤَدِّي زَكَاتَهَا، إِلَّا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْظَمَ مَا كَانَتْ وَأَسْمَنَهُ، تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا، وَتَطَؤُهُ بِأَظْلَافِهَا، كُلَّمَا نَفِدَتْ أُخْرَاهَا، عَادَتْ عَلَيْهِ أُولَاهَا، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ» «هیچ خاوەن وشتر ومانگا ومەڕو بزنێك نییە وزەكاتی نەدات مەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا دێت ها لە ئەوپەڕی گەورەیی وقەڵەوی، بە قۆچەكانی لێی دەدات، وبە سمەكانی پێ دەنێت بە سەریدا هەر كە كۆتاییان هات لە هەوەڵەوە دەست پێدەكەنەوە تا خوا قەزاوەت دەكات لە نێوان خەڵك»[1].

٢- هەر دو دراوەكە:

كە زێڕ وزیوە، هەروەها ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە لە دراود كاغەزییە بەڕیلاوەكان، لەبەر فەرمایشتی خوا: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [التوبة: ٣٤] «وئەوانەی ماڵەكان گل دەدەنەوە وزەكاتەكەی نادەن ومافە واجبەكانی لێ نادەن، ئەوا مژدەیان بدەرێ بە سزایەكی بە ئێش»، هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ[2]: «مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ، وَلَا فِضَّةٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا، إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحُ مِنْ نَارٍ فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ، فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ، وَجَبِينُهُ وَظَهْرُهُ، كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيدَتْ لَهُ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، [حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ، فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِمَّا إِلَى النَّارِ]» «هیچ خاوەن زێڕ وزیوێك نییە وهەقی نەدات مەگەر ڕۆژی قیامەت ئەبێتە پارچە ئاسنی پلێت ئاسا ئەلێی ئاگرە، لە ئاگری دۆزەخدا سور

---

(١) أخرجه مسلم (٩٨٧) من حديث أبي هريرة.
(٢) أخرجه مسلم (٩٨٧) من حديث أبي هريرة.

وگەرم دەکرێت، ئەوسا لاتەنیشتی وناوچاوانی وپشتی پێ داخ دەکرێت، هەر سارد بویەوە دوبارە گەرم دەکرێتەوە لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە تا خوا دادوەری لە نێوان بەندەکاندا دەکات».

٣- دانەوێڵە وبەر وبوم «الحبوب والثمار»:

دانەوێڵە: بریتیە لە هەمو دانێکی بە خۆراکدانراوی «مقتات» هەلگیراو «مدخر» وەك جۆ وگەنم وجگە لەمانەش. بەر وبومیش: خورما ومێوژە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الْأَرْضِ﴾ [البقرة: ٢٦٧]. «وببەخشن لەوەی لە زەوی دێتە دەر»، هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ [الأنعام:١٤١]. «ولە ڕۆژی دروێنەی وکردنەوەیدا مافە فەرزەکەی سەرتان بدەن»، وپەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا[1] الْعُشْرُ وَفِيمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ[2] نِصْفُ الْعُشْرِ» «ئەوەی ئاسمان وچاوگەکان ئاوی بدەن یا بە ڕەگەکەی خۆی ئاو بخوات ئەوە دەیەکی تێدایە، ئەوەشی بە پشتی وتر ئاو دەدرێت نیوەی یەك لە دەیە»[3].

٤- كانزا وگەنجینەی شاراوەی نەفامی «المَعَادِنُ والرِّكَازُ»:

المعادن: بریتیە لە هەمو ئەو شتانەی لە زەوی دەردەهێنرێ لەوانەی دروست دەبێت لە وەزیدا، بە بێ ئەوەی کەس دایبنابێت، وەك زێڕ وزیو ومس وهتد.

---

(١) ئەوەیە کە بە ڕەگەکەی ئاو دەخوات بە بێ ئاودان، وەك ئەوەی لە نزماییەك وهاوشێوەی بێت، ئاوی باران لە جۆگەکانەوە دێن بۆی، یان ئاو نزیکیەتی بە ڕەگەکانی لێی دەخوات وەك ئەوەی نزیك ڕوبارێك بێت.

(٢) واتە: بریتیە لە وشترانەی کە ئاریان لە سەر پشت هەڵدەگیرێت بۆ ئاودانی زەرعات، نێرینەکەی: «ناضح»ی پێ دەوترێت، مێینەکەش: «ناضحة»یە.

(٣) أخرجه البخاري (١٤٨٣) من حديث ابن عمر رضي الله عنهما.

«الرِّكاز»یش: ئەوەیە کە لە زەوی دەدۆزرێتەوە لە نێژراوای نەفامی، بەڵگەی فەرزێتی زەکاتیش لە کانزا وکەنجینەی شاراوەی نەفامی، گشتێتی ئەم فەرمایشتەی خوایە ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ ومِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ من الْأَرْضِ﴾ [البقرة:٢٦٧] «ئەی ئەوانەی بڕواتان بە خوا وپەیامبەردکەی موحەممەد هەیە ببەخشن لەو حەڵاڵە پاکەی بە دەستان هێناوە ولەوەی لە زەوی بۆمان دەرهێناون».

پێشەوا قورتوبی لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئەڵێ: مەبەستی ڕوەك وکانزا وکەنجینەی شاراوەی نەفامیە. ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وفي الرِّكَازِ الخُمُسُ»[١] «ولە گەنجینەی نەفامیدا پێنج یەك هەیە». وئوممەتیش کۆکە لە سەر فەرزێتی زەکاتی کانزاکان.

٥- ماڵی بازرگانی «عُرُوضُ التِّجَارَةِ»:

بریتیە لە هەمو ئەو شتانەی بۆ کڕین وفرۆشتن دانراوە بۆ قازانج، لەبەر ئایەتی: ﴿أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ﴾ [البقرة:٢٦٧]. جمهوری زانایانیش لە سەر ئەوەن کە مەبەست لەم ئایەتە زەکاتی ماڵی بازرگانیە.

پرسی شەشەم: دانایی لە فەرزێتی زەکات، هەروەها لە سەر کێ فەرزە (مەرجەکانی فەرز بونی):

أ- دانایی لە فەرزێتی زەکات:

زەکات فەرزە لەبەر زۆر حیکمەتی باڵا وئامانجی بەرێز کە لە ژماردن نایەت، لەوانە:

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٤٩٩)، ومسلم (١٧١٠) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

١- پاککردنەوەی ماڵ وگەشەکردنی، وبە فەر وبەرەکەتی دەکات، وشەر ودەردەکەی نەبات، ولە ئافات وخراپبون دەیپارێزێت.

٢- پاککردنەوەی زەکاتدەر لە ڕژدی ورەزیلی، وپیسی تاوان وهەڵە، وڕاهێنانی لە سەر بەخشندەیی وبەخشین لە پێناو خوادا.

٣- بەدەمەوەبون «مواساة»ی هەژار وپڕکردنەوەی پێویستی موحتاجان ونەداران وبێبەشان.

٤- بەدیهێنانی هەماهەنگی ویارمەتیدان وخۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، جا کاتێك دەوڵەمەند زەکات دەبەخشێتە برا هەژارەکەی ئەو ڕق وکینە وناواتی نەمانی دەوڵەمەندی دارا کە لەوانەیە لە دڵی ئەودا هەبێت لەگەڵ خۆیدا دەر دەکات. بەمەش ڕقەکان نامێنن وتەبایی وئاسایش بڵاو دەبێتەوە.

٥- زەکاتدان شوکرانەبژێری کردنی خوایە لە سەر نیعمەتی ماڵ وسامان، هەروەها گوێڕایەڵی کردنی خوایە ﷻ لە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی.

٦- زەکات دان بەڵگەیە لە سەر ڕاستی ئیمانی زەکات دەرەکە، چونکە ماڵی خۆشەویست دەرناکرێت مەگەر بۆ لەو خۆشەویست تر، هەر بۆیە پێی دەوترێت: صەدەقە، لەبەر ڕاستی خواستی خاوەنەکەی بۆ خۆشەویستی وڕەزامەندی خوا.

٧- هۆکارە بۆ ڕازی بونی خوا ودابەزینی خێر وخۆشیەکان، وسڕینەوەی تاوانەکان، وهی تریش.

ب- زەکات لە سەر کێ فەرزە (مەرجەکانی فەرز بونی)؟

زەکات فەرزە لە سەر کەسێك ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- ئیسلام: جا فەرز نیە لە سەر بێباوەڕ، چونکە پەرستنێکی ماڵیە پێی لە خوا نزیك دەبێتەوە، بەڵام بێباوەڕ پەرستنی لێ وەرناگیرێت تا دێتە ناو ئیسلامەوە، چونکە خوا ئەفەرموێ ﷻ: ﴿وَمَا مَنَعَهُمْ أَنْ تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّا أَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ﴾ [التوبة: ٥٤] «وهۆکاری وەرنەگرتنی بەخشینەکانیان نەوەیە: ئەوان بێباوەڕی ویە درۆخستنەوەی پەیامبەرەکەیان لە دڵدا شاردۆتەوە». جا مادام لێیان وەرناگیرێت پێویستکردنی لە سەریان سودی نیە، ولەبەر مەفهومی وتەکەی ئەبوبەکر ﵁: «ئەمە فەرزی صەدەقەیە کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرزی کردوە لە سەر موسڵمانان»[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لە سەری، چونکە گوتارە شەرعیەکانیش ئاراستەی ئەویش کراوە لە سەر وتەی دروست.

٢- ئازادی: جا زەکات پێویست نیە لە سەر کۆیلە و«المُكاتَب»[2]، چونکە کۆیلە خاوەنی هیچ نیە، موکاتەبیش خاوەندارێتیەکەی لاوازە، هەروەها کۆیلە وئەوەشی هەیەتی هی خاوەنەکەیەتی، جا زەکاتی ئەم لە سەر ئەوە.

٣- خاوەن ڕادە «نصاب» بێت خاوەندارێتیەکی تەواوی جێگیر وسەقامگیر[3]: هەروەها زیاتر بێت لە پێویستیە زەرورەکان کە مرۆڤ لێی بێ پێویست نیە، وەکو خۆراك وپۆشاك وخانو، چونکە زەکات بۆ بە دەمەودبونی هەژار دانراوە، کەواتە پێویستە بگاتە خاوەندارێتی ڕادە «نصاب» کە بە هۆیەوە دەگاتە دەوڵەمەندیەکی

---

(١) أخرجه البخاري (١٤٥٤)، ئەمەش لەو نوسراوەی کە ئەینوسێت بۆ ئەنەس کاتێك دەینێرێت بۆ بەحرەین.

(٢) بریتیە لەو کۆیلەیەی لەگەڵ خاوەنەکەیدا ڕێك کەوتوە دوای پێدانی ئەندازەیەکی دیاری کراوی ماڵ لە شێوەی قیستدا، ئازاد ببێت. وەرگێڕ.

(٣) سەقامگیری واتە: موعەڕەز نیە بۆ تیا چون، خۆ ئەگەر موعەڕەز بێت بۆ تیاچون ودەسەڵات بەسەریدا نەشکێت ئەرا زەکاتی تێدا نیە.

بایەخپێدراو، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ» «کەمتر لە پێنج ویسق زەکاتی تێدا نیە، هەروەها کەمتر لە پێنج زەود زەکاتی تێدا نیە، هەروەها کەمتر لە پێنج وەقە «ئۆقیە» زەکاتی تێدا نیە»[١].

٤- ساڵ هاتن بە سەرماڵدا: ئەمەش بەوەی دوانزە مانگی قەمەری تێپەڕ ببێت بە سەر نیصابەکە لە لای خاوەنەکەی، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «لَا زَكَاةَ فِي مَالٍ حَتَّى يَحُولَ عَلَيْهِ الْحَوْلُ» «زەکات نیە لە هیچ ماڵێکدا تا ساڵی بە سەردا تێپەڕ دەبێت»[٢]. ئەمەش تایبەتە بە مەڕ ومالاَت وپارە وپول ومالی بازرگانی، بەلاَم زەرعات وبەر وبوم وکانزاکان وریزکاز، ئەوە ساڵ تێپەڕبونی تێدا بە مەرج نەگیراوە، چونکە خوا ئەفەرموێ ﷻ: ﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ [الأنعام:١٤١]. هەروەها لەبەر ئەوەی کانزاکان وریکاز ماڵێکە لە زەویەوە دەست دەکەوێت، بۆیە بۆ پێویست بونی زەکات تێیدا ساڵ تێپەڕ بون مەرج نیە وەك کشتوکاڵ وبەر وبومەکان.

پرسی حەوتەم: بەشەکانی زەکات:

زەکات دو بەشە:

١- زەکاتی ماڵ وسامان: کە بریتیە لەوەی پەیوەستە بە ماڵەوە.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٤٤٧)، ومسلم (٩٧٩)، من حديث أبي سعيد الخدري رضي الله عنه.
(٢) أخرجه ابن ماجه وغيره، وصححه الألباني انظر: إرواء الغليل (٣/٢٥٤) (٧٨٧).

٢- زەکاتی جەستە: ئەوەیە کە پەیوەستە بەلاشەوە، ئەمەش زەکاتی سەر فترەیە.

پرسی هەشتەم: زەکاتی قەرز:

قەرز ئەگەر هاتو لە لای ئەدار یان قەرز کوێر (ئەمڕۆ وبەیانی کەر= مُمَاطِل)ێك بو، ئەوە کەی قەرزەکەی درایەوە زەکاتی یەك ساڵی دەدات لە ساڵی وەرگرتنەکەدا، ئەگەریش بەلای داراکەوە بو دەستی پێ ئەدەکرد ئەو کاتە هەمو ساڵێك زەکاتی دەدات، چونکە وەکو ئەوە وایە لای خۆی بێت.

دەروازەی دووەم

لە بارەی زەکاتی زێڕ وزیوەوە

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: حوکمی زەکاتی زێڕ وزیو، وبەڵگەکانی:

زەکات لە زێڕ وزیودا فەرزە لەبەر ئایەتی: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [التوبة: ٣٤] «وئەوانەی ماڵ دەگرنەوە وزەکاتەکەی نادەن ومافە واجبەکانی دەرناکەن وەك ئاڵتون وزیو، ئەوا مژدەیان بدەرێ بە سزایەکی بە ئێش». وهەڕەشەی لەم چەشنەش ناکرێت مەگەر لە سەر نەکردنی فەرزێك.

هەروەها لەبەر ئەو فەرمودەی[ـەی پێشتر]: «هیچ خاوەن زێڕ وزیوێك نیە وەقی نەدات مەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا ئەبێتە پارچە ئاسنی پلێت ئاسا، ئەڵێی ئاگرە، لە ئاگری دۆزەخدا سور وگەرم دەکرێت، ئەوسا لا تەنیشتی وناو چاوانی وپشتی پێ داغ دەکرێت، هەر سارد بویەوە دوبارە گەرم دەکرێتەوە لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە تا خوا دادوەری لە نێوان بەندەکاندا دەکات». هەروەها زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی لە هەر دو سەد درهەمێك پێنج درهەمی تێدایە، زێڕیش کە گەیشتە بیست مسقاڵ ونرخەکەی دو سەد درهەم بو، زەکاتی تێدایە.

پرسی دووەم: ئەندازەی زەکات:

ئەندازەی زەکاتی فەرز لە زێڕ وزیو: ڕوبعی «یەك لە دەیە»، واتە: لە هەر بیست دینارێکی زێڕ نیو دیناری تێدایە، ئیتر بە گوێرەی ئەمەیە زۆر بێت یا کەم، هەروەها

لە هەمو دو سەد درهەمێکی زیودا: پێنج درهەمی تێدایە، زیاتریش بو بە کوێرەی ئەمەیە؛ لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «وفي الرِّقَةِ[1] رُبْعُ الْعُشْرِ» «لە زیـرِ وزیوی نەخت، ڕوبعی ((دە یەك))ی تێدایە»[2]، ولەبەر فـەرمودەی: «...وَلَيْسَ عَلَيْكَ شَيْءٌ -يَعْنِي فِي الذَّهَبِ- حَتَّى تَكُونَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا، فَإِذَا كَانَتْ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا نِصْفُ دِينَارٍ» «وهیچـت لـە سـەر نیـە -یـانی لـە زێڕدا- تا دەبێتە بیست دینار، کە گەیشتە بیست دینار وساڵی بە سەردا هات ئـەوە نیو دیناری تێدایە»[3]. هەروەها لەبەر ئەوەی لە پەیامبەرەوە ﷺ هـاتوە کـە: «لـە هەمو بیست دینارێکدا -بەرەو سەردوە- نیو دینار زەکاتی بردوە»[4].

پرسی سێیەم: مەرجەکانی زەکات:

مەرجە بۆ فەرزێتی زەکات لە زێڕ وزیودا، ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبێت:

١- گەیشتنە ڕادە: کـە بریتیـە لـە بیسـت مسـقاڵ زێـڕ، لەبـەر فەرمودەکـەی [پێشوی] عەلی رضي الله عنه: «وهیچت لە سەر نیە -یـانی لـە زێـڕدا- تـا دەگاتـە بیسـت دینار، کە گەیشتە بیست دینار وساڵی بە سـەردا هـات ئـەوە نیـو دینـار زەکـاتی تێدایە»، کە دەکاتە «٨٥» گرام.

---

(١) الرِّقَة: بە قافێکی سوك، بریتیە لە زیو ودرهەمی نەخت، بنەڕەتەکەی: «الوَرِق»ـە، واوەکەی لابراوە وهائێك خراوەتە شوێنی. [نەختیش: لە زمانی کوردیدا، واتە: پارەی لە سکەدراو].

(٢) أخرجه البخاري (١٤٥٤) من حديث أنس بن مالك عن أبي بكر رضي الله عنه [ورد لفظه في الأصل هكذا: «وفي الرِّقَة كل مائتي درهم ربع العشر». ولم أجده لا في البخاري ولا في غيره، ولعل السبب في هذا وغيره من تغاير الألفاظ -والله أعلم- أنهم -وفقهم الله تعالى- ينقلون كثير من الأحاديث من كتب الفقه، وهنا من «الشرح الممتع على زاد المستقنع» لابن العثيمين (٣١/٦). والله تعالى أعلم]

(٣) أخرجه أبو داود (١٥٧٣) [هذا لفظه، لا «نِصْفُ مِثْقَالٍ»] وغيره عن علي بإسناد حسن أو صحيح كما قال النووي.

(٤) أخرجه ابن ماجه (١٧٩١)، والدارقطني (١٩٩)، وهو صحيح. انظر «إرواء الغليل» (٢٨٩/٣). [هذا لفظه، وفي الأصل: «مِثْقَالاً نِصْفُ مِثْقَالٍ» وهو هكذا في «الروض المربع» و«كشاف القناع»].

رادەی زیویش دو سەد درهەمی زیو، لەبەر فەرمایشتەکەی [پێشـوی] پەیامبـەر ﷺ: «وکەمتر لە پێنج وەقە «ئۆقیە» زەکاتی تێدا نیـە»، هـەر وەقەیـەکیش چـل درهەمە، جا پێنج وەقە دەکاتە دو سەد درهەم، ولەبـەر فەرمایشـتەکەی [پێشـوی] ﷺ: «وَفِي الرِّقَةِ رُبُعُ الْعُشْرِ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ إِلَّا تِسْعِينَ وَمِائَةً فَلَيْسَ فِيهَا شَيْءٌ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا» «ولە زێڕ وزیوی نەخت چارەکی دە یەکی تێدایـە، جـا ئەگـەر نـەبێو جگە لە سەد ونەوەد ئەوا هیچ زەکـاتی تێـدا نیـە مەگـەر خاوەنەکـەی خـۆی حـەز بکات». وزانایانیش کۆکن لە سـەر ئـەوەی ڕادەی زیـو پێـنج وەقەیـە، وڕادەی زێـڕ بیست مسقاڵە[1].

٢- مەرجە گشتیەکانی تر کە ڕابورد لەباسی: «زەکات لە سەر کێ فەرزە؟» کـە بریتی بو لە: ئیسلام ونازادی وخاوەندارێتی تەواو، وساڵ بە سـەر هـاتن. پێشـتریش ڕابورد.

پرسی چوارەم: لە بارەی زێڕ وزیو خستنە زگ یەك:

ئەم دوانە ناخرێنە سك یەك بۆ تەواوکردنی ڕادە ئەمەش لـە سـەر ڕای دروسـت. چونکە هەر دوکیان دو ڕەگەزی جیاوازن، بۆیە ناخرێنە زگ یەك، وەکو مانگا وشـتر، وجۆ وگەنم، لە کاتێکدا مەبەست لە هەر دوکیاندا یـەك شـتە، کـە گەشـەکردنە لـە وشتر ومانگادا، وخۆراکە لە جۆ وگەنمدا، هەروەها لەبەر فەرمایشـتەکەی [پێشـوی] پەیامبەر ﷺ: «وکەمتر لە پێنج وەقە زەکاتی تێدا نیە». جا کە وتـرا دەخرێنـە زگ یەك لە تەواوکردنی ڕادە، ئەوە وا دەخوازێت: کەمتر لە پێنج وەقەی زیو زەکاتی تێدا

(١) «شرح صحيح مسلم» للنوي (٤٨/٧).

فەرز ببێت، ئەگەر زێری هەبو بۆ پڕکردنـەوەی ڕادەکـە. بـەڵام فەرموودەکـە ئـەوەش دەگرێتەوە کە ئەگەر هەیبێ لە زێڕ پێی تەواوی بکات یان نەیبێت. کەوابو ئەگـەر دە دینار [ی زێڕ] وسەد درهەمی [زیوی] هەبو ئەوە زەکاتی لە سەر نیە، چونکە زێڕ بە تەنیا زەکاتی دەدرێت، وزیویش بە تەنها.

پرسی پێنجەم: لە بارەی زەکاتی خشڵەوە «زَكَاة الحُلِيّ»:

جیاوازی نیە لە نێوان زانایاندا لە سەر فەرزێتی زەکات لە خشڵ کە بۆ هـەڵگرتن وکرێدانن، هەروەها خشڵی حەرام؛ وەك پیاوێك کلوانکەکەی زێڕ بێت، یـا ئافرەتێـك خشڵەکەی لە وێنەی ڕوح لەبەر بێت، یا وێنەی ڕوح لەبەری پێوە بێت، بـەڵام خشـڵ وزێڕی دانراو بۆ بەکارهێنانی حەڵاڵ ولە لادانان «العارية»، جا ئەوەی دروستە لەو دو وتەیەی زانایان زەکاتی تێدا واجبە، لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

١- گشتێتی ئەو دەقانەی هاتوە لە بارەی فەرزێتی زەکاتـەوە لـە ئـاڵتون وزیـو، ئەمەش گشتیە خشڵ وجگە لەوەش دەگرێتەوە.

٢- ئەوەی کە خاوەن سونەنەکان دەیگێڕنەوە لە عـەمری کـوڕی شـوعەیبەوە لـە باوکیەوە لە باپیریەوە ﵁[1]: «أَنَّ امْرَأَةً أَتَتْ رَسُولَ اللهِ ﷺ وَمَعَهَا ابْنَةٌ لَهَا وَفِي يَدِ ابْنَتِهَا مَسَكَتَانِ[2] غَلِيظَتَانِ مِنْ ذَهَبٍ، فَقَالَ لَهَا: أَتُعْطِينَ زَكَاةَ هَذَا؟ قَالَتْ: لَا، قَالَ: أَيَسُرُّكِ أَنْ يُسَوِّرَكِ اللهُ بِهِمَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ سِوَارَيْنِ مِنْ نَارٍ؟! قَالَ: فَخَلَعَتْهُمَا فَأَلْقَتْهُمَا إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَقَالَتْ: هُمَا لِلهِ وَلِرَسُولِهِ» «ئافرەتێك هاتە خزمـەتی پەیامبـەر ﷺ

(١) أخرجه أبو داود (١٥٦٣) [واللفظ له]، والنسائي (٥/٣٨)، والبيهقي (٤/١٤٠)، وصحح إسناده ابن القطان كما في نصب الراية (٢/٣٧٠)، وحسنه الألباني «صحيح الترمذي» ٥١٨).

(٢) بە چەند ئەڵقەیەکی بە دوای یەکدا، کڕیە، یانی: بازنگ، تاکەکەی «مَسَكَة»یە.

وکچێکی لەگەڵدا بو، دو بازنە ودەستەوانەی زێڕینی ئەستوری لە دەستدا بو، پێی فەرمو: ئایا زەکاتی ئەمە دەدەیت؟ وتی: نەخێر، فەرمو: حەز ئەکەیت خوا ﷻ لە قیامەتدا بیکاتە بازنی ئاگرین بۆت؟! ئەڵێ: ئەوەبو دایکەند ودای بە پەیامبەر ﷺ، وتی: ئەوە بۆ خوا وپەیامبەرەکەی».

٣- ولەبەر ئەوەی ئەمە ئیحتیات وئەستۆپاکی زیاتری تێدایە، جا پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ» «واز لە جێی گومان بهێنە وئەوە بکە کە جێی گومان نیە»[1].

پرسی شەشەم: لە بارەی زەکاتی ماڵی بازرگانییەوە «عروض التجارة»:

«العروض»: کۆی «عَرْض» و«عَرَض»ـە، ئەوەیە کە موسڵمان دایناوە بۆ بازرگانی کردن لە هەر جۆرێك بێت، ئەمەش گشتگیرترین ماڵی زەکاتە. بەمە ناونراوە: چونکە سەقامگیر نیە، بەڵکو دێتە دەست ودەڕوا، لەبەرئەوەی بازرگان خودی ئەم کاڵایەی ناوێت، بەڵکو قازانجەکەی دەوێت لە هەر دو دراودکە.

زەکاتیش فەرزە تێیدا لەبەر گشتێتی ئەم فەرمایشتەی خوا ﷻ: ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ [الذاريات:١٩] «ولە ماڵەکانیاندا مافی فەرز وسوننەت هەیە بۆ ئەو هەژارانەی داوا دەکەن وئەوانەشی داوا ناکەن لە شەرمدا»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ﴾ [البقرة:٢٦٧]. ولەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ بۆ موعازی کوڕی جەبەل رضي الله عنه: «ئەوا پێیان رابگەیەنە کە خوا صەدەقەی لە ماڵەکانیان فەرز کردوە لە سەریان، لە

(١) أخرجه الترمذي (١٥٦٣)، والنسائي (٥٧١١)، وصححه الألباني.

دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ ودەدرێتەوە بە هەژارەکانیان». کۆمانیشی تێدا نیە ماڵی بازرگانی ماڵە.

مەرجەکانی فەرزبونی زەکات تێیدا:

١- بوو بێتە خاوەنی بە کاری خۆی، وەك: کڕین وفرۆشتن، ووەرگرتنی دیاری، بۆیە میراتی وهاوشێوەکانی ناڕواتە ژێریەوە، لەوانەی بە ناچاری وزۆر دەبێتە موڵك.

٢- ئەبێت بە مەبەستی بازرگانی بو بێتە خاوەنی.

٣- ئەبێت نرخەکەی بگاتە ڕادە «نصاب».

لەگەڵ پێنج مەرجەکەی پێشوی سەرەتای باسی زەکات.

جا ئەگەر ساڵی بەسەردا هات ئەوا بە یەکێك لە دو دراوەکە: زێڕ وزیو دەژمێردرێت، جا کە نرخەکە گەیشتە ڕادە ئەوا چارەکی دەیەکی تێدایە.

ولە کاتی ژماردندا تەماشای کاتی کڕینی ماڵە بازرگانیەکە ناکرێت، چونکە نرخەکەی زیاد وکەم دەکات، بەڵکو عیبرەت بە نرخەکەیەتی لە کاتی کۆتایی هاتنی ساڵەکە.

دەروازەی سێیەم

لە بارەی زەکاتی ئەوەی لە زەوی دێتە دەردەوە (الخَارِجُ مِنَ الأَرْضِ)

ئەمەش چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: کەی فەرز دەبێت؟ وبەلگەکەی:

بنەما وبەلگە لە سەر فەرز بونی، ئەم فەرمایشتەی خوایە ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الْأَرْضِ﴾ [البقرة:٢٦٧]. زەکاتیش لە دانەوێڵەدا فەرز دەبێت ئەگەر ڕەق وقایم بو «اِشْتَدَّ» وبو بە فەریکە، ولە بەر وبومدا فەرز دەبێت گەی پێگەیشت، بەوەی تامی خۆش بێت بۆ خواردن بشێت، ومەرج نیە ساڵی بە سەردا بڕوا، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ [الأنعام:١٤١]. کەواتە زەکات فەرزە لە هەر دانەوێڵە وبەر وبومێك بپێورێ وهەڵبگیرێ، وەك گەنم وجۆ وزوڕرات «گەنمەشامی» وبرنج وخورما ومێوژ، بەڵام لە میوەهات وسەوزەوات فەرز نیە. وتمان: «بپێورێ»: لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ ئیعتباری بۆ بە ویسق پێوان «التوسيق» دانا کە بریتیە لە بار کردن «التحميل»، وتیشمان: «هەڵبگیرێ»: چونکە لە هەڵگرتن مانایەکی گونجاو «مناسب» هەیە بۆ فەرزکردنی زەکات تێیدا. جا لە سەر ئەمە ئەگەر نە دانەوێڵە وبەر وبومێکی پێوانەکراو بو نە هەڵگیراو زەکاتی تێدا نیە.

پرسی دووەم: مەرجەکانی زەکاتی دانەوێڵە:

بۆ ئەوەی زەکات فەرز بێت لە دانەوێڵە وبەر وبوم، دو مەرجی پێویستە:

١- گەیشتنە ڕادە: کە پێنج ویسقە، ئەمەش لەبەر فەرمودەی [پێشتر]: «کەمتر لە پێنج ویسق زەکاتی تێدا نیە». ویسقیش: بارە وشترێکە، کە دەکاتە شەست مەن (صاع) بە مەنی پەیامبەر ﷺ، پێنج ویسقیش سێسەد مەنە، کەواتە کێشی ڕادە بە گەنمی چاك دەکاتە نزیکەی شەش سەد ودوانزە کگم، لە سەر ئەوەی کێشی مەنێك ٢,٤٠ کیلۆ گرام بێ.

٢- ئەبێت لە کاتی فەرزبونی زەکات لە سەری، ڕادەکە مولکی خۆی بێت.

پرسی سێیەم: لە بارەی ئەو ئەندازەیەی فەرزە بدرێت:

ئەو ئەندازەیەی پێویستە بدرێت لە دانەوێلە وبەر وبومدا: دە یەکە لەوەی ئاودانەکەی بێ خەرجی وتێچون «كُلْفَة» بێت، وەك ئەوەی ڕەگەکەی خۆی ئاو بخواتەوە «عَثَرِي»، یا لە چاوگەکانەوە ئاو بخواتەوە. ونیوەی دە یەکە ئەگەر ئاودانەکەی بە دۆڵەکە «الدلاء» وئامێرە نوێیەکان وشتردکان «السواني» وهاوشێوەکانی بێت، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالْأَنْهَارُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ بَعْلًا الْعُشْرُ، وَمَا سُقِيَ بِالسَّوَانِي وَالنَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ» «ئەوەی لە ئاسمان وڕوبارەکان وچاوگەکان ئاوی دەخوارد یا بەعل بو؛ دە یەکی تێدایە، ئەگەریش بە وشترەکان ئاو دەدرا ئەوە نیوەی دە یەکی تێدایە»[1].

(١) أخرجه البخاري (١٤٨٣) عن ابن عمر ﷺ، وأبو داود (١٥٩٦) [والنسائي (٢٤٨٧)] واللفظ لهـ[ـما]، بەعلیش: ئەو دارخورمایەیە بە ڕەگەکانی خۆی ئاو دەخوا وپێویستی بە ئاودان نیە.

پرسی چوارەم: لە بارەی زەکاتی هەنگوینەوە:

زۆربەی زانایان پێیان وایە هەنگوین زەکاتی تێدا نیە، ئەم بۆچونەش دیارترە، چونکە نە لە قورئان ونە لە فەرمودەدا بەڵگەیەکی ڕاشکاو نیە لە سەر فەرزبونی، بنچینەش ئەستۆ پاکیە «براءة الذمة» مەگەر بەڵگەیەك هەبێت فەرزی بکات. پێشەوا شافعی ئەڵێ: «فەرمودەی: «فِي الْعَسَلِ: الْعُشْرُ» «لە هەنگوێندا یەك لە دە هەیە» لاوازە، هەروەها «أَلَّا يُؤْخَذ مِنْهُ [أي: من العسل] الْعشْر» «دەیەك لە هەنگوێن نیە»ش دیسانەوە لاوازە، جگە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە نەبێت. وهەڵبژاردنی من ئەوەیە هیچی تێدا نیە، چونکە ئەو فەرمودە وئاسەوارانەی چەسپاون لەبارەی ئەوەی زەکات لە چیدا هەیە، هەنگوێنی تێدا نیە، وەك ئەوەی چاوپۆشی لێکرا بێت». ئیبن ئەلمونزیر ئەڵێ: «هیچ فەرمودیەکی چەسپاو نیە لەبارەی فەرزکردنی زەکات لە هەنگوێندا».

پرسی پێنجەم: لە بارەی گەنجینەی شاراوەی نەفامی «الرِّكاز»ەوە:

«الرِّكاز»: بریتیە لەوەی لە نافامیدا شاردراوەتەوە زێڕ بێت یا زیو یا هەر شتێکی تر نیشانەی بێباوەڕانی پێوە بێت، وبە پارە بخوازرێت، وتێچون وکارکردنی زۆری نەوێت، خۆ ئەگەر بە پارە خوازرا وئیشی زۆری گەرەك بو، ئەوە ریکاز نیە.

پێنج یەك «خُمُس»یشی تێدا پێویستە زۆر بو یا کەم، مەرجیش نیە ساڵی بە سەردا بێت وگەیشتبێتە ڕادە، لەبەر گشتێتی فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ: «لە ریکازدا پێنج یەك هەیە»، ئەمەش دەستکەوت «الفيء»ە، ولە بەرژەوەندی گشتی موسڵماناندا خەرج دەکرێت، مەرجیش نیە لە جۆرە ماڵێکی دیاریکراو بێ؛ نیتر زێڕ بێت یا زیو یا شتی تر.

وبەوە دەزانرێت کە لە چاڵ نراوی نەفامیە: کە نیشانەی بێباوەڕی پێوە بێت، وەك نوسینی ناوەکانیان، ونەشخاندن وکێشانی وێنەکانیان، وهاوشێوەی ئەم نیشانانە.

کانزاکانیش: بریتیە لەوەی لە سکی زەوی دەردەهێنرێت ولە ڕەگەزی زەوی نەبێت، وڕووەك نەبێت، ئیتر تەڕ «الجاری» بێت وەك نەوت وزفت، یا وشك وەك ئاسن ومس وزێڕ وزیو وجیوە، جا زەکاتی تێدا فەرزە، بە کۆ دەنگی زانایان وەك ڕابورد، لەبەر گشتێتی ئەو دەقانەی هاتون لە بارەی واجبێتی زەکاتی ئەو شتانەی لە زەوی دەردەهێنرێت، وەك ئەم فەرمایشتەی خوا ﷻ: ﴿أَنفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ﴾ [البقرة:٢٦٧].

دەروازەی چوارەم

لە بارەی زەکاتی مەڕ ومالآت «بهيمة الأنعام»

«بهيمة الأنعام»: بریتیە لە وشتر ومانگا ومەڕ وبزن، مانگا: گامێشیش دەگرێتەوە چونکە جۆرێکە لە مانگا. پێشی وتراوە: «بهيمة الأنعام» چونکە قسە ناکەن، لە «الإبهام»ەوە هاتوە، کە بریتیە لە شاردنەوە ونارون بون.

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: مەرجەکان بۆ فەرز بونی زەکات:

بۆ فەرزبونی زەکات لەو ئاژەلآنەدا ئەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبن:

١- ئەبێت مالآتەکە بگاتە رادەی شەرعی، ئەمەش لە وشتردا پێنج دانەیە، ولە مانگادا سیە، ولە مەڕ وبزندا چل، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر]: «کەمتر لە پێنج زەود زەکاتی تێدا نیە»[١]، ولەبەر فەرمودەکەی موعاز ﷺ: «بَعَثَنِي رَسُولُ اللهِ ﷺ أُصَدِّقُ أَهْلَ الْيَمَنِ، وَأَمَرَنِي أَنْ آخُذَ مِنَ الْبَقَرِ مِنْ كُلِّ ثَلَاثِينَ تَبِيعًا، وَمِنْ كُلِّ أَرْبَعِينَ مُسِنَّةً» «پەیامبەر ﷺ ناردمی بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی خەلکی یەمەن، فەرمانی پێکردم لە سی مانگادا تەبیعێك ببەم، ولە چل دانەدا موسیننەیەك ببەم [دواتر واتەکانیان دێت]»[٢]. ولەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «فإذَا كَانَتْ

---

(١) زەودیش لە وشتردا: لە سیانەوە بۆ دەیە، وشەیەکی مؤەنەسە، تاکی نیە لە بێژەکەی خۆی، جا کە ئەفەرموێ: «پێنج زەود» وەکو ئەوە وایە بلێ: «پێنج بەعیر، پێنج جەمەل، پێنج ناقە».

(٢) صحيح: أخرجه أحمد (٥/٢٤٠)، وأبو داود (١٥٧٦)، والترمذي (٦٢٣)، وغيرهم، وصححه الألباني «الإرواء» (٧٩٥). [«أصدق أهل اليمن» أي: اجمع صدقاتهم].

سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِينَ شَاةً وَاحِدَةً، فَلَيْسَ فِيهَا صَدَقَةٌ [إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا]» «ئەگەر مەڕومالاّت بۆ چل شەك یەك دانەی کەمتر بو، ئەوا زەکاتی تێدا نیە مەگەر خاوەنەکەی حەز بکات»[1].

٢- ئەبێت ساڵێکی تەواو بە سەر ئاژەڵەکەدا بێت لەلای خاوەنەکەی، ئەمە نیصابە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر]: «زەکات نیە لە هیچ ماڵێکدا تا ساڵی بە سەردا تێ نەپەڕێت».

٣- ئەبێت لە دەشت بلەوەڕێت «السائمة»: ئەوەیە کە لە گژ وگیای حەڵاڵ دا دەلەوەڕێت لە هەمو ساڵەکە یا زۆربەی، کە بریتیە لەوەی خوارسك بێت وکەس نەیناشتبێت، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَفِي صَدَقَةِ الْغَنَمِ: فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِينَ إِلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ، شَاةٌ» «ولە زەکاتی مەڕ وبزندا: لەوەی سائیمەیە لە چلەوە هەتا سەد وبیست، شەکێکی تێدایە»[2]. هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «فِي كُلِّ إِبِلٍ سَائِمَةٍ فِي كُلِّ أَرْبَعِينَ ابْنَةُ لَبُونٍ» «لە هەر وشترێکی سائیمەدا لە هەر چل دانەیەك بنت لەبونێکی تێدایە»[3]. ئەگەریش کەمێکی ساڵەکە دەلەوەڕێ وزۆربەی ئالفی دەخوارد ودانی بو، ئەوە سائیمە نیە وزکاتیشی تێدا نیە.

٤- ئەبێت ئیشکەر نەبێت، ئەوەیە کە خاوەنەکەی لە کێڵان یا غەراز گواستنەوە، یا بار هەلگرتن بە کاری دەهێنێت، چونکە ئەڕواتە ژێر پێداویستیە

---

(١) أخرجه البخاري (١٤٥٤).

(٢) أخرجه البخاري (١٤٥٤).

(٣) [أخرجه النسائي (٢٤٤٣) وأبو داود (١٥٧٥) وأحمد (٢٠٣٣٥). وصححه الألباني «الإرواء» (٣/ ٢٦٣) (٧٩١). وهذا فيما إذا زادت على مئة وعشرين كما جاء عند البخاري (١٤٥٤)].

سەرەکیەکانی مرۆڤەوە وەك جلوبەرگ. بەڵام ئەگەر دانرابو بۆ کرێ ئەوە زەکات لەو دەدات کە لە کرێکە دەستی دەکەوێت، ئەگەر ساڵی بە سەردا هات.

پرسی دووەم: لە بارەی ئەو ئەندازەیەی پێویستە بدرێت:

١- ئەو ئەندازەیەی لە وشتر پێویستە:

ئەو ئەندازەیەی پێویستە بدرێت لە زەکاتی پێنج وشتردا: شەکێکە؛ شەش مانگی تەواو کردبێت لە مەڕ «الجذعة من الضأن»، یا ساڵێکی تەواو کردبێت لە بزن «الثنية من المعز»، ولە دە دانەدا: دو شەك هەیە، لە پانزەدا: سێ شەك، لە بیستدا: چوار شەك، ولە بیست وپێنج تا سی وپێنج: کچی ئاوس «بنت مخاض»ێك دەدرێت، کە وشترێکە ساڵێکی تەواو کردوە ولە ناو دوەمدایە، واشی پێ وتراوە لەبەر ئەوەی زۆر جار دایکانەکەی ئاوس «ماخض= حامل»ـە، ئەمەی ئەبو کوڕ شیردەر «ابن لبون»ێك دەدات، کە ئەوەیە دو ساڵی تەواو کردبێت ولە ناو سێیەمدا بێت، واشیان پێوتوە لەبەر ئەوەی دایکانەکەی، زۆرجار سکی دوەمی داناوە وشیر دەدات. ولە سی وشەش تا چل وپێنج: کچی شیردەر «بنت لبون»ێك دەدات کە دو ساڵی تەواو کردبێت. ولە چل وشەشدا: شایستە «حِقَّة»یەك دەدات، کە ئەوەیە سێ ساڵی تەواو کردبێت ولە ناو چوارەمدا بێت، واشیان پێوتوە لەبەر ئەوەی شایستەیە نێرینە کەڵی بدات، وتراویشە: لەبەر ئەوەی شایستەی سوار بون وبارکردنە. ولە شەست ویەك تا حەفتا وپێنج ددانکەوتو «جَذَعة»یەك دەدات، کە ئەوەیە چوار ساڵی تەواو کردبێت ولە ناو پێنجەمدا بێت، واشی پێوتراوە چونکە ددانەکانی پێشەوەی کەوتوە «جذعت= سقطت». ولە حەفتا وشەشدا تا نەوەد: دو «بنت لبون» دەدات. ولە نەوەد ویەك تا سەد وبیست: دو «حقة» دەدات. ئەگەریش لە

سەد وبیست زیاتر بو ئەوا لە هەر چل دانەیەك: «بنت لبون»یـك دەدات، ولـە هـەر پەنجا دانەیەك «حقة»یەك دەدات، ئەمەش لەبەر فەرمودەكەی ئەنەس ﷺ لە باسـی نوسراوی زەكاتەكەدا ئەڵێ: «فِي أَرْبَعٍ وَعِشْرِينَ مِنَ الْإِبِلِ فَمَا دُونَهَا، مِنَ الْغَنَمِ، مِنْ كُلِّ خَمْسٍ شَاةٌ، إِذَا بَلَغَتْ خَمْسًا وَعِشْرِينَ إِلَى خَمْسٍ وَثَلَاثِينَ فَفِيهَا بِنْتُ مَخَاضٍ أُنْثَى...» «لە بیست وچوار وشتر وبەرەو خوار، لە مەڕ وبزن دەدەیت؛ لـە هـەر پێـنج دانەیەكدا شەكێك دەدەیت، كە گەیشتە بیست وپێنج تا سی وپێـنج ئـەوا مێینـەی ئاوسێك دەدات»[1].

ئەمەش خشتەیەكە شێوازی زەكاتی وشتر ڕون دەكاتەوە:

لە	بۆ	ئەو ئەندازەیەی فەرزە
دانە		
٥	٩	شەكێك
١٠	١٤	دو شەك
١٥	١٩	سێ شەك
٢٠	٢٤	چوار شەك
٢٥	٣٥	یەك بنت مخاض

(١) أخرجه البخاري (١٤٥٤) [وقد سبق مجزأ مرارًا].

٣٦	٤٥	یەك بنت لبون
٤٦	٦٠	یەك حقة
٦١	٧٥	یەك جذعة
٧٦	٩٠	دو بنت لبون
٩١	١٢٠	دو حقة

هەرچیش زیاتر بو لە سەد وبیست «١٢٠» ئەوا لە هەر چل دانەیەك: «بنت لبون»ێك دەدات، ولە هەر پەنجا دانەیەك دا: «حقة»یەك دەدات.

٢- ئەو ئەندازەیەی پێویستە لە مانگادا:

پێویستە لە سی مانگا دا تا سی ونۆ: شوێنكەوتە «تبیعە»یەك بدات، كە ئەودیە ساڵێكی تەواو كردبێت، وای پێ وتراوە چونكە ها بە دوای دایكیەوە. ولە چل تا پەنجا ونۆ: ددانددار «مُسِنَّة»یەك دەدات، كە ئەوەیە دو ساڵی تەواو كردبێت، واشی پێ وتراوە؛ چونكە ددانی دەركردوە. ولە شەست تا شەست ونۆ: دو «تبیعة» دەدات. پاشان ئیتر لە هەر سی دانەیەك: «تبیعة»یەك دەدات، ولە هەر چل دانەیەك: «مُسِنَّة»یەك دەدات، وهەروەها. ئەمەش لەبەر فەرمودەكەی [پێشتری] موعاز ﵁ كە تێیدا هاتبو: «وفەرمانی پێكردم لە سی مانگادا تەبیعێك ببەم، ولە چل دانەدا موسینەیەك ببەم».

ئەمەش خشتەیەکە شێوازی زەکاتی مانگا ڕون دەکاتەوە:

ئەو ئەندازەیەی فەرزە	دانە	
	بۆ	لە
یەك تبیع	٣٩	٣٠
یەك مسنة	٥٩	٤٠
دو تبیع	٦٩	٦٠
«تَبیع ومُسِنَّة»یەك	٧٩	٧٠

ئیتر چی زیاتر بو لە هەر سی دانەیەك «تبیعة»ێك، ولە هەر چل دانەیەك «مُسِنَّة»ێك.

٣- ئەو ئەندازەیەی پێویستە لە مەڕ وبزندا:

پێویستیشە لە چل مەڕ وبزندا تا سەد وبیست دانە: یەك شەك بدات. ولە سەد وبیست ویەك تا دو سەد: دو شەك دەدات، ولە دوسەد ویەك تا سێ سەد: سێ شەك دەدات، ئیتر دوای ئەم ئەندازە فەرزەکە جێگیر دەبێت، ولە هەر سەد دانە: شەکێك دەدات بگاتە هەر چەندێك. ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی [پێشتی] ئەنەس: «ولە زەکاتی مەڕ وبزندا: لەوەی سائیمەیە لە چلەوە هەتا سەد وبیست، شەکێکی تێدایە، ئەگەر زیاتریش بو لە سەد وبیست هەتا دو سەد دو شەکی تێدایە، لە دو سەدیش

زیاتر بو هەتا سێ سەد سێ شەکی تێدایە، ئیتر لەمە زیاتر بو لە هەر سەد دانەیەل شەکێکی تێدایە»[١].

ئەمەش خشتەیەکە شێوازی زەکاتی مەڕ وبزن ڕون دەکاتەوە:

دانە		ئەو ئەندازەیەی فەرزە
لە	بۆ	
٤٠	١٢٠	یەك شەك
١٢١	٢٠٠	دو شەك
٢٠١	٣٠٠	سێ شەك

ئیتر چی زیاتر لە هەر سەد دانەیەك شەکێك دەدات.

پرسی سێیەم: شێوازی ئەو ماڵەی کە فەرزە:

ئیسلام بە شەرعە دادگەرەکەی هاوسەنگی ڕاگرتوە لە نێوان بەرژەوەندی هەژاران ودەوڵەمەندان، جا ئیسلام بانگ دەکات بۆ وەرگرتنی مافی هەژار بە تەواوەتی بێ کورتی، هەروەها ڕەچاوی مافی دەوڵەمەندیش بکرێت لە ماڵەکەیدا، هەر بۆیە ئەو واجبەی کە لە زەکاتدا دیاری کردوە بریتە لە مامناوەندی ماڵەکە، نە باشترینەکەی ونە خراپەکەی.

(١) أخرجه البخاري (١٤٥٤).

جا پێویستە لە سەر کۆکەرەوەی زەکات ڕەچاوی ئەو تەمەنە واجبە بکات، چونکە لەوە کەمتر نابێت وزیان گەیاندنە بە هەژاران، ولە سەروی ئەوەشەوە نابات چونکە مافخواردنی دەوڵەمەندانە. جا نەخۆش وعەیب دار وگەوردی پیر نابات، چونکە سود بە هەژار ناگەیەنێت، هەروەها ئەو ئاژەڵەی قەڵەوە ودانراوە بۆ خواردن «الأَكُولَة» نابێت، هەروەها بەخێوکەری بێچو «الرُّبَّى»، وئاوس «المَاخِض»، وفەحل کە دانراوە بۆ کەلدان، ومالّی بە بەها «حرزات المال» چونکە بەرچاویە، هەمو ئەمانە نابات چونکە لە مالّە بە نرخەکانی مرۆڤە وبردنی زیان گەیاندنە بە دەولّەمەند، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ» «ئامان وریای مالّە بە بەهاکانیان بە»[1]، هەروەها لەبەر وتەکەی عومەر کە بە سوفیانی وتوە: «بە خێڵەکەت بڵێ: ئێمە «الرُّبَّى»، وئاوس، وقەڵەو، وفەحلەکانتان نابەین، تەنها «جذعة» و«ثنية» دەبەین ئەم جۆرە مالّەش مامناوەندیە لە نێوان ئێمە وئێوەدا»[2].

پرسی چوارەم: لە بارەی تێکەڵ کردنی ئاژەڵان:

تێکەڵکردن ئەبێتە دو جۆرەوە:

جۆری یەکەم: تێکەڵکردنی خودی ئاژەڵەکان «خلطة أعيان» کە ئەوەیە: مالّەکە بە هاوبەشی خاوەنداریێتی بکرێت لە نێوان هەر دو لادا، بە هاوبەشی بێت بێ جیاکردنەوە، وبەشی ئەمەکەیان لەوەکەی تریان جودا نەبێت، وئەم جۆری تێکەڵاویەش ئەکرێ بە میراتی ببێت ونەشکرێت بە کڕین.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٣٩٥) [بل الصواب (١٤٩٦، ٤٣٤٧)، فليس فيه الشاهد أصلًا]، ومسلم (١٩)، من حديث ابن عباس رضي الله عنهما [وعندهما بالفاء، أما في الأصل فبالواو!].

(٢) [أخرجه مالك (٩٠٩)، وعبد الرزاق (٦٨٠٦)، وابن أبي شيبة (١٠٠٧٩)، والشافعي في الأم (٧٦٦، ٧٧١)].

جۆری دووەم: تێکەڵکردنی سیفاتەکان، کە ئەوەیە پشکی هەر یەکێکیان جیا وزانراو بێت لەوی تر، تەنها لە شوێندا هاوسێی یەکن وپێکەوەن.

ئەمەش بە دو جۆرەکەیەوە هەر دوماڵەکە دەکاتە یەك، وەك یەك ماڵی لێ دەکات، ئەگەر بە هەردوکیەوە دەگەیشتە ڕادە، وهەروەها ئەبێت هەر دو لا لەوانە بن کە زەکاتیان لە سەر واجب دەبێت، جا ئەگەر یەکێکیان بێ باوەڕ بێت تێکەڵاویەکە دروست نابێت، وکاریگەریشی نابێت، هەروەها ئەبێت دو ماڵە هاوبەشەکە یەك شوێنی مانەوە وگەوڕیان هەبێت «الْمُرَاح»، هەروەها ئەبێت لە دەرچون بۆ لەوەڕخواردن وگەڕانەوەدا پێکەوە بن، هەروەها لە شیرخواردن وشوێنی لەوەڕ وفەحلدا یەك بن، بە شێوەیەك هەمویان یەك فەحلیان هەبێت.

جا ئەگەر ئەم مەرجانە بەدیهات ئەوا هەر دو ماڵەکە وەکو یەك ماڵیان لێ دێت بە هۆی ئەم تێکەڵاویەوە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَلَا يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ وَلَا يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ مَخَافَةَ الصَّدَقَةِ، وَمَا كَانَ مِنْ خَلِيطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بِالسَّوِيَّةِ[1]» «ومەڕ ومالاتی لە یەك جودا کۆ ناکرێنەوە، وهی کۆش جودا ناکرێنەوە، وئەوەشی تێکەڵ بو، ئەوە بە یەکسانی لە هاوبەشەکەی خۆی

---

(١) [يريد أن المصدق إذا أخذ من أحد الخليطين ما وجب أو بعضه من مال أحدهما، فإنه يرجع المخالط الذي أخذ منه الواجب أو بعضه بقدر حصة الذي خالطه من مجموع المالين، مثلا: إذا كان بينهما أربعون شاة -مثلا- لكل واحد منهما عشرون، قد عرف كل منهما عين ماله، فيأخذ المصدق من أحدهما شاة فيرجع المأخوذ من ماله على خليطه بقيمة نصف شاة بقيمة نصف شاة لا بنصف شاة؛ لأنها غير مثلية، وهذه تسمى خلطة الجوار].

وەردەگرێتەوە»[١]. جا تێکەڵ کردن کاریگەری دەبێت لە واجب بونی زەکات ولە سەر خستن، ئەمەش تایبەتە بە ئاژەڵانەوە نەك شتی تر.

ونمونەی کۆ کردنەوەی لە یەك جودا: سێ کەس هەر یەکەیان چل سەر مەڕ وبزنی هەبێت، هەموی دەکاتە سەد وبیست، جا ئەگەر بە تەنیا هەژماری بکەیت سێ شەکە مەڕی تێدایە، بەڵام هەموی بکەینە یەك، تەنها یەك شەکی تێدایە. جا لێرەدا: لە یەك جیایان کۆ کردۆتەوە بۆ ئەوەی سێ سەریان لە سەر فەرز نەبێت، بەڵکو یەك دانە.

ونمونەی جیا کردنەوەی کۆ: کەسێك چل سەر شەکی هەیە، کە ئەزانێت کۆکەرەوەی زەکات هاتوە لێکیان جیا دەکاتەوە وبیستیان لە شوێنێك دادەنێت، وبیستەکەی تریش لە شوێنێکی تر، بۆیە زەکاتی لێ نابرێت چونکە ئاوها بە جودایی نەگەیشتۆتە ڕادە.

(١) أخرجه الترمذي (٦٢١) [ولفظه ما أثبته] وغيره وحسنه، وهو جزء من حديث النبي ﷺ في كتاب الصدقة الطويل. وصححه الألباني «الإرواء» (٧٩٢). [أخرج الجزء الأول منه البخاري في (٦٩٥٥) بهذا اللفظ، والجزء الثاني في (١٤٥١) بهذا اللفظ، فكان الأولى الاعتماد عليه].

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی زەكاتی سەر فترەوە

وای پێ ئەڵێن؛ چونكە بە دەمكردنەوە لە ڕۆژی ڕەمەزان فەرز دەبێت، وپەیوەست نیە بەماڵەوە، بەڵكو پەیوەستە بە ئەستۆوە، جا زەكاتێكە لە بری دروون وجەستە دەدرێت.

چەند پرسێكیشی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەكەم: لە بارەی حوكی سەر فترە، وبەڵگەكەی:

زەكاتی سەر فترە پێویستە لە سەر هەمو موسڵمانێك، لەبەر فەرمودەكـەی ئـیبن عومەر ﵄ ئـەڵێ: «فَرَضَ رَسُولُ اللهِ ﷺ زَكَاةَ الْفِطْرِ [مِنْ رَمَضَانَ]، صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ، عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ، وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى، وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ» «پەیامبەری خوا ﷺ مەنێك خورما یا جۆ، زەكاتی سـەر فـترەی فـەرز كرد لە ڕەمەزان لە سەر كۆیلە وئازاد ونێر ومێ وگچكە وگەورە لە موسڵمانان»[1].

پرسی دووەم: مەرجەكانی، ولە سەر كێ پێویستە؟

سەر فترە پێویستە لە سەر هەمو موسڵمانێكی گەورە وبچوك ونێر ومـێ وئـازاد وبەندە، لە بەر فەرمودەكەی ئیبن عومەری پێشو.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥٠٣) [هذا هو لفظه]، ومسلم (٩٨٤) [والزيادة له].

باشتریشە «يُسْتَحَبّ» لە بری کۆرپەلە دەر بکرێت ئەگەر فو کرابوە ڕوحی، واتە: چوار مانگ بێت، چونکە پێشینان لە بری دەریان دەکرد[١]، وەك لە عوسمان وجگە لەویشەوە ﷺ چەسپاوە[٢].

وپێویستە لە بری خۆی وئەوەی بژێوی «نفقة»ی لە سەریەتی دەری بکات، لە هاوسەر وکەس، هەروەها هی کۆیلەش لە سەر خاوەنەکەی پێویستە، لەبەر فەرمودەی: «لَيْسَ فِي الْعَبْدِ صَدَقَةٌ إِلَّا صَدَقَةُ الْفِطْرِ» «لە کۆیلەدا زەکات نیە مەگەر سەر فترە»[٣]. واجبیش نابێ مەگەر لە سەر کەسێك زیاتری هەبێت لە بژێوی خۆی وئەوانەشی خەرجیان لە سەریەتی لەگەڵ پێداویستیە زەرورەکانی لە شەو ورۆژی جەژندا، ئەوەندەی سەر فترەی پێ بدات.

زەکاتی سەر فترەش پێویست نابێت مەگەر بە دو مەرج:

١- ئیسلامەتی: جا پێویست نابێت لە سەر بێ باوەڕ.

٢- زیاتری هەبێت لە بژێوی خۆی ومنداڵەکانی وپێداویستیە سەرەکیەکانی لە شەو ورۆژی جەژندا.

---

(١) [أخرج عبد الرزاق (٥٧٨٨) وابن أبي شيبة (١٠٤٦٣، ١٠٨٤١) وغيرهما عن أبي قلابة قال: «كَانُوا يُعْطُونَ صَدَقَةَ الْفِطْرِ، حَتَّى يُعْطُونَ عَنِ الْحَبَلِ». وهو ممن أدرك الصحابة، وروى عنهم، وسنده صحيح].

(٢) [أخرجه ابن أبي شيبة (١٠٨٤٠) وغيره عن حميد [الطويل] عن بكر [ابن عبد الله المزني]: «أَنَّ عُثْمَانَ كَانَ يُعْطِي صَدَقَةَ الْفِطْرِ عَنِ الْحَبَلِ».

تنبيه: في نسخة التي اعتمد عليها الشيخ الألباني: حميد بن بكر. ومن فطته رَحِمَهُ اللَّهُ استشكله وحاول توجيهه في «الإرواء» (٨٤١) (٣/٣٣١) ثم ضعفه، لأن حميد لم يدرك عثمان! ولم ينبه على هذا لا صاحب «التكميل» ولا صاحب «التحجيل». والحمد لله سبحانه وتعالى وهو وحده الموفق].

(٣) أخرجه مسلم (٩٨٢) - ١٠.

پرسی سێیەم: دانایی چیە لە فەرزکردنی سەر فترەدا؟

لەو حیمکەتانەی لە فەرزێتی زەکاتی سەر فترەدا هەیە، ئەمانەی خوارەوەیە:

١- پاککردنەوەی ڕۆژوان لەو شتانەی لەوانەیە لە ڕۆژووەکەی دا ڕویدا بێت، وەك وتەی پوچ وباتڵ «اللغو» ونەشیاو ونا ئەخلاقی «الرفث».

٢- بێ نیازکردنی هەژاران ونەداران لە داواکردن لە ڕۆژی جەژندا، ودڵخۆشکردنیان، بۆ ئەوەی جەژن ببێتە ڕۆژی خۆشی بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﷺ: «فَرَضَ رَسُولُ اللهِ ﷺ زَكَاةَ الْفِطْرِ طُهْرَةً لِلصِّيَامِ مِنَ اللَّغْوِ وَالرَّفَثِ، وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِينِ» «پەیامبەر ﷺ زەکاتی سەر فترەی فەرز کرد بۆ پاککردنەوەی ڕۆژوان لە وتەی بێ کەڵك ونا ئەخلاقی»[1].

٣- هەروەها دەرخستنی شوکرانەبژێری تێدایە بەهۆی تەواوکردنی ڕۆژوی مانگێکی ڕەمەزان وتەراویحەکەی، وکردنی ئەو کارە خێرانەی کە لەو مانگە پیرۆزەدا ئاسان بوە.

پرسی یەکەم: ئەو ئەندازەیەی پێویستە، هەروەها لە چی دەردەکرێت؟

ئەوەی پێویستە لە زەکاتی سەر فترەدا مەنێکە لەو خواردنەی باوە، لە گەنم، یا جۆ، یا خورما، یا مێوژ، یا کەشك[2]، یا برنج، یا گەنمەشامی، وجگە لەمانەش،

---

(١) أخرجه أبو داود (١٦٠٩)، وابن ماجه (١٨٢٧)، والحاكم (٤٠٩/١) وصححه، وحسنه النوي في «المجموع»، وحسنه الألباني في «صحيح ابن ماجه» (١٤٩٢).

(٢) الأقط: بریتیە لە شیری وشکەوەکراوی ڕەق، لە شیرێك دروست دەکرێت کەرەکەی دەر کرا بێ.

چونکه لـه فـەرموده صـەحیحەکانی پەیامبـەردا ﷺ ئەمـە چەسـپاوە، وەك لـە فەرموددکەی پێشوی ئیبن عومەر دا ﷺ هاتبو.

دروستیشە کۆمەڵێك سەر فترەکەیان بدەن بە یەك کـەس. هـەروەها یـەك کـەس بیدات بە کۆمەڵە کەسێك.

ودەرکردنی نرخ وبەهای خواردن لە سـەرتی ناخـات، چـونکە ئەمـە پێچـەوانەی ئەوەیە پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێکـردوە، هـەروەها دژی ئیشـی هاوەڵانـە، ئـەوان مەنێك خواردنیان دەردەکرد، هەروەها سەر فترە پەرستنێکە فەرزکراوە لـە جـۆرێکی دیاری کراودا کە خواردنە، جا دەرکردنی لە جۆرێکی بە دەر لەوەی دیاری کـراوە لـە سەرتی ناخات.

پرسی پێنجەم: لە بارەی کاتی پێویست بونی ودەر کردنی سەر فترەوە:

سەر فترە بە ئاوابونی خۆر لە شەوی جەژندا پێویست دەبێت، چونکە ئـیتر سـەری فتارە لە ڕەمەزان. دەرکردنیشی دوو کاتی هەیـە: کـاتی کـردن وباشـترەکە، وکـاتی دروستێتی. کاتە چاکترەکەش: بە دەرچونی سپێدەی ڕۆژی جەژن دەست پێدەکات تـا تۆزێك پێش کردنی نوێژی جەژن، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ[1]: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَمَرَ بِزَكَاةِ الْفِطْرِ قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلَاةِ» «پەیامبەر فـەرمانی کـرد بـە دەرکردنی زەکاتی سەر فترە پێش دەرچونی خەڵك بۆ نوێـژ». کـاتی دروسـتیش: بـە ڕۆژێك یا دو ڕۆژ پێش جەژن دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئیبن عومەر وهاوەڵانی تریش ﷺ وایان دەکرد.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥٠٣) [بمعناه، ولفظه (١٥٠٩)]، ومسلم (٩٨٤).

ناشبێت بخرێتە دوای نوێژی جەژن، ئەگەر دوای خست ئەوە خێرێکە لە خێرەکان، ولە سەر ئەو دواخستنەش تاوانبارە، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «مَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلَاةِ، فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُولَةٌ، وَمَنْ أَدَّاهَا بَعْدَ الصَّلَاةِ، فَهِيَ صَدَقَةٌ مِنَ الصَّدَقَاتِ» «کێ پێش نوێژ ئەدای کرد ئەوا زەکاتەکەی لێ وەرگیراوە، کێش دوای نوێژ ئەدای کرد ئەوا خێرێکە لە خێرەکان»[1].

---

(١) أخرجه أبو داود (١٦٠٩)، وابن ماجه (١٨٢٧)، عن ابن عباس ﷺ، وحسّنه الألباني «الإرواء» (٨٤٣).

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی زەکات پێدراوان «أَهْلُ الزَّكَاة»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: زەکات پێدراوان کێن، وبەڵگەکەی:

زەکات پێدراوان بریتین لەوانەی شایستەین، ئەوانیش لەو هەشت جۆرەن، خوا ﷻ کورتی هەڵهێناوە لە ئایەتی: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ [التوبة: ٦٠] «تەنها زەکاتی فەرز دەدرێت بە نەداران کە هیچیان نیە، وهەژاران کە بەشیان ناکات، وکۆکەرەوانی زەکات، ودڵ ڕاگیر کراوان بە ئومێدی موسڵمان بونی یا بەهێز بونی ئیمانی یا سود گەیاندنی بە موسڵمانان یا دورخستنەوەی شەڕ وخراپەی لە موسڵمانان، هەروەها بۆ ئازادکردنی کۆیلە، وهەروەها بۆ قەرزاران کە بە هۆی ناشتەوایی وپێکەوەنانەوە قەرز هاتۆتە سەری، ونەوانەی کەوتونەتە ژێر قەرزەوە بە بێ دەست بادی وخراپەکاری، هەروەها بۆ تێکۆشەرانی ڕێی دینی خوا، هەروەها بۆ ڕێبوار وموسافیر کە بژێوی وپارەی لێ براوە، ئەم دابەشکاریە فەرزێکە خوا دایناوە وفەرزی کردوە وئەندازەی کردوە، هەر خواش زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکانی ودانایە لە کارەکانی».

ڕونکردنەوەی ئەم جۆرانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- **نەداران** «الفقراء»: کۆی «فقیر»ە، بریتیە لەوەی ئەوەندەی نیە پێداویستی خۆی وخێزانەکەی پێ دابین بکات لە خواردن وخواردنەوە وکەلوپەل وخانو، بە

رادەیەك هیچی نەبێت یا کەمتر لە نیوەی پێویستی خۆی هەبێت، ئەم جۆرە بەشی یەك ساڵی تەواو زەکاتی پێ دەدرێت.

٢- **هەژاران** «المساكين»: کۆی «مسكين»ە، بریتیە لەوەی نیوەی پێداویستی خۆی یا زیاتر لە نیوەی هەبێت، وەك یەکێك سەدی هەبێت وپێویستی بە دو سەد بێت، ئەمیش بەشی یەك ساڵی تەواو زەکاتی پێ دەدرێت.

٣- **کۆکەرەوانی زەکات** «العاملين عليها»: کۆی «عامل»ە، بریتیە لەوەی کار بە دەست دەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زەکات، حکومەت بەشی ڕۆیشتن وهاتنی پێ دەدات با دەوڵەمەنیش بێت، چونکە ئەم خۆی تەرخان کردوە بۆ ئەم کارە، «عاملين»یش هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە ئیش لە کۆکردنەوە ونوسین وپاسەوانی کردن ودابەشکردنی دەکەن.

٤- **دڵ ڕاگیر کراوان** «المؤلفة قلوبهم»: خەڵکانێکن لە زەکات پێیان دەدرێت، بۆ ڕاگیرکردنی دڵیان لە سەر ئیسلام ئەگەر بێباوەڕ بون، وچەسپاندنی ئیمانیان ئەگەر لە باوەڕ لاوازە کەمتەرخەمەکان بون بۆ پەرستنەکان، یا بۆ هاندانی کەسەکانی بێنە نێو ئیسلامەوە، یا لەبەر یارمەتیدانیان بۆ موسڵمانان، یا دورخستنەوەی ئازاریان.

٥- **ئازادکردنی کۆیلە** «في الرقاب»: کۆی «رقبة»یە، مەبەست پێی کۆیلە یا کەنیزەکی موسڵمانە بە پارەی زەکات دەکڕدرێت وئازاد دەکرێت، یان موکاتەبێکە زەکاتی پێ دەدرێت تا قیستی ڕێکەوتنەکە تەواو بکات، تا ئازاد ببێت وهەڵسوکەوتەکانی جێبەجێ ببێت، وببێتە ئەندامێکی بە سودی کۆمەڵگا، وبتوانێت

پەرستنی خوا بە تەواوەتی بکات، هەروەها دیلی موسڵمان بـە پـارەی زەکـات لـە دەست دوژمن ڕزگار دەکرێت.

٦- **قەرزارەکان** «الغارمين»: کۆی «غارم»ە، ئەو کەسەیە قەرزێکی لە سـەرە بـە بێ هۆکاری تاوان، ئیتر بۆ خۆی بو بێت لە شتێکی حەڵاڵدا، یا بۆ غەیرە خـۆی وەك پێکەوەنان وئاشتەوایی، ئەمیش بەشی ئەوەندەی قەرزەکەی پێ بداتەوە زەکـاتی پـێ دەدرێت، هەروەها ئەگەر بۆ پێکەوەنانی خەڵك بێت لە زەکـات پێـی دەدرێـت گـەر داراش بێت.

٧- **لە ڕێی خوادا** «في سبيل الله»: مەبەست پێی ئەو تێکۆشـەرە خۆبەخشـانەیە کە موچەیان نیە لە خەزێنەی دەوڵەت «بيت المال»، ئەوا لە زەکات پێیان دەدرێـت، هەژار بو یا دەوڵەمەند.

٨- **ڕێبوار** «ابن السبيل»: کە بریتیە لەو موسافیرەی دەستی لە شاری خۆی بڕاوە وپێویستی بە پارەیە بۆ گەیشتنە شارەکەی خۆی.

پرسی دووەم: لە بارەی ئەوانەی زەکاتیان بۆ ناشێت:

ئەو جۆرانەی زەکاتیان بۆ ناشێت، ئەمانەن:

١- دەوڵەمەندان وئەوانەی توانای کاسبیان هەبێت: لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا حَظَّ فِيهَا لِغَنِيٍّ وَلَا لِقَوِيٍّ مُكْتَسِبٍ» «دەوڵەمەنـد وتوانـا دار بـە سـەر کەسابەت دا، بەشیان لە زەکاتدا نیە»[1]. بەڵام کۆکەرەوەی زەکـات وقـەرزار ئەگـەر داراش بن پێیان دەدرێت وەك باس کرا، هەروەها ئەوەی توانـای کەسابەتی هـەبێت

(١) أخرجه أحمد (٣٦٢/٥) وأبو داود (١٦٣٣) والنسائي (٩٩/٥)، وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٢٤٣٥).

بەڵام خۆی تەرخان کردبێت بۆ زانستی شەرعی وئەدار بێت لە زەکات پێی دەدرێت. چونکە فێرخوازی تێکۆشانە لە پێناو خوا، بەڵام ئەگەر توانای کەسابەتی هەبێ ونەیدەکرد بە هۆی خۆ تەرخان کردن بۆ عیبادەتە سوننەتەکان ئەوا زەکاتی پێ نادرێت، چونکە عیبادەت سوودەکەی تەنها بۆ خودی خوا پەرستەکەیە بە پێچەوانەی زانستەوە.

٢- بنەچە ولق[١] وهاوسەر «الأصول والفروع والزوجة» ئەوانەی بژێویان لە سەرت پێویستە، جا دروست نیە زەکات بدرێت بەوانەی واجبە لە سەر موسڵمان نەفەیان بکێشێت وەك باوکان ودایکان وباپیران وداپیران، ومنداڵەکان ومنداڵی منداڵەکان، چونکە زەکاتدان بەمانە جێی نەفەقە واجبەکە دەگرێتەوە ولە سەرپانی دەخات، ئاوهاش بێت سودی زەکات بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

٣- بێ باوەڕان جگە لە دڵ ڕاگیر کراوان: جا دروست نیە زەکات بدرێت بە بێ باوەڕان، لەبەر فەرمودەی: «زەکات لە داراکانیان وەردەگیرێ وەدەدرێ بە هەژارەکانیان». یانی: دەوڵەمەند وهەژاری موسڵمانان نەك جگە لەوان. هەروەها لە مەبەستەکانی زەکات بێ پێویستکردنی هەژاری موسڵمانان وپتەوکردنی کۆڵەکەی خۆشەویستی وبرایەتیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، ئەمەش لەگەڵ بێ باوەڕدا دروست نیە.

٤- بنەماڵەی پەیامبەر ﷺ: زەکات بۆ خانەوادەی پەیامبەر ﷺ دروست نیە، وەکو ڕێزدارییەك بۆیان ئەمەش لەبەر شەرەفمەندیان، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرموی:

---

(١) أصول: بریتیە لە باوك وباوکی وبەرەو سەرەوە، فروعیش: بریتیە لە منداڵ ومنداڵی منداڵ [وبەرەو خوارەوە]. وەرگێڕ.

«إنَّ هَـذِه الصَّـدَقَاتِ إنَّما هِـيَ أوْسَـاخُ النَّـاس، وإنَّها لا تحـلُّ لمُحمَّـدٍ ولا لآل مُحَمَّدٍ» «ئەم زەكاتانە چڵكی خەڵكە، وحەڵاڵ نیە نە بۆ موحەممەد ونە بۆ بنەماڵـەی موحەممەد»[1]. وبنەماڵەی پەیامبەریش ﷺ وتراوە: خانـەوادەی هاشـم وخانـەوادەی موتتەلیبن، وتراویشە: تەنها خانەوادەی هاشمن، ئەمەش ڕاسـتە، کـەوابێت دروسـتە زەکات بدرێتە خانەوادەی موتتەلیب، چونکە لە بنەماڵەی پەیامبـەر نـین، هـەروەها ئەچنە ژێر گشتێتی ئەم ئایەتەوە: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ﴾ [التوبة: ٦٠].

٥- هەروەها دروست نیە زەکات بدرێتە مەولاکانی بنەماڵەی پەیامبـەریش ﷺ، لەبەر فەرمودەی: «إِنَّ الصَّدَقَةَ لَا تَحِلُّ لَنَا، وَإِنَّ مَوَالِيَ الْقَوْمِ مِنْ أَنْفُسِهِمْ» «زەکـات بۆ ئێمە حەڵاڵ نیە، ومەولای هەر خێڵێك لە خۆیانن»[2]. ومەولای هەر خێڵێکـیش: بریتین لەوانەی ئازادیان کردون، و«لە خۆیانن»یش واتە: حوکمیان وەك حوکمی ئـەوان وایە، جا زەکات قەدەغەیە لە سەر ئازادکراوانی خانەوادەی هاشم.

٦- کۆیلە: زەکات نادرێت بە کۆیلە" ماڵەکەش هی خاوەنەکەیـەتی، جـا ئەگـەر پێی بدرێت دەڕوات بۆ خاوەنەکەی، هەروەها بژێوی لە سـەر خاوەنەکەیـەتی. بـەڵام کۆیلەی موکاتەب لەمە هەڵاوێر دەکرێت، دروستە لە ماڵی زەکات پێـی بـدرێت تـا قەرزە نوسراوەکەی پێ دەداتەوە، هەروەها کۆکەرەوەی زەکات ئەگـەر کۆیلـە بـو پێـی دەدرێ چونکە وەك کرێکار وایە، کۆیلەش بە ئیزنی خاوەنەکەی دروستە بە کرێ بگیرێ.

جا هەر کەس زەکاتیدا بەم کۆمەڵانە وبشزانێت دروست نیە، ئەوا تاوانبارە.

---

(١) أخرجه مسلم (١٠٧٢) [هذا لفظه، واللفظ المذكور في الأصل لم أجده في مسلم].
(٢) أخرجه أبو داود (١٦٥٠)، والترمذي (٦٥٢) -واللفظ له- والحاكم (٤٠٤/١). قال الترمذي: «حسن صحيح». وصححه الحاكم ووافقه الذهبي. وصححه الألباني في «صحيح الترمذي» (٥٣٠).

پرسی سێیەم: ئایا مەرجە لە دابەش کردندا بدرێت بە هەر هەشت جۆرەکە؟

لە سەر ڕای ڕاست مەرج نیە لە کاتی دابەشکردنی زەکاتدا بە هەر هەشت جۆرەکە بدرێت، بەڵکو لە سەرت دەکەوێت بە هەر کام لە هەشت کۆمەڵەکە بدرێت، لەبەر ئەم فەرمایشتەی خوا ﷻ: ﴿إِنْ تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ [البقرة: ٢٧١] «ئەگەر بەخشین وخێرەکانتان دەربخەن وبە ئاشکرا بیکەن ئەوە صەدەقەیەکی زۆر باشتان کردوە، ئەگەریش بیشارنەوە وبیبەخشن بە هەژاران ئەوا باشترە بۆتان، چونکە لە ڕیاوە دورترە».

هەروەها [باس کرا] پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «زەکات لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت ودەدرێت بە هەژارەکانیان». هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «أَقِمْ حَتَّى تَأْتِينَا الصَّدَقَةُ، فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا» «لامان بمێنەوە تا صەدەقەمان بۆ دێت، ئەوسا فەرمان دەکەین بەشت بدرێ» أخرجه مسلم (١٠٤٤). جا ئەم بەڵگانە بەڵگەن لە سەر ئەوەی مەبەست لە فەرمایشتی: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ﴾ الآية [التوبة: ٦٠]، ڕونکردنەوەی ئەوانەیە شایستەی زەکاتن، نەك گشتاندنی بە سەر ئەم شایستانەدا لە کاتی دابەشکردندا.

پرسی چوارەم: لە بارەی گواستنەوەی زەکات لە شارێکەوە بۆ ئەوی تر:

دروستە زەکات لە شارێکەوە بگوازرێتەوە بۆ شارێکی تری نزیك یا دور لەبەر پێویستی، وەك ئەوەی شارە دورەکە هەژارترن، یا خاوەن زەکاتەکە کۆمەڵێك خزمی هەژاری هەبێت لە شارێکی دورتر وەك هەژارەکانی شارەکەی خۆی، ئەو کاتە بیدات بە خزمەکانی بەرژەوەندی بە دی دێت کە هەم زەکاتە وهەم گەیاندنی خزمایەتی. ئەمەش وتەی ڕاستە لەبەر گشتێتی ئایەتی: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ﴾ [التوبة:٦٠] یانی: هەژار ونەدار لە هەمو شوێنێك.

چوارەم: بەشی ڕۆژو

لە پێنج دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی پێشەکیەکانی ڕۆژوەوە.

دەروازەی دوەم: ئەو عوزرانەی ڕۆژنەگرتن حەڵاڵ دەکەن، هەروەها بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژو.

دەروازەی سێیەم: سونەت ومەکروهەکانی ڕۆژو.

دەروازەی چوارەم: لە بارەی قەزا کردنەوە وڕۆژوی سونەت، هەروەها چی مەکروە وچی حەرامە بۆ ڕۆژوان.

دەروازەی پێنجەم: لە بارەی ئیعتیکاف کردنەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی پێشەکیەکانی ڕۆژووەوە

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی ڕۆژو، وڕونکردنەوەی پایەکانی:

١- پێناسەکەی:

«الصیام» لە زماندا: بریتیە لە خۆگرتنەوە لە شت. لە شەرعیشدا: بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە، وسەرجەم ئەوانەی ڕۆژو بەتاڵ دەکەنەوە، بە نیەتەوە، لە دەرچونی سپێدە ڕاستەکەوە تا ئاوابونی خۆر لە خۆرئاواوە.

٢- پایەکانی:

لە میانەی پێناسەکردنی ڕۆژو لە ڕوی شەرعەوە ڕونەوە بو کە دو پایەی سەرەکی هەیە:

یەکەم: خۆگرتنەوە لە شکێنەرەکان لە دەرچونی سپێدەوە تا ئاوابونی خۆر. بەلگەی ئەم پایەیەش فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ کە ئەفەرموێ: ﴿فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [البقرة: ١٨٧] «جا ئێستا جوتبن لەگەڵیاندا وئەوە بخوازن کە خوا بۆی تەقدیر کردون کە منداڵە، وبخۆن وبخۆنەوە تا سپیایی بەیانیان وڕەشایی شەوتان لا ڕون دەبێتەوە کە ئەمە بە دەرکەوتنی سپێدەی ڕاست دەبێت، پاشان دەست بکەن بە ڕۆژو گرتن بە دورکەوتنەوە لە بەتاڵکەرەوەکان تا شەو دێت کە ئاوابونی خۆرە». مەبەستیش لە هێڵی سپی وڕەش: سپیایی ڕۆژ وڕەشایی شەوە.

دووەم: نیەت، کـە ڕۆژوگـر بـەم خۆرگرتنەوەیـە لـە بەتاڵکـەرەوەکان، مەبەسـتی پەرستشی خوا ﷻ بێت، جا ئەو کردەوانەی مەبەست لێیان پەرستنە بە نیـەت جیـا دەبنەوە لە کردەوەکانی تر، هەر بە نیەت پەرستنەکان هەندێکی لە هەنـدێکی تـری جیا دەبێتەوە، جا ڕۆژوگر بەم ڕۆژوە: ئەگەرێ مەبەستی گرتنی ڕۆژوی ڕەمەزان بێـت، ئەشگەرێ مەبەستی جۆرێکی تر بێت لە جۆرەکانی ڕۆژو.

بەڵگـەی ئـەم پایەیـەش فەرمایشـەکەی [پێشـتری] پەیامبـەرە ﷺ: «کـار وکردەوەکان بە نیەتە، وبۆ هەر بەندەیەك هەیە لە پاداشت وسزا بە گوێرەی نیەتی».

پرسی دووەم: حوکمی ڕۆژوی ڕەمەزان، وبەڵگەکەی:

خوا ﷻ ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی فـەرز کـردوە، وکردویەتیـە یـەکێك لـە پێـنج پایەکـەی ئیسـلام، ئەمـەش لـەو فەرمایشـتەیدا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٨٣]. «ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوا وپەیامبەر هەیە وئیش بە شـەرعەکەی دەکـەن، خـوا ڕۆژوی لە سەر فەرز کردون وەك چۆن لە سـەر گـەلانی پـێش ئێـوەی فـەرز کـردوە، بەشکو پارێز بکەن؛ پارێزێك بخەنە نێوان خۆتان وتاوانـەکان»، هـەروەها ئەفـەرموێ: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [البقرة:١٨٥] «مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کـە خوا قورئانی تێدا دابەزاندوە لە شەوی قەدردا، بۆ ڕێنماییکردنی خـەڵکی بـۆ هـەق، ڕونترین بەڵگەکانی تێدایە لە سەر ڕێنمایی خوا وجیاکاری هەق وپـوچ، جـا کـێ لـە ئێوە گەیشتە ئەو مانگە وتەندروست ونیشـتەجێ بـو، ئـەوا بـا ڕۆژەکـەی بـە ڕۆژو بێت». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر ﷺ: «ئیسـلام لـە سـەر

پێنج شت بونیاد نراوە: شایەتومان، شاهێدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك بە هەق نیە مەگەر خوا، وموحەممەد بەندە وپەیامبەری خوایە، وئەنجامدانی نوێژ، وزەکاتدان، وحەجی ماڵی خوا، وڕۆژوی ڕەمەزان». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلا کە دەشتەکیەکی قژ گڤن وتێك چو دێتە خزمەتی پەیامبەری خوا ﷺ وتەڵێ: «[...] أَخْبِرْنِي مَا فَرَضَ اللهُ عَلَيَّ مِنَ الصِّيَامِ؟ فَقَالَ: شَهْرَ رَمَضَانَ، [فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ فَقَالَ: لَا] إِلَّا أَنْ تَطَوَّعَ شَيْئًا» «هەواڵم پێبدە لەبارەی ڕۆژوەوە خوا چی لە سەرم فەرز کردوە؟ فەرموی: مانگی ڕەمەزان، وتی: جگە لەوە؟ فەرموی: نیە، مەگەر خۆت سونەت بکەیت»(١).

هەروەها ئوممەت کۆکن لە سەر فەرزێتی ڕۆژوی ڕەمەزان، وکە یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام کە لە دیندا بەڵگە نەویستە «معلوم بالضرورة»، وکە نکوڵی لێکەرەکەی بێ باوەڕە ولە دینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە.

بەمەش سەلما کە ڕۆژو فەرزە بە قورئان وسونەت وکۆ دەنگی ونکوڵی لێکەرەکەی بێ باوەڕە.

پرسی سێیەم: بەشەکانی ڕۆژو:

ڕۆژو دو بەشە: واجب، وسونەت.

واجبیش ئەبێتە سێ بەشەوە:

١. ڕۆژوی ڕەمەزان.

---

(١) أخرجه البخاري (٤٦)، ومسلم (١١) [والزيادة له، واللفظ للبخاري (١٨٩١) فلفقوا بين الروايتين].

٢. ڕۆژوی كەفارەتەكان.

٣. ڕۆژوی نەزر.

لێرەشدا تەنها باسی ڕۆژوی ڕەمەزان وڕۆژوی سوننەت دەكرێت، سەبارەت بە بەشەكانی تر ئەوا لە شوێنی خۆیدا دێت -بە ویستی خوا-.

پرسی چوارەم: فەزڵی مانگی ڕەمەزان، وحیكمەت شەرعی بونی:

١. فەزڵەكەی: لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ هاتوە، پەیامبەری ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ، وَمَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ» «هەر كەس شەوی قەدر شەو نوێژ بكات بە بڕابون وچاودێری پاداشتەوە، ئەوا خوا لە تاوانەكانی پێشوی خۆش دەبێت، وهەر كەس ڕۆژوی ڕەمەزان بە بڕوابون وچاودێری پاداشتەوە بگرێت، ئەوا خوا لە تاوانەكانی پێشوی خۆش دەبێت»[1]. هەر لەوەوە ﷺ هاتوە، [وەك ڕابورد] پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «پێنج فەرزەكە، وهەینی بۆ هەینی، وڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، سڕێنەرەوەی تاوانەكانی ئەو نێوەندەن ئەگەر لە تاوانە گەورەكان دور بێ».

ئەمە هەندێكە لە فەزڵەكانی ڕۆژوی ڕەمەزان كە هاتوە، وفەزڵەكانی تریش زۆرن.

٢. دانایی لە شەرعیەت بونی ڕۆژوگرتنی: خوا ﷻ ڕۆژی شەرع كردوە لەبەر زۆر حیكمەت وفرە سود، لەوانە:

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٠١)، ومسلم (٧٦٠).

أ. پاکژ وتەمیزکردنەوە وخاوێنکردنەوەی دەرون لە شتە خراپ وردوشتە نزمەکان، چونکە ڕۆژو ڕێڕەوی شەیتان لە جەستەی مرۆڤ تەسك دەکاتەوە.

ب. لە ڕۆژودا دونیا نەویستی وشەهوەت نەویستی تێدایە لەگەڵ هاندان بۆ دواڕۆژ ونیعمەتەکانی.

ت. ڕۆژوگرتن ئەبێتە مایەی بەزەیی هاتنەوە بە هەژاران، وهەستکردن بە ئازاریان، چونکە ڕۆژوگر خۆی ئازاری تینویەتی وبرسیەتی دەچەژێت.

تا کۆتایی ئەو حیکمەتە گەورە وسودە زۆرانە.

پرسی پێنجەم: مەرجەکانی فەرزبونی ڕۆژوی ڕەمەزان:

ڕۆژوی ڕەمەزان فەرزە لە سەر کەسێك ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١. **ئیسلامەتی:** جا نە واجبە، نە دروست ئەبێت بێ باوەڕ ڕۆژو بگرێت، چونکە ڕۆژو پەرستنە، پەرستنیش لە بێباوەڕەوە دروست نابێت، کە موسڵمانیش بو لە سەری نییە قەزای لە دەست چوەکان بکاتەوە.

٢. **پێگەیشتن «البلوغ»:** جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر کەسێك نەگەیشتبێتە تەمەنی داوا لێکردن «التکلیف»، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر] پەیامبەر ﷺ: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سیان» لەوانە: «ولە سەر منداڵ تا بالغ ئەبێت». بەڵام ئەگەر پێ نەگەیشتو ڕۆژوی گرت، دروست ئەبێت ئەگەر لە تەمەنی جیاکاری بێت، ونەبێت کار بە دەست «ولي أمر»ی منداڵ فەرمانی ڕۆژوی پێ بکات، تا ڕا وهۆگر بێت لە سەری.

٣. **ژیری:** جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر شێت وکەم عەقڵ، لەبەر فەرمودەکەی [پێشو]: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سیان» لەوانە: «شێت تا عەقڵ نەکرێت».

٤. **توانابون:** جا هەر کەس نەیتوانی لەبەر گەورەیی یا جگە لەوە یا نەخۆش بو توانای ڕۆژی نەبو، فەرز نیە لە سەری، ئەگەریش گرتی دروست ئەبێت، لەبەر ئایەتی: ﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٥] «ورێگەدراوە بە نەخۆش ورێبوار بە ڕۆژو نەبن، بەڵام دوا جار ئەو ڕۆژانە قەزا دەکەنەوە». کە نەخۆشیەکە نەما ئەوا فەرزە لە سەری قەزای ئەو ڕۆژانە بکاتەوە.

٥. **نیشتەجێیی:** جا ڕۆژو واجب نیە لە سەر ڕێبوار، لەبەر ئایەتی [پێشو]: ﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ الآية [البقرة: ١٨٥]، بەڵام ئەگەر ڕۆژوی گرت دروست ئەبێت. واجبیشە لە سەری ئەوە قەزا بکاتەوە کە لە سەفەر نەیگرتوە.

٦. **لە سوڕی مانگانە وزدیستانی نەبون:** نافرەتێك وابێت لە سەری فەرز نیە بیگرێت، بەڵکو حەرامە لە سەری، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: «ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات نە ڕۆژو دەگرێت؟ وتیان: بەڵێ، فەرموی: جا ئەوە کورتیە لە دیندا». وپێویستە لە سەریان قەزای بکەنەوە، لەبەر وتەکەی عائیشە ﵂: «كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ» «توشی ئەمە دەهاتین، فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژو، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ»[1].

---

(١) أخرجه مسلم (٣٣٥).

پرسی شەشەم: سەلماندنی هاتنی مانگی ڕەمەزان وتەوابونی:

هاتنی ڕەمەزان دەسەلمێت بە بینینی مانگ، ئیتر خۆی بیبینێت یان بە گەواهیدانی جگە لە خۆی کە بینیویەتی، یا هەواڵدانی لەم بارەوە، جا کە موسڵمانێکی دادگەر شایەتیدا مانگی ڕەمەزانی بینیوە، بەو شایەتیدانە هاتنی مانگی ڕەمەزان دەسەلمێت، لەبەر فەرمایشتی: ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [البقرة:١٨٥]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَصُومُوا» «کە بینیتان بە ڕۆژو بن»[١]، ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر رضي الله عنه: «أَخْبَرْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَنِّي رَأَيْتُهُ، فَصَامَ وَأَمَرَ النَّاسَ بِصِيَامِهِ» «هەواڵم دا بە پەیامبەری خوا کە من مانگم بینا، ئەودبو ڕۆژوی گرت وفەرمانی کرد بە خەڵك ڕۆژو بگرن»[٢]. جا ئەگەر مانگ نەبینرا، یا موسڵمانێکی دادگەر شایەتی نەدا کە بینیویەتی، ئەوا پێویستە سی ڕۆژەکەی شەعبان تەواو بکەن.

هاتنی ڕەمەزان بە جگە لەم دوانە ناسەلمێت؛ یا بینینی مانگ یا تەواوکردنی هەر سی ڕۆژەکەی شەعبان، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ، وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ، فَإِنْ غُبِيَ[٣] عَلَيْكُمْ فَأَكْمِلُوا عِدَّةَ شَعْبَانَ ثَلَاثِينَ» «ڕۆژو بگرن بە هۆی بینینی مانگی ڕەمەزانەوە، وبیشکێنن بە هۆی بینینی مانگی شەوالەوە، جا ئەگەر داپۆشرا ووشاراوە بو ئەوا هەر سی ڕۆژەکەی شەعبان تەواو بکەن»[٤].

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٠٠)، ومسلم (١٠٨٠) - ٨.
(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٤٢)، والحاكم في المستدرك (١/٤٢٣) وصححه [واللفظ المثبت لأبي داود].
(٣) وفي بعض الروايات: «غُمّي»، وبعضها: «غُمّ»، والمعنى: غطي وخفي ولم يظهر.
(٤) أخرجه البخاري (١٩٠٩)، ومسلم (١٠٨١).

وتەواوبونی ڕەمەزانیش دەسەلمێت: بە بینینی مانگی شەوال، ئەمەش بە شایەتی دانی دو موسڵمانی دادگەر، ئەگەرنا واجبە هەر سی ڕۆژەکەی ڕەمەزان تەواو بکەن.

پرسی حەوتەم: کاتی نیەت لە ڕۆژودا وحوکمەکەی:

پێویستە لە سەر ڕۆژوان نیەتی ڕۆژویان هەبێت، کە پایەیەکە لە پایەکانی وەك ڕابورد، لەبەر فەرمایشتی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: «کردەوەکان بە نیەتە وبۆ هەر کەس هەیە بە گوێرەی نیەتەکەی». هەر بە شەویش ئەبێت نیەت بهێنێت بۆ ڕۆژوی پێویست، وەك ڕۆژوی ڕەمەزان وکەفارەت وقەزاکردنەوە ونەزرکردن، با پێش سپێدەش بێت بە یەك خولەك، لەبەر فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ لَمْ يُبَيِّتِ الصِّيَامَ قَبْلَ الْفَجْرِ فَلَا صِيَامَ لَهُ» «کێ هەر بە شەو پێش سپێدە نیەتی ڕۆژوی فەرزی نەبێت ئەوا ڕۆژوی بۆ نیە»[1]. جا هەر کەس نیەتی ڕۆژوی هەبێت لە ڕۆژدا، وهیچی نەخواردبێت، ناکەوێت لە سەری مەگەر بۆ ڕۆژوی سوننەت، ئەمە بە نیەتی ڕۆژ دروستە ئەگەر هیچ شتێکی نەکردبو [لە تاڵ کەرەوەکان]، لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂: «دَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ: هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ؟ فَقُلْنَا: لَا، قَالَ: فَإِنِّي إِذَنْ صَائِمٌ» «پەیامبەر ﷺ ڕۆژێك هات بۆ لام، فەرموی: ئایا هیچتان لایە بۆ خواردن؟ وتمان: نەخێر، فەرموی: کەواتە من بە ڕۆژوم»[2]. سەبارەت بە ڕۆژوی واجب ئەوا دانامەزرێت بە نیەتی ڕۆژ، ونەبێت شەو نیەتی هەبێت.

ویەك نیەت بەسە لە سەرەتای ڕەمەزانەوە بۆ سەرجەم مانگەکە، وباشترە «یستحب» هەمو ڕۆژێك تازە بکرێتەوە.

---

(١) أخرجه الترمذي (٧٣٣)، والنسائي (١٩٦/٤) واللفظ له، وابن ماجه (١٧٠٠)، وصححه الألباني.
(٢) أخرجه مسلم (١١٥٤) - ١٧٠.

دەروازەی دووەم

لە بارەی ئەو عوزرانەی ڕۆژو نەگرتن حەلاڵ دەکەن، هەروەها پوچەڵکەرەوەکانی ڕۆژو

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: ئەو بیانوانەی بە هۆیەوە دروستە بە ڕۆژو نەبیت:

لە ڕەمەزاندا دروستە ڕۆژو نەگیرێت لەبەر ئەم عوزرانەی خوارەوە:

یەکەم: نەخۆشی وبە تەمەنی: جا دروستە نەخۆش ڕۆژو نەگرێت، نەخۆشیەك قورس بێت لەگەڵیدا ڕۆژو بگرێت، کە چاك بویەوە پێویستە لە سەری ئەو ڕۆژانە قەزا بکاتەوە کە نەیگرتوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٤]، «خوا ڕۆژوگرتنی چەند ڕۆژێکی دیاری کراوی لە سەر فەرز کردون کە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانە، جا کامتان نەخۆش بو قورس بو لە سەری یا لەسەفەر بو ئەوا بۆی هەیە نەیگرێت، بەڵام لە سەریەتی بە ژمارەی ئەو ڕۆژانە قەزا بکاتەوە لە ڕۆژانی داهاتودا». لەبەر ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٥].

ئەو نەخۆشیەشی هێڵراوە بە هۆیەوە ڕۆژو نەگیرێت؛ ئەوەیە قورس بێت لە سەر نەخۆش ڕۆژو بگرێت. بەڵام نەخۆشێك کە ئومێدی چاك بونەوەی ناکرێت، یا نەتوانێت ڕۆژو بگرێت نەتوانینێکی بەردەوام وەك بە تەمەن، ئەوا بۆی هەیە ڕۆژو نەگرێت، وپێویست نیە لە سەری قەزای بکاتەوە، تەنها فیدیەی لە سەرە بەوەی بۆ

هەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێك بدات، چونکە خوا ﷻ خواردنـدانی کـردە هاوتـای ڕۆژوگرتن ئەو کاتەی سەر پشك بون هەبو لە نێوانیانـدا لـە سـەرەتای فـەرزبونی ڕۆژودا، کەواتە ئەبێت جێی بگرێتەوە لەکاتی عوزردا.

پێشەوا بوخاری ﷺ ئەڵێ: «وَأَمَّا الشَّيْخُ الْكَبِيرُ إِذَا لَمْ يُطِقِ الصِّيَامَ فَقَدْ أَطْعَمَ أَنَسٌ بَعْدَمَا كَبِرَ عَامًا أَوْ عَامَيْنِ كُلَّ يَوْمٍ مِسْكِينًا خُبْزًا وَلَحْمًا وَأَفْطَرَ... قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: لَيْسَتْ بِمَنْسُوخَةٍ، هُوَ الشَّيْخُ الْكَبِيرُ، وَالْمَرْأَةُ الْكَبِيرَةُ، لَا يَسْتَطِيعَانِ أَنْ يَصُومَا، فَلْيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا» «سەبارەت بە پیـاوی بـە تەمـەن ئەگـەر نەیتوانی ڕۆژو بگرێت؛ ئەوا ئەنەس ﷺ کە چوە تەمەنەوە ساڵێك یـا دو سـاڵ، بـۆ هەر ڕۆژێك نانی هەژارێکی بەخشیوە... وئیبن عەبباس ﷺ لە بارەی ژن وپیاوی بە تەمەن کە ناتوانن ڕۆژو بگرن وتی: با بۆ هەر ڕۆژێك نانی هەژارێك بدات»[1].

جا ئەگەر توانای ڕۆژوی نەبو، نەتوانینێك ئومێدی باشبونەوەی ناکرێت، بە هـۆی نەخۆشـی یا پیریەوە، ئەوا بۆ هەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێك دەدات بە نیو مەن گەنم یـا جۆ یا برنج وهاوشێوەکانی لە خواردنی شارەکە، ئەنـدازەی مـەنێکیش نزیکـەی دو کیلۆ وڕوبعێکە «٢,٢٥» گرام، کەواتە خواردندان بۆ هەر ڕۆژێك: نزیکـەی کیلۆیـەك وسەد وبیست وپێنج گرامە «١,١٢٥» گرام.

ئەگەریش نەخۆش ڕۆژوی گرت، ڕۆژودکەی دروستە ولە سەری دەکەوێت.

دودم: سەفەرکردن: حەڵاڵە ڕێبوار لە ڕەمەزان دا ڕۆژو نەگرێت، بەڵام پێویستە لە سەری قەزای بکاتەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَنْ كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ

---

(١) صحيح البخاري (٤٥٠٥).

عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٤]. هـەروەها ئەفـەرموێ: ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٥]، هەروەها پرسیاریان لـە پەیامبـەر ﷺ کـرد لـە بـارەی ڕۆژو گـرتن لـە سـەفەردا، ئەرموێ: «إِنْ شِئْتَ فَصُمْ، وإِن شِئتَ فَأَفْطِرْ» «ویستت ڕۆژو بگرە، ویستیشست لـێ نەبو مەیگرە»[1]. ولە مانگی ڕەمەزاندا پەیامبەر ﷺ بـە زوبـانی ڕۆژوەوە چـو بـۆ مەککە، کە گەیشتە «کەدید» شکاندی، خەڵکیش شکاندیان[2].

هەروەها حەڵاڵە ڕۆژو نەگیرێت لە هەر سـەفەرێکی درێـژدا کـە دروسـتە نوێـژی تێـدا کورت بکرێتەوە[3]، کە ئەندازەکەی دەگاتە چل وهەشت میل، واتە: نزیك هەشتا کلم.

ئەو سەفەرەشی حەڵاڵە ڕۆژوی تێدا نەگیرێت لـە ڕەمەزانـدا بریتیـە لـە سـەفەری حەڵاڵ، جا ئەگەر سەفەری تاوان یا حیلە بو بۆ ڕۆژو شکاندن، ئـەوا حـەڵاڵ نیـە بـە هۆیەوە نەیگرێ.

ئەگەر ڕێبوار ڕۆژو بگرێت ئەوا ڕۆژوەکەی دروست ئەبێت ولـە سـەری ئەکـەوێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ: «كُنَّا نُسَافِرُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فَلَمْ يَعِبِ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ، وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ» «ئێمە لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ سەفەرمان دەکرد، جا ڕۆژوگرەکان ڕۆژو نـەگرەکانیان عـەیب دار نـە دەکـرد، وڕۆژو نـەگرەکانیش ڕۆژو گرەکانیان عەیب دار نە دەکرد»[4]. بەڵام بەو مەرجەی ڕۆژوگرتن لە سەفەردا قـورس نەبێت لە سەری، جا ئەگەر قورس بو لە سەری یان زیانی بـۆی هـەبو ئـەوا بـۆ ئـەو

(١) صحيح البخاري (١٩٤٣).
(٢) أخرجه البخاري (١٩٤٤).
(٣) انظر: «المغني» (٣/٣٤).
(٤) أخرجه البخاري (١٩٤٧).

نەگرتنی باشترە، ئەمەش وەکو وەرگرتنی ڕوخسەتەکە، چونکە پەیامبەر ﷺ لە سەفەردا پیاوێکی بینی بە ڕۆژو بو لە گەرمیدا سێبەریان بۆ کردبو، وخەلکیش لێی کۆبوبونەوە، ئەویش فەرموی: «لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ الصِّيَامُ فِي السَّفَرِ» «لە چاکە نیە ڕۆژوگرتن لە سەفەردا»[1].

سێیەم: سوڕی مانگانە وزەیستانی: جا ئەو ئافرەتەی عادە یا زەیستانی بۆ دێت پێویستە لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژو نەبێت، وحەرامە ڕۆژو بگرێت، ئەگەریش بیگرێت، دروست نابێت، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] ئەبو سەعیدی خودری ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات نە ڕۆژو دەگرێت؟ وتیان: بەڵێ، فەرموی: جا ئەوە کورتیە لە دیندا». هەروەها پێویستە لە سەریان قەزای بکەنەوە، لەبەر وتەکەی [پێشوتری] عائیشە ﷺ «ئێمە توشی ئەمە دەهاتین، جا فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژو، بەلام فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ».

چوارەم: دو گیانی وشیردان: جا ئافرەت ئەگەر دو گیان یا شیردەر بێت، وبە هۆی ڕۆژوەوە ترسا لە خۆی یا لە منداڵەکەی ئەوا دروستە بۆی نەیگرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ وَضَعَ لِلْمُسَافِرِ الصَّوْمَ وَشَطْرَ الصَّلَاةِ، وَعَنِ الْحُبْلَى وَالْمُرْضِعِ» «خوا ﷻ لە سەر موسافیر ڕۆژو ونیوەی نوێژی لاداوە، هەروەها لە سەر دوگیان وشیردەر»[2]. ودو گیان

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٤٦).

(٢) أخرجه الترمذي (٧١٥) وحسنه، والنسائي (١٠٣/٢)، وابن ماجه (١٦٦٧)، وحسّنه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٢١٤٥).

وشیردەر لە بری ئەو ڕۆژانەی نەیگرتوە قـەزای دەکاتـەوە ئەمـە ئەگـەر ترسـیان لـە خۆیان هەبو، خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەمەدا دو گیان ترسی کۆرپەلەکەشی هەبو، وشـیردەر ترسی لـە منداڵەکـەی هـەبو، ئـەوا لەگـەڵ قەزاکردنـەوە بـۆ هـەر یـەك ڕۆژ نـانی هەژارێکیش دەدات، لەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما: «وشیردەر ودو گیـان ئەگـەر ترسیان لە منداڵەکانیان هەبو ڕۆژوەکەیان دەشکێنن وخواردن دەدەن»[1].

لەمەوە ڕون بویەوە ئەو هۆکارانەی ڕۆژو نەگرتن حـەڵاڵ دەکـەن چـوارە: سـەفەر، نەخۆشی، سوڕی مانگانە، وزەیستانی، وترسان لە تیاچون، وەك دو گیان وشیردەر.

پرسی دووەم: هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژو:

ئەو شـتانەیە ڕۆژوی ڕۆژوان بـەتاڵ دەکەنـەوە ودەیشـکێنن. وڕۆژوان بـە کردنـی یەکێك لەم شتانەی خوارەوە ڕۆژوەکەی پوچ دەبێتەوە:

یەکەم: خواردن یا خواردنەوەی بە ئەنقەست: لەبـەر فەرمایشـتەکەی خـوا ﷻ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [البقرة: ١٨٧]. ئەم ئایەتە ئەوەی ڕونکـردەوە کـە حـەڵاڵ نیە ڕۆژوان بخۆن وبخۆنەوە لە دوای دەرچونی سپێدەوە تا شەو (خـۆر ئـاوابون). بـەڵام ئەگەر بە لە بیر چونەوە خواردی یا خواردیەوە ئەوا ڕۆژوەکەی دروستە، هەر کە هاتە بیری پێویستە لە سـەری دەم بگرێتـەوە، یـا بـیری خرایـەوە کـە بـە ڕۆژوە، لەبـەر فەرمودەکـەی پەیامبـەر ﷺ[2]: «مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ فَأَكَلَ، أَوْ شَرِبَ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ» «هەر کەس بە ڕۆژو بو، بە هـۆی لـە بـیر چـونەوە،

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٣١٧، ٢٣١٨) [بمعناه] وصححه الألباني «الإرواء» (٤/١٨، ٢٥) وروي مثله عن ابن عمر.
(٢) أخرجه البخاري (١٩٣٣)، ومسلم (١١٥٥) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

خواردنی یان خواردیەوە، ئەوا با ڕۆژوەکەی تەواو بکات، چونکە خوا نان وئاوی پێی بەخشیوە». هەروەها ڕۆژو پوچەڵ دەبێتەوە بە سعوتی «ابرنوتی»[1]، وبە هەر شتێکی بکاتە هەناو، لەو شتانەی کە حوکمی خواردن وخواردنەوەی هەیە با لە دەمیشەوە نەبێت وەك دەرزی موغەززی.

دووەم: **جوتبون**: ڕۆژو بە جوتبون بەتاڵ دەبێتەوە، جا هەرکەس جوت ببێت وبە ڕۆژو بێت ڕۆژوەکەی بەتاڵ بۆتەوە، ولە سەریەتی تەوبە وداوای لێخۆشبون بکات. وئەو ڕۆژەش قەزا بکاتەوە کە تێیدا جوت بوە، هەروەها لەگەڵ قەزاکردنەوەدا ئەبێت کەفارەتیش بدات، کە بریتیە لە ئازادکرنی کۆیلەیەك، ئەگەر نەبو دو مانگ لە سەر یەك بە ڕۆژو دەبێت، ئەگەریش پێی نەکرا نانی شەست هەژار دەدات، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﵁ وتی: لەو کاتەی لە خزمەتی پەیامبەر ﷺ بوین، پیاوێك هاتە خزمەتی وتی: ئەی پەیامبەری خوا! تیاچوم، فەرموی: چیتە؟ وتی: لەگەڵ هاوسەرەکەمدا جوتبوم وبە ڕۆژوش بوم، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئایا پێت دەکرێت کۆیلەیەك ئازاد بکەیت؟» وتی: نەخێر، فەرموی: «ئەی ئەتوانی دو مانگ بە دوای یەکدا بە ڕۆژو بیت؟» وتی: نەخێر، فەرموی: «ئەی دەتوانی نانی شەست هەژار بدەیت؟» وتی: نەخێر، ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ هەندێك مایەوە، لەو کاتەی لەو حاڵەتەدا بوین زەبیل (قەوشەر)ێك خورمایان بۆ هێنا، فەرموی: «پرسیارکەرەکە لە کوێیە؟» وتی: ئەوەتام، فەرموی: «ئەمە ببە وبیبەخشەوە» کابرا وتی: بیبەخشمە لە خۆم هەژارتر ئەی پەیامبەری خوا؟! بە خوا لە نێوان هەردو بەردە ڕەشەکانی مەدینەدا لە من هەژارتری تێدا نیە، ئەوەبو پەیامبەر بویە

---

(١) دەرمانێکە دەکرێتە لوت.

پێکەنیەوە تا ددانەکانی دەرکەوتن، پاشان فەرمووی: «بیدە بە خۆردی خانەوادەکەت»[١].

هەر لەو شتانەی هاوواتای جوت بونە: دابەزینی مەنی (ئاوی پیاو)ە بە دەست، جا کە ڕۆژوان ئاوی هاتەوە بە ویستی خۆی بە هۆی ماچکردنەوە یا دەست پێوەدانەوە یان ئاوی خۆ هێنانەوەوە یا جگە لەمانە ئەوا ڕۆژوەکەی پوچ دەبێتەوە، چونکە ئەمە لەو شەهوەتەیە کە دژی ڕۆژوە، جا لە سەریەتی قەزای بکاتەوە بە بێ کەفارەت، چونکە کەفارەت پێویست نابێت مەگەر تەنها بە جوتبون، چونکە دەقەکە بە تایبەت لە سەر ئەوە هاتوە. بەڵام ئەگەر ڕۆژوان خەوت ولەشی گران بو، یا ئاوی هاتەوە بە بێ ئارەزو وەك کەسێك نەخۆش بێت ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە، چونکە ویستی نیە لەمەدا.

سێیەم: خۆ ڕشاندنەوە بە ئەنقەست: بریتیە لە دەرکردنی ئەوەی لە گەدەدایە لە خواردن وخواردنەوە لە ڕێی دەمەوە بە ئەنقەست، بەڵام ئەگەر زۆری بۆ هێنا ودەرچو بە بێ ویستی خۆی، ئەوە کاریگەری لە سەر ڕۆژوەکەی نیە، لەبەر فەرمودەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيْءُ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ، وَمَنِ اسْتَقَاءَ عَمْدًا فَلْيَقْضِ» «کێ ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا ئەوا قەزاکردنەوەی لە سەر نیە، کێش خۆی ڕشانەوە ئەوا با قەزای بکاتەوە»[٢].

چوارەم: کەڵەشاخ: بریتیە لە دەرکردنی خوێن لە پێستەوە نەك دەمارەکان. جا کەی کەڵەشاخی کرد ڕۆژوەکەی دەشکێت، لەبەر فەرمودەی: «أَفْطَرَ الْحَاجِمُ

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٣٦)، ومسلم (١١١١).
(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٨٠)، والترمذي (٧٢٠)، وابن ماجه (١٦٧٦)، وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٣٦٨).

وَالْمَحْجُومُ» «حیجامەکەر وکەڵە شاخ بۆ کراو ڕۆژوەکەیان شکاوە»[1]. هەروەها ڕۆژوی حیجامەکەرەکەش دەشکێت مەگەر بە نامێرێکی لێکجودا بیکات، وپێویستی بە خوێن مژین نەبێت، ئەوا -خواش زاناترە- ناشکێت. هەر لەو شتانەی هاوواتای کەڵەشاخە: دەرکردنی خوێنە لە ڕێی برینی دەمارەوە «الفصد»، هەروەها دەرکردنی بۆ بەخشینەوەی.

بەڵام دەرچونی خوێن بە هۆی برین، یا دان هەڵکێشان، یان خوێن لوت بەر بون، ئەوا زیانی نیە؛ چونکە نە کەڵەشاخە ونە هاو واتایەتی.

پێنجەم: دەرچونی خوێنی عادە وزەیستانی: جا کەی ئافرەت خوێنی سوڕی مانگانە یا زەیستانی بینی ڕۆژوەکەی شکاوە، وپێویستە لە سەری قەزای بکاتەوە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوتری] پەیامبەر ﷺ: «ئەوە نیە کە دەکەوێتەوە عادەوە نە نوێژ دەکات ونە ڕۆژو دەگرێت».

شەشەم: نیەتی شکاندن: جا هەر کەس پێش خۆر ئاوابون نیەتی شکاندنی هێنا وبە ڕۆژوش بو ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ بوەتەوە با هیچ بەتاڵ کەرەوەیەکیش نەکات، چونکە نیەت یەکێکە لە دو پایەکەی ڕۆژو، جا کە نیەتەکەی هەڵ وەشاندەوە، بە مەبەستی شکاندنی وبە ئەنقەستەوە ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

حەوتەم: هەڵگەڕانەوە: لەبەر ئەوەی دژی پەرستنە، ولەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ [الزمر:٦٥] «ئەگەر هاوبەش دابنێیت ئەوا بێگومان سوێند بێت کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە».

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٣٦٧) وابن خزيمة (١٩٨٣) وصحح الألباني إسناده «التعليق على ابن خزيمة» (٢٣٦/٣).

دەروازەی سێیەم

سوننەتەکانی ڕۆژو ومەکروهەکانی

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: سوننەتەکانی ڕۆژو:

سوننەتە ڕۆژوان لە ڕۆژوەکەیدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١- **پارشێو:** لەبەر فەرمایشتەکەی ﷺ: «تَسَحَّرُوا، فَإِنَّ فِي السُّحُورِ بَرَكَةً» «پارشێو بکەن، لە پارشێو فەڕ وپیت هەیە»[١]. بە خواردنی زۆر بێت یا کەم پارشێو بەدی دێت، ئەگەر بە قومە ئاوێکیش بێت.

کاتەکەشی: لە نیوە شەوەوە دەست پێ دەکات تا سپێدە.

٢- **دواخستنی پارشێو:** لەبەر فەرمودەکەی زەیدی کوڕی سابت ﷺ ئەڵێ: «مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قُمْنَا إِلَى الصَّلَاةِ، قُلْتُ: كَمْ كَانَ قَدْرُ مَا بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: خَمْسِينَ آيَةً» «لەگەڵ پەیامبەردا ﷺ پارشێومان کرد، پاشان هەستاین بۆ نوێژ، وتم: چەندێك لە نێوان هەر دوکیان دەبو؟ وتی: ئەندازەی پەنجا ئایەت»[٢].

٣- **زو دەمکردنەوە:** سوننەتە ڕۆژوان هەر کە دڵنیا بویەوە لە خۆر ئاوا بون، پەلە بکات لە ڕۆژو شکاندن، وەك لە سەهلی کوڕی سەعدەوە هاتوە ﷺ، پەیامبەر ﷺ

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٢٣)، ومسلم (١٠٩٥).

(٢) أخرجه البخاري (٥٧٥)، ومسلم (١٠٩٧)، واللفظ لمسلم.

فەرمویەتی: «لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ» «خەڵك بەردەوام لە خێـردان تـا زو دەم بکەنەوە»(١).

٤- دەمکردنەوە لە سەر چەند خورمایـەکی تـەڕ: کـە دەسـتی نەکـەوت، بـە خورمای وشك، ویا تیق بێت، ئەگەر نەبو بە چەند قومێك ئاو، لەبـەر فەرمودەکـەی ئەنەس ﷺ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ» «پەیامبـەر ﷺ پـێش نوێژکردن بە چەند خورمایەکی تەڕ بەربانگی دەکردەوە، نەبوایە بە چەند خورمایەکی وشك، نەبوایە بە چەند قومێك ئاو»(٢). هیچیشی دەست نەکەوت نیەتی شکاندن بـە دڵی دەهێنێ، ئەوە بەسیەتی.

٥- پاڕانەوە لـە کـاتی بـەر بـانگ کردنـەوە ولـە میانـەی ڕۆژوەکـە: لەبـەر فەرمودەکەی پەیامبـەر ﷺ: «ثَلَاثَةٌ لَا تُرَدُّ دَعْوَتُهُمْ: الصَّائِمُ حَتَّى يُفْطِرَ، وَالْإِمَامُ الْعَادِلُ، وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ» «سیان دوعاکانیان ڕەد ناکرێتـەوە: ڕۆژوان تـا بـەر بـانگ دەکاتەوە، وپێشەوای دادگەر، وستەم لێکراو»(٣).

٦- زۆر صەدەقە کردن، وقورئان خوێندن، وخواردن دان بە ڕۆژوانان، وسـەرجەم کارە چاکەکانی تر: لـە ئـیبن عەبباسـەوە ﷺ ئـەڵێ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَجْوَدَ النَّاسِ وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ وَكَانَ جِبْرِيلُ يَلْقَاهُ فِي

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٥٧)، ومسلم (١٠٩٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٣٥٦)، والترمذي (٦٩٦). وحسنه، والبغوي في شرح السنة (٦/٢٦٦). وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٦٠)، وقوى إسناده الأرناؤوط في التعليق على «شرح السنة».

(٣) أخرجه الترمذي (٢٥٢٦) وحسنه، وأخرجه البيهقي (٣/٣٤٥) وغيره عن أنس مرفوعاً بلفظ: «ثلاث دعوات لا ترد: دعوة الوالد، ودعوة الصائم، ودعوة المسافر». وصححه الألباني «الصحيحة» (١٧٩٧).

كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ فَلَرَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ» «پەیامبەر ﷺ سەخیترین کەس بو، زیاتر لە ڕەمەزاندا کە جبریل دەهات بۆ لای، جا هەمو شەوێکی ڕەمەزان دەهات بۆ لای ودیراسەی قورئانی پێ دەکرد، جا کە پەیامبەر ﷺ جوبریل دەهات بۆ لای بە خوا بۆ خێر لە با بەخشندە تر بو»[1].

٧- **تێکۆشان لە شەو نوێژدا:** بە تایبەت دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان، لە عایشەوە ﷺ: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ شَدَّ مِئْزَرَهُ، وَأَحْيَا لَيْلَهُ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ» «پەیامبەر ﷺ ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتبایە، ناوقەدی توند دەکرد، وشەوەکەی زیندو دەکردەوە وخانەوادەکەی هەڵدەستان»[2]. ولەبەر گشتێتی فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ» «هەر کەس شەو نوێژی ڕەمەزان ئەنجام بدات بە بڕوا بون وچاوەڕێی پاداشتەوە، ئەوا خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت»[3].

٨- **عومرەکردن:** لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً» «عومرەیەك لە ڕەمەزاندا یەکسانە بە حەج کردنێك»[4].

٩- **وتنی: «من بە ڕۆژوم» بە کەسێك جوێنی پێدا،** ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفُثْ وَلَا يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ: إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ» «وئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژو بو، با قسەی نا

---

(١) أخرجه البخاري (٦) [ولفظهم أقرب إلى (٣٢٢٠)]، ومسلم (٢٣٠٨).
(٢) أخرجه البخاري (٢٠٢٤)، ومسلم (١١٧٤).
(٣) أخرجه مسلم (٧٥٩).
(٤) أخرجه البخاري (١٧٨٢)، ومسلم (١٢٥٦).

ئەخلاقی وقرِە قرِ نەکات، ئەگەریش کەسێك جوێنی پێدا، یا شەرِی لەگەڵ کرد، با بڵێت: من بە رِۆژوم»[1].

پرسی دوەم: مەکرِوهەکانی رِۆژو:

هەندێك شت کەرِاهەتی هەیە دەرهەق رِۆژوان کە ئەبێتە مایەی لەکەدار کردن وبریندارکردنی رِۆژوەکەی، وکەمکردنەوەی پاداشتەکەی، کە ئەمانەیە:

١- **موبالەغەکردن لە ئاو دان بە دەم ولوتدا:** ئەمەش لە ترسی ئەوەی ئاو بڕواتە قورِگیەوە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتر]: «وزیادەرِەوی بکە لە ئاو دان بە لوتدا مەگەر بە رِۆژو بیت».

٢- **ماچ کردن ئەگەر ئارەزوی دەجولا**، لە نەفسی خۆیشی دڵنیا نیە: ئەوە کەرِاهەتی هەیە رِۆژوان ماچ هاوسەرەکەی یا کەنیزەکەکەی بکات، چونکە لەوانەیە بێتە مایەی جولاندنی شەهوەتی وئەوەش سەر بکێشێت بۆ پوچەڵ بونەوەی رِۆژوەکەی، بەلام ئەگەر لە خۆی دڵنیا بو رِۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە ئەوە هیچی تێدا نیە، چونکە پەیامبەر ﷺ ماچی دەکرد وبە رِۆژو بو، عائیشە ئەڵێ: «وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ» «بەلام لە هەموتان زیاتر خۆی پێ دەگیرا بۆ پێداویستی خۆی»[2]. هەروەها لە سەریەتی خۆی دور بخاتەوە لە هەر شتێك شەهوەتی دەجولێنێت، وەك بەردەوام تەماشاکردنی هاوسەر یا کەنیزەك، یا بیر کردنەوە لە بابەتەکانی جوتبون، چونکە ئەبێتە مایەی ئاو هاتنەوە یا جوتبون.

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٠٤)، ومسلم (١١٥١) واللفظ للبخاري.
(٢) أخرجه البخاري (١٩٢٧)، ومسلم (١١٠٦) - ٦٤.

٣- **بەڵغەم قوت دان:** چونکە دەڕواتە هەناویــەوە وپێـی بــەهێز دەبێـت، ئەمـە سەرباری ئەوەی قیزەونە، زیانیشی لێ دەکەوێتەوە.

٤- **تامکردنی خواردن وپێویستیشی نەبێت:** جا ئەگەر پێویسـتی پـێ بـو وەك ئەوەی چێشت لێ نەر بو پێویستی بە تـامکردنی خوێکـە وهاوشـێوەکانیەتی ئـەوە هیچی تێدا نیە لەگەڵ وریا بون لەوەی هیچ نەگاتە قوڕگی.

دەروازەی چوارەم

لە بارەی قەزاکردنەوەی ڕۆژو، وڕۆژوی سوننەت، وڕۆژووی مەکروه، وڕۆژوی حەرام؟

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: قەزاکردنەوەی ڕۆژو:

ئەگەر موسڵمان یەك ڕۆژوی ڕەمەزانی نەگرت بە بێ عوزر، ئەوا واجبە لە سەری بگەڕێتەوە لای خوا وداوای لێ بوردن بکات، چونکە ئەمە تاوانێکی گەورەیە، وخراپەیەکی مەزنە، لەگەڵ تەوبە وداوای لێ خۆشبون پێویستە لە سەری دوای ڕەمەزان قەزای ئەو ڕۆژانە بکاتەوە کە نەیگرتوە، واجبێتی قەزاکردنەوەش لێرەدا لە سەر ڕای دروستی زانایان بۆ یەکسەر «فوري»یە، چونکە ڕوخسەتی پێ نەدراوە بە ڕۆژو نەبێت، وینەماکەش ئەوەیە: لە کاتی خۆیدا بیگێڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر نەیگرت بە هۆی عوزرێکەوە وەك عادە یا زەیستانی یا نەخۆشی یا سەفەر وجگە لە مانەش لەو عوزرانەی بە هۆیەوە حەڵاڵە ڕۆژو نەگریت؛ ئەوا پێویستە لە سەری قەزای بکاتەوە ئەوەندە نەبێت دەست بە جێ پێویست نیە، بەڵکو دەتوانێت دوای بخات بۆ ڕەمەزانەکەی تر، بەڵام سوننەتە وباشترە پەلە بکات لە قەزاکردنەوەی، چونکە پەلەکردنی تێدایە بۆ ئەستۆ پاککردنەوە، هەروەها ئیحتیاتی زیاتریشی تێدایە؛ لەوانەیە ڕێگرێك بێتە پێشی وەك: نەخۆشی وهاوشێوەکانی، ئەگەریش دوای خست بۆ ڕەمەزانی دودم وبیانویەکیشی هەبو لەو دواخستنەدا، وەك ئەوەی عوزرەکەی درێژە بکێشێت؛ ئەوا لە سەریەتی دوای ڕەمەزانەکەی تر قەزای

بکاتەوە. بەڵام ئەگەر دوای خست بۆ پاش ڕەمەزانەکەی تر بە بێ عوزر، ئەوا لە سەریەتی لەگەڵ قەزا کردنەوەدا، بۆ هەر یەك ڕۆژ نانی هەژارێکیش بدات.

لە قەزاکردنەوەشدا مەرج نیە بە دوای یەکتردا بێت، بەڵکو بە دوای یەکتر وپچڕ پچڕیش دەبێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة:١٨٤]. خوا ﷻ لەم ئایەتەدا بە دوای یەکتری بە مەرج نەگرت.

پرسی دووەم: ڕۆژووی سوننەت:

لە دانایی خوا ﷻ ومیهرەبانی بە بەندەکانی ئەوەیە: سوننەتیشی داناوە کە هاوشێوەی فەرزەکانن، بۆ زیاتر پاداشت دانەوەی بەندەکان، وپڕ کردنەوەی کەلێن وکورتیەکان کە لەوانەیە لە فەرزەکەدا هەبێت، پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە: فەرزەکان پڕ دەکرێنەوە بە سوننەتەکان لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئەو ڕۆژانەشی سوننەتە بگیرێت ئەمانەیە:

١- ڕۆژووی شەشەڵە: لەبەر فەرموودەکەی ئەبو ئەیوبی ئەنساری ﷺ، لە پەیامبەرەوە ﷺ: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ» «هەر کەس ڕەمەزانی گرت ئینجا شەش ڕۆژی مانگی شەوالیشی بە دوای دا گرت وەکو ئەوە وایە ساڵەکە بە ڕۆژو بو بێت»[1].

٢- ڕۆژووی عەرەفە بۆ جگە لە حاجی: لەبەر فەرموودەکەی ئەبو قەتادە ﷺ، لە پەیامبەرەوە ﷺ: «صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ،

---

(١) أخرجه مسلم (١١٦٤).

والسنة الَّتي بعْدهُ» «ڕۆژوی عەرەفە ئومێدم هەیە، خوا بیکاتە مایەی سڕینەوەی تاوانی ساڵێك پێش وساڵێك پاش»(١). بەڵام دەرهەقی حاجی سوننەت نیە ڕۆژوی عەرەفە بگرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ ئەو ڕۆژە ڕۆژوەکەی شکاند وخەڵکیش تەماشایان دەکرد، هەروەها هێزی زیاتری تێدایە بۆ حاجی تا پەرستن بکات وبپاڕێتەوە لەو ڕۆژەدا.

٣- **ڕۆژوی عاشورا:** پرسیار لە پەیامبەری خوا ﷺ کرا لە بارەی ڕۆژوی عاشوراوە؟ فەرموی: «أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ» «ئومێدم بە خوا هەیە تاوانی ساڵی پێشو بسڕێتەوە»(٢). هەروەها سوننەتە ڕۆژێك پێش ئەوە وڕۆژێك پاش ئەوە بگیرێت، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَئِنْ بَقِيتُ إِلَى قَابِلٍ، لَأَصُومَنَّ التَّاسِعَ» «ئەگەر بمێنمە ساڵی داهاتو ئەوا نۆیەمیش دەگرم»(٣). هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «صُومُوا يَوْمَ عَاشُورَاءَ، وَخَالِفُوا فِيهِ الْيَهُودَ؛ صُومُوا قَبْلَهُ يَوْمًا، وَبَعْدَهُ يَوْمًا» «ڕۆژوی عاشورا بگرن، وپێچەوانەی جولەکە بکەن؛ ڕۆژێك پێشی وڕۆژێك پاشی بگرن»(٤).

٤- **ڕۆژوی دو شەممە وپێنج شەممە لە هەمو هەفتەیەکدا:** لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَتَحَرَّى صَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ» «پەیامبەری خوا

---

(١) أخرجه مسلم (١١٦٢).

(٢) أخرجه مسلم (١١٦٢). وهو جزء من حديث طويل.

(٣) أخرجه مسلم (١١٣٣).

(٤) [ضعيف مرفوعًا]: أخرجه أحمد (١/٢٤١) [هذا لفظه]، وابن خزيمة (٢٠٩٥) وفي سنده ضعف، لكنه صح عن ابن عباس بنحوه موقوفًا من قوله.

ﷺ بە دوای ڕۆژوی دو شەممە وپێنج شەممەدا دەگەڕا»[1]. هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «تُعرَضُ الْأَعْمَالُ يَوْمَ الاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ، فَأُحِبُّ أَنْ يُعْرَضَ عملي وَأَنا صَائِمٌ» «کردەوەکان ڕۆژانی دو شەممە وپێنج شەممە دەخرێنە ڕو، جا پێم خۆشە کە کردەوەکەم خرا ڕو بە ڕۆژو بم»[2].

٥- **ڕۆژوی سێ ڕۆژ لە هەمو مانگێکدا:** لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ عەبدوڵای کوڕی عەمر: «وَصُمْ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ، فَإِنَّ الْحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، وَذَلِكَ مِثْلُ صِيَامِ الدَّهْرِ» «ولە هەر مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژو بگرە، چونکە چاکە بە دە قاتە، کەواتە وەك گرتنی ساڵەکە وایە»[3]. ولە ئەبو هورەیرەوە ﷺ ئەڵێ: «أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ: صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ»[4] «خۆشەویستەکەم ئامۆژگاری کردم بە سێ شت: سێ ڕۆژ ڕۆژو گرتن لە هەمو مانگێك دا، ودو ڕکاتی چێشتەنگا، ووتر بکەم پێش خەوتن».

هەروەها سوننەتە لە ڕۆژە سپیەکاندا بێت کە بریتیە لە سیانزە وچواردە وپانزەی مانگ [ی ئیسلامی]، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو زدر ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ كَانَ مِنْكُمْ صَائِمًا مِنَ الشَّهْرِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَلْيَصُمِ الثَّلَاثَ الْبِيضَ» «کێ لە ئێوە سێ ڕۆژ ڕۆژوی لە مانگێکدا گرت با سێ ڕۆژە سپیەکە بیگرێت»[5].

---

(١) أخرجه أحمد (٥/٢٠١)، والترمذي (٧٤٥) [واللفظ له]، وقال الترمذي: «حسن صحيح»، وصححه الألباني «التعليق على ابن خزيمة» (٢١١٦).

(٢) أخرجه الترمذي (٧٥١)، والنسائي (١/٣٢٢)، وأبو داود (٢٤٣٦) وحسنه الترمذي، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٩٦).

(٣) أخرجه البخاري (١٩٧٦).

(٤) أخرجه البخاري (١٩٨١).

(٥) أخرجه أحمد (٥/١٥٢)، والنسائي (٤/٢٢٢)، واللفظ لأحمد. وحسنه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٢٢٧٧-٢٢٨١).

٦- **ڕۆژوی ڕۆژ نەڕۆژ**: لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ صِيَامُ دَاوُدَ ﷺ؛ كَانَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا» «باشترین ڕۆژو ڕۆژوی داودە، ڕۆژ نە ڕۆژ بە ڕۆژو دەبو»[1]. ئەمەش لە باشترین جۆرەکانی سوننەتە.

٧- **ڕۆژوی مانگی موحەڕەم**: لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ» «باشترین ڕۆژو دوای ڕەمەزان ڕوژوی مانگی موحەڕەمە، وباشترین نوێژ دوای فەرزەکان شەو نوێژە»[2].

٨- **ڕۆژوی نۆمینەی حاجیان**: ولە یەکەم ڕۆژی مانگی حاجیانەوە دەست پێدەکات ولە نۆیەم ڕۆژ کۆتایی پێ دێت، کە بریتیە لە ڕۆژی عەرەفە، ئەمەش لەبەر گشتێتی ئەو فەرمودانەی لە بارەی فەزڵی کردەوە کردن تێیدا هاتون، پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «مَا مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ الصَّالِحُ فِيهِنَّ أَحَبُّ إِلَى اللهِ مِنْ هَذِهِ الْأَيَّامِ الْعَشْرِ» «هیچ ڕۆژێك نیە کردەوەی چاك تێیدا خۆشەویستر بێت لە لای خوا بە ئەندازەی ئەم دە ڕۆژە»[3]. ڕۆژوگرتنیش لە کردەوە چاکەکانە.

پرسی سێیەم: ئەو ڕۆژوەی کەراهەتی هەیە وئەوەشی کە حەرامە:

١- **کەراهەتی هەیە مانگی ڕەجەب بە تەنها بگیرێت**، چونکە ئەمە دروشمی نەفامی بوە، ئەو مانگەیان لا گەورە بوە، ئەگەر ڕۆژی تری لەگەڵدا بخات کەراهەتی

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٧٦).
(٢) أخرجه مسلم (١١٦٣).
(٣) أخرجه البخاري (٩٦٩) [واللفظ للترمذي (٧٥٧)، أما لفظ البخاري: «مَا الْعَمَلُ فِي أَيَّامِ الْعَشْرِ أَفْضَلَ مِنَ الْعَمَلِ فِي هَذِهِ»].

تێدا نیە، چونکە ئەو کاتە تایبەت نەکراوە بە ڕۆژووەوە، ئەحمەدی کوڕی خەرشەی کوڕی حوڕ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: عومەری خەتابم بینی ئەیدا بە سەر دەستی ئەوانەی لە ڕەجەبدا بە ڕۆژو بون تا دەستیان دەخستە نێو خواردن، وئەیوت: «كُلُوا، فَإِنَّمَا هُوَ شَهْرٌ كَانَ يُعَظِّمُهُ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ» «بخۆن، ئەمە مانگێکە خەڵکانی سەردەمی نەفامی بە گەورەیان ڕادەگرت»[1].

٢- **کەڕاهەتی هەیە ڕۆژی هەینی بە تەنها بگیرێت**، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا يَصُمْ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِلَّا أَنْ يَصُومَ قَبْلَهُ، أَوْ يَصُومَ بَعْدَهُ» «کەستان با ڕۆژی هەینی ڕۆژو نەگرێت، مەگەر ڕۆژێك پێشتر یا ڕۆژێك پاشتر بگرێت»[2]. جا ئەگەر لەگەڵ ڕۆژی تردا بو هیچی تێدا نیە لەبەر فەرمودەی پێشو.

٣- **کەڕاهەتی هەیە ڕۆژی شەممە بە تەنها بگیرێت**، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا تَصُومُوا يَوْمَ السَّبْتِ إِلَّا فِيمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ» «ڕۆژی شەممە ڕۆژو مەگرن مەگەر ڕۆژویەك فەرز کرا بێت لە سەرتان»[3]. مەبەستیش: نەهی کردنە لە تەنها کردنەوەی وتایبەت کردنی، بەڵام ڕۆژی تری لەگەڵ دا بێت هیچی تێدا نیە، چونکە پەیامبەر ﷺ کە لە ڕۆژی هەینیدا سەردانی دایکی ئیمانداران جودیریەی کرد وبە ڕۆژو بو، فەرموی: «دوێنێ بە ڕۆژو بویت؟ وتی: نەخێر، فەرموی: ئەتەوێ سبەی بە ڕۆژو بیت؟ وتی: نەخێر، فەرموی: کەواتە ڕۆژوەکەت بکشێنە»[4].

---

(١) أخرجه ابن أبي شيبة (٣/١٠٢)، والطبراني في «الأوسط» (٧/٣٢٧) (٧٦٣٦)، وقال: «صحيح». «الإرواء» (٤/١١٣).

(٢) أخرجه البخاري (١٩٨٥)، ومسلم (١١٤٤) [هذا لفظه].

(٣) أخرجه أبو داود (٢٤٢١)، والترمذي (٧٤٤)، وابن ماجه (١٧٢٦)، والحاكم (١/٤٣٥). وحسنه الترمذي، وصححه الحاكم على شرط البخاري، ووافقه الذهبي. وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٩٤).

(٤) أخرجه البخاري (١٩٨٦).

جا کە فەرمووی: «ئەتەوێ سبەی بە ڕۆژو بیت؟» بەڵگەیە لە سەر دروستێتی گرتنی ڕۆژوی شەممە لەگەڵ ڕۆژی تردا. پێشەوا تورمزی دوای گێڕانەوەی ئەم فەرمودەیە ئەڵێ: «وبونی کەراهەت لەمەدا: ئەوەیە کابرا ڕۆژوی شەممە بە تەنها بگرێت، چونکە جولەکە شەممە بە گەورە رادەگرن».

٤- **گرتنی ڕۆژی جێی گومان «یوم الشك» حەرامە**، کە بریتیە لە سی شەعبان، ئەگەر ڕێگر هەبو لە بینینی مانگ، کە ئاسمانیش ساماڵ بێت گومان نامێنێت، بەڵگەی حەرامێتیەکەی فەرمودەکەی عەممارە ﷺ ئەڵێ: «مَنْ صَامَ الْيَوْمَ الَّذِي يُشَكُّ فِيهِ فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ ﷺ» «کێ ئەو ڕۆژە بگرێت کە جێی گومانە ئەو سەرپێچی فەرمانی باوکی قاسمی کردوە»[١]. ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمَهُ، فَلْيَصُمْ ذَلِكَ الْيَوْمَ» «با کەس پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێك یا دو ڕۆژ بە ڕۆژ نەبێت، مەگەر کەسێك ڕۆژوی خۆی هەیە وئەیگرێت ئەوا قەیدی نیە، با لەو ڕۆژەدا بیگرێت»[٢]. یانی: با کەس ڕۆژێك پێش ڕەمەزان ڕۆژو نەگرێت بە مەبەستی ئیحتیاتکردن، چونکە ڕۆژوگرتنی ڕەمەزان پەیوەستە بە بینینی مانگەوە، جا پێویست بە زۆر لە خۆ کردن ناکات، بەڵام کەسێك ڕۆژویەکی سوننەتی هەبێت وبەردەوام بیگرێت ئەوا هیچی لە سەر نیە لەبەر ئەوەی پێشوازی کردن نیە لە ڕەمەزان، هەروەها قەزاکردنەوە ونەزریش هەڵاوێر دەکرێن چونکە واجبن.

---

(١) علّقه البخاري في صحيحه بصيغة جزم [قبل رقم (١٩٠٦)] «الفتح» (١٤٣/٤)... ووصله الترمذي (٦٨٩) وغيره، وقال: «حديث حسن صحيح». وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٥٥٣).
(٢) أخرجه البخاري (١٩١٤).

٥- حەرامە گرتنی ڕۆژی هەر دو جەژنەکە، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودری ﷺ: «پەیامبەر ﷺ نەهی کرد لە گرتنی ڕۆژی جەژنی قوربان ورەمەزان»(١). ولەبەر فەرمودەکەی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ: «هَذَانِ يَوْمَانِ نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ صِيَامِهِمَا: يَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ، وَالْيَوْمُ الْآخَرُ تَأْكُلُونَ فِيهِ مِنْ نُسُكِكُمْ» «ئەم دو ڕۆژە پەیامبەری خوا ﷺ ڕێگری کردوە ڕۆژوی تێدا بگیرێت: ڕۆژی کۆتاییهاتن ودەمکردنەوەتان لە ڕۆژوگرتن، وڕۆژەکەی تر کە لە قوربانیەکەتان دەخۆن»(٢).

٦- کەڕاهەتی هەیە ڕۆژانی دانەبەرخۆر «التشريق» ڕۆژو بگیرێت، کە بریتیە لە سێ ڕۆژی دوای جەژنی قوربان: یانزە ودوانزە وسیانزە، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «أَيَّامُ التَّشْرِيقِ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ [وَذِكْرٍ لِلهِ]» «ڕۆژانی تەشریق، ڕۆژانی خواردن وخواردنەوە ویادکردنی خوان»(٣). ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەرﷺ: «يَوْمُ عَرَفَةَ، وَيَوْمُ النَّحْرِ، وَأَيَّامُ التَّشْرِيقِ، عِيدُنَا أَهْلَ الْإِسْلَامِ، وَهِيَ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ» «ڕۆژی عەرەفە وڕۆژی جەژنی قوربان وڕۆژانی تەشریق جەژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامە، کە ڕۆژانی خواردن وخواردنەوەیە»(٤). وڕێگە دراوە بە حاجی «متمتع» و«قارن» [کە دواتر لە بەشی حەجدا واتاکانیان دێت] بە ڕۆژو بن تێیدا ئەگەر پارەی قوربانی «الْهَدْي»ان نەبو، لەبەر وتەکەی عائیشە وئیبن عومەر ﷺ: «لَمْ يُرَخَّصْ فِي أَيَّامِ

---

(١) أخرجه البخاري (١٩٩١).

(٢) أخرجه البخاري (١٩٩٠).

(٣) أخرجه مسلم (١١٤١) [والزيادة له أيضا في رواية بعده].

(٤) أخرجه الترمذي (٧٧٣)، وقال: حسن صحيح. وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (٦٢٠).

التَّشْرِيقِ أَنْ يُصَمْنَ، إِلَّا لِمَنْ لَمْ يَجِدِ الْهَدْيَ» «ڕێگە نەدراوە لـە ڕۆژانـی تەشـریقدا ڕۆژو بگرن مەگەر بۆ یەکێك قوربانی پێ نەکرێ»[١].

(١) أخرجه البخاري (١٩٩٧، ١٩٩٨).

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی: مانەوە لە مزگەوت «الإعْتِكَاف»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

مەسەلەی یەکەم: پێناسەی ئیعتیکاف وحوکمەکەی:

١- پێناسەکەی:

ئیعتیکاف لە زماندا بریتیە لە: پابەندبون بە شتێکەوە ومانەوە لە لای. لە شەرعیشدا: پابەندبونی موسڵمانێکی جیاکارە بە مزگەوتەوە بۆ پەرستنی خوا ﷻ.

٢- حوکمەکەی:

سوننەتە ونزیکبونەوەیە لە خوا ﷻ، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾ [البقرة:١٢٥]. «وەحیمان نارد بۆ ئیبراهیم وئیسماعیلی کوڕی: کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە لە هەمو پیسیەك بۆ ئەوانەی خوا پەرستی تێدا دەکەن بە تەواف کردن وئیعتیکاف کردن ونوێژ کردن تێیدا». ئەم ئایەتەش بەڵگەیە کە لە گەلانی پێشتریشدا شەرعی بوە. هەروەها خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة: ١٨٧] «وجوت مەبن لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا یا شتانێك مەکەن سەردەکێشێت بۆ جوتبون ئەگەر لە مزگەوتدا ئیعیکافتان کردبو». لە عائیشەوە ﵂: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفَّاهُ اللهُ». «پەیامبەر ﷺ دە شەوی کۆتایی

ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد تا خوا بردیەوە لای خۆی»[1]. موسڵمانانیش کۆکن لە سەر شەرعی بونی، کە سوننەتە، واجب نیە مەگەر مرۆڤ خۆی لە سەر خۆی واجبی بکات وەك ئەوەی نەزر بکات.

بەمەش سوننەت بونی ئیعتیکاف سەلما بە قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگی.

پرسی دووەم: مەرجەکانی ئیعتیکاف کردن:

ئیعتیکاف پەرستنێکە چەند مەرجێکی هەیە بەبێ ئەوە دروست نابێت، کە بریتیە لە:

١- **ئەبێت ئیعتیکاف کەر موسڵمانێکی جیاکاری ژیر بێت:** جا هی بێ باوەڕ وشێت ومنداڵی ناجیاکار دروست نابێت، پێگەیشتن ونێرینەییش مەرج نیە، بۆیە پێنەگەیشتویەکی جیاکار بیکات دروست دەبێت، مێینەش بە هەمان شێوە.

٢- **نیەت هێنان:** لەبەر فەرمودەی [پێشوتر]: «کردەوەکان بە نیەتە»، جا کەسەکە دەبێت نیەتی مانەوەی هەبێت لە شوێنی ئیعتیکافەکەی، وەکو پەرستن ونزیك بونەوەیەك لە خوا.

٣- **ئەبێت ئیعتیکافەکە لە مزگەوت دا بێت:** لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة:١٨٧] ولەبەر کردەوەی پەیامبەر ﷺ خۆی کە لە مزگەوتدا ئیعتیکافی دەکرد، ولێوەی نەهاتوە ئیعتیکافی کردبێت لە جگە لەوە.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٠٢٠)، ومسلم (١١٧٢).

٤ - **ئەبێت مزگەوتەكە نوێژی كۆمەڵی تێدا بكرێت:** ئەمەش ئەگەر ماوەی ئیعتیكافەكە نوێژی فەرزی تێدەكەوت، وكەسەكەش لەوانە بو كە نوێژی كۆمەڵی لە سەر واجبە، چونكە ئیعتیكاف كردن لە مزگەوتێكدا نوێژی كۆمەڵی تێدا نەكرێت ئەبێتە مایەی نەكردنی نوێژی كۆمەڵ كە واجبە لە سەری، یا دەرچونی كەسەكە لە هەمو كاتێكدا، ئەمەش دژی مەبەستی ئیعتیكافە. بەڵام ئافرەت دروستە ئیعتیكاف بكات لە هەمو مزگەوتێك ئیتر جەماعەتی تێدا بكرێت یان نا. ئەمە ئەگەر لە ئیعتیكاف كردنی ئافرەتەكە فیتنەیەك نەدەكەوتەوە، ئەگەرنا ڕێگری لێ دەكرێت. باشتریشە ئەو مزگەوتەی ئیعتیكافی تێدا دەكرێت نوێژی هەینی تێدا بكرێت، بەڵام مەرج نیە بۆ ئیعتیكاف.

٥- **پاك بون لە حەدەسی گەورە:** جا دروست نیە كەسی لەش گران وئافرەتێك لە عادە یا زەیستانی بێت ئیعتیكاف بكات، چونكە دروست نیە ئەمانە لە مزگەوت بمێننەوە.

بەڵام ڕۆژو گرتن مەرج نیە بۆ ئیعتیكاف كردن، لەبەر ڕیوایەتەكەی ئیبن عومەر كە عومەر ﷺ وتی: ئەی پەیامبەر ﷺ! من لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم كردوە كە شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ئیعتیكاف بكەم، فەرموی: «أُوْفِ بِنَذْرِكَ» «نەزرەكەت بە جێ بهێنە»[1]. جا ئەگەر ڕۆژوگرتن مەرج بوایە ئەوا ئیعتیكافەكەی بە شەو دروست نەدەبو، چونكە ڕۆژو بە شەو ناگیرێت. هەروەها دو پەرستنی لێك جودان، بۆ ئەمەكەیان بونی ئەوەكەیان ناكرێتە مەرج.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٠٣٢)، ومسلم (١٦٥٦).

پرسی سێیەم: کاتی ئیعتیکاف وسوننەتەکانی وئەوەی حەڵاڵە بۆ کەسەکە:

١- **ماوەی ئیعتیکاف وکاتەکەی:** مانەوە لە مزگەوت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو پایەیەکە لە ئیعتیکاف، جا ئەگەر مانەوە لە مزگەوت ڕو نەدات ئیعتیکاف دانەمەزراوە، سەبارەت بە کەمترین ماوەی ئیعتیکاف کردنیش جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان. ئەوەشی ڕاستە -إن شاء الله- لای کەمی کاتی ئیعتیکاف کردن دیاری کراو نیە، بۆیە دروست نەبێت بە بەشێکی کات با کەمیش بێت، بەڵام ئەوەندە هەیە باشتر وایە ئیعتیکاف کردنەکە لە ڕۆژێك یا شەوێك کەمتر نەبێت، چونکە لە پەیامبەر ﷺ وهیچ کام لە هاوەڵانی نەهاتوە لەوە کەمتر ئیعتیکافی کردبێت.

باشترین کاتەکانی ئیعتیکاف کردنیش دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە، لەبەر فەرمودەکەی عائیشەی پێشو: «پەیامبەر ﷺ دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد تا وەفاتی کرد»، ئەگەر لە جگە لەم کاتەش ئیعتیکافی کرد دروستە بۆی، بەڵام پێچەوانەی باشترین وچاکترینە.

هەرکەسیش نیەتی ئیعتیکافی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانی هەبو، ئەوا نوێژی بەیانی بیست ویەکی ڕەمەزان لەو مزگەوتە دەکات کە ئیعتیکافی تێدا دەکات، پاشان دەڕواتە شوێنی ئیعتیکافەکەیەوە وبە ئاوابونی خۆری کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان کۆتایی دێت.

٢- **سوننەتەکانی:** ئیعتیکاف پەرستنێکە بەندە تێیدا لەگەڵ خوادا تەنها دەکەوێت، وپەیوەندیەکانی جگە لەوەی خوا هەموی دەپچڕێنێت، جا سوننەتە کەسەکە لێ ببڕێت بۆ پەرستن، جا زۆر ئەمانە دەکات: نوێژ وزیکر ودوعا وقورئان

خوێندن وتەوبە وداوای لێ خۆشبون وهاو شێوەکانی تری پەرستنەکان کە لە خوای نزیك دەکەنەوە.

٣- ئەوەی حەڵاڵە بۆ ئیعتیکاف کار: حەڵاڵیشە بۆی لە مزگەوت بڕواتە دەرەوە بۆ شتێك کە ناکرێت نەڕوا، وەك دەرچون بۆ خواردن وخواردنەوە، ئەگەر کەس نەبو بۆی بهێنێت، ودەرچون بۆ ئاو دەست، ودەست نوێژ گرتن بە هۆی دەست نوێژ شکاندنەوە، وخۆ شۆردن بە هۆی لەش گرانیەوە.

بۆشی حەڵاڵە بۆ شتی بە سود قسە بکات لەگەڵ خەڵکدا، وهەواڵیان بپرسێت، بەڵام بۆ شتی بێ سود ونا زەرور [وبێ پێویست]، ئەوە دژی مەبەستی ئیعتیکاف ونەو ئامانجەیە کە لە پێناویدا شەرع کراوە. هەروەها بۆی حەڵاڵە کەس ونزیکەکانی سەردانی بکەن وماوەیەك قسەی لەگەڵدا بکات ولە شوێنی ئیعتیکافەکەی بێتە دەرەوە بۆ بە ڕێ کردن ومالْ ئاوایی کردنیان، لەبەر فەرمودەکەی صەفیە ﵂ ئەڵێ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُعْتَكِفًا فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلًا فَحَدَّثْتُهُ ثُمَّ قُمْتُ فَانْقَلَبْتُ فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي» «پەیامبەر ﷺ لە ئعتیکافدا بو منیش چوم بۆ سەردان کردنی، قسەم لەگەڵ کرد، پاشان هەستام بگەڕێمەوە، ئەویش لەگەڵم دا هەستا بۆ ڕەد کردنەوەم بۆ ماڵ»(١).

هەروەها کەسەکە دەتوانێت بخوات وبخواتەوە وبخەوێت لە مزگەوتدا، لەگەڵ پارێزگاری کردن لە پاك وخوێنی مزگەوت.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٠٣٥) [ولفظهم أشبه بـ(٢١٧٥)]، ومسلم (٢١٧٥).

پرسی چوارەم: پوچەڵ کەرەوەکانی ئیعتیکاف:

ئیعتیکاف بەمانەی خوارەوە پوچەڵ دەبێتەوە:

١- **دەرچونی بە ئەنقەست لە مزگەوت بێ هیچ پێویستیەك،** با کاتی دەرچونەکەشی کەم بێت: لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂: «وَكَانَ لَا يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلَّا لِحَاجَةٍ إِذَا كَانَ مُعْتَكِفًا» «وپەیامبەر ﷺ ئەگەر لە ئیعتیکاف بوایە نەدەهاتەوە ماڵ مەگەر بۆ پێویستی -میز وپیسی وەك زوهری ڕاویەکە وا لێکی دەداتەوە-»[1]، چونکە دەرچون دژی مانەوەیە کە پایەی ئیعتیکافە.

٢- **جوت بون،** با بە شەو یا لە دەرەوەی مزگەوتیش بێت: لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة: ١٨٧].

هەروەها لەو شتانەی حوکمی ئەمەی هەیە: ئاو هاتنەوە بە شەهوەتەوە بە بێ جوتبون وەك ئاو خۆ هێنانەوە، وچونە لای هاوژین با لە دەرەوەی دامێنیش بێت.

٣- **نەمانی عەقڵ:** جا ئیعتیکاف بەتاڵ دەبێتەوە بە شێتی وسەر خۆشی؛ چونکە شێت وسەر خۆش لە ئەهلی پەرستن نین.

٤- **سوڕی مانگانە وزەیستانی:** لەبەر ئەوەی دروست نیە ئافرەت لە عادە وزەیستانی لە مزگەوتدا بمێنێتەوە.

٥- **هەڵ گەڕانەوە:** چونکە دژی پەرستنە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ [الزمر: ٦٥].

---

(١) أخرجه البخاري (٢٠٢٩).

پێنجەم: بەشی حەج

ولە حەوت دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی پێشەکیەکانی حەجەوە.

دەروازەی دوەم: لە بارەی پایەکانی حەج وپێویستیەکانیەوە.

دەروازەی سێیەم: لە بارەی قەدەغە کراوەکان وفیدیەدان وقوربانیەوە.

دەروازەی چوارەم: لە بارەی شێوازی حەج وعومرەوە.

دەروازەی پێنجەم: ئەو شوێنانەی دروستە سەردان بکرێت لە مەدینە

دەروازەی شەشەم: لە بارەی قوربانی کردنەوە.

دەروازەی حەوتەم: لە بارەی گوێزەبانە کردنەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی پێشەکیەکانی حەجەوە

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی حەج:

حەج لە زماندا: بریتیە لە مەبەست. لە شەرعیشدا: بریتیە لە پەرستن کردن بۆ خوا لە شوێنێکی دیاری کراودا لە کاتێکی دیاریکراودا، وەك لە سوننەتی پەیامبەری خوا دا ﷺ هاتوە.

پرسی دوەم: حوکمی حەج وفەزڵەکەی:

١- حوکمی حەج:

حەج پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام وفەرزە مەزنەکانی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ [آل عمران:٩٧] «وخوای گەورە واجبی کردوە لە سەر توانادار لە هەر شوێنێك بێت بەرەو ماڵی خوا بڕوات بۆ حەج، هەر کەسیش نکوڵی لە فەرزێتی حەج بکات ئەوە کوفری کردوە، خواش بێ نیازە بە حەجەکەیی وکردەوەکانیشی، بەڵکو بە سەرجەم دروست کراوەکانیشی». هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ [البقرة: ١٩٦] «وحەج وعومرە بە جێ بگەیەنن بە تەواوی، بە نیەتی پاکەوە بۆ خوا»، ولەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر رضي الله عنهما بەرزی دەکاتەوە: «ئیسلام لە سەر پێنج پایە دامەزراوە»، لەوانە باسی حەج دەکات.

ئوممەتیش کۆکن لە سەر ئەوەی واجبە توانا دار یەك جار لە تەمەنی دا حەج بکا.

٢- فەزڵەکەی:

لەبارەی فەزڵی حەجەوە زۆر فەرموودە هاتوە لەوانــە: فەرمودەکـەی ئـەبوهورەیرە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلَّا الْجَنَّةَ» «عـومرە بـۆ عـومرە، سـڕینەرەوەی تاوانـەکانی نێـوانی هـەر دوکیانە، وحەجی «دور لە تاوان» بەهەشت نەبێت هـیچ پاداشـتێکی تـری نیـە»[1]. هەروەها ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ حَجَّ لِلهِ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ» «کێ حەجی کرد بۆ خوا، جوت نەبو، تاوان وشتی نائەخلاقی نەکرد، ئـەوا وەك ڕۆژی لە دایك بونی دەگەڕێتەوە»[2]. تا کۆتایی فەرمودەکان.

پرسی سێیەم: ئایا حەج پێویستە زیاتر لە جارێك بکرێت لە تەمەندا ؟

حەج لـە تەمەنـدا واجـب نیـە یـەکجار نـەبێت، زیـاتر لـەوە سـونەتە، لەبـەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە، پەیامبەری خـوا فـەرموی: «أَيُّهَا النَّاسُ! قَدْ فَرَضَ اللهُ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ فَحُجُّوا» «ئەی خەڵکینە! خوا حەجی لە سەر فەرز کردون حەج بکـەن» پیاوێك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! هەمو ساڵێك؟ ئەڵێ: ئەویش بێدەنگ بو، تا سێ جار پرسیاری لێ کردەوە، پاشان فەرموی: «لَوْ قُلْتُ: نَعَمْ، لَوَجَبَتْ، وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ» «ئەگەر بڵێم: بەڵێ، ئەوا واجب دەبێت، ئـەو کاتـەش نـاتوانن»[3]. هـەروەها لەبـەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ دوای کۆچ کردنەکەی بۆ مەدینە جارێك زیاتر حەجی نەکردوە.

زانایانیش کۆکن لە سەر ئەوەی جارێك زیاتر حەج واجب نیە لە سەر توانادار.

---

(١) أخرجه مسلم (١٣٤٩).
(٢) أخرجه البخاري (١٥٢١)، ومسلم (١٣٥٠).
(٣) أخرجه مسلم (١٣٣٧).

کەوابو ئەبێت ئەگەر مەرجەکانی بەدی هات پەلە بکات لـە بـە جـێ گەیانـدنی، وتاوانی دەگات دوای بخات بە بێ عوزر، لەبـەر فـەرمودەی: «تَعَجَّلُوا إِلَى الْحَجِّ - يَعْنِي: الْفَرِيضَةَ- فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَا يَدْرِي مَا يَعْرِضُ لَهُ» «پەلە بکەن بـۆ حـەجکردن -مەبەستی فەرزەکەیە- چونکە نازانن چی دێتە پێشتان وتوشـی دێـن»[1]. هـەروەها گێڕانەوە هەیە لە وتەی پەیامبەر ﷺ، ولە وتـەی هاوەڵەکانیشـی -ریوایەتـەکانیش یەکتر بەهێز دەکەن- نەفەرمون[2]: «مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَى الْحَجِّ سَبِيلًا وَلَمْ يَحُجَّ فَلْيَمُتْ إِنْ شَاءَ يَهُودِيًّا وَإِنْ شَاءَ نَصْرَانِيًّا» «کێ توانای حـەجی هـەبێت ونـەیکات، ئـەوا بـا بمرێت بە جولەکەیی ئەیەوێت یان بە گاوریی».

پرسی چوارەم: مەرجەکانی حەج:

بۆ واجب بونی حەج ئەبێت پێنج مەرج هەبێت:

١- ئیسلام: جا حەج واجب نیە لە سەر بـێ بـاوەڕ ونەنجامیشـی بـدات دروسـت نابێت، چونکە ئیسلامەتی مەرجە بۆ ئەودی پەرستنەکەی دروست بێت.

٢- ژیری: جا حەج پێویست نیە لە سەر شێت ولـەو کاتـەدا ئەنجامیشـی بـدات دروست نابێت، چونکە عەقڵ مەرجە بـۆ تـەکلیف لێکـردن، شـێتیش لـە تـەکلیف

---

(١) أخرجه أحمد (٣١٤/١)، وحسنه الألباني «الإرواء» (٩٩٠). «ما يعرض له»: أي ما يطرأ ويحدث له.

(٢) انظر: نيل الأوطار (٣٣٧/٤) [أخرجه بمعناه من طريق عبد الرحمن بن سابط عن أبي أمامة مرفوعًا: الدارمي (١٨٢٦) والبيهقي (٨٧٥٢). وعنه مرسلًا ابن أبي شيبة (١٤٦٦٥)، وفي سندهم ضعيفان: ليث بن سليم، وشريك بن عبد الله القاضي. وأخرجه عن علي مرفوعًا: الترمذي (٨١٢)، والبزار (٨٦٣) وأعلاه. وفي سندهما ضعيفان هلال بن عبد الله مولى ربيعة، والحارث بن عبد الله الأعور. أما موقوفًا فأخرج ابن أبي شيبة (١٤٦٧٠، ١٤٦٧١) عن عمر، ونسبه ابن كثير (٢/ ٨٥) إلى أبي بكر الإسماعيلي أيضًا، وصححه. وانظر: «التلخيص الحبير» (٩٥٨) فرجح بطرقه أن يكون للحديث أصل ثم وجهه. وكذا فعل الشوكاني].

لێكـراوان نیـە وقەڵەمیشـی لـە سـەر هـەڵگیراوە تـا هۆشـی دەبێتـەوە، وەك لـە فەرموودەكەی [پێشوتری] عەلیدا ﷺ هاتبو پەیامبەری خوا ﷺ فـەرمووی: «قەڵـەم هەڵ گیراوە لە سەر سیان: خەوتو تا هەڵ دەسێت، ومنداڵ تا پێ دەگات، شێتیش تـا عاقڵ دەبێت».

٣- پێ گەیشتن: جا حەج واجب نیە لە سـەر منـداڵ، چـونكە لـە تـەكلیف لـێ كراوان نیە وپێنوسیشی لە سەر هەڵ گیراوە تا باڵغ دەبێت، لەبەر فـەرموودەی پێشـو: «قەڵەم هەڵ گیراوە لە سەر سیان: ...»، بەڵام ئەگەر حەجی كرد حەجەكـەی دروسـت ئەبێت وكار بـە دەسـتەكەی نیـەتی بـۆ دەهێنێـت ئەگـەر جیاكـار نـەبو، جێگـەی حەجەكەی ئیسلامیشی بۆ ناگرێتەوە، بە بێ ڕا جیاوازی لـە نێـوان زانایـان، لەبـەر فەرموودەكەی ئیبن عەبباس ﷺ كە ئافرەتێك منداڵێكی بەرز كردۆتـەوە، وتویـەتی: ئەی پەیامبـەری خـوا! ئەمـە حـەجی بـۆ هەیـە؟ وتـی: «بـەڵێ، تـۆش پاداشـتت دەگات»[1]، ولەبەر فەرموودكـەی پەیامبـەر ﷺ: «أَيُّمَا صَبِيٍّ حَجَّ ثُمَّ بَلَغَ الْحِنْثَ فَعَلَيْهِ أَنْ يَحُجَّ حَجَّةً أُخْرَى، [...] وَأَيُّمَا عَبْدٍ حَجَّ ثُمَّ أُعْتِقَ فَعَلَيْهِ حَجَّةٌ أُخْرَى» «هەر منداڵێك حەجی كرد، دوای كە پێگەیشت حـەجێكی تـری لـە سـەرە، وهـەر كۆیلەیەك حەجی كرد دوای كە ئازاد كرا حەجێكی تری لە سەرە»[2].

٤- ئازادی: جا حەج واجب نیە لە سەر كۆیلە، چونكە خـەڵك خاوەنیـەتی خـۆی خاوەنی هیچ نیە، بـەڵام ئەگـەر حـەج بكـات دروسـت ئـەبێت ئەگـەر بـە هێڵانـی

---

(١) أخرجه مسلم (١٣٣٦).

(٢) أخرجه الشافعي في «مسنده» (٧٤٣) ترتيب السندي [وعنده موقوف على ابن عباس]، والبيهقي (١٧٩/٥) [هذا لفظه]. وصححه الشيخ الألباني في «الإرواء» (٩٨٦).

خاوەنەکەی بێت، زانایانیش کۆن لە سەر ئەوەی ئەگەر بەندە حەجی کرد لە کاتی کۆیلەتیدا، پاشان ئازاد کرا حەجێکی تری لە سەرە ئەگەر بۆی لوا، وحەجی کاتی کۆیلایەتیەکەی، حەجە فەرزەکەی لە سەر ناخات، لەبەر فەرموودەکەی پێشو: «وهەر کۆیلەیەك حەجی کرد دوای کە ئازاد کرا حەجێکی تری لە سەرە».

٥- **تواناداری:** لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ [آل عمران:٩٧]، جا کەسێك توانای: ماددی نەبێت وەك ئەوەی توێشوی نەبێت بەس بێت بۆ خۆی وخانەوادەکەی، یا سواریەکی نەبێت بیگەیەنێت بە مەککە وبیگەڕێنێتەوە، یا توانای جەستەیی نەبێت وەك ئەوەی پیرێکی بە تەمەن، یا نەخۆش بێت، وناتوانێت لە سەر ئاژەڵ بوەستێت وبەرگەی ناڕەحەتی سەفەر بگرێت، یا ڕێگەی حەج کردن ئاسایشی تێدا نیە، وەك ئەوەی جەردە یا پەتای لێ بێت، جگە لەمانەش کە حاجی لە خۆی ومالّی مەترسی هەبێت، ئەو کاتە حەجی لە سەر واجب نیە تا ئەو کاتەی پێی دەکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٨٦] توانا بونیش لەو «وُسْع»یە خوا باسی دەکات.

ولە توانابون (الاسْتِطَاعَة)ی ئافرەتیش بۆ حەجی ئافرەت: بونی مەحرەمێکە لەگەڵیدا بێت، چونکە دروست نیە سەفەر بکات بە بێ مەحرەم ئیتر بۆ حەج بێت یا جگە لە حەج، لەبەر فەرموودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُسَافِرَ سَفَرًا يَكُونُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ فَصَاعِدًا إِلَّا وَمَعَهَا أَبُوهَا، أَوِ ابْنُهَا، أَوْ زَوْجُهَا، أَوْ أَخُوهَا، أَوْ ذُو مَحْرَمٍ مِنْهَا» «حەلاڵ نیە بۆ ئافرەتێك باوەڕی بە خوا وبە

ڕۆژی دوایی هەبێت سەفەرێك بکات سێ ڕۆژ بێت یا بەرەو سەرەوە مەگەر ئەبێت باوکی یا کوڕەکەی یا مێردەکەی یا براکەی یا مەحرەمێکی خۆی لەگەڵدا بێت»[1]، هەروەها لەبەر ئەوەی کابرایەك بە پەیامبەری ﷺ وت: ژنەکەم دەرچوە بۆ حەج ومنیش خۆم ناو نوس کردوە لە فلان غەزا-: «انْطَلِق فَحُجَّ مَعَها» «بڕۆ لەگەڵ ئەودا حەج بکە»[2]. ئەگەریش حەجی کرد بە بێ مەحرەم، ئەوا حەجەکەی دروست ئەبێت بەڵام تاوان بارە.

پرسی پێنجەم: حوکمی عومرە وبەڵگەکەی:

عومرە لە تەمەندا یەکجار واجبە لە سەر تواناداو، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ [البقرة:١٩٦]، ولەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ عائیشە ﵂ کە پرسیاری لێ کرد: ئایا ئافرەتان جیهادیان لە سەرە؟ فەرموی: «نَعَمْ، عَلَيْهِنَّ جِهَادٌ لَا قِتَالَ فِيهِ: الْحَجُّ وَالْعُمْرَةُ» «بەڵێ، جیهادێك شەڕی تێدا نیە: حەج وعومرە»[3]. هەروەها لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەری خوا ﷺ بۆ ئەبو ڕەزین ﵁ کاتێك پرسیاری لێ کرد کە: باوکی ناتوانێت نە حەج بکات نە عومرە، نە ڕێ بکات یا لە سەر ئاژەڵ ڕابوەستێت؟ فەرموی: «احْجُجْ عَنْ أَبِيكَ، وَاعْتَمِرْ» «حەج وعومرە بکە لە بری باوکت»[4].

---

(١) أخرجه مسلم (١٣٤٠).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٨٦٢)، ومسلم (١٣٤١).

(٣) أخرجه أحمد (٦/١٦٥)، وابن ماجه (٢٩٠١)، والبيهقي (٤/٣٥٠)، وصححه الألباني في «الإرواء» (١١٨٥)، و«صحيح سنن ابن ماجه» (٢٣٦٢).

(٤) أخرجه أبو داود (١٨١٠)، والنسائي (١١١/٥)، وابن ماجه (٢٩٠٤، ٢٩٠٥)، وأحمد (٢٤٤/١)، وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٢٤٧٣).

وپایەکانی عومرەش سیانە: ئیحرام کردن، تەواف کردن، سەفا ومەروا کردن.

پرسی شەشەم: کات وشوێن «میقات»ـەکانی حەج وعومرە:

میقات لە زماندا: بریتیە لە سنور، لە شەرعیشدا بریتیە لە: شوێن یا کاتی پەرستن، کەواتە ئەبێتە دو بەشەوە: میقاتی کاتی، میقاتی شوێنی.

سەبارەت بە میقاتی کاتی حەج وعومرە:

عومرە: دروستە ئەنجام بدرێت لە هەمو کاتێکی ساڵدا.

حەجیش: چەند مانگێکی دیاری کراوی هەیە وهیچ کارێکی حەج دروست نابێت مەگەر لەو مانگانەدا، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ﴾ [البقرة:١٩٧] «کاتی حەج چەند مانگێکی دیاری کراوە». کە بریتیە لە مانگی شەوال، وزولقەعدە، وزولحیججە.

سەبارەت بە میقاتی شوێنی حەج وعومرە: بریتیە لەو سنورانەی کە دروست نیە حاجی وعومرەکار تێی پەڕێنێت مەگەر بە ئیحرامەوە، وەك پەیامبەر ﷺ ڕونی کردۆتەوە، ئەوەتا ئیبن عەبباس ﵄ ئەڵێ: «إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ وَقَّتَ لِأَهْلِ الْمَدِينَةِ ذَا الْحُلَيْفَةِ، وَلِأَهْلِ الشَّأْمِ الْجُحْفَةَ، وَلِأَهْلِ نَجْدٍ قَرْنَ الْمَنَازِلِ، وَلِأَهْلِ الْيَمَنِ يَلَمْلَمَ، هُنَّ لَهُنَّ، وَلِمَنْ أَتَى عَلَيْهِنَّ مِنْ غَيْرِهِنَّ، مِمَّنْ أَرَادَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ، وَمَنْ كَانَ دُونَ ذَلِكَ فَمِنْ حَيْثُ أَنْشَأَ، حَتَّى أَهْلُ مَكَّةَ مِنْ مَكَّةَ» «پەیامبەر ﷺ میقاتەکانی بەم شێوازە دیاری کرد: زولحولەیفە بۆ خەڵکی مەدینەیە، جوحفەش بۆ خەڵکی شام، قەرن ئەلمەنازلیش بۆ خەڵکی نەجد، ویەلەملەم بۆ خەڵکی یەمەن، ئەمانە میقاتن بۆ ئەوانەی نیازی حەج وعومرەیان هەیە لە خەڵکی ئەو شوێنانە هەروەها بۆ ئەو کەسانەشی بەو شوێنانەدا دێن وخەڵکی ئەوێ نین، کێش لەوە نزیکتر بو ئەوا هەر لە

شوێنی خۆی ئیحرام دەکات، خەڵکی مەککەش هەر لە شوێنی خۆیان «مەککە»وە ئیحرام دەکەن»[1]. جا هەر کەس ئەم میقاتانەی تێپەڕاند بە بێ ئیحرام، واجبە لە سەری بگەڕێتەوە بۆی ئەگەر کرا، ئەگەریش نەکرا فیدیەی لە سەرە، ئەویش شەکێکە لە مەککە سەری دەبڕێت وبە سەر هەژارانی حەرەمدا دابەشی دەکات. ئەوەشی ماڵەکانی نزیکتر بو لە میقاتەکان ئەوا لە شوێنی خۆیانەوە ئیحرام دەکەن، لەبەر فەرمودەی پێشو: «کێش لەوە نزیکتر بو میقاتەکەی ئەو شوێنەیە ئیحرامی لێ دەکات».

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥٢٤)، ومسلم (١١٨١). وفي لفظ: «ومُهَلُّ أَهْلِ الْعِراقِ مِنْ ذَاتِ عِرْقٍ».

دەروازەی دووەم

لە بارەی پایە وواجبەکانی حەجەوە

دو پرسی لە خۆ گرتود:

پرسی یەکەم: پایەکانی حەج:

پایەکانی حەج چوارە، کە بریتیە لە:

١- **ئیحرامکردن**: واتە نیەت ومەبەستی حەج، چونکە حەج پەرستنێکی پەتیە بە بێ نیەت دروست نابێت بە کۆ دەنگی موسڵمانان، بەڵگەی ئەمەش فەرمایشتەکەی [پێشوتری] پەیامبەرە ﷺ: «کردەوەکان بە نیەتە». نیەتیش شوێنەکەی دڵە، بەڵام بۆ حەج باشترە بە دەم بوترێت، وئەو عیبادەت (نسُك)ە دیاری بکات مەبەستیەتی، چونکە ئەمە لە کردەوەی پەیامبەرەوە ﷺ چەسپاوە.

٢- **مانەوە لە عەرەفە «الوقوف بعرفة»**: ئەمەش پایەیەکە بە کۆ دەنگ، بەڵگەکەشی فەرمایشتەکەی پەیامبەرە ﷺ: «الحَجُّ عَرَفَةُ» «حەج بریتیە لە عەرەفە»[1]، کاتی مانەوەش: لە دوای لادانی خۆرەوە لە نێو جەرگەی ئاسمان دەست پێدەکات تا دەرچونی سپێدە لە ڕۆژی جەژنی قوربان.

٣- **تەوافی سەردان «طواف الزيارة»**: پێشی دەوترێ تەوافی «الإفاضة» چونکە دوای گەڕانەوەی فراوانی بە قەرەبارغ دێت لە عەرەفەوە، پێشی دەوترێت تەوافی فەرز، ئەمەش ڕوکنە بە ئیجماع، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ [الحج: ٢٩] «پاشان با حاجیان

---

(١) أخرجه الترمذي (٨٨٩)، وأبو داود (١٩٤٩)، والنسائي (٥/٢٥٦)، والحاكم في المستدرك (٢/٢٧٨) وصححه، والألباني في «صحيح النسائي» (٢٨٢٢).

ئەوەی ماوە لە نوسوكەكان تەواوی بكەن ولە ئیحرام تەواو بن، ئەمەش بە لادانی چلكی لاشەیان وگرتنی نینۆكیان وتاشینی موەكانیان، وبا ئەوە جێ بەجێ بكەن كە لە سەر خۆیان پێویستیان كردوە لە حەج وعومرە وهەدی «قوربانی» وبا بشسورێنەوە بە دەوری ماڵە كۆنە ئازادكراوەكەدا، كە خوا ئازادی كردوە لە دەست زۆردارەكان كە ئەویش كەعبەیە».

٤- ڕۆیشتن وهاتن لە نێوان سەفا ومەڕوا دا: ئەمەش پایەیەكە، لەبەر وتەكەی عائیشە ﵂: «مَا أَتَمَّ اللهُ حَجَّ امْرِئٍ، وَلَا عُمْرَتَهُ لَمْ يَطُفْ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ» «خوا، نە حەج ونە عومرەی كەسێكی وەرنەگرتوە نەسوڕێتەوە لە نێوان سەفا ومەروە»[1]، هەروەها فەرمودەكەی پەیامبەرە ﷺ كە ئەفەرموێ: «اسْعَوْا فَإِنَّ اللهَ كَتَبَ عَلَيْكُمُ السَّعْيَ» «سەعی وكۆشش بكەن لە نێوان صەفا ومەڕوادا، چونكە خوا سەعی كردنی لە سەر نوسیون»[2].

جا بە بێ ئەم پایانە حەج تەواو نابێت، هەر كەسیش پایەیەكی نەكات حەجەكەی تەواو نابێت تا ئەنجامی دەدات.

پرسی دوەم: واجبەكانی حەج:

١- ئیحرامكردن لەو میقاتەوە كە شەرع حسابی بۆ كردوە.

٢- مانەوە لە عەرەفە تا شەو بۆ كەسێك بە ڕۆژ هاتبێت، چونكە پەیامبەر ﷺ تا خۆر ئاوابون مایەوە -وەك لە چۆنێتی حەجەكەیدا دێت- وفەرموی: «خُذُوا عَنِّي مَنَاسِكَكُمْ» «پەرستنەكانی حەج لە منەوە وەربگرن»[3].

---

(١) أخرجه مسلم (١٢٧٧).
(٢) أخرجه أحمد (٤٢١/٦)، وابن خزيمة (٢٧٦٤)، والبيهقي (٩٨/٥)، وصححه الألباني.
(٣) [أخرجه مسلم (١٢٩٧)، واللفظ للبيهقي]

٣- **مانەوە لە موزدەلیفە** لە شەوی جەژنی قورباندا تا نیوە شەو، با پێشتریش هاتبێت، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کردوە.

٤- **مانەوە لە مینا لە شەوانی تەشریقدا.**

٥- **شەیتان ڕەجم کردن بە شوێن یەکتردا.**

٦- **سەر تاشین یا کورت کردنەوە**، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ﴾ [الفتح: ٢٧] «ئەڕۆنە بەیتەوە بە سەر تاشراوی یا کورت کراویەوە». هەروەها پەیامبەریش ﷺ وای کردوە وفەرمانیشی پێکردوە.

٧- **تەوافی ماڵ ئاوایی**، مەگەر ئافرەتێك لە سوڕی مانگانە یا لە زەیستانیدا بێت، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما: «أُمِرَ النَّاسُ أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِمْ بِالْبَيْتِ، إِلَّا أَنَّهُ خُفِّفَ عَنِ الْمَرْأَةِ الْحَائِضِ» «فەرمان کرا بە خەڵك کە کۆتا کار وحاڵیان لەگەڵ بەیت بێت، ئەوەندە نەبێت سوك کرا لە سەر ئافرەت کە لە سوڕی مانگانەدا بێت»[1]. جا هەر کەس واز لە واجبێك بهێنێت بە ئەنقەست بێت یان بە بیرچونەوە ئەوا ئەبێت ئاژەڵێك سەر ببڕێت وحەجەکەی دروست ئەبێت، لەبەر ئەوەی لە عەبدوڵای کوڕی عەبباسەوە چەسپاوە رضي الله عنهما وتویەتی: «مَنْ نَسِيَ مِنْ نُسُكِهِ شَيْئًا أَوْ تَرَكَهُ فَلْيُهْرِقْ دَمًا» «هەر کەس پەرستنێك لەوانەی حەجی لە بیر چو یان نەیکرد ئەوا ئاژەڵ سەر ببڕێت»[2].

جگە لەم کارانەی باس کرا، سوننەتە.

---

١) أخرجه البخاري (١٧٥٥).

٢) أخرجه الدارقطني (١٩١/٢) (٢٥١٢)، والبيهقي (١٥٢/٥) وغيرهما [كمالك والأولى نسبته إليه لأنه أقدم بل البيهقي رواه عنه ونسب الشك إليه، مع أن الشك عند مالك من أيوب بن أبي تميمة]، وهو ثابت عن ابن عباس من قوله، كما قال ابن عبد البر «الاستذكار» (١٨٤/١٢) والألباني «الإرواء» (٢٩٩/٤).

گرنگترین ئەو سوننەتانەی حەجیش:

١- خۆ شۆردن بۆ ئیحرام کردن وبۆن لە خۆدان وپۆشینی دو پۆشاکی سپی.

٢- نینۆك گرتن ولابردنی موی بەر وبن باڵ، وشوارب کورت کردنەوە ونەوەی نەبێت لا ببرێت.

٣- تەواف کردنی هاتن «القدوم» بۆ کەسێك نیەتی حەجی تەنهای هەبێ «المُفْرِد» یا نیەتی حەج وعومرەی پێکەوە هەبێت بە بێ خۆکردنەوە لە ئیحرام «القَارِن».

٤- ڕا کردنی لە سەر خۆ «الرَّمَل» تا سێیەم سوڕانەوە لە تەوافی هاتن.

٥- «الاِضْطِبَاع» کردن لە تەوافی هاتن، ئەمەش ئەوەیە: ناوەڕاستی دەست ماڵەکەی بخاتە ژێر شانی ڕاستی وهەردو دیوەکەشی بخاتە سەر شانی چەپی.

٦- مانەوە لە مینا لە شەوی عەرەفەدا.

٧- وتنی «لبیك اللهم لبیك...»: هەر لە ئیحرام کردنەوە تا شەیتان ڕەجمی عەقەبە.

٨- کۆکردنەوەی نێوان نوێژی ئێوارە وعیشا لە موزدەلیفە بە پێشخستن.

٩- مانەوە لە موزدەلیفە لە ناوچەی مەشعەری حەرام هەر لە سپێدەوە تا خۆر هەڵاتن ئەگەر کرا، ئەگەرنا موزدەلیفە هەر هەموی دروستە بۆ مانەوە.

دەروازەی سێیەم

لە بارەی قەدەغە کراوەکان وفیدیە دان وقوربانی یەوە

«فِي المَحْظُورَاتِ والفِدْيَةِ والهَدْيِ»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: قەدەغە کراوەکانی ئیحرامەوە:

کە بریتیە لەو شتانەی قەدەغەیە لە سەر کەسێك لە ئیحرامدا بیکات:

١- **پۆشینی دوراو** «الْمَخِيطِ»: ئەوەیە پۆشاکەکە بە گوێرەی قەد وجەستە یا ئەندامەکە بڕا بێت «الْمُفَصَّل»، وەك شەرواڵ وپۆشاك وجگە لەمانەش مەگەر یەکێك پشتە ماڵ «إزار»ێکی دەست نەکەوێت ئەوا دروستە بۆی شەرواڵ بپۆشێت، ئەم ڕێگری لێ کراوەش تایبەتە بە پیاوانەوە، بەڵام ئافرەت کام پۆشاکەی بوێت دەیپۆشێت جگە لە نیقاب ودەستکێش، وەك دواتر دێت.

٢- **بەکارهێنانی بۆن بۆ لاشەی وپۆشاکەکەی**، هەروەها بە ئەنقەست بۆن هەڵ بمژێت، بەڵام دروستە بۆنی شتە بۆن خۆشەکان بکات لە ڕوەکەکانی زەوی، هەروەها چاو ڕەشتن بەو شتانەی بۆنی پێوە نیە.

٣- **لادانی مو ونینۆك**، نێر بێت یان مێ، هەروەها بۆی هەیە بە نەرمی سەری بشوات، ئەگەریش نینۆکی شکا دروستە برك (فڕێ)ی بدات.

٤- **داپۆشینی سەری پیاو** بە شتێك پێوەی بنوسێت، بۆشی هەیە بچێتە ژێر چادر وهاوشێوەکانی وەك دار. هەروەها بۆی هەیە چەتر بەکار بهێنێت لە کاتی پێویستیدا.

ئافرەتیش ڕێ کری لێ کراوە دەم وچاوی داپۆشێت بە شتێك بە کوێرەی دەم وچاوی بێت وەك نیقاب وڕوو پۆش «البرقع»، وپێویستە لە سەری ئەگەر پیاوی بێگانە هەبو بە تارا دەم وچاوی داپۆشێت، هەروەها قەدەغەیە دەست کێش لە دەست بکات. بۆشی هەیە هەر پۆشاکێك بپۆشێت کە بۆی گونجاوە.

جا هەر کەس بۆنی لە خۆی دا یا سەری داپۆشی یا مەخیتی لەبەر کرد بە نەزانی یان لە بیر چونەوە یان بە زۆر، هیچی لە سەر نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ» «خوای گەورە، تاوانی بە هەڵە وبە لە بیر چونەوە وبە زۆر لێ کردنی لە سەر ئوممەتەکەم لاداوە»[1].

٥- **گرێ بەستی هاوسەریتی بۆ خۆی وجگە لە خۆیشی.**

٦- **خستنە دامێن «الوَطء في الفرج»**، ئەمەش هەڵوەشێنەرەوەی حەجە ئەگەر پێش خۆکردنەوەی یەکەم بێت لە ئیحرام (التَّحَلُّل الأَوَّل)، یا دوای وەستانیش بێت لە عەرەفە.

٧- **چونە لا «المباشَرة»** بە بێ خستنە دامێن، حەجەکە هەڵ ناوەشێتەوە، هەروەها ماچ کردن ودەست بازی ونەزەر کردن بە ئارەزووەوە.

٨- **کوشتنی نێچیر وڕاو کردنی**، دروستیشە بۆی ئەو ئاژەڵە لە سنور دەرچوانە بکوژێت کە پەیامبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە کوشتنی لە حەرەم ودەرەوەی حەرەم دا، بۆ کەسێك لە ئیحرامدا بێت وجگە لەویش، کە بریتیە لە: قەڵە ڕەش، ومشك، وکوڵاژدم، وکۆلارد، ومار وسەگی هار. دروستیش نیە یارمەتیدەر بێت بۆ

(١) أخرجه ابن ماجه (٢٠٤٥) واللفظ له، والحاكم في المستدرك (١٩٨/٢)، وصححه وأقره الذهبي، وصححه الألباني في «صحيح ابن ماجه».

کوشتنی نێچیر، نە بە ئاماژە نە بە جگە لەوەش، هەروەها دروست نیە لەوە بخوات کە لە پێناو ئەو دا ڕاو کرا بێت.

٩- **هەروەها دروست نیە** نە بۆ کەسێك لە ئیحرامدا بێت نە بۆ جگە لەوەش داری حەرەم یا ڕووەکە تەڕە بێ ئازارەکانی ببڕێت، بەڵام دروستە لقە بە ئازارەکانی سەر ڕێگا ببڕێت. لە دارەکانی حەرەمیش تەنها داری ئیزخەر ومرۆڤ ڕسکەکان هەڵاوێر کراوە بە کۆ دەنگی.

پرسی دووەم: فیدیەی ڕێگری لێ کراوەکان:

- **سەبارەت بە:** موتاشین، ونینۆکگرتن وپۆشینی دوراو، وبۆن لە خۆدان، سەر دا پۆشین، ئاو هێنانەوە بە تەماشاکردن، وچونەلا بە بێ ئاو هاتنەوە: لە فیدیەدانی ئەمانەدا سەر پشکە لە نێوان ئەم سیانەدا:

١- سێ ڕۆژ ڕۆژو گرتن.

٢- یا خواردندان بە شەش هەژار.

٣- یا سەر بڕینی شەکێك.

لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ کەعبی کوڕی عوجرە کە ئەسپێکانی سەری ئازاریان دا[1]: «احْلِقْ رَأْسَكَ، وَصُمْ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ، أَوْ أَطْعِمْ سِتَّةَ مَسَاكِينَ، أَوِ انْسُكْ بِشَاةٍ» «سەرت بتاشە وسێ ڕۆژ ڕۆژی بگرە، یا نانی شەش هەژار بدە، یا شەکێك سەر ببڕە». کارەکانی تریش قیاس کراوەتەوە سەر ئەمە، چونکە بە ئیحرامکردن حەرام دەبێت، وحەج بەتاڵ ناکاتەوە.

---

(١) أخرجه البخاري (١٨١٥)، ومسلم (١٢٠١).

- **سەبارەت بە کوشتنی نێچیر:** کەسەکە سەر پشك دەکرێت لە نێوان سەر بڕینی هاو وێنەیەکی ئەو ئاژەڵە لە مەڕ ومـالات، یـان هەڵسـەنگاندنی هاوشـێوەکەی بـە گوێرەی شوێنی تیاچونەکە، وبە نرخەکەی خواردنێك دەکرێت کـە لـە فیدیـەی ڕۆژو نەگرتندا لە سەری دەکەوێت، بە هەر هەژارێك گوێلێك لە گەنم، لە غـەیرە گـەنمیش وەك خورما وجۆ دو گوێل دەبەخشێت، یا لە بری ناندانی هەر هەژارێك ڕۆژێـك ڕۆژو دەگرێت، لەبـەر ئایـەتی: ﴿وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا﴾ [المائدة: ٩٥] «وهـەر کـەس ڕاوی هـەر ئـاژەڵێکی وشـکانی بکـات بـە ئەنقەست، ئەوا پاداشتەکەی ئەوەیە: ئەبێت هاوشێوەی ئەو نێچیرە سـەر ببڕێـت لـە مەڕ ومالات کە تەنها وشتر ومانگا ومەڕو بزن دەگرێتەوە، دوای ئـەوەی دو کەسـی دادگـەر دەیخـەملێنن، وئـەبێت بیبەخشـێتە هـەژارانی حـەرەم، یـان بـە نرخـی هاوشێوەکەی خواردن بکرێت وبیبەخشێتە هەژارانی حەرەم، یان لە جیاتی ئەمـە لـە بری هەر هەژارێك ڕۆژێك ڕۆژو بگرێت».

- **سەبارەت بە خستنە داوێن لە حەجدا پێش خۆ لە ئیحرام کردنەوەی یەکەم،** ئەوە حەج بەتاڵ دەکاتەوە وشترێکیش پێویست دەکات، ئیتر بە نەزانی بێت یا لە بیر چونەوە یا بە زۆر پێی کـرا بـێ، بـەڵام ئەگـەر کەوتـە دوای لـە ئیحرامکردنـەوەی یەکەمەوە ئەوا حەج پوچـەڵ ناکاتـەوە وشـەکێك پێویسـت دەکـات. سـەبارەت بـە هاتنەوەی ئاو بە هۆی چونەلا یا ئاو خۆ هێنانەوە یا دەست پێوەدان بە شـەهوەتەوە، یا دوبارەکردنەوەی نەزەر: ئەوا حەرامە، بەڵام حەج بەتاڵ ناکاتەوە، ئەگـەریش پـێش لە ئیحرام کردنەوەی یەکەم ڕویدا خوێنی دەکەوێتە سەر.

- **سەبارەت بە گرێ بەستنی هاوسەرێتی:** ئەوا هیچ فیدیەکی لـە سـەر پێویـست نابێت، تەنها گرێ بەستەکە هەڵدەوەشێتەوە.

- **سەبارەت بە بڕینی داری حەرەم وئەو ڕوەکەی کە خوا ڕسکە:** داری بچوك لـە ڕوی ئەرێتەوە بە شەك بەرانێك زەمانەت دەکرێت، گەورەتر بو بە مانگایـەك، بـەڵام ڕوەك وگەڵا، بە نرخەکەی دادەنرێت چونکە نرخی هەیە «متقومٌ».

پرسی سێیەم: لە بارەی هەدی (الْهَدْي) وحوکمەکانیەوە:

قوربانی «الْهَدْي»: بریتیە لەوەی بە دیاری وهەدیە دەبەخشـرێتە مـاڵی خـوا لـە مەڕ وماڵات (وشتر ومانگا ومەڕ وبزن) بە مەبەستی نزیك بونەوە لە خوا.

جۆرەکانی قوربانی:

١- **قوربانی حەجی «التَّمَتُّع» و«القِران»:** ئەمەش واجبە لە سەر هـەمو کەسـێك کە نیشتەجێی خاکی حەرەم نەبێت، کە بریتیە لە سەر بـڕینی پەرسـتن نـەك بـریتی وتەعویز، لەبەر فەرمایشتەکەی پەروەردگار ﷻ: ﴿[فَإِذَا أَمِنْتُمْ] فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ [البقرة: ١٩٦]. «ئەگـەریش لـە ئاسـایش وتەندروستی دا بون: کێ حەجەکەی تەمەتوع بو، دوای تەواوبونی عومرەکەی چێژی وەرگرت تا کات حەج، ئەمەش بە حەڵاڵ بونی ئەوەی پێشتر لە سەری حەرام بوە بـە هۆی ئیحرامەوە، ئەوا پێویستە لە سەری قوربانیەك بکات بـە گـوێرەی بـۆ کـران». **ئەگەریش نە قوربانی هـەبو نـە نرخەکـەی سـێ ڕۆژ لـە حەجـدا ڕۆژو دەگرێـت،** دروستیشە لە ڕۆژانی تەشریقدا بیگرێتەوە، هەروەها لەگـەڵ حـەوت ڕۆژی تـردا کـە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. لەبەر فەرمایشتەکەی خـوا ﷻ: ﴿فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ﴾ [البقرة: ١٩٦] «کێش قوربانیـەکی نـەبو سـەری

ببڕێت ئەوا لە سەریەتی سێ ڕۆژ ڕۆژو بگرێت لە مانگەکانی حەجدا، لەگەڵ حەوت ڕۆژی تر دەیگرێت دوای تەواوبونی پەرستنەکانی حەج وگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی».

سوننەتیشە حاجی لە گۆشتی قوربانی «التمتع» و«القِران» بخوات، لەبەر ئایەتی: ﴿فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ﴾ [الحج: ٣٦]. «جا بخۆن لەو سەر براوانە ولێشی ببەخشن بەو هەژارانەی کە زۆر نەدارن».

٢- **قوربانی قەرەبو:** بریتیە لە فیدیەی واجب لەبەر نەکردنی واجبێك، یا کردنی قەدەغەکراوێك لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام، یا بەهۆی ڕێگری لێکردنەوە «الإحصار» ئەگەر هۆکارەکەی هەبو، لە بەر فەرمایشتی: ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ [البقرة: ١٩٦]، «ئەگەر لە ئیحرام بون ڕێگری هاتە پێشتان لە تەواوکردنی حەج وعومرە وەك دوژمن ونەخۆشی، ئەوا پێویستە لە سەرتان ئاژەڵێك سەر ببڕن لە وشتر ومانگا ومەڕ وبزن، بۆ ئەوەی لە ئیحرامەکەتان دەربچن»، ولەبەر وتەکەی [پێشتری] ئیبن عەبباس: «هەر کەس پەرستنێکی حەجی لە بیر چو یان نەیکرد با لە جیاتی ئەوە ئاژەڵ سەر ببڕێت».

ئەم جۆرەش دروست نیە لێی بخورێت، ودەبەخشرێتەوە بە سەر هەژارانی حەرەمدا.

٣- **قوربانی سوننەت:** ئەمەش سوننەتە بۆ هەمو حاجی وعومرەکارێك، وەك شوێنکەوتنی پەیامبەر ﷺ، چونکە ئەو سەد وشتری کردە قوربانی لە حەجی ماڵ ئاوایی دا.

سوننەتیشە لێی بخورێت، چونکە پەیامبەر ﷺ فەرمانی کرد لە هەر وشترێك پارچەیەکی لێ بنرێت، ئەوەبو لێی خوارد، ولە مەرگەکەشی خواردەوە[1].

ئەوانەشی لە ئیحرام دا نین دروستە هەدی وقوربانی بنێرێن بۆ مەککە تا لەوێ سەر ببڕدرێت، بۆ نزیکبونەوە لە خوا، وهیچ لەو شتانەی لە سەر قەدەغە نابێت کە لە سەر ئیحرامکەر قەدەغەیە.

٤- **قوربانی نەزر:** بریتیە لەوەی حاجی وەکو نەزر دەیکات لەلای بەیت بۆ نزیکبونەوە لە خوا، وپێویستە ئەم نەزرە بە جێ بهێنرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ﴾ [الحج:٢٩].

کاتی سەر بڕینی قوربانی:

قوربانی «التمتع» و«القِرَان»، کاتەکەی لە دوای نوێژی جەژنی ڕۆژی جەژنەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی ڕۆژانی تەشریق. سەبارەت بە سەر بڕینی فیدیەی بونی ئازار وپۆشین، ئەوا لەگەڵ کردنەکەیەتی، هەروەها فیدیەی واجب لەبەر نەکردنی واجبێك. بەڵام خوێنی ڕێگری لێ کردن «الإحصار» کەی هۆکارەکەی بەدی هات دەکرێت، کە یان شەکێکە یا یەك لە حەوتی وشترێك یا حەوت یەکی مانگایەك، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ [البقرة: ١٩٦].

شوێنی سەر بڕینەکەی:

هەروەها قوربانی تەمەتتوع وقیران: سوننەت وایە لە مینا سەری ببڕێت، ئەگەریش لە هەر بەشێکی حەرەم سەری ببڕێت لە سەری دەکەوێت.

---

(١) أخرجه مسلم (١٢١٨).

بە هەمان شێوە فیدیەی نەكردنی واجب وكردنی قەدەغە كراوەكان، سەر نابڕدرێت مەگەر لە حەرەمدا، جگە لە قوربانی «الإحصار» ئەوە لە شوێنەكەی خۆیدا سەری دەبڕێت. بەڵام ڕۆژوگرتن لە هەمو شوێنێك لە سەری دەكەوێت. سوننەتیشە سێ ڕۆژ لە حەج دا بگرێت وحەوتیش كە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی، لەبەر فەمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ [البقرة: ١٩٦].

سوننەتیشە حاجی بە دەستی خۆی سەری ببڕێت، ئەگەریش كەسێكی لە جێی خۆی دانا هیچی تێدا نیە، سوننەتیشە لە كاتی سەر بڕینەكەدا بڵێت(١): «بسم الله، اللهم هذا منك ولك» «بەناوی خوا، خوایە! ئەمە لە تۆوەیە وبۆ تۆشە».

سەبارەت بە مەرجەكانی هەدی كردن:

خودی هەمان مەرجەكانی قوربانیە:

١- **ئەبێت لەمانە بێت:** وشتر ومانگا ومەڕ وبزن.

٢- ئەبێت ئەو عەیبانەی تێدا نەبێت كە ناهێڵێت لە سەرت بكەوێت وەك نەخۆشی وكوێری وشەلی ولەڕی [ڕون وئاشكرا].

٣- ئەبێت تەمەنی ڕێگەپێدراو بێت بۆ وشتر پێنج ساڵ، بۆ مانگا دو ساڵ، وبۆ بزن ساڵێك، وبۆ مەڕ شەش مانگ.

---

(١) [جزء حديث أخرجه أبو داود (٢٧٩٥)، وابن ماجه (٣١٢١)، ابن خزيمة (٢٨٩٩)، والحاكم (٤٦٧/١) ومن طريقه البيهقي (٢٨٧/٩). والدارمي (١٩٨٩). وانظر: «الإرواء» (٣٥٠/٤) (١١٣٨)].

دەروازەی چوارەم

لە بارەی چۆنیەتی حەج وعومرە کردنەوە

بنەما لای زانایان لەمەڕ چۆنێتی حەجەوە فەرموودە بەناوبانگەکەی جابرە رضي الله عنه[1].

جا بە دواداچون «تَتبع»مان کرد بۆ سەرجەم ڕیوایەتە صەحیحە چەسپاوەکان لە پەیامبەرەوە ﷺ، لە کۆی هەموی ئەم شێوازەی خوارەوەمان بۆ پوخت بویەوە:

ئەوەی مەبەستی حەج یان عومرە (مَنَاسك)ە، کە گەیشتە میقات سونەتە خۆی بشوات، وئەو موانە لا بدات کە پێویستی بە لابردنە، لەوانەی دروستە لا ببرێن، وەك موی بن باڵ وبەر وسمێڵ، ونینۆکیشی دەگرێت، وپۆشاکی دووراو (مَخِيط)یش دادەکەنێت ئەگەر پیاو بو، پێش نیەت هێنانی چونە ئیحرامەوە بۆن لە خۆی دەدات، وپیاو دەستماڵ وسەر شانێکی خاوێنی سپی دەپۆشێت. بەڵام ئافرەت لە هەر پۆشاکێك بیەوێت ئیحرام دەکات. وپیاو شانەکانی بە سەر شان (رِدَاء)ەکەی دا دەپۆشێت، ئیتر ئیحرام دەکات بەو نوسوکەی دەیەوێت. باشتریشە ئیحرامکردنەکەی ئەو کاتە بێت کە دەچێتە سەر ئاژەڵەکەی. ئەگەریش کەسەکە ترسا ڕێگرێك بێتە پێشی نەهێڵێ نوسوکەکەی تەواو بکات وەك نەخۆشی وجەردە وهاوشێوەکانی ئەو کاتە مەرج دەگرێت وئەڵێ: «اللَّهُمَّ مَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي» «خوایە شوێن وکاتی دەرچونم لە حەج وکەوتنە حەڵاڵیەوە ئەو کات وشوێنەیە تۆ نەهێڵی وەگریەوە».

باشتریشە «يستحب» لە کاتی ئیحرامکردندا ڕو لە قیبلە بکات وبڵێت: «اللَّهُمَّ هَذِهِ حَجَّةٌ لَا رِيَاءَ فِيهَا وَلَا سُمْعَةَ» وشەرعیشە لە کاتی لەبیەیك کردندا بڵێ:

---

(١) أخرجه مسلم (١٢١٦).

«لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لا شَرِيكَ لَكَ» «وەڵامتم دایەوە دوای وەڵامدانەوە خوایە، وەڵامتم دایەوە وبە دەم بانگەوازدکەوە هاتم، وەڵامم دایەوە وبەردەوامم لە وەڵامدانەوە ئەی بێ شەریك وهاوبەش، گوێڕایەڵی فەرمانتم، ستایش ونیعمەت وبەخشش وموڵك ودەسەڵات هەموی هی تۆیە وبۆ تۆیە، هیچ شەریك وهاوبەشێكت نیە»، هاوەڵانیش لەگەڵ ئەوەدا ئەمەشیان دەوت: «لَبَّيْكَ ذَا الْمَعَارِجِ وَلَبَّيْكَ ذَا الْفَوَاضِلِ» «وەڵامی بەردەوامتم دایەوە ئەی خاوەنی بەرزی ومەزنی وشكۆمەندی، وەڵامتم دایەوە دوای وەڵامدانەوە ئەی خاوەن نیعمەت وبەخششە زۆرەکان».

سوننەتیشە لە لەبیەیك کردندا دەنگی بەرز بکاتەوە. کە گەیشتە مەککە سوننەتە خۆی بشوات، کە ویستیشی تەواف بکات ئەگەر پیاو بو «اضطباع» دەکات بەوەی شانی ڕاستی بخاتە دەر، وشانی چەپی بە سەر شانەکەی دا بپۆشێت. مەرجیشە لە کاتی تەواف کردندا بە دەست نوێژ بێت. سوننەتیشە دەست بدات بە بەردە ڕەشەکەوە وماچی بکات، ئەگەریش پێی نەکرا دەستی پێوە دەدات ودەستی ماچ دەکات، ئەوەشی پێ نەکرا بە دەست ئاماژەی بۆ دەکات وماچی ناکات، ئەمە لە هەمو سوڕاوەنەوەیەکدا دوبارە دەکاتەوە، هەمو سوڕانەوەیەکیش بە تەکبیر دەست پێدەکات، ئەگەر بە «بسم الله» و«الله أكبر»یش دەستی پێ کرد چاکە. کە گەیشتە سوچە یەمەنیەکە «الركن اليماني» دەستی پێوە دەدات وماچی ناکات، ئەگەر ئەمەی پێ نەکرا نە ئاماژەی بۆ دەکات نە تەکبیر، ولە نێوان هەر دو سوچەکەدا -کە سوچی بەردە ڕەشەکە وسوچە یەمەنیەکەیە- ئەڵێت: ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ [البقرة:٢٠١]، «پەروەردگارا بێوەیی وڕۆزی وزانستی بە سود وکردەوەی چاك وجگە لەمانەشمان پێ ببەخشە لە شتە دینی

وژینیەكان، لە دوارۆژیشدا بەهەشتمان پیٚ كـەرەم بكـە، وسـزای ناكرمـان لـیٚ دور بخەردوە». لە باقیەكەی دا دەپارێتەوە بەوەی حەز دەكـات، وسونەتیشـە بـە وردە ڕا (الرَّمَل) -سەروی ڕیٚ كردن وخوار ڕا كردن- سیٚ سـوڕانەوەی یەكـەم نـەنجام بـدات، وچوارەكەی تریش بە ڕێكردن بیكات، كە حەوتەكەی تەواو كرد بـە سـەر شـانەكەی شانی دا دەپۆشێتەوە، پاشان دەڕوات بۆ لای مەقامی ئیـبراهیم وئەمـە دەخوێنێـت: ﴿وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى﴾ [البقرة:١٢٥] «وتمـان: لـە مـەقامی ئیـبراهیم دا شوێنێك تەرخان بكەن بۆ نوێژ كردن تێیدا، كە بریتیە لەو بەردەی ئیبراهیم لە سەری ڕاوەستاوە لە كاتی بونیاد نانی كەعبە دا». ودو ڕكـات نوێـژ لـە پشـت مەقامـەوە دەكـات، لـە ڕكـاتی یەكـەم دا سـورەتی «الكافرون» دەخوێنێـت ولـە دوەمیشـدا «الإخـلاص»، ئەگـەریش نـەیتوانی لـەویٚ نوێـژ بكـات -لەبـەر قـەرەباڵغی وهاوشێوەكانی- ئەوا لە هەر شوێنێكی تری مزگەوتەكە بۆی كرا نوێژ دەكـات، ئـەم تەوافەش بریتیە لە: تەوافی هاتن (القُدوم) بۆ موفرید وقـارین، وتـەوافی عـومرە بـۆ موتەمەتیع. دوای ئەوە شەرعیە بۆی لە ئـاوی زەمـزەم بخواتـەوە ولێـی بكـات بـە سەریدا، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ بەردە ڕەشەكە ئەگەر كرا دستی پێوە دەدات. ئینجـا دەچێت بۆ سەفا ومەڕوە وئـەم ئایەتـە دەخوێنێـت: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٥٨] «سەفا ومەڕوە -كە دو كێوی بچوكن لە نزیك كەعبە لە دیـوی ڕۆژهەڵاتەوە- لە دروشمە دیار وئاشكراكانی دینی خوایە كـە داوا لـە خـەڵك كـراوە سەعی بكات لە نێوانیاندا»، ئینجا دەڕواتە سەر كێوی سەفا تا بەیت دەبینێـت وڕو دەكاتە قیبلە ودەستەكانی بەرز دەكاتەوە، وسیٚ جار تەكبیر دەكـات وئـەڵیٚ: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْـدَهُ، أَنْجَـزَ وَعْـدَهُ، وَنَصَـرَ عَبْـدَهُ، وَهَـزَمَ الْأَحْـزَابَ وَحْـدَهُ» «هـیچ

پەرستراوێکی هەق نیە مەگەر خوا، تاك وبێ شەریکە، خاوەنی مولك ومتایشە، وەهەر خۆی توانای هەیە بە سەر هەمو شتێکدا، هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مەگەر خوا، تاك وتەنهایە، بەڵێنی خۆی بە جێهێنا، وبەندەکەی خۆی سەر خست. گروپەکانی هەمو بە تەنها لە ناوبرد» ئەمە سێ جار دەکات ولە نێوان هەر دو جارێکدا دوعای زۆر دەکات، پاشان دادەبەزێت بە پیادە دەڕوات بۆ مەروە، ولە نێوان هەر دو نیشانە سەوزەکەدا بە خێرا ڕا دەکات، ئەمەش بۆ پیاوانە نەك ئافرەتان، پاشان ڕێ دەکات تا دەچێتە سەر مەروە، ئەوەی لە سەر سەفا کردی لێرەش دەیکات، ئەمەش ئەبێتە یەك فڕە ودەست «شوط»، ئینجا لە مەروەوە بۆ سەفا شەوتێکی ترە تا هەر حەوت سەعیەکە کۆتایی پێ دێت، ئەمەش بۆ حەجی موفرید وقارین سەعی حەجە وبۆی نیە دوای ئەمە خۆی لە ئیحرام بکاتەوە، بەلکو هەر لە ئیحرام دەمێنێتەوە، وبۆ حەجی تەمەتتوعیش سەعی عومردیە.

وحاجی موتەمەتتیع دوای عومرەکەی، خۆی لە ئیحرام دەکاتەوە بە کورت کردنەوەی قژی، وئیتر جل وبەرگەکانی خۆی لەبەر دەکاتەوە تا ڕۆژی «التَّروِيَة» -کە ئەکاتە هەشتی زو ئەلحیجە-، سەبارەت بە حاجی موتەمەتتیع ئەو هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە ئیحرام دەکات، بە هەمان شێوە نیشتەجێیانی مەککە ودەوروبەری. وسوننەتە دیسانەوە ئەوە بکات کە لە کاتی میقاتدا کردی لە خۆشۆردن وبۆن لە خۆدان وخۆپاککردنەوە. وسەرجەم حاجیان بە دەم لەبەیەك کردنەوە بەرەو مینا دەکەونە ڕێ، ولە مینادا نوێژی نیوەڕۆ وعەسر وئێوارە وعیشا وبەیانی دەکەن بە کورتکردنەوەی چواریەکان بە بێ کۆکردنەوە، پاشان لە بەرەبەیانی ڕۆژی نۆیەمدا حاجی دەکەوێتە ڕێ بەرەو عەرەفە، ئەگەر توانی لە «نەمیرە» لا بدات تا لادانی خۆر لە جەرگەی ئاسمان ئەوا چاکە. کە خۆر لایدا پێشەوا یا جێگرەکەی وتارێکی

کورت پێشکەش دەکات، ئینجا نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە کۆکردنەوە وکورتکردنەوە دەکات لە کاتی نیوەڕۆدا، پاشان دەڕواتە عەرەفەوە. واجبە لە سەر حاجی دڵنیا بێتەوە لەوەی لە ناو سنوری عەرەفەیە، ڕو دەکاتە قیبلە، ودەستی بەرز دەکاتەوە دەپاڕێتەوە ولەبەیەك دەکات وستایشی خوا دەکات، وتێدەکۆشێت لە کڕوزانەوە ویاد وپاڕانەوە لەو ڕۆژە مەزنەدا. وباشترین شتێك لەو ڕۆژەدا بوترێت بریتیە لە: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ» «هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مەگەر خوا، تاك وبێ شەریکە، خاوەنی موڵك وستایشە، وهەر خۆی بە سەر هەمو شتێکدا بە توانایە». لەو ڕۆژەشدا بە ڕۆژو نابێت، چونکە توانادارتری دەکات بۆ پەرستن، هەروا بە بەردەوام بە پێوە بە کڕوزانەوە وملکەچی وزەلیلیەوە دەمێنێتەوە تا خۆر ئاوابون، کە ئاوابو بە هێوری وسەنگینیەوە بە دەم لەبیەیك کردنەوە لە عەرەفەوە دەڕژێت ودەگەڕێتەوە بەرەو موزدەلیفە، لەوێ نوێژی ئێوارە وعیشا دەکات بە کۆکردنەوە، وکورتکردنەوەی عیشا. ڕێگەش دراوە بە لاوازەکان هەر شەوەکەی لە موزدەلیفە دەر بچن، بەڵام بە هێز لە موزدەلیفە دەمێنێتەوە تا نوێژ بەیانی. دوای نوێژ ڕو دەکاتە قیبلە وحەمدی خوا دەکات وتەکبیر دەکات ولا إله إلا الله دەکات تا دونیا زۆر ڕۆشن دەبێتەوە، پێش خۆر دەرچون بە هێوری وسەنگینی وبە دەم لەبەیك کردنەوە لە موزدەلیفەوە دەکەوێتە ڕێ، وحەوت بەردی بچوك لە ڕێگادا هەڵدەگرێت، تا دەگاتە شەیتان ڕەجمی عەقەبە لەوێ حەوت بەردی بچوکی لێ دەهاوێژێت ولەبەیك کردنیش دەبڕێت، ئینجا قوربانیەکەی سەر دەبڕێت، وسوننەتیشە لێی بخوات، ئینجا سەری دەتاشێت، دوای ئەوە تەوافی «الإفاضة»، وسەعی دەکات -سەعی سەفا ومەروەی حەج-ئەگەر موتەمەتتیع بو، یا موفرید یا قارین بو ولەگەڵ تەوافی هاتن سەعی

نەکردبو. سونـەتیشە ئەم کارانە بە ریز بێت: شەیتان ڕەجم، ئینجا سەر بڕینی ئاژەل سەر تاشین یا کورت کردنەوە، [دوای ئەوە تـەوافی «الإفاضة»]، جـا ئەگـەر یـەکێک لەمانەی پاش وپێش خست هیچی تێدا نیە، ئەگەریش دوانی لـەم سـێ کـارە کـرد: شەیتان ڕەجمی عەقەبە، وسەر تاشین یا کورتکردنەوە، وتەوافکردن لەگەڵ سەعیدا ئەگەر سەعی لە سەر بو-، ئەوا لە ئیحرام دەرچوە دەرچونی یەکەم، وهەمو شتێکی بۆ حەڵاڵ ئەبێت کە بە ئیحرام لێی حەرام بود جگە لە ئافرەت، ئەگەر هەر سێکیانی کرد ئەوە لە ئیحرام دەرچوە دەرچونی گەورە، وهەمو شتێکیشی بۆ حەڵاڵ دەبێت بـە ئافرەتیشەوە، ولە شەوی یانزە ودوانزەهەم واجبـە لـە مینـا بمێنێتـەوە، وهـەر سـێ شەیتانەکە ڕەجم دەکات لە ڕۆژی یانزەهەم بـە بچـوکەکە دەسـت پێـدەکات ئینجا مامناوەنـد وپاشـان گەورەکـە، بـە هـەمان شـێوە ڕۆژی دوانزەهـەمیش. کـاتی هاویشتنیش لە لادانی خۆرەوە لە جەرگەی ئاسمـان دەسـت پێـدەکات تـا دەرچـونی سپێدە. کە بچوکەکەی هاویشت سونەتە تۆزێك بڕواتە پێشەوە بە لای ڕاسـتدا، بـە پێـوە ڕوەو قیبلـە دەوەسـتێت ودەسـتەکانی بـەرز دەکاتـەوە ودەپاڕێتـەوە. کـە مامناوەندیەکەشی هاویشت سونەتە بڕواتە پێشەوە بە لای چەپدا ڕوو دەکاتە قیبلە وزۆر ڕا دەوەسـتێت ودەپاڕێتـەوە بـە دەسـتی بـەرزکراوەوە، بـەڵام دوای گـەورە ((عەقەبە))کە ڕاناوەستێت، ئەگەریش ویستی پەلە بکات «أن یتعجل» ئەوا واجبە لە سەری لە ڕۆژی دوانزەهەمدا پێش ئاوابونی خـۆر لـە مینـا دەر بچـێت، ئەگـەر بە ویستی خۆی لە مینا مایەوە تا خۆری لە سەر ئاوا بو ئەوا واجبە لـە سـەری شـەوی سیانزەش بمێنێتەوە. پاشان ئەگەر ویستی لە مەککە دەر بچێت پێویستە لـە سـەری تەوافی ماڵئاوایی بکات، وکۆتا دیداری لەگەڵ بەیتدا بێت، ئـەم تەوافـەش لـە سـەر ئافرەت دەکەوێت ئەگەر لە عادە یا زەیستانی بێت.

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی ئەو شوێنانەی شاری مەدینە کە شەرعیە سەردان بکرێت

چەند پرسێکی تێدا باس کراوە:

پرسی یەکەم: سەردان کردنی مزگەوتی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم:

سوننەتە سەردانی مزگەوتی پەیامبەر ﷺ بکرێت وکوڵ وباری بۆ بپێچرێتەوە لە هەر ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ساڵدا، ئیتر پێش حەج بێت یان دوای حەج، وکاتێکی دیاری کراوی نیە، وپەیوەندی بە حەجەوە نیە ونە لە مەرج ونە لە واجبەکانیەتی، بەڵام کەسێك هات بۆ حەج ئەبێت سەردانی مزگەوتی پەیامبەر ﷺ بکات پێش حەج بێت یا دوای حەج. بە تایبەت ئەگەر کەسێك لە سەری قورسە سەفەر بۆ ئەم شوێنانە بکات. جا ئەگەر حاجیان تێپەڕ بن بە مزگەوتی پەیامبەر ﷺ ونوێژی تێدا بکەن، ئەوا ئاسانترە بۆیان وگەورەترە بۆ پاداشتیان وکۆکردنەوەی هەردو چاکەکەیە: هەم حەجە وهەم سەردانی مزگەوتی پەیامبەریشە ﷺ بۆ نوێژکردن تێیدا. لە کاتێکدا وەك باس کرا ئەم سەردانکردنە لە تەواوکاریەکانی حەج نیە وپەیوەندیشی پێوە نیە، جا حەج بە بێ ئەم سەردانە تەواوە وکاملە، وهەرگیز هیچ پەیوەستیەك نیە لە نێوان ئەم ولە نێوان حەجدا.

بەڵگەش زۆرە لە سەر شەرعی بونی بنکە وبارگە پێچانەوە بۆ مزگەوتەکەی ﷺ ونوێژکردن تێیدا، لەوانە: فەرمودەی: «لَا تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَمَسْجِدِ الرَّسُولِ ﷺ، وَمَسْجِدِ الْأَقْصَى» «بارەگە وبار

ناپێچرێتەوە مەگەر بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرام، مزگەوتی پەیامبەر، ومزگەوتی قودس»[١]. هەروەها فەرمودەکەی پەیامبەری خوا ﷺ[٢]: «صلاةٌ في مَسْجِدِي هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاةٍ فِيمَا سِوَاهُ، إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ» «نوێژێك لەم مزگەوتەم خێردارترە لە هەزار نوێژی جگە لەم مزگەوتە مەگەر مزگەوتی کەعبە».

ئەم دەقانە بەڵگەن لە سەر شەرعی بونی سەردان کردنی مزگەوتی پەیامبەر ﷺ بۆ نوێژکردن تێیدا لەبەر فەزڵ داریی وچەند قاتی پاداشتەکەی، هەروەها بەڵگەیە لە سەر ئەوەی حەرامە کۆڵ وبنکە بگوازرێتەوە بۆ جگە لەم سێ مزگەوتە بە مەبەستی پەرستن، جا سەردانکردن وسەفەرکردن بۆ هیچ شوێنێکی سەر زەوی شەرعی نیە مەگەر بۆ ئەم سیانە. ڕۆیشتنیش بەرەو مەدینە بە مەبەستی نوێژکردن لە مزگەوتی پەیامبەر ﷺ دەرهەق بە ژنان وپیاوان شەرعیە لەبەر گشتێتی بەڵگەکانی ڕابردو.

سەبارەت بە چۆنێتی سەردان کردنی: کە سەردان کەر گەیشتە مزگەوت سونەتە بە پێی ڕاست بڕواتە مزگەوتەوە، ونزا بەناوبانگەکەی چونە مزگەوت بخوێنێت: «بِسْمِ اللَّهِ وَالصَّلاةُ والسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ، اللَّهُم افْتَحْ لِي أَبْوابَ رَحْمَتِكَ» «بەناوی خوا، وصەڵات وسەلام لە سەر پەیامبەری خوا، خوایە دەرگاکانی بەزەیی خۆتم بۆ بکەیتەوە»[٣].

ویردێکی تایبەتیش نیە بە مزگەوتەکەیەوە ﷺ، دوای ئەوە دو ڕکات نوێژ دەکات لە هەر شوێنێك بێت، ئەگەر لە ڕەوزەش بێت باشترە، لەبەر فەرمایشتەکەی

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١١٨٩)، ومسلم (١٣٩٧) من حديث أبي سعيد الخدري.
(٢) أخرجه البخاري (١١٩٠)، ومسلم (١٣٩٤).
(٣) [أخرجه أبو داود (٤٦٥)، وابن ماجه (٧٧٢). وأخرجه مسلم (٧١٣) وغيره بدون لفظ التسليم].

ﷺ: «مَا بَيْنَ بَيْتِي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ» «نێوان ماڵەکەم ومینبەرەکەم باخێکە لە باخەکانی بەهەشت»[١].

کێش سەردانی مزگەوتەی بکات ﷺ نەبێت پارێزگاری بکات لە ئەنجامدانی پێنج فەرزەکە تێیدا، وئەبێت زیکر وپاڕانەوە ونوێژی سوننەتی زۆر لە ڕەوزەدا بکات، بە ئومێدی ئەجر وپاداشتی گەورە. بەڵام بۆ نوێژە فەرزەکان باشترە سەردان کار وجگە لەویش زیاتر بڕواتە پێشەوە وسور بێ لە سەر لە ڕیزەکانی پێشەوە -بە پێی توانا- کە هانی بۆ لا دراوە، چونکە ڕیزەکانی پێشەوە دەکەونە بەردەم ڕەوزەوە.

پرسی دووەم: سەردان کردنی گۆڕی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم:

ئەگەر موسڵمان سەردانی مزگەوتی پەیامبەری ﷺ کرد باشترە سەردانی گۆڕی پەیامبەر ﷺ ودو هاوەڵەکەشی ئەبو بەکر وعومەر ﭫ بکات، چونکە ئەمەش تابعە بەوەی پەیامبەرەوە ﷺ نەك لە بنچینەدا مەبەست بێت. ئەمە سەردانی شەرعیە، دروستیش نیە بنکە وکۆڵی بۆ ببێچرێتەوە، بەڵکو کۆڵ وبار پێچانەوە بۆ سەردانکردنی گۆڕی پەیامبەر ﷺ وچاکان وشوێنەکانی تر جگە لە سێ مزگەوتەکە [کە باس کران] کۆ دەنگی زانایان هەیە لە سەر حەرام بونی. کێش بیکات ئەوا بە نیەت ومەبەستەکەی سەرپێچی کارە، چونکە دژی ئەو تێگەیشتنەیە کە لە فەرمودەی کۆڵ وبار پێچانەوەدا هاتوە.

سەبارەت بە چۆنێتی سەردان کردن: لە سەر سەردانکەرە، بە ئەدەب ودەنگێکی نزمەوە لە ئاستی گۆڕەکەی پەیامبەر ﷺ ڕابوەستێت، وپاشان سەلامی لێ بکات

---

(١) أخرجه البخاري (١١٩٦)، ومسلم (١٣٩١).

وبڵێ: «السلام عليك يا رسول الله ورحمة الله وبركاته» لەبەر فەرمودەی: «مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إِلَّا رَدَّ اللهُ عَلَيَّ رُوحِي حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ» «هیچ کەسێك نیە سەلامم لێ بكات مەگەر خوا ڕوحم بە بەر دەكاتەوە تا وەڵامی سەلامەكەی بدەمەوە»[1].

هیچیشی تێدا نیە ئەگەر سەردانكەر بڵێت: «السَّلامُ عَلَيْكَ يَا خِيرَةَ اللهِ مِنْ خَلْقِهِ، أَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغْتَ الرِّسَالَةَ، وَأَدَّيْتَ الأَمَانَةَ، وَنَصَحْتَ الأُمَّةَ، وَجَاهَدْتَ فِي اللهِ حَقَّ جِهَادِهِ، اللَّهُمَّ آتِهِ الوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ، وابْعَثْهُ المَقَامَ المَحْمُودَ الَّذِي وَعَدْتَّه، اللَّهُمَّ اجْزِهِ عَنْ أُمَّتِهِ خَيْرَ الجَزَاءِ»[2] «سەلامی خوات لێ بێت ئەی هەڵبژێردراوی خوا لە سەرجەم دروستكراوەكان، شایەتی دەدەم كە پەیامەكەت ئەدا كرد، وئامانەتەكەت گەیاند، وئامۆژگاری ئوممەتت كرد، ولە پێناوی خوادا تێكۆشایت تەواوی تێكۆشان، سا خوایە مەنزیلەتی وەسیلە وپلەی بەرزی فەزیلەتی پێ كەردم بكەی، هەروەها ئەو پایە ستایشكراوەی بۆ كەرەم فەرمو كە بەڵێنت پێ داوە، خوایە لە سەر ئوممەتەكەی باشترین پاداشتی پێ بفەرمە». پاشان سەلام لە ئەبو بەكر وعومەر ﷺ دەكات ودوعایان بۆ دەكات وڕەحمەتیان بۆ دەنێرێت، لەبەر ئەوەی لە ئیبن عومەرەوە هاتوە كە سەلامی بكردبایە لە پەیامبەر ودو هاوەڵەكەی لەمە زیاتری نەدەوت: «السلام عليك يا رسول الله، السلام عليك يا أبا بكر،

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٠٤١)، وأحمد (٥٢٧/٢) من حديث أبي هريرة، وصحح النوي إسناده «الأذكار» (٣٤٩)، وابن القيم «جلاء الأفهام» (٣٢)، وحسّنه الألباني «صحيح الترغيب» (١٦٦٦).

(٢) [ينظر: «الفتوحات الربانية» (٣٤/٥) لابن علان، وعنه: «موسوعة الحافظ ابن حجر الحديثية» (٣٣٢/٢). انظر: تعليق شيخنا العصيمي على: «التحقيق والإيضاح» ص٢٣٢، ط الصميعي].

السلام عليك يا أبتاه» «سەلامەت لێ بێت ئەی پەیامبەری خوا، سەلامەت لێ بێت ئەی ئەبو بەکر، سەلامەت لێ بێت ئەی باوکە»[١]، ئینجا دەڕوات.

وحەرامە سەردان کەر وجگە لەویش دەست بساوێت بە ژوورەکەی پەیامبەر ﷺ یا ماچی بکات یا بە دەوریدا بسوڕێتەوە، یا ڕوی لێ بکات لە کاتی دوعاکردندا، یا داوای لێ بکات ﷺ پێویستیەکانی بۆ جێبەجێ بکات، وناڕەحەتیەکانی لە سەر لابدات، وشیفای نەخۆشی بۆ بدات وهاوشێوەی ئەمانە، چونکە هەمو ئەمانە تەنها بۆ خوایە، وداوا ناکرێت مەگەر لە خوا. وسەردانکردنی قەبری پەیامبەر ﷺ ودوو هاوەڵەکەی واجب نیە، ومەرجێکیش نیە بۆ حەج، وەك هەندێك نەزان وا تێگەیشتون، بەڵکو ئەمە سوننەتە دەرهەق هەر کەسێك سەر لە مزگەوتی پەیامبەر ﷺ بدات، وهەرگیز هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان ئەمە ولە نێوان حەجدا. وهەمو ئەو فەرمودانەشی لەم بارەوە دەکرێنە بەڵگە بۆ شەرعی بونی کۆڵ وبار پێچانەوە بۆ قەبری پەیامبەر ﷺ، وکە ئەمە لە تەواوکاریەکانی حەجە، هەموی فەرمودەی بێ بنەمایە؛ یا لاوازە یا هەڵبەستراوە، وەك فەرمودەی: «مَنْ حَجَّ وَلَمْ يَزُرْنِي فَقَدْ جَفَانِي»[٢] «کێ بێت بۆ حەج وسەردانم نەکات ئەوا ئەوا پشتی

---

(١) [أخرجه عبد الرزاق (٦٧٢٤) -وزاد: «مَا نَعْلَمُ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ فَعَلَ ذَلِكَ إِلَّا ابْنَ عُمَرَ»-، وابن أبي شيبة (١١٩١٥)، والبيهقي (١٠٣٨٠)، وأورده ابن حجر في «المطالب العالية» (٢/١٣٢٠) ط العاصمة، وصححه موقوفًا، وانظر: في «الفتوحات الربانية» (٥/٣٤). وأخرجه مالك (٥٧٤) وغيره مختصرًا. وصححه شيخ الإسلام في «الإقتضاء» (ص٧٢٧)].

(٢) [موضوع: قاله الذهبي في «ميزان الاعتدال» (٤/٢٦٥)، وابن حجر في «لسان الميزان» (٨/٢٨٥)، والصغاني في «الأحاديث الموضوعة»، والزركشي، وابن الجوزي، والشوكاني «الفوائد المجموعة» (ص ١١٨) وغيرهم. ومما يدل على وضعه أن جفاء النبي ﷺ من الكبائر إن لم يكن كفرًا فاستلزم أن يكون زيارته ﷺ فرضًا كالحج، وهذا مما لم يقله العلماء. انظر: «الضعيفة» (٤٥)].

نیەکردوم»: یا فـەرمودەی: «مَنْ زارَ قَبْرِي وَجَبَتْ لَه شَفَاعَتِي»[1] «کێ سەر لە گۆڕەکەم بدات ئەوا شـەفاعەتمی بـۆ حـەڵاڵ بـوە» جگـە لـەم دوانـەش زۆرە، یەا فەرمودەی لە پەیامبەرەوە ﷺ نەچەسپاوە، بەڵکو هەندێك لـە زانایـان جـەختیان لـە سەر ئەوە دەکەنەوە کە هەموی هەڵبەستراو ودرۆیە.

پرسی سێیەم: ئەو شوێنانەی تری مەدینە کە شەرعیە سەردان بکرێ:

سوننەتە سەردان کار -پیاو بێت یا ئافرەت- بچێت بۆ مزگەوتی قوبا بـە دەست نوێژەوە ونوێژی تێدا بکات، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کـردوە؛ بـە پیـادە وسواری سەردانی مزگەوتی قوبای دەکرد ودو ڕکاتی تێدا دەکـرد[2]. وفەرمایشـتەکەی تـری پەیامبەرە ﷺ: «مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ أَتَى مَسْجِدَ قُبَاءَ فَصَلَّى فِيهِ صَلَاةً كَانَ لَهُ كَأَجْرِ عُمْرَةٍ» «هەر کەس لە ماڵی خۆیدا دەست نوێژ بگرێت پاشان بڕوا بۆ مزگەوتی قوبا، ونوێژێکی تێدا بکات، ئەوە پاداشتی عومەرەیەکی هەیە»[3]. وسوننەتە تـەنها دەرحەق بە پیاوان سەردانی گۆڕستانی بەقیع وگۆڕی شەهیدەکانی ئوحود بکـات وەك گۆڕی حەمزە وجگە لەویش ﷺ، وسەلامیان لێ بکات ودوعایان بۆ بکات، چونکە پەیامبەر ﷺ وای کـردوە؛ سـەردانی کـردون وبۆیـان پاڕاوەتـەوە، هـەروەها لەبـەر کشـتێتی فـەرمودەی: «زُورُوا الْقُبُورَ، فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الْمَوْتَ» «سـەردانی گۆڕسـتان بکەن، چونکە مردنتان بیر دەخاتـەوە»[4]. وپەیامبـەری خـوا ﷺ هاوەڵـەکانی فێـر

---

(1) [ضعيف جدًا. وقال النووي والصغاني وابن الجوزي والزركشي وغيرهما: «موضوع»، انظر: «الفوائد المجموعة» (ص ١١٧) (٣٥)، و«الضعيفة» (٥٢٠/١٢) (٥٧٣٢)، و«الإرواء» (٣٣٥/٤) (١١٢٨)].

(2) متفق عليه: أخرجه البخاري (١١٩٤)، ومسلم (١٣٩٩) (٥١٦).

(3) أخرجه أحمد (٤٨٧/٣)، وابن ماجه (١٤١٢)، والنسائي (٣٧/٢) وغيرهم، وصححه الألباني (صحيح الترغيب ١١٨١)، وانظر: الأحاديث الواردة في فضائل المدينة (ص ٥٤٢).

(4) أخرجه مسلم (٩٧٦) - ١٠٨.

دەکرد لە کاتی سەردانی گۆڕستاندا بڵێن: «السَّلامُ عَلَيْكُمْ أهْلَ الدِّيار مِن الْمُؤمنينَ والْمُسْلِمِينَ، وَإنَّا إنْ شَاءَ اللهُ لَلاحِقُونَ، أَسْأَلُ الله لَنا وَلَكُمُ الْعافِيَةَ» «سەلامتان لێ بێت ئەی خەڵکی گۆڕستان لە باوەڕداران وموسڵمانان، ئێمەش بە ویستی خوا بە دڵنیاییەوە پێتان دەگەینەوە، داوا دەکەم لە خوا ئێمە وئێوەش بێوەی بکات وببورێت»[1].

ئەمە ئەو شوێنانەی شاری مەدینەیە کە شەرعیە سەردان بکرێت.

بەڵام ئەو شوێنانەی تر کە هەندێك ڕەشۆك وا دەزانێت سەردان کردنی شەرعیە:

وەك شوێنی یەخ کردنی وشترەکە (مبرك الناقة)، ومزگەوتی هەینی (مسجد الجمعة)، وبیری کلوانەکەکە (بئر الخاتم)، وبیری عوسمان (بئر عثمان)، وحەوت مزگەوتەکە (المساجد السبعة)، ومزگەوتی دوو قیبلەکە (مسجد القبلتين)، ئەمانە هیچ بنەمایەکی نیە، ولە پەیامبەریشەوە ﷺ نەچەسپاوە سەردانی ئەم شوێنانەی کردبێت یان فەرمانی بە سەردان کردنی کردبێت، لە کەسیش لە پێشینانەوە نەهاتوە سەردانیان کردبێت، وهیچ مزگەوتێك نیە لە مەدینە فەزڵێکی تایبەتی هەبێت، مەگەر مزگەوتی پەیامبەر ﷺ ومزگەوتی قوبا، پەیامبەریش فەرمویەتی [وەك ڕابورد]: «هەر کارێك بکرێت فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە». جا نەبێت موسڵمان کە سەریدا لە مەدینە پابەند بێت بە سەردانکردنی ئەو شوێنانەی کە شەرعیە سەردان بکرێت، ودور بکەوێتەوە لەو شوێنانەی شەرعی نیە سەردان بکرێت.

---

[1] أخرجه مسلم (٩٧٥).

دەروازەی شەشەم

لە بارەی قوربانی کردنەوە «الأُضْحِيَّة»

چەند پرسێکی تێدا باس کراوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی قوربانی، وحوکمەکەی، وبەلگەکانی شەرعی بونی، ومەرجەکانی:

١ - پێناسەی قوربانی:

«الأضحية» لە زماندا: بریتیە لە سەر بڕینی قوربانی لە کاتی «الضحى - چێشتەنگا». لە شەرعیشدا: ئەو وشتر ومانگا ومەڕ وبزنەیە کە لە ڕۆژی جەژندا سەر دەبڕدرێت بۆ نزیك بونەوە لە خوا.

٢ - حوکمەکەی وبەلگەکانی شەرعی بونی:

قوربانی سوننەتێکی تەئکیدکراوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الكوثر: ٢] «نوێژ بۆ پەروەردگاردکەت بکە وسەر بڕینیش هەر بۆ ئەو بکە»، ولەبەر فەرموودکەی ئەنەس ﷺ: «ضَحَّى النَّبِيُّ ﷺ بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ، ذَبَحَهُمَا بِيَدِهِ وَسَمَّى وَكَبَّرَ، ووضَعَ رِجْلَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا» «پەیامبەر دو شەك بەرانی ڕەش وسپی شاخ داری کردە قوربانی، بە دەستی خۆی سەری بڕی، بسم الله والله أكبرى کرد، وقاچیشی خستە سەر ملیان»[١].

٣ - مەرجەکانی شەرعی بونی قوربانی کردن:

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٥٣) [بل (٥٥٦٥) بهذا اللفظ]، ومسلم (١٩٦٦).

قوربانی کردن ئەبێتە سوننەت دەرهەق هەر کەسێك ئەم مەرجانەی تیدا بێت:

١ - **ئیسلامەتی**: جا واجب نابێت لە سەر غەیرە موسڵمان.

٢ - **پێگەیشتن**.

٣ - **وژیری**: جا هەر کەس بالّغ وژیر نەبێت ئەوا تەکلیف لێکراو نیە بیکات.

٤ - **تواناداری**: بەوە بەدی دێت کە بایی قوربانیەکەی هەبێت جگە لە بوونی بژێوی خۆی وئەوانەی بژێویان لە سەریەتی لە شەو وڕۆژی جەژن وڕۆژانی تەشریقدا.

پرسی دووەم: قوربانی بە چی دروستە:

قوربانی دروست نابێت مەگەر بە:

١ - وشتر.

٢ - یا مانگا.

٣ - یا مەڕ وبزن.

بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنْسَكًا لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ﴾ [الحج: ٣٤] «وبۆ هەر کۆمەڵێکی ئیماندارى پێش ئێوە مەناسکمان بۆیان داناوە لە سەر بڕین وخوێن ڕشتنی ئاژەڵان، ئەمەش بۆ ئەوەی ناوی خوا بهێنن لە کاتی سەر بڕینی ئەوەی خوا بە ڕۆزی پێی بەخشیون لە مەڕ ومالاّت». ئەنعامیش لەو سێ کۆمەڵە ناڕواتە دەرەوە، ولەبەر ئەوەی لە پەیامبەر ﷺ وهیچ کام لە هاوەڵانیەوە نەگوازراوەتەوە قوربانیان کردبێت بە جگە لەمانە.

لە قوربانیشدا شەکێك لە سەر کەسێك وخانەوادەکەی دەکەوێت، وەك لە ئەبو ئەیوبی ئەنساریەوە ﷺ هاتوە: «كَانَ الرَّجُلُ فِي عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ يُضَحِّي بِالشَّاةِ عَنْهُ

وعن أهل بيته، فيأكلون ويطعمون» «پیاوێك لە سەردەمی پەیامبەردا ﷺ شەكێكی دەكردە قوربانی بۆ خۆی وخانەوادەكەی، لێیان دەخوارد ولێشیان دەبەخشیەوە»[1].

دروستیشە وشترێك یا مانگایەك بكرێتە قوربانی بۆ حەوت كەس، لەبەر فەرمودەكەی جابر رضي الله عنه: «نَحَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ عَامَ الْحُدَيْبِيَةِ الْبَدَنَةَ عَنْ سَبْعَةٍ وَالْبَقَرَةَ عَنْ سَبْعَةٍ» «لە ساڵی حودەیبیەدا، لەگەڵ پەیامبەری خوادا ﷺ وشترێك ومانگایەكمان سەر دەبڕی بۆ حەوت كەس»[2].

پرسی سێیەم: ئەو مەرجانەی ئەبێت ڕەچاو بكرێت لە قوربانی دا:

١ - تەمەن:

أ. **وشتر:** مەرجە پێنج ساڵی تەواو كردبێت.

ب. **مانگا:** مەرجە دو ساڵی تەواو كردبێت.

ج. **بزن:** مەرجە ساڵێكی تەواو كردبێت. لەبەر فەرمودەكەی جابر، پەیامبەری خوا فەرمویەتی: «لَا تَذْبَحُوا إِلَّا مُسِنَّةً، إِلَّا أَنْ يَعْسُرَ عَلَيْكُمْ فَتَذْبَحُوا جَذَعَةً مِنَ الضَّأْنِ» «موسیننە نەبێت سەر مەبڕن، مەگەر پێتان نەكرا، ئەوسا جەزعەیەك لە مەڕ سەر ببڕن»[3]. موسیننەش لە وشتردا ئەوەیە پێنج ساڵان بێت، ولە مانگاش دو ساڵان، لە بزنیش سەك ساڵ. پێشی دەوترێ: ثەنییە.

---

(١) أخرجه ابن ماجه (٣١٤٧) [واللفظ له]، والترمذي وصححه (١٥٠٥)، «صحيح ابن ماجه» (٢٥٦٣).
(٢) أخرجه مسلم (١٣١٨).
(٣) أخرجه مسلم (١٩٦٣).

د. مەڕ: مەرجە جەزدعە بێت، کە بریتیە لەوەی شەش مانگی تەواو کردبێت، لەبەر فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی عامر ئەڵێ: وتم: «یا رسُول الله! إِنَّهُ أصابني جَذَعٌ؟» «ئەی پەیامبەری خوا، جەزدعەیەکم بەر کەوتوە لە دەستکەوت»، فەرموی: «ضَحِّ بِهِ» «بیکە بە قوربانی»[1]. هەر لەوەوە، ئەڵێ: «ضَحَّيْنَا مَعَ رَسُولِ الله ﷺ بِجَذَعٍ مِنَ الضَّأْنِ» «لەگەڵ پەیامبەری خوادا ﷺ جەزدعەمان کردە قوربانی»[2].

٢- بێ عەیب بون: مەرجە وشتر ومانگا ومەڕ وبزن لەو عەیبانە سەلامەت بن کە ئەبێتە مایەی کەم کردنەوەی گۆشت، جا ئەم عەیبانە: لەڕی بێ مۆخ، وشەل، یەك چاو، ونەخۆش لەسەری ناخات، لەبەر فەرمودەکەی بەڕاء لە پەیامبەرەوە ﷺ فەرمویەتی[3]: «أَرْبَعٌ لَا تُجْزِئُ فِي الْأَضَاحِيِّ: الْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا، وَالْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ عَرَجُهَا، وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا، وَالْعَجْفَاءُ الَّتِي لَا تُنْقِي» «چوار عەیب لە قوربانیدا هەبێت لە سەرت ناکەوێت: کوێرێکی ڕون، شەلێکی ڕون، نەخۆشێکی ڕون، لەڕێك مۆخ لە ئێسکەکانیدا نەبێت بە هۆی لاوازیەوە». هەرچیش هاوواتای ئەم عەیبانە بێت قیاس دەکرێتە سەری؛ وەك «الهتماء» کە دانەکانی پێشەوەی نەبێت، هەروەها «العَضْباء» کە زۆربەی گوێی یا شاخەکانی بڕا بێت، هاوشێوەی ئەم عەیبانە.

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٥٧) [بل (٥٥٤٧ و...)]، ومسلم (١٩٦٥) - ١٦. واللفظ له.

(٢) صحيح: رواه النسائي (٢١٩/٧)، وقوّى إسناده في «الفتح» (١٥/١٠). «صحيح النسائي» (٤٠٨٠).

(٣) أخرجه مالك في الموطأ (ص ٢٤٨)، وأحمد (٢٨٩/٤)، والترمذي (١٤٩٧) وقال: «حسن صحيح»، وأبو داود (٢٨٠٢)، والنسائي (٢٤٤/٧) وما بعدها [واللفظ له دون الشطر الأول فهو لابن ماجه]، وابن ماجه (٣١٤٤)، وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٤٠٧٣).

پرسی چوارەم: کاتی سەر بڕینی قوربانی:

کاتەکەی لە دوای نوێژی جەژنەوە دەست پێ دەکات بۆ کەسێك بەشدار بێت، ولە دوای دەرچونی خۆردوە لە ڕۆژی جەژن بە ئەندازەی ئەوەی دو ڕکات نوێژ بکەیت لەگەڵ دو وتاردا بۆ کەسێك بەشدار نەبێت، لەبەر فەرمودەکەی بەڕائی کوڕی عازب ﷺ، پەیامبەر ﷺ فەرموی: «مَنْ صَلَّى صَلَاتَنَا، وَنَسَكَ نُسُكَنَا، فَقَدْ أَصَابَ النُّسُكَ وَمَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيُعِدْ مَكَانَهَا أُخْرَى، وَمَنْ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ» «کێ نوێژی وەك نوێژەکەی ئێمە کرد، وسەر بڕین وقوربانی وەك ئەوەی ئێمە کرد ئەوا قوربانیەکەی تەواوە، کێش سەری بڕی پێش نوێژ ئەوە با یەکێکی تر سەر ببڕێت، کێش سەری نەبڕیوە با سەری ببڕێت»[1]. کاتەکەشی درێژە دەکێشێت تا ئاوابونی خۆری کۆتا ڕۆژی تەشریق، لەبەر فەرمودەکەی جوبەیری کوڕی موتعیم ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «كُلُّ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ ذَبْحٌ» «هەمو ڕۆژانی تەشریق ڕۆژی سەر بڕینە»[2].

باشتریشە دوای لێ بونەوە لە نوێژ سەر ببڕدرێت، دیسانەوە لەبەر فەرمودەکەی بەڕائی کوڕی عازب، پەیامبەر فەرمویەتی ﷺ: «إِنَّ أَوَّلَ مَا نَبْدَأُ مِنْ يَوْمِنَا هَذَا أَنْ نُصَلِّيَ، ثُمَّ نَرْجِعَ فَنَنْحَرَ، فَمَنْ فَعَلَ هَذَا فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا، وَمَنْ ذَبَحَ قَبْلَ ذَلِكَ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمٌ يُقَدِّمُهُ لِأَهْلِهِ لَيْسَ مِنَ النُّسُكِ فِي شَيْءٍ» «ئەمڕۆ یەکەم شتێك دەست پێ بکەین نوێژە، ئینجا دەگەڕێینەوە حەیوانەکە سەر دەبڕین، جا هەر کەس ئەمە

---

(١) أخرجه البخاري (٢٣٨/٦) [(٩٨٣)]، ومسلم (١٥٥٣/٣) [(١٩٦١)]. والذي بالغامق للبخاري من حديث جندب بن سفيان البجلي (٥٥٦٢)].

(٢) أخرجه أحمد (٨٢/٤)، والبيهقي (٢٩٥/٩)، وابن حبان (١٠٠٨)، والدارقطني (٢٨٤/٤)، قال الهيثمي: «ورجال أحمد وغيره ثقات» «مجمع الزوائد» (٢٥/٣).

بکات ئەوا سوننەتی ئێمەی پێکاوە، کێش پێش ئەوە سەری ببڕی بێت ئەوا گۆشتێکە پێشکەشی ماڵ ومنداڵی خۆی کردوە وفڕی بە قوربانیەوە نیە»[1].

پرسی پێنجەم: قوربانیەکە چی لێ دەکرێت، وئەگەر نۆمینە هات قوربانی کەر چی دەکات؟

١- **قوربانی چی لێ دەکرێت:** سوننەتە قوربانی کار لە قوربانیەکەی بخوات، وبەشی خزم ودراوسێ هاوڕێیانی بدات، وبە سەر هەژارانیشدا لێی ببەخشێتەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾ [الحج:٢٨].

باشتریشە «یستحب» بیکاتە سێ بەشەوە: یەك لە سێی بۆ خێزانەکەی، سێیەکیشی بۆ هاوسێ هەژارەکانی، یەك لە سەر سێشی بکاتە دیاری، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس کە باسی شێوازی قوربانیەکەی پەیامبەر ﷺ دەکات: «وَيُطْعِمُ أَهْلَ بَيْتِهِ الثُّلُثَ، وَيُطْعِمُ فُقَرَاءَ جِيرَانِهِ الثُّلُثَ، وَيَتَصَدَّقُ عَلَى السُّؤَّالِ بِالثُّلُثِ» «سێیەکی بۆ خێزانەکەی دادەنێت، سێیەکیشی بۆ هاوسێ هەژارەکانی، وسێیەکی دەبەخشێتە ئەوانەی داوا دەکەن»[2].

دروستیشە گۆشتی قوربانی سەروی سێ ڕۆژ هەڵ بگیرێت، لەبەر فەرمودەکەی بوردیدە ﷺ کە پەیامبەر خوا ﷺ فەرموی: «نَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ فَوْقَ

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٦٠) [واللفظ له والذي بالغامق (٩٧٦)]، ومسلم (١٩٦١).

(٢) أخرجه الحافظ أبو موسى في «الوظائف» وحسنه. انظر: «المغني» (٦٣٢/٨) [وفي ط التركي (٣٨٠-٣٧٩/١٣)]. [وانظر لزاماً: الإرواء: (١١٦٠) (٣٧٤/٤)]

ثَلَاثٍ، فَأَمْسِكُوا مَا بَدَا لَكُمْ» «رێگریم لێ کردن لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی لە سەروی سێ ڕۆژەوە، جا چەند ڕۆژتان حەز لێ بو لێی هەڵبگرن»(١).

٢- **قوربانی کەر چی لە سەرە ئەگەر نۆمینە هات:** کە نۆمینەی حاجیان هات حەرامە قوربانی کار هیچ لە قژ ونینۆکی بگرێت تا قوربانیەکە سەر دەبڕێت، لەبەر فەرمودەکەی ئوم سەلەمە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «إِذَا دَخَلَتِ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ، فَلَا يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا» لە ڕیوایەتێکی تردا: «وَلَا يَقْلِمَنَّ ظُفُرًا» «ئەگەر نۆمینە هات ویەکێکتان ویستی قوربانی بکات، ئەوا با هیچ لە مو وپێستە ونینۆکی نەگرێت»(٢).

---

(١) أخرجه مسلم (٣/١٥٦٤) رقم (١٩٧٧) [هذا لفظه].
(٢) أخرجه مسلم (١٩٧٧) [وغيرت لفظهم إلى هذا؛ لإيهامه أن الحكم مختص بمن عنده أضحية، وليس كذلك].

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی گوێزەبانەوە «العقيقة»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی حەوتم وحوکمەکەی وبەلگەکانی وکاتەکەی:

١- پێناسەی «العقيقة»:

لە زماندا لە «العَقّ»ەوە وەرگیراوە، لە بنەڕەتدا بەو قژە دەوترێت کە ها بە سەر کۆرپەلەوە لە کاتی لە دایك بونیدا.

لە شەرعیشدا: بریتیە لەوەی بۆ تازە لە دایك بو لە ڕۆژی حەوتەم سەر دەبڕدرێت لە کاتی سەرتاشینیدا. ئەمەش مافی منداڵە لە سەر دایك وباوکی.

٢- حوکمەکەی:

گوێزەبانە سوننەتێکی تەئکید لە سەرکراوە، لەبەر فەرمودەکەی سەلمانی کوڕی عامری دەببی ﵁، ئەڵێ: گوێم لە پەیامبەری خوا ﷺ بو ئەیفەرمو: «مَعَ الْغُلَامِ عَقِيقَةٌ، فَأَهْرِيقُوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِيطُوا عَنْهُ الْأَذَى» «منداڵ لە دایك بو گوێزەبانەشی لەگەڵدایە، بۆیە ئاژەڵێکی بۆ سەر بڕن وئازاریشی لە سەر لا بدەن»[١]. وفەرمودەکەی سەمورە ﵁، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «كُلُّ غُلَامٍ رَهِينَةٌ بِعَقِيقَتِهِ، يُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ سَابِعِهِ، وَيُسَمَّى، وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ» «هەمو منداڵێك بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، لە ڕۆژی حەوتەمدا بۆی سەر دەبڕدرێت، وناو دەنرێت، وقژیشی

---

(١) أخرجه البخاري (٢١٧/٦) [(٥٤٧١)].

دەتاشرێت»[1]. وفەرمودەکەی عەبدولاّی کوڕی عەمری کوڕی عاصە ﵄[2]، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «مَنْ وُلِدَ لَهُ وَلَدٌ، فَأَحَبَّ أَنْ يَنْسُكَ عَنْهُ، فَلْيَنْسُكْ» «هەر کەس خوا منداڵێکی پێ بەخشی وپێی خۆش بو ئاژەڵی بۆ سەر ببڕێت، با بۆی سەر ببڕێت».

٣- کاتی گوێزەبانە: کاتی دروستێتی سەر بڕینی گوێزەبانە دەست پێ دەکات لە بە تەواوەتی دەرچونی کۆرپەلەکە لە سکی دایکی، وکاتی سوننەتێکەی درێژە دەکێشێت تا باڵغ بون، بەڵام سوننەتە ڕۆژی حەوتەمی لە دایك بونی گوێزەبانەی بۆ بکرێت، لەبەر فەرمودەی پێشتر: «هەمو منداڵێك بارمتەی حەوتمەکەیەتی، لە ڕۆژی حەوتەمدا بۆی سەر دەبڕدرێت، وناو دەنرێت، وقژی دەتاشرێت».

پرسی دوەم: ئەو ئەندازەیەی سەر دەبڕدرێت لە گوێزەبانە:

سوننەتە بۆ کوڕ دو شەك وبۆ کچ شەکێك سەر ببڕدرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئوم کورزی کەعبیە ﵂، ئەڵێ: گوێم لە پەیامبەری خوا ﷺ بو فەرموی: «عَنِ الْغُلَامِ شَاتَانِ مُكَافِئَتَانِ، وَعَنِ الْجَارِيَةِ شَاةٌ» «بۆ کوڕ دو شەکی هاوتا دەکرێت، وبۆ کچیش شەکێك»[3].

---

(١) أخرجه أحمد (٥/٧، ٨، ١٢)، وأبو داود (٢٨٣٧) وما بعدها [واللفظ له (٢٨٣٨)]، والترمذي (١٥٢٢)، والنسائي (١٦٦/٧) وما بعدها، وصححه الحاكم، وافقه الذهبي «المستدرك» (٢٣٧/٤)، وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٣٩٣٦).
(٢) أخرجه أبو داود (٢٨٤٢) وما بعدها [واللفظ له]، والنسائي (١٦٢/٧)، وأحمد (١٨٢/٢) وما بعدها، وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٣٩٢٨).
(٣) أخرجه أحمد (٣٨١/٦)، وأبو داود (٢٥٧/٣) [واللفظ له]، والنسائي (١٦٥/٧)، وصححه الألباني «صحيح النسائي» (٣٩٣١).

پرسی سێیەم: ناونانی منداڵ، وسەرتاشین، ودەم شیرین کردن «تحنیك»ی، وبانگ دان بە گوێی دا:

١- **ناونانی منداڵ:** سوننەتە لە ڕۆژی حەوتەمی لە دایکبونیدا ناوی منداڵ بنرێت، لەبەر فەرمودەکەی پێشتری سەمورە: «هەمو منداڵێك بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، لە ڕۆژی حەوتەمدا بۆی سەر دەبردرێت، وناو دەنرێت، وقژی دەتاشرێت». سوننەتیشە ناوێکی چاکی بۆ هەڵبژێرێت، چونکە پەیامبەر ﷺ چەندین ناوی گەنی گۆڕی، فەرمانی بەوەش کردوە[1]. چاکترین ناویش: عەبدوڵا «بەندەی الله»، وعەبدولڕەحمان «بەندەی ڕەحمان»ە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ: «إِنَّ أَحَبَّ أَسْمَائِكُمْ إِلَى اللهِ، عَبْدُ اللهِ وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ» «خۆشەویسترین ناوتان لە لای خوا عەبدوڵا وعەبدولڕەحمانە»[2].

٢- **سەرتاشینی:** هەروەها سوننەتە ڕۆژی حەوتەم دوای سەر بڕینی ئاژەڵەکە سەری بتاشرێت -نێر بێت یا مێ- وبە ئەندازەی کێشی قژی زیو ببەخشرێت، لەبەر فەرمودەکەی عەلی ﷺ ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ شەکێکی کردە گوێزەبانە بۆ حەسەن وفەرموی: «يَا فَاطِمَةُ احْلِقِي رَأْسَهُ، وَتَصَدَّقِي بِزِنَةِ شَعَرِهِ فِضَّةً» «ئەی فاتیمە سەری بتاشە وبە ئەندازەی کێشی قژی زیو ببەخشەوە»[3].

٣- **دەمشیرینکردنی کۆرپەلە:** هەروەها سوننەتە دەمی کۆرپەلە -نێر بێت یا مێ-بە خورما شیرین بکرێت تا هەندێکی دەڕواتە هەناویەوە، لەبەر فەرمودەکەی

---

(١) انظر: «فتح الباري» (١٠/٥٧٧).

(٢) أخرجه مسلم (٣/١٦٨٢).

(٣) أخرجه أحمد (٦/٣٩٠، ٣٩٢)، ومالك في الموطأ (ص ٢٥٩)، والترمذي (١٥١٩)، والحاكم (٤/٢٣٧)، والبيهقي (٩/٣٠٤)، وحسنه الشيخ الألباني «صحيح الترمذي» (١٢٢٦).

ئەبو موسا ﷺ ئەڵێ: «منداڵێکمان بو، هێنامە خزمـەتی پەیامبـەر ﷺ، ئـەوەبو ناوی لێنا ئیبراهیم وبە خورما مەڵاشوی شیرینکرد»[1]. لەبەر فەرمودەکەی عائیشـە ﷺ کە پەیامبەری خوا منداڵیان بۆ دەهێنا وئەویش مەڵاشوی شیرین دەکردن[2].

٤- **بانگدان بە گوێی کۆرپەلەدا:** سوننەتە لە کاتی لە دایك بوندا بانگ بدرێت بە گوێی کۆرپەلەدا، وتراوە[3]: بانگیش دەدرێت بە گوێی ڕاستیدا، وقامەت دەکرێت لە گوێی چەپیدا، لەبەر فەرمودەکـەی ئـەبو ڕافـع ﷺ: «رَأَيْـتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَذَّنَ فِي أُذُنِ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ حِينَ وَلَدَتْهُ فَاطِمَةُ بِالصَّلَاةِ» «پەیامبـەری خـوام بـینی کاتێك فاتیمە حەسەنی کوڕی عەلی بو، بانگیی نوێژی دا بە گوێیدا»[4].

(١) أخرجه البخاري (٦/٢١٦)، ومسلم (٢١٤٥).
(٢) أخرجه مسلم (٢١٤٧).
(٣) [«وتراوە» بۆ شتی لاواز بە کار دێت، بەڵکو لە خودی بانگەکەشدا ڕاجیاوازی هەیە، جا با قامەت نەکا].
(٤) أخرجه الترمذي (١٥١٤) وقال: «حسن صحيح». وحسنه الألباني «صحيح الترمذي» (١٢٢٤).

شەشەم: بەشی تێ کۆشان «الجهاد»

ئەمەش لە سێ دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: پێناسەی تێکۆشان وفەزڵەکەی وحوکمەکەی ومەرجەکانی، وئەو شتانەی جیهاد دەخەن.

دەروازەی دووەم: لە بارەی دیلەکان ودەست کەوتەکانەوە.

دەروازەی سێیەم: لە بارەی ئاگر بەست، وئەهلی زیمە، وئەمان پێ دراوەکانەوە.

دەروازەی یەکەم

پێناسەی تێکۆشان، وفەزڵەکەی، وحوکمەکەی، ومەرجەکانی وجیهادخەرەکان

(تَعْرِيفُ الجِهَادِ، وَفَضْلُه، وَحُكْمُه، وشُرُوطُه، ومُسْقِطَاتُه)

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی تێکۆشان، وفەزڵەکەی، وحیکمەت لێی، وحوکمەکەی، وکەی واجب دەبێت؟

أ. پێناسەکەی:

جیهاد لە زماندا: هەوڵدان وتێ کۆشان وتوانا وتەقالا خستنە گەڕ. لە شەرعیشدا: هەوڵدان وتێ کۆشانە لە شەڕ کردن لەگەڵ بێ باوەڕاندا وبەرگری کردنە لە دژیان.

ب. فەزڵەکەی وحیکمەت لێی:

جیهاد چڵە پۆپەی ئیسلامە، وەك پەیامبەری خوا ﷺ ناوی لێناوە[1]، واتا: بەرزترینیەتی، واشی پێوتراوە چونکە بە هۆیەوە ئیسلام بەرز وباڵا دەبێت ودەردەکەوێت، خواش ﷻ تێکۆشەرانی بە ماڵ ونەفس لە پێناوی خۆیدا فەزڵدار کردون وبەڵێنی بەهەشتی پێداون داون، وەك تۆزێکی تر لە ئایەتەکەی سورەتی نیساندا دێت، ئایەت وفەرمودەکانیش لە بارەی فەزڵی تێکۆشان وتێکۆشەران زۆرە.

(١) أخرجه الترمذي (٢٦١٦)، وقال: «حسن صحيح». وأحمد في مسنده (٢٣١/٥)، وصححه الألباني «صحيح سنن الترمذي» (٢١١٠). وهو جزء من حديث طويل.

حیکمەتیش لە شەرعی بونی: خوا ﷻ بۆ زۆر ئامانجی بەرز ومەبەستی شەریف جیهادی داناوە:

١- جیهاد دانراوە بۆ ئەوەی بت وتاغوت پەرستی لە کۆڵ خەڵك ببێتەوە، ورزگاریان بێت بۆ خوا پەرستی بە تاك وتەنها، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ [الأنفال: ٣٩] «ئەی باوەڕداران بجەنگن لەگەڵ هاوبەشدانەراندا تا نە شیرك ونە ڕێگری لە دینی خوا نەمێنێت وتەنها خوا بپەرستێ، بەودش بەڵا لە سەر بەندەکانی خوا نامێنێ لە سەر زەوی، هەروەها تا دین داری وگوێ ڕایەڵی وپەرستن بە تەنها بۆ خوا بێت بە پاکی وبەس».

٢- هەروەها داینیاوە بۆ لابردنی ستەم وگێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ [الحج: ٣٩] «خوا ڕێگەی دا بە موسڵمانان بجەنگن، بە هۆی ئەو ستەم ودەست درێژیەی کراوەتە سەریان، خواش بە توانایە کە سەریان بخات ودوژمنەکەیان سەر شۆڕ بکات».

٣- وەکو چۆن دانراوە بۆ سەر شۆڕ کردن ولوت شکاندنی بێ باوەڕە شەڕ کەرەکان وتزلە لێکردنەوەیان، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ﴾ [التوبة: ١٤] «ئەی باوەڕداران بجەنگن لەگەڵ دوژمنانی خوادا، خوا سزایان دەدات بە دەستی ئێوە، وسەر شۆڕیان دەکات بە دۆڕان، وسەرتان دەخات بە سەریاندا، وشەی خۆی سەر دەخات، وبە دۆڕاندنیان شیفای دڵتان دەدات ئەو دڵانەی کە زۆریان چەشتوە بە دەست بێباوەڕانەوە لە خەم وخەفەت بە هۆی فرت وفێڵیانەوە».

ج. حوکمەکەی وبەلگەکەی:

تێکۆشان بە واتا تایبەتەکەی فەرزی کیفایەیە، ئەگەر ئەوەندەی بەسە پێی هەستێت، ئەوا لە سەر ئەوانی تر دەکەوێت ودەرهەقیان دەبێتە سوننەت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٩٥] «دواکەوتو ونەهاتودکان بۆ جیهاد لە پێناوی خوا -جگە لە خاوەن عوزرەکان- یەکسان نین لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێی خوا بە ماڵ ونەفسەود، خوا فەزڵی تێکۆشەرانی داوە بەسەر دواکەوتواندا، لە بەهەشتیشدا پلەیەکی باڵا وبەرزی پێ بەخشیون، بێگومان خوا بەڵێنی بە هەشتی بە هەر یەك لە تێکۆشەرانی ڕێی خوا بە ماڵ ونەفسیان وبە دواکەوتوان بە هۆی عوزرەوە داوە، بە هۆی ئەو هەوڵانەی لە ڕێگای خوادا دەیدەن، بێگومانی خوا فەزڵی تێکۆشەرانی داوە بە سەر دانیشتوەکاندا بە پاداشتێکی فراوان». ئەم ئایەتە بەلگەیە لە سەر ئەوەی جیهاد فەرزی کیفایەیە نەك فەرزی عەین، چونکە خوای گەورە بەراوردی فەزڵی کرد لە نێوان تێکۆشەران ونەهاتوەکان بە بێ عوزر، وکە بەڵێنی بەهەشتی بە هەردوکیان داوە. خۆ ئەگەر جیهاد فەرزی عەین بوایە ئەوا دواکەوتوان شایستەی هەڕەشە بون نەك بەڵێنی چاك. هەروەها لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ﴾. ئەمەش مەرج دارە بەوەی موسڵمانان هێز وتواناییان هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنەکەیان، ئەگەر توانا وهێزیان نەبو لە سەریان دەکەوێت وەك واجبەکانی تر، کە جەنگیان کرد لەگەڵ دوژمنەکەیان -بەم حاڵەوە- خۆیان توشی تیاچون دەکەن.

د. کەی فەرز دەبێت:

بەڵام هەندێك حاڵەت هەیە، جیهاد تێیدا دەبێتە فەرزی عەین لە سەر موسڵمان، کە بریتیە لەمانە:

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر دوژمنان هێرشیان هێنایە سەر وڵاتانی موسڵمانان، هاتنە ناویەوە، یان دەوریان دا، ئەوسا کوشتار لەگەڵ کردنیان ودورخستنەوەی زیانیان فەرزە لە سەر تاك تاکی موسڵمانان.

حاڵەتی دووەم: ئەگەر ئامادەی جەنگەکە بو، ئەمەش بەوەی هەر دو سوپا ڕوبەڕو بونەوە وڕیزەکانی هەر دو لا بەرامبەر یەك وەستان، ئەوسا جیهاد فەرز دەبێت وحەرامە لە سەر کەسێك ئامادە بێت شەڕەکە جێ بهێڵێت، وپشت بکاتە دوژمن، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾ [الأنفال:١٥]. «ئەی باوەڕداران ئەگەر لە شەڕدا ڕوبەڕوی بێ باوەڕان بونەوە نزیك یەك، پشتیان لێ مەکەن، بەڵکو چەسپاو وخۆڕاگر بن بەرامبەریان»، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەر پشت هەڵکردنی ڕۆژی ڕو بە ڕو بونەوەی بە تاوانە گەورە لە ناو بەرەکان هەژمار کردوە[1]. بەڵام لەم پشت هەڵکردنە هەڕەشە لێکراوەدا دو حاڵەت هەڵاوێر کراوە:

یەکەم: ئەگەر بڕوا هێزی زیاتر بهێنێت.

دووەم: یان لا بداتەوە بۆ لای کۆمەڵێکی تری موسڵمانان بۆ بەهێزکردن وسەر خستن.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٧٦٦)، ومسلم (١٤٥).

حاڵەتی سێیەم: ئەگەر پێشەوا دیاریان بکات وداوای دەرچونیان لـێ بکـات بـۆ تێکۆشان، لەبەر ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انْفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ أَرَضِيتُمْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ (٣٨) إِلَّا تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ [التوبة: ٣٨-٣٩] «ئـەی باوەڕداران ئەوە چیتانەوە کە پێتان دەوترێت: دەرچن بۆ جیهـادی دوژمنـەکانتان لـە پێناوی خوادا تەمبـەڵی وکەسـلانی دەکـەن ولـە مـاڵی خۆتـان دادەنیشـن، بەشـە دونیاییەکانتان ئەخەنە پێش بەشی دوارۆژتانەوە، ئەوەی ئێوە چێژی لـێ وەر دەگـرن لە دونیا کەمە وئەڕوا، بەڵام خۆشیەکانی دوارۆژ کە خوا بۆ تێکۆشەرانی داناوە زۆرە وبەردەوامە * ئەی بڕواداران ئەگەر نەچن بۆ شـەڕکردن لەگـەڵ دوژمنـەکانتان ئـەوا خوا سزای خۆیتان بە سـەردا دەبارێنێـت»، هـەروەها فەرمودەکـەی پەیامبـەر ﷺ: «وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا» «کە داوای دەرچونتان لێکرا بۆ جیهاد دەربچن»[1].

حاڵەتی چوارەم: ئەگەر پێویستیان پێی بو، ئەوا جیهادی لە سەر فەرز دەبێت.

پرسی دوەم: مەرجەکانی جیهادکردن:

حەوت شت بە مەرج گیراوە بۆ واجب بونی جیهاد، کە بریتیـە لـە: ئیسـلامەتی، وباڵغ بون، وژیری، ونێری، وئازادی، وتوانـای مـاددی وجەسـتەیی، وبـێ نەخۆشـی ونازار.

- بۆیـە تێکۆشـان واجـب نیـە لـە سـەر بـێ بـاوەڕ، چـونکە ئەمـە پەرستنە، پەرستنیشی لە سەر واجب نیە، ودروسـتیش نابێـت، هـەروەها لەبـەر ئـەوەی خـوا

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٨٣٤)، ومسلم (١٣٥٣) من حديث ابن عباس ﵄.

مەبەست بون ودەستپاکی وکوێڕایەڵی تێدا فەراهەم نابێت، بۆیە ڕێگەی نادرێت ڕەگەڵ سوپای موسڵمان بێت بۆ جەنگ، لەبەر ئەوەی پەیامبەر بە کابرای موشریکی کە لە شەڕی بەدر بە دوایدا هات، پێی فەرموو: «تُؤْمِنُ بِاللهِ وَرَسُولِهِ؟» «باوەڕت بە خوا وپەیامبەرەکەی هەیە» وتی: نەخێر، ئەمیش فەرمووی: «فَارْجِعْ فَلَنْ أَسْتَعِينَ بِمُشْرِكٍ» «بگەڕێوە یارمەتی ناخوازم لە موشریك»[1].

- هەروەها واجب نیە لە سەر منداڵی پێنەگەیشتوو، چونکە تەکلیف لێکراو نیە، هەروەها لەبەر فەرموودەکەی ئیبن عومەر ﷺ: کە خۆی خستۆتە ڕوی پەیامبەر ﷺ بۆ شەڕی ئوحود، بەڵام وەری نەگرتوە لە ڕیزی تێکۆشەران[2].

- هەروەها شێت لە سەری واجب نیە، چونکە پێنوسی لە سەر هەڵگیراوە، ولە تەکلیف لێکراوان نیە.

- لە سەر کۆیلەش واجب نیە، چونکە سەییدەکەی خاوەنداریەتی دەکات.

- هەروەها ئافرەتیش، لەبەر فەرموودەکەی [پێشتری] عائیشە ﷺ وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ئایا ئافرەتان حەجیان لە سەرە؟ فەرمووی: «بەڵێ، جیهادێك شەڕی تێدا نیە: حەج وعومرەکردن»[3]. لە لەفزێکی تردا ئەڵێ: دەبینین جیهاد باشترین کارە، ئەی جیهاد نەکەین؟ فەرمووی[4]: «لَا، لَكِنَّ أَفْضَلَ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ» «نەخێر، بەس باشترین تێکۆشان حەجێکی بێ سەرپێچیە».

---

(١) أخرجه مسلم (١٨١٧) من حديث عائشة رضي الله عنها.
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٦٦٤)، ومسلم (١٨٦٨).
(٣) أخرجه ابن ماجه (٢٩٠١)، والبيهقي (٤/٣٥٠) وغيرهما، وصححه الألباني «الإرواء» (١١٨٥).
(٤) أخرجه البخاري (٢٧٩٤) [والزيادة (١٥٢٠)].

- هەروەها بێ توانا، کـە ناتوانێـت چـەك هـەڵبگرێت لەبـەر لاوازی یـا پـیری، هەروەها هەژار کە لە بژێوی خێزانەکـەی زیـاتری نیـە بـۆ خـەرجی ڕێگـا، ئەمانـە تێکۆشانیان لە سەر نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلَا عَلَى الْمَرْضَى وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنْفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ [مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ]﴾ [التوبة:٩١] «خاوەن عوزرەکـان لـە لاواز ونـەخۆش ونەدارەکان کە ئەوەنـدەیان نیـە خۆیـانی پـێ ئامـادە بکـەن بـۆ دەرچون، ئەمانە تاوانیان لە سەر نیە لە دانیشتن ودەرنەچون ئەگەر هاتو موخلص بن بۆ خوا وپەیامبەرەکەی وئیشـیان کـرد بـە شـەرعەکەی، ئـەو کەسـەی چـاکەکارە: عورزێکی هەیە لە دەرنەچون وموخلصە بۆ خوا وپەیامبەرەکەی، هیچ هۆکارێك نیـە بۆ سزادانی ولێگرتنی، خواش لێبوردەیە بە چاکەکاران وبە بەزەییـە لەگـەڵیان». بـە هەمان شێوە کەسێك ئازارێك یا نەخۆشیەك یا هەر عوزرێکی تری هەبێت، جیهادی لە سـەر واجـب نیـە، چـونکە بـێ توانـایی واجبـێتی ناهێڵێـت، هـەروەها لەبـەر فەرمودەکـەی خـوا ﷻ: ﴿لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ [الفتح: ١٧]. «خاوەن عوزرەکان لە کوێر وشەل ونەخۆشـەکان تاوانیان لە سەر نیە لە نەکردنی شتە واجبـەکان کـە نـاتوانن ئـەنجامی بـدەن، وەك جیهاد وهاوشێوەکانی کە پێویستی بـە بینـای نابینـا وسـاغی شـەل وتەندروسـتی نەخۆش هەیە». هەروەها لەبەر ئایەتی پێشو.

پرسی سێیەم: ئەو شتانەی جیهادت لە سەر دەخەن:

هەندێك عوزر هەیە جیهاد لە سەر خاوەنەکەی دەخات «مُسْقِطَات الْجِهاد» ئـیتر فەرزی عەین بێت یان فەرزی کیفایە، کە بریتیە لەمانە:

١، ٢- شێتی ومنداڵی: لەبەر فەرمودەی [پێشتر]: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سیان: لە سەر شێت تا عاقڵ دەبێت، خەوتو تا هەڵدەسێت، منداڵیش تا باڵغ دەبێت».

٣- مێینەیی: بۆیە واجب نیە لە سەر مێینە، پێشتریش باس کرا.

٤- کۆیلەیی: لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لِلْعَبْدِ الْمَمْلُوكِ الصَّالِحِ أَجْرَانِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْلَا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَالْحَجُّ، وَبِرُّ أُمِّي، لَأَحْبَبْتُ أَنْ أَمُوتَ وَأَنَا مَمْلُوكٌ» «**کۆیلەی چاك دو پاداشتی هەیە**. پاشان ئەبو هورەیرە وتی: سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە، لەبەر جیهادی ڕێی خوا وحەج وچاکەکردن لەگەڵ دایك وبابم نەبوایە، حەزم دەکرد بمرم وکۆیلە بوایەم»[١].

٥، ٦- لاوازی جەستەیی ونەداری، ونەخۆشی، وساغ نەبونی هەندێك ئەندام وەك کوێری وشەلیەکی زۆر، وپێشتریش باس کرا.

٧- ڕێگەنەدانی دایك وباوك یا یەکێکیان، ئەمە ئەگەر تێکۆشانەکە سوننەت بو، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، پیاوێك دێتە خزمەت پەیامبەری خوا ﷺ وداوای هیلانی لێدەکات بۆ تێکۆشان؟ ئەویش فەرموی: «أَحَيٌّ وَالِدَاكَ» «دایك وباوکت زیندون؟» کابرا وتی: بەڵێ، فەرموی: «فَفِيهِمَا فَجَاهِدْ» «برۆ تایبەتیان بکە بە جیهادی نەفس تا لێت ڕازی دەبن»[٢]. جا چاك بون لەگەڵیان فەرزی عەینە، لەم حاڵەتەشدا جیهاد فەرزی کیفایەیە، بۆیە فەرزی عەین پێش دەخرێت، بەڵام کە

---

(١) أخرجه البخاري (٢٥٤٨)، وقوله: «والذي نفسي بيده» الصحيح أنه مدرج من كلام أبي هريرة.
(٢) أخرجه البخاري (٣٠٠٤)، ومسلم (٢٥٤٩).

جیهاددکە فەرزی عەین بو ئەوسا بۆیان نیە ڕێگری لـێ بکـەن، وداوای هێڵانیشـیان لیّ ناکرێت.

٨- ئەو قەرزەی کابرا نیەتی بیداتەوە وخاوەنەکەشی ئیزنی نادات، وجیهاددکـەش سوننەت بـو، لەبـەر فـەرمودەی: «الْقَتْلُ فِي سَبِيلِ اللهِ يُكَفِّرُ كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا الدَّيْنَ» «کوژران لە پێناوی خوا هەمو شتێك دەسڕێتەوە مەگـەر قـەرز»[1]. کـە جیهاددکـە فەرز بو ئەوا ئیزنی خاوەن قەرزی پێویست نیە.

٩- ئەو زانایەی کە کەسی تر لە ولاتدا نیە جگە لەو، چـونکە ئەگـەر بکوژرێـت خەڵك پێویستیان پیّ دەکەوێت، ئاخر چونکە کەس ناتوانێت جێی پڕ بکاتـەوە، جـا ئەگەر لەو شارەزاتر نـەبو جیهـادی لـە سـەر دەکـەوێت لەبـەر ئـەوەی موسـڵمانان پێویـستیانە.

(١) أخرجه مسلم (١٨٨٦) من حديث عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما.

دەروازەی دووەم

لە بارەی دیلەکان ودەست کەوتەکانەوە

چەند پرسێکی تێدا باس کراوە:

پرسی یەکەم: حوکمی دیلی بێ باوەڕان:

زۆربەی زانایان پێیان وایە -ئەمەش ڕاستە-: کە بڕیاری دیلی بێ باوەڕان لای پێشەوایە، سەر پشك دەکرێ لەوەی بەرژەوەندی ئیسلام وموسڵمانانی تێدایە لە: کوشتن، وبە کۆیلەکردن، ومنتەکردن بێ بەرامبەر، وگۆڕینەوە ورزگارکردن بە بەرامبەر «الفداء» ئیتر پارە بێت یا سودێك یا دیلێکی موسڵمان. سەبارەت بە ژن ومنداڵیش هەر بە گرتنیان دەبنە کۆیلە، ئەچنە ڕیزی سامانەوە وئەخرێنە نێو دەستکەوت، وپێشەوای تێدا سەر پشك ناکرێ، ودروستیش نیە بکوژرێن، چونکە ڕێگری لەوە کردوە[1].

بەڵگەش لە سەر کوشتن: فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ﴾ [التوبة:٥] «جەنگ ڕا بگەیەنن لە دژ هاوبەش دانەران لە هەر کوێ بون»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ﴾ [الأنفال:٦٧] «گونجاو نیە بۆ هیچ پەیامبەرێك دیلی جەنگی هەبێت تا زۆریان لێ نەکوژێت بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵیانەوە، جارێکی تر هێرش نەهێنن»، خوا

---

(١) [انظر: «صحيح البخاري» كتاب الجهاد... باب قتل الصبيان في الحرب (٣٠١٤)، وباب قتل النساء في الحرب (٣٠١٥)، و«صحيح مسلم» كتاب الجهاد... باب تحريم قتل النساء والصبيان في الحرب (١٧٤٤)، وباب تأمير الإمام الأمراء على البعوث وصيته إياهم بآداب الغزو وغيرها (١٧٣١)]

باسی ئەوە دەکات کە کوشتنی هاوبەشدانەران لە شەڕی بەدردا لە پێشتر بو وەك گرتن وبە بەرامبەر بەردانیان. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس[١]، کە پەیامبەر خوا ﷺ لە ساڵی فەتحدا چوە مەککە وکڵاوی لە سەر بو، کە دایکەند پیاوێك هات وتی: ئیبن خەتەل دەستی گرتوە بە پەردەی کەعبەوە، فەرموی: «بیکوژن». هەروەها پیاوانێکیشی لە خێڵی قورەیزە کوشت.

بەڵگەش لە سەر بە کۆیلە کردن: فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودریە باسی چیرۆکی بەنی قورەیزە دەکات، کە ڕازی بون بە حوکمی سەعدی کوڕی موعاز، ئەویش بڕیاری داوە شەڕ کەرانیان بکوژرێن وئافرەتیان بە کۆیلە بکرێن[٢].

بەڵگەش لە سەر مننەت کردن، وخستنە بەر وگۆڕینەوە: فەرمایشتەکەی پەروەردگارە: ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾ [محمد: ٤] «ئەی باوەڕداران ئەگەر گەیشتنە بێ باوەڕان لە گۆڕەپانی جەنگدا، بە دڵەوە لەگەڵیاندا بجەنگن، بدەن لە گەردنیان، کە لاوازیانتان کرد بە زۆری کوشتارەکان، وهێزتان لێیان بڕی وتوانایان نەما، ئەوسا توند دەستیان ببەستنەوە وکەلەپچەیان بکەن، ئیتر یا ئەوەیە مننەتیان بە سەردا دەکەن وبە بێ بەرانبەر ڕزگاریان دەکەن، یان دەیانگۆڕنەوە بە سامان یا شتی تر، لە سەر ئەمەش بەردەوام بن تا شەڕ کۆتایی پێ دێت». وئەبێت پێشەوا لەمانە بەرژەوەندیدار ترینەکەی بکا، چونکە هەڵس وکەوتەکەی بۆ خۆی نیە، بۆیە ئەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندی بکات.

(١) أخرجه البخاري (١٨٤٦)، ومسلم (١٣٥٧).
(٢) أخرجه البخاري (٣٠٤٣).

پرسی دووەم: دابەشکردنی دەست کەوت لە نێوان بەشداربوان:

دەست کەوت (*الغنيْمَة*): ئەو ماڵانەی کافرانە کە بە زۆر لە شەڕ دا دەبرێت، بەشێوەیەك کە بەرز ڕاگرتنی وشەی خوای تێدا بێت. ئەنفالیشی پێ دەوترێ -کۆی نەفل «زیادە»یە- چونکە زیادبونێکە لە ماڵی موسڵمانان. بەڵگەش لە سەر شەرعی بونی، فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [الأنفال: ٦٩] «جا بخۆن لە دەستکەوتەکان ئەوە حەڵاڵە وپاکە بۆتان، وپارێزگاریش بکەن لە ئەحکامەکانی دین، خوا لێبوردەیە بەرانبەر بەندەکانی». خوای میهرەبانیش دەستکەوتی تەنها بۆ ئەم ئوممەتە حەڵاڵ کردوە، پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي» «دەستکەوتیشم بۆ حەڵاڵ کراوە وبۆ هیچ پەیامبەرێکی پێش من حەڵاڵ نەبوە»[1].

غەنیمەتیش: ماڵە گوازراوەکان (المَالُ المَنْقُول)[2]، ودیل، وزەوی دەگرێتەوە.

وزۆربەی زانایان لە سەر ئەوەن کە دەستکەوت دەکرێتە پێنج بەشەوە:

بەشی یەکەم: بەشی پێشەوا، کە بریتیە لە پێنجیەکی دەستکەوت پێشەوا یا جێگرەکەی دەری دەکات. ئەم پێنج یەکەش بەو شێوازە دابەش دەکرێت کە خوا باسی کردوە لە ئایەتی: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ [الأنفال: ٤١] «وبزانن ئەی

---

(١) أخرجه مسلم (٥٢١).

(٢) [**ماڵی گوازراوە:** ئەو ماڵەیە دەکرێت بگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جا پارە وپول وئاژەڵان وکێشراوەکان وپێوراوەکان دەگرێتەوە. **ماڵی نەگوازراوەش:** ئەوەیە کە ناکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە وەك ئەرز وخانوبەرە وهاوشێوەکانی، کە پێیان دەوترێت: عەقار. بڕوانە: «المعاملات المالية أصالة ومعاصرة» (١/٢٥٥)].

ئیمانداران ئەوەی زەفەری پێ دەبەن لە سامانی دوژمنەکانتان لە کاتی جیهاد لە پێناوی خوادا ئەوا چوار لە پێنجی بۆ جەنگاوەرانی بەشداربوە، پێنج یەکەکەی تر دەکرێتە پێنج بەشەوە ودەدرێتە: خوا، وپەیامبەرەکەی ولە بەرژەوەندی گشتیدا بە کاردەهێنرێت، وبنەماڵەی پەیامبەر چونکە زەکاتیان بۆ حەڵاڵ نیە، وهەتیوان، ونەداران، وڕێبواران» جا ئەمە دەکرێتە پێنج بەشەوە:

١- **بۆ خوا وپەیامبەرەکەی:** ئەمەش ئەبێتە فەی ودەڕواتە خەزێنەی دەوڵەتەوە ولە بەرژەوەندی گشتیدا خەرج دەکرێت، لەبەر فەرمودەی: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، مَا لِي مِمَّا أَفَاءَ اللهُ عَلَيْكُمْ، وَلَا مِثْلُ هَذِهِ، إِلَّا الْخُمُسَ وَالْخُمُسُ مَرْدُودٌ عَلَيْكُمْ» «سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە، هیچم بۆ نیە لەو دەستکەوتانەی ئێوە تەنانەت شتێکی ئاوهاش بێت -یانی تەڵە مویەك-، مەگەر پێنج یەك، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ خۆتان»[1]. جا دەبینی کردیە هی هەمو موسڵمانان.

٢- **خزمان:** کە بریتین لە بنەماڵەی پەیامبەر ﷺ، کە بریتین لە: خانەوادەی هاشم، وخانەوادەی موتەللیب. ئەم پێنج یەکەشیان لە نێوان دابەش دەکرێت بە پێی پێویستی.

٣- **هەتیوان:** بریتیە لەوەی باوکی مردوە پێش باڵغ بون، نێر بێت یا مێ، بەڵام ئەگەر هاتو دەوڵەمەند بو ئەوا پێی نادرێت.

٤- **هەژاران:** هەروەها نەدارانیش دەگرێتەوە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٦٩٤)، والنسائي (٤١٣٨) [واللفظ لمالك (٤٤٢/١٦٦٦) مؤسسة زايد] في حديث طويل، وصححه الألباني في «إرواء الغليل» (١٢٤٠) [ولو نظرت في «الإرواء» لعملت أن إيراد حديث عمرو بن عبسة أولى وهو عند أبي داود (٢٧٥٥)].

ە - ڕێبوار: بریتیە لەو موسافیرەی لە ولاتی خۆی دابڕاوە، ئەوەندەی پێ دەدرێت بگاتە شوێنی مەبەست.

بەڵام چوار بەشەکەی تر -چوار لە پێنجەکە-، بۆ هەر کەسێکە بەشداری کردبێت، لە پیاوە بالغە ئازاد وعاقڵەکان، ئەوانەی ئامادەی «استعداد» شەڕ بون ئیتر شەڕی کردبێت یان نا، بەهێز بێت یان لاواز، لەبەر وتەکەی عومەر ﷺ: «إِنَّمَا الْغَنِيمَةُ لِمَنْ شَهِدَ الْوَقْعَةَ» «دەستکەوت بۆ ئەوانەیە بەشداری شەڕیان کردبێت»[1].

چۆنێتی دابەشکردنەکەی:

پیادە -کە لە سەر پێکانی جەنگاوە- یەك بەشی پێ دەدرێت، وسواریش -کە لە سەر ئاژەڵەکەی جەنگاوە- سێ بەشی پێ دەدرێت؛ بەشێکی بۆ خۆی ودوانەکەی تریش بۆ ئاژەڵەکەی، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ: کە پەیامبەری خوا ﷺ دەستکەوتی دابەشکرد: بۆ وڵاخ دو بەش وبۆ پیادە بەشێك[2]. ولەبەر ئەوەی لە خەیبەریش ﷺ وای کرد: بۆ پیادە بەشێکی دانا وبۆ سواریش سێ بەش[3].

ئافرەت وکۆیلە ومنداڵانیش ئەگەر بەشداری شەڕەکەیان کرد، ئەوەی ڕاستە شتێکیان پێ دەدرێت «يُرْضَخُ لهم»[4] بەڵام بەشی دیاری کراویان نیە، چونکە ئیبن عەبباس کە پرسیاری لێ کرا وتی: نامەت نوسیوە ودەپرسی لە بارەی ئافرەت وکۆیلەوە کە بەشداری شەڕ دەکەن، هیچیان پێ دەدرێت؟ ئەمانە بەشی دیاری

---

(١) رواه البيهقي بإسناد صحيح (٩/٥٠) كتاب الجهاد، باب الغنيمة، وعبد الرزاق في مصنفه (٥/٣٠٢)، [وسعيد بن منصور (٢٧٩١)، وابن أبي شيبة (٣٣٩٠٠)، والطبراني في «الكبير» (٨٢٠٣)].

(٢) أخرجه البخاري (٤٢٢٨)، ومسلم (١٧٦٢).

(٣) أخرجه البخاري (٢٨٧٣).

(٤) الرَضخ: شت پێدان بەڵام زۆر نەبێت.

کراویان نیە مەگەر هەر وا شتێکیان پێ بدرێت[1]. لە لەفزێکدا: بەڵام کۆیلە هەر وا بەشی دەدرا[2].

ئەگەریش دەستکەوتەکە زەوی بو، پێشەوا سەر پشك دەکرێت لە نێوان دابەشکردنی بەسەر بەشداریواندا، وەقفکردنی بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان وسەرانەیەکی بەردەوام دەسێنرێت (وەر دەگیرێت) لەو کەسەی لە لایەتی، ئیتر موسڵمان بێت، یا ئەهلی زیمە، هەمو ساڵێك لێی وەر دەگیرێت. ئەم سەر پشککردنەش سەر پشککردنە بۆ بەرژەوەندی.

پرسی سێیەم: «الفيء» بە کێ دەدرێت؟

«الفيء»: بریتیە لەو سامانەی بە ڕەوا لە شەڕکەران دەبرێت بە بێ کوشتار، وەك: ئەو ماڵانەی بێ باوەڕان ڕادەکەن وبە جێی دەهێڵن لە ترسا کە ئەزانن موسڵمانان هاتون.

شوێنی خەرج کردنیشی: برتیە لە بەرژەوەندی موسڵمانان بە گوێرەی ڕوانگەی پێشەوا، وەك موچەی دادوەر وبانگ بێژ وپێش نوێژ وزانا ومامۆستاکان وجگە لەمانەش لە بەرژەوەندی موسڵمانان، بە بەڵگەی ئەوەی لە عومەرەوە ﵁ چەسپاوە وتویەتی: سامانی خێڵی نەدیر لەو فەیئە بو کە خوا بەخشیە پەیامبەر کە موسڵمانان بۆ بە دەستهێنانی نە ئەسپ ونە وشتریان تاو نەدا، بەڵکو بە بێ کوشتار هاتە دەست، بۆیە بۆ پەیامبەری خوا بو بە تەنها، جا ساڵەکە لەوە بژێوی

(١) أخرجه مسلم (١٨١٢).
(٢) أخرجه أبو داود (٢٧٢٧).

خانەوادەکەی دەدا، چیش بمایەتەوە لە ئەسپ وچەکەکاندا خەرجی دەکرد وەك ئامادەکاری بۆ جیهاد لە پێناوی خوا[1].

هەر بۆیە لە ڕونکردنەوەی ئەوەی فەیئەکە بە کێ دەدرێت خوا ﷻ باسی هەمو کۆمەڵێکی موسڵمانان دەکات وئەفەرموێ: ﴿مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ﴾ [الحشر: ٧] «ئەو فەیئەی خوا بۆ پەیامبەری هێنایەوە لە ماڵی هاوبەشدانەرە شار نشیەکان بە بێ ئەسپ وشتر تاودان، ئەو دەستکەوت وفەیئە دەدرێت بە: خوا وپەیامبەرەکەی -ئەمەش لە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان خەرج دەکرێت-، وبە بنەماڵەی پەیامبەر، وهەتیوان، وهەژاران، وڕێبواران. ئەمەش بۆ ئەوەی ماڵ وسامان تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەکاندا ئاڵوگۆڕی پێ نەکرێت».
پێشەواش بە بێ دیاری کردن لێی دەبات، وبە بۆچونی خۆی بەشی بنەماڵەی پەیامبەریشی لێ دەدات، باقیەکەشی لە بەرژەوەندی موسڵماناندا خەرج دەکات.

(١) أخرجه البخاري (٢٩٠٤)، ومسلم (١٧٥٧). و«الكُراع»: الخيل.

دەروازەی سێیەم

لە بارەی ئاگربەست ونەهلی زیممە ونەمان پێدراوانەوە

«الهُدنة والذِّمَّة والأمان»

باسی چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: بەستنی ئاگربەست لەگەڵ بێ باوەڕاندا:

١ - **پێناسەکەی:**

«الهُدْنَة»: لە زماندا بێدەنگیە.

لە شەرعیشدا بریتیە لە پەیمان بەستنی پێشەوا یا جێگرەکەی لەگەڵ بێ باوەڕاندا لە سەر شەڕنەکردن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە گوێرەی پێویستی با درێژەش بکێشێت، پێشی دەوترێت: مهادنة، وموادعة، ومعاهدة.

٢ - **شەرعیەت بونی وبەڵگەکەی:** دروستە پێشەوا ئاگربەست لەگەڵ کافراندا گرێ بدات لە سەر شەڕ نەکردن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە گوێرەی پێویست، ئەگەر بەرژەوەندی موسڵمانان لە بە ستنیدا هەبو، وەك لاوازیان یان ئامادەبونیان وجگە لەمانەش لە بەرژەوەندیەکان وەك ئومێد بون لە موسڵمان بونی بێباوەڕان وهاوشێوەکانی، لەبەر ئایەتی: ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا﴾ [الأنفال:٦١] «ئەگەریش مەیلی شەڕنەکردن وئاشتیان هەبو لەگەڵت، تۆش ئەو مەیلەت هەبێت ئەی پەیامبەری خوا». هەروەها پەیامبەر ﷺ دە ساڵ ئاگر بەستی کرد گرێ دا لەگەڵ کافراندا لە ئاشتەوایی حودەیبییە دا، هەروەها صوڵحی کرد لەگەڵ جولەکەکانی مەدینە.

٣- پابەندبون بە ئاگربەستەوە:

- ئەو ئاگربەستەی کە پێشەوا یا جێگرەکەی گرێی داوە جێ بەجێ دەبێت «لازمة»؛ دروست نیە بشکێنرێ، یا هەڵبوەشێنرێتەوە، مادام بەرامبەرەکە پێوەی پەیوەستن وخیانەت ناکەن، وترسی خیانەتیشیانمان نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ﴾ [التوبة: ٧] «جا تا پابەند بون بە پەیمانەکەیانەوە، ئێوەش پابەند بن پێوەی». هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ [المائدة: ١] «ئەی باوەڕداران پەیمانەکان ببنە سەر وپابەند بن پێوەی، کە دژی قورئان سونەت نیە».

- ئەگەریش پەیمانەکەیان شکاند: بە شەڕکردن، یان پشتگیری کردنی دوژمنێکمان لە دژمان، یا کوشتنی موسڵمانێك، یا بردنی سامانێك، ئەوا گفتەکەی نێوانمان هەڵدەوەشێتەوە ودروستە شەڕیان لەگەڵدا بکرێت، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهُونَ﴾ [التوبة: ١٢] «ئەگەر هاوبەشدان ئەو پەیمانەیان شکاند کە لەگەڵیاندا بەستوتانە، وبە ئاشکرا تانەیان دەدا لە دینی ئیسلام، ئەوا بجەنگن لەگەڵیاندا چونکە ئەوانە سەرانی گومڕایین، نە پەیمانیان هەیە ونە ئەمان، تا واز دەهێنن لە بێ باوەڕی ودوژمنایەتیان بۆ ئیسلام».

- ئەگەریش مەترسی هەبو لە شکاندنی پەیمانەکە، نیشانە هەبو ئاماژە بون لە سەر ئەمە، ئەو کاتە دروستە پەیمانەکە بشکێنین ولە سەر گفتەکە نەمێنینەوە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ [إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ]﴾ [الأنفال: ٥٨]، یانی: وئەگەریش ئەی پەیامبەری خوا لە خیانەت

وغەدری کۆمەڵێك ترسایت، دەبینی سەرەتاکانی خیانەتیان ددرکەوتوە ئەوا، پێیان ڕابگەیەنە کە پەیمانەکە ئیتر شکاوە، بۆ ئەوەی تۆ وئەوانیش هەر دو لا بزانن، دروست نیە شەڕیان لەگەڵدا بکەیت پێش پێ ڕاگەیاندنی نەمانی پەیمانەکە.

پرسی دوەم: پەیمان گرێ دان، وسەرانە دان:

١- پێناسەی «عَقْدُ الذِمَّة»:

«الذِمَّة» لە زماندا: پەیمانە، کە بریتیە لە ئەمان وگرەنتی «ضمان».

وپەیمان گرێدانیش لە شەرعدا: بریتیە لە دانان بە مانەوەی هەندێ لە بێ باوەڕان لە سەر بێ باوەڕی خۆیان بە مەرجی سەرانەدان، وپابەندبون بە ئادابەکانی ئەو دینەی کە ئیسلام حوکمی لە سەر ئەوان پێ کردوە.

٢- شەرعی بونی:

بەڵگەی شەرعی بونی پەیمان گرێدان، فەمایشتەکەی خوایە: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ [التوبة: ٢٩] «ئەی موسڵمانان بجەنگن لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەی بڕوایان بە خوا وزیندو بونەوە نیە، ودور ناکەونەوە لەوانەی خوا وپەیامبەرەکەی ڕێگریان لێ کردوە، وپابەند نابن بە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە لە جولەکە وگاورەکان، تا بە دەستی خۆیان بە زدلیلی وسەرشۆڕیەوە ئەو سەرانەیە دەدەن کە خوا لە سەریانی سەپاندوە»، هەروەها لەبەر فەرمودەکەی بورەیدە ﷺ، کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الْإِسْلَامِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ... فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمُ الْجِزْيَةَ» «پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام، ئەگەر بە دەمتەوە هاتن ئەوا وەری بگرە

لێیان ودەستیان لێ هەڵبگرە... ئەگەریش بە دەمتــەوە نــەهاتن ورازی نــەبون ئــەوە داوای سەرانە وجیزیەیان لێ بکە»[1].

٣- کێ سەرانەی لێ وەر دەگیرێت؟

سەرانە وەردەگیرێت لە پیاوی تەکلیف لێکراوی ئــازادی دەوڵەمەنــد کــە توانــای دانی هەبێت. جا لە کۆیلە وەرناگیرێت، چونکە خاوەن هیچ نیە وەك هەژار وایە. لــە ئافرەت ومنداڵ وشێتیش وەرناگیرێت، چونکە خــەڵکی شــەڕکەر نــین. لــە بــەردەوام نەخۆش وپیری بەتەمەنیش وەرناگیرێت، چونکە خوێنیان پارێزراوە وەك ئافرەتان وان.

٤- پەیمان گرێدان چی پێویست دەکات؟ بەستنی ئەم گفتە لەگەڵ بێ باوەڕانـدا ئەم شتانە پێویست دەکات:

- حەرامێتی کوشتاریان.
- وپارێزگاری کردن لە سەر وماڵیان.
- وپاراستنی ناموسیان.
- وزەمانەت کردنی ئازادیان.
- وئازار نەدانیان.
- وسزادانی کەسێك بیەوێت ئازاریان بدات.

لەبەر فەرمودەکەی [پێشــو] پەیامبــەری خــوا ﷺ: «پاشــان بانگیــان بکــە بــۆ ئیسلام، ئەگەر بە دەمتەوە هاتن ئەوا وەری بگرە لێیان ودەســتیان لــێ هــەڵبگرە... ئەگەریش بە دەمتەوە نەهاتن ورازی نەبون ئەوا داوای سەرانە وجیزیەیان لێ بکە».

پرسی سێیەم: ئەمان بەستن:

١- پێناسەی «عَقْدُ الأمَان»:

---

(١) أخرجه مسلم (١٧٣١).

لە زماندا ئەمان دژی ترسە. لە شەرعیشدا: بریتیە لە مسۆگەر کردنی ئاسایشی ماڵ وخوێنی بێ باوەڕ بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

٢- شەرعی بونی وبەڵگەکەی: بنەما لە باردی ئەمان بەستنەوە، فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ﴾ [التوبة:٦] «ئەگەر یەکێك لەو هاوبەشدانەرانەی خوێن ومالّیان حەلاّڵ بوە داوای پەنا وئەمانی لیّ کردیت، -ئەی پەیامبەری خوا- بە دەم داواریەکەی بڕۆ وئەمانی بدە بەشکو گوێی لە قورئان بێت، وڕێنماییەکانی ببیستێت، دوای ئەوە بیگێڕەوە ئەو شوێنەی بە ئەمان لێوەی هات، ئەمەش بۆ ئەوەی ئیقامە حوججە بکرێت».

٣- هی کێ دروستە، ومەرجەکانی:

ئەمان بەستن لە هەر موسڵمانێکەوە بکرێت دروست ئەبێت، بە مەرجێك ئەبێت:

- عاقڵ بێت.

- وبالّغ بێت: جا هی شێت ومنداڵ دروست نابێت.

- بە ویستی خۆی بێ: جا هی زۆرلیّ کراو وسەکران ولە هۆش چو دروست نابێ.

جا هی ئافرەت دروست ئەبێت، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «قَدْ أَجَرْنَا مَنْ أَجَرْتِ يَا أُمَّ هَانِئٍ» «ئەوە ئەمانی ئەوەمان دا کە تۆ پەنات دا ئەی ئوم هانی»[1]. تەنانەت هی کۆیلەش دروست ئەبێت، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «ذِمَّةُ

(١) أخرجه مسلم (٣٣٦) -٨٢.

المُسلمين واحدةٌ، يَسْعى بها أَدْناهُمْ». «ئـەمانی موسـڵمانان هـەموی وەك یەكـە، کەمترین پلەیان ئەیگرێتە ئەستۆ»[1].

ئەمانیش گشتی ئەبێت: ئەگەر لە پێشەواوە بو بۆ سـەرجەم حاویـەش دانـەران، یان لە لایەن ئەمیرەوە بۆ دانیشتوانی شارەکەی. وتایبەتیش ئەبێت: لـە تـاك تـاکی موسڵمانانەوە بۆ تاکێکی دوژمنان. ئەمان دانی گشـتیش لـە دەسـەڵاتی پێشـەوای موسڵمانانە، چونکە دەسـەڵاتەکەی گشتیە، بۆ کەسیش نیە ئەمە بکات مەگـەر بـە ڕەزامەندی ئەو.

ئەمانیش بەدی دێت بە هەر قسـەیەك بەڵگـە بێـت لـە سـەری، وەك: «تـۆ لـە ئەماندایت»، یا: «پەنام دایت»، یـا: «هیچـت پـێ ناکرێـت» «لا بأس عليك»، یـا ئاماژەیەکی واتادار.

«المُسْتَأْمِن»یش: بریتیە لەوەی داوای ئەمان دەکات تا گوێی لە قسەی خوا بێـت وشەریعەتی ئیسلام بناسێت، جا ئەبێت وەڵام بدرێتەوە لەبەر ئایەتی پێشـو، پاشـان بگێڕدرێتەوە شوێنی ئەمانی خۆی.

٤- حوکمی ئەمان، وچی پێویست دەکات: پابەنـد بـون بـە ئـەمان بەسـتنەوە پێویـستە، بۆیە حەرامە ئەمان پێ دراو بکوژرێت یا بە دیل بگیرێـت یـا بـە کۆیلـە بکرێت، لەگەڵ هەمو ئەو شتانەی تر لە کە لە پەیمانی ئەمانەکەدا هاتوە پابەند بـون پێوەی واجبە. دروستیشە ئەمانەکە لە سەر دوژمن لا ببرێت ئەگەر مەترسـی خراپـە وخیانەتیان هەبو.

---

(١) أخرجه البخاري (٣١٧٢)، ومسلم (١٣٧٠).

حەوتەم: بەشی موعامەلات «الْمُعَامَلات»

لە بیست وسێ دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: کڕین وفرۆشتن.

دەروازەی دوەم: سو.

دەروازەی سێیەم: قەرز.

دەروازەی چوارەم: بارمتە.

دەروازەی پێنجەم: سەلەم.

دەروازەی شەشەم: گواستنەوەی قەرز.

دەروازەی حەوتەم: بریکاری.

دەروازەی هەشتەم: کەفالەت وزەمانەت.

دەروازەی نۆیەم: حەجرکردن.

دەروازەی دەهەم: شەریکایەتی.

دەروازەی یانزەهەم: کرێدان.

دەروازەی دوانزەهەم: موزارەعە وموساقات.

دەروازەی سیانزەهەم: شوفعە وهاوسێیەتی

دەروازەی چواردەهەم: سپاردن ولەوناوچون

دەروازەی پانزەهەم: داگیر کردن

دەروازەی شانزەهەم: ئاشتەوایی

دەروازەی حەڤدەهەم: پێشبڕکێ

دەروازەی هەژدەهەم: دەستیار

دەروازەی نۆزدەهەم: بوژانەوەی زەوی مردو

دەروازەی بیستەم: جیعالە

دەروازەی بیست ویەکەم: دۆزینەوە ودۆزراوە

دەروازەی بیست ودوهەم: وەقف

دەروازەی بیست وسێیەم: دیاری وبەخشین

دەروازەی یەکەم

لەبارەی کڕین وفرۆشتنەکانەوە «البیوع»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی کڕین وفرۆشتن وحوکمەکەی؟

أ. پێناسەکەی:

بەیع لە زماندا: بردنی شتێك وپێدانی شتێکە.

لە شەرعیشدا: گۆڕینەوەی ماڵێکە بە ماڵێکی تر -یا لە ئەستۆش بێت- یا سودێکی حەڵاڵ بۆ هەمیشەیی، نە سو بێت ونە قەرز.

ب. حوکمەکەی:

کڕین وفرۆشتن دروستە بە بەلگەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ﴾ [البقرة: ٢٧٥] «خوا کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردوە، وسو خواردنیشی حەرام کردوە». هەروەها لەبەر فەرموودەکەی ئیبن عومەر کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا تَبَايَعَ الرَّجُلَانِ، فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا، وَكَانَا جَمِيعًا» «ئەگەر دو کەس کڕین وفرۆشتنیان کرد ئەوە هەر دوکیان سەر پشکن تا لە یەك جیا نەبو بێتنەوە وپێکەوە بن»[1]. موسڵمانانیش کۆکن لە سەر دروستێتی کڕین وفرۆشتن بە گشتی. پێویستی خەڵکیش ئەیخوازێت ببێت؛ چونکە مرۆڤ پێویستی ئەکەوێت بەودی لای غەیرە خۆیەتی وبەرژەوەندی ئەوی پێوە پەیوەستە، هیچ ڕێگەکیش نیە

---

(١) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٢١١٢)، ومسلم برقم (١٥٣١).

بۆ گەیشتن پێی وبە دەستهێنانی مەگەر بە کڕین وفرۆشتن، بۆیە دانایی دەخوازێت دروست وشەرعی بێت بۆ گەیشتن بەوەی دەتەوێ.

پرسی دووەم: پایەکانی کڕین وفرۆشتن:

پایەکانی سیانن: گرێدەر، وگرێ لە سەر دراو، وشێوازەکەی «الصيغة».

- گرێدەرەکە: کڕیار وفرۆشیار دەگرێتەوە.
- گرێ لە سەر دراویش: فرۆشراوەکەیە.
- صیغەکەش بریتیە لە: ئیجاب وقەبوڵ کردن «الإيجاب والقبول».

ئیجابیش: بریتیە لەو لەفزەی لە فرۆشیارەوە دەردەچێت، وەك بڵێت: فرۆشتم.

قەبولکردنیش: بریتیە لەو لەفزەی لە کڕیارەوە دەردەچێت[1]، وەك بڵێت: کڕیم.

ئەمە بریتیە لە شێوازی وتەیی.

شێوازی کردەییش بریتیە لە پێدان وەرگرتن «المعاطاة»، وەك ئەوەی کڕیار نرخی کالاَکە بداتە فرۆشیار، ئەویش کالاَکەی پێ بدات بە بێ هیچ قسەیەك.

پرسی سێیەم: شایەتگرتن لە سەر کڕین وفرۆشتن:

شایەتگرتن لە سەر کڕین وفرۆشتن سوننەتە واجب نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ﴾ [البقرة:٢٨٢] «وشاهید بگرن بۆ کڕین وفرۆشتن بۆ ئەوەی کێشە ودوبەرەکی دروست نەبێت». جا خوا ﷻ فەرمانی کرد بە شایەت گرتن لە

(١) [بۆچوونێکی تر هەیە وا دەر دەکەوێ نزیکتر بێت: ئیجاب ئەو لەفزەیە کە لە یەکەم کەسەوە دەر دەچێت].

کڕین وفرۆشتندا، ئەوەنـدە نـەبێت ئـەم فەرمانـە بـۆ سـوننەت بونـە، بـە بەڵگـەی فەرمایشتەکەی تری خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ [البقرة:٢٨٣] «ئەگەریش متمانەتان بە یەکتر هەبو ئەوا نەنوسین وشـایەتنەگرتن ونـەبونی بارمتە هیچی تێدا نیە». ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی فەرمانەکە بۆ ڕێ نیشاندانە، بە مەبەستی بە بەڵگە کردن (التَّوْثِيق) وبەرژەوەندی. هەروەها لـە عومـارەی کـوڕی خزەیمەوە، مامی بۆی گێڕاوەتەوە -کە لە هـاوەڵانی پەیامبـەرە ﷺ-(١): «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ ابْتَاعَ فَرَسًا مِنْ أَعْرَابِيٍّ فَاسْتَتْبَعَهُ النَّبِيُّ ﷺ لِيَقْضِيَهُ ثَمَنَ فَرَسِهِ، فَأَسْرَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺ الْمَشْيَ، وَأَبْطَأَ الْأَعْرَابِيُّ، فَطَفِقَ رِجَالٌ يَعْتَرِضُونَ الْأَعْرَابِيَّ فَيُسَاوِمُونَهُ بِالْفَرَسِ، وَلَا يَشْعُرُونَ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ ابْتَاعَهُ» «پەیامبـەر ﷺ وڵاخێکـی لـە دەشتەکیەك کڕیوە، ئەمیش دوای کەوتوە تا پارەی وڵاخەکەی لێ وەر بگرێت، بـەڵام پەیامبەر ﷺ خێراتـر ڕۆیشـتوە ودەشـتیەکەش خـاو بـوە، ئـیتر خـەڵکیش ڕێیـان پێدەگرت وسەودا ومامەڵەی وڵاخەکەیان لەگەڵ دەکرد، نەیان دەزانی کـە پەیامبـەر ﷺ کڕیویەتی. ڕوی مەبەست لە بەڵگەکە: ئەوەیـە پەیامبـەر ﷺ وڵاخەکـەی لـێ دەکڕێت وهیچ شاهیدێکیش نیە لە نێوانیان، ئەگەریش لە کـڕین وفرۆشـتن دا واجـب بوایە، پەیامبەر ﷺ بە بێ شایەت گرتن نەیدەکڕی.

هاوەڵانیش ﷺ لە سەردەمی ویدا ﷺ لە بازاڕەکان کڕین وفرۆشـتنیان دەکـرد، لێیانەوە نەهاتوە فـەرمانی پێکـردبێتن بـە شـایەتگرتن، ولـە خۆشـیانەوە نـەهاتوە کردبێتیان.

---

(١) أخرجه أحمد (٥/٢١٥)، وأبو داود (٣٦٠٧)، والنسائي (٧/٣٠١)، «صحيح سنن النسائي» (٤٣٣٢).

هەروەها لەبەر ئەوەی کڕین وفرۆشتن لەو شتانەیە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە بازەڕکاندا زۆر ڕو دەدات، جا ئەگەر لە سەر هەمو شتێك شایەت بگرن ئەبێتە مایەی بارگرانی وناڕەحەتی.

بەڵام ئەگەر کاڵاکە لە گرێ بەستە گەورەکان بو، نرخەکەشی قەرز بو، پێویستی دەکرد بە بەڵگە بکرێت، ئەوە ئەبێت بنوسرێتەوە وشایەتیشی لە سەر بگیرێت، بۆ ئەوەی ناکۆکی دروست بو لە نێوانیاندا بگەڕێنەوە بۆ بەڵگەنامەکە.

پرسی چوارەم: سەر پشکی لە کڕین وفرۆشتندا:

«اَلْخِیَار»: ئەوەیە هەر یەك لە کڕ یار وفرۆش یار مافی بردنە سەر یان هەڵ وەشاندنەوەی هەبێت.

بنەماش لە کڕین وفرۆشتن دا ئەوەیە کەی پایە ومەرجەکانی تێدا بو ئەبێت جێ بە جێ ببێت «لازم»، وبۆ کەس نیە لە دو لایەنە گرێ دەرەکە لێی پەشیمان ببێتەوە.

بەڵام دینی ئیسلام دینی ئاسانی وفراوانیە، ڕەچاوی بەرژەوەندی وهەل ومەرجی هەمو تاکەکانی کردوە. لەوانەش: موسڵمان ئەگەر کاڵایەکی کڕی یا فرۆشت بە هۆیەکەوە، ئینجا پەشیمان بویەوە، ئەوا شەرع سەر پشکی بۆ حەڵاڵ کردوە تا بیری لێ بکاتەوە، وسەرنجی بەرژەوەندی خۆی بدات، ئەوسا یا مامەڵەکە دەباتە سەر یا پەشیمان دەبێتەوە، بە گوێرەی ئەوەی گونجاوە.

بەشەکانی سەر پشك بون: سەر پشکی چەند بەشێکی هەیە، گرنگترینیان:

یەکەم: سەر پشکی نشتگە «خِیَارُ الْمَجْلِس»:

کە بریتیە لەو شوێنەی کرِین وفرۆشتنەکەی تیدا رِو دەدات، جا هەر یەك لە دو لایەنە گرێ دارەکە سەر پشکە مادام لە نشتگە (مجلس)ی گرێ بەستنەکەن وجیا نەبونەتەوە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا» «کرِیار وفرۆشیار سەر پشکن مادام جیا نەبونەتەوە»[1].

دودم: سەر پشکی مەرج «خِيَارُ الشَّرْط»:

بریتیە لەوەی هەر دو لا، یان یەکێکیان سەر پشکی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بکاتە مەرج کە گرێ بەستەکە ببەستێت یا هەڵی بوەشێنێتەوە، کە ئەو ماوە دیاری کراوەی نێوانیان لە سەرەتای گرێ بەستەکەوە تەواو بو وهەڵیان نەوەشاندەوە ئەوە گرێ بەستەکە جێبەجێ دەبێت. **بۆ نمونە**: پیاوێك ئۆتۆمبیلێك بکرِێت لە کەسێکی تر، وکرِیارەکە ئەڵێ: تا یەك مانگ سەر پشکم، جا ئەگەر لەو مانگەدا پەشیمان بویەوە لە کرِینەکە، ئەوا بۆی هەیە، ئەگەرنا بە تەواوبونی مانگەکە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکە جێبەجێ دەبێت.

سێیەم: سەر پشکی عەیب «خِيَارُ العَيْب»:

بریتیە لەو سەر پشکیەی کە بسێن هەیەتی ئەگەر عەیبێکی لە کاڵاکە بینیەوە، وفرۆشیارەکەش پێی نەوتبو، یا فرۆشیار پێی نەزانی بو، وبە هۆی ئەم عەیبەوە نرخی کاڵاکە کەم دەکات. بۆ زانینی ئەمەش دەگەرِێنەوە بۆ لای شارەزایان لە بازرگانە باوەرِپێکراوەکان، چیان پێ عەیب بو، سەر پشکی بۆ دەبێت، ئەگەرنا

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١١٠)، ومسلم (١٥٣٢).

زەخیرە. ئەم سەر پشکیەش بۆ کڕیار دەچەسپێت، ئەگەر ویستی ئەیباتە سەر وفەرەبوی عەیبەکە وەردەگرێتەوە، کە بریتیە لە نرخی کالاکە بە بێ عەیبی ونرخەکەی بە عەیبداری، ئەگەریش حەزی لێ بو مالەکە دەداتەوە وپارەکەی وەردەگرێتەوە.

چوارەم: سەر پشکی گزی کردن «خِيَارُ التَّدْلِيسِ»:

بریتیە لەوەی بفرۆشەکە گزیەك بکات لە کڕیارەکە کە لە نرخەکەی زیاد بکات، ئەم کاردش حەرامە لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا» «هەر کەس فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نیە»[1]. بۆ نمونە: سەیارەیەکی هەبێت، عەیبێکی زۆر لە ناوەوەی هەبێت، ئەمیش دەڕوا بە ڕەنگێکی جوان نمایشی دەکات، دیمەنی دەرەوەی وا دەڕازێنێتەوە تا کڕیار فریو بدات وا بزانێت بێ عەیبە، دەیکڕێت، لەم حالەتەدا کڕیار مافی گێڕانەوەی کالاکەی هەیە بۆ فرۆشیار وپارەکەی دەباتەوە.

پرسی پێنجەم: مەرجەکانی کڕین وفرۆشتن:

مەرجە بۆ دروست بونی کڕین وفرۆشتن ئەم مەرجانەی خوارەوە هەبێت:

یەکەم: ڕازیبونی نێوان کڕیار وفرۆشیار. خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ [النساء:٢٩] «ئەی باوەڕداران بۆتان حەلاڵ نیە مالی یەکتر بخۆن بە ناهەق، مەگەر بە گوێرەی شەرع وکەسابەتی حەلاڵ وبە ڕەزامەندی خۆتان». ولە ئەبو سەعیدی خودریەوە ؓ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّمَا الْبَيْعُ عَنْ تَرَاضٍ» «کڕین

---

(١) أخرجه مسلم (١٠١).

وفرۆشتن بە ڕەزامەندی هەر دو لا دەبێت»[1]. بۆیە ئەگەر یەكێكیان زۆری لێ بكرێت -بە ناحەق- دروست نابێت، ئەگەریش بە هەق بو وەك ئەوەی قازی زۆر لە كەسێك بكات بۆ فرۆشتنی شتێك تا قەرزەكەی بداتەوە.

دوەم: ئەبێت گرێدەر هەڵس وكەوت دروست بێت (جائز التصرف)، بەوەی: بالغ وعاقڵ وئازاد وسەر ڕاست بێت.

سێیەم: ئەبێت بفرۆش خاوەنی كاڵاكە بێت، یا لە جێی خاوەنەكەی بێت، وەك بریكار وەسیەت بۆ كراو وكاربە دەست (الولي) وبەڕێوەبەر (الناظر). جا كەسێك شتێك بفرۆشێت هی خۆی نەبێت دروست نابێت، لەبەر فەرمایشتەكەی ﷺ بۆ حەكیمی كوڕی حیزام رضي الله عنه: «لا تَبِعْ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ» «شتێك لات نیە مەیفرۆشە»[2].

چوارەم: ئەبێت كاڵاكە لەو شتانە بێت كە حەڵاڵە كەلكی لێوەر بگیرێت، وەك خواردن، خواردنەوە، وپۆشاك، وسوار، وخانوبەرە، وهاوشێوەكانی، بۆیە فرۆشتنی ئەوەی حەرامە، وسودی لێ ببینرێت دروست نیە، وەك مەی وبەراز ومردارەوە بو، وئامێرەكانی ڕابواردن ومۆسیقا. لەبەر فەرمودەكەی جابر رضي الله عنه، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ اللهَ حَرَّمَ بَيْعَ الْخَمْرِ، وَالْمَيْتَةِ، وَالْخِنْزِيرِ، وَالْأَصْنَامِ» «خوا فرۆشتنی مەی ومردارەوە بو وبەراز وبتی قەدەغە كردوە»[3]. هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە رضي الله عنهما، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «وَإِنَّ اللهَ تَعَالَى إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ» «خوا ئەگەر شتێكی لە سەر گەلێك حەرام كرد، نرخەكەشیان لە

(١) أخرجه ابن ماجه (٢١٨٥)، وابن حبان (٣٤٠/١١)، والبيهقي (١٧/٦). وصححه الألباني «الإرواء» (١٢٥/٥).
(٢) أخرجه أحمد (٤٠٢/٣)، وأبو داود (٣٥٠٣)، والنسائي (٢٨٩/٧)، والترمذي (١٢٣٢) وابن ماجه (٢١٨٧) وصححه الألباني، انظر: «الإرواء» (١٣٢/٥) و«صحيح سنن النسائي» (٤٢٩٩).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٢٣٦)، ومسلم (١٥٨١).

سەر حەرام دەکات»[١]. دروستیش نیە سەگ بفرۆشرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو مەسعود ﷺ، ئەڵێ: «نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ ثَمَنِ الكَلْبِ...» «پەیامبەری خوا ﷺ ڕێگری کرد لە نرخی سەگ»[٢].

پێنجەم: ئەبێت بتوانرێت کاڵاکە تەسلیم بکرێت، چونکە ئەوەی نەتوانرێ تەسلیم بکرێ وەك نەبو (الْمَعْدوم) وایە، کە دروست نابێت بفرۆشرێت، چونکە ئەڕواتە ژێر کڕین وفرۆشتنی فریودان «الغَرَر»ەوە[٣]، جا کڕیار پارەکە دەدات بەڵام کاڵاکەی نایەتە دەست، بۆیە فرۆشتنی ماسی لە ئاودا، وناوك لە خورمادا، وباڵندە لە هەوادا، وشیر لە گواندا، وبێچوی سك دایك، وئاژەڵی هەڵاتو، هەمو ئەمانە دروست نیە. ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، ئەڵێ: «نَهَى رَسولُ الله ﷺ عنْ بَيْعِ الغَرَر» «پەیامبەری خوا ﷺ ڕێگری کرد لە کڕین وفرۆشتنی فریودان»[٤].

شەشەم: ئەبێت کاڵاکە بۆ هەر دو لا زانراو بێت، بە بینینی لە کاتی گرێ بەستەکەدا، یا وەسفی بکات وەسفێك جیای بکاتەوە لە جگە لە خۆی، چونکە نەزانین فریودانی تێدایە، فریودانیش نەهی لێکراوە، بۆیە شتێك بکڕێت ونەیبینی بێت یان بینیبێتی بەڵام نەزانراو بێت ولە نشتگەی گرێ بەستەکە نەبێت دروست نابێت.

حەوتەم: ئەبێت نرخەکە زانراو بێت، ئەمەش بە دیاری کردنی نرخی کاڵا فرۆشراوەکە، وبزانێت بایی چەندە.

---

(١) أخرجه أحمد (٢٤٧/١)، وأبو داود (٣٤٨٨)، وصححه الأرناؤوط في حاشية المسند (٩٥/٤).
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٢٣٧)، ومسلم (١٥٦٧).
(٣) بەیەعی «الغرر»: بریتیە لەو کڕین وفرۆشتنەی ڕوکەشێکی هەیە فرۆشیار فریو دەدا، لە ناوەوەش نادیارە.
(٤) أخرجه مسلم (١٥١٣).

پرسی شەشەم: ئەو کڕین وفرۆشتنانەی نەهی لێکراوە:

ئەم شەرعە دانایە نەهی کردوە لە هەندێك کڕین وفرۆشتن کە نەبێتە مایەی زایەکردنی لەخۆی گرنگتر وەك سەرقاڵ بون لە جێبەجێکردنی پەرستنێکی واجب، یا ببێتە مایەی زیان گەیاندن بە خەڵکی تر.

جا لەو کڕین فرۆشتنانەی کە نەهی لێکراوە:

١- کڕین وفرۆشن دوای بانگی دوەمی ڕۆژی هەینی:

کڕین وفرۆشتن دوای بانگی دوەم لەلایەن کەسێکەوە جومعەی لە سەر بێت دروست نابێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ﴾ [الجمعة: ٩]. جا خوا نەهی دەکات لە کڕین وفرۆشتن لەو کاتەدا، نەهیش، حەرام کردن ودروست نەبونی کڕین وفرۆشتنەکە دەخوازێت.

٢- فرۆشتنی شتانێك بە کەسێك کە بە هۆیەوە گوناه دەکات، یا بۆ حەرام بە کاری دەهێنێت:

جا شەریەت فرۆشتن بە کەسێك بیکات بە مەی دروست نابێت، هەروەها قاپ وقاچاغ بۆ کەسێك مەی پێ بخواتەوە، هەروەها فرۆشتنی چەك لە کاتی فیتنە وناشوبی نێوان موسڵماناندا. خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المائدة:٢] «ویارمەتی یەکتر بدەن لە نێوان خۆتاندا ئەی باوەڕداران بۆ کردنی کاری خێر وتەقوای خوا، ویارمەتی یەکتر مەدەن بۆ شتێك تاوان وسەرپێچی وسنوری خوا بەزاندنی تێدایە، وریا بن لە پێچەوانەکردنی فەرمانی خوا چونکە خوا سزای بە ئێشە».

٣- فرۆشتن بەسەر فرۆشتنی براکەت:

بۆ نمونە: کەسێك شتێکی سەندوە بە دە، پێی بڵێ: من پێت دەفرۆشم بە لەوە کەمتر، یان لەوە باشترت پێ دەفرۆشم بە هەمان نرخ، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن وعومەر ﷺ: «وَلا يَبِعْ بَعْضُكم عَلى بَيْعِ بَعْضٍ» «وکڕین وفرۆشتن مەکەن بەسەر کڕین وفرۆشتنی یەکتردا»[1].

٤- کڕین بەسەر کڕین:

بۆ نمونە: کەسێك شتێکی فرۆشتوە، پێی بڵێ: فرۆشتنەکە هەڵبوەشێنەوە، من بە زیاتر لێت دەکڕم، ئەمە دوای ئەوەی کڕیار وفرۆشیار لە سەر نرخەکەش ڕێککەوتون. ئەم جۆرەش هەر دەڕواتە ژێر ئەو نەهیەی لە فەرمودەکەی پێشودا هاتبو.

٥- کڕین وفرۆشتنی «العِينَة»:

شێوازەکەی ئاوهایە: کەسێك کاڵایەك بفرۆشێت بە یەکێکی تر بە نرخێکی زانراو بە قەرز، پاشان فرۆشیار لێی دەکڕێتەوە بە نرخێکی کەمتر، لە کۆتایی کاتی قەرزەکەشدا کڕیارەکە نرخی یەکەم دەدات. وەك ئەوەی زەویەك بفرۆشێت بە پەنجا هەزار بە قەرز بۆ ساڵێك، پاشان فرۆشیار لێی بکڕێتەوە بە چل هەزار بە نەخت، پەنجا هەزارەکە لە ئەستۆی دەمێنێتەوە کڕیارەکە لە سەر ساڵەکە دەیدات. پێشی وتراوە: عینە، چونکە کڕیارەکە لە شوێنی کاڵاکە عەینێك دەبات، یانی: نەختی حازر. ئەم کڕین وفرۆشتنەش حەرامکراوە چونکە فێڵ ولف لێدانێکە بۆ گەیشتنە سو، لە ئیبن عومەرەوە ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا تَبَايَعْتُم

---

(١) أخرجه البخاري (٢١٦٥)، ومسلم (١٤١٢).

بِالْعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ، سَلَّطَ اللهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ» «ئەگەر کڕین وفرۆشتنی عینەتان کرد، ودەستان گرت بە کلکی مانگاوە ورازی بون بە کشتوکاڵ کردن، و وازتان لە تێ کۆشان هێنا کە لە سەرتانە بیکەن، ئەوە خوا زدلیلی وسەر شۆڕیەکتان بە سەردا زاڵ دەکات، هەڵی ناگرێ تلە سەرتان مەگەر بگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان»[1].

٦- فرۆشتنی ماڵی کڕدراو پێش ئەوەی بگاتە دەستت:

بۆ نمونە: کاڵایەك بکڕێت لە کەسێك، پاشان بیفرۆشێتەوە پێش ئەوەی بگاتە دەستی. لە ئەبو هوردیرە ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا، فَلَا يَبِعْهُ حَتَّى يَقْبِضَهُ» «کێ خواردەمەنیەکی فرۆشت با نەیفرۆشێت تا وەری دەگرێت»[2]. ولە زەیدی کوڕی سابتەوە ﷺ: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى أَنْ تُبَاعَ السِّلَعُ حَيْثُ تُبْتَاعُ، حَتَّى يَحُوزَهَا التُّجَّارُ إِلَى رِحَالِهِمْ» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کردوە کاڵا بفرۆشرێت هەر لەو شوێنەی دەسێنرێت مەگەر بازرگانەکان بیبەنەوە شوێنی خۆیان»[3]. جا دروست نیە کەسێك کە شتێکی کڕی بیفرۆشێتەوە تا بە تەواوی وەری دەگرێت.

٧- فرۆشتنی بەر وبوم پێش ئەوەی شیاوی دەر بکەوێ «بَيْعُ الثِّمَارِ قَبْلَ بُدُوِّ صَلاحِها»:

دروست نیە بەر وبوم بفرۆشرێت پێش ئەوەی دەر بکەوێت پێ گەیشتوە؛ نەوەك بفەوتێت یان عەیبێکی تێ بکەوێت پێش بردنی، لە ئەنەسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا

---

(١) أخرجه أحمد (٢٨/٢)، وأبو داود (٣٤٦٢) [هذ لفظه، أما لفظ الأصل فلم أجده في الموضعين اللذين أشاروا إليهما، ويشبه لفظ الشوكاني في «السيل»]. وصححه الشيخ الألباني «الصحيحة» (١١).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١٣٦)، ومسلم (١٥٢٥).

(٣) أخرجه أبو داود (٣٤٩٩)، وصحح الإمام النوي إسناده. «اللؤلؤ المصنوع» (١٦٩١).

فەرموی: «أرأيت إنْ منع اللهُ الثَّمرَةَ، فبِمَ يأْخُذُ أحَدُكُمْ مالَ أخِيهِ» «ئەگەر خوا بەر وبومەکەی فەوتان، بە چ هەقێك ئەڕۆن مـاڵی براکـەتان دەخـۆن»[1]. ولـە ئیبن عومەرەوە ﷺ ئەڵێ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنْ بَيْعِ الثِّمَارِ حَتَّى يَبْدُوَ صَلَاحُهَا، نَهَى الْبَائِعَ وَالْمُبْتَاعَ» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کرد لە فرۆشتنی بـەر وبـوم پـێش دەرکەوتنی شیاوبونی، نەهی کرد لە کڕیار وفرۆشیار»[2]. ودەرکەوتنی شیاو بونی: بە سور بونی بەر وبومی خورما یان زەرد بونی دەبێت، لە ترێشدا ڕەش ببێتەوە وشیرین ببێت، لە دانەوێڵەشـدا وشـك ببێتـەوە ورەق ببێـت، لـە بـەر وبومـەکانی تریشـدا هاوشێوەی ئەمانە.

٨- کڕین وفرۆشتنی «النَّجْش»:

بریتیە لەوەی کەسێك لە نرخی ئـەو کاڵایـەی دانـراوە بـۆ فرۆشـتن زیـاد بکـات ومەبەسـتی کڕینیشی نەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵکی پێ فریو بدات وڕەغبـەتی بـۆ دروست بکات ولە نرخەکـەی بـەرز بکاتـەوە. لـە عەبـدوڵای عومـەرەوە ﷺ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنِ النَّجْشِ» «پەیامبەری خوا ڕێگری کردوە لە نەجش»[3].

پرسی حەوتەم: هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەست «الإقالة»:

الإقَالَة: بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی ئـەو گـرێ بەسـتەی لـە نێـوان دو لایەنەکـە ڕویداوە بە ڕەزامەنـدی هـەر دو لا. ئەمـەش ڕو دەدات بـەهۆی پەشـیمان بونـەوەی یەکێکیان، یا بۆ کڕیار دەردەکەوێت پێویستی بە کاڵاکە نیە، یا ناتوانێت نرخەکـەی

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١٩٨)، ومسلم (١٥٥٥).
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١٩٤)، ومسلم (١٥٣٤).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٩٦٣)، ومسلم (١٥١٦).

بدات، بۆیە هەردولا ماڵەکەی خۆی دەگێڕێتەوە وەك خۆی بێ زیاد وکەم. ئیقالەش شەرعیە وپەیامبەری خوا هانی لە سەر داوە وەك ئەفەرموێ: «مَنْ أَقَالَ مُسْلِمًا [بَيْعَتَه] أَقَالَهُ اللهُ عَثْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ» «هەر موسڵمانێك پەشیمانی براکەی لە کڕینەکە قەبوڵ بکات خوای گەورە تاوانەکانی لا دەبات ولێی خۆش دەبێت»(1).

پرسی هەشتەم: گریٚ بەستی موڕابەحە:

«الْمُرَابَحَةُ»: فرشتنی کاڵایە بەو نرخەی زانراوە لای هەر دو لا، بە قازانجێکی زانراوی نێوان هەر دو کیان. **نمونەکەی:** خاوەن کاڵاکە ئەڵێ: بە سەد لە سەرم کەوتوە، بە سەدەکە پێتی دەفرۆشم لەگەڵ دەی قازانج. کڕین وفرۆشتنیش بەم شێوازە دروست ئەبێت، ئەگەر کڕیار وفرۆشیارەکە هەر دو کیان ئەندازەی دەست مایەکە وئەندازەی قازانجەکەیان دەزانی. خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ﴾ [البقرة:٢٧٥]، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ [النساء:٢٩]. موڕابەحەش کڕین وفرۆشتنێکە ڕازی بونی هەر دو لای تێدا بەدی هاتوە، وپێویستیش زۆرە بۆ دروست بونی، چونکە خەڵك هەیە نازانێت یەکسەر بسێنێت، بۆیە پشت بە کەسی تر دەبەستێت بۆ کڕین، جا قازانجێکی دیاری کراوی زانراوی بۆ زیاد دەکات.

---

(١) أخرجه أحمد (٢/٢٢٥)، وأبو داود (٣٤٦٠)، وابن ماجه (٢١٩٩)، وابن حبان (١١/٤٠٥)، وصححه الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (١٨٠٠).

پرسی نۆیەم: کڕین وفرۆشتن بە قیست (بەش بەش)

«القِسْط» فرۆشتنێکە بە نرخێك کە قەرزە، ئەدرێتە فرۆشیار لە شێوەی قیست، ئیتر نرخەکە بەرامبەر کاڵاکە بێت یان بە هۆی قەرزەکەوە زیاتر بێت. **نمونەی زیاتریش**: وەك ئەوەی لای فرۆشیار ئۆتۆمبیلێك هەبێت، نرخەکەی بە نەخت بە چل هەزار دینار بێت، بە قەرزیش بە شەست هەزار دینار بێت، جا لەگەڵ کڕیارەکە ڕێك دەکەوێت کە بڕە پارەکە بە دوانزە بەش (قیست) بدات، لە کۆتایی هەر مانگێکدا پێنج هەزار دینار بدات.

حوکمەکەی: دروستە، لەبەر ئەوەی ئەڕواتە ژێر گشتێتی کڕین وفرۆشتن بە قەرز، لە عائیشەوە ﵂ ئەڵێ[١]: «اشْتَرَى رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ يَهُودِيٍّ طَعَامًا بِنَسِيئَةٍ [أي: بالأجل]، وَرَهَنَهُ دِرْعَهُ» «پەیامبەری خوا ﷺ خواردنی جۆی لە یەهودیەك کڕی بە قەرز، وقەڵغانەکەشی بە بارمتە دانا». هەروەها بەڵگە لە سەر بەشبەش کردنی نرخ فەرمودەکەی عائیشەیە ﵂ لە هەردو سەحیحەکەدا[٢] کە بەریرە وتویەتی: من موکاتەبەی خاوەنەکەی خۆم کردوە لە سەر نۆ وەقە، هەر ساڵێك وەقەیەك.

بەڵگەش لە سەر زیادکردنی نرخەکە بە هۆی قەرزەوە فەرمودەکەی عەبدوڵای کوڕی عەمرە کە وشتری بردوە بە دو وشتر وسێ وشتر بە قەرز تا بەردەست بونی وشتری صەدەقە، ئەمەش بە فەرمانی پەیامبەری خوا ﷺ بوە. بەیهەقی ودارەقوتنی ڕیوایەتیان کردوە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە لە «إِرْوَاءُ الغَلِيل»دا[٣].

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٠٦٨)، ومسلم (١٦٠٣) [والتفسير ليس في الرواية].
(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١٦٨)، ومسلم (١٥٠٤).
(٣) «سنن الكبير» (٥/٢٨٧-٢٨٨)، و«سنن الدارقطني» (٣٠٥٣)، و«الإرواء» (١٣٥٨).

کڕین وفرۆشتنیش بەم شێوازە سودی بۆ هەر یەك لە کڕیار وفرۆشیار تێدایە، فرۆشیار فرۆشراوەکانی زیاد دەکات، وئوسلوبەکانی جۆراو جۆر دەکات لە فرۆشتنی کالاکانی دا، هەم بە نەخت وهەم بەقیست دەفرۆشێت، ولە قیستیشدا قازانج لە زیادی نرخەکە دەکات بەرامبەر قەرزەکە، وەك چۆن کڕیار کالاکەی دەست دەکەوێت ئەگەر نرخەکەشی نەبێت، ئینجا لەوەودوا نرخەکەی بە قیست دەدات.

مەرجەکانی دروستێتی کڕین وفرۆشتن بە قیست:

بۆ ئەوەی کڕین وفرۆشتن بە قیست دروست بێت کۆمەڵێ مەرجی هەیە جگە لە مەرجەکانی کڕین وفرۆشتنی پێشو:

١- ئەبێت کالاکە لە کاتی گرێ بەستەکەدا لە لای بفرۆش بێت ولە ژێر هەڵس وکەوتی خۆیدا بێت، بۆیە دروست نیە بۆیان ڕێك بکەون لە سەر نرخەکەی وکاتی قیست دانەکەش دیاری بکەن، دوای فرۆشیار بڕوات ئەو کالایە بکڕێت، ئینجا بیداتە کڕیارەکە، ئەمەش حەرامە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ: «شتێك مەفرۆشە کە لات نیە».

٢- دروست نیە کڕیار ناچار بکرێت -لە کاتی گرێ بەستەکە دا بێت یان لەوەو دوا- بە پێدانی زیاتر لەوەی ڕێك کەوتون لە سەری لە کاتی گرێ بەستەکەدا ئەگەر لە دانی قیستەکە دواکەوت، چونکە ئەمە سووە وحەرامە.

٣- بۆ کڕیاری دارا حەرامە دانەوەی قیستەکە لە کاتی خۆی دوا بخات.

٤- فرۆشیار ئەو مافەی نیە خاوەندارێتی فرۆشراوەکە لای خۆی بهێڵێتەوە، بەلام دروستە بۆی بیکاتە مەرج بەسەر کڕیاردوە کە وەکو بارمتە فرۆشراوەکەی لا بێت، بۆ ئەوەی مافی خۆی زەمان بکات لە وەرگرتنەوەی قیستە قەرزەکان.

دەروازەی دووەم

لە بارەی سووەوە «الرِّبَا»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی سو وحوکمەکەی؟

١- پێناسەکەی:

ڕیبا لە زماندا: واتە زیادە. لە شەرعیشدا: زیادکردنی یەکێکە لە دو لەجیاتییە هاوجۆردکە (البَدَلَينِ المُتَجَانِسَينِ)، بێ ئەوەی ئەو زیادە لە بریتی شتێك بێت.

٢- حوکمەکەی:

سوو لە کتێبەکەی خوادا حەرامە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ [البقرة: ٢٧٥] هەروەها ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [البقرة: ٢٧٨] «ئەی باوەڕداران خۆ پارێز بن، لە خوا بترسن واز بهێنن لە داواکردنی ئەو سوەی کە ماودتەوە بە سەر کابراوە، ئەگەر بەڕاستی ئێوە ئیماندارن». هەروەها خوا ﷻ هەڕەشەی کردوە لە مامەڵەکەر بە سودود بە توندترین هەڕەشە، ئەفەرموێ ﷻ: ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾ [البقرة:٢٧٥]، یانی: [ئەوانەی مامەڵە بە ڕیباود دەکەن] لە کاتی زیندوبونەوەدا لە گۆڕەکانیان هەڵناسنەوە مەگەر وەکو یەکێك شەیتان دەستی لێ وەشاند بێت، ئەمەش لەبەر هەڵ ئاوسانی ورگیان بە هۆی سوو خواردنیانەوە لە دونیادا. پەیامبەر خواش ﷺ لە تاوانە گەورەکانی ژماردوە، ونەفرەتیشی کردوە لە هەمو ئەوانەی مامەڵە بە سوەوە دەکەن بە هەر شێوەیەکی

مامەڵەکردنەوە بێت، ئەوەتا جابری کوڕی عەبدوڵا دەگێڕێتەوە ﷺ، ئەڵێ[1]: «لعن رَسُولُ اللهِ ﷺ آكِلَ الرِّبَا وَمُؤْكِلَهُ، وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ، وَقَالَ: هُمْ سَوَاءٌ» «پەیامبەر ﷺ لەعنەتی کرد لە سوو خۆر، وسو دەر، ونوسەرەکەی، ودو شاهیدەکەشی، وفەرموشی: هەمویان وەك یەکن». وهەمو ئوممەتیش کۆکن لە سەر بە حەرام دانانی.

پرسی دووەم: دانایی لە حەرامکردنی سوو:

مامەڵە کردن بە ڕیباوە ئەبێتە مایەی خۆ خۆشویستن، وبە حیرس وحەڵپەبون بۆ کۆکردنەوەی ماڵ وسامان لە دەردوەی ڕێگا شەرعیەکە، وحەرام کردنیشی ڕەحمەتە بە بەندەکان، چونکە بردنی ماڵی خەلکی تێدایە بێ هیچ بەرامبەرێك، جا سوو خۆر ماڵی خەڵك دەخوات بە بێ ئەوەی هیچ سودێك ببینن لە بەرامبەردا، هەروەها ئەبێتە هۆی هەڵاوسانی پارە وزیادبونی لە سەر حسابی بردنی ماڵی هەژاران، سوو خۆرەکەش لەگەڵ تەمبەڵی وتەوەزەلی دا ڕا دێت، ودور دەکەوێتەوە لە سەرقاڵ بون بە کار وکەسابەتی حەڵاڵ وبە سود. وەکو چۆن بڕین ونەهێشتنی چاکەیە لە نێوان خەلکدا، وداخستنێکە بۆ دەرگای قەرزی چاکە (القَرْضُ الحَسَنَة)، هەروەها وا دەکات چینێکی سوخۆر پارە وسامانی ئوممەت وئابوری وڵاتیان بکەوێتە دەست وبە کەیفی خۆیان هەڵس وکەوتی پێوە بکەن. هەروەها سەرپێچیەکی مەزنی خوایە. ئەگەرچی سو ماڵی سوو خۆر زیاد دەکات بەڵام خوا پیت وقوتی دەبڕێتەوە وفەری تێدا ناهێڵێت، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ﴾ [البقرة: ٢٧٦]، «خوا سو ئەبات هەر هەموی وبێ بەشی دەکات لە پیت وقوت وفەڕ، جا سودی لێ نابینێت، بەڵام خێر وصەدەقە گەش ونما پێ دەکات».

---

(١) أخرجه مسلم (١٥٩٨).

پرسی سێیەم: جۆرەکانی سو:

یەکەم: سوی زیادە (رِبا الفَضْلِ):

زیادکردنە لە یەکێك لە دو لەجیاتیە ڕیباییەکە (البَدَلَيْنِ الرِّبوِيَيْنِ) کە هاو جۆرن.

بۆ نمونە: هەزار مەنی گەنم بکڕێت لە کەسێك بە هەزار ودو سەد مەنی گەنم، هەر لە نیشتگەی گرێ بەستەکەشدا هەر دو لە جیاتیەکە دەست بە دەست دەکرێت. جا ئەم زیادەیە کە دو سەد مەنی گەنمە بەرامبەری هیچ شتێك نیە وزیادەیە.

حوکمەکەی: شەریعەتی ئیسلام سوی زیادەی لە شەش شتدا قەدەغە کردوە: زێڕ، وزیو، وگەنم، وجۆ، وخورما، وخوێ. جا ئەگەر یەکێك لەم شەشە فرۆشرا بە هاوجۆرێکی خۆی ئەوا زیادەی تێدا حەرام دەبێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودری ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ، مِثْلًا بِمِثْلٍ، يَدًا بِيَدٍ، فَمَنْ زَادَ أَوِ اسْتَزَادَ فَقَدْ أَرْبَى، الْآخِذُ وَالْمُعْطِي فِيهِ سَوَاءٌ» «ئالتون بە ئالتون دەفرۆشرێت، وزیو بە زیو، وگەنم بە گەنم، وجۆ بە جۆ، وخورما بە خورما، وخوێ بە خوێ، لە کاتێکدا ئەبێت بە ئەندازەی یەك وەکو یەك بێت، ودەست بە دەست بێت، جا هەر کەس زیادە بدات یان زیادە وەر بگرێت ئەوا سوی ئەنجام داوە، وەرگر وبدەریش وەکو یەکن»[1].

جا هۆکار (عِلَّة)ی سو لەم شتانەدا بریتیە لە پێوان وکێشان، جا لە هەمو کێشراو وپێوراوێکدا زیادە حەرامە.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢١٧٥، ٢١٧٦)، ومسلم (١٥٨٤) واللفظ لمسلم.

دووەم: سوی قەرز ودواخستن (رِبَا النَّسِيئة):

زیادکردنە لە یەکێك لە دو لەجیاتیەکە (البَدلَين) لە بەرانبەر درەنگ دانەوە، یا دواخستنی ودرگرتن لە فرۆشتنی هەمو هاو جۆرێك بە یەکتر، کە هەمان هۆکاری سوی زیادەی تێدا بێت، هەروەها یەکێکیان دراو نەبێت. بۆ نمونە: هەزار مەنی گەنم بفرۆشێت بە هەزار ودوو سەد مەنی گەنم بۆ ماوەی ساڵێك، جا زیادەکە لێردا بەرامبەر درێژبونەوەی ماوەکەیە. یا کیلۆیەك جۆ بفرۆشێت بە کیلۆیەك گەنم وەدەست بە دەست نەبێت.

حوکمەکەی: ئەمە حەرامە، چونکە ئەو دەقانەی لە قورئان وفەرمودەدا هاتون لەسەر حەرامێتی سوو ودور کەوتنەوە لە مامەڵە پێ کردنی، ئەم جۆرەی سووە لە پێشتر دەگرێتەوە، هەر ئەمەش بووە لە سەردەمی نەفامیدا بڵاو بووە، هەر ئەمەشە لەم سەردەمەدا بانکە سو خۆرەکان ئەنجامی دەدەن. لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «وَلَا تَبِيعُوا مِنْها غَائِبًا بِنَاجِزٍ» «ونا ئامادەکەی مەفرۆشن بە حازری»، لە لەفزێکی تردا: «مَا كَان يدًا بيد فَلا بَأْسَ بِه، ومَا كَانَ نَسِيئة فَهُو ربا» «هەر کامەی دەست بە دەست بو هیچی تێدا نیە، کامەشی دواخرا ئەوە ڕیبایە»[1].

پرسی چوارەم: شێوەی هەندێك مەسەلەی ڕیبایی:

بە جێ بە جێ کردنی ئەم بنەمایەی خوارەوە وئەوەی لە خۆی گرتوە، ڕون دەبێتەوە کە هەر مەسەلەیەکی لە مەسەلەکان، ئایا مامەڵەیەکی سووە یا حەڵاڵە، ڕێساکەش ئەمەیە:

---

(١) أخرجه مسلم (١٥٨٩).

ئەگەر ماڵێکی ڕیبایی[1] بە هاو جۆرێکی خۆی فرۆشرا ئەبێ دو مەرجی تێدا بێ:

١- دەست بە دەستکردن لە لایەن هەر دو لاوە لە نشتگەکەدا پێش بڵاوە لێ کردن.

٢- بە پێوەری شەرعی وەکو یەك ویەکسان بن، پێوراو بە پێوراو، کێشراو بە کێشراو.

بەڵام ئەگەر ماڵی ڕیبایی فرۆشت بە جۆرێکی تر بە دەر لە جۆرەکەی خۆی، ئەوا ئەبێت یەك مەرجی تێدا بێت، کە وەرگرتنە پێش جیابونەوە، یەکسان بونیش مەرج نیە. ئەگەریش ڕیبایی بە جگە لە ڕیبایی فرۆشرا ئەوا دروستە زیاتر بێت وجیاش ببنەوە پێش وەرگرتن.

وا لە خوارەوەش هەندێك شێوەی مامەڵەکردن وحوکمەکەی ڕون دەکەینەوە:

١- سەد گرام زێڕی فرۆشت بە سەد گرام زێڕ بەڵام دوای مانگێك پێی دەدات. ئەمە حەرامە، وسوە، چونکە لە نشتگەکە دەست بە دەستیان نەکردوە.

٢- کیلۆیەك جۆ دەکرێت بە کیلۆیەك گەنم، دروستە، لەبەر جیاوازی جۆرەکەیان، مەرجیشە لە نیشتگەکە دەست بە دەست ڕو بدات.

٣- ئەگەر پەنجا کیلۆ گرام گەنمی کڕی بە شەکێك ئەوە بە ڕەهایی دروستە، ئیتر لە نشتگەکەدا دەست بە دەست ڕو بدات یان نا.

٤- ئەگەر سەد دۆلاری فرۆشت بە سەد وبیست دۆلار، دروست نیە.

---

(١) مەبەست لێی: ئەگەر یەکێك بێت لە شەش جۆرەکەی پێشو کە لە فەرمودەکەی ئەبو سەعیدی خودریدا باسکرا، یا هاوتای ئەو شەشە بێت [هاوتاش واتە: بکێشرێ وبپێورێت].

٥- ئەگەر هەزار دۆلاری قەرزکرد بە هەزار ودو سەد دۆلار بە مەرجێك دوای مانگێك یا زیاتر بیگێڕێتەوە، دروست نیە.

٦- ئەگەر سەد درهەمی زیوی کڕی بە سەد دیناری ئاڵتون، دوای ساڵێك دەیدات، دروست نیە، چونکە نەبێت دەست بە دەست ڕو بدات.

٧- دروست نیە کڕین یا فرۆشتنی سەهمی ئەو بانکانەی مامەڵە بە ڕیباوە دەکەن، چونکە لە جۆری فرۆشتنی دراوە بە دراو بە بێ یەکسانی وبە بێ دەست بە دەست.

دەروازەی سێیەم

لە بارەی قەرزەوە

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەکەی وبەڵگەکانی شەرعی بونی؟

قەرز: بریتیە لە ماڵدان بە کەسێك سودی لێ ببینێت دواتر لەجیاتیەکەی بگێڕێتەوە. قەرزیش شەرعیە، بەڵگەش لە سەر ئەمە گشتێتی ئەو نایەت وفەرمودانەی پەیامبەرە ﷺ کە لە بارەی فەزڵی یارمەتی یەکتر دان وبە جێ گەیاندنی پێداویستی موسڵمان ولە مەینەتی دەرکردنیەوە هاتوە بەڵگەن لە سەری، موسڵمانانیش کۆکن لە سەر دروستیەکەی. ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا ﷺ وشترە گەنجێکی لە پیاوێك قەرز کرد، کە وشتری صەدەقە هات، فەرمانی کرد بە ئەبو ڕافع ﷺ قەرزی کابرا بداتەوە، ئەبو ڕافع گەڕایەوە خزمەتی وتی: وشتری لەو تەمەنەم نەبینیوە تەنها وشتری پێنج ساڵە نەبێت، فەرموی ﷺ: «أَعْطِهِ إِيَّاهُ، إِنَّ خِيَارَ النَّاسِ أَحْسَنُهُمْ قَضَاءً» «پێی بدە، بە ڕاستی باشترینی خەڵك ئەوانەن باشترینن لە قەزاکردنەوەدا»[1]. هەر لەو بەڵگانەی تر لە سەر فەزڵەکەی: فەرمودەکەی پەیامبەری خوایە ﷺ ئەفەرموێ: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِمًا قَرْضًا مَرَّتَيْنِ إِلَّا كَانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً» «هیچ موسڵمانێك نیە دو جار قەرز بدات بە موسڵمانێکی تر مەگەر وەکو ئەوە وایە یەك جار کردبێتیە خێر»[2].

---

(١) أخرجه البخاري (٢٣٩٣)، ومسلم (١٦٠١) واللفظ لمسلم.

(٢) أخرجه ابن ماجه (٢٤٣٠) وهو حديث حسن. انظر إرواء الغليل (٥/٢٢٦).

پرسی دوەم: مەرجەکانی قەرز وهەندێك حوکمی پەیوەست پێوەی:

١- دروست نیە موسڵمان قەرزێك بدات بە براکەی خۆی بە مەرجێك دوای گێڕانەوەی، قەرز بەم بداتەوە، چونکە قەرزدەر سود کەیاندنی بە مەرج گرتوە، هەرچی قەرزێکیش سودێکی [مەرج داری] لێ بکەوێتەوە ئەوا سوە، وەك: بە مەرجی ئەوەی بە بەلاش، یا هەرزان بڕواتە خانودکەی، یا ناژدڵەکەی خۆی بخاتە لای، یا هەر شتێکی تر، یا هەر سودێکی تر. کومەڵێك لە هاوەڵانی پەیامبەر ﷺ فەتوایان لە سەر ئەمە داوە، وزانایانیش کۆکن لە سەر ڕێگری لێ کردنی.

٢- ئەبێت قەرزدەر هەڵس وکەوت دروستێکی، بالغی ژیری سەر ڕاست بێت، بەخشینی دروست بێت.

٣- بۆ قەرزدەر نیە زیادە دانەوە لە ماڵەکە بکاتە مەرج، چونکە ئەوە سوە، دروستیش نیە وەری بگرێت، بەڵکو تەنها ئەوەندە وەردەگرێت کە یەکەمجار پێیداوە.

٤- ئەگەر قەرزار باشتر لە قەرزەکە یان زیاتری بۆ خاوەن قەرزەکە گێڕایەوە بە بێ مەرج ومەبەست، ئەوە دروست ئەبێت، چونکە بەخشین وجوان قەزاکردنەوەیە لە قەرزاردوە، فەرمودەکەی ئەبو ڕافعیش بەڵگەیە لە سەر ئەمە.

٥- ئەبێت قەرزدەر خاوەنی ئەوە بێت دەیدات بە قەرز، بۆشی دروست نیە شتێك بدات بە قەرز کە هی خۆی نیە.

٦- هەروەها مامەڵە ڕیباییە حەرامەکان: ئەوەیە کە بانکەکان لە سەردەمی ئەمڕۆماندا پێی هەڵدەستن، وەك قەرزدان بە کەسێکی پێویستدار، ئەڕوا بڕێك پارەی پێ دەدات بەرامبەر سودێکی دیاری کراو، لێی وەری دەگرێت جگە لە قەرزەکە، یان بانکەکە لەگەڵ قەرزکەرەکە ڕێکدەکەوێت لە سەر نرخی قەرزەکە، پاشان بانکەکە

ئەڕوا کەمتر لەردی ڕێککەوتبون پێی دەدات، بەو مەرجەی قەرزکەرەکە بە تەواوەتی بیداتەوە، بۆ نمونە: قەرزکەرەکە داوای سەد هەزار لە بانك دەکات، بـانکیش هەشتا هەزاری پێ دەدات وبە مەرجی دەگرێت دواجار سەد هەزاری بۆ بگێڕێتەوە. ئەمـەش سود وحەرامە.

دەروازەی چوارەم

لە بارەی بارمتەوە (الرَّهْن)

دوو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای بارمتە، وبەڵگەکانی شەرعی بونی؟

بارمتە: دانانی زاتێکی ماڵیە، وەکو بەڵگە نامەیەك بۆ قەرزەکە، تا لە کاتی نەدانەوەی، قەرزەکە یا نرخەکەی لێ ببات.

بەڵگەش لە سەر شەرعی بونی بارمتە، فەرمایشتەکەی خوایە: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ﴾ [البقرة: ٢٨٣] «ئەگەریش لە سەفەر بون وکەستان دەست نەکەوت قەرزەکەتان بۆ بنوسێت ئەوسا شتێك بدەن بە خاوەن هەقەکە تا وەکو زەمانەتی هەقەکەی خۆی لە لای بێت تا قەرزارەکە قەرزەکە دەداتەوە»، باسی سەفەریش لە ئایەتەکەدا بۆ زۆر جار هاتوە، بۆیە عیبرەت بە مەفهومەکەی نیە، چونکە سوننەت بەڵگەیە لە سەر شەرعی بونی لە نیشتەجێدا، لە عائیشەوە ﵂ [پێشتر باس کرا]: «پەیامبەری خوا ﷺ خواردنی لە یەهودیەك کڕی بە قەرز، وقەڵغانەکەشی بە بارمتە لا دانا».

پرسی دوەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە بارمتەوە:

١- هەر شتێك دروست نەبێت بفرۆشرێت دروست نیە بکرێتە بارمتە، وەك وەقف وسەگ، چونکە ناکرێت قەرزەکەی لێ بپردرێت، شتێکیش نەکرێت خاوەنداریتی بکرێت ناکرێتە بارمتە.

٢- مەرجیشە ئەندازە وجۆر وشێوازی بارمتەکە بزانرێت.

٣- نەبێت بارمتەدانەر هەڵس وکەوت دروست بێت، خاوەنی بارمتەکە بێت یان ڕێگەی پێدرا بێت.

٤- بۆ بارمتەدانەر نیە هیچ بکات بە بارمتەکە بە بێ ڕەزامەندی بارمتە لادانراو، ئەمیش ئەوەی بۆ نیە بە بێ ڕەزامەندی بارمتەدانەر.

٥- دروست نیە «بارمتە لا دانراو» کەڵك وەر بگرێت لە بارمتەکە مەگەر بارمتەکە سوار یان شیردارێك بکات، ئەوا دروستە بۆی سواری ببێت، وشیردارەکەش بدۆشێت ئەگەر خەرجی دەکێشا.

٦- بارمتە ئەمانەتە لە دەست بارمتە لا دانراو، جا زەمانەتی لە سەر نیە مەگەر دەست درێژی بکاتە سەری، جا ئەگەر کاتی ئەو قەرزە هات کە بارمتەی لەگەڵدایە، پێویستە لە سەر قەرزار قەرزەکە بداتەوە، ئەگەر نەیکرد دادوەر ناچاری دەکات، هەر نەیکرد بەندی دەکات وتەمبێی دەکات تا قەرزەکە بداتەوە، یا بارمتەکە دەفرۆشێت ولە نرخەکەی دەیبژێرێت.

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی کڕین وفرۆشتنی «السلم»ـەوە

ئەمیش دو پرسی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتای سەلەم وبەڵگەکانی شەرعی بونی، ودانایی لێی؟

[١] پێناسەکەی: «السَّلَف» و«السَّلَم» یەك واتایان هەیە، بریتیە لە فرۆشتنی نائامادەیەکی وەسفکراو لە ئەستۆ بە نرخێکی حازری وپێشوەختە.

[٢] **بەلگەی شەرعی بونی:** شەرعیە وەك ئیبن عەبباس ئەڵێ: «قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺ الْمَدِينَةَ وَهُمْ يُسْلِفُونَ فِي الثِّمَارِ السَّنَةَ وَالسَّنَتَيْنِ، فَقَالَ: مَنْ أَسْلَفَ [...] فَلْيُسْلِفْ فِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ، وَزْنٍ مَعْلُومٍ، إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ» «پەیامبەری خوا ﷺ کە هات بۆ مەدینە مامەڵەی سەلەمیان لە بەر وبومدا دەکرد بۆ ساڵ ودوان یا سیان، فەرموی: کێ سەلەمی کرد با بیکات بە پێوانەیەکی زانراو، وبە کێشانەیەکی زانراو، بۆ ماوەیەکی زانراو»[١].

[٣] **حیکمەت لە شەرعی بونی:** وشەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێداوە بۆ فراوانی کردن دەرهەق موسڵمانان، بۆ نمونە: جوتیار لەوانەیە پارەی نەختی نەبێت بۆ چاککردنی زەوی وکشتوکاڵەکەی، کەسیشی دەست ناکەوێت قەرزی پێ بدات، بۆیە سەلەمی بۆ حەلاڵ کراوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی وەبەرهێنانکردن لە زەویەکەی لەدەست نەچێت.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٢٤٠)، ومسلم (١٦٠٤).

پرسی دوەم: لە بارەی مەرجەکانیەوە:

سەلەم جۆرێکە لە جۆرەکانی کڕین وفرۆشتن، جا بۆ ئەوەی دروست ببێت مەرجەکانی پێشتری کڕین وفرۆشتنی پێویستە، ئەمانەشی بۆ زیاد دەکرێت:

١- ئەبێت «سەلەم لە بارەوە کراو» بکرێت سیفەتەکانی زەبت بکرێت، وبە وردی دیاری بکرێت بە پێوانە یان کێشانە یا گەز، بۆ ئەوەی سەر نەکێشێت بۆ کێشە وناکۆکی.

٢- زانینی ئەندازەی «سەلەم لە باردوە کراو» بە پێودرە شەرعیەکەی، جا دروست نابێت نە لە پێوراوێك بە کێشراوێك، ونە لە کێشراوێك بە پێورراوێك.

٣- ئەبێت ڕەگەز وجۆری سەلەم لەباردوە کراو باس بکات، بە سیفاتانێك کە جیای بکاتەوە.

٤- ئەبێت قەرز بێت لە ئەستۆدا.

٥- ئەبێت حازری نەبێت.

٦- ئەبێت ماوەکە زانراو ودیاری کراو بێت لە لایەن هەر دو لاوە.

٧- ئەبێت نرخەکە بە تەواودتی بە زانراوی لە نیشتگەکەدا وەر بگرێت پێش ئەوەی هەر دوکیان بڵاوە لیٚ بکەن.

٨- ئەبێت سەلەم لەباردوە کراو لەوانە بێت زۆرجار بکرێت لە ماوەکەدا بێتە دی، بۆ ئەوەی لە ماوەی دیاری کراودا تەسلیمی بکات، جا ئەگەر بونی نەدەبو -وەك خورمای تەڕ لە زستاندا- ئەوە دروست نابێت، چونکە فریودان وغەرەری تێدایە.

دەروازەی شەشەم

لە بارەی حەواڵە کردنەوە «الْحَوَالَة»

ئەمیش دو پرسی لە خۆ گرتوە[١]:

پرسی یەکەم: واتای حەواڵە، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

حەواڵە: بریتیە لە گواستنەوەی قەرز لە ئەستۆی حەواڵە کەرەکەوە بۆ ئەستۆی حەواڵە بۆ کراو.

قەرز گواستنەوەش شەرعیە لەبەر ئەو نەرمیە، وە ئەو بەرژەوەندیەی کە تێیدایە لە گۆڕینەوەی نێوان تاکەکانی ئوممەت، لەگەڵ ئاسان کردنی مامەڵەکان. لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا أُتْبِعَ أَحَدُكم عَلَى مَلِيءٍ فَلْيَتْبَعْ»[٢]، یانی: ئەگەر کەسێکتان قەرزێکی هەبو، هەواڵەی دارایەك کرا با هەواڵەکە کردنەکە قەبوڵ بکات. جا ئەگەر هەواڵەی مایە پوچێکی کرد ئەوا هەقەکەی دەگەڕێتەوە لای ئەوەی هەواڵەی کردوە، چونکە موفلیس بون عەیبەیە وئەمیش پێی ڕازی نەبوە، بۆیە مافی پەشیمان بونەوەی هەیە.

---

(١) بۆ ئەوەی ئەم باسەت لا ڕون بێت، ئەم زاراوانە بزانە:
هەواڵەکەر «المحیل»: قەرزارەکەیە، کە دێت خاوەن قەرز، هەواڵەی کەسی سێیەم دەکات.
هەواڵەکراو «المحال»: خاوەن قەرزەکەیە، کە قەرزارەکە، هەواڵەی کەسێکی تری دەکات.
هەواڵە بۆ کراو «المحال علیه»: ئەو کەسی سێیەمەیە کە خاوەن قەرزەکەی بۆ لا حەواڵە دەکرێت.
هەواڵە لە سەر کراو «المحال به»: خودی قەرزەکەیە. وەرگێڕ.
(٢) متفق علیه: أخرجه البخاري (٢٢٨٧)، ومسلم (١٥٦٤).

پرسی دووەم: مەرجەکانی حەواڵە بۆ ئەوەی دروست بێت:

بۆ ئەودی دروست بێت ئەمانەی خوارەوە مەرجن:

١- ڕەزامەندی حەواڵەکەر، چونکە سەر پشکە لەو دیودی قەرزەکەی پێدا دەداتەوە، جا ناچار ناکرێت لە سەر لایەك.

٢- ئەبێت هەردو ماڵە «حەواڵە لە سەر کراو» و«هەواڵە بۆ کراو»ەکە لە ڕوی ئەندازە وجۆر وسیفەت وەك یەك بن.

٣- ئەبێت ماڵە لە سەر هەواڵەکراوەکە قەرزێکی جێگیر بێت لە ئەستۆی هەواڵە بۆ کراوەکە.

ئەگەریش حەواڵە دروستەکە دامەزرا بەو شێوازەی باس کرا ئەوا ئەبێتە هۆی ئەوەی: مافەکە لە ئەستۆی هەوالکەرەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەستۆی حەواڵە بۆ کراو.

هەروەها لە شێوە سەردەمیەکانی حەواڵە:

- **حەواڵەی بانکی** (الحَوَالَةُ المَصْرِفِيَّة): هۆکارێکە بۆ تەسلیمکردنی بڕە پارەیەکی نەخت، لە بەرامبەر دانەوەی نرخەکەی لە شوێنێکی تر.

ئەمەش شێوەکەیەتی: کەسێك هەڵدەستێت بڕێك پارەی نەخت دەداتە یەکێك لە بانکەکان، داوای لێ دەکات نرخی ئەو بڕە تەسلیمی کەسێکی تر بکات لە شارێکی تر، لە بەرامبەر کرێ وعمولەیەك لە بانکەکە وەری دەگرێت.

- سفتەچی (السُّفْتَجَة): ئەمەش هەر دەخرێتە پاڵ حەواڵەوە، کە بریتیە لە نوسراوێك یا تەختەیەك قەرزارەکە یان جێگرەکەی دەینوسێت بۆ خاوەن قەرزەکە یان جێگرەکەی لە شارێکی تر بیداتەوە بە قەرزدەر. یا قەرزێك بداتە کەسێك لە شارێك

بۆ ئەوەی قەرزار یان جێگرەکەی بیداتەوە بە قەرزدەرەکە یان جێگرەکەی لە شارێکی تر. جا ئەو کاغەزەی قەرزار دەینوسێت پێی دەوترێت سفتەچی -کە وشەیەکی فارسی بە عەرەبی کراوە-[1]. هەندێك لە زانایانیش ڕێگەیان پێنەداوە، بەڵام ئەوەی ڕاستە: دروستە، چونکە بەرژوەندی هەر دو لای تێدایە بە بێ ئەوەی زیانی بۆ کەسیان یا ناشەرعیەکی تێدا بێت.

(١) ئەم وشە خۆی لە ئەسڵدا -والله أعلم- لە وشەی سفتی کوردیەوە وەرگیراوە، واتە موحکەم ویتەو، بەمەش ناونراوە چونکە کارەکە پتەو وسفتە. «چی»یەکەش تورکیە واتە: خاوەن، وەك پینەچی. وەرگێڕ.

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی بریکاریەوە «الْوَكَالَة»

دو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای بریکاری، وحوکمەکەی، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- پێناسەکەی:

بریکاری: ئەودیە کەسێك جگە لە خۆی ڕا بسپێرێت بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە لەو شتانەی بریکاری دەیگرێتەوە.

٢- حوکمەکەی وبەلگەکانی شەرعی بونی:

بریکاری شەرعیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ﴾ [الكهف:١٩] «جا یەکێکتان بنێرن ودراوە زیوییەکەتانی پێ بدەن با بڕوا بۆ شار بزانێت کامەیان خواردنەکەی حەلاڵ تر وپاکترە تا بۆمان بهێنێت برسیمانە» ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا﴾ [التوبة:٦٠]. جا خوا لە بەر کارکردنی ڕێ پێدا، چونکە لە جیاتی ئەوانەی شایستەن زەکات کۆ دەکەنەوە. لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە ئەڵێ: ویستم بچم بۆ خەیبەر، پەیامبەری خوا فەرموی: «إِذَا أَتَيْتَ وَكِيلِي فَخُذْ مِنْهُ خَمْسَةَ عَشَرَ وسْقًا» «کە چوی بۆ لای بریکارەکەم ئەوا پانزە ویسقی لێ بسێنە»[1]. لە عەمری کوڕی جەعدەوە ﷺ ئەڵێ: «عَرَضَ لِلنَّبِيِّ ﷺ جَلَبٌ فَأَعْطَانِي دِينَارًا، وَقَالَ: أَيْ عُرْوَةُ، ائْتِ الْجَلَبَ فَاشْتَرِ لَنَا شَاةً...» «ئاژەڵ وشتومەك

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٦٣٢)، والدارقطني (١٥٥/٤).

هێنرابو بۆ فرۆشتن پەیامبەری خوا ﷺ بینی، فەرموی: ئەی عوروە برۆ شەکێکمان بۆ بکرە...»[1].

موسڵمانانیش کۆکن لە سەر دروستێتی بریکاری بە گشتی، چونکە پێویستی ئەیخوازێت، لەبەر ئەوەی هەمو کەسێك پێی ناکرێت بە خۆی ئەوە بکات کە پێویستی پێیەتی، جا پێویستی، خواستی کە شەرعی بێت.

پرسی دووەم: مەرجەکانی بریکاری، وئەو حوکمانەی پێوەی پەیوەستە:

١- مەرجە بریکار وبریکارگرتەکەش هەڵس وکەوت دروست وبالغ وژیر وسەر ڕاست بن.

٢- بریکاری دروست ئەبێت لە هەر شتێك کە بریکاری بیگرێتەوە، وەك کڕین وفرۆشتن وسەرجەم گرێ بەستەکانی تر، وهەڵوەشاندنەوەکان وەك تەڵاق وخولع. هەروەها دروست ئەبێت لە هەر شتێك بریکاری بیگرێتەوە لە پەرستنەکان وەك زەکات وسەر فترەدان، ونەزر وحەج کردن وهاوشێوەکانیان.

٣- دروست نابێت لەو شتانەی کە بریکاری نایگرێتەوە لە مافەکانی خوا وەك دەست نوێژ ونوێژ.

٤- بریکار ئەتوانێت ئەو هەڵس وکەوتانە بکات کە ئیزنی وەکیل گرتە ئەیخوازێت، یا بە گوێرەی نەریتی خەڵك، بە مەرجێك ئیزنەکە زیانی بۆ وەکیل گرتە نەبێت.

---

(١) أخرجه البخاري (٣٦٤٢).

٥- بۆ بریکار نییە کەسی تر بکاتە وەکیل مەگەر بریکارگرتە خۆی بهێڵێت، یا بریکار خۆی نەتوانێت کارەکە بکات، یا لێی نەزانێت ئەو کاتە دەست پاکێك نەخاتە جێی خۆی لەوەی ئەم تێیدا کراوەتە بریکار.

٦- بریکار دەستپاکە لەوەی پێی سپێردراوە، زەمانەتی لە سەر نییە مەگەر کەمتەرخەمی یا دەست درێژی بکات.

٧- بریکاری گرێ بەستێکی ناچاری نییە «جَائزٌ»، بۆ هەر دو لا هەیە هەڵیب وەشێنێتەوە.

٨- وەکالەتەکە بەم شتانە هەڵ دەوەشێتەوە:

مردن یا شێت بونی یەکێك لە دو لاکە، یان یەکێکیان هەڵی بوەشێنێتەوە، یان لە لایەن وەکیل گرتەوە بریکاریەکە هەڵ بوەشێتەوە، یان حەجری بخرێتە سەر بە هۆی گەمژدییەوە.

دەروازەی هەشتەم

لە بارەی کەفالەت وزەمانەتەوە «الكفالة والضمان»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتاکەی کەفالەت وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- پێناسەکەی: کەفالەت بریتیە لە پابەندبون بە ئامادەکردنی ئەو کەسەی کە مافێکی دارایی لە سەرە بیهێنیت بۆ مەجلسی حوکمدان.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی: کەفالەت شەرعیە بە بەڵگەی قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگی. لە قورئاندا ئەم ئایەتەیە: ﴿قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ [يوسف:٧٢] «وتیان: کاسە (جامولکە)کەی پادشامان لێ بزربوە کە شتی پێ دەپێوێت، پاداشتی ئەوەشی بیدۆزێتەوە یەك بارە وشتر خواردنە، منیش کەفیلی وزامنی ئەو بارە وشترە دەکەم. جا زعیم» یانی: کەفیل وزەمانەتکەر، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿سَلْهُمْ أَيُّهُمْ بِذَلِكَ زَعِيمٌ﴾ [القلم:٤٠] «ئەی پەیامبەری خوا پرسیار لە هاوبەشدانەران بکە: کێ لە ئێوە ئەبێتە کەفیل وزامنی ئەو حوکمە. جا زعیم لێرەش» یانی: کەفیل. لە فەرمودەشدا: پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ[1]: «الْعَارِيَةُ مُؤَدَّاةٌ، وَالزَّعِيمُ غَارِمٌ، وَالدَّيْنُ مَقْضِيٌّ» «دەستیار دەدرێتەوە دەست خاوەنەکەی، کەفیلیش پابەندە بە بژاردنەوە، قەرزیش پێویستە بدرێتەوە».

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٦٥)، والترمذي (١٢٦٥) وقال: «حديث حسن». «السلسلة الصحيحة» (٦١٠). زەعیمیش کەفیلە، زەعامەتیش کەفالەتە. «معالم السنن» (١٧٧/٣). [لە ئەسڵدا لە سەرەوە دانراوە].

زانایانیش کۆکن لە سەر دروستێتی کەفالەت، چونکە خەڵك پێویستیان پێ دەبێ وزیان لە قەرزدەر دور دەخاتەوە.

پرسی دوەم: پایەکانی کەفالەت ومەرجەکانی:

پایەکانی کەفالەت پێنجە:

شێواز (صیغة)کەی، وکەفیل، وکەفالەت بۆ کراو (المَكْفُولُ لَه)، کەفالەت لە بر کراو (الْمَكْفُولُ عَنْهُ)، مافە کەفالەت بۆ کراوەکە (الْمَكْفُولُ بِه)(1).

صیغەکەشی بە ئیجابی کەفیلەکە بە تەنها تەواو دەبێت وڕاناوەستێت لە سەر قەبولکردنی کەفالەت بۆ کراوە.

سەبارەت بە کەفیل: مەرجە لەوانە بێت، شیاو بێت تەبەڕوع بکات وببەخشێت، ئیتر پیاو بێت یان ژن، چونکە کەفالەت لە تەبەڕوعاتەکانە.

کەواتە کەفالەتی شێت وتێك چو (الْمَعْتُوه) ومنداڵ دروست نابێت، هەروەها ئەوەی حەجری لە سەرە بە هۆی گەمژییەکەیەوە، نە کەفالەتی ونە زەمانەتی دروست نابێت.

کەفالەت لە بر کراویش: ڕازی بونی مەرج نیە بۆ ئەوەی کەفالەتەکە دروست بێت، بە پێچەوانەی کەفیلەوە کە ڕەزامەندی مەرجە بۆ دروستێتی کەفالەت.

---

(1) کەفیل: ئەو کەسەیە کە پابەند ئەبێت بە ئامادەکردنی کەسەکە.
کەفالەت بۆ کراو (المَكْفُولُ لَه): ئەو کەسەیە کە خاوەن مافە وداوای کەفیلی کردوە.
کەفالەت لە بر کراو (المَكْفُولُ عَنْهُ): ئەو کەسەیە ئەبێت ئامادە بێت ومافەکە بدات.
مافە کەفالەت بۆ کراوەکە (المَكْفُولُ بِه): ئەو ماف ومالەیە کە پێویستە لە سەر «المَكْفُولُ عَنْهُ». وەرگێڕ.

جێگای کەفالەت کردنەکەش: ئەگەر بە ماڵ وسامان بێ، وپێی دەوترێ: زەمانەت، ئەگەرێ بە خۆ (النفس) بێت، پێشی دەوترێت: کەفالەتی لاشە وڕوومەت.

پرسی سێیەم: هەندێك لە حوكمەكانی كەفالەتكردن:

١- كەفالەت كردن دروست ئەبێت بە لاشەی هەمو كەسێك كـە هـەقێكی مـاڵی بە سەردوە بێت.

٢- كەفالەت كردن دروست نابێت بە لاشەی كەسێك حەددی لە سەرە.

٣- كەفالەت كردن دروست نابێت بە لاشەی كەسێك تۆڵە سەندنەوەی لە سەرە.

٤- كەفیل ئەستۆ پاك ئەبێ بە مردنی كەفالەت بۆ كراوەكە كە ناكرێت بهێنرێت.

٥- ئەگەر كەسەكە خاوە-خاوی دەكرد ونەیدەدایەوە، یا مایەپوچ بـو، ئـەوا ئـەو كەفیلەی مافدانەوەی لە ئەستۆ گرتوە زەمانەتی لە سەرە.

٦- ئەو كەفیلەی مافدانەوەی لە ئەستۆ نەگرتوە -كەفیلی هێنان- زەمانـەتی لـە سەر نیە، چونكە كەفالەتەكەی كەفالەتی ناساندن وهێنانی كەفالەت لە بر كراوە.

٧- كەفالەتكردن بە لاشە دروستە، كە بریتیە لە پابەندبونی كەفیل بە هێنانی «لـە بر كراو» بۆ «كەفالەت بۆ كراو» یا بۆ نشتگەی حوكمەكە وهاوشێوەكانی.

پرسی چوارەم: لە بارەی زەمانەتەوە:

زەمانەتكرن: بریتیە لە پابەند بون بەوەی لە سـەر كەسـێكی تـر پێویسـت بـوە. ئەمەش دروستە، لەبەر فەرمایشتەكەی [پێشـتری] خـوا ﷻ: ﴿ئـەوەی بیدۆزێتـەوە پاداشتەكەی یەك بارە وشتر خواردنـە، منـیش كـەفیلی وزامـنی ئـەو بـارە وشـترە دەكەم﴾ [یوسف:٧٢]، جا زعـیم یـانی: زامنكـەر، هـەروەها فەرمودەكـەی [پێشـوی]

پەیامبەر ﷺ: «زامن کەریش لـە سـەریەتی پابەنـد بێـت بـە بـژاردنی مافەکـە».
زانایانیش کۆن لە سـەر ئـەوەی دروسـتە، چـونکە پێویسـتی ئـەیخوازێت، ئەمـەش
ئەرواتە ژێر ئەو پێداویستی پڕکردنەوە وهاوکاریەی کە شەرع فەرمانی پێکردوە.

حوکم ومەرجەکانی زەمانەت:

١- دروست نیە قەرەبوی لە سەر وەر بگیرێت.

٢- دروستە چەند زامنکەرێك هەبن" دو زامنکەر وزیاتریش هەبن.

٣- مەرج نیە زامنکەر زەمانەت بۆ کراو بناسێت.

٤- دروستە زەمانەتی زانراو ونەزانراو بکرێت ئەگەر سـەری دەکێشـا بـۆ زانـین، هەروەها زەمانەتی بەرپرسیارێتی فرۆشراو (ضَمَانُ عُهْدَةِ المَبِيعِ) دروستە[1].

٥- زەمانەت دروستە بە هەر دەستەواژەیەك واتەکەی بگەیەنێت، وەك بلێت: من زامنی دەکەم، یا زەمانەتی دەکەم، یا هاوشێوەکانی.

٦- زامنکەر ئەستۆی پاك نابێتەوە تا ئەستۆی زەمانەت لەبر کراو لە قـەرز پـاك نەبێتەوە، ئەمەش بە گەردن ئازایی ئەبێت، یا دانەوەی.

٧- بۆ ئەوەی دروست بێت مەرجە: زامنکەرەکە ڕازی بێت، جا کە زۆری لێ کـرا لە سەر زەمانەت کردن ئەوا دروست نابێت.

[٨-] مەرجیش نیە زەمانەت لە بر کراو وزەمانەت ویست ڕازی بن.

[٩-] وەکو چۆن بۆ ئەوەی زەمانەت کردنەکە دروست بێت، مەرجـە: زامـن کـەر حەڵس وکەوت دروست بێت، بەوەی باڵغ وژیر وسەر ڕاست بێت.

---

(١) زەمانەت یا کەفالەتی «الدرك»یشی پێ ئەڵێن؛ واتە: کەسێك بەڵێن بدات وزەمانەت بدات بە کڕیار بە گێڕانەوەی نرخی فرۆشراوەکە ئەگەر دەرکەوت عەیبێك یا نوقسانیەك لە فرۆشراوەکەدا هەیە. وەرگێڕ

دەروازەی نۆیەم

لە بارەی حەجر وڕێگری کردنەوە «الحَجْر»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای حەجر، وبەڵگەکانی شەرعی بونی، وجۆرەکانی:

١- **پێناسەکەی:** حەجر لە زماندا: ڕێگریکردنە. لە شەرعیشدا بریتیە لە: ڕێگریکردن لە کەسێك لەوەی هەڵسوکەوت بکات لە ماڵ وسامانەکەی خۆیدا.

٢- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** بنەمای ئەم بابەتە ئەم فەرمایشتەی خوایە ﷻ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ﴾ [النساء: ٥] «ئەی بەخێوکەران ماڵ وسامانەکانتان مەدەن بەوانەی زەرەر وقازانجی خۆیان نازانن دواجار زایەی دەکەن» یانی: ماڵەکانیان، بەڵام دایە پاڵ بەخێوکەرانەوە چونکە ئەوان بەڕێوەبەر وسەرپەرستیاری ئەو ماڵ وسامانەن. هەروەها فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾ [النساء: ٦] «وەهەتیوەکانی ژێر دەستان تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن تا چەند بە ڕێکی هەڵس وکەوت بە پارە وماڵەکەیانەوە دەکەن، تا دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن، ودەزانن لە ڕوی دین داریەوە چاکن، وتوانای پاراستنی ماڵەکانی خۆیانیان هەیە، ئەو کاتە تەسلیمیان بکەن»، هەروەها فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ﴾ [البقرة: ٢٨٢] «جا ئەگەر قەرزار حەجری لە سەر بو بە هۆی دەست بادی ودەست بڵاویەوە، یان منداڵ بو، یان شێت بو، یان ناتوانێت قسە بکات بە هۆی

لاكیەوە ویان نەیتوانی قسە بكات بە تەواوەتی، بـا لـە بـری ئـەو، بەخێوكەرەكـەی حەقەكە بە دەمی خۆی بلێـت بـە ڕێكـی وڕاسـتی ودادگـەری، وبـڕۆن دو شـایەتی موسڵمانی بالغی ژیری دادگەر بهێنن». جا ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی حەجر وڕێگریكردن دروستە لە ماڵ وسامانی گەمژە وهـەتیو وهـاو واتاكانیـان وەك شـێت ومنداڵ، بۆ ئەوەی توشی فەوتان وخراپ بون نەیـەت، پێشـیان نادرێـت هـەتا سـەر ڕاستیان بەدی دێت، بەخێوكەرەكەش بۆی هەیە هەڵس وكەوت لە ماڵەكەیان بكـات ئەگەر بەرژەوەندی خواستی.

٣- **جۆرەكانی:** حەجر وڕێگریكردن دو جۆرە:

جۆری یەكەم: حەجر بۆ بەرژەوەندی ڕێگری لێكراو، وەك ڕێگری كردن لـە منـداڵ وگەمژە وشێت، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ﴾ [النساء:٥].

جۆری دوەم: ڕێگریكردن لە كەسێك لەبەر بەرژەوەندی غەیرە خـۆی، وەك ڕێگـری كردن لە مایە پوچ، جا ڕێگری لە هـەڵس وكـەوت كـردن لـە ماڵەكـەی خۆیـدا لـێ دەكرێت، بۆ ئەوەی زیان بە خاوەن قەرزەكان نـەگات. هـەروەها وەك حـەجر خسـتنە سـەر نەخۆش نەخۆشی مردن لە زیاتر لە سێ یەكی ماڵەكەی، ئەمـەش لەبـەر مـافی میراتگران. هەروەها كۆیلە ڕێگری لێدەكرێت لەبەر مافی خاوەنەكەی، بۆیـە بـە بـێ هێلانی خاوەنەكەی ڕێكەی هەڵس وكەوتی پێ نادرێت.

پرسی دوەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستە بە جۆری یەكەمەوە:

كە بریتیە لە حەجر خستنە سەر كەسەكە لە بەر بەرژەوەندی خودی خۆی:

١- ئەگەر ڕێگری لێ كراو -بە هۆی منداڵی وهاو وشـێوەكانی- دەسـت درێـژی كردە سەر نەفس یا ماڵێك بە تاوان، ئەو كاتە زەمانەتی لە سەرە وچـی لـەو دەسـت

درێژیە بکەوێتەوە بژاردنی لە سەر ئەمە، چونکە دەست درێژی لە سەر کراو کەمتەرخەمی نەکردوە وئیزنیشی لە سەر نەبوە، بەڵام ئەگەر خۆی ماڵەکەی بداتە دەست منداڵێك یان گەمژەیەك یان شێتێك ئەویش لە ناوی بدات، ئەوە زەمانەتی لە سەر نییە، چونکە خۆی دەسەڵاتی ئەوەی پێداوە بە رەزامەندی خۆی، بۆیە کەمتەرخەمە.

٢- حەجریش لە سەر منداڵ هەڵ دەگیرێت بە دو شت:

یەکەم شت: باڵغ بون: ئەمەش دەزانرێت بە چەند نیشانەیەك؛ کە بریتیە لە: ئاو هاتنەوە، یا موی بەری زبر بێت، یان بگاتە پانزە ساڵ [زۆر جار]، یان سوڕی مانگانە دەرهەق ئافرەتان.

دوەم شت: سەر ڕاستی (الرُّشد): ئەمەش بریتیە هەڵس وکەوتی دروست لە ماڵ وسامان، لەبەر فەرمایشتەکە خوا ﷻ: ﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾ [النساء:٦] وسەر ڕاستیەکەشی بە تاقیکردنەوە دەزانرێت، چەند جارێك هەندێك هەڵس وکەوتکردنی لە ماڵ وسامان پێدەدرێت جا ئەگەر زەرەرێکی زۆری نەکرد وماڵەکەی لە حەرام یا لە شتی بێ کەڵك خەرج نەکرد ئەوا بەڵگەی سەر ڕاستیەتی.

٣- حەجر لە سەر شێتیش لا دەبرێت بە دو شت:

یەکەم شت: نەمانی شێتیەکە وژیری بۆ بگەڕێتەوە.

دوەم شت: سەر ڕاستی.

٤| کەمژدش لە سەری لا دەبرێت: ئەگەر کەمژەیی وهەڵەشەییەکەی نەما، وەسف کرا بە چاکی هەڵس وکەوت لە ماڵ وساماندا[١].

٥- باوك ئەگەر دادگەر وسەر ڕاست بو کار وباری «ڕێگری لێ کراو» دەباتە ڕێوە، ئینجا وسیەت بۆ کراو -لە لایەن باوکەوە-. پێویستیشە لە سەر بەڕێوبەری کاروباریان بە شێوەیەك هەڵس وکەوت بکات کە سود وکەڵکی بۆ ئەوان تێدا بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [الأنعام:١٥٢] «ئەی بەڕێوبەرانی کاروباری هەتیوان نزیکی ماڵی هەتیوان مەبنەوە مەگەر لە کاتێکدا بۆ سودی ماڵەکەی ئەو بێت وقازانجی ئەوی تێدا بێت»، ئایەتەکەش بە دەق باسی هەتیو دەکات، بەڵام هەر کەسێکی هاو واتای ئەم قیاس دەکرێتە سەری.

٦- لە سەر بەخێوکەری هەتیوە کە پارێزگاری لە ماڵەکەی بکات، وبە ستەم وبوهتان دەست بۆ ماڵەکەی نەبات ولێی نەخوات، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا﴾ [النساء:١٠] «ئەوانەی دەست درێژی دەکەنە سەر ماڵی هەتیوان وبە ناهەق دەیبەن، لە ڕۆژی دواییدا ئەوانە ئاگر دەخۆن کە لە سنگیان بڵێسەی دێت، بێگومان دەشڕۆنە دۆزەخەوە ولە گەرمیەکەشی دێت بە سەریاندا».

پرسی سێیەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستە بە جۆری دووەمی حەجرەوە:

کە بریتیە لە حەجر خستنە سەر کەسەکە لە بەر بەرژەوەندی کەسی تر:

---

(١) چونکە جیایە کردمە ژمارە چوار. وەرگێڕ.

١- حەجر ناخرێتە سەر قەرزارێك كە جاریٚ كاتی قەرزەكە نەهاتوە، چونكە پێش هاتنی كاتەكەی لە سەری نییە، بەڵام ئەگەر ویستی سەفەرێكی درێژ خایەن بكات وكاتی قەرزەكەی دێت پێش گەڕانەوەی، بۆ خاوەن قەرز هەیە ڕێگری سەفەری لێ بكات تا بارمتەیەكی لێ وەردەگرێت یان كەفیلێكی دارای لێدەگرێت.

٢- ئەگەر ماڵی ڕێگری لێكراو زیاتر بو لەو قەرزەی لە سەری بو، ئەوە حەجر ناخرێتە سەر ماڵەكەی، بەڵام لە كاتی داواكردنەوەی فەرمانی پێدەكرێت بیداتەوە، ئەگەریش نەیدایەوە بەند دەكرێت وتەمبێ دەكرێت تا قەرزەكە بداتەوە، ئەگەر هەر نەهاتە ژێر بار ئەوسا دەست بۆ ماڵەكەی دەبرێت بۆ دانەوەی قەرزەكانی، بەڵام ئەگەر ماڵەكەی كەمتر بو لەو قەرزانەی ها بە سەریەوە، وئێستاش كاتی دانەوەی ئەو قەرزانەیە، ئەوا لە كاتی داواكردنەوەی حەجر دەخرێتە سەر ماڵەكەی، بۆ ئەوەی خاوەن قەرزەكان زیانیان پێ نەگات. هەروەها ڕێگە بە قەرزار نادرێت هەڵس وكەوت بكات لە ماڵەكەی بە بەخشینەوە وجگە لەوەش ئەگەر ئەمە زیانی بە خاوەن قەرزەكان دەبو.

٣- هەر كەس شت بفرۆشێت یان قەرز بدات بە ڕێگری لێكراو دوای حەجر خستنە سەر، ئەوا بۆی نییە داوای مافەكەی بكات، مەگەر دوای هەڵگرتنی حەجر لە سەری.

٤- بۆ دادوەر هەیە ماڵەكەی بفرۆشێت ونرخەكەی دابەش بكات بە گوێرەی قەرزی خاوەن قەرزەكان كە كاتی هاتوە، چونكە ئەمە مەبەستە لە ڕێگری لێكردنی، دواخستنیشی ماتەڵ كردن وستەمە لەوان، ئەوەشی پێویستی پێیەتی لە بژێوی وشوێنی نیشتەجێبون دادوەر بۆی دەهێڵێتەوە.

دەروازەی دەیەم

شەریکایەتی وهاوبەش کاری «الشَّرِكَة»

دو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای شەریکایەتی وحوکمەکەی وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١ - **پێناسەی «شَرِكَة»**: لە زماندا: تێکەڵاویە، یانی: تێکەڵکردنی ماڵێك بە ماڵێکی تر بە شێوەیەك لە یەکتر جیا نەکرێنەوە. لە شەرعیشدا: بریتیە لە کۆبونەوە وهاوبەش بون لە ماف وشایستەیی (الاستحقاق) یان هەڵس وکەوت (التصرف)دا.

کۆبونەوە لە شایستەییدا: وەك هاوبەشی لە میرات وەسیەت ودیاری لە زات (عَيْن) یان سود (مَنْفَعَة)ی شتێکدا، ئەمەش پێی دەوترێت: هاوبەشی موڵك (شَرِكَة الأَمْلاك).

کۆبونەوەش لە هەڵس وکەوتدا: بە هاوبەشی گرێ بەست (شَرِكَة العُقُود)یش دەناسرێت، لێرەشدا ئەمە مەبەستە بۆ لێکۆڵینەوە. جا ئەمە هەر دوو بەشەکەی شەریکایەتیە بە گوێرەی ئەم پێناسەیە.

٢ - **بەڵگەکانی شەرعی بونی**: شەریکایەتی شەرعیە، ئایەت وفەرمودەکانیش بەڵگەن لە سەر دروستێتی. خوای میهرەبان ئەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ [ص:٢٤] «بەڕاستی زۆرێکی شەریکەکان ستەم لە یەکتر دەکەن وبە ئینساف نین لەگەڵ یەکتردا» ﴿الخُلَطَاء﴾ یانی: شەریکەکان. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ﴾ [النساء:١٢] «ئەوا لە یەکلە سەر سێ شەریکن».

شەریکایەتیش لە کریٚ بەستە دروست (جائزة)کانە، کۆمەڵگاش پێویستی زۆری پێویستی پێیەتی بە تایبەت لە پرۆژە قەبەکاندا کە کەسێك بە تەنها ناتوانێت پێی هەستێت.

پرسی دووەم: جۆرەکانی شەریکایەتی گریٚ بەست:

یەکەم: شەریکایەتی جڵەو (شَرِكَةُ العِنَان): بریتیە لە هاوبەشی کردنی دوان یان زیاتر لە ماڵێکدا، بازرگانی تێدا دەکەن، واشی پیٚ وتراوە لەبەر ئەوەی هەموویان وەك یەکن لە ماڵدان ولە هەڵس وکەوتدا، وەك چۆن ئەگەر لە سەر ولاخێك دا بن جڵەوی هەر دوکیان یەکسانە ئەگەر وەك یەك بە ڕێدا بڕۆن. جا مەرجیشە بۆ ئەوەی دروست بێت دەستمایەکە لە هەردولاوە یان هەموویانەوە بێت، بە نەختی وزانراوی وئامادەیی، هەروەها بۆ هەر یەکێکیان ڕێژەیەکی دیاری کراوی قازانج دیاری کرا بێت.

دووەم: شەریکایەتی «الْمُضَارَبَة»: ئەوەیە یەکێك لە شەریکەکان ماڵەکە ئەدات بەوەکەی تر بازرگانی پێوە بکا بەرامبەر بەشێکی دیاریکراوی بیٚ تایبەتکراو (مُشَاع)ی قازانج[1].

سێیەم: شەریکایەتی بە ڕوو (شَرِكَةُ الوُجُوه): بریتیە لە شەریکیکردن لەوەی بە پایەی خۆیان دەیکڕن بیٚ ئەوەی دەستمایەیان هەبێت، وەکو پشت بەستنێك بە متمانەی بازرگانان پێیان.

---

(١) مُشاع: وەك بە نیوە یا چوار یەك وهتد، یانی: جۆرێکی دیاری کراو تایبەت نەکرێت بە یەکێکیانەوە وهاوشێوەی ئەمانە. وەرگێڕ

چوارم: شەریکایەتی بە لاشە (شَرِكَةُ الأبدان): بریتیە لە شەریکی کردن لەوەی بە لاشەی خۆیان بە حەلاڵی کەسابەتی تێدا دەکەن، وەك چیلکە کۆکردنەوە وڕاوکردن وکانزا ودار کۆکردنەوە. یا شەریکی بکەن لەوەی ڕازی دەبن بخرێتە ئەستۆیان لە نیشکردن وەك چنین ودورین وهاوشێوەکانیان. قازانجەکەش بە گوێرەی ڕێککەوتن لە نێوان هاوبەشەکاندا دابەشدەکرێت، بە هەمان شێوە زەرەر وزیان بە گوێرەی پارەکەیان دەبێت، بەڵام ئەمە لە هاوبەشی «الْمُضَارَبَة»دا نیە. هەروەها بۆ هەر یەکەشیان هەیە کەی ویستی گرێ بەستی هاو بەشیەکە هەڵ بوەشێنێتەوە وەك چۆن بە مردنی یەکێکیان یا شێت بونی هەڵدەوەشێتەوە.

دەروازەی یانزەهەم

کریٚ دان «الإجَارَة»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای بە کریٚ دان وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- **واتای «الإجارة» وپێناسەکەی:** لە زماندا لە «أجر»ەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە بەرامبەر وتەعویز، هەر بۆیە بە پاداشت وتراوە: ئەجر. لە شەرعیشدا: بریتیە لە گرێ بەستێك لە سەر سودێکی حەڵاڵی زانراو، بەرە بەرە لە ماوەیەکی دیاری کراودا وەر دەگیرێت لە سەر زات «عَیْن»ێکی زانراو یان وەسفکراو لە ئەستۆ، یان لە سەر کارێکی زانراو بە بەرامبەرێکی زانراو وەردەگیرێت.

٢- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** بەڵگەی شەرعی بونی فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ [الطلاق:٦] «ئەگەر بە کریٚ شیریاندا بەو منداڵانەی خۆیان کە لە ئێوەن، ئەوا کرێکەیان بە تەواوەتی بدەن» ﴿قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾ [القصص:٢٦] «یەکێك لە دو ئافرەتەکە بە باوکی وت: باوکە! بە کریٚ بیگرە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ وماڵاتەکەت، بێگومان باشترین کەسێك بە کریٚ بیگری بۆ شوانی: بەهێز ودەستپاکە؛ بەهێزە بۆ پاراستنی ماڵاتەکە، دەستپاکە ولە خیانەتی ناترسی». هەروەها چەسپاوە کە «اسْتَأْجَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَأَبُو بَكْرٍ رَجُلًا مِنْ بَنِي الدِّيلِ... هَادِيًا خِرِّيتًا» «پەیامبەری خوا ﷺ وئەبوبەکر پیاوێکیان لە خێڵی «دیل» بە کریٚ گرتوە بۆ دەلالی وڕێ نیشاندان». هەڕەشەش کراوە لەو کەسەی بە تەواوەتی کرێی کرێکار نادات؛ لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: ثَلَاثَةٌ أَنَا

خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ:... وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِ أَجْرَهُ» «خـوا ﷻ فەرموی: سێ کۆمەڵ خۆم دژیانم لە دوارۆژدا... وپیاوێـك کرێکارێـك بگرێـت، ئیشەکەی بە تەواوەتی بۆ بکات بەڵام ئەم مافەکەی پێ نادات»[1]. هەروەها لە ئـیبن عومەرەوە ﷺ، پەیامبـەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی: «أَعْطُوا الْأَجِيرَ أَجْرَهُ قَبْلَ أَنْ يَجِفَّ عَرَقُهُ» «کرێی کرێکار بدەن پێش ئەوەی ئارەقەکەی وشکەوە بێت»[2].

پرسی دووەم: مەرجەکانی بە کرێ دان:

١- دروست نابێ مەگەر کەسەکە هەڵس وکەوت دروست (ژیر وباڵغ وئـازاد وسـەر ڕاست) بێت.

٢- ئەبێت سودەکە زانراو بێت، چونکە لێرەدا سودەکە بریتیە لە «(گرێ بەست لە سەرکراو)»، جا مەرجە بزانرێت، هەر وەك کڕین وفرۆشتن.

٣- ئەبێت کرێکەش زانراو بێت، چونکە بەرامبەرەکەیە (عِوَض)ەکەیە لـە گـرێ بەستێکی ئاڵ وگۆڕ کردن دا، جا پێویستە بزانرێت، وەك نرخ [لە کڕین وفرۆشتن دا].

٤- ئەبێت سودەکەش حەڵاڵ بێت، جـا کـرێ لـە سـەر دامـێن پیسـی وگـۆرانی وفرۆشتنی ئامێرەکانی مۆسیقا دروست نابێت.

٥- ئەبێت سوودەکە ئامادەگی ئەوەی هەبێت هەقەکەی بـدرێت، جـا بـە کرێـدان دروست نابێت لە سەر شتێك ناکرێ هەقی سوودەکە بدرێت، وەك بە کرێگرتنی کـوێر بۆ پاراستنی شتێك پێویستی بە بینین هەیە.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٢٢٧).

(٢) أخرجه ابن ماجه (٢٤٤٣)، وصححه الألباني (صحيح سنن ابن ماجه ١٩٩٥).

٦- ئەبێت سودەکە مولکی بە کرێ دەرەکە یان رێگە پێ دراو بێت، چونکە بە کرێ دان فرۆشتنی سودەکانە، بۆیە ئەوە مەرجە بۆی هەر وەك فرۆشتن.

٧- ئەبێت ماوەکە زانراو بێت، جا بە کرێ دان دروست نیە بۆ ماوەیەکی نەزانراو، چونکە سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی.

پرسی سێیەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە کرێ دانەوە:

ئەم حوکمانەی خوارەوەش پەیوەستە بە گرێ بەستی بە کرێ دانەوە:

١- بە کرێگرتن دروست نیە بۆ ئەو شتانەی نزیکبونەوەن لە خوا وپەرستنن، وەك بانگدان وحەجکردن وفەتوادان وپێشنوێژی کردن وفێرکردنی قورئان، چونکە نزیکیە لە خواوە، بەڵام ئەوەی هەڵدەستێ بەمانە دروستە بۆی لە بەرامبەردا موچەی لە خەزێنەی دەوڵەت وەربگرێت.

٢- بە کرێ دەر لە سەریەتی خودی شتەکە بدات بە کرێ گرتەکە ودەسەڵاتی سود لێ وەرگرتنی پێ بدات، وپێویستیشە لە سەر بە کرێگرتە پارێزگاری بکات لە ماڵە بە کرێ دراوەکە، هەروەها لە کاتی خۆیدا کرێکە بدات.

٣- دروست نیە تاك لایەنە گرێ بەستی بە کرێ دان هەڵ بوەشێنرێتەوە مەگەر رەزامەندی ئەوەکەی لە سەر بێت، ئەگەریش یەکێکیان مرد وخودی بە کرێدراوەکە مابو گرێ بەستەکە هەڵناوەشێتەوە ومیراتگرەکەی جێی دەگرێتەوە.

٤- ئەگەر خودی ماڵە بە کرێدراوەکە فەوتا، یان سودەکەی نەما وەك ئاژەڵێك مردار بێتەوە، یان ماڵێك بروخێت ئەوا بە کرێدانەکە هەڵدەوەشێتەوە.

دەروازەی دوانزەهەم

پێکەوە زەرعاتکردن، و پێکەوە ئاودان «الْمُزَارَعَة والْمُسَاقَاة»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتای پێکەوە زەرعاتکردن، وپێکەوە ئاودان، وحوکمەکەیان:

١ - واتاکەیان:

«الْمُزَارَعَة»: بریتیە لەوەی زەوی بدرێت بە کەسێك بیکاتە کشتوکاڵ، یا دانەوێڵەی پێ بدرێت بیچێنێت وبە ئیشەکانی هەستێت، بەرامبەر بەشێکی زانراوی بێ تایبەتکراو (مشاع)ی بەر وبومەکە.

«الْمُسَاقَاة»یش: بریتیە لەوەی داری چێنراوی زانراوی بەربوم خوراو بدرێت بە کەسێك بە ئیشەکانی هەستێت بەرامبەر بە بەشێکی زانراوی بێ تایبەتکراوی بەر وبومەکە.

پەیوەندی نێوان هەردوکیشیان ئەوەیە: موزارەعەکردن ئیش لە سەر زەرعاتەکە دەکرێت وەك دانەوێڵە، موساقاتیش ئیش لە سەر دارەکە دەکرێت وەك خورما، لە هەردوکیشیاندا بەشێکی داهاتەکە بۆ ئیشکەرەکەیە.

٢ - حوکمەکەیان:

هەر دوکیان شەرعین، ولە گرێ بەستە دروست (جَائِزَة)ەکانن، لەبەر ئەوەی خەڵك پێویستیان پێ دەبێت. لە ئیبن عومەرەوە ﷺ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَامَلَ أَهْلَ خَيْبَرَ بِشَطْرِ مَا يَخْرُجُ مِنْهَا مِنْ ثَمَرٍ أَوْ زَرْعٍ» «پەیامبەری خوا ﷺ مامەڵە (موساقات)ی

لەگـەڵ خـەڵکی خەیبـەردا کـرد بـە رامبـەر نیـوەی داهاتەکـەی لـە بـەر وبـوم وکشتوکاڵ»[١].

پرسي دووەم: مەرجەکانی موساقات وموزارەعە:

١- ئەبێت لە موساقاتدا دارەکان زانراو بێ، ولە موزارەعەشدا تۆوەکە زانراو بێ.

٢- ئەبێت ئەو کەسەی گرێ بەستەکانی دەکات هـەڵس وکـەوت دروسـت بێـت، بۆیە نابێت مەگەر پێگەیشتویەکی ئازادی سەر ڕاست بیکات.

٣- ئەبێت دارەکە بەر وبومێکی خوراوی هەبێت، وەك خورما وهتد.

٤- ئەبێت ئیشکەرەکە لە بەر وبومی دارەکە، یان لە دەخلـی داهـاتی زەویەکـە بەشێکی بێ تایبەتکراوی زانراوی هەبێت وەك سێیەك وچواریەك وهاوشێوەکانیان.

پرسي سێیەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستە بە هەر دوکیانەوە

ئەم حوکمانەی خوارەوەیان پێوە پەیوەستە:

١- لە سەر ئیشکەرەکەیە هەمو ئەو شتانە بکـات کـە ئەبێتـە مایـەی باشـبون وچاك بونی بەر وبومەکە وەك کێڵان وئاودان وپاککردنـەوە وپاراسـتن وموتروبـەکردن وشکردنەوەی بەر وبوم وجگە لەمانەش.

٢- لە سەر خاوەن زەویەکەشە هەمو ئەو شتانە بکات کە ئەسـڵەکە دەپارێزێـت، وەك بیر کەندن وئاو دابینکردن ودیوار وپەرژین لێدان، وهێنانی ئامێر وماتۆڕ.

---

(١) متفق علیه: أخرجه البخاري (٢٣٢٩)، ومسلم (١٥٥١). [گرێ بەستی جائز هەیە لەگەڵ گرێبەستی «لازم»]. جائز: ئەو گرێبەستانەیە واجب نیە پێوەی پابەند بیت وبۆت نەبێت هەڵی بوەشێنیتەوە، هەڵبەت ئەگەر زیانی بۆ لایەنی بەرامبەر تێدا نەبو].

٣- لەگەڵ ددرکەوتنی بەر وبومەکەدا ئیشکەر دەبێتە خاوەنی بەشەکەی خۆی.

٤- هەر دو لا، کەی ویستیان دەتوانن گرێ بەستەکە هەڵبوەشێننەوە، چونکە گرێ بەستێکە دروستە ولازم نیە، جا ئەگەر هەڵوەشایەوە وبەر وبومەکەش ددرکەوتبو، ئەوا بە گوێرەی مەرجەکانی هەر دو لایانە، لە سەر ئیشکەرەکەشە کارەکەی تەواو بکات. جا ئەگەر ئیشکەرەکە پێش دەرچونی کشتوکاڵەکە وددرکەوتنی بەر وبومەکە هەڵی وەشاندەوە ئەوا هیچی بۆ نیە، لەبەر ئەوەی ڕازی بوە مافەکەی خۆی بخات وەك ئیشکەر لە «مضاربة»دا. بەڵام ئەگەر خاوەن ماڵەکە هەڵی وەشاندەوە پێش دەرکەوتنی بەر وبومەکە ودوای دەست کردنە بە ئیش، ئەوا ئیشکەرەکە قازانجی هاوشێوەی ئەوەی بۆ هەیە.

٥- ئەگەر موساقات یان موزارەعەی لەگەڵ کرد لە ماوەیەکدا کە زۆرجار بەر وبومی تێدا دێتە بەرهەم بەڵام ئەو ساڵە هیچی بەرهەم نەهێنا ئەوا ئیشکەرەکە هیچی بۆ نیە.

دەروازەی سیانزەهەم

شوفعە وهاوسێیەتی «الشُّفْعَة والجوار»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای شوفعە، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- **واتاکەی:** «الشُّفْعَة»: ماف دانە بە شەریك کە بەشی شەریکەکەی خۆی وەربگرێتەوە لە کەسی سێیەم کە بە بەرامبەر ئەو بەشەی کەوتۆتە دەستی. واشی پێوتراوە چونکە هاوڕێکەی فرۆشراوەکەی هێناوەتەوە سەر مولکی خۆی وبۆتە جوت «شفع»، دوای ئەوەی لە مولکەکەی بەشەکەی تەنها بو، وتراویشە: بریتیە لە خاوەندارێتیەکی ناچاری کە شەریکە کۆنەکە هەیەتی بەسەر شەریکە نوێیەکەدا بە هۆی شەریکایەتی، تا زیان دور بخاتەوە.

٢- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** بنەما تێیدا فەرمودەکەی جابرە ﷺ ئەڵێ: «قَضَى رَسُولُ اللهِ ﷺ بِالشُّفْعَةِ فِي كُلِّ مَا لَمْ يُقْسَمْ، فَإِذَا وَقَعَتِ الْحُدُودُ، وَصُرِّفَتِ الطُّرُقُ، فَلَا شُفْعَةَ» «پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی بە شوفعە کرد لە هەر شتێك مادام دابەش نەکرا بێت، کە سنور دیاری کرا وڕێگا وجادەکانی ڕونەوە بون ئیتر شوفعە نیە»[1]. لە ڕیوایەتێکی تردا[2]: «قَضَى رَسُولُ اللهِ ﷺ بِالشُّفْعَةِ فِي كُلِّ شَرِكَةٍ لَمْ تُقْسَمْ رَبْعَةٍ أَوْ حَائِطٍ لَا يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَبِيعَ حَتَّى يُؤْذِنَ شَرِيكَهُ، فَإِنْ شَاءَ أَخَذَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ، فَإِذَا بَاعَ وَلَمْ يُؤْذِنْهُ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ» «پەیامبەری خوا ﷺ

---

(١) أخرجه البخاري (٢٢٥٧) واللفظ له، ومسلم (١٢٢٩).
(٢) أخرجه مسلم (١٦٠٨) (١٣٤). والرَّبعة والربع: الدار والمسكن ومطلق الأرض.

فەرمانی بە شوفعە کرد لە هەر شەریکیەکدا خانو ومالّ وزەوی وبێستانەکە دابەش نەکرابێت، حەلاڵ نیە بۆی بیفرۆشێت تا داوای ئیزن لە شەریکەکەی دەکات، ئەگەر ویستی لێی دەکڕێت، یان نایەوێت، جا ئەگەر فرۆشتی ئیزنی نەخواست ئەوا ئەو لە پێشترە بۆی». هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «جَارُ الدَّارِ أَحَقُّ بِالدَّارِ» «هاوسێ ماڵ لە پێشترە بە ماڵەکە»[1]. زانایانیش کۆکن لە سەر ئەوەی مافی شوفعە بۆ شەریك چەسپاوە ئەگەر فرۆشراوەکەی دابەش نەکرا بێت وەك زەوی وخانو وبێستان. بەمەش ڕون بویەوە شوفعە بە سوننەت وکۆ دەنگی شەرعیە.

پرسی دوەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە شوفعەوە:

١- بۆ شەریك دروست نیە بەشەکەی خۆی بفرۆشێت تا داوای ئیزن لە شەریکەکەی دەکات، کە فرۆشتی وئیزنی نەخواست ئەوا شەریکەکەی لە پێشترە بەو بەشەی فرۆشراوە.

٢- شوفعە نیە جگە لە زەوی وزار وخانوبەرە، وەك گوازراوەکان (المنقولات) لە شتومەکەکان وئاژەڵان وهاوشێوەکانی.

٣- شوفعە مافێکی شەرعیە دروست نیە فێڵ وحیلە بکرێت بۆ خستنی، چونکە دانراوە بۆ لادانی زەرەر لە سەر شەریك.

٤- بە گوێرەی بەش وموڵکی شەریکەکان شوفعە دەچەسپێت، کێش شوفعەی بۆ بچەسپێت بەو نرخە دەیبات کە فرۆشراوە ئیتر بە قەرز بێت یان نەخت.

(١) أخرجه الترمذي (١٣٦٨) وقال: «حسن صحيح». وأبو داود (٣٥١٧). وصححه في «الإرواء» (١٥٣٩).

٥- شوفعە دەچەسپێت ئەگەر ئەو بەشە گوازراوەی شەریکەکە بە فرۆشتنێکی ڕاشکاوانە وهاوواتاکانی فرۆشرا بێت، بۆیە شوفعە نیە لە بەش گواستنەوەی بێ فرۆشتن، وەك: بەخشراوی بێ بەرامبەر، ومیراتی، وەسیەتکراو.

٦- ئەبێت ئەو خانو بەرەیەی گوازراوەتەوە بە فرۆشتن، دابەشکردن هەڵبگرێت، بۆیە شوفعە نییە لەوەی دابەشکردن هەڵناگرێت وەك گەرماوی بچوك، وبیر، وڕێگا.

٧- کەی بە فرۆشتنەکەی زانی شوفعە یەکسەر دەچەسپێت، جا ئەگەر کاتی فرۆشتنەکە داوای نەکرد ئەوە مافەکەی دەکەوێت، مەگەر نەزانێت ئەوە شوفعەکە هەر دەمێنێت، بە هەمان شێوە ئەگەر داواکاریەکەی دواخست لەبەر عوزرێك وەك نەزانینی حوکمەکەی وجگە لەمەش لە بیانوەکان.

٨- شوفعە لەو زەویەیە کە دابەش نەکراوە وسنوری دیاری نەکراوە، چی درەختی چێنراو وبیناش هەبو ئەوە هەر لەگەڵ زەویەکەدایە، ئەگەریش دابەش کرا بەڵام هەندێك مەرافق وپێداویستی هاوبەش لە نێوان هاوسێکان مایەوە وەك ڕێگا وئاو وهاوشێوەکانی، ئەوە لە سەر ڕاسترین دو بۆچونی زانایان شوفعە ماوە.

٩- ئەبێت شوفعەکەر هەمو فرۆشکراوەکە ببات، جا هەندێکی نابات وهەندێکیشی واز لێ بهێنێت، ئەمەش بۆ دورخستنەوەی زەرەر وزیان لە سەر کڕیار.

پرسی سێیەم: حوکمەکانی هاوسێیەتی:

دراوسێ مافی هەیە بە سەر دراوسێکەی ترەوە، پەیامبەریش ﷺ ئەوەندە ئامۆژگاری کردوە دەرهەق بە دراوسێ تا خەریك بوە بیکاتە میرات گر، جا کێ پێویستی بە هاوسێکەی کەوت وەك ئەوەی پێویستی بەوە بێت ئاو یا ڕێڕەوێك

وهاوشێوەكانی بە موڵكەكەیدا ببات، ئەوا لە سەر هاوسێكەیەتی پێداویستیەكەی بۆ دابین بكات، ئیتر بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر.

بۆ مرۆڤیش نییە شتێك لە موڵكەكەی خۆیدا بكات ببێتە مایەی زیان بۆ هاوسێكەی، وەك كردنەوەی پەنجەرەیەك بە ڕوی ماڵەكەی ئەودا، یان كارگەیەك بە دەنگەكەی دراوسێكان بێزار دەكات وهاوشێوەكانی. ئەگەریش دیوارێكی هاوبەش هەبو لە نێوانیان بۆی نیە هەڵس وكەوتی تێدا بكات وداری لە سەر دابنێت مەگەر زەرور بێت، وەك كاتی سەرگرتنی خانوەكەی، ئەو كاتە با هاوسێكەی ڕێگری لێ نەكات، لەبەر فەرمایشتەكەی پەیامبەر ﷺ: «لَا يَمْنَعَ جَارٌ جَارَهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَبَةً فِي جِدَارِهِ» «با هیچ هاوسێیەك ڕێگری لە هاوسێكەی تری نەكات كارێك بچەقێنێت بە دیوارەكەیدا»[1].

پرسی چوارەم: لە بارەی ڕێگا وبانەوە:

١- دروست نییە ڕێگا لە موسڵمانان تەسك بكرێتەوە.

٢- دروست نییە لە موڵكەكەی خۆیدا شتێك بكات ڕێگاكەی پێ تەسك ببێتەوە.

٣- دروست نییە شوێنی ڕاگرتنی ئاژەڵ وئۆتۆمبیلەكەی سەرە ڕێ بێت.

٤- ڕێگا مافی هەموانە بۆیە پێویستە پارێزگاری لێ بكرێت لە هەمو ئەو شتانەی زیان بە تێ پەڕ بوان دەگەیەنێت، وەك زبڵ وخاشاك وهاوشێوەكانی بخەیتە سەری، چونكە لادانی ئازار لە سەر ڕێگا بەشێكە لە بەشەكانی باوەڕ.

(١) أخرجه البخاري (٢٤٦٣)، ومسلم (١٦٠٩)، واللفظ للبخاري.

دەروازەی چواردەهەم

سپاردن ولە ناوچون «الوَدِيعَةُ والإتْلَافَات»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی سپاردن، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- واتاکەیان:

سپاردن؛ زات (عَیْن)ی شتێکە خاوەنەکەی یان جێگرەکەی لای کەسێك دایدەنات بیپارێزێت بە بێ بەرامبەر.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی:

بنەما تێیدا فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ [البقرة:٢٨٣] «وقەرزەکە ئەمانەتە لە ئەستۆی قەرزکەر پێویستە لە سەری بیداتەوە». وئەفەرموێ ﷻ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾ [النساء:٥٨]. «خوا فەرمانتان پێ دەکات بە دانەوەی ئەمانەتەکان بە هەمو جۆرەکانیەوە کە خاوەنەکانیان ئێوەیان تێدا بە دەستپاك زانیوە، بۆیە کەمتەرخەمی تێدا مەکەن»، پەیامبەری خواش ﷺ ئەفەرموێ: «أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ، وَلَا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ» «ئەمانەت بگێڕەوە بۆ ئەوەی لای داناوی وتۆی بە ئەمین زانیوە، خیانەتیش مەکە لەوەی خیانەتت لێ دەکات»[1]. هەروەها زەرورەت وپێویستی دروستێتی سپاردن ئەخوازن.

---

(١) أخرجه مسلم (٢٦٩٩).

كێش دەیزانــی پێــی دەكرێــت ئەمانــەت بپارێزێــت، ئــەوا ســوننەتە سـپاردەكە وەربگرێت، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبــەر ﷺ: «وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ» «وخوا هەمیشــە یارمــەتی بەندەكــەی دەدات، تــا بەنــدە یارمــەتی براكەی بدات»[1]. بەڵام ئەگەر زانی ناتوانێت سپاردەكە بپارێزێت نەوە بۆی نیە وەری بگرێت.

پرسی دووەم: مەرجەكان بۆ ئەوەی سپاردن دروست بێت:

ئەبێت هەردولا هەڵس وكەوت دروست بن، بۆیە ئەگەر كەسێكی هــەڵس وكــەوت دروست ماڵەكەی سپاردە منداڵێك یا شێتێك یان گەمژەیەك ئــەویش لەناویــدا ئــەوا زەمانەتی لە سەر نیە چونكە كەمتەرخەم بوە، هەروەها ئەگەر منداڵ وهاوشێوەكانی ماڵێكی لای كەسێكی تر دانا، ئەوا زەمانەتی لە سەرە چونكە بە وەرگرتنی دەست درێژی كردوە.

پرسی سێیەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستە بە سپاردنەوە:

١- سپاردە ئەمانەتە لە دەستی پێسپێردراو، بۆیە زەمانەتی لە سەر نیــە ئەگــەر كەمتەرخــەمی نــەكات، چــونكە ئەمانەتێكــە وەك ئەمانەتــەكانی تــر، ئــەمینیش زەمانەتی لە سەر نیە ئەگەر دەست درێژی نەكات، لەبەر فەرمایشتەكەی پەیامبــەر ﷺ: «لَا ضَـمَانَ عَلَى مُؤْتَمَنٍ» «زەمانــەتكردن نیــە لــە ســەر ئەمانــەت پــێ سپێردراو»[2].

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٣٥)، والترمذي (١٢٦٤)، وصححه الألباني في الإرواء (٣٨١/٥).

(٢) أخرجه الدارقطني (٤١١٣)، والبيهقي (٢٨٩/٦)، وحسّنه الألباني بمجموع طرقه «الإرواء» (١٥٤٧).

٢- ئەگەر دەست درێژی کردە سەر سپاردەکە یان کەمتەرخەمی کرد لە پاراستنی ئەوا زەمانەتی لە سەرە ئەگەر فەوتا، چونکە ماڵی کەسی تری فەوتاندوە.

٣- پێویستە لە سەر پێ سپێردراو (الْمُسْتَوْدَع) سپاردەکە بپارێزێت لە شوێنێك بە لە ڕوی نەریتەوە بە گوێرەی سپاردەکە بێت، لەبەر ئەوەی خوا ﷻ فەرمان دەکات بە گێڕانەوەی ئەمانەتەکان بۆ خاوەنەکانیان، ئەمەش نابێت مەگەر بە پاراستنی، هەروەها لەبەر ئەوەی مەبەست لە سپاردن پاراستنێتی، پێسپێردراویش خۆی پابەند کردوە بەوەوە، کە نەیپاراست ئەوە ئەوەی نەکردوە کە پێوەی پابەند بوە.

٤- دروستە پێ سپێرداو سپاردەکە بداتە دەست کەسێکی تردوە کە عادەتەن ئەو ماڵەکەی دەپارێزێت وەك ژن وکۆیلە وخەزنەدار وخزمەت کارەکەی، ئەگەریش لایان فەوتا بە بێ دەست درێژی وکەم تەرخەمی ئەوا زەمانەتیان لە سەر نیە.

٥- دروست نیە بێ عوزر بیخاتە لای کەسی تر، عوزریش وەك: سەفەر وهاتنی مەرگ جا ئەوە دروستە. کەوابو بە عوزردوە لای کەسی تر داینا وفەوتا زەمانەتی لە سەر نییە، ئەگەریش بە بێ عوزر بو زەمانەتی لە سەرە، چونکە دەست درێژی وکەم تەرخەمی کردوە.

٦- ئەگەر پێ سپێردراو ترسی لە سپاردەکە هەبو یا ویستی سەفەر بکات، ئەوا پێویستە لە سەری بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی یا بریکارەکەی، ئەگەر نەیدۆزینەوە ئەوە لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ سەفەر ئەگەر وا پارێزراوتر دەبو، وەگەرنا دەیداتە حکومەت، ئەوەشی پێ نەکرا دەیخاتە لای جێ متمانەیەك، چونکە پەیامبەر ﷺ پێش کۆچکردن بۆ مەدینە سپاردەکانی خستە لای ئوم ئەیمەن ﵂، وفەرمانیشی

کرد بە عەلی ﷺ بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان[1]. بە هەمان شێوە ئەگەر پێی سپێردراو نەخۆش کەوت ومەترسی لە سەر بو، ئەوا پێویستە لە سەری بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی ئەگەر نەکرا دەیخاتە لای حکومەت ئەگەرنا دەیخاتە لای کەسێك جێی متمانەی بێت.

٧- ئەگەر سپاردەکە ئاژەڵ بو لە سەر پێ سپێردراوە ئالف وخۆراکی بۆ دابین بدات، ئەگەر کەم تەرخەمی کرد زەمانەتی لە سەرە، بەم کەم تەرخەمیەش تاوانی دەگات چونکە حورمەتی هەیە، وهەروەهاش لە هەمو جەرگێکی تەڕ پاداشت هەیە.

٨- پێ سپێردراو دەست پاکە وقسەی وەر دەگیرێت؛ ئەگەر وتی سپاردەکەم گێڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکەی یان جێگرەکەی، هەروەها ئەگەر سوێندی خوارد قسەی وەردەگیرێت ئەگەر وتی فەوتاوە بە بێ دەست درێژی وکەمتەرخەمی. ولە سەریەتی ئەگەر خاوەنەکەی داوای کرد دوای نەخات، ئەگەریش دوای خست بە بێ عوزر ولە ناوچو ئەوا زەمانەتی لە سەرە.

٩- لە شێوە سەردەمیەکانی سپاردن: سپاردە بانکیەکانە (الوَدَائِعُ المَصْرِفِيَّة) بریتیە لەوەی هەندێك لە تاکەکان پێی هەڵدەستن وبڕێك پارەی نەخت دەخەنە بانکەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو یان ڕەها، بانکەکەش هەڵدەستێت بە هەڵس وکەوتکردن بەم پارانەوە، لە بەرامبەردا سودێکی پارەیی چەسپاو دەدات بە خاوەنەکەی، ئەمەش هەمان واتای قەرزە، کە بانکەکە خود وزاتی ماڵەکەی لایە ولە ئەستۆیەتی، وبەڵێنیش دەدات هەمان نرخ بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کەی داوای

(١) رواه البيهقي (٦/٢٨٩) وحسنه الألباني في إرواء الغليل (٥/٣٨٤).

کرد، تا بەم شێوازەش بێت ڕیبایە وحەرامە، جا با موسڵمانان وریا بن وتێی نەکەون.

بەڵام ئەو سپاردانەی کە خاوەنەکەی سوی لە سەر وەرناگرن ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت: «الحساب الجاري» ئەوە هیچی تێدا نیە، چونکە زیاتر لە پارەکەی خۆی وەرنەگرتوە. ئەگەریش کەسەکە پابەند کرا زیادە وەربگرێت، ناچاریش بو سپاردە بخاتە ئەم جۆرە بانکانە ئەگەریش نەیکات بە دڵنیاییەوە توشی زیان دەبێت، ئەو کاتە زیادەکە وەردەگرێت ولە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان خەرجی دەکات.

پرسی چوارەم: لە بارەی لە ناوچونەکانەوە (الإتلافات):

حەرامە دەست درێژی بکرێتە سەر ماڵی موسڵمانان وبە ناڕەوا ببرێت، هەر کەسێکیش دەست درێژی بکاتە سەر ماڵی جگە لە خۆی وبیفەوتێنێت وماڵەکەش حورمەتدار بێت، ئەوە زەمانەتی لە سەرە، بە هەمان شێوە کەسێك ببێتە هۆکاری فەوتانی ماڵی جگە لە خۆی بە کردنەوەی قوفڵێك یان کردنەوەی دەرگایەك وهاوشێوەکانی.

ئەگەریش مەڕ ومالاتی هەبو پێویستە لە سەری بە شەو بیپارێزێت لە خراپکردنی کشتوکاڵی خەڵك یان خودی خۆیان، جا ئەگەر ئیهمالی کرد وخراپەی لێ کەوتەوە، زەمانەتی لە سەرە، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی کردوە کە ئەبێت خاوەن ماڵەکان بە ڕۆژ بیپارێزن، وخاوەن مەڕ ومالاتەکان بە شەو بیپارێزن[1]، جا چی بە شەو خراپ ببێت ئەوە زەمانەتی لە سەریانە، چونکە ماڵ وڕوحی

(١) [أخرجه أبو داود (٣٥٦٩) وغيره. انظر: «الصحيحة» (٢٣٨)].

موسڵمانان حورمەت گیراوە، بۆیە دەست درێژی کردنە سەر یا بونە هۆکار بۆ خراپ بون وتیا چونی حەرامە.

هەڵ کوتەر وپەلامار دەر (الصَّائِل)یش[١] لە مرۆڤ وئاژەڵدا ئەگەر وازی نەهێنا مەگەر بە کوشتن، ئەویش کوشتنی ئەوە قەرەبوی لە سەر نیە، چونکە وەکو بەرگری لە خۆی کوشتویەتی، لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ أُرِيدَ مَالُهُ بِغَيْرِ حَقٍّ فَقَاتَلَ فَقُتِلَ فَهُوَ شَهِيدٌ» «کێ پەلاماری ماڵەکەی درا ویستیان بیبەن بە ناحەق، ئەویش لە سەری جەنگا وکوژرا ئەوە شەهیدە»[٢].

هەر کەسێکیش ئامێرە حەرامکراوەکانی لە ناودا وەك ئامێرەکانی مۆسیقا وخاچ وقاپ وچاقاغی مەی، وکتێبی گومڕا وبیدچیەکان، وشریت «کاسێت» وگۆڤاری ئابڕو بەر وڕوت، ئەوە زەمانەت وقەرەبوی لە سەر نیە، بەڵام لەناوبردنەکەش بە ڕەهایی نیە، بەڵکو ئەبێت بە فەرمانی دادوەر بێت ولە ژێر چاودێری ئەودا بێت، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ولادانی خراپەکاری، ودورخستنەوەی فیتنە وئاشوب.

---

(١) «الصائل» لە مرۆڤدا: ئەوەیە بە دەست درێژی هەڵ دەکوتێتە سەر ماڵ یا ناموس یا خودی خەڵك.

(٢) أخرجه الترمذي (١٤٢٠)، وقال: «حديث حسن صحيح»، وابن ماجه (٢٥٨٢)، وحسّن البوصيري إسناده في «الزوائد»، وصححه الشيخ الألباني «صحيح الترمذي» (١١٤٧).

دەروازەی پانزەهەم

لە بارەی زەوت کردنەوە «الغصْب»

دو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی زەوت کردن، وحوکمەکەی:

١- **واتاکەی:** (الغَصْب) لە زماندا: بردنـی شـتێکە بـە سـتەم. لـە شەرعیشـدا: دستگرتنە بە سەر مافی کەسی تردا، بە ستەم ودەست درێژی بە نارەوایی.

٢- **حوکمەکەی:** حەرامە بە کۆ دەنگی زانایـان، لەبـەر فەرمایشتەکەی خـوا ﷻ: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾ [البقرة:١٨٨] «ومالی یەکتر مەخۆن بـە هۆکـاری نـارەواوە وەك سـوێندی درۆ وداگیرکـردن ودزیـن وبـەرتیل وسـو وهاوشـێوەکانی». هەروەها پەیامبـەر ﷺ ئەفـەرموێ: «لَا يَحِلُّ مَالُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِطِيبِ نَفْسِهِ» «مالی هیچ موسـڵمانێك حـەلاڵ نیـە مەگـەر بـە ڕەزامەنـدی خـۆی»[١]. هـەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «مَنِ اقْتَطَعَ شِبْرًا مِنَ الْأَرْضِ ظُلْمًا، طَوَّقَهُ اللهُ إِيَّاهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ» «هەر کەس بستێك زەوی بە نارەوا زەوت بکـات ئـەوا خـوا لـە ڕۆژی دواییدا تا حەوت تەبەقەی خوارەوەی دەکاتە گەردنی»[٢]. جا پێویستە لە سەر هەمو کەسێك کە مافی برایەکی لایە ستەمێکی لێکردوە تەوبە بکات وگەردنی خۆی پـێ ئازاد بکات، وهەر لـە دونیـادا داوای لێبـوردنی لـێ بکـات، لەبـەر فەرمودەکـەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلِمَةٌ لِأَحَدٍ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ،

---

(١) أخرجه أحمد (٥/٧٢)، والدارقطني (٣/٢٦) وصححه الألباني «الإرواء» (١٤٥٩).

(٢) أخرجه البخاري (٢٤٥٢-٢٤٥٣)، ومسلم (١٦١٠) واللفظ لمسلم.

قبل أن لا يكون دينارٌ ولا دِرهَمٌ، إنْ كانَ لهُ عمَلٌ صَالِحٌ أخذَ منْهُ بقدْرِ مظلَمتِهِ، وإنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئاتِ صَاحِبِهِ فحُمِلَ عَلَيْهِ» «هەر كەس ستەمێكی لە براكەی كردوە لە ناموس وكەسایەتیی یان هەر شتێك، با هەر ئەمڕۆ گەردن ئازادی لێ بكات پێش ڕۆژێك كە دینار ودرهەمی تێدا نیە، ئەگەر كردەوەی چاكەی هەبێت بە گوێرەی ستەمەكە لێی دەبات، ئەگەریش كردەوەی چاكەی نەبو لە خراپەكانی ستەملێكراو دەدرێت بە سەر كۆڵی ستەمكاردا»[1].

پرسی دووەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە زەوت كردنەوە:

١- پێویستە لە سەر زەوتكەر، زەوتكراو وەك خۆی بگێڕێتەوە، ئەگەریش فەوتاندبوی هاوشێوەكەی بۆ دەگێڕێتەوە [هاوشێوەكەی نەبو، نرخەكەی].

٢- هەروەها پێویستە لە سەری زەوتكراو بە زیادەكەیەوە بگێڕێتەوە، ئیتر زیادەیەكی جودا بێت لە زەوتكراوەكە یان لەگەڵ زەوتكراوەكە پێكەوە بن.

٣- زەوتكەر ئەگەر هەڵس وكەوتی كرد لە زەوتكراوەكە وەك بیناكردن یا ناشتن، فەرمان دەكرێت بە هەڵكەندنی ئەگەر خاوەنەكەی داوای ئەمەی كرد.

٤- زەوتكراو ئەگەر گۆڕا بو یان كەمەوە بو بو، یان هەرزان بو بو، زەوتكەر زەمانەتی كورتهێنانەكەی لە سەرە.

٥- زەوتكردن جاری وا هەیە بە دژ وەستانەوە (خصومة) وسوێندی درۆ ئەبێت.

٦- هەمو هەڵسوكەوتەكانی زەوت كەر پوچە، ئەگەر خاوەنەكەی ڕێگەی نەدابێت.

(١) أخرجه البخاري (٢٤٤٩). والمَظْلَمة: ما يطلبه المظلوم، وهو اسم ما أُخذ منه ظلمًا.

دەروازەی شانزەهەم

لە بارەی ئاشتەوایی کردنەوە «الصلح»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: ماناکەی، وبەلگەکانی شەرعی بونی:

١- **واتاکەی:** (الصلح) لە زمانـدا: پێکـەودنان، یـانی: نەهێشـتنی کێشـە. لـە شەرعیشدا: ئەو گرێ بەستەیە کە کێشەی کێشەداران دەبڕێتەوە.

٢- **بەلگەکانی شەرعی بونی:** بەلگەی شەرعی بـونی قورئـان وفـەرمودە وکـۆ دەنگیە. لە قورئاندا: ئەم ئایەتەیـە: ﴿وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾ [النساء: ١٢٨] «وئاشـتەوایی لـە پێشترە وباشترە»، هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾ [الحجرات: ٩] «وئەگەر دو کۆمەڵ لە باوەڕداران بە شەڕ هاتن لەگـەڵ یەکتردا ئەوا -ئەی بڕواداران- ئاشتەوایی بکەن لە نێوانیانـدا، بـە بانگکردنیـان بـۆ قورئان وسونەتی پەیامبەر وڕازی بون بە حوکمیان» هـەروەها ئەفـەرموێ ﷻ: ﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ١١٤] «خێـر لـە زۆربەی چپە وقسە نهێنیەکانی خەلکدا نیە مەگەر قسەیەك فەرمان بە بەخشین بکات، یان قسەی باش بێت، یان خەڵك بنات بە یەکەوە، کێش ئەمانە بکات بە مەبەسـتی ڕەزامەنـدی خـوا ئـەوا بێگومـان پاداشـتی زۆر وفراوانیـان پـێ دەبەخشـێت». لـە سونەتیشدا: پەیامبەر ئەفەرموێ ﷺ[1]: «الصُّلْحُ جَائِزٌ بَيْنَ الْمُسْلِمِينَ إِلَّا صُلْحًا

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٩٤)، والترمذي (١٣٥٢) وقال: «حسن صحيح»، وابن ماجه (٢٣٥٢)، وصححه الشيخ الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٩٠٥).

أحلّ حرامًا أوْ حرّمَ حلالًا» «ئاشتەوایی لە نێوان موسڵمانانداا دروستە مەگەر ئاشتەواییەك حەرامێك حەڵاڵ بکات یان حەڵاڵێك حەرام بکات». وپەیامبەری خوا ﷺ خۆی ئاشتەوایی دەکرد لە نێوان خەڵکدا. هەمو ئوممەتیش کۆکن لە سەر شەرعی بونی ئاشتەوایی لە نێوان خەلکدا بە مەبەستی ڕەزامەندی خوا، ورازیکردنی هەر دو لایەنەکە. جا قورئان وسوننەت وئیجماع بەلگەن لە سەر دروستێتی ئاشتەوایی.

پرسی دوەم: جۆرە گشتیەکانی ئاشتەوایی:

ئاشتەوایی لە نێوان خەلکدا جۆرا وجۆرە:

١- ئاشتەواییکردن لە نێوان ژن ومێرددا: ئەگەر مەترسی تێك چونی نێوانیان هەبو، لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾ [النساء:٣٥] «ئەگەریش زانیتان کێشەکەی نێوانیان ئەبێتە مایەی جیابونەوە، ئەوا دادوەرێکی دادگەر لە کەسی مێردەکە ودادوەرێکی دادگەر لە کەسی ژنەکە بنێرن بۆ لایان تا لە کێشەکە بڕوانن وئەو حوکمە بدەن کە بەرژەوەندی هەردوکیانی تێدا بێت، ئەگەریش هەردو دادوەرەکە مەبەستی ئاشتەواییان هەبێت وئوسلوبی چاك بە کار بهێنن ئەوا خوا ئەیاننات بە یەکەوە». یان ئەگەر ئافرەتەکە لە پشت لێکردنی پیاوەکەی ترسا، یانی: ئەمی نەوێت ولوتبەرز بێت لە ئاستی، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾ [النساء: ١٢٨] «ئەگەریش ژنەکە زانی پیاوەکەی لوتبەرزە لە ئاستی یان نایەوێت وبەو لادا دەڕوات، ئەوا تاوانیان لە سەر نیە ئاشتەوایی بکەن لە سەر ئەوەی خۆیان پێی ڕازی دەبن لە دابەشکردن وبژێوی، ئاشتەواییش لە پێشترە وچاکترە».

٢- ئاشتەواییکردن لە نێوان دو کۆمەڵی بە شەڕ دا هاتو لە موسڵمانان. خـوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾ [الحجرات: ٩].

٣- ئاشتەواییکردن لە نێوان موسڵمانان ونا موسڵمانان دا کە بە شەڕ هاتون.

٤- ئاشتەواییکردن لە نێوان دو کێشەدار لە سەر پارە نەبێت.

٥- ئاشتەواییکردن لە نێوان دو کێشەدار لە سـەر پـارە، ئەمـەش مەبەسـتی توێژینەوەکەی ئێرەیە، ئەوەش ئەبێتە دو بەشەوە:

أ. ئاشتەواییکردن لەگەڵ دانپێدانان، ئەمـەش دیسانەوە دو جۆرە:

١- ئاشتەوایی لێ کەمکردنەوە (الإِبْرَاء): ئەو ئاشتەواییەیە کە لە سـەر جـۆری مافە دانپێدانراوەکەدا دەکرێت، وەك ئەوەی هەڵس وکەوت دروستێك دان بنێـت کـە کەسێکی تر قەرز یا خود (عَیْن)ی شتێکی لایە، ئینجا بەرامبەرەکەی هەنـدێك لـە شتەکە یان قەرزەکە لا دەدات، وباقیەکەی دەبات، جا لێ خۆشـبونە لـە هەنـدێکی قەرزەکە بە دەستەواژەی «صولْح». ئەمـەش دروستە بـە مـەرجێك خـاوەن هەقەکـە ئەهلی لێ داشکاندن وتەبەڕوع بێت، هەروەها ئەبێت بە مەرج نەگیرا بێت لـە کـاتی دان پێدانانەکەدا.

٢- ئاشتەوایی گۆڕینەوە (الْمُعَاوَضَة): ئەو ئاشتەواییەیە کە لـە سـەر مافـە دان پێدانراوەکەدا دەکرێت بە جۆرێکی تر، وەك ئەوەی دان بنێت بە قەرزەکەی یان خودی شتەکەی، ئینجا ئاشتەوایی لەگەڵدا دەکات لە سـەر وەرگـرتنی بەرامبەرەکـەی لـە جۆرێکی تر، ئەمەش حوکمی کڕین وفرۆشتنی هەیە، ئەگەریش لە سەر سـودێك بـو حوکمی بە کرێدانی هەیە.

ب. ئاشتەواییکردن لەگەڵ نکوڵی کردن، ئەوەیە بانگەشەکار بڵێ: خودی شتێکم لای کەسێکی ترە، یان قەرزێکم لە ئەستۆیەتی، بانگەشە لە سەر کراویش نکوڵی لێدەکات، یان بێ دەنگ بێت بێ ئەوەی زانستی بەو شتە هەبێت، پاشان ئاشتەوایی دەکات لەگەڵ بانگەشەکار لە سەر ماڵێکی حازری یا قەرز، لەم حاڵەتەشدا ئاشتەوایی دروست ئەبێت ئەگەر نکوڵیکار پێی وابو بانگەشەکە ناڕەوایە، بۆیە پارە دەدات تا کێشە لە خۆی دور بخاتەوە، وییکاتە قوربانی سوێندەکەی، بانگەشەکاریش پێی وایە بانگەشەکە ڕەوایە بۆیە پارەکە دەبات وەك قەرەبوی مافە چەسپاوەکەی.

پرسی سێیەم: لە بارەی ئەو حوکمانەی پەیوەستە بە ئاشتەواییەوە:

١ - ئاشتەوایی دروست ئەبێت ئەگەر لە سەر مافێکی نەزانراو بو، ئیتر هی هەردوکیان بو لە سەر یەکتر، یان هی یەکێکیان بو، ئەگەر ئەو نەزانراوە نەدەکرا بزانرێت قەرز بێت یان زاتی شتێك، وەك ئەوەی لە نێوان دو کەسدا مامەڵە وحساباتێك هەبێت وماوەیەکی بە سەردا تێپەڕ بو بێت، هیچ کامیشیان لە بیری نیە چی مافێکی هەیە بە سەر هاوڕێکەیەوە.

٢ - هەر شتێك دروست بێت بەرامبەری لە سەر وەربگری ئاشتەوایی لە سەر دروست ئەبێت، وەك ئاشتەوایی لە سەر تۆڵە سەندنەوە بەو خوێن باییەی شەرع دیاری کردوە یان کەمتر یان زیاتر لەوە.

٣- وهەر شتێك دروست نەبێ بەرامبەری لە سەر وەربگری دروست نابێ ئاشتەوایی بۆ بکەی، وەك ئاشتەوایی لە سەر حەددەکانی خوا، چونکە شەرع کراوە بۆ واز هێنان.

دەروازەی حەڤدەهەم

پێشبڕکێ «المُسابَقَة»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتای پێشبڕکێ، وحوکمەکەی، و[بەڵگەکەی]:

١- واتاکەی:

گرەو لە سەر کراو (السَّبَق): ئەوەیە کە بەشداربوانی پێشبڕکێی ئەسپ وشتر سواری وتیر هاوێژی گرەوی لە سەر دەکەن، کێ بردیەوە دەیبات. پێشبڕکێ (المُسَابَقَة)ش بریتیە لە پێشبڕکێی ڕاکردنی ئاژەڵان وهی تریش. (المُنَاضَلَة والنِّضَال)یش بریتیە لە پێشبڕکێی تیر هاویشتن وهاوشێوەکانی.

٢- حوکمەکەی وبەڵگەکەی:

پێشبڕکێ دروستە بە قورئان وفەرموده وکۆ دەنگی. سەبارەت بە قورئان: فەرمایشتەکەی خوایە: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ﴾ [الأنفال: ٦٠]. «ئەی گرۆی موسڵمانان بۆ بەردنگار بونەوەی دوژمنەکانتان چیتان لە دەست دێت بیکەن لە ژمارە زۆری وئامادەکاری» سەبارەت بە سونەتیش: فەرمودەکەی ئیبن عومەرە ﵄: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ سَابَقَ بِالْخَيْلِ الَّتِي قَدْ أُضْمِرَتْ مِنَ الْحَفْيَاءِ، وَكَانَ أَمَدُهَا ثَنِيَّةَ الْوَدَاعِ، وَسَابَقَ بَيْنَ الْخَيْلِ الَّتِي لَمْ تُضَمَّرْ مِنَ الثَّنِيَّةِ إِلَى مَسْجِدِ بَنِي زُرَيْقٍ» «پەیامبەر ﷺ پێشبڕکێی کرد بەو ئەسپەی لەڕ کرا بو (أُضْمِرتْ) لە حەیفاوە بۆ سەنیەی وەداع، وبە ئەسپی لەڕنەکراو پێشبڕکێی کرد لە سەنیەی وەداعەوە بۆ

مزکەوتی خێڵی زوڕەیق»[١]، هەروەها ئەفەرموێ ﷺ[٢]: «لَا سَبَقَ إِلَّا فِي خُفٍّ، أَوْ نَصْلٍ، أَوْ حَافِرٍ» «گرەو کردن نیە مەگەر لە وشتر سواری وتیرهاوێژی، وئەسپ سواری». وموسڵمانانیش بە گشتی کۆکن لە سەر دروستێتی پێشبڕکێ.

پرسی دووەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە پێش بڕکێوە:

١- پێشبڕکێکردن بە ئەسپ وجگە لەویش لە ئاژەڵان وسواریەکان دروستە، هەروەها بە پێ، هەروەها بە تیر هاویشتن وچەك بە کارهێنان.

٢- پێشبڕکێکردن لە وشتر وئەسپ وتیر هاویشتن دروستە لە سەر بەرامبەرێك، لەبەر فەرمایشتەکەی [پێشوی] پەیامبەر ﷺ: «گرەو کردن نیە مەگەر لە وشتر سواری وتیرهاوێژی، وئەسپ سواری».

٣- هەرچی بەرژەوەندیەکی شەرعی لێ بکەوێتەوە، وەك ڕاهێنان کردن بۆ تێکۆشان، وڕاهێنان کردن لە سەر مەسەلە زانستیەکان، ئەوا پێشبڕکێ کردن تێیدا حەڵاڵە ودروستیشە بەرامبەری لە سەر وەر بگرێت.

٤- هەمو ئەو شتانەی ئەکرێن وەکو یاری وخۆشی، وزیانیشی تێدا نیە، لەوانەی شەرع حەڵاڵی کردوە، ئەوا پێشبڕکێکردن تێیدا دروستە، بە مەرجێك سەرقاڵت نەکات لە شتە دینیەکان وەك نوێژ وهاوشێوەکانی. بەڵام ئەم جۆرە دروست نیە بەرامبەری لە سەر وەربگری.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٨٦٨)، ومسلم (١٨٧٠) [ولفظ الأصل يشبه لفظ أحمد (٥٢٧٧)، والمثبت هنا لمسلم]، «تضميرُ الخَيلِ»: ئەوەیە ئالفی پێ بدەیت تا قەڵەو دەبێت پاشان لێی بگریتەوە مەگەر ئەوەندەی لاشەی ڕا بگرێت بۆ ئەوەی لەڕ وسوك ببێتەوە، لەڕکردنەوەی ئەسپیش بۆ غەزا وپێشبڕکێ کراوە..

(٢) أخرجه أبو داود (٢٥٧٤) والنسائي (٣٦١٦) والترمذي (١٧٠٠) وحسنه. وصححه في «الإرواء» (٥/٣٣٣).

٥- بۆ هەر یەك لە پێشبڕکێ کاران هەیە پێشبڕکێکە هەڵبوەشێنێتەوە مادام دەرنەکەوتبێ هاوڕێکەی پێشکەوتوە، ئەگەرنا بەس بۆ پێشکەوتو هەیە نەك پاشکەوتو.

٦- بە مردنی یەکێك لە پێشبڕکێکەران یان سوارەکان پێشبڕکێکە هەڵدەوەشێتەوە.

٧- کەراهەتی هەیە دادوەر یان ئامادەبوان ستایش یان عەیبداری یەکێك لە پێشبڕکێکەران بکەن.

پرسی سێیەم: مەرجەکانی وەرگرتنی بەرامبەر لە پێشبڕکێدا:

١- دیاری بونی تیرهاوێژان لە تیرهاویشتن وسوارەکان لە پێشبڕکێدا، ئەمەش بە بینین.

٢- یەکێتی جۆری سوارەکان یان کەوانەکان لە پێشبڕکێ وتیرهاوێژیدا، بۆیە دروست نابێت لە نێوان ئەسپی ڕەسەن وناڕەسەن، هەروەها لە نێوان کەوانی عەرەبی وفارسی.

٣- دیاری کردنی مەودا وئامانجەکە، ئەمەش هەر بە چاو یان بە گەز.

٤- ئەبێت بەرامبەرەکە دیاری کراو وحەلاڵیش بێت، چونکە ماڵێکە لە گرێ بەستێکدا بۆیە ئەبێت بزانرێت وحەلاڵ بێت وەك باقی گرێ بەستەکانی تر.

دەروازەی هەژدەهەم

دەستیار «العَارِيَة»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای دەستیار، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- واتاکەی:

دەستیاردان: حەڵاڵ کردنی سود وەرگرتنە لە شتێك لەگەڵ مانەوەی خود وزاتی شتەکە. دەستیار (العارية)یش: خودی ئەو شتە براوەیە بۆ سود وەرگرتن، وەك ئەوەی داوای ئۆتۆمبیلی کەسێك بکات بە ئیستیعارە تا سەفەری پێ دەکات ودوای بۆی دەیگێڕێتەوە.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی:

ئەمەش شەرعی وسوننەتە، لەبەر گشتێتی ئایەتی: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ [المائدة: ٢]. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ [الماعون: ٧] «ورێگری دەکەن لە بە ئیستعارە دانی ئەو شتانەی کە بە دەستیاردانی زەرەری نیە لە قاپ وقاچاغ وجگە لەوەش»، مەبەستیش ئەوەیە کە هاوسێکان دەستیار بە یەکتری دەدەن، وەك قاپ وقازان وهاوشێوەکانی، جا خوا ﷻ سەرزەنشتیان دەکات لە سەر دەستیار نەدان، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی سوننەتە وهانی بۆ لا دراوە، هەروەها سەفوانی کوڕی ئومەییە ﵁ دەگێڕێتەوە: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ اسْتَعَارَ مِنْهُ أَدْرُعًا يَوْمَ حُنَيْنٍ» «پەیامبەری خوا ﷺ لە شەڕی حونەیندا قەڵغانێکی بە دەستیار

لێ خواستوە»[1]. هەروەها لە ئەنەسەوە ﷺ: «استعار النبي ﷺ فرسا من أبي طَلْحَةَ» «پەیامبەری خوا ﷺ ولاخێکی بە دەستیار لە ئەبو تەڵحە خواستوە»[2].

پرسی دووەم: مەرجەکانی دەستیار:

١- ئەبێت دەستیاردەر وەرگریش شیاوی تەبەرووع وبەخشین بێت لە ڕوی شەرعەوە، وخودی دەستیارەکەش موڵکی دەستیاردەرەکە خۆی بێت.

٢- ئەبێت خودی دەستیارەکە سودەکەی حەڵاڵ بێت، بۆیە ئیستیعارە بۆ گۆرانی وتن وهاوشێوەکانی دروست نابێت، هەروەها بردنی قاپی زێڕ وزیو وەکو دەستیار بۆ پێخواردنەوە دروست نابێت، بە هەمان شێوە ئەو شتانەی حەرامە سودی لێ وەر بگیرێت.

٣- ئەبێت خودی دەستیارەکە دوای سود لێ وەرگرتنی بمێنێت، جا ئەگەر لەو شتانە بێت نامێنێت وەك خواردن، ئەوا دروست نیە ببرێت وەکو دەستیار.

پرسی سێیەم: هەندێك لەو حوکمانەی پەیوەستن بە دەستیارەوە:

١- بۆ داواکەری دەستیار نیە جارێکی تر بە ئیستعارەی بداتەوە، چونکە هی ئەو نیە، بە هەمان شێوە بۆی نیە بە کرێی بدات، مەگەر خاوەنەکەی بهێڵێت.

٢- دەستیار ئەمانەتە لای دەستیار لادانراو، پێویستە پارێزگاری لێبکات وبە ساغی وەك بردویەتی بیگێڕێتەوە، جا ئەگەر دەست درێژی کرد یا کەمتەرخەمی زەمانەتی لە سەرە.

---

(١) أخرجه أحمد (٤/٢٢٢)، وأبو داود (٣٥٦٣)، وصححه الألباني (الإرواء ١٥١٣).

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٦٢٧)، ومسلم (٢٣٠٧).

٣- دەستیاردان گرێبەستێکی نا پەیوەستە (غیر لازم)، جا دەستیاردەر کەی ویستی دەتوانێت پەشیمان ببێتەوە مادام زیان بە دەستیارخواز ناگات، ئەگەرنا دروست نیە.

٤- دەستیاردان کۆتایی پێدێت ودەستیارەکە دەگێڕدرێتەوە بە چەند شتێك، لەوانە:

- داواکردنی خاوەنەکەی، یا مەبەستی دەستیار خوازیش بە دی نەهاتبێت لێی.

- بە تەواوبونی ئەو ئامانجەی شتەکەی لە پێناو بە دەستیار براوە.

- تەواو بونی کاتەکە ئەگەر دەستیارەکە بۆ ماوەیەك برا بو.

- مردنی دەستیاردەر یان دەستیارخواز، چونکە بەمە دەستیاردان هەڵدەوەشێتەوە.

٥- دەستیارخواز لە سودوەرگرتندا وەك بە کرێگر وایە، بۆی هەیە خۆی وجێگرەکەی سودی لێ ببینێت، چونکە بۆی هەیە هەڵس وکەوتی پێوە بکات بە هێلانی خاوەنەکەی.

دەروازەی نۆزدەهەم

زیندو کردنەوەی زەوی مردو «إِحْيَاءُ الْمَوَاتِ»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: لە بارەی واتای زیندو کردنەوەی زەوی مردووەوە، وحوکمەکەی:

١- واتاکەی:

(الْمَوات) ئەوەیە گیانی تێدا نەبێت، مەبەستیش لێرەدا ئەو زەویەیە کە ئاوەدان نەکراوەتەوە وخاوەنی نیە. لە شەرعیشدا: زەویەکە خاڵیە لە تایبەتکراوی وخاوەندارێتی خوێنپارێزراوێك. کەواتە ئەو زەویە چۆڵەیە کە مولکی کەس نەبود وشوێنەواری ئاوەدانیشی پێوە نیە، ونەشزانراود کەس خاوەنی بێت.

٢- حوکمەکەی وبەڵگەکانی:

بنەمای ئەمەش فەرمودەکەی پەیامبەرە ﷺ: «مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيْتَةً فَهِيَ لَهُ وَلَيْسَ لِعِرْقٍ ظَالِمٍ حَقٌّ» «هەر کەس زەویەکی مردو زیندو بکاتەوە ئەوە هی خۆیەتی، وڕەگ وڕیشکی ستەمکاریش هیچ مافێکی نیە»[1]. «العرق الظالم»: ئەوەیە زەویەك کەسێك زیندوی کردۆتەوە، کەسێکی تر دەڕوا داری تێدا دەچێنێت یا کشتوکاڵی تێدا دەکات، بۆ ئەوەی زویەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات. جاری واش هەیە زیندوکردنەوە نەبێتە سوننەت ئەگەر خەڵك وئاژەڵان پێویستیان بو وسودی پێدەگەیاندن، لە بەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيْتَةً فَلَهُ فِيهَا

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٠٧٣)، والترمذي (١٣٧٨)، وصححه الألباني (الإرواء ١٥٥١).

أَجْرٌ، وَمَا أَكلَتِ الْعَوَافِي[1] فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ» «هەر کەس زەویەکی مردو زیندو بکاتەوە ئەوا پاداشتی بۆ هەیە، وهەر ڕۆزی خوازێك لێی بخوات ئەبێتە صەدەقە بۆی»[2].

پرسی دوەم: مەرجەکانی زەوی زیندو کردنەوە، وئەوەی بەهۆیەوە بە دی دێت:

بۆ زیندوکردنەوەی زەوی مردو دو مەرج پێویستە:

١- **پێشتر مولکی هیچ موسڵمانێك نەبو بێت**، ئەگەرنا حەرامە زیندو بکرێتەوە، مەگەر بە ڕێگە پێدانێکی شەرعی.

٢- ئەبێت زیندوکەرەوەکە موسڵمان بێت، جا زیندوکردنەوەی زەوی لە لایەن بێ باوەڕەوە لە خاکی ئیسلامدا دروست نیە.

زیندوکردنەوەش بە چەند شتێك بە دی دێت:

١- ئەگەر بە پەرژینێکی قایم لەوەی کە نەریتە دەوری بدات، ئەوا زیندوی کردۆتەوە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ أَحَاطَ حَائِطًا عَلَى أَرْضٍ فَهِيَ لَهُ» «هەر کەس پەرژینێکی دا بە دەوری زەویەکدا ئەوە هی ئەوە»[3].

٢- ئەگەر لە زەویەکی مردودا بیرێکی هەڵ کەند وگەیاندیە ئاو ئەوا زیندوی کردۆتەوە، ئەگەریش نەگەیشتە ئاو هەر ئەو لە پێشترە بەو زەویە، بە هەمان شێوە ئەگەر جۆگەی ئاوی پێدا کێشا.

---

(١) کۆی «العافیة»یە و«العافي»ش: بریتیە لە هەمو ڕۆزی خوازێك لە باڵندە یا مرۆڤ یان ئاژەڵان.
(٢) رواه الدارمي (٢/٢٦٧)، وأحمد (٣/٣١٣)، وصححه الألباني في الإرواء (٦/٤).
(٣) أخرجه أبو داود (٣٠٧٧) عن سمرة بن جندب، وصححه الشيخ الألباني (الإرواء ١٥٥٤).

٣- ئەگەر لە چاڵکێك یان ڕووبارێـك وجگـە لەمانەشـەوە ئـاوی کەیانـدە زەویـە مردووەکە ئەوا بەوە زیندوی کردۆتەوە.

٤- ئەگەر داری تێدا ناشت، لە کاتێکدا پێش ئەوە بۆ دار تێدا ناشت شیاو نەبو، هات پاکی کردەوە وداری تێدا ناشت ئەوە زیندوی کردۆتەوە.

٥- لە زانایانیش هەیە ئەڵێ: زیندوکردنەوە لە سنوری ئەمانە ناوەستێت، بـەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ داب ونەریت، جا خەڵك چیان بـە زیندوکردنـەوە دانـا ئـەوە زینـدو کردنەوەیە، ئەگەرنا نەخێر.

پرسی سێیەم: هەندێك حوکمی پەیوەست بەمەوە:

١- هەر کەس زەویەکی مـردوی زینـدو کـردەوە ئـەوە ئەبێتـە مـوڵکی، لەبـەر گشتێتی فەرمودەکانی پێشو، لەوانەش: «هەر کەس زەویەکی مردو زینـدو بکاتـەوە ئەوا هی ئەوە».

٢- پاکـژی[1] ئـاوەدانی بـە زیندوکردنـەوە نابێتـە خـاوەنی، چـونکە خـاوەنی ئاوەدانیەکە شایستەی مەڕافق وپێویستیەکانیشیەتی.

٣- بۆ پێشەوای موسڵمانان هەیە زەوی مردو دابڕێت وببەخشێت بەوەی زیندوی دەکاتەوە، لەبەر فەرمودەکەی وائیلی کوڕی حـوجر ﷺ کـە: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَقْطَعَهُ أَرْضًا بِحَضْرَمَوْتَ» «پەیامبەری خوا ﷺ زەویەکی حەزرەمەوتی بۆ دابڕی»[2].

(١) حەرەم و قێغە (قەدەغە)ی شتێك: بریتیە لەو شتانەی دەوروبەری لە ماف وپێویستیەکانی، وای پێوتراوە چونکە قەدەغەیە لە سەر غەیرە خاوەنەکەی، ئەو بە تەنها کەڵکی لێ وەر دەگرێت.
(٢) أخرجه الترمذي (١٣٨١) وقال: حديث حسن، وصححه الألباني «صحيح سنن الترمذي» (١١١٦).

٤- بۆ پێشەوا دروستە کە وکیلای زەوی مردوو دابڕێت بۆ وشتری زەکات ونەسپی تێکۆشەران ئەگەر پێویست بوو، وبەو تەسکی وزیانی تێدا نەبوو بۆ موسڵمانان، ئەمەش بۆ کەس نییە مەگەر پێشەوا، ئەمەش رێگە پێدراوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، وەک لە فەرموودەکەی سەعبی کوڕی جەسامەدا ﷺ هاتووە بەرزی دەکاتەوە: «لا حمى إلا لله ولرسوله» پاوان نییە مەگەر بۆ خوا وپەیامبەرەکەی[1].

واتا: پێکەنە حەرام، پاس: قەدەغەی بکات وبۆیکی نەنەوە.

(١) أخرجه البخاري (٢٣٦٠).

دەروازەی بیستەم

جیعالە «الجَعَالَة»

دو پرسی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتاکەی، وحوکمەکەی:

١- واتاکەی:

(الجِعالة): پابەند بونە بە بەرامبەر «عِـوَض»ێکی زانراو، لە سەر کـارێکی دیـاری کراو، بە بێ لەبەر چاو کردنی بکەرەکەی.

بۆ نمونە بڵێ: هەر کەسێك ئۆتۆمبیلە دیارنەماوەکەم بۆ بدۆزێتەوە هەزار دینـاری پێدەدەم.

٢- حوکمەکەی وبەڵگەکانی:

لە گرێ بەستە حەڵاڵەکانە لـە ڕوی شـەرعەوە، وئایـەتی: ﴿وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ [يوسف:٧٢]، بەڵگەیە لە سەر ئەمە.

هەروەها ئەبو سەعیدی خودری ﷺ ئەڵێ: «کە خەڵکانێك لە هاوەڵانی پەیامبەر ﷺ تێپەڕ بون بە لای خێڵێکی عەرەبدا، داوای میوانـداریان لـێ کـردون ئـەوانیش میوانداریان نەکردون، دوایی دەم سپی خێڵەکە پێوەی دراوە، بە هاوەڵەکانیان وتـوە: کەستان هەیە ڕوقیە وچارەسەری بزانێت، وتیان: بەڵێ، بەڵام هەتا شت «جُعل»ێکمان بۆ دانەنێن نایکەین، ئەوانیش لا ڕانێکیان ومێگەلێکیان پێدان، ئەوانیش یـەکێکیان هەستا وبە فاتیحە چارەسـەری بـۆ کـرد، کـابرا یەکسـەر چـاك بویـەوە، ئـەوانیش شەکەکانیان هێنا، ئەمان وتیان: نایبەین تا پرسیاری پەیامبەری خوا ﷺ نەکـەین،

كە گەڕانەوە پرسیاریان لێ كرد ﷺ، فەرموی: لێیانی وەر بگرن وبەشێكیش بۆ مـن بهێنن»[1].

پرسی دووەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستە پێوەی:

جوعالە ئەم حوكمانەی خوارەوەی پێوە پەیوەستە:

١- مەرجە ئەوەی خۆی پابەندكردوە بە بەرامبەرەكەوە هـەڵس وكـەوت دروسـت بێت، هەروەها كاركەرەكەش ئەبێت توانای كارەكەی هەبێت.

٢- ئەبێت كارەكە حەڵاڵ بێت، بۆیە لە سەر حەرام دروسـت نابێـت وەك گـۆرانی وتن ومەی دروست كردن وهاوشێوەكانیان.

٣- ئەبێت كاتێكی بۆ دیاری نەكرێت، جا ئەگەر بڵێ: هـەر كـەس وشـترەكەم بـۆ بگێڕێتەوە تا كۆتایی ئەم هەفتەیە ئەوە دینارێك پیێ دەدەم، ئەوە دروست نابێت.

٤- هـەروەها ئەمـە گـرێ بەسـتێكی دروسـتە، بـۆ هـەردولاش هەیـە هـەڵی بوەشێنێتەوە، جا ئەگەر كەسی یەكەم هەڵی وەشاندەوە ئـەوا كاركەرەكـە شایسـتەی كرێی هاوشێوەیە، ئەگەر كاركەرەكە هەڵی وەشاندەوە ئەوا هیچی بۆ نیە.

---

(١) متفق علیە: أخرجە البخاري (٢٢٧٦)، ومسلم (٢٢٠١). [لە هەر فەرمودەیەكدا ئەم شێوازەت بینی، ئەوە بۆ تەشریع وگومان ڕەواندنەوە ولادانی دو دڵی وچەسپاندنی دڵنیاییە، وەك پێیان بڵێت: هیچی تێدا نیە بە ڕادیەك ئەوە خۆشم لێی دەخۆم، هاو شێوەی ئەمەش: مارە كردنی زەینەب].

دەروازەی بیست ویەکەم

دۆزراوەی ئادەمی وجگە لەویش «اللُّقَطَةَ واللَقيط»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسي یەکەم: واتاکەی، وحوکمەکەی:

۱- واتاکەی:

(اللُّقَطَة) لە زماندا: شتی هەڵگیراوە، کە ناوە بۆ ئەو شتەی دەبینی فڕێ دراوە هەڵی دەگریتەوە. لە شەرعیشدا بریتیە لە هەڵگرتنەوەی ماڵێکی حورمەتدار لە شوێنی ونبونەکەی، تا بیپارێزێت یان بیبات بۆ خۆی دوای ناساندنی.

۲- حوکمەکەی وبەڵگەکەی:

بنەما لەم بارەوە فەرمودەکەی زەیدی کوڕی خالدی جوهەنیە ﷺ: کە پەیامبەری خوا پرسیاری زێڕ وزیوی دۆزراوەی لێ کراوە، ئەویش فەرموی: «اعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا، ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً، فَإِنْ لَمْ تُعْرَفْ فَاسْتَنْفِقْهَا، وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ، فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْمًا مِنَ الدَّهْرِ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ. وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةِ الْإِبِلِ، فَقَالَ: مَا لَكَ وَلَهَا، دَعْهَا فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاءَهَا، وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ، حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا. وَسَأَلَهُ عَنِ الشَّاةِ، فَقَالَ: خُذْهَا، فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ، أَوْ لِأَخِيكَ، أَوْ لِلذِّئْبِ» «قەیتانەکەیی وتوشەدانەکەی جوان بزانە، پاشان تا ساڵێك پێناسەی بکە، ئەگەر کەس نەیناسیەوە ئەوا خەرجی بکە، با سپاردەش بێت لە لات، ئەگەریش ڕۆژێك لە ڕۆژان خاوەنەکەی هات پێی بدەوە. هەروەها پرسیاری لێ کرد لە بارەی وشتری دۆزراوە؟ فەرموی: چیت داوە لە وشتر وهەقت چیە پێیەوە!؟ وازی لێ بهێنە پێڵاو

وئاوی خۆی پێیە، بۆ خۆی ئەڕواتە سەر ئاو ولە دار دەخوات تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە. هەروەها پرسیاری مەڕ وبزنی لێ کرد، فەرموی: بیبە، چونکە یا بۆ تۆیە یا بۆ براکەت یا بۆ گورگ»[1].

پرسی دووەم: بە شەکانی دۆزراوە:

١- ئەوەی کە خەڵك بایەخی پێ نادەن، وەك قامچی ونان وبەر وبوم وگۆچان، ئەمە یان دروستە هەڵ بگیرێتەوە، ودۆزەرەوەش بۆی هەیە کەڵکی لێ وەر بگرێ وبێ ناساندن بیبات بۆ خۆی.

٢- ئەوەی هەر بە خۆی بەرگری دەکات لە دڕندە بچوکەکان وجگە لەوانیش، وەك: وشتر وئەسپ ومانگا ومایین (هێستر)، ئەمەشیان حەرامە ببرێت ودۆزەرەوەش بە ناساندنی نابێتە خاوەنی، لەبەر فەرمایشتەکەی پێشوی پەیامبەر ﷺ: «چیت داوە لە وشتر وەقت چیە پێیەوە!؟ وازی لێ بهێنە پێڵاو وئاوی خۆی پێیە، بۆ خۆی ئەڕواتە سەر ئاو ولە دار دەخوات تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە».

٣- ئەوەی دروستە هەڵ بگیرێتەوە ولە سەریەتی پێناسەی بکات، وەك ئاڵتون وزیو وکەل وپەل، وئەوانەی تریش کە ناتوانن خۆیان بپارێزن لە دڕندە بچوکەکان وەك مەڕ وبزن ومریشك هاوشێوەکانیان، ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی زەیدی کوڕی خالدی پێشو، ئەمەش بۆ کەسێکە متمانەی بە خۆی هەیە وئەتوانێت پێناسەی بکات.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٣٧٢)، ومسلم (١٧٢٢)، و«الوكاء»: ئەو حەبل وبەتەیە کە تورەکە وکیسە وجگە لەمانەشی پێ توند دەکرێت. و«العِفَاص»: جێ خواردنێکە لە پێستە وجگە لەوەش. مەبەستیش: ناسینەوەی دۆزراوەکەیە بە نیشانەکانەوە بۆ ئەوەی کەسێك وەسفی کرد، بزانرێت ڕاست دەکات یان نا.

پرسی سێیەم: هەندێك حوکمی پەیوەست بە دۆزراوەوە:

١- ئەگەر دۆزراوەکە ئاژەڵێکی گۆشت خوراو بو، ئەوە سەر پشکە لە نێوان خواردنی ویەکسەر نرخەکەی بدات، یان بیفرۆشێت ونرخەکەی لای خۆی بۆ خاوەنەکەی دابنێت دوای ناسینەوەی شێوەکەی، یان هەڵی دەگرێت ولەماڵی خۆی خەرجی دەکێشێت ونایبات بۆ خۆی، کە خاوەنەکەی هات پێی دەداتەوە وخەرجیەکەشی لێ وەر دەگرێتەوە، ئەگەریش خاوەندکەی هات پێش ئەوەی دۆزەرەوەکە بیخوات ئەوە بۆی هەیە بیبات.

٢- ئەگەر دۆزراوەکە لەو شتانە بو مەترسی دەکرا خراپ ببێت، وەك میوە، ئەوا بۆ دۆزەرەوەکە هەیە بیخوات ونرخەکەی بداتەوە بە خاوەنەکەی، یان بیفرۆشێت ونرخەکەی هەڵبگرێت تا خاوەنەکەی دێت.

٣- بەڵام پارە وقاپ وقاچاخ وشتومەك لە سەریەتی هەموی بە ئەمانەت بپارێزێت وپێناسەی بکات لە شوێنی کۆبونەوەی خەڵکدا.

٤- دروست نیە دۆزراوە هەڵبگیرێت مەگەر لە خۆی دڵنیا بێت وبتوانێت پێناسەی بکات، چونکە ناساندنی دۆزراوە واجبە، ئەگەر بردی ئەوا شێوەکەی دەناسێت ئینجا یەك ساڵی ڕەبەق دەیناسێنێت، ئەمەش بە بانگکەوازی بۆ کردنی لە شوێنی کۆبونەوەی خەڵکی، ئەگەریش خاوەنەکەی هات وەك خۆی وەسفی کرد پێی دەدات، ئەگەریش دوای ساڵێکی ڕێکی ناساندن هەر نەهات ئەوە ئەبێتە مولکی.

٥- دوای ناساندنی وتێپەڕ بونی ساڵێك دۆزەرەوە ئەبێتە خاوەنی دۆزراوەکە، بەڵام هەڵس وکەوتی پێوە ناکات مەگەر دوای زانینی شێوەکەی، جا کەی

حاوەنەکەی ئەو وەسفانەی وەك خۆی کرد پێـی دەدات بـە بـێ بەڵگـە وسـوێنددان، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ ئاوها فـەرمانی کـرد لـە فەرمودەکـەی خالـدی کـوڕی زەیدی رضي الله عنه پێشو.

پرسی چوارەم: لە بارەی منداڵی دۆزراوەوە (اللُّقيط):

(اللقيط): بریتیە لەو منداڵەی بە فڕێدراوی دەدۆزرێتەوە لە جادەیەك یان دەرگـای مزگەوتێك وهاوشێوەکانی، یان وێل ئـەبێت لـە کەسـەکانی خـۆی، نـە ڕەچـەڵەکی دەزانرێ ونە کەفیلێکی شك دەبرێت.

وناشبێت منداڵی دۆزراوە وێڵ بکرێت، لە بەر فەرمایشتی خوا: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ [المائدة:٢] جـا گشـتێتی ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لـە سـەر واجبـێتی هەڵگرتنەوەی منداڵی دۆزراوە، جا هەڵگرتنەوەیی وبەخێوکردنی فـەرزی کیفایەیـە، هەروەها لە هەڵگرتنەوەیدا زیندوکردنەوەی ئەو کەسەی تێدایە. هەر چی پارەشی پێ بێت ئەوە هی ئەوە، وەکو ئیشکردن بە ڕوکەش، هەروەها لەبەر ئەوەی ئـەو دەسـتی ها پێوە، وخەرجی دەکێشێت، ئەگەریش هیچی پێ نەبو لە خەزێنەی دەوڵەت (بیـت المال) خەرجی دەکێشێت.

منداڵی دۆزراوەش ئازاد وموسڵمانە لە هەمو حوکمەکانیدا، مەگەر لە وڵاتی بـێ باوەڕان بدۆزرێتەوە ئەو کاتـە بـێ بـاوەڕە. وڕەچـەڵەکی دۆزراوەش دەچەسـپێت بـە داننانی هەر کەسێك بانگەشەی بکات وڕێی تێبچێت. ئەگەریش زیـاتر لـە کەسـێك

ململانێیان لە سەر کرد وبەڵگەش نەبو ئەوا پیشانی ڕەچەڵکناسەکان «القافة»[1] دەدرێت.

شایستەترین کەسیش بە بەخێوکردنی دۆزراوە دۆزەرەوەکەیە، بەو مەرجەی ئازاد ودەست پاك ودادگەر وسەر ڕاست بێت، وبێ باوەڕ وفاسق بۆی نیە موسُڵمان بەخێو بکات.

ودۆزەرەوە مەرجە: ژیر وبالغ وئازاد وئیسلام ودادگەر وسەر ڕاست بێت. جا هەڵگرتنی منداڵ وشێت وکۆیلە وفاسق وگەمژە دروست نابێت، هەروەها هەڵگرتنی بێ باوەڕ بۆ باوەڕدار دروست نابێت.

---

(١) کۆی «قائف»یە: بریتیە لەوەی لە شوێنەوارەکان ورد دەبێتەوە ودەیناسێتەوە، وهاوێنەی مرۆڤیش بە برا وباوکیەوە دەناسرێتەوە. «النهایة» مادة (قوف).

دەروازەی بیست ودووەم

وەقف «الوَقْـف»

دو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: مانای وەقف، وحوکمەکەی:

١- واتاکەی:

وەقف هێشتنەوەی زات (عَیْن)ێکە، کەڵکی لـێ وەر دەگیرێـت وخـودی خۆیشـی دەمێنێتەوە، بە مەبەستی نزیك بونەوە لە خوا. جا بریتیـە لـە هێشـتنەوەی خـودی شتەکە، وکردنە رێی خوای بەر وبومەکەی. بۆ نمونە: ماڵێك دەکاتە وەقف وبە کرێـی دەدات، کرێکەشی بە ئاتاج ومزگەوت ولە چاپدانی کتێبە دینیەکان دەدات.

٢- حوکمەکەی وبەڵگەکەی:

لە کارە سونەتەکانە، وبنەماش تێیـدا ئەوەیـە کـە لـە عومـەرەوە هـاتوە کـە زەویەکی لە خەیبەر بەر کەوتوە، وتویەتی: ئەی پەیامبەری خوا! «إِنِّي أَصَبْتُ أَرْضًا بِخَيْبَرَ، لَمْ أُصِبْ مَالًا قَطُّ أَنْفَسَ عِنْدِي مِنْهُ، فَمَا تَأْمُرُ بِهِ؟ قَالَ: إِنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أَصْلَهَا وَتَصَدَّقْتَ بِهَا، قَالَ: فَتَصَدَّقَ بِهَا عُمَرُ، أَنَّهُ لَا يُبَاعُ وَلَا يُوهَبُ وَلَا يُورَثُ» «زەویەکم لە خەیبەر بەر کەوتوە هەرگیز هیچ ماڵێکم ئەوەندە لەلا بـە نـرخ نـەبوە، فەرمانم بە چی پـێ دەکـەیت؟ فـەرموی: ئەگـەر ئەتـەوێ ئەسـڵەکەی بکـە وەقـف وسـودەکەی بکـە خێـر، عومـەریش کەڵکەکـەی کـرد بـە خێـر کـە نافرۆشـرێت

ونابەخشرێتەوە ونابێتە میراتیش»[١]. هەروەها لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إذا ماتَ الإنسانُ انقطعَ عنهُ عملُهُ إلّا من ثلاثة: إلّا من صدقةٍ جاريةٍ، أو علمٍ يُنتفعُ بهِ، أو ولدٍ صالحٍ يدعو لهُ» «ئەگەر مرۆڤ مرد، كردەوەكانی لێ دەبڕێت مەگەر سێ شت نەبێت پاداشتەكەی بەردەوامە: صەدەقەی بەردەوام، یا زانستێك كەلكی لێ وەر بگیرێت، یان منداڵێك دوعای بۆ بكات»[٢].

مەبەستیش لە صەدەقەی ڕۆیشتو: وەقفە.

پرسی دوەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە وەقفەوە:

وەقفیش ئەم حوكمانەی خوارەوەی پێوە پەیوەستە:

١- ئەبێت وەقفكەرەكە هەڵس وكەوت دروست وژیر وپێگەیشتو وئازاد وسەر ڕاست بێ.

٢- ئەبێ وەقفەكە بە كەڵكێكی بەردەوام بێت وزاتەكەشی بمێنێتەوە ودیاریشی بكات.

٣- ئەبێت وەقفەكە لە سەر شتی چاك وباش بێت، وەك مزگەوت وهەژار وكتێبی زانستی وهاوشێوەكانی، چونكە نزیكبونەوەیە لە خوا، بۆیە وەقفكردن بۆ پەرستگای بێ باوەڕان، یان بۆ كڕینی شتی حەرام حەرامە.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٧٣٧) [هذا لفظه]، ومسلم (١٦٣٢) [ولم أجد لفظ الأصل في الموضعين، وانظر: مصنف ابن أبي شيبة (٢١٣٣٣)].
(٢) أخرجه مسلم (١٦٣١).

٤- ئەگەر وەقفەكـە كـەڵكی نـەما، ونەشـكرا سـودی لـێ وەر بگیرێـت، ئـەوا دەفرۆشرێت، ونرخەكـەی لـە هاوشـێوەكەی خـەرج دەكرێـت، ئەگـەر مزگـەوت بـو پارەكەی لە مزگەوتی تردا خەرج دەكەیت، یان خانویەك بو دەفرۆشـرێت وخانویـەكی تری پیێ دروست دەكرێت، چونكە ئەمە نزیكترە لە مەبەستی كابرای وەقفكەر.

٥- وەقـف گـریێ بەسـتێكی پەیوەسـت (لازم)ە، تـەنها بـە وتـنی دەچەسـپێت، ودروست نیە هەڵبوەشێنرێتەوە یان بفرۆشرێت.

٦- ئەبێت وەقفكراو دیاری كراو بێت، جا وەقفكردنی دیاری نـەكراوێك دروسـت نابێت.

٧- ئەبێت وەقفەكە بڕواتە سەر (المْنجز) بێت، جا وەقفكردنی شـتی هەڵواسـراو وكاتی (المعلق والمؤقت) دروست نابێت، مەگەر لە سەر مردنی خۆی.

٨- پێویسـتە ئیش بكرێت بە مەرجی وەقفكەرەكە ئەگەر دژی شەرع نەبو.

٩- ئەگەر كردیە وەقف لە سەر منداڵەكانی ئەو كاتە نێر ومێیان یەكسانە.

دەروازەی بیست وسێیەم

دیاری وبەخشینەوە «الهَدِيّة والعَطيّة»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسي یەکەم: مانای دیاری، وبەڵگەکانی:

١- واتاکەی:

دیاری؛ بەخشین وتەبەروعێکە لە هەڵس وکەوت دروستێکەوە لە ژیانی خۆیدا بۆ کەسێکی تر بەماڵێکی زانراو یان شتی تر بە بێ بەرانبەر.

٢- حوکمەکەی وبەڵگەکەی:

دیاری سوننەتە ئەگەر مەبەست لێی خوا بێت، وەك دیاری بۆ پیاوچاکێك، یان هەژارێك، یان خزمێك، لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «تَهَادَوْا تَحَابُّوا» «دیاری ببەخشنەوە یەکتر تا خۆشەویستی بکەوێتە نێوانتانەوە»[1]، هەروەها لە عائیشەوە ﷺ ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ دیاری وەردەگرت ویاداشتیشی لە سەر دەدایەوە»[2]. ئەگەریش بۆ ڕوپامایی وبیستن وشانازی بێت کەڕاهەتی هەیە.

پرسي دوەم: مەرجەکانی دیاری:

دیاریش ئەم حوکمانەی پێوە پەیوەستە:

---

(١) رواه البيهقي (٦/١٦٩)، وحسنه الألباني «الإرواء» (١٦٠١).

(٢) أخرجه البخاري في صحيحه (٢٥٨٥).

١- ئەبێت لە هەڵس وکەوت دروستێکەوە بێت، کە بریتیە لە تـەکلیفلێکراوێکی ئازادی سەر ڕاست.

٢- ئەبێت بەخشەرەکە بە ویستی خۆی بێت، جا هی زۆر لێ کراو دروست نابێت.

٣- ئەبێت بەخشراو دروست بێت بفرۆشرێت، جا ئەوەی دروست نابێت بفرۆشرێت دروست نابێت ببەخشرێت، وەك: مەی وبەراز.

٤- ئەبێت پێبەخشراو بەخشراوەکە قەبوڵ بکات، چـونکە دیـاری بەخشـین گـرێ بەستی بە خاوەنکردنە بۆیە پێویستی بە ئیجاب وقەبول هەیە.

٥- ئەبێت دیاری دەستەجێ بێت وبڕواتە سەر (حالّة منجـزة)، جا دیـاری کـاتی، دروست نابێت، وەك: ئەمەم پێدای بۆ مانگێك یان ساڵێك، چـونکە دیـاری بەخشـین گرێ بەستی بە خاوەنکردنە، ئەگەر کاتی بێت دروست نابێت.

٦- ئەبێت بێ بەرانبەر بێت، چونکە بەخشینێکی پەتیە.

پرسی سێیەم: هەندێك حوکمی پەیوەست بە دیاریەوە:

دیاریش ئەم حوکمانەی پێوە پەیوەستە:

١- ئەگەر پێ بەخشـراو بـە هێڵانـی بەخشـەرەکە دیاریەکـەی وەر گـرت، ئـەوا دیاریەکە پەیوەست ئەبێت، وبۆ بەخشەر نیە پەشیمان ببێتەوە لە دیاریەکـەی لەبـەر فـەرمودەی: «الْعَائِدُ فِي هِبَتِهِ، كَالْكَلْبِ يَقِيءُ ثُمَّ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ» «پەشـیمان لـە دیاریەکـەی، وەکـو سـەگ وایـە دەڕشـێتەوە ئینجـا دێتـەوە ڕشـانەوەکەی خـۆی

دەخوات»[١]، مەگەر باوك بێت، ئەو کاتە بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوە لە دیاریەکەی بۆ منداڵەکەی، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی[٢]: «لَا يَحِلُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُعْطِيَ الْعَطِيَّةَ، فَيَرْجِعَ فِيهَا، إِلَّا الْوَالِدَ فِيمَا يُعْطِي وَلَدَهُ» «حەڵاڵ نیە بۆ پیاو دیاریەك ببەخشێتەوە ئینجا لێی پەشیمان بیتەوە مەگەر باوك لەوەی دەیدات بە کوڕەکەی».

٢- پێویستە لە سەر باوك یەکسانی بکات لە نێوان منداڵەکانی لە دیاری بەخشینەوەدا، جا ئەگەر تایبەتی بکات بە هەندێکیانەوە، یان زیاتر بدات بە هەندێکیان بە بێ ڕەزامەندی ئەوانی تر دروست نابێت، ئەگەریش ڕازی بون ئەوا دیاریەکە دروست ئەبێت، ئەمەش لە بەر فەرمودەکەی نوعمانی کوڕی بەشیر ﷺ: کە باوکی هەندێك ماڵی پێبەخشیوە، پەیامبەری خوا ﷺ پێی فەرموە: «أَعْطَيْتَ سَائِرَ وَلَدِكَ مِثْلَ هَذَا» «ئایا وەك ئەمەت بە هەمو منداڵەکانت بەخشیوە» وتی: نەخێر، ئەویش فەرموی: «فَاتَّقُوا اللهَ وَاعْدِلُوا بَيْنَ أَوْلَادِكُمْ» «لە خوا بترسن ودادگەربن لە نێوان منداڵەکانتان»[٣]، لە ڕیوایەتێکی تردا: «لَا تُشْهِدْنِي عَلَى جَوْرٍ» «ئەمکە بە شاهید بەسەر ستەمەوە»[٤].

(١) أخرجه البخاري (٢٦٢٢)، ومسلم (١٦٢٠).
(٢) أخرجه أبو داود (٣٥٢٢)، والترمذي (١٢٩٩) وقال: حسن صحيح. وابن ماجه (٢٣٧٧)، وصححه الألباني «الإرواء» (١٦٢٤).
(٣) أخرجه البخاري (٢٥٨٧) [هذا لفظه]، ومسلم (١٦٢٣).
(٤) [هذا لفظ البخاري (٢٦٥٠)، ومسلم (١٦٢٣)].

٣- ئەگەر باوك لە نەخۆشــی مردنەکــەی زیــاتری بــە هەنــدێك لــە منداڵــەکانی بەخشی، یان هەندێکیانی تایبەت کرد بە دیاریەوە بە بێ ئەوانی تــر، ئــەوا دروســت نابێت مەگەر باقی وەرەسە ڕێگە بدەن.

٤- دیاری هەڵواسراو دروست نەبێت، وەك ئەوەی بڵێ: ئەگەر ڕێبوارەکــە هاتــەوە یان باران باری ئەوا ئەوەت پێ دەبەخشم.

٥- بەخشینی قەزر دروست نەبێت بۆ کەسێك قــەرزی لــە گەردندایــە، ئەمــەش ئەبێتە ئەستۆپاکی بۆی.

٦- نابێت دیاری وبەخشین ڕەد بکرێتەوە با کەمیش بێت، وسوننەتیشە پاداشــتی لە سەر بدرێتەوە، لەبەر کرداری پەیامبەر ﷺ، [وەك لە فەرمودەی پێشتردا هــاتبو] لە عائیشەوە ﵂ ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ دیاری وەر دەگرت وپاداشتیشــی لــە ســەر دەدایەوە».

هەشتەم: بەشی میرات وەسیەت وئازادکردن

ئەمەش لە چوار دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: هەڵس وکەوتی نەخۆش

دەروازەی دوەم: وەسیەتکردن

دەروازەی سێیەم: ئازادکردن وموکاتەبەوە وتەدبیر

دەروازەی چوارەم: میرات

دەروازەی یەکەم

هەڵس وکەوتەکانی نەخۆش «تصرُّفات المَريض»

مرۆڤ ئەگەر تەندروست ولەشساغ بو، ئەو بۆی هەیە بە هەمو ئازادیەکەوە هەڵس وکەوت لە ماڵەکەی خۆیدا بکات لە سنوری ڕێگەدانی شەرع.

بەڵام ئەگەر نەخۆش بو، ئەوا لە دو حاڵەت بە دەر نیە؛ یان مەترسی لە سەر نیە واتە: مەترسی نیە بە هۆیەوە بمرێت وەك ئازاری کاکیلە وپەنجەکان وسەر ئێشە وئازارەکانی لاشە کە کاریگەری نیە، وئەکرێ شیفای بێت وچاك ببێتەوە، ئەم نەخۆشە هەڵس وکەوتی پەیوەست (لازم)ە وەك هەڵس وکەوتی ساغ، جا بەخشین ودیاری لە ماڵەکەی دروست ئەبێت، ئەگەریش پەرەی سەند بۆ نەخۆشیەکی مەترسیدار وبەهۆیەوە مرد، ئەوا عیبرەت بە کاتی بەخشین ودیاریەکەیە ولەو کاتەش حوکمی لەش ساغی هەیە.

ئەگەریش نەخۆشیەکە مەترسیدار بو وەك ئەوەی چاوەڕوانی مردنی لێ بکرێت وەك نەخۆشیە مەترسیدار وبێ چارەسەرەکان، لەم کاتەدا بەخشینەکانی جێبەجێ دەکرێت لە یەك لە سەر سێ، نەك لە دەست مایەکە، جا ئەگەر لە دەوری یەك لە سەر سێ وکەمتر بو جێ بە جێ دەبێت. ئەگەریش زیاتر بو لەمە ئەوا جێ بەجێ ناکرێت مەگەر بە هێڵانی وەرەسەکە دوای مردنی. لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ [(1)]: «إِنَّ اللهَ تَصَدَّقَ عَلَيْكُمْ بِثُلُثِ أَمْوَالِكُمْ عِنْدَ وَفَاتِكُمْ، زِيَادَةً فِي حَسَنَاتِكُمْ؛

---

(١) أخرجه ابن ماجه (٢٧٠٩) [من حديث أبي هريرة]، وأحمد في مسنده (٢٧٤٨٢) ط الرسالة [من حديث أبي الدرداء]، والدارقطني (٢٦٣/٥) ط الرسالة [واللفظ له من حديث معاذ]، والبيهقي (٢٦٤/٦) [من حديث أبي الدرداء]، وهو حديث حسن، انظر: «الإرواء» (٧٧/٦).

لِيَجْعَلَهَا لَكُمْ زَكَاةً فِي أَعْمَالِكُمْ» «خوای گەورە صەدەقەی بە سەردا کردون بە سێیەکی ماڵەکانتان لە کاتی مردنتاندا، ئەمەش وەك زیاترکردنی چاکەکانتان تا بیکاتە مایەی پاك بونەوە وزیادکردنی کارەکانتان». ئەم فەرمودە وهاو واتاکانی تری بەڵگەیە لە سەر ئەوەی دروستە نەخۆش لە نەخۆشی مردن هەڵس وکەوت بکات لە سێ یەکی ماڵەکەی، چونکە بەخشینی لە هەمو ماڵەکە زیان بە وەرەسە دەگەیەنێت، بۆیە هێنرایەوە بۆ سێیەك وەك وەسیەت.

ئەگەریش نەخۆشیەکە درێژخایەن بو بەڵام مەترسی لە سەر نەبو ونەیخستە سەر جێگا، وەك نەخۆشی شەکرە وهتد، لەم حاڵەتەدا بەخشینەکانی دروست ئەبێت لە هەمو ماڵەکەی وەك کەسی لەش ساغ چونکە مەترسی زو مردنی لێ ناکرێت وەك پیاوی پیر.

بەڵام ئەگەر خستیە سەر جێگا ئەوا نە بەخشین ونە وەسیەتەکانی دروست نابێت مەگەر لە سنوری یەك لە سێ ئەویش بۆ جگە لە وەرەسە، چونکە نەخۆشە وکەوتۆتە سەر جێگا ومەترسی مردنی لێ دەکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا عیبرەت بە هەڵس وکەوت وبەخشینەکانی نیە وەك نەخۆش لە نەخۆشی مردن.

دەروازەی دوەم

ڕاسپێری «الوصیة»

دو پرسی لە خۆ گرتود:

پرسی یەکەم: مانای وەسیەت، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- واتاکەی:

وەسیەت لە زماندا: واتا ڕاسپاردن بە کەسی تر، یان فەرمان کردن. لە شەرعیشدا: بریتیە لەوەی مرۆڤ زات یان قەرز یان سودێك ببەخشێتە کەسێکی تر کە بەخشراوەکە دوای مردنی وەسیەتکەر وەسیەت بۆ کراوەکە ئەبێتە خاوەنی.

وەسیەتکردن لەمە زیاتریش دەگرێتەوە، جا بە واتای فەرمانکردن بە هەڵس وکەوت کردن دوای مردنیش دێت -وەك هەندێك وا پێناسەی دەکەن- بۆیە وەسیەتکردن بۆ کەسێك بیشۆرێتەوە دەگرێتەوە، یا بەرنوێژی لە سەر بکات، یان بەشێك لەماڵەکەی بدرێتە لایەنێك.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی:

شەرعیە بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی. لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ [البقرة:١٨٠] «وەسیەتکردن فەرزکراوە لە سەرتان ئەگەر کەسێکتان نیشانە وپێشەکیەکانی مردنی لێ دەرکەوت -ماڵێکی بە جێهێشتبو- ئەوە ئەوەسیەت فەرزکراوە بە بەشێك لە ماڵەکەی بۆ دایك وباوك وخزمان ونزیکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی دادگەریدا، ئەڕوا هەژار وێڵ بکا وەسیەت بۆ دەوڵەمەندە بکات

ویا لە یەك لە سەر سێ زیاتر نەبێت، ئەمەش مافێکی چەسپاوە تـەقواکاران ئیشـی پێدەکەن کە لە خوا دەترسن». ولەبەر فەرمودەکەی ئـیبن عومـەر ﷺ، پەیامبـەری خوا ﷺ فەرمویەتی[1]: «مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ وَلَهُ شَيْءٌ يُوصِي فِيهِ إِلَّا وصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ» «شیاو نیە موسڵمان دو شەوی بە سەردا بێت وشتێکی هەبێت پێویست بە وەسیەت بکات مەگەر ئەبێت وەسیەتەکەی لای نوسرابێت».

پرسی دووەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە وەسیەتەوە:

ئەم حوكمانەی خوارەوەش پەیوەستن بە وەسیەتەوە:

١ – پێویستە لە سەر موسڵمانان ئەو مافەی ها بە سـەریەوە وئەوەشـی هـا لای خەڵکەوە لە وەسیەتێکدا بینوسێ، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەری پێشـو ﷺ.

٢ – سونەتە هەندێکی ماڵ بکرێتە وەسیەت بۆ خەرجکردنی لە ڕێگاکـانی خێـر وچاکەدا، بۆ ئەوەی پاداشتەکەی دوای مردنەکەی پـێ بگـات، لەبـەر فەرمودەکـەی ئەبو دەردائی ﷺ پێشتر کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خوای گەورە صەدەقەی بـە سـەردا کـردون بـە سـێیەکی ماڵـەکانتان لـە کـاتی مردنتانـدا، ئەمـەش وەك زیاترکردنی چاکەکانتان تا بیکاتە مایەی پاك بونەوە وزیادکردنی کارەکانتان».

٣ – دروستە سێیەك وکەمتر بکرێتە وەسیەت، سەبارەت بە دروسـتێتی یـەك لـە سێ فەرمودەکەی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصە کاتێك لە نەخۆشکەوتنی مردنەکەیدا پرسیاری لە پەیامبەری خوا کرد: دو لـە سـێی ماڵەکـەم بکەمـە خێـر؟ فـەرموی:

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٢٧٣٨)، ومسلم (١٦٢٧).

«نەخێر»، وتم: ئەی نیوەی؟ فەرموی: «نەخێر»، وتم: ئەی سێیەك؟ فەرموی: «با سێیەك بێت، ئەگەرچی زۆریشە». سەبارەت بە سوننەتیەتی کەمتر لە سێیەك؛ لەبەر وتەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما[1]: ئەگەر خەڵك چاوپۆشیان لە سێیەك بکردایە بۆ چواریەك باشتر بو، چونکە پەیامبەر فەرموی: «با سێیەك بێت، ئەگەرچی زۆریشە».

٤- کەسێك میراتگری هەبێت وەسیەتکردن بە زیاتر لە سێیەك دروست نابێت، لەبەر فەرمودەکەی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصی پێشتر، مەگەر وەرەسە ڕێگا بەوە بدەن، بەڵام ئەگەر میراتگری نەبو ئەوە بە هەموماڵەکەشی دروست ئەبێت.

٥- وەسیەت بۆ هیچ کام لە میراتگرەکان دروست نابێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو ئومامە رضي الله عنه، کە پەیامبەری خوا فەرمویەتی ﷺ: «إِنَّ اللهَ قَدْ أَعْطَى كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ، فَلَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ» «خوای گەورە مافی بە هەمو خاوەن مافێك بەخشیوە، جا وەسیەت بۆ میراتگر ناکرێت»[2].

٦- حەرامە وەسیەت بکرێت بە شتێك سەرپێچی تێدا بێت، چونکە دانراوە بۆ زیاترکردنی چاکەی وەسیەتکەر وەك لە فەرمودەکەی پێشتری ئەبو دەردائدا هاتبو.

٧- قەرز واجبە شەرعیەکان وەك زەکات وحەج وکەفارەتەکان دەخرێتە پێش وەسیەتەوە، لە بەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ [النساء:١١]، «لە دوای بە جێهێنانی وەسیەتێك کە کردویەتی یان دانەوەی قەرزێك کە لە

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٣٦٣/٥)، ومسلم (١٦٢٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٨٥٣)، والترمذي (٢٢٠٣)، وابن ماجه (٢٧١٣)، وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٢١٩٣).

سەریەتی"، عەلیش ﷺ ئەڵێ: «قَضَى النَّبِيّ ﷺ بِالدَّيْنِ قَبْلَ الوَصِيَّة» «پەیامبەری خوا ﷺ بڕیاریدا قەرزدانەوە پێش جێبەجێکردنی وەسیەت بێت»[1].

٨- مەرجە وەسیەتکەر هەڵس وکەوت دروست بێت لـە ماڵەکـەی خۆیـدا، ژیـر وپێگەیشتو وئازاد وبە ویستی خۆی بێت.

٩- حەرامە وەسیەت بکات بۆ لایەنێك سەرپێچی بێت، وەك وەسیەت کردن بـۆ پەرستگای بێ باوەڕان، یان کڕینی ئامێری مۆسیقا وهاوشـێوەکانی، ئـەوە وەسـیەتی باتڵە.

١٠- وەسـیەتکردن سـوننەتە ئەگـەر مـاڵێکی زۆری هـەبو ومیراتگرەکانیشـی پێویـستیان نەبو، لەبەر فەرمایشتەکەی خـوا ﷻ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ﴾ [البقرة:١٨٠]، خێـریش لێـرە بریتیـە لـە مـاڵی زۆر، وکەسێکیش ماڵی کەم بێت ومیراتگرەکانی پێویـستیان هـەبێت کەڕاهـەتی هەیـە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِنَّكَ إِنْ تَذَرْ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ» «ئەگەر میراتگرەکانت بە دەوڵەمەندی بە جێ بهێڵییت باشترە لەوەی بە هەژاری بە جێیان بهێڵیت دەست لە خەڵك پان بکەنـەوە»[2]، وزۆرێـك لـە هاوەڵانی پەیـامبەر ﷺ مردن وهیچ وەسیەتیشیان نەکرد.

---

(١) [أخرجـه البخـاري تعليقـا بصـيغة التمـريض قبـل رقـم: (٢٧٥٠)، وأخرجـه أحمـد (٦٠٥)، والترمـذي (٢٠٩٤)، وابن ماجه (٢٧١٥)].

(٢) أخرجه البخاري (١٢٩٥)، ومسلم (١٦٢٨).

١١- وەسیەتکردن حەرامە ئەگەر وەسیەتکەر مەبەستی زیانگەیاندن بێت بە وەرەسە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿غَيْرَ مُضَارٍّ﴾ [النساء: ١٢] «بە بێ زیان گەیاندن».

١٢- وەرگرتنی وەسیەت وخاوەنداریتی کردنی دروست نابێت مەگەر دوای مردنی وەسیەتکەرەکە، چونکە ئەوە کاتی مسۆگەر بونی هەقەکەیەتی، ئەمە ئەگەر وەسیەتەکە بۆ دیاریکراوێك بو، بەڵام ئەگەر بۆ دیاری کراوێك نەبو وەك هەژاران ونەداران، یان فێرخوازان، ومزگەوتەکان وخانەی هەتیوان، لەو کاتەدا پێویستی بە وەرگرتن نیە هەر بە مردن پەیوەست دەبێت.

١٣- دروستە وەسیەتکەر لە هەمو وەسیەتەکەی یان هەندێکی پەشیمان ببێتەوە، یان هەڵی بوەشێنێتەوە. عومەر ﵁ ئەڵێ: کابرا چی بوێت لە وەسیەتەکەی دەیگۆڕێت(١).

١٤- وەسیەتکردن دروستە بۆ هەمو کەسێك کە خاوەنداری کردنی دروست بێت ئیتر موسڵمان بێت یان کافر، لەبەر ئایەتی: ﴿إِلَّا أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا﴾ [الأحزاب:٦] «مەگەر ئەی موسڵمانان چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی وەرەسە نین بە سەرخستن وچاکەکردن وپەیوەندی خزمایەتی گەیاندن ووەسیەتکردن».

---

(١) سنن البيهقي: (٢٨١/٦). وأخرجه عبد الرزاق (٧١/٩) من قول عطاء وطاوس وأبي الشعثاء.

دەروازەی سێیەم

کۆیلە ئازاد کردن، ونوسراو لەگەڵ کردن وئازاد کردن لەدوای خۆ «العِتْق، والكِتَابَة، والتَّدْبِير»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی ئازادکردن، وشەرعی بونی، وفەزڵەکەی، وحیکمەت لە شەرعی بونی:

١- پێناسەی «العتق»:

لە زماندا بە کەسرەی عەینەکە وسکونی تائەکە: ئازادکردن ورزگاربونە، لەو قسەیە وەرگیراوە کە ئەڵێ: «عَتَق الفرس= ولاخەکە ئازاد بو» ئەگەر پێش بکەوێت، و«عتَق الفَرْخ= جوجەڵەکە ئازاد بو» ئەگەر بفڕێ وسەر بەخۆ ونجاتی ببێت. لە شەرعیشدا: بریتیە لە ئازادکردنی گەردن ورزگارکردنی لە کۆیلایەتی ولە ژێر خاوەندارێتی لای بدەیت، ئازادی بۆ چەسپاندنی.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی:

بنەما لەمەڕ شەرعی بونی ئازادکردن: قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە؛ سەبارەت بە قورئان: فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ [النساء:٩٢]، «ئەوا کۆیلەیەك ئازاد بکەن»، هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا﴾ [المجادلة:٣] «ئەوا کۆیلەیەك ئازاد بکەن پێش جوت بون». سەبارەت بە سوننەتیش: لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ ئەڵێ: لە پەیامبەری خواوە ﷺ[1]: «مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً أَعْتَقَ اللهُ

(١) أخرجه البخاري (٢٥١٧)، ومسلم (١٥٠٩)-٢٢، واللفظ له.

بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهَا عُضْوًا مِنْ أَعْضَائِهِ مِنَ النَّارِ حَتَّى فَرْجَهُ بِفَرْجِهِ» «هەر کەس گەردنێك ئازاد بکات، ئەوا خوا بە هەر ئەندامێکی ئەو کۆیلە ئەندامێکی ئەم لە ئاگر ڕزگار دەکات، تەنانەت دامێنی بە دامێنی». ئوممەتیش کۆکن لە سەر ئەوەی ئازادکردن دروست ئەبێت، وبەندە لە خواوە پێی نزیك دەبێتەوە.

٣- فەزڵەکەی:

ئازادکردن لە باشترین نزیکبونەوەکان ومەزنترین پەرستنەکانە، لەبەر ئەو دەقانەی لەم بارەوە هاتون، وەك فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَكُّ رَقَبَةٍ﴾ [البلد:١٣] «بەندیەك ئازاد بکەن» یانی: ڕزگارکردنی کەسەکە لە کۆیلایەتی، ئەم ئایەتەش لە باسی ئەو ڕێگایانەدا هاتوە کە ڕزگاربون وخێری تێدایە بۆ کەسێك بیگرێتە بەر، ئەویش بریتیە لە کۆیلە ئازادکردن. پێشتریش باسی فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە کرا لەبارەی فەزڵی ئازادکرنەوە، هەروەها لە ئەبو ئومامەوە ﷺ لە پەیامبەری خواوە ﷺ: «أَيُّمَا امْرِئٍ مُسْلِمٍ أَعْتَقَ امْرَأً مُسْلِمًا ؛ كَانَ فَكَاكَهُ مِنَ النَّارِ...» «هەر موسڵمانێك کۆیلەیەکی موسڵمان ڕزگار بکات، ئەوا ئەبێتە مایەی ڕزگارکردنی لە ئاگر» تا کۆتایی[1]. دەقەکانیش لە بارەی ئازادکردنەوە زۆر زۆرە. ئازاد کردنی پیاویش باشترە لە ئازاد کرنی ئافرەت، وگەردنی گرانت ر وبە نرخ تر لای خاوەنەکەی باشترە لە هی تر.

٤- حیکمەت لە شەرعی بونی:

ئازادکردن لە ئیسلامدا بۆ چەندین ئامانجی مەزن ومەبەستی باڵا دانراوە، لەوانە: ڕزگارکردنی ئادەمیزادێکی خوێنپارێزراو لە زیانی کۆیلایەتی، وببێتە خاوەنی خۆی، ودەسەڵاتی پێ بدەی بتوانێت هەڵس وکەوت بکات بۆ خۆی وبەرژەوەندیەکانی بە

(١) أخرجه الترمذي (١٥٤٧) وصححه، وصححه الألباني «صحيح سنن الترمذي» (١٢٥٢).

ویست وهەڵبژاردنی خۆی. هەروەها خوای گەورە کردویەتی بە کەفارەت بۆ: کوشتن، وجوت بون لە ڕەمەزان، وسوێندەکان.

پرسی دووەم: پایەکانی ئازادکردن ومەرجەکانی وصیغەکەی ولەفزەکەی:

١- **پایەکانی ئازادکردن:** پایەکانی سیانە:

أ. ئازاد کەر (الْمُعتِق): ئەو کەسەیە کە کەسێکی تر ئازاد دەکات.

ب. ئازاد کراو (الْمُعتَق): ئەو کەسەیە کە ئازاد کراوە یا ئازاد کردنەکە بە ئەو دا ڕویداوە.

ج. صیغەکەی: ئەو دەستەواژەیەیە کە ئازاد کردنەکەی پێ ڕو دەدات.

٢- مەرجەکانی:

بۆ ئەوەی ئازادکردنەکە دروست بێت وڕو بدات، ئەمانە مەرجە:

- ئەبێت ئازادکەرەکە هەڵس وکەوت دروست بێت کە بریتیە لە پێگەیشتویەکی ژیری سەر ڕاستی سەر پشك، جا ئازادکردن نە لە لایەن منداڵ ونە شێت ونە تێکچو ونە زۆر لێکراوەوە دروست نابێت، لەبەر فەمودەی پێشتر: «پێنوس هەلگیراوە لە سەر سیان: لە سەر منداڵ تا بالغ دەبێت، وشێت تا هۆشی دێتەوە، وخەوتو تا هەڵدەستێت». ونە ئازادکردنی زۆرلێکراو نە هیچ هەڵس وکەوتێکی تری دروست نابێت.

- ئەبێت خاوەنی ئەوە بێ کە ئازادی دەکات، جا ئازادکردن لە لایەن جگە لە خاوەنەکەیەوە دروست نابێت.

- ئەبێت ئازادکراو هیچ مافێکی لازمی پێوە پەیوەست نەبێت ببێتە ڕێگری ئازاد کردنەکەی، وەك قەرز ودەست درێژی، جا ئازاد کردنەکەی دروست نابێت تا قەرزەکەی دەدرێتەوە یان خوێن بایی دەست درێژیەکەی دەدرێت.

- نەبێت ئازاد کردنەکە بە دەستەواژەیەکی ڕاشکاوانە یان جێکردەوەی لە نا ڕاشکاوەکان بێ، وتەنها نیەتبون بەس نیە، چونکە نەهێشتنی خاوەندارێتیە جا نیەتی پەتی بەس نیە.

٣- صیغە ودەستەواژەکانی:

- دەستەواژەکانی یان ڕاشکاوانەیە، ئەویش ئەوەیە بە لەفزی ئازاد کردن یا بەرەڵا کردن ولێ دەرهێنراوەکانی بێت؛ وەك: تۆ ئازادیت، یا ئازاد کراویت، یان: ئازادم کردیت.

- یان نا ڕاشکاوانەیە، وەك بڵێ: بۆ کوێ ئەڕۆی برۆ، یان: ئیتر من دەسەڵاتم نیە بە سەرتەوە، یان: ون بە، یان: لێم دور بکەوە، یان: وازم لێ هێنای، وهاوشێوەکانی. ئەم ئاماژانەش ئازادکردنی پێ بەدی نایەت مەگەر کەسەکە مەبەستی ئازادکردن بێت.

پرسی سێیەم: لە حوکمەکانی ئازادکردن:

١- کۆیلە وکەنیزەك دروستە زیاتر لە کەسێك بەشدار بن لە خاوەندارێتی کردنیان.

٢- لە کۆیلەیەکی هاوبەشدا ئەگەر یەکێکیان لە بە شەکەی خۆی ئازادی کرد، ئەوە لەو بەشە ئازاد بوە، ئەگەریش ئازادکراوەکە دارا بو ئەوا لە بەشی هاوبەشەکەی تریش ئازاد دەبێت، بەشی شەریکەکەی تر دەخەملێنرێت بایی چەندە، پێی دەدرێت. ئەگەریش نەدار بو ئەوا لە بەشەکەی تر ئازاد نابێت، وکۆیلەکە هەولی پەیداکردنی نرخی بەشی ئەم شەریکە دەدات، دوای تەسلیمکردنی ئەو بەشە ئازاد دەبێت، ئەو کاتەش وەك کۆیلەی موکاتەب وایە [کە دوایی باسیان دێت]. بەلگەی ئەمەش: فەرمایشتەکەی پەیامبەرە ﷺ: «مَنْ أَعْتَقَ شِرْكًا لَهُ فِي عَبْدٍ، فَكَانَ لَهُ مَالٌ يَبْلُغُ ثَمَنَ الْعَبْدِ، قُوِّمَ عَلَيْهِ قِيمَةَ الْعَدْلِ، فَأَعْطَى شُرَكَاءَهُ حِصَصَهُمْ، وَعَتَقَ عَلَيْهِ الْعَبْدُ،

وإلَّا فقَدْ عتَق مِنْهُ ما عَتَقَ» «هەر کەس لە بەشی خۆی کۆیلەیەکی مولّك هاوبەش ئازاد بکات، کۆیلەکەش ئەوەندەی هەبو بگاتە نرخی کۆیلەیەك، ئەوا بە دادگەری نرخەکەی دەخەملێنرێت لەوەی ماوە، ئەوسا شەریکەکان بەشەکانی خۆیان پێ دەدرێت، وبەندەکەی پێ ئازاد دەبێت، وەگەرنا ئەوەندەی ئازاد بوە کە ئازاد بوە»[1].

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ أَعْتَقَ نَصِيبًا، أَوْ شَقِيصًا فِي مَمْلُوكٍ، فَخَلَاصُهُ عَلَيْهِ فِي مَالِهِ، إِنْ كَانَ لَهُ مَالٌ، وَإِلَّا قُوِّمَ عَلَيْهِ، فَاسْتُسْعِيَ بِهِ غَيْرَ مَشْقُوقٍ عَلَيْهِ» «هەر کەس بەشەکەی خۆی لە کۆیلە هاوبەشەکەی ڕزگار کرد، ئەوە نجات بونی هەر بەماڵەکەی خۆی ئەبێت ئەگەر ماڵی هەبو، وەگەرنا ئەوەی ماوە نرخی لە سەر دادەنرێت وهەوڵ وتەقەلا دەدرێت، وئەرك ناخرێتە سەری ونرخەکەی لە سەر گران بکرێت»[2]. وەك دەریش دەکەوێت ئەمە بە ڕەزامەندی بەندەکەیە.

٣- ئازادکەر هەمو میراتی ئازادکراو دەبات بە بێ پێچەوانە، چونکە ئازادکراو وەلائو دۆستایەتی بۆ ئەو کەسەیە ئازادی کردوە، وەك پەیامبەر ﷺ فەرموی[3]: «الوَلَاءُ لِمَنْ أَعْتَقَ» «وەلائو دۆستایەتی بۆ ئەو کەسەیە ئازادی کردوە». هەروەها[4] پەیامبەر وەلائی وەك پشت وڕەچەڵەك لێکردوە، وەك ئەفەرموێ: «الوَلَاءُ لُحْمَةٌ كَلُحْمَةِ النَّسَبِ» «وەلاء تێکەڵبون وگۆشتێکە وەك گۆشت وتێکەڵبونی ڕەچەڵەك».

٤- هەر کەس بدات لە کۆیلەکەی بە ستەم، یان لێدانێکی بە ئازار، یان شێواندنی لێ بکات، یان تێکی بدات، یان ئەندامێکی ببڕێت وهاوشێوەکانی، ئەوا

---

(١) أخرجه البخاري (٢٥٢٢)، ومسلم (١٥٠١) [واللفظ له].

(٢) أخرجه البخاري (٢٥٢٧)، ومسلم (١٥٠٣).

(٣) أخرجه البخاري (١٤٩٣)، ومسلم (١٥٠٥).

(٤) أخرجه الشافعي في الأم (١٢٣٢)، والحاكم (٣٤١/٤) وصححه، والبيهقي (٢٩٢/١٠)، وصححه الألباني «صحيح الجامع» (٧١٥٧)، و«الإرواء» (١٠٩/٦). واللُّحمة: القرابة.

لە سەر ئەمانە ئازاد دەکرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ ضَرَبَ غُلَامًا لَهُ حَدًّا لَمْ يَأْتِهِ أَوْ لَطَمَهُ، فَإِنَّ كَفَّارَتَهُ أَنْ يُعْتِقَهُ» «ئەگەر کەسێك حەددێك لە سەر کۆیلەیەك جێبەجێ بکات وشیاوی ئەوەش نەبێت، یان زللەی پیا بکێشێت، ئەوە کەفارەتەکەی ئازادکردنیەتی»[1]، بەڵام ئەگەر لێ دانێکی سوك بو بۆ ئەدەب دان ئەوە هیچی تێدا نیە.

پرسی چوارەم: ئازادکردن لە دوای خۆ «التَّدبير».

١- پێناسەکەی:

تەدبیر، بریتیە لە بەستنەوەی ئازادکردنی کۆیلە بە مردنــی خاوەنەکـەی. ئـەوترێ: «دَبَّر الرَّجُلُ عَبْدَه تَدْبِيرًا» ئەگەر دوای مردنــی خـۆی کۆیلەکـەی ئـازاد بکـات، بـە هەمان شێوە کە وترا: «أعتَقَه عن دُبُر». «الْمُدَبَّر= دواخراو»یش: ئەو کۆیلەیەیـە کـە تەدبیرەکەی لەگەڵ کراوە، واشی پێوتراوە چونکە ئـازادکردنی خراوەتـە دوای ژیـانی خاوەنەکەی، جا مردن دوای ژیانە.

٢- حوکمەکەی، وبەڵگەکەی:

تەدبیر دروستە، وبە کۆ دەنگی زانایانیش صەحیحە، بنەماش تێیدا فەرمودەکـەی جـابرە، کـە ئەنصـاریەك کۆیلەیـەکی خـۆی بـە تـەدبیر ئـازاد کـردوە، هـیچ مـاڵ وسامانێکیشی نەبوە جگـە لـەو، ئەمـە گەیشـتە پەیامبـەر ﷺ، فـەرموی: «مَنْ يَشْتَرِيه مِنِّي؟» «کێ لێمی دەکڕێت؟» ئەوەبو نوعەیمی کوڕی عەبدوڵا بە هەشـت سـەد درهەم کڕی، پەیامبەر ﷺ پارەکەی هێنا ودایە دەستیەوە[2].

---

(١) أخرجه مسلم (١٦٥٧)-٣٠.

(٢) أخرجه البخاري (٢٥٣٤)، ومسلم (٩٩٧) واللفظ له.

٣- لە حوکمەکانی کۆیلەی دواخراو «المدَّبر»:

- فرۆشتنی دواخراو بە ڕەهایی دروستە لە بەر پێویستی، هەندێکی تری زانایان بە ڕەهایی فرۆشتنی پێ دروستە پێویستی هەبێت یان نا، لە بەر فەرمودەکەی جابری پێشو.

- دواخراو لە سێیەکەکە ئازاد دەکرێت، نەك لە دەستمایە، چونکە حوکمی وەسیەتی هەیە، جا هەر دوکیان جێبەجێ ناکرێت تا دوای مردن.

- خاوەنەکەی دەتوانێت بیبەخشێتەوە، چونکە دیاری وەك فرۆشتن وایە.

- دروستە بۆ خاوەن کەنیزەکی تەدبیرکراو جوت ببێت لەگەڵیدا، چونکە ئەم خاوەنیەتی، لەبەر: ﴿إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ [المؤمنون:٦]. «دامێنیان دەپارێزن مەگەر بۆ ژن وکەنیزەکانیان ئەوە لۆمە وتاوانیان لە سەر نیە».

پرسی پێنجەم: لە بارەی کۆیلەی نوسراو لەگەڵ کراو «الْمُكاتَب»:

١- پێناسەکەی:

«الكِتَابَة» و«المُكَاتَبَة» لە زماندا: لە «كَتَبَ= نوسیەوە» وەرگیراوە، واتا: پێویستی وئیلزامی کرد. لە شەرعیشدا خۆ ئازاد کردنی کۆیلەیە لە دەست خاوەنەکەی بەرامبەر پارەیەك کە لە ئەستۆیەتی، بە قەرز پێی دەدات. لە شەرعیشدا موکاتەب -بە فەتحەی تائەکە-: ئەو کۆیلەیەیە ئازادکردنی بەستراوەتەوە بە پارە وماڵێك کە دەیداتە خاوەنەکەی. بە کەسرەش خاوەنەکەیەتی. پێشی وتراوە نوسراو (كتابة)؛ چونکە خاوەنەکەی لە نێوان خۆی وبەندەکەی نوسراوێك دەنوسێت لە مەڕ ئەوەی لە سەری ڕێککەوتون.

٢- حوکمی موکاتەبە، وبەڵگەکەی:

نوسراو لەگەڵ کۆیلە کردن دروست وسونەتە ئەگەر کۆیلەیەکی ڕاستگۆی کاسب بو، توانای ئەو پارەیەشی هەبو کە خاوەنەکەی کردبویە مەرج بە سەریەوە، ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾ [النور: ٣٣] «ئەو کۆیلانەی ئەیانەوێت ئازاد ببن وداوای نوسراو دەکەن لە خاوەنەکانیان بەرامبەر پارەیەك پێیانی دەدەن لە ئایندەدا، ئەوا لە سەر خاوەنەکانیانە نوسراویان لەگەڵ بنوسن ئەگەر بینیان خێریان تێدایە؛ وەك سەر ڕاستی وتوانای کەسابەت وبە دین بون و...».

٣- لە حوکمەکانی موکاتەبە:

- کۆیلە وکەنیزەك کەی ئەوەیان بە جێ گەیاند کە ڕێککەوتبون لەگەڵ خاوەنەکانیان دەبنە ئازاد، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەری خوا ﷺ[1]: «الْمُكَاتَبُ عَبْدٌ مَا بَقِيَ عَلَيْهِ مِنْ مُكَاتَبَتِهِ دِرْهَمٌ» «موکاتەب هەر بە کۆیلەیی دەمێنێتەوە تا درهەمێکی لە سەر مابێت». مەفهومی ئەم فەرمودە ئەوەیە کە ئەگەر هەموی بە جێ گەیاند لە کۆیلەیی دەر دەچێت ودەبێتە ئازاد بە نە کردنی.

- کۆیلە ئازاد نابێت تا هەمو ئەوە نەدات کە نوسراوە، لە بەر فەرمودەی پێشو.

- وەلائی موکاتەب بۆ خاوەنەکەی خۆی دەبێت ئەگەر هەمو ئەوەی لە سەری بو دابوی، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەری خوا ﷺ: «وەلائی بۆ ئەوەیە ئازادی کردوە».

- لە سەر خاوەنەکەیەتی هەندێك لەو پارەیە دابشکێنێت کە لەگەڵی ڕێککەوتوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾

(١) أخرجه أبو داود (٣٩٢٦) واللفظ له، والترمذي (١٢٦٠) وحسنه والألباني في «الإرواء» (١٦٧٤).

«ئەمە هەر درێژەدەری ئایەتی پێشوە، واتە: وپێیان بدەن لەو ماڵەی خوا پێی داون».
ئیبن عەبباس لە سەر ئەم ئایەتە ئەڵێ: هەندێك لەوە دابشكێنن كە نوسراوتان لەگەڵ نوسیون[1]. خاوەنەكەشی سەر پشكە لە نێوان داشكاندن، ولە نێوان لێ وەرگرتن وپێدانەوەی.

- پارەكە دەكرێتە قیست[2] (مُنَجَّمًا)، دو قیست وبەرەو سەرەوە، بەو مەرجەی قیستەكان دیاری كراو بێت، ولە هەر قیستێكدا ئەندازەی پارەكە تەسلیمكراوەكە بزانرێ.

- بۆ موكاتەب نیە ژن بهێنێت مەگەر بە هێڵانی خاوەنەكەی، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ[3]: «أَيُّمَا عَبْدٍ تَزَوَّجَ بِغَيْرِ إِذْنِ مَوَالِيهِ فَهُوَ عَاهِرٌ» «هەر كۆیلەیەك بە بێ هێڵانی خاوەنەكەی ژن بهێنیت ئەوە زیناكارە». شو كردنیش بە هەمان شێوە.

- دروستە موكاتەب بفرۆشرێت، ونوسراوەكە دەمێنێت لە دەست كڕیارەكە، جا ئەگەر ئەوەی لە سەری بو هەموی تەسلیم كرد ئازاد دەبێت، وەلائیشی بۆ كڕیارەكەیەتی، لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەر ﷺ لە چیرۆكی بەریرە بە عائیشەی ﷺ فەرمو: «اِشْتَرِيها وَأَعتِقِيها... فَإِنَّ الوَلَاءَ لِمَنْ أَعْتَقَ» «بیكڕە وئازادی بكە... چونكە وەلاء بۆ ئەو كەسەیە ئازادی كردوە»[4].

(١) أخرجه البيهقي في «سننه» (١٠/٣٣٠). وانظر: «المغني» لابن قدامة (١٠/٣٤٢).
(٢) التنجيم: كاتی هاتنی پارەدانەكەیە، ئەوتریَ: «نَجّمت عليه الدين»، ئەگەر بەش بەش بكرێت.
(٣) أخرجه أبو داود (٢٠٧٨)، والترمذي (١١١١) وحسّنه، والألباني «صحيح سنن الترمذي» (٨٨٧). عاهر: زانی.
(٤) أخرجه البخاري (٢٥٦٥)، ومسلم (١٥٠٤)-١٢.

دەروازەی چوارەم

میرات «الفَرائِض والمَواريث»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: واتای میرات، وهاندان بۆ فێربونی:

میراتزانی لە گرنگترین زانستەکانە، جا پێویستە لە سەر موسڵمانان بایەخی پـێ بدەن وتێی بگەن، چونکە خەڵك پێویستیان زۆر پێ دەکەوێت. ئـەم زانسـتەش پێـی دەوترێت: «الفرائض» کۆی «فريضة»یە، لە «الفرض»ەوە وەرگیراوە کـە بریتیـە لـە ئەندازەگیری، وەك پەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾ [البقرة:٢٣٧] یـانی: «نیوەی ئەوەی ئەندازەتان بۆ داناوە». «الفَرْض»یش لە شەرعدا بەشـێکی لـە شـەرع دیاری کراوە بۆ ئەوەی شایستەیەتی.

زانستی میراتیش: بریتیە لەوەی زانستت بە میرات هەبێت لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە حوکمەکانی، ولە ڕوانگەی زانـینی هـەژماردن کـە دەت گەیـەنێت بـە چـۆنێتی دابەش کردنی.

«الميراث»یش کۆی «الميراث»ـە، بریتیە لەو مافەی لـە مردوەکـە بـە جێمـاوە ودەگوازرێتەوە بۆ ودرەسە.

وپێویستە لە سەر موسڵمان کە بایەخ بە پرسی میرات بدات، وهەڵس وکـەوتێکی تێدا نەکات ببێتە مایەی گۆڕینی لەو شێوەیەی شەرع دایناوە؛ کـە یـەکێك مـیرات نابات بەشداری بکات، یـان ئـەوەی مـیرات بـەرە بێبەشـی بکـات یـان بەشـێکی مافەکەی پێ بدات، بەمەش خۆی توشی توڕەیی وسزای خوا دەکات.

پرسي دووەم: ئەو مافانەی پەیوەستن بە پاشماوەوە، وهۆكارەكانی میرت بردن، وڕێ گرەكانی:

١. مافەكانی ماڵی بە جێماو (التركة):

تەریكە بریتیە لەوەی مردو بە جێی دەهێڵێت لە ماڵی نەختی ونانەختی (النقدية والعينية) ومافەكان، وبە جێماوی مردوش چوار مافی پێوە پەیوەستە:

أ. خەرجی ئامادەكردنی لە پارەی كفن وعەتر وكرێی شۆردن وناشتن وجگە لەمانەش.

ب. دانەوەی قەرزەكان، وقەرزی خواش لە پێشترە وەك زەكات وسەر فترە وكەفارەت ونەزر، دوای ئەوە قەرزی ئادەمیزادەكان.

ج. دەركردنی ئەوەی وەسیەتی كردوە بە مەرجێك لە دەوری سێیەك وكەمتر بێت،

د. میرات: هەرچی مایەوە بە شێوەیەكی شەرعی دابەش دەكرێت بە سەر میرات گرەكان.

میراتیش: بریتیە لە گواستنەوەی ماڵی مردو دوای خۆی بۆ زیندوان، بە گوێرەی ئەوەی لە وقورئان وفەرمودەدا هاتوە.

هەندێك جاریش مافی كەسی تر لە كاتی ژیانیدا پەیوەست دەبێت بە پاشماوەوە، ئەمەش بریتیە لە مافە نانەختیەكان، وەك مافی كڕیار لە تەسلیم كردنی فرۆشراوەكە، ومافی خاوەن بارمتە لە بارمتەكە، ئەمانە دەخرێتە پێش ئامادەكردنی مردو، چونكە پەیوەستە بە خودی ماڵەكەوە پێش ئەوەی ببێتە بە جێماو وتەریكە.

٢. هۆكارەكانی میرات بردن:

ئەو هۆكارانەی ئەبنە مایەی میرات بردن سیانە:

یەکەم: هاوسەر گیری (النكاح): ئەمەش گرێ بەستێکی دروستی هاوسەرگیرییە بە ئامادەبونی دو شاهید وکار بە دەستەکەی، جا جوت بون وتەنیا کەوتنیش ڕوی نەدا بێت، لە بەر گشتێتی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ﴾ [النساء:١٢] «ونیوەی ئەوەتان بۆ هەیە کە لە هاوسەرەکانتان بە جێ دەمێنێت».

دووەم: ڕەچەڵەك (النسب): یانی نزیکەکانی مردو، ئەمەش: بنەوان وچڵ وپەراوێزەکان دەگرێتەوە (الأصول، والفروع، والحواشي)

بنچینەکانیش بریتین لە: باوکان وباپیران وبەرەو سەرەوە بە نێرینەی پەتی.

چلەکانیش بریتین لە: منداڵەکان ومنداڵی کوڕەکان وبەرەو خوارەوە.

پەراوێزەکانیش بریتین لە: براکان وکوڕەکانیان وبەرەو خوارەوە، هەروەها مامەکان وبەرەو سەرەوە، وکوڕەکانیان وبەرەو خوارەوە.

سێیەم: وەلاء: ئەمەش پەیوەندیەکە هۆکارەکەی چاکە کاری ئازاد کەرەکەیە بە سەر کۆیلەکەیدا بە هۆی ئازاد کردنەوە، جا ئازاد کراو میرات لە ئازادکەر نابات بە کۆ دەنگی.

جا هۆکارەکانی میراتبردن لەم سیانە کورت هەڵهات: ڕەچەڵەك، وهاوسەرگیری دروست، ووەلاء.

٣. **ڕێگرەکانی میرات بردن**: ڕێگرەکانی بەردەم میراتبردن دیسانەوە سیانە:

أ. **کوشتن**: زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی کوشتنی بە ئەنقەستی حەرام ڕێگرە لە میرات، جا هەر کەس میرات لێ بەرەکەی بە ستەم بکوژێت میراتی لێ نابات،

لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ(١): «لَيْسَ لِلْقَاتِلِ مِنَ الْمِيرَاثِ شَيْءٌ» «بکوژ هیچی لە میرات بۆ نیە».

ب. **کۆیلە بون:** جا کۆیلە میرات لە نزیکەکەی خۆی نابات، چونکە میراتیشیی پێ بدرێ دەبێتە هی خاوەنەکەی نەك ئەو، هەروەها میراتیشی لێ نابرێت چونکە مولکی نیە.

ج. **جیاوازی دینی میرات لێ براو ومیرات بەر:** ئەمەش ڕێگرە لە میرات بردن، لەبەر فەرمودەکەی ﷺ: «لَا يَرِثُ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ، وَلَا الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ» «بێ باوەڕ میرات لە موسڵمان نابات، موسڵمانیش هەروەها میرات لە بێ باوەڕ نابات»(٢).

پرسی سێیەم: بەشەکانی میراتگر [لە ڕوانگەی نێرینە ومێینەوە]:

میرات بەرەکان دو بەشن: نێر ومێ:

میرات بەرە نێرینەکان، دەن:

١، ٢- **کوڕ وکوڕەکەی وبەرەو خوارەوە،** لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء:١١] «لەبارەی منداڵەکانتانەوە خوا ئامۆژگاریتان دەکات وفەرمانتان پێدەکات، ئەگەر کەسێکتان منداڵی بە جێهێشت: نێر ومێ بون، ئەوا هەمو میراتەکە بۆ ئەوانە، هەر نێرینەیەکیان وەك بەشی دو مێینەی هەیە ئەگەر میرات بەری تر نەبو».

(١) أخرجه الدارقطني (٤١٠٢) والبيهقي (٦/٢٢٠) [والنسائي في الكبرى وهو أولى بالعزو إليه]، وصححه الألباني «الإرواء» (١٦٧١).
(٢) أخرجه [البخاري (٦٧٦٤)، و]مسلم (١٦١٤).

٣، ٤- **باوك وباوكی باوك وبەرەو سەرەوە**، وەك باوكی باوك، وباوكی باپیر، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ [النساء:١١] «وبۆ دایك وباوكی مردووەكە هەر یەكەیان شەش یەكی بۆ هەیە ئەگەر منداڵی هەبو نێر یان مێ، یەكێك یان زیاتر». باپیریش باوكە وپەیامبەریش ﷺ شەش یەكی پێ بەخشیوە.

٤- **برا لە هەر لایەكەوە بێت**، دایك وباوكی بێت، یان لە باوكەوە یان لە دایكەوە بێ، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ﴾ [النساء:١٧٦] «ئەگەر كەسێك مرد نە باوكی هەبو نە كوڕ، وخوشكی دایك وباوكی یان باوكی هەبو، ئەوا نیوەی بە جێماوەكەی بۆ هەیە، وبراش دایك وباوكی بێت یان باوكی هەمو ماڵەكە بە میراتی دەبات، ئەگەر ئافرەتە مردووەكە نە باوكی هەبو، نە كوڕ». هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ [النساء:١٢] «وئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مرد ونە باوكی هەبو نە كوڕ، بەڵام برای دایكی یان خوشكی دایكی هەبو ئەوا هەر یەكەیان شەش یەكی بۆ هەیە».

٦- **كوڕی برا، لە دایكەوە نا**، چونكە كوڕ برای دایكی میراتی ناكەوێت چونكە لە خزمان (ذو الأرحام)ـە.

٧، ٨- **مامەی دایك وباوكی یان لە باوكەوە** -نەك لە دایكەوە چونكە لە خزمانە-، هەروەها **كوڕی مام لە باوكەوە**.

٩- **مێرد**: لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ﴾ [النساء:١٢] «ونیوەی ئەوەتان بۆ هەیە كە ژنەكانتان بە جێی دەهێڵێت».

١٠- **ئازادکەری کۆیلە یان جێگرەوەکەی:** لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ: «وەلاء تێکەڵ بونی وەك تێکەڵ بونی گۆشت ورەچەڵەك وایە». هەروەها ﷺ ئەفەرموێ: «وەلاء بۆ ئەو کەسەیە ئازادی کردوە».

میرات بەرە مێینەکانیش، حەوتن:

١، ٢- **کچ وکچی کوڕ وبەرەو خوارەوە بە نێرینەی پەتی**، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾ [النساء:١١] «لەبارەی منداڵەکانتانەوە خوا ئامۆژگاریتان دەکات وفەرمانتان پێدەکات، ئەگەر کەسێکتان منداڵی بە جێهێشت: نێر ومێ بون، ئەوا هەمو میراتەکە بۆ ئەوانە، هەر نێرینەیەکیان وەك بەشی دو مێینەی هەیە ئەگەر میرات بەری تر نەبو، ئەگەریش تەنها کچ وبەرەو سەرەوەی بە جێ هێشتبو ئەوا دو کچ وبەرەو سەرەوە دو لە سەر سێی بۆ هەیە، ئەگەریش یەك کچ بو نیوەی بۆ هەیە».

٣- **دایك:** لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ [النساء: ١١] «وبۆ دایك وباوکی مردوەکە هەر یەکەیان شەش یەکی بۆ هەیە ئەگەر منداڵی هەبو نێر یان مێ یەکێك یان زیاتر، ئەگەریش منداڵی نەبو دایك وباوکی میراتیان برد ئەوا دایکی سێ یەکی بۆ هەیە، وباوکیشی باقیەکەی، ئەگەریش مردوەکە دو برا یان زیاتری هەبو نێر بون یان مێ ئەوا دایکی شەش یەك دەبات وباقیەکەشی بۆ باوکە وبراکانیش هیچیان پێ نادرێت».

٤- **داپیر:** خوای دانا شەش یەکی بۆ داناوە، لەبەر فەرمودەکەی بورەیدە ﷺ: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ جَعَلَ لِلْجَدَّةِ السُّدُسَ إِذَا لَمْ تَكُنْ دُونَهَا أُمٌّ» «پەیامبەر خوا ﷺ

شەش یەكی بەخشیوە بە داپیر ئەگەر دایك نەبو»[1]. جا شەش یەكی بۆ هەیە، ئەگەر دایك نەبێت.

٥- **خوشك:** لە هەر لایەكەوە بێت، دایك وباوكی یان باوكی بێت، یان دایكی لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ [النساء:١٢] «وئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مرد ونە باوكی هەبو نە كوڕ، بەڵام برای دایكی یان خوشكی دایكی هەبو ئەوا بۆ هەر یەكەیان شەش یەك هەیە». هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ﴾ [النساء:١٧٦]. لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ﴾ [النساء:١٧٦] «ئەگەریش ئەوەی مردبو نە باوكی هەبو نە منداڵ ودو خوشكی هەبو ئەوە دو لە سێی بە جێماوەكەی بۆ هەیە».

٦- **ژن (هاوسەر):** لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ﴾ [النساء:١٢] «وژنەكانتان چواریەكیان بۆ هەیە لەوەی بە جێتان هێشتوە».

٧- **ئازادكەری كۆیلە (الْمُعتِقَة):** لەبەر فەرمودەی: «وەلاء بۆ ئەودیە ئازادی كردوە».

پرسی چوارەم: بەشەكانی میرات بەران لە ڕوانگەی میرات بردنەوە:

بەشی یەكەم: ئەوەی تەنها بە ئەندازەیەكی دیاری كراو (فَرْض) میرات دەبات، ئەمانەش حەوتن: ژن ومێرد، باپیر وداپیر، ودایك، وبرای دایكی وخوشكی دایكی.

(١) أخرجه أبو داود (٢٨٩٤)، وابن ماجه (٢٧٢٤)، والترمذي (٢١٠١)، قال الحافظ ابن حجر: «صححه ابن خزيمة وابن الجارود، وقوّاه ابن عديّ». «بلوغ المرام» رقم: (٨٩٦).

بەشی دووەم: ئەوەی تەنها بە تەعصیب -یانی: بێ ئەندازەیەکی دیاری کراو- میرات دەبات، بریتین لە دوانزە: کوڕ وکوڕەکەی، برای دایك وباوکی وکوڕەکەی، وبرای باوکی وکوڕەکەی، ومامەی دایك وباوکی وکوڕەکەی، ومامەی باوکی وکوڕەکەی، وئازادکەری پیاو وژن.

بەشی سێیەم: ئەوەی کە هەندێك جار بە تەعصیب میرات دەبات وهەندێك جاریش بە ئەندازە، هەندێك جاریش بە هەردوکیان، ئەوانیش بریتین لە: باوك وباپیر.

بەشی چوارەم: ئەوەی کە هەندێك جار بە تەعصیب وهەندێك جاریش بە ئەندازە میرات دەبات، بەڵام پێکەوە نا، ئەوانیش بریتین لە: ئەوانەی نیوە دەبەن -جگە لە مێرد-، وئەوانەی دو لە سێ دەبەن.

کەواتە ئەوانەی بە ئەندازە میرات دەبەن بیست ویەکن.

ئەو ئەندازەیەشی دیاری کراوە بۆ خاوەن ئەندازەکان شەشە، بریتیە لە: نیوە $\frac{1}{2}$، چوار یەك $\frac{1}{4}$، هەشت یەك $\frac{1}{8}$، دو لە سێ $\frac{2}{3}$، سێ یەك $\frac{1}{3}$، شەش یەك $\frac{1}{6}$.

- **یەکەم:** ئەوانەش نیوە دەبەن، پێنجن:

١- **مێرد:** بە مەرجێك لقی میرات بەر نەبێ نێر یان مێ، لەم مێردە بێت یان نا.

٢- **کچ:** بە مەرجێك تەنها بێت نە هاوبەش لە خوشك، نە تەعصیبکەر لە برای لەگەڵدا نەبێت.

٣- **کچی کوڕ:** بە مەرجێك نە هاوبەشی هەبێت، نە تەعصیبکەر، ونە لقی میرات بەر.

٤- **برای دایك وباوکی:** بە مەرجێك نە تەعصیبکەر هەبێت، نە هاوبەش، ونە لقی میرات بەر، ونە بنچینەی میرات بەر.

٥- **خوشکی باوکی:** بە مەرجێك نە تەعصیبکەر، ونە هاوبەش، ونە لقی میرات بەر، ونە بنچینەی میرات بەر، ونە برای دایك وباوکی ونە خوشکی دایك وباوکی هەبێت.

● **دوەم:** ئەوانەی چوار یەك دەبەن، ئەمانەش دوانن:

١- **مێرد:** بە مەرجێك لقی میرات بەر هەبێت.

٢- **هاوسەر:** بە مەرجێك لقی میرات بەر نەبێت.

● **سێیەم:** ئەوانەی هەشت یەك دەبەن، ئەمەش یەکێکە:

هاوسەرێك وزیاتر بە مەرجێك لقی میرات بەر هەبێت.

● **چوارەم:** ئەوانەی دو لە سێ دەبەن، ئەمانەش چوارن:

١- **کچان:** بە مەرجێك تەعصیبکەر نەبێت کە بریتیە لە کوڕی پشتی مردوەکە، هەروەها دوان وبەرەو سەردوە بن، واتە: کۆ بن.

٢- **کچانی کوڕ:** بە مەرجێك تەعصیبکەر نەبێت کە بریتیە لە کوڕی کوڕ، هەروەها لقی میرات بەر نەبێت، هەروەها دوان وبەرەو سەرەوە بن.

٣- **خوشکی دایك وباوکی:** بە مەرجێك تەعصیبکەریان نەبێت کە بریتیە لە برای دایك وباوکی، هەروەها لقی میرات بەر نەبێت کە بریتیە لە منداڵ ومنداڵی کوڕ، هەروەها دوان وبەرەو سەردوە بن.

٤- **خوشکانی باوك:** بە مەرجێك تەعصیبکەر، ولقی میرات بەر نەبێت، هەروەها دوان وبەرەو سەردوە بن، هەروەها برای دایك وباوکی وخوشکی دایك وباوکی نەبێت.

● **پێنجەم:** ئەوانەی سێ یەك دەبەن، ئەمانەش دوانن:

١- **دایك:** بە مەرجێك لقی میرات بەر نەبێت، هەروەها کۆمەڵێك برا وخوشکی نەبێت.

٢- **برای دایکی:** بە مەرجێك لقی میرات بەری لە منداڵ ومنداڵی کوڕانی نەبێت، هەروەها دوان بەرەو سەرەوە بن، هەروەها بنچینەی میرات بەری نێر نەبێت کە باوك وباپیرە

- **شەشەم:** ئەوانەی شەش یەك دەبەن، ئەمانەش حەوتن:

١- **باوك:** بە مەرجێك لقی میرات بەر هەبێت لە منداڵ ومنداڵی کوڕان.

٢- **باپیر:** بە مەرجێك لقی میرات بەر هەبێت لە منداڵ ومنداڵی کوڕان.

٣- **دایك:** بە مەرجێك لقی میرات بەر هەبێت، هەروەها کۆمەڵێك برا هەبێت.

٤- **داپیر:** بە مەرجێك دایك نەبێت.

٥- **کچی کوڕ:** بە مەرجێك نە تەعصیبکەر، ونە لقی میرات بەری لە خۆی بەرزتر هەبێت جگە لە مێینەیەکی خاوەن نیوە، چونکە ئەم شەشیەك نابات مەگەر لەگەڵ ئەودا.

٦- **خوشکی باوکی:** بە مەرجێك تەعصیبکەر نەبێت کە براکەیەتی، هەروەها نەبێت خوشکێکی دایك وباوکی لەگەڵدا بێت کە یەك لە شەش وەك ئەندازە دەبات.

٧- **برا وخوشکی دایکی:** بە مەرجێك لقی میرات بەر، وبنچینەی نێری میرات بەریش نەبێت، هەروەها ئەبێت تەنها بێت.

پرسی پێنجەم: لە بارەی تەعصیبکردنەوە:

عەصەبە: ئەوانەن بەبێ ئەندازە میرات دەبەن، چونکە ئەگەر تەنها بکەوێت هەمو ماڵەکە دەبات، ئەگەریش خاوەن ئەندازەیەکی لەگەڵدا بێت هەرچی بمێنێتەوە دەیبات. لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا، فَمَا بَقِيَ

فَلِأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ» «یەکەم جار بەشی خاوەن ئەندازەکان بدەن، ئینجا چی مایەوە دەدرێتە لە پێشتریش نێرینە»[١]، یانی: نزیکرین پیاو.

عەصەبەش ئەبێتە سێ بەشەوە: هەر بە خۆی عەصەبەیە (عصبة بالنفس)، وعەصەبەیە بە جگە لە خۆی (عصبة بالغير)، وعەصەبەیە لەگەڵ جگە لە خۆی (عصبة مع الغير).

١- **عەصەبە بە خۆ**: بریتین لە کوڕ وکوڕەکەی وبەرەو خوارەوە، وباوك وباپیر لە دیوی باوکەوە وبەرەو سەرەوە، وبرای دایك وباوکی وبرای باوکی وکوڕەکانی هەردوکیان وبەرەو خوارەوە، ومامەی دایك وباوکی ومامەی باوکی وبەرەو سەرەوە ومنداڵەکانیان وبەرەو خوارەوە، وئازادکەری نێر، وە مێ، جا کێ لەمانە تەنها بکەوێت هەمو ماڵەکە دەبات، ئەگەریش لەگەڵ خاوەن ئەندازەکاندا بون ئەوەی بمێنێتەوە دەیبەن، ئەشمایەوە هیچ نابەن.

٢- **عەصەبە بە غەیر**: بریتین لە کچ، وکچی کوڕ، وخوشکی دایك وباوکی وخوشکی باوکی، هەر یەکەیان لەگەڵ براکەیدا ئەبێتە عەصەبە، کچی کوڕ زیاتر لەمە شێکی تریشی هەیە؛ کوڕی کوڕێکی هاو پلەی خۆی -واتە براکەی- بە ڕەهایی تەعصیبی دەکات، یان کوڕی مامەکەی وکوڕی کوڕەکەی کە لە خۆی خوارترە ئەگەر پێویستی پێکەوت. ئەم نێرینانەی لێ دەر بکە، ئەوانی تر خوشکەکانیان هیچ نابەن لەگەڵیاندا، وەك کوڕانی برا ومامەکان، وکوڕانی مام.

٣- **عەصەبە لەگەڵ غەیر**: بریتین لە: خوشکانی دایك وباوکی لەگەڵ کچان وکچانی کوڕدا.

---

(١) أخرجه البخاري (٦٧٣٢)، ومسلم (١٦١٥).

ئەگەریش دو عەصەبە وبەرەو سەرەوەمان هەبو، ئەگەر لە دیو وهێز وپلە (الجهة والقوة والدرجة)دا یەکسان بون، ئەوا میرات پێکەوە دەبەن، وەك کوڕان وبراکان، ئەگەریش لە دیودا یەکسان بون ئەوا بەهێزەکەیان پێش دەخرێ وەك کوڕ وباوك، ئەگەریش یەك دیویان هەبو بەلاّم لە پلەدا جیاواز بون ئەوە نزیکترین پلە پێش دەخرێ، وەك کوڕ لەگەڵ کوڕی کوڕدا، ئەگەریش لە دیو وپلەدا یەکسان بون بەلاّم لە هێزدا جیاواز بون ئەوا بەهێزتر پێش دەخرێ وەك برای دایك وباوکی لەگەڵ برای باوکی.

پرسی شەشەم: بێ بەشکردن (الْحَجْبُ):

بێبەشکردن: بریتیە لە بێبەشکردن لە هەمو میرات یان هەندێکی بە هۆی بونی کەسێکی لەو لە پێشتر.

ئەشبێتە دو بەشەوە:

١- **بێ بەشکردنی وەسفی (حَجْبُ الأَوْصَاف)**: ئەمەش بەوەیە کەسەکە ڕێگریەك لە ڕێگریەکانی میراتی تێدا بێت کە بریتیە لە کۆیلایەتی وکوشتن وجیاوازی ئایین، جا هەر کەس یەکێك لەم وەسفانەی تێدا بێت میرات نابات وبونی وەك نەبونی وایە، ئەمەش ئەکرێ بە سەر هەمو میرات بەرەکاندا بێت.

٢- **بێ بەشکردنی کەسی (حَجْبُ الأَشْخَاص)**: کە بشوترێ بێبەشکردن وحەجب بیر بۆ ئەمە دەڕوات، ئەشبێتە دو بەشەوە:

یەکەم: بێبەشکردنی یەکجاری (حجب حرمان): بریتیە لە ڕێگری کردنی کەسێکی دیاری کراو بە یەکجاری، ئەمەش ئەکرێ بە سەر هەمو وەرەسەدا بێت جگە لە شەش کەس: باوك، ودایك، وکوڕ، وکچ، ومێرد، وژن.

دوەم: بێبەشکردنی نوقسان: ئەمەش بێبەش کردنیەتی لە بەشێکی زیاترە بۆ کەمتر. هۆکاری ئەم بێبەشکردنەش: بونی کەسێکی لەو شایستەترە، بۆیە پێی وتراوە بێبەشکردنی کەسی. ئەشبێتە حەوت بەشەوە:

١- گواستنەوە لە ئەندازەیەکەوە بۆ ئەندازەیەکی کەمتر لەوە، ئەمە دەرهەق ئەوانەیە دو ئەندازەیان هەیە، وەك ژن ومێرد، ودایك، وکچی کوڕ، وخوشکی باوکی.

٢- گواستنەوە لە ئەندازەیەکەوە بۆ تەعصیب، ئەمەش دەرهەق خاوەن نیوە ودو لە سێکانە، ئەگەر تەعصیبکەریان لەگەڵدا بو.

٣- گواستنەوە لە تەعصیبەوە بۆ فەرزێکی کەمتر، ئەمەش دەرهەق باوك وباپیر، لە میراتبردن بە تەعصیب دێن بۆ میراتبردن بە فەرز.

٤- گواستنەوە لە تەعصیبەوە بۆ تەعصیبێکی کەمتر. ئەمەش دەرهەق خوشکی دایك وباوکی یان خوشکی باوکیە، چونکە لەگەڵ براکەیاندا کەمتر لەوەیان بۆ هەیە کە لەگەڵ کچ وکچی کوڕدا هەیانە.

٥- قەرەبارغی لە ئەندازەیەك دا، وەك کۆبونەوەی دو ژن لە چوار یەك، یان چەند داپیرێك لە شەش یەك.

٦- قەرەبارغی لە تەعصیبدا، وەك کۆبونەوەی عەصەبەکان لە ماڵەکەدا یان لەوەی لە خاوەن ئەندازەکان ماوەتەوە.

٧- قەرەبارغی لە عەولدا[1] دەرهەق خاوەن ئەندازەکان ئەمەش لەو بنەمایانەی عەولی بە سەردا دێت.

---

(١) عەول: بریتیە لە زیادکردنی بەشی خاوەن ئەندازەکان، وکەمکردنەوەی ئەندازەی بەشەکانیان لە میرتدا.

بۆیە ئەلێین: هەر کەس بە واسیتەی کەسێکەوە شۆڕ ببێتەوە (الإدلاء)[1]، ئەوا ئەو واسیتە بێ بەشی دەکات. وبنچینەکان هیچ بێبەشیان ناکات مەگەر خودی بنچینەکان. ولقەکان هیچ بێبەشیان ناکات مەگەر لقێکی لە خۆی بەرزتر. بەڵام پەراوێزەکانیش بنچینە ولق وپەراوێزەکان بێبەشیان دەکەن.

پرسی حەوتەم: لە بارەی میراتی خزمانەوە:

ذَوُو الأرحام: هەمو ئەو خزمانەیە کە نە خاوەن ئەندازەیە ونە عەصەبەیە، ئەمانەش ئەبنە چوار بەشەوە:

١- ئەوانەی نەسەبیان دەگاتە مردوەکە، کە بریتین لە منداڵەکانی کچ ومنداڵەکانی کچی کوڕ وبەرەو خوارەوە.

٢- ئەوانەی مردو نەسەبی دەگاتەوە پێیان، کە بریتین لە باپیرە وداپیرە «بێ بەشەکان» وبەردو سەرەوە.

٣- ئەوانەی نەسەبیان دەگاتەود دایك وباوکی مردودکە، کە بریتین لە منداڵەکانی خوشك وکچەکانی برا ومنداڵەکانی برای دایکی وئەوانەشی بەمان شۆڕ دەبنەوە، وبەردو خواردوە.

٤- ئەوانە دەگەنەوە باپیر وداپیری مردوەکە، کە بریتین لە مامەی دایکیی وخوشکی باوك (پور) بە ڕەهایی، وکچەکانی مامە بە ڕەهایی، ولالە (خاڵۆ)کان چەند دوریش بن، ومنداڵەکانیان، وبەرەو خوارەوە، بەڵگەی میرات بەرکەوتنیشیان، فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾

---

(١) شۆڕبونەوە (الإدلاء): بریتیە لە پەیوەندی هەبون بە مردوەوە ئیتر ڕاستەوخۆ بێت بە خودی خۆ وەك بـاوك ودایك وکوڕ وکچ، یان ناڕاستەوخۆ وەك پەیوەندی کوڕی کوڕی بە کوڕەوە هەروەها کچی کوڕ بە کوڕەوە.

[الأنفال:٧٥] «وخزمان هەندێکیان لە پێشترین بە هەندێکی تریان لە میراتبردندا لە حوکمی خوادا». وقال ﷺ: «وَالْخَالُ وَارِثُ مَنْ لَا وَارِثَ لَهُ» «لاله میرات بەری ئەوەیە کە میرات بەری نیە»[1]. شێوازی میراتبردنەکەشیان ئەوەیە هەر یەکێکیان ئەخرێتە شوێن ئەوەی پێیدا شۆڕ بۆتەوە، وبەشی ئەوی پێ دەدرێت. خواش زاناترە[2].

(١) أخرجه أحمد (٢٨/١)، وأبو داود (٢٨٩٩)، والترمذي (٢١٠٣) وقال: «حديث حسن صحيح»، وصححه الشيخ الألباني «صحيح سنن الترمذي» (١٧٠٩).

(٢) بۆ چونێکی تر هەیە وحێزیشی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە میراتی بەر ناکەوێت. وەرگێڕ

نۆیەم: بەشی هاوسەرگیری وتەلاق دان

لە یانزە دەروازەش پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی هاوسەرگیریەوە.

دەروازەی دوەم: لە بارەی مارەیی ومافەکانی هاوسەرگیری وپێویستیەکانی وخواردن دانی هاوسەرگیریەوە.

دەروازەی سێیەم: لە بارەی خولعەوە.

دەروازەی چوارەم: لە بارەی تەلاق دانەوە.

دەروازەی پێنجەم: لە بارەی سوێندخواردنەوە.

دەروازەی شەشەم: لە بارەی زیهار کردنەوە.

دەروازەی حەوتەم: لە بارەی لەعنەت کردنەوە.

دەروازەی هەشتەم: لە بارەی عیددە وحیدادەوە

دەروازەی نۆیەم: لە بارەی شیر دانەوە

دەروازەی دەیەم: لە بارەی بەخێو کردن وحوکمەکانەوە.

دەروازەی یانزەیەم: لە بارەی بژێوی کێشانەوە

دەروازەی یەکەم

لە بارەی هاوسەر گیریەوە «النكاح»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی نیکاح، وبەلگەکانی شەرعی بونی:

أ- **پێناسەی نیکاح:** «النكاح» لە زماندا: کۆ کردنەوە وگرتنە خۆ وچونە ناو یەکە، ئەوترێ: «تناكحت الأشجار= دارەکان نیکاحیان کرد»، ئەگەر هەندێکیان چونە ناو هەندێکی تریان، یان: «نكح المطر الأرض= باران نیکاحی زەوی کرد ئەگەر تێکەڵی خاکەکەی بو.

ب- **بەلگەکانی شەرعی بونی هاوسەرگیری:** بنەما لەمەڕ شەرعی بونی ژنهێنان: قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە. جا زۆر ئایەت بەلگەیە لە سەر شەرعی بونی هاوسەرگیری؛ لەوانە فەرمایشتەکەی خوای دانایە: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ [النساء:٣] «ئەوا هاوسەرگیری بکەن لەگەڵ ئافرەتانی بەدەر لە هەتیوەکان: دوان یان سیان یان چوار، ئەگەریش ترسان دادگەر نەبن لە نێوانیان دا ئەوا تەنها یەك دانە بەسە یان کەنیزەکەکانتان بەسە». هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى(١) مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ﴾ [النور:٣٢] «هاوسەر گیری بکەن -ئەی باوەڕداران- لەگەڵ ئەوانەتان هاوسەریان نیە لە ئازاد وکۆیلە وکەنیزەکە چاکەکانتان». هەروەها فەرمودەیەکی زۆریش، لەوانە: فەرمودەکەی ئیبن مەسعود ﵁ لە پەیامبەرەوە ﷺ: «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ،

---

(١) الأيامى: كۆی «أيم»ـە، ئەو پیاو وژنەیە کە هاوسەریان نیە. «النظم المستعذب» (١٢٦/٢).

ومنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ؛ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ» «ئەی گرۆی گەنجان! كێ لە ئێوە توانای ژنهێنانی هەبو با بیهێنێت یانی: خەرجی وتێچوی ژنهێنان، كێش نەیتوانی ئەوا با ڕۆژو بگرێت چونكە شەهوەتی كپ دەكاتەوە»[1]. هەروەها فەرمودەكەی مەعقیلی كوڕی یەسارە ﷺ، كە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ» «ئەو ئافرەتانە بخوازن كە ڕوخۆشن ومنداڵیان دەبێت، چونكە من لە دوا ڕۆژدا شانازی بە زۆریتانەوە دەكەم»[2].

موسڵمانانیش كۆكن لە سەر شەرعیەتی هاوسەرگیری.

پرسی دووەم: حیکمەت لە شەرعی بونی هاوسەر گیری:

خوای دانا لە بەر زۆر حیکمەتی باڵا هاوسەرگیری شەرعكردوە، دەكرێ لەمانەی خوارەوە گردی بكەینەوە:

١ - داوێن پاكی، چونكە خوای گەورە مرۆڤی دروستكردوە، وغەریزەی ڕەگەزی وتێدا داناوە، جا هاوسەر گیری داناوە بۆ پڕ كردنەوەی ئەو عەریزە وحەزە، وبۆ ئەوەی یاری پێ نەكرێت.

٢- بەدیهاتنی ئارامی وهۆگری وئاسودەیی وڕاحەتی وئۆقرەیی لە نێوان ژن ومێرددا، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ [الروم:٢١] «ولە نیشانەكانی مەزنی دەسەڵات وتەواوی توانای خوا ئەوەیە: بۆ ئێوەی پیاوان هاوسەری دروستكردوە بۆ ئەوەی

---

(١) أخرجه البخاري (٥٠٦٦)، ومسلم (١٤٠٠)، والمراد بالصوم وجاء: أي قاطع لشهوة النكاح.

(٢) أخرجه أبو داود (٢٠٣٥)، والنسائي (٦٥١٦) وصححه الألباني، انظر: «صحيح النسائي» (٣٠٢٦).

دەروونتان ئاسودە بێت وئۆقرە بگرێت، ولە نێوان ئافرەت ومێردەكەیدا خۆشەویستی وسۆزی داناوە)).

٣- پاراستنی وەچە ورەچەڵەك، وبەستنەوەی كەس وخزمەكان بە یەكترەوە.

٤- هێشتنەوەی وەچەی مرۆڤایەتی وزیاتركردنی ژمارەی موسڵمانان، بۆ تورەكردنی بێ باوەڕان وبڵاوكردنەوەی دینی خوا.

٥- پارێزگاری كردن لە ڕەوشتەكان لە تێكچونی ودارمانی بۆ نێو چاڵی داوێن پیسی وپەیوەندیە گوماناویەكان.

پرسی سێیەم: حوكمی هاوسەرگیری وهەڵبژاردنی هاوسەر:

١- حوكمی هاوسەرگیری:

حوكمی هاوسەرگیری لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت:

یەكەم: دەبێتە واجب ئەگەر كەسەكە لە خۆی ترسا توشی داوێن پیسی ببێت، وتوانای تێچون وخەرجیەكانی هاوسەرگیری هەبو، چونكە هاوسەر گیری ڕێگای داوێن پاكی وپاراستنێتی لە توش حەرام هاتن، ئەگەریش نەیتوانی ئەوا لە سەریەتی ڕۆژو بگرێت ویا داوێنی خۆی پاك بگرێت تا خوا بە فەزڵی خۆی بێنیازی دەكات.

دوەم: دەبێتە سوننەت ئەگەر كەسەكە شەهوەتی هەبو وتوانای خەرجی هاوسەرگیریشی هەبو بەڵام ترسی لە خۆی نیە توش داوێن پیسی ببێت، ئەمەش لە بەر گشتیەتی ئەو ئایەت وفەرمودانەی كە هاتون لە بارەی هاندان بۆ هاو سەر گیری هاتون.

سێیەم: ئەبێتە مەكروە، ئەگەر كەسەكە پێویستی پێ نەبو، وەك: (العِنِّین) ئەوەی نەتوانێت بچێتە لای ئافرەتان یان شەهوەتی بۆیان ناڕوات،، یان بە تەمەن بێت، یان نەخۆشێك كە شەهوەتی نەهێشتبو.

٢ - هەڵبژاردنی هاوسەر وئەو شتانەی لە سەر ڕاوەستاوە:

سوننەتە ئافرەتێکی دیندار وداوێن پاك، وبنەچە وناوبانگ پاك، وجوان هەڵبژێرێت، لە بەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ: «تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ» «ئافرەت لە بەر چوار شت هاوسەرگیری لەگەڵ دەکرێت: لەبەر ماڵەکەی، ولەبەر بنەماڵە ولەبەر بەناوبانگیەکەی، ولەبەر جوانیەکەی، ولەبەر دینەکەی، دینداردکە هەڵبژێرن دەستت خۆڵاوی بێت»[1]. جا لە پلەی یەکەم سور دەبێت لە سەر دیندار، ئەمەش ئەکاتە بنەمای هەڵبژاردنەکەی نەك شتی تر، هەروەها سوننەتە ئافرەتێك بهێنێت منداڵی ببێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ لە پەیامبەردوە ﷺ فەرمویەتی: «تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ، إِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأَنْبِيَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ» «ئەو ئافرەتانە بخوازن کە ڕوخۆشن ومنداڵیان دەبێت، چونکە من لە دوا ڕۆژدا لە ناو پەیامبەران شانازی بە زۆریتانەوە دەکەم»[2]. سوننەتیشە کیژە عازەب بێت، لە بەر فەرمودەکەی جابر ﷺ کە پەیامبەری خوا ﷺ پێی فەرموە: «فَهَلَّا بِكْرًا تُلَاعِبُهَا وتُلَاعِبُكَ» «ئەی بۆ کیژە عازەبێکت نەهێنا یاری لەگەڵدا بکەیت ویاریت لەگەڵدا بکات»[3]. مەگەر بەرژەوەندیەك هەبێت وا بکات بێوەژن هێنان چاکتر بێت، ئەو کاتە بێوەژن هێنان لە پێشترە، وجوان هەڵ دەبژێردرێت چونکە بۆ دڵ ودەرونی ئارام ترە، وبۆ چاوی پارێزرواو ترە، وزیاتر ئەبێتە مایەی خۆشویستنی.

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٠٩٠)، ومسلم (١٤٦٦). و«دەستت خۆڵاوی بێت»: یانی: دەستت هەژار بێت، وبە خۆڵەوە بنوسێت. ئەمەش ڕستەیەکە مەبەست پێی هاندانە نەك دوعا لێکردن.

(٢) أخرجه أحمد (١٢٦١٣، ١٣٥٦٩)، وصححه الألباني «الإرواء» (١٧٨٤).

(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٠٧٩)، ومسلم (٧١٥).

پرسی چوارەم: لە حوکمەکانی داواکردن، ونادابەکانی:

لە حوکم ونادابەکانی داواکاری:

١- حەرامە موسڵمان داوای ژن بکات بە سەر داوای براکەیدا کە وەڵامی داواکەی دراوەتەوە با بە ماناشەوە بێت، ودوەمیش بزانێت یەکەم وەڵام دراوەتەوە، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَلَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ على خطبة أخيه حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَتْرُكَ» «وکابرا داواکاری ناکاتە سەر داواکاری براکەی هەتا پێی دەدرێت یان وازی لێ دەهێنێت»[1]. ئەمەش چونکە چونە پێشەوە بۆ داواکاری لەم کاتەدا کارەکە لە کەسی یەکەم تێك دەدات ورقە بەرایەتیشی لێ دەبێتەوە.

٢- حەرامە بە ڕاشکاوانە داوای ئافرەتێك بکرێت لە عیددەدا بێت لە تەڵاقی بائن، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ﴾ [البقرة: ٢٣٥] «وتاوانتان ناگات ئەی پیاوان ئەگەر بە ماناوە داوای هاو سەر گیری لەگەڵ ئەو ئافرەتانە بکەن کە مێردەکانیان مردوە یان تەڵاق دروان (تەڵاقی بائن) لە کاتی عیددەکەی دا». جا دروستە بۆی مانا بهێنێت، وەك بڵێ: حەزم دەکرد خوا ئافرەتێکی چاکی بۆ ئاسان بکردایەم، یان: ئەمەوێت ژن بهێنم، جا مادام فەرمایشتەکە تاوانی هەڵ گرت لە سەر ئەو کەسەی مانا ئەهێنێت بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ڕاشکاوی دروست نیە، چونکە لەوانەیە سور بون لە سەر شو کردنەوە وای لێ بکات پێش تەواو بونی عیددەکەی بڵێ تەواو بوە. بەڵام ئەوەی لە عیددەی تەڵاقی ڕەجعی بێت، حەرامە بە ماناشەوە داوا بکرێت، چونکە حوکمی ژن وهاوسەرەکانی هەیە.

---

[1] أخرجه البخاري (٥١٤٤).

٣- هەر کەس ڕاوێژی پێ کرا لە بارەی داواکەرێك یان داواکراوێك واجبە لە سەری باسی ئەو چاکی وخراپیە بکات کە تێیاندا هەیە، ئەمەش نابێتە غەیبەت بەڵکو لەو دڵسۆزی ونەسیحەتەیە کە ئیسلام هانی بۆ لا داناوە.

٤- پێ دان ودیاری کردن (الخِطْبَة)[١] تەنها بەڵێنێکە بە هاوسەرگیری، ودەربڕینی حەزە بۆی، هاوسەرگیری نیە، بۆیە هەر یەك لە داواکەر وداواکراو بۆ یەکتر بە بێگانەیی دەمێننەوە.

پرسی پێنجەم: حوکمی تەماشاکردنی داواکراو:

هەر کەس ویستی داوای ئافرەتێك بکات شەرعیە وسوننەتە تەماشای ئەوەی بکات عادەتەن دەر دەکەوێت، وەك دەم وچاوی ودەستەکانی وپێکانی، لەبەر فەرمودەکەی سەهلی کوڕی سەعد ﷺ: «أَنَّ امْرَأَةً جَاءَتْ رَسُولَ اللهِ ﷺ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ! جِئْتُ لِأَهَبَ لَكَ نَفْسِي، فَنَظَرَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللهِ ﷺ، فَصَعَّدَ النَّظَرَ إِلَيْهَا وَصَوَّبَهُ، ثُمَّ طَأْطَأَ رَأْسَهُ» «ئافرەتێك هاتە خزمەتی پەیامبەر ﷺ وتی: ئەی پەیامبەری خوا! هاتوم خۆمم پێبەخشیوی، ئەویش تەماشای کرد وچاوی تێبڕی، پاشان لە شەرما سەری کردە خوار»[٢]. هەروەها فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەیە ﷺ ئەڵێ: لە خزمەت پەیامبەر بوم ﷺ پیاوێك هاتە خزمەتی وپێی وت کە ئافرەتێکی ئەنصاری هێناوە، ئەویش پێی فەرمو: «أَنَظَرْتَ إِلَيْهَا؟» «بینیوتە؟» وتی: نەخێر، فەرموی: «فَاذْهَبْ، فَانْظُرْ إِلَيْهَا، فَإِنَّ فِي أَعْيُنِ الْأَنْصَارِ شَيْئًا» «بڕۆ ببینە، چونکە ئەنصاریەکان شتێك لە چاویاندا هەیە»[٣]. هەروەها فەرمودەکەی جابرە ﷺ، کە

(١) [ئەوەی کە بە ناڕەوا پێی دەوترێت: «شیر بایی بڕین»، بێگومان مارەیی نە بایی شیرەکەیە ونە کرێیەتی!].

(٢) أخرجه البخاري (٥٠٨٧)، ومسلم (١٤٢٥).

(٣) أخرجه مسلم (١٤٢٤). و«شتێك»: وتراوە: مەبەست پێی: بچوکیە، وتروایشە: شینایی.

پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إذا خطب أحدُكُم المرأة فإن استطاع أن ينظر إلى ما يَدْعُوهُ إلى نِكاحِها فَلْيفْعَلْ» «ئەگەر کەسێکتان داوای نافرەتێکی کرد، ئەگەر توانی تەماشای ئەوەی بکات هانی دەدات بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا ئەوا با بیکات» ئەڵێ: جا داوای نافرەتێکم کرد، ئەوەبو خۆم بۆی دەشاردەوە، تا ئەوەم لێ بینی هانیدام هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم»(١).

حیکمەتیش لەمەدا: تەماشا کردن ئەبێتە مایەی زیاتر خۆش ویستنی، هەروەها زیاتر بچێت دڵیەوە، ئەمەش ئەبێتە هۆی زیاتر هۆگری ودۆستایەتی وبەردەوامی خۆشەویستی نێوانیان، وەکو پەیامبەر ﷺ بە موغیرەی ﷺ فەرمو: «انْظُرْ إِلَيْهَا، فَإِنَّهُ أَحْرَى أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا» «تەماشای بکە، ئەوە ئەبێتە مایەی زیاتر ڕێك هاتن ودروست بونی خۆشەویستی»(٢).

پرسی شەشەم: مەرجەکانی هاوسەرگیری وپایەکانی:

یەکەم: مەرجەکانی هاوسەر گیری:

ئەبێت لە هاوسەرگیریدا ئەم مەرجانە هەبێت:

١- دیاری بونی ژن ومێردەکە: جا گرێ بەستی هاوسەرگیری دروست نابێت لە سەر کەسێك بە بێ دیاری کردن، وەك بڵێت: «کچەکەی خۆمم لێ مارە کردی» ئەگەر زیاتر لە کچێکی هەبێت، یان بڵێ: «ئەوە لە کوڕەکەتم مارە کرد» ئەگەر زیاتر لە کوڕێکی هەبێت، بەڵکو ئەبێت بە ناو کوڕەکە دیاری بکات، وەك: فاتیمە وموحەممەد، یان بە سیفەت، وەك: گەورەکە، بچکۆلەکە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٠٨٢)، وأحمد (٣/٣٣٤)، والحاكم (٢/١٦٥) وقال: «صحيح على شرط مسلم» وافقه الذهبي، وصححه الشيخ الألباني «السلسلة الصحيحة» (٩٩).

(٢) أخرجه الترمذي (١٠٨٧) وحسنه، وابن ماجه (١٨٦٥)، وصححه الألباني «صحيح سنن الترمذي» (٨٦٨).

٢- رازی بونی ژن ومێردەکە بە یەکتر: جا هاوسەرگیری بە زۆر دروست نابێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ» «بێوەژن مارە ناکرێت تا خۆی فەرمان دەکات، کیژیش مارە ناکرێت تا داوای ئیزنی لێ نەکرێت»[١].

٣- کار بە دەستی لە هاوسەرگیریدا: جا کەس بۆی نیە گرێ بەستەکە گرێ بدات مەگەر کار بە دەستەکەی، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيّ» «هاوسەرگیری نیە مەگەر بە بونی کار بەدەستەکەی»[٢]. مەرجیشە کار بە دەستەکە: پیاو، وپێگەیشتو، وژیر، وئازاد، ودادگەر بێت با بە ڕوکەشیش بێ.

٤- شایەتگرتن لە سەر گرێ بەستی هاوسەرگیری: جا هاوسەر گیری دروست نابێت مەگەر بە بونی دو شایەتی موسڵمان، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ، وَمَا كَانَ مِنْ نِكَاحٍ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ فَهُوَ بَاطِلٌ» «هاوسەر گیری نیە مەگەر بە بونی کار بە دەست ودو شاهیدی دادگەر، هەر هاوسەر گیریەك لە سەر جگە لەمە بێت ئەوا پوچە»[٣]. تورمزی ئەڵێ: «ئیشی زانایان لە سەر ئەمەیە هەر لە سەردەمی هاوەڵانی پەیامبەرەوە ﷺ ودوای ئەوانیش لە شوێنەکەوتوان وجگە لەوانیش، وتویانە: هاوسەرگیری نیە بە بێ شایەت» بە مەرج گرتنی شایەتیش لە هاوسەر گیری دا ئیحتیات کردنە بۆ وەچە، ئەوەك دوایی بدات لە ژێری.

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥١٣٦)، ومسلم (١٤١٩).
(٢) أخرجه الترمذي (١١٠١)، وأبو داود (٢٠٨٥)، وابن ماجه (١٩٠٧، ١٩٠٨)، وصححه الشيخ الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (١٥٣٧، ١٥٣٨).
(٣) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٤٠٧٥) [هذا لفظه]، وصححه ابن حزم في المحلى (٩/٣٤٦٥).

٥- بوك وزاواكە هیچ ڕێگریەكی هاوسەر گیریان تێدا نەبێت: ڕێگری ڕەچەڵەك یان هۆكار، وەك شیردان وژن وژن خوازی وجیاوازی نایین، وهاوشێوەی ئەم هۆكارانە، وەك ئەوەی یەكێكیان لە ئیحرامدا بێت هی حەج یان وعومرە.

دوەم: پایەکانی هاوسەرگیری: ئەو پایانەی كە بون وڕاودستانی هاوسەر گیری لە سەرە، ئەمانەیە:

١- هەر دو گرێ دەرەکە: کە بریتیە لەو ژن ومێردەی هیچ ڕێگریەکی هاوسەر گیریان تێدا نیە کە پێشتر باس کرا وئەوانەشی دواتر دێت لە باسی مەحرەمەکان.

٢- ئیجاب کردن: کە بریتیە لەو لەفزەی لە کار بە دەستەکەوە دەر دەچێت یان ئەوەی لە جێگەیەتی (وەکو بریکار)، بە لەفزی: بە شودان ویان بە هاوسەر کردن.

٣- قەبوڵ کردن: کە بریتیە لەو لەفزەی لە مێردەکەوە یان جێگر (بریکار)ەکەی دەر دەچێت، بە لەفزی: قەبوڵم کرد، یان: ڕازیم بەم هاوسەرگیریە.

وئەبێت ئیجاب کردن پێش قەبولکردن بێت.

پرسی حەوتەم: مەحرەمەکان لە هاوسەرگیریدا:

مەحرەمەکان لە هاوسەرگیریدا دو بەشن: بەشێك مەحرەمی هەمیشەییە، وبەشێکیشی مەحرەمی کاتیە.

بەشی یەکەم: مەحرەمە هەمیشەییەکان:

چواردە ئافرەت بۆ هەمیشە حەرامن، حەوتیان بە هۆی ڕەچەڵەکەوە حەرامن وحەفتی تریشیان بە هۆی هۆکار (سَبَب)ەوە، مەبەستیش لە هەمیشەیی ئەوەیە بۆ هەتا هەتایە دروست نیە هاوسەرگیری لەگەڵ بکرێت لە هەر حاڵ وبارێکدا بێت، ئەم حەرامێتیەش سێ هۆکاری هەیە: نزیکی، ژن وژن خوازی، وشیردان.

یەکەم: ئەوانەی بە هۆی نزیکیەوە مەحرەمن:

١- دایك، ودایکی دایك، ودایکی باوك. بنەچەی مرۆڤیشیان پیّ دەوترێت.

٢- کچ، وکچی کچ، وکچی کوڕ. لقی مرۆڤیشیان پیّ دەوترێت.

٣- خوشکی دایك وباوکی، یان باوکی، یان دایکی. لقی دایك وباوکیشیان پیّ نەوترێت.

٤- کچی خوشکی دایك وباوکی، وکچی برای باوکی، وکچی برای دایکی.

٥- کچی خوشکی دایك وباوکی، یان باوکی، یان دایکی.

٦- پور؛ خوشکی باوك، بە هەمان شێوە پوری باوك وپوری دایك. پێشیان دەوترێت لقەکانی باپیر وداپیر لە دیوی باوکەوە.

٧- پور؛ خوشکی دایك، بە هەمان شێوە پوری دایك وپوری باوك. پێشیان دەوترێت لقەکانی باپیر وداپیر لە دیوی دایکەوە.

ئەم نافرەتانە دروست نیە هیچ کامیان مارە بکرێت بە هیچ شێوەیەك، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ﴾ [النساء: ٢٣] «خوای دانا هاوسەرگیری کردنی لە سەرتان حەرام کردوە لەگەڵ: دایکانتان (داپیرانیش لە دیوی باوك یان دایکەوە دەگرێتەوە)، وکچەکانتان (وکچی منداڵ ورۆڵەکان وبەرەو خوارەش دەگرێتەوە)، وخوشکەکانتان لە دایك وباوکەوە بێت یان لە دایکەوە یان لە باوکەوە، هەروەها خوشکانی باوکان وباپیرانتان، هەروەها پورەکانتان؛ خوشکانی دایکان وداپیرانتان، هەروەها کچی براکانتان، هەروەها کچی خوشکەکانتان (منداڵەکانیشیان دەگرێتەوە)»

دوەم: ئەوانەی بە هۆی ژن خوازیەوە مەحرەمن:

وئەمانەی خوارەوەی پیّ حەرام دەبێت:

١- ژنی باوك، بە هەمان شێوە ژنی باوکی باوك، وژنی باوکی دایان. پێشیان دەوترێت هاوسەری بنچینەکان. ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِنَ النِّسَاء إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ [النساء:٢٢]. «وهاوسەرگیری مەکەن لەگەڵ ئەوانەی باوکانتان لەگەڵیاندا هاوسەرگیریان کردوە مەگەر پێشتر کردبێتتان لە سەردەمی نەفامیدا ئەوا لێتان ناگیرێت، ئەم هاوسەرگیریە شتێکی زۆر گەن وزۆر خراپە، وخواش توڕە دەکات، بە ڕاستی کارێکی خراپ بو لە نەفامیدا دەتان کرد».

٢- هاوسەری کوڕ، وهاوسەری کوڕی کوڕ، وکوڕی کچیش، بە هەمان شێوە هاوسەری لقەکانی تریش. لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ﴾ [النساء:٢٣]. «هەروەها حەرامە لە سەرتان هاوسەرگیری بکەن لەگەڵ ژنی کوڕە پشتیەکانتاندا (کوڕی شیریش دەگرێتە) ئەمەش هەر بە گرێ بەست کردن حەرام دەبێت».

٣- دایکی هاوسەر، بە هەمان شێوە هەمو بنچینەکانی لە ئافرەتان وەك دایکی دایکی هاوسەر، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ﴾ [النساء:٢٣] «هەروەها دایکانی هاوسەرەکانتان حەرامن لە سەرتان».

ئەم سیانە تەنها بە گرێ بەست کردن حەرام دەبن، ئیتر گواستبێتیەوە یان نا.

٤- کچی هاوسەر، کە پێی دەوترێت زڕکچ، جا ئەم، مەحرەمی مێردەکەی دایکیەتی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ﴾ [النساء:٢٣] «هەروەها هاوسەرگیری حەرامە لەگەڵ کچانی ژنەکانتان کە لە خۆتان نین، کە زۆرجار لە ماڵی ئێوە ولە ژێر چاودێری خۆتان پەروەردە دەبن، بەڵام بەو مەرجەی جوت بوبێتن لەگەڵ دایکانیاندا». بۆ حەرامێتیش

مەرج نیە زڕکچەکە لە ماڵی مێردەکەی دایکیدا گەورە بو بێت، لە ئایەتەکەش بۆ زۆری هاتوە. جا ئەم کچە نەبێتە مەحرەمی ئەو پیاوەی کە لەگەڵ دایکیدا هاوسەر گیری کردوە وجوت بوە، جا ئەگەر جوت نەبو بو لەگەڵیدا وەك ئەوەی دایکی تەڵاق دابێت یان مردبێت پێش گواستنەوە، ئەوا بۆی دروستە کچەکەی مارە بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ [النساء:٢٣] «جا ئەگەر نەچوبونە لای دایکانیان وتەڵاقیانتان دابو، یان مردبو، ئەوا دروستە بۆتان هاوسەرگیری لەگەڵیاندا بکەن».

٥- لە سەر ئافرەت ئەمانە حەرامن: مێردی دایکی، ومێردی کچەکەی، وکوڕی مێردەکەی، وباوکی مێردەکەی.

سێیەم: ئەوانەی بە هۆی شیردانەوە مەحرەمن:

بە شیردان حەوت ئافرەت حەرام دەبن، قورئان باسی دوانی بۆ کردوین، سونەتیش پێنجی تری خستۆتە پاڵیان.

أ- ئەوانەی قورئان حەرامی کردون:

١- دایکی شیری، کە ئەو ئافرەتەیە شیری پێداوی، دایکی ودایکی دایکی ودایکی باوکیشی دەگرێتەوە.

٢- خوشکی شیری، کە ئەو ئافرەتەیە شیری دایکتی خواردوە، یان تۆ شیری دایکیت خواردوە، یان تۆ وئەو شیری یەك ئافرەتتان خواردوە، یان شیری هاوسەرەکەی باوکیت خواردوە، یان ئەو شیری هاوسەرەکەی باوکتی خواردوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ﴾ [النساء:٢٣]. «ودایکانتان کە شیریان پێتان داوە، هەروەها خوشکانی شیریتان».

ب- ئەوانەی فەرمودەی پیرۆز حەرامی کردون:

١ - کچی شیری کوڕ.

٢ - کچی شیری خوشك.

٣- خوشکی شیری باوك، ئەوەی کە لەگەڵ باوکتدا شیری خواردوە.

٤ - خوشکی شیری دایك، ئەوەی کە لەگەڵ دایکتدا شیری خواردوە.

٥ - کچی شیری، ئەوەی کە شیری ژنەکەتی خواردوە، جا پیاوەکە نەبێتە باوکی شیری ئەو.

بەڵگەی حەرام بونی ئەمانەش لە سوننەتدا، فەرمودەکەی عائیشەیە ﵂ پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّ الرَّضَاعَةَ تُحَرِّمُ مَا تُحَرِّمُ الْوِلَادَةُ» «شیر ئەوە حەرام دەکات کە لە دایکبون حەرامی دەکات»(١). هەروەها فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﵄، کە پەیامبەری خوا ﷺ لە بارەی کچەکەی حەمزەوە ﵁ فەرمویەتی: «إِنَّهَا لَا تَحِلُّ لِي، إِنَّهَا ابْنَةُ أَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ، وَيَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ مَا يَحْرُمُ مِنَ الرَّحِمِ» «ئەو بۆ من حەڵاڵ نیە، ئەو کچی برای شیریمە، بە شیریش ئەوە حەرام دەبێت کە بە پشت حەرام بوە»(٢).

پرسی دوەم: ئەوانەی مەحرەمن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، بە هۆی هۆکارێکەوە کە نامێنێت:

چەندین ئافرەت بۆ ماوەیەکی کاتی حەرام دەبن، ئەکرێ بکرێنە دو جۆرەوە:

جۆری یەکەم: ئەوەی حەرامە بە هۆی کۆکردنەوەوە.

جۆری دوەم: ئەوەی حەرامیەکەی بە هۆی پێشهاتێکەوەیە.

---

(١) أخرجه البخاري (٥٠٩٩)، ومسلم (١٤٤٤).

(٢) أخرجه البخاري (٥١٠٠)، ومسلم (١٤٤٧) واللفظ لمسلم.

جۆری یەکەم: ئەوەی حەرامە بە هۆی کۆکردنەوەوە:

١ - کۆکردنەوەی نێوان دو خوشك، ئیتر لە پشتەوە یان لە شیریەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ هەردوکیاندا پێکەوە کردبێت یا بە جیا، لە بەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ﴾ [النساء:٢٣] «هەروەها حەرامە دو خوشك پێکەوە کۆ بکەنەوە».

٢ - کۆ کردنەوەی نێوان ئافرەتێك وخوشکی باوکی، وئافرەتێك وخوشکی دایکی، وئافرەتێك وکچی خوشکەکەی، وئافرتێك وکچی براکەی، وئافرەتێك وکچی کوڕەکەی، وئافرەتێك وکچی کچەکەی.

یاساکەش لێرەدا ئەوەیە: کۆکردنەوە حەرامە لە نێوان هەمو دو ئافرەتێکدا ئەگەر گریمانە یەکێکیان بکەیتە نێرینە ئەوا بۆی دروست نیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوی تردا بکات. بەلگەی ئەمەش فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەیە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «لَا يُجْمَعُ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَلَا بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا» «ئافرەت وخوشکەکەی باوکی، وئافرەت وخوشکەکەی دایکی کۆ ناکرێتەوە»[1]. هەروەها فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەیە ﷺ، ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ ڕێگری کرد هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتدا بکرێت بە سەر خوشکی باوکەکەی، هەروەها خوشکی باوك بە سەر کچی براکەیدا، هەروەها ئافرەت بە سەر خوشکی دایکیدا، وخوشکی دایکیش بە سەر کچی خوشکەکەیدا، هەروەها خوشکی گەورە ناهێنرێت بە سەر خوشکی بچوکدا، وبچوکیش ناهێنرێت بە سەر خوشکی گەورەدا»[2]. وەکو چۆن زانایانیش کۆکن لە سەر ئەم حەرام بونە.

---

(١) أخرجه البخاري (٥١٠٩)، ومسلم (١٤٠٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٠٦٥)، والنسائي (٦/٩٦)، والترمذي (١١٢٦)، وقال: «حسن صحيح». وصححه الشيخ الألباني «الإرواء» (٦/٢٩٠).

جۆری دووەم: ئەوەی بە هۆی پێشهاتێکەوە حەرامە:

١- حەرامە ئافرەتێك بخوازرێت کە لە عیددەی پیاوێکی تردا، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ﴾ [البقرة:٢٣٥]. «وجەخت لە گرێ بەستی هاوسەرگیری مەکەنەوە لە کاتی عیددەدا تا ماوەکەی تەواو دەبێت».

٢- حەرامە ئافرەتێك مارە بکات کە سێ جار تەڵاقی داوە مەگەر مێردێکی تر لەگەڵیدا جوت ببێت بە گرێ بەستێکی دروست، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ﴾ [البقرة: ٢٣٠]. «جا ئەگەر پیاوەکە بۆ جاری سێ یەم ژنەکەی خۆی تەڵاقدا، ئەوا بۆی حەڵاڵ نابێتەوە مەگەر ئەو ئافرەتە شو بە پیاوێکی تر بکاتەوە بە گرێ بەستێکی دروست ولەگەڵیدا جوت ببێت، وهاوسەر گیریەکە بە حەزی هەر دو لا بێت نەك بە نیەتی حەڵاڵ کردنی ئافرەتەکە بۆ پیاوی یەکەمی».

٣- حەرامە ئافرەت لە ئیحرامدا مارە بکرێت تا خۆی لە ئیحرام دەکاتەوە، لەبەر فەرمودەکەی عوسمان ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «لَا يَنْكِحُ الْمُحْرِمُ، وَلَا يُنْكِحُ، وَلَا يَخْطُبُ» «لە ئیحرام ژن ناهێنێت، وئافرەتیش بە شو نادات، وداواشی ناکات»[1].

٤- حەرامە کافر ئافرەتی موسڵمانان بخوازێت، لە بەر فەرمایشتەکەی خوای دانا: ﴿وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا﴾ [البقرة:٢٢١] «وئافرەتە باوەڕدارەکانتان ئازاد بون یان کەنیزەك مەدەن بە بێ باوەڕان تا بڕوا دەهێنن ودەبنە موسڵمان».

---

(١) أخرجه مسلم (١٤٠٩).

٥- حەرامە موسڵمان ئافرەتی کافر بهێنێت مەگەر لە خاوەن کتێبەکان، ئەوە بۆی دروستە بیخوازێت، لەبەر ئایەتی: ﴿وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ﴾ [البقرة: ٢٢١]، «وئافرەتی موسڵمان مەدەن بە هاوبەشدانەران تا باوەڕ دەهێنن»، وفەرمایشتی: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾ [المائدة: ٥] «ولە تەواوکردنی نیعمەت وبەخششەکانی خوا بە سەرتانەوە ئەوەیە: ... ئەی باوەڕداران خواستنی ئافرەتانی خاوەن کتێبەکانی پێش خۆتانی بۆ حەڵاڵ کردون کە ئازاد وداوێن پاکن».

٦- حەرامە موسڵمانی ئازاد، کەنیزەکی موسڵمان بخوازێت مەگەر لە خۆی بترسێ زینا بکات، وتوانای مارەیی ئافرەتێکی ئازاد یان نرخی کڕینی کەنیزەکیشی نەبێت، ئەمەش لە بەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ﴾ [النساء: ٢٥] «کامیشتان توانای مارەیی ئافرەتی ئازادی باوەڕداری نەبو ئەوا بۆی هەیە ئەوانی تر بخوازێت لە لە کەنیزەکەکان، خواش زانایە بە ڕاستی باوەڕەکەتان» تا ئەوەی ئەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ﴾ [النساء: ٢٥] «ئەمەی بۆتان حەڵاڵکرا لە خواستنی کەنیزدك ئەو کاتەیە بترسێ توشی زینا ببێت، وقورسە لە سەری خۆ گرتنەوە لە جوت بون».

٧- حەرامە لە سەر کۆیلەی موسڵمان خاوەنە ئافرەتەکەی خۆی بخوازێت، چونکە زانایان کۆکن لە سەر ئەمە، هەروەها ناکرێت هەم کۆیلەی بێت وهەم مێردی بێت.

٨- حەرامە لە سەر خاوەن کۆیلە، کەنیزەکەکەی بخوازێت، چونکە گرێ بەستی خاوەنداریەتی بە هێزترە لە گرێ بەستی هاوسەرگیری.

پرسی هەشتەم: حوکمی خواستنی ئافرەتانی خاوەن کتێب:

ئیسلام خواستنی ئافرەتانی ئازادی خاوەن کتێبی حەڵاڵ کردوە، لەبەر فەرمایشتی: ﴿الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ [المائدة: ٥] «ولە تەواوکردنی نیعمەت وبەخششەکانی خوا بە سەرتانەوە ئەوەیە -ئەی باوەڕداران- ڕێگەی داوە بە حەلاڵ وپاك بۆتان، هەروەها سەر بڕینەکانی جولەکە وگاورەکانی بۆ حەلاڵ کردون -ئەگەر بە گوێرەی شەرعی خۆیان سەریان بڕی- وسەر بڕاوی ئێوەش حەلاڵە بۆ ئەوان، هەروەها خواستنی ئافرەتانی باوەڕداری ئازادی داوێن پاکی بۆ حەلاڵ کردون بە هەمان شێوە خواستنی ئافرەتانی خاوەن کتێبەکانی پێش خۆتان کە ئازاد وداوێن پاك بن».

زانایانیش کۆکن لە سەر دروستێتی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی خاوەن کتێب.

مەبەستیش لە خاوەن کتێبەکان کە دروستە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکرێت: ئەوانەن خاوەنی تەورات یا ئینجیلن، ئەمەش لە بەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿أَنْ تَقُولُوا إِنَّمَا أُنْزِلَ الْكِتَابُ عَلَى طَائِفَتَيْنِ مِنْ قَبْلِنَا﴾ [الأنعام: ١٥٦] «ونەم قورئانەمان دابەزاندوە، بۆ ئەوەی -ئەی عەرەبە بێ باوەڕەکان- نەڵێن: کتێب لە ئاسمانەوە تەنها بۆ جولەکە وگاور دابەزیوە».

دەروازەی دووەم

مارەیی، وماف وواجبەکانی هاوسەرگیری، وخواردن دانی گواستنەوە

«الصَّدَاقُ، وحُقُوقُ الزَّوَاجِ، وَوَاجِبَاته، وَوَلِيمَةُ العُرْسِ»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی مارەیی، شەرعی بونی، وحیکمەت لێی:

أ- پێناسەی «الصداق»:

لە زماندا: لە «صدق=ڕاست»ەوە وەرگیراوە، دژی درۆ.

لە شەرعیشدا: بریتیە لەو ماڵەی کە واجبە لە سەر مێرد بیدات بە هاوسەرەکەی، بە هۆی گرێ بەستی هاوسەرگیریەوە.

پێشی وتراوە «صَداق=ڕاست» لە بەر ڕاستێتی ڕەغبەت وحەزی بەخشەرەکەی بۆ هاوسەرگیری، هەروەها «الْمهر» و«النِّحلة» و«العُقْر»یشی پێ دەڵێن.

ب- شەرعی بونی:

بنەما لە بارەی شەرعی بونیەوە قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە وەك ڕون دەکرێتەوە لە باسی حوکمی مارەیی.

ج- حوکمەکەی: پێویستە لە سەر مێرد ماڵێك ببەخشێت لەگەڵ تەواو بونی گرێبەستەکەدا، ودروستیش نیە ئەو مافە بخرێت، بە بەڵگەی فەرمایشتی: ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً﴾ [النساء:٤] «ومارەیی ئافرەتان بدەن، پێدانێك کە فەرز واجبە بە دڵێکی ڕازیەوە»، هەروەها فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ

منهُنَّ فآتوهُنَّ أُجورهُنَّ فريضةً﴾ [النساء:٢٤] «ئەوانەی چێژیان لێ دەبینن بە هاوسەر گیریەکی دروست ئەوا مارەییەکانیان بدەن کە خوا فەرزی کردوە لە سەرتان»، هەروەها خوا ئەفەرموێ: ﴿لا جُناحَ عليكُم إنْ طلَّقتُم النِّساءَ ما لمْ تَمَسُّوهُنَّ أوْ تَفرِضُوا لَهُنَّ فريضةً﴾ [البقرة:٢٣٦] «ئەی مێردەکان تاوانتان ناکات ئەگەر ئافرەتان تەلاق بدەن دوای گرێبەست لەگەڵ کردن وپێش جوت بون یان دیاری کردنی مارەیی». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی سەهلی کوڕی سەعد ﷺ، ئەڵێ: «ئافرەتێك هاتە خزمەتی پەیامبەر وتی: من خۆم بەخشیوەتە خوا وپەیامبەرەکەی، پەیامبەریش ﷺ فەرموی: هیچ پێویستیەکم بە ئافرەتان نیە، پیاوێك وتی: لە من مارەی بکە، فەرموی: کراسێکی پێ ببەخشە... تا کۆتایی فەرمودەکە»[١]. هەروەها فەرمودەکەی ئەنەسی کوڕی مالکە ﷺ: «کە پەیامبەری خوا ﷺ شوێنەواری زەعفەرانی بە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە بینیوە، پێی فەرمود: چیەوە وچیت کردوە؟ وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ژنم هێناوە، فەرموی: چیت کردە مارەییەکەی؟ وتی: کێشی ناوکێك لە زێڕ، فەرموی: سا خوا بەرەکەت وفەرداری بکات بۆت، خواردن بدە ئەگەر بە شەکێکیش بوە»[٢]. موسڵمانانیش کۆکن لە سەر شەرعی بونی ماردیی لە هاوسەرگیریدا.

پرسی دوەم: ئەندازەکەی وحیکمەتەکەیی وناو لێ نانەکەی:

أ- **ئەندازەی مارەیی:** سنورێك نیە نە بۆ کەمترین نە بۆ زۆرترین مارەیی، جا هەر چی دروست بێت ببێتە نرخ یان کرێ دروست ئەبێت ببێتە مارەیی، لەبەر

(١) أخرجه البخاري (٥١٤٩)، ومسلم (١٤٢٥).
(٢) أخرجه البخاري (٥١٥٣)، ومسلم (١٤٢٧).

فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وأُحِلَ لكُم ما وراء ذلكُم أنْ تبتغوا بأموالكُم﴾ [النساء: ٢٤] «وبۆتان حەلاڵە هاوسەرگیری بکەن لەگەڵ جگە لەوانەی باس کران، لەوانەی خوا بۆی حەلاڵ کردون، کە بە ماڵەکانتان خواز بێنی بکەن ومەبەستتان داوێن پاکی بێت»، دەبینی بە ڕەهایی باسی ماڵی کرد وئەندازەیەکی بۆ دیاری نەکرد، هەروەها لەبەر فەرموودەی سەهلی کوڕی سەعدی ﷺ پێشو کە تێیدا هاتوە پەیامبەری خوا ﷺ لە بارەی ئافرەتە خۆ بەخشەکەوە فەرموی: «پێی ببەخشە ئەگەر کلوانکەیەکی ئاسنینیش بوە». ئەمەشە بەڵگەیە لە سەر دروستێتی کەمترین شتێك ماڵی پێ بوترێت. سەبارەت بە بەڵگەی ئەوەی دروستە ئەگەر زۆریش بێت، فەرمایشتەکەی خوایە: ﴿وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا﴾ [النساء:٢٠] «ئەگەریش ویستتان هاوسەرێك بخەنە شوێن یەکێکی تر، بەوەی: ئەتانەوێت تەڵاقی بدەن، وپێشتر مارەیی زۆرتان داوە، ئەوا بۆتان حەڵاڵ نیە هیچی لێ دا بشکێنن، ئەیبەن بە درۆ وبوهتانێکی ئاشکرا!؟».

ب- حیکمەت لە شەرعی بونی مارەیی:

حیکمەت لە شەرعی بونی مارەیی بریتیە لە دەرخستنی ڕەغبەتی مێرد لە تێکەڵی کردنێکی شەریفانە لەگەڵ هاوسەرەکەی، وەکو چۆن سەربەرزی تێدایە بۆ ئافرەت وڕێزێکە بۆی، وای لێ دەکات بتوانێت ئامادەی هاوسەرگیری بێت بەو شتانەی پێویستی پێیەتی لە کەل وپەل وبژێوی.

ج- حیکمەت لەوەی مارەیی لە دەست پیاوە:

ئیسلام مارەیی لە سەر پیاو داناوە چونکە ئەیەوێت ئافرەت بپارێزێت لەوەی کەرامەتی سوك ببێت بە کۆکردنەوەی پارە تا بیداتە مارەیی پیاو، هەروەها ئەمە

لەگەڵ ئەو بنەما تەشریعیەش یەك دەکرێتەوە کە پیاو تەکلیف لێکراوە بە واجبەکانی خەرجی کێشان وبژێوی دان، نەك نافرەت.

د- خاوەندارێتی مارەیی: مارەیی مولکی هاوسەرە بە تەنها، مافی کەس لە کار بە دەستەکانی وی تێدا نیە، ئەگەرچی مافی گرتنەوەیان هەیە نەویش دەیگرنەوە بۆ ئەو وبۆ خاوەندارێتی ئەو، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا﴾ [النساء:٤] «وئەگەر ئافرەتان بە دڵێکی ڕازیەوە خۆیان شتێکیان لە مارەیی پیٚ بەخشین ئەوە بیبەن وهەڵس وکەوتی تەواوی پێوە بکەن، ئەوا حەڵاڵ وپاکە»، هەروەها ئەفەرمویٚت: ﴿فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ [النساء:٢٠].

ه- دیاری کردنی مارەیی لە گرێبستەکەدا: سوننەتە لە گریٚ بەستەکەدا مارەیی ناو بنرێت ودیاری بکرێت، چونکە پەیامبەری خوا هیچ گریٚ بەستێك نەبوە مارەیی تێدا دیاری نەکرابێت، هەروەها لە دیاری کردنیدا کێشە ودوبەرەکی لە نێوان ژن ومێرددا ناهێڵێت.

و- مەرجەکانی مارەیی، وئەوەی ئەبێتە مارەیی وئەوەشی نابێت:

١- ئەبێت ماڵێکی نرخدار وحەڵاڵ بێت، لەوانەی دروست بێت خاوەندارێتی بکرێت وبفرۆشرێت وکەڵکی لیٚ وەر بگیرێت، جا دروست نیە بە مەی وبەراز وماڵی زەوتکراو هەر دو لاش پێی بزانن.

٢- ئەبێت فریودانی تێدا نەبێت، بەوەی زانراو ودیاری کراو بێت، جا دروست نیە بە نەزانراو وەك ماڵێکی دیاری نەکراو، یان ئاژەڵێك بە ڕەهایی، یان بەرهەمی دارەکانی، یان هی ئەم ساڵ وهاوشێوەی ئەمانە. لە سەر ئەمەش بێت مارەیی

دروست نەبێت بە هەر شتێك بكرێت نرخ یان کرێ بێت، لە زات وخودی شتێك بێت یان قەرز یان سودێکی زانراو.

ز- **پێشخستنی مارەیی ودواخستنی:** دروستە مارەیی پێش بخرێت ودروستیشە دوا بخرێت، بە گوێرەی دابونەریتی خەڵك، بە مەرجێك دواخستنەکە نەزانراو نەبێت نەزانینێکی گەن، هەروەها ماوەکە زۆر دور نەبێت، چونکە ئەوە گومانی کەوتنی مارەییەکەی لێ دەکرێت.

پرسی سێیەم: حوکمی مارەیی زۆر دانان:

سوننەتە مارەیی زۆر دانەنرێت لە بەر ئەمانەی خوارەوە:

١- فەرمودەکەی عائیشە ﵂، لە پەیامبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: «مِنْ يُمْنِ الْمَرْأَةِ تَسْهِيلُ أَمْرِهَا وَقِلَّةُ صَدَاقِهَا» «لە بەرکەت وفەرِداری ئافرەت: ئاسان بە شودانێتی، وکەمی مارەییەکەیەتی»[1].

٢- لە عومەرەوە ﵁ ئەڵێ: «وریا بن! مارەیی زۆر دامەنێن، ئەگەر ڕێز بوایە لە دونیا یان تەقوا بوایە لە لای خوا، ئەوا پەیامبەر ﷺ لە پێشتر بو پێی؛ پەیامبەر ﷺ هیچ هاوسەرێکی وهیچ کام لە کچەکانیشی لە دوانزە وەقە زیاتری بۆ دانەناون، کابرا جاری وا هەیە مارەیی زیاتر دەدات، ڕقی لە دڵ دروست دەکات بەرامبەر ژنەکەی، تا ئەڵێ: لەبەر تۆ زۆرم کێشا تەنانەت پەتی مەشکەشم تەحەمول کرد»[2].

---

(١) أخرجه ابن حبان (٤٠٩٥)، والحاكم (١٨١/٢)، وصححه على شرط مسلم، وحسنه الألباني (انظر. «الضعيفة» (٢٤٤/٣).

(٢) أخرجه أبو داود (٢١٠٦)، وأحمد (٤٠/١)، والترمذي (١١١٤)، وابن ماجه (١٨٨٧)، وقال الألباني: حسن صحيح. «صحيح الترمذي» (١٥٣٢). [«كَلِفْتُ فيك عَلَقَ القِرْبة»] و«عَلَق»ی مەشکە: بریتیە لەو پەتەی پێی هەڵدەواسرێ، مەبەستەکەش: لە پێناوی تۆ تەحەمولی هەمو شتێکم کردوە تەنانەت پەتی مەشکەش. بە ڕانیش دەگێڕدرێتەوە «عرق».

٣- وله ئەبو سەلەمەوە، ئەڵێ: «پرسیارم کرد له عائیشه له باردی ماردیی پەیامبەرەوە ﷺ؟ وتی: دوانزه وەقه ونەششێك بو. وتی: دەزانی نەش چیه؟ وتم: نازانم. وتی: نیو وەقەیه»(١).

پرسی چوارەم: مافەکانی هاوسەر:

ئەگەر گرێ بەستی هاوسەرگیری دروست بێت زۆر مافی له نێوان ژن ومێردی لێ دەکەوێتەوە، که ئەمانەیە:

یەکەم: مافەکانی هاوسەر:

هاوسەر به سەر مێردەکەی خۆیەوە کۆمەڵێك مافی دارایی هەیە وەك ماردیی وبژێوی، وکۆمەڵێك مافی مەعنەوی نادارایی وەك دادگەریی وچاك تێکەڵی کردن، وخۆش مامەڵە کردن، وردەکاریەکەشی بەم شێوازەیەی خوارەوەیه:

١- ماردیی: ئەمەش مافی هاوسەره به سەر مێردەکەیەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً﴾ [النساء:٤] بەڵگەکانی تریش که باس کرا.

٢- خەرجی وبەرگ ونیشتەجێ: جا پێویسته له سەر مێرد بۆی فەراهەم بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [البقرة:٢٣٣] «وله سەر دایکانه شیر بدەن به منداڵەکانیان بۆ ماوەی دو ساڵی تەواو بۆ ئەوانەی نەیانەوێت به تەواوی شیر بدەن، پێویستیشه له سەر باوکان خەرجی شیردەره تەڵاقدراوەکان بکێشن له خواردن وبەرگ به شێوەیەك شەرع ونەریت پێی چاکه»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى

---

(١) أخرجه مسلم (١٤٢٦).

بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾ [النساء:٣٤] «پیاوان بەڕێوەبەرن بە سەر ئاراستەكردنی ئافرەتان بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی خوا تایبەتی كردون بە بەڕێوەبەرێتی وفەزڵدان، هەروەها ئەو خەرجیەی دەیكێشن لە مارەیی وبژێویی دان». ولەبەر فەرمودەكەی حەكیمی كوڕی موعاویەی قوشەیری لە باوكیەوە ﷺ، ئەڵێ: «وتم ئەی پەیامبەری خوا! چی مافی هاوسەرە؟ فەرموی: «أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ، وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ» «كە پێویستی بو خواردنی بۆ دابین بكەیت، وكەل وپەلی بۆ بكەیت كەی داوای كرد»[1]. ولەبەر فەرمودەكەی جابر ﷺ لە بارەی وتارەكەی پەیامبەرەوە ﷺ تێیدا هاتوە: «وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ، وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ» «مافی ئەوانە بە سەرتانەوە بژێوی وبەرگیان بۆ دابین بكەن بە چاكی»[2].

٣- داوێن پاك ڕاگرتنی هاوسەر بە جوت بون لە گەڵیدا، وەكو ڕەچاو كردنی مافی ئەو وبەرژەوەندی وی لە شو كردن دا، لەبەر گشتێتی فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ﴾ [البقرة:٢٢٢] «جا ئەگەر پاك بونەوە ئەوا لەو شوێنەی خوا فەرمانی پێكردون بڕۆنە لایان». هەروەها فەرمایشتی: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ [البقرة:٢٢٣] «ژنەكانتان شوێنی كێڵگەی ئێوەن، تۆوی خۆتان لە دامێنیان دادەنێن، كە بە ویستی خوا منداڵ بەرهەم دەهێنێت، جا لەو شوێنەی بەرهەم دارە چۆنتان ویست جوت بن لەگەڵیاندا». هەروەها لەبەر فەرمودەكەی پەیامبەری خوا ﷺ: «وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ» «ولە جوت بونتان لەكەڵ هاو سەرەكانتاندا صەدەقە هەیە»[3].

---

(١) أخرجه أبو داود (٢١٤٢)، وأحمد (٤/٤٤٧)، والحاكم (٢/١٨٧) وصححه، والألباني «الإرواء»

(٢) أخرجه مسلم (١٢١٨).

(٣) أخرجه مسلم (١٠٠٦).

٤- باش تێکەڵاوی کردن ومامەڵە لەگەڵ کردنی بە چاکی: لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [النساء:١٩] «وبە چاکی تێکەڵاویان لەگەڵدا بکەن». جا ڕەوشت جوان دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، نەرم وخۆڕاگر دەبێت لەوەی لێی دەوەشێتەوە، گومانی چاکی پێ ببات. پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «خَيْرُكم خَيْرُكم لِأَهْلِه» «باشترینتان باشترینتانە بۆ هاوسەرەکەی»[1].

٥- دادگەر بێت لە نێوان هاوسەرەکانی دا لە مانەوە وخەرجی دا، ئەگەر زیاتر لە هاو سەرێکی هەبو، لەبەر ئایەتی: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً...﴾ [النساء:٣] «جا ئەگەر ترسان دادگەر نەبن ئەوا تەنها یەك هاوسەر بهێنن». هەروەها لە ئەنەسەوە ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ نۆ هاوسەری هەبو، جا کە دابەشی دەکرد نۆبەی ئافرەتی یەکەمە کە نەدەهاتەوە مەگەر دوای نۆ شەو»[2].

٦- [پاراستنی نهێنیەکانی وئاشکرا نەکردنی، وەك تۆزێکی تر باس دەکرێت].

دوەم: مافی مێرد:

مافی مێردیش بە سەر هاوسەرەکەیەوە گەورەترە لە مافی ئەو بەسەریەوە، لەبەر فەرمایشتی: ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ [البقرة:٢٢٨]، «وپیاوانیش پلەیەکیان هەیە بەسەر ئافرەتانەوە»، هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِأَحَدٍ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا، وَلَا تُؤَدِّي الْمَرْأَةُ حَقَّ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهَا كُلَّهُ حَتَّى تُؤَدِّيَ حَقَّ زَوْجِهَا عَلَيْهَا كُلَّهُ» «ئەگەر فەرمانم بە کەسێك بکردایە سوژدە بۆ کەسێك ببات، ئەوا فەرمانم دەکرد بە ئافرەت سوژدە بۆ

(١) أخرجه أحمد (٤٧٢/٢)، وأبو داود (٤٦٨٢)، وصححه الألباني «الضعيفة» (٢٤٢/٢).
(٢) أخرجه مسلم (١٤٦٢).

هاوسەرەکەی ببات، وئافرەت هەمو مافی خوا نادات بەسەریەوە هەتا هەمو مافی پیاوەکەی نەدات»[1].

لە مافەکانی مێرد بە سەر هاوسەرەکەیەوە:

١- پاراستنی نهێنیەکانی وناشکرا نەکردنی بۆ کەس، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ﴾ [النساء:٣٤] «جا ئەو ئافرەتانەی پابەندن بە شەرعەوە، گوێڕایەڵی خوا ومێردەکان، وپارێزەری نهێنیەکانن بە هۆی سپاردەی خوا بە پاراستنی».

٢- واجبێتی گوێڕایەڵی کردنی لە چاکەدا، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ [النساء:٣٤].

٣- ڕێگەدان بە مێرد ئەگەر بانگی کرد بۆ سەر جێگەیی ئەگەر ڕێگرێکی شەرعی نەبو، لەبەر فەرمودەی: «إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِيءَ، لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ» «ئەگەر پیاو هاوسەرەکەی بانگ کرد بۆ سەر جێگەیی وئەویش ڕازی نەبو، ئەوا فریشتە نەفرەتی لێ دەکەن تا بەیانی دەکاتەوە»[2].

٤- پارێزگاری کردن لە خانو ومالّ ومنداڵەکانی وباش پەروەردەکردنیان، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «كُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ... وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا، وَمَسْؤُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا» «هەموتان سەرپەرشتیارن وهەموشتان بەر پرسیارن لە بەرامبەر ژێر دەستەکانتان... وئافرەتیش سەر پەرشتیارە لە ماڵی مێردەکەی دا وبەر پرسیارە لەوەی ژێر دەستی»[3]. هەروەها

(١) أخرجه ابن ماجه (١٨٥٢)، والبيهقي (٢٩٢/٧)، وصحح الألباني إسناده على شرط مسلم «الصحيحة» (٢٠٢/٣).
(٢) أخرجه البخاري (٥١٩٣، ٥١٩٤)، ومسلم (١٤٣٦) -١٢٢
(٣) أخرجه البخاري (١٩٣)، مسلم (١٨٢٩).

پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێت: «ولكم عليهن أن لا يوطئن فرشكم أحدا تكرهونه» «ومافی ئێوەش بەسەریانەوە ئەوەیە کەسێك نەهێننە ماڵتانەوە ولە ماڵتان دابنیشن کە ئێوە حەزی لێ نەکەن»[1].

د- تێکەڵاوی کردن بە چاکە، ورەوشت جوانی، ونازار نەدانی، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «لَا تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا إِلَّا قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ: لَا تُؤْذِيهِ قَاتَلَكِ اللهُ، فَإِنَّمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيلٌ يُوشِكُ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْنَا» «هیچ ئافرەتێك ئازاری مێردەکەی نادات لە دونیادا مەگەر هاوسەرەکەی لە حۆریە چاو ڕەشەکان ئەڵێ: ئازاری مەدەن خوا بتکوژێت، ئەوە لای تۆ میوانە ونزیکە جێت بهێڵێت»[2].

سێیەم: مافە هاوبەشەکانی نێوان ژن ومێرد:

زۆربەی ئەو مافانەی باس کران مافانێکی هاوبەشن لە نێوان هەردوکیاندا، بە تایبەت مافی چێژ وەرگرتن، وئەوانەی تری وەك ئەو، هەروەها چاککردنی ڕەوشتی خۆیان بەرامبەر یەکتر، وخۆڕاگری بەرامبەر ئازارەکانی وتێکەڵاوی کردنی بە چاکی؛ مافەکانی دواناخات ورقی لێ هەڵناگرێت بە هۆی بەخشینەکانیەوە، ومنەتی بەسەردا ناکات وئازاری نادات، لەبەر ئایەتی: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [النساء:١٩]، «وبە باشی تێکەڵاویان لەگەڵدا بکەن»، هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [البقرة:٢٢٨]، «وبۆ ئافرەتانیش ماف هەیە وەك ئەوەی ئەرکیان لە سەرە بە شێوەیەکی چاك»، هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ [وەك باس

---

(١) أخرجه مسلم (١٢١٨).

(٢) أخرجه أحمد (٥/٢٤٢)، وابن ماجه رقم (٢٠١٤)، وصححه الألباني (الصحيحة ١٧٣).

کرا]: «باشترینتان باشترینتانە بۆ هاوسەرەکەی». هەر وەك چۆن سوننەتە مێرد ژنەکەی تەڵاق نەدات ئەگەر ڕقیشی لێ بو، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيرًا﴾ [النساء:١٩] «وبا تێکەڵاویتان لەگەڵ ئافرەتدا لە سەر بنەمای ڕێز لێ گرتن وخۆشەویستی ومافدان بێت، ئەگەریش ڕقتان لێیان بو بە هۆی شتێکی دونیاییەوە، ئەوا خۆ ڕاگر بن، چونکە لەوانەیە ڕقتان لە شتێك بێت وخێرێکی زۆری تێدا بێت».

پرسی پێنجەم: ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری:

سوننەتە هاوسەر گیری ئاشکرا بکرێت وڕابگەیەنرێت وبڵاو بکرێتەوە، ولە دەف بدرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «فَصْلُ مَا بَيْنَ الْحَرَامِ وَالْحَلَالِ الدُّفُّ وَالصَّوْتُ» «جیاوازی نێوان حەڵاڵ وحەرام دەنگ ولە دەفدانە لە هاوسەرگیریدا»[1].

ولێدان بە دەف بۆ ئافرەتانە بە بێ پیاوان بە مەرجێك قسەی نەشیاو یان پێچەوانەی شەرعی تێدا نەبێت.

پرسی شەشەم: خواردندان (الوليمة) لە هاوسەرگیریدا:

ودلیمە: خواردنی هاوسەرگیریە کە خەڵکی بۆ بانگ دەکرێت وبۆی کۆ دەکرێنەوە.

سوننەتیشە وەلیمە بکرێت بۆ هاوسەرگیری، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ﷺ، کە ئافرەتێکی خواستوە، پەیامبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: «بە شەکێکیش بوە وەلیمە بکە»، هەروەها[2]: «وپەیامبەری خوا ﷺ

(١) أخرجه أحمد (٤١٨/٣)، والنسائي (٩١/٢)، والترمذي (١٠٨٨) وحسنه، والألباني في «الإرواء» (١٩٩٤).
(٢) أخرجه البخاري (٥١٥٤)، ومسلم (١٤٢٨).

نان وگۆشتی کردە وەلیمە بۆ زەینەب»، و«پەیامبەری خوا ﷺ بۆ هەندێك لە خێزانەکانی دو مشت جۆی کردە وەلیمە بۆی»[1].

پرسی حەوتەم: حوکمی وەڵام دانەوەی دەعوەتی هاوسەر گیری:

پێویستە لە سەر کەسێك دەعوەت کرا بۆ وەلیمەی هاوسەرگیری وەڵام بداتەوە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إذا دُعي أَحدُكم إِلى الوَلِيمة فَلْيَأْتِها» «ئەگەر کەسێکتان دەعوەت کرا بۆ وەلیمە ئەوە با وەڵام بداتەوە»[2]، هەروەها فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللهَ وَرَسُولَهُ» «هەر کەس وەڵامی دەعوەتی نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا وپەیامبەری کردوە»[3].

مەرجەکانی وەڵام دانەوەی وەلیمەی هاوسەر گیری:

١- ئەبێت یەکەم وەلیمە بێت، ئەگەر زیاتر لە ڕۆژێك وەلیمەی کرد، لە ڕۆژی دوەم ئەبێتە سوننەت، ولە ڕۆژی سێیەم ئەبێتە مەکروە، لە بەر فەرموددکەی ئبن مەسعود ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی[4]: «طَعَامُ أَوَّلِ يَوْمٍ حَقٌّ، وَطَعَامُ يَوْمِ الثَّانِي سُنَّةٌ، وَطَعَامُ يَوْمِ الثَّالِثِ سُمْعَةٌ، وَمَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللهُ بِهِ» «خواردنی یەکەم ڕۆژ حەقە، وەی دوەم سوننەتە، وەی سێیەم ڕوپامایی وباسکردنە وکێش ڕوپامایی بکات خوا ئابڕوی دەبات».

٢- ئەبێت دەعوەتکار موسڵمان بێ، جا وەڵام دانەوەی دەعوەتی کافر واجب نیە.

---

(١) أخرجه البخاري (٥١٧٢).
(٢) أخرجه البخاري (٥١٧٣)، ومسلم (١٤٢٩).
(٣) أخرجه مسلم (١٤٣٢).
(٤) أخرجه الترمذي (١٠٩٧)، وبمعناه أحمد (٢٨/٥)، وضعفه الألباني «الإرواء» (١٩٥٠)، وذهب الحافظ إلى أن مجموع الأحاديث في هذا المعنى وإن كان في كل منها مقال يدل على أن له أصلًا. «الفتح» (٩/١٥١).

٣- ئەبێت دەعەت کارەکە لەوانە نەبێت سەر پێچی بە ئاشکرا دەکەن، هەروەها ئەبێت ستەم کار یان ماڵی حەرام نەبێت.

٤- ئەبێت بانگ کردنەکە بە تایبەت بێت، جا ئەگەر دەعوەتی کرد لەگەڵ کۆمەڵێك دا ئەوا وەلاّم دانەوەی واجب نیە[1].

٥- ئەبێت مەبەست لە دەعوەتیەکە دۆستایەتی ونزیك بونەوە بێت، جا ئەگەر دەعوەتی کرد لە ترسی دا، یان بە تەمای پلە وپۆستێك بو، ئەوا واجب نیە.

٦- ئەبێت لە وەلیمەکە دا خراپە نەبێت، وەك مەی وگۆرانی ومۆسیقا وتێکەلاّوی پیاو وژن، جا ئەگەر شتێك لەمانەی بینی ئەوا دەعوەتی واجب نیە، لەبەر فەرمودەکەی جابر ﷺ کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلَا يَقْعُدْ عَلَى مَائِدَةٍ يُدَارُ عَلَيْهَا الْخَمْرُ» «هەر کەس بڕوای بە خوا وڕۆژی دوایی هەیە با لە سەر خوانێك دانەنیشێت مەی تێدا دەگێڕدرێت»[2]. جا ئەگەر دەعوەت کراو بە ئامادە بونی دەیتوانی ئەو خراپەیە بگۆڕێت ئەوا پێویستە لە سەری وەلاّم بداتەوە وئەو خراپە لا بدات، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو سەعید خودری ﷺ، لە پەیامبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: «مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ» «کێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێت، نەیتوانی با بە دەمی، ئەویشی نەتوانی ئەوا با بە دڵی، ئەمەش لاواز ترینی باوەڕە»[3].

---

(١) [وەك ئەوەی لە ناو کۆمەڵێك خەڵك دا بڵێت: خەڵکینە هەموتان دەعوەتن، بێ دیاری کردن وناو هێنان].

(٢) أخرجه أحمد (٢٠/١)، وصححه الألباني في الارواء (١٩٤٩).

(٣) أخرجه مسلم (٤٩).

دەروازەی سێیەم

لە خۆ داماڵین «الخُلع»

دو پرسی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتای خولع، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

أ- پێناسەی «الخلع»:

لە زماندا: لە «خلع الثوب=بەرگ داکەندن»ەوە وەرگیراوە، چونکە هەر یەك لە ژن ومێرد بەرگی ئەوی تریانن.

لە شەرعیشدا: جیابونەوەیەکە لە نێوان ژن ومێرد دا ڕو دەدات بە بەرامبەرێك کە ژنەکە بە مێردەکەی دەدات، بە لەفزێکی دیاری کراو.

ب- شەرعی بونی خولع:

خولع شەرعیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللهِ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ [البقرة:٢٢٩] «ئەگەریش کار بە دەستانی هەر دو لا ترسان لە نەپاراستنی سنوری خوا لە نێوانیاندا، ئەوا هیچ تاوانێك نیە لە سەر ژن ومێرد لەوماڵەی ژنەکە دەیدات بە پیاوەکەی بەرامبەر تەڵاق دانی»، ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس رضي الله عنهما، ئەڵێ: «ژنەکەی سابتی کوڕی قەیس هاتە خزمەتی پەیامبەر ﷺ وتی: ئەی پەیامبەری خوا! گلەیی ڕەوشت ودینم لە سابتی کوڕی قەیس نیە، بەڵام حەزم لە سپڵەیی وماف شاردنەوە نیە لە ئیسلامدا (الکفر)[١]،

---

(١) یانی: پێی ناخۆشە توشی سپڵەیی بێت بەرامبەر مێردەکەی، وکەم تەرخەمی کردن دەرهەق بە مافەکانی وی بە سەریەوە، ئەمەش بە هۆی زۆری ڕقی لە سابت، نەك عەیبێك هەبێت لە دین وڕەوشتیدا.

پەیامبەریش ﷺ فەرموی: «أتَرُدِّين عليه حديقته؟» «باخەكەی بۆ دەگێڕیتەوە؟» وتی: بەڵێ، فەرموی: «اِقْبَل الحَديقةَ، وَطَلِّقْهَا تَطْلِيقَةً» «باخەكە وەر بگرە ویەك تەڵاقێكی بدە»[1].

پرسي دووەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە خولعەوە، وحیكمەت لێی:

أ- حوكمەكانی خولع:

حوكمەكانی خولع لەمانەی خوارەوە پوخت دەبێتەوە:

١- خولع دروستە ئەگەر بە هۆی خراپی تێكەڵاوی بو لە نێوان ژن ومێرددا، ڕوش نادات مەگەر لە سەر بەرامبەرێكی ماددی، كە بێ مێرد لە سەر هاوسەرەكەی دایدەنێت.

٢- لە جگە لە هاوسەرێكی سەر ڕاستەوە ڕو نادات، چونكە ناسەر ڕاست هەڵس وكەوتی نیە چونكە شیاو بونی تەواو نەبوە.

٣- ئەگەر پیاو خولعی لە ژنەكەی كرد، ئەوا ئیتر ژنەكە سڵای بە دەستی خۆی دەبێت، وهیچ سڵایەكی بە دەست مێردەكەی نابێت، وگێڕانەوەشی لە دەستی نیە.

٤- خولع كردن نادرێتە پاڵ تەڵاق وزیهار وسوێند خواردن لە كاتی عیددەگرتنی لەو مێردەی خولعی لێكردوە، چونكە ئەم ئەبێتە بێگانە لە مێردەكەی.

٥- خولع كردن دروستە لە كاتی عادە دا، هەروەها لە كاتی پەكیەك كە لە كەڵیدا جوت بوە، چونكە هیچ زیانێكی بەر ناكەوێت، خوای گەورەش بە ڕەهایی باسی كردوە وبەندی نەكردۆتەوە بە كاتێكەوە.

---

(١) أخرجه البخاري (٥٢٧٣).

٦- حەرامە لە سەر پیاو ئازاری هاوسەرەکەی بدات ولە مافەکانی بیکرێتەوە تا ناچاری بکات خولعی لێ بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿ولا تعضلوهن لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾ [النساء:١٩] «ئەی باوەڕداران... بۆشتان دروست نیە زیان بگەیەنن بە هاوسەرەکانتان کە حەزیان لێ ناکەن، بۆ ئەوەی تەنازول بکەن لە هەندێکی مارەییەکە وهاوشێوەکانی مەگەر خراپەکاریەکی ئاشکرایان کردبێت».

٧- کەراهەتی هەیە وقەدەغەیە لە ئافرەت خولع لە مێردەکەی بکات لە کاتێکدا کەسێکی ڕێك بێت وهۆکارێك نەبێت خولع بخوازێت، وەك ئەوەی مێردەکە عەیبێکی جەستەیی هەبێت وئافرەتەکە توانای مانەوەی نیە لەگەڵیدا، یان ڕەوشتی ناشیرین بێت، یان بترسێت سنوری خوا نەپارێزێت.

ب- حیکمەت لە شەرعی بونی خولع:

زانراوە کە هاوسەرگیری پەیوەندی وپەیوەستیە لە نێوان ژن ومێرد دا وتێکەڵاوی کردنە بە باشی، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ [الروم:٢١]. جا ئەمە بەر وبومی هاوسەرگیریە، ئەگەر ئەم مانایە بەدی نەهات خۆشەویستی لە نێوان هەر دو لادا بە دی نایەت یان لە مێردەکەوە بەدی نەهات، ئەوسا تێکەڵاویەکە تێك دەچێت وچارەسەریشی قورس نەبێت، جا مێرد فەرمانی پێکراوە بە چاکی دەستبەرداری هاوسەرەکەی بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ [البقرة: ٢٢٩] «جا حوکمی خوا دوای هەر تەڵاق دانێك ئەوەیە: کە ئافرەتەکە بە چاکی بباتەوە، وباش پێکەوە بژین دوای گەڕانەوەی، یان دەستبەرداری بێت بە چاکی بەوەی مافەکانی وبدات، وبە خراپە باسی نەکات»، ئەگەریش

خۆشەویستی لەلایەن مێردەكەوە هەبو، بەڵام لە لایەن هاوسەرەكەوە نەبو بۆ نمونە حەز لە ڕەوشتی پیاوەكەی نەكات یان ڕقی دێتەوە لە كەمی دینی مێردەكەی، یان ترسا تاوان بار ببێت بە ماف نەدانی، ئەوا لەم كاتەدا بۆ ئافرەت حەڵاڵە داوای جیا بونەوە بكات لە مێردەكەی لە سەر بەرامبەرێك كە پێی دەیدات ولە بریتی ئەوەی سڵای بكەوێتە دەست خۆی، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ [البقرة:٢٢٩].

دەروازەی چوارەم

لە بارەی تەلاق دانەوە «الطَّلَاق»

چەند پرسێكی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەكەم: واتای تەلاق، وبەلگەكانی شەرعی بونی، وحیكمەتەكەی:

أ- پێناسەی «الطلاق»:

لە زماندا: وێلّ كردنە، ئەوترێ: «طلقت الناقة» ئەگەر بەرەڵای بكات بۆ هەر كوێ بۆ خۆی دەچێت.

لە شەرعیشدا: كردنەوەی هەمو یان هەندێكی گرێ بەستی هاوسەرگیریە.

ب- كێ تەلاقی دروست ئەبێت؟

لە مێردێكی ژیری پێگەیشتوی جیاكار تەلاق دروست ئەبێت ئەگەر بە ویستی خۆی بێت وهۆشی لای خۆی بێت، یان بریكارەكەی؛ جا نە تەلاقی جگە لە مێرد، نە منداڵ، نە شێت، نە سەر خۆش، نە زۆر لێ كراو، ونە توڕەیەكی زۆر كە نازانێت چی دەڵێت= ناكەوێت.

ج- شەرعی بونی تەلاق:

بنەما لە هاوسەر گیریدا بەردەوام بونی ژیانی ژن ومێردایەتیە لە نێوانیان دا، خواش ﷻ لە هاوسەر گیریدا زۆر حوكم وفرە ئادابی داناوە تا بەردەوام بێت وزەمانەتی مانەوەی بكات. بەڵام لەوانەیە ئەم ئادابانە لەلایەن ژن ومێردەوە یان یەكێكیانەوە ڕەچاو نەكرێت، ئەوسا پشت لە یەكتر دەكەن بە ڕادەیەك بوارێك بۆ چاكسازی نامێنێتەوە، بۆیە ئەبێت كۆمەڵێك حوكم دابنرێت ببێتە مایەی كردنەوەی

گرێی هاوسەرێتی بە شێوەیەك مافی هیچ کام لە ژن ومێردی تێدا نەفەوتێت چونکە هیچ هۆکارێکی پێکەوە بون نەماوە.

تەلاقیش ڕێگەپێدراوە بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی.

سەباردت بە قورئان: خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ [البقرة:٢٢٩]. هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ [الطلاق:١] «ئەی پەیامبەری خوا -ئێوەش ئەی باوەڕداران- ئەگەر ژنەکانی خۆتان تەلاقدا ئەوا لە عیددەی خۆیاندا تەلاقیان بدەن». لە سوننەتیشدا فەرمودەکەی ئیبن عومەرە ﵄، کە ژنەکەی خۆی لە سوڕی مانگانەدا تەلاقداوە، پەیامبەریش ﷺ بە عومەری فەرموە: «لِيُرَاجِعْهَا، فَإِذَا طَهُرَتْ فَإِنْ شَاءَ فَلْيُطَلِّقْهَا» «با بیگێڕێتەوە، کە پاك بویەوە ئەگەر ویستی با تەلاقی بدات»[1].

زانایانیش کۆکن لە سەر دروستی تەلاق وشەرعی بونی.

د- دانایی لە شەرعی بونی:

ڕێگە بە تەلاق دراوە لە کاتی پێویستدا چونکە چارەسەر کردنی کێشە خێزانیەکانی تێدایە، بە تایبەت لە کاتی نەگونجان ورق لەیەك بونێك کە ژن ومێردەکە ناتوانن سنوری خوا بپارێزن ودرێژە بە ژیانی خێزانیان بدەن، بەمەش تەلاق یەکێکە لە جوانیەکانی دینی ئیسلام.

پرسی دوەم: حوکمی تەلاق، وبە دەستی کێ دەبێت؟

بنەما لە تەلاقدا ئەودیە دروست وحەلاڵ بێت، کەی زەرور یان پێویست بو پیاو پێی هەڵدستێت، ودك هەڵس وکەوت خراپی ئافرەت، وئەگەر پێویست نەبێت

---

(١) أخرجه البخاري (٥٢٥٢)، ومسلم (١٤٧١)-١٠.

کەراهەتی هەیە، چونکە ئەو هاوسەرکیریە ناهێڵێت کە کۆمەڵێك بەرژەوەندی تێدایە هانی بۆ لا دراوە: وەك داوێن پاکی وەچە خستنەوە وەی تریش. هەندێك جاریش حەرامە وەك لە باسی تەڵاقی بیدعەییدا دێت، هەندێك جاریش ئەبێتە واجب بە سەر کەسەکەوە، وەك بزانێت ژنەکەی داوێن پیسی کردوە، بۆ ئەوەی نەبێتە قەواد، هەروەها بۆ ئەوەی منداڵێکی پێوە نەلکێت لەو نیە، بە هەمان شێوە ئەگەر هاتو ژنەکە دینداریکی ڕێك نەبو وەك: نوێژی واز لێ دەهێنا، پیاوەکەش نەیدەتوانی چاکی بکات.

پرسی سێیەم: لەفزەکانی تەڵاق:

لەفزەکانی تەڵاق ئەبێتە دو بەشەوە:

١. لەفزی ڕاشکاو: بریتیە لەو لەفزانەی بۆ تەڵاق دانراوە، کە جگە لە تەڵاق هەڵ ناگرێت، ئەویش بریتیە لە لەفزی تەڵاق وئەوەی لەو لەفزەوە دەردەچێت، فرمانی ڕابردو بێت وەك: (طلقتك= تەڵاقم دایت)، یان بکەر بێت وەك (أنت طالق= تۆ تەڵاق دراویت)، یان کار لەگەڵ کراو بێت، وەك (أنت مطلقة= تۆ تەڵاق دراویت)، هەمو ئەم لەفزانە [وهاو شێوەکانیان] بەڵگەن لە سەر کەوتنی تەڵاق، بەڵام بە فرمانی ڕانەبردو وداخوازی نا، وەك: تەڵاق دەدرێیت، وتەڵاق بدە.

٢. لەفزی ماناداار (کنایة): ئەو لەفزانەیە کە هەڵ ئەگرێت تەڵاق بێت وهەڵیش ئەگرێت وا نەبێت، وەك ئەوەی بە ژنەکەی بڵێت: تۆ وێڵ کراویت، یان من بەریم لە تۆ، یان تۆ جیا بویتەتەوە، یان پەتەکەت ها بەسەر پشتەوە، یان بچۆرەوە ماڵ باوکت وهاوشێوەکانی.

جیاوازی نێوان لەفزی ڕاشکاوانە ولەفزی بە ماناوە لە تەڵاقدا ئەوەیە: لەفزی ڕاشکاوانە ئەگەر مەبەستیشی نەبێت ئەکەوێت ئیتر بە ڕاستی بێت یان گاڵتە یان

ڕابواردن، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «ثَلاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: النِّكَاحُ وَالطَّلاَقُ وَالرَّجْعَةُ» «سیان، جددیان ڕاستە وگەمەشیان هەر ڕاستە: هاوسەرگیری وتەلأق وگێڕانەوەی هاوسەر»[1]. بەلأم ناڕاشکاو بێت تەلأقی پێ ناکەوێت مەگەر لە کاتی وتنیدا نیەتی هەبێت، چونکە ئەم لەفزانە تەلأق وەی تریش هەلّدەگرێت بۆیە ناکەوێت مەگەر نیەتی هەبێت، مەگەر شێوە بەلّگە (قَرِينَة)یەك هەبێت لە سەر ئەوەی نیەتی هەبوە ئەوسا بڕوا بە قسەی ناکرێت.

پرسی چواردم: تەلأقی سوننەتی وحوکمەکەی:

أ- **تەلأقی سوننەتی:** مەبەست لە تەلأقی سوننەتی: ئەو تەلأقەیە شەرع ڕێگەی پێداوە، کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلام خراوە، ئەمە بە دو شت ئەبێت:

١- ژمارەی تەلأقەکان.

٢- لە کاتی خستنیدا.

جا سوننەت وایە ئەگەر مێرد ناچاری تەلأق دان بو: یەك تەلأقی بدات لە پاکێتیەك دا تێیدا جوت نەبو بێت لەگەلّی دا، وتەلأقی تری بە دوا دا نادات تا عیددەکەی تەواو دەبێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ [الطلاق:١]، واتە: [تەلأقیان بدەن] لەو کاتەی دەست دەکەن بە پێشوازی کردن لە عیددە کە بریتیە لە پاکبونەوە، چونکە کاتی سوڕی مانگانە

---

(١) أخرجه أبو داود (٢١٩٤)، والترمذي (١١٨٤)، وابن ماجه (٢٠٣٩)، وحسّنه الشيخ الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (١٦٧١).

لە عیددەوە هەژمار ناکرێت، ئیبن عومەر وئیبن عەبباس وکۆمەڵێك لە باردی ئەم ئایەتەوە ئەڵێن: پاك بونەوە بە بێ جوت بون[1].

ب- **حوکمی تەلاٚقی سوننەتی:** زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی تەلاٚقی سوننەتی دەکەوێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ [الطلاق:١] یانی: لە کاتی پاکێتیدا.

پرسی پێنجەم: تەلاٚقی بیدعەیی وحوکمەکەی:

أ- تەلاٚقی بیدعەیی:

ئەو تەلاٚقەیە کە کابرا بە شێوەیەکی حەرام دەیخات کە شەرع نەهی لێکردوە، ئەمەش بە دو شت ئەبێت:

١- ژمارەی تەلاٚقەکان.

٢- لە کاتی خستنیدا.

جا ئەگەر سێ تەلاٚقەیدا بە یەك لەفز، یان بە جودا بەلاٚم لە یەك پاکێتیدا، یان تەلاٚقیدا ولە سوڕی مانگانە دا یا لە زەیستانی دا بو وڕونیش نەبو بوە دو گیان بێت= ئەوا ئەم تەلاٚقە بە بیدعەیی وحەرام هەژمار دەکرێت ونەهی لێکراوە لە شەرعدا، وبکەرەکەی تاوانبارە.

تەلاٚقی بیدعەیی لە ژمارە دا لە سەری حەرامی دەکات تا شویەکی تر دەکاتەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ﴾ [البقرة:٢٣٠] «جا ئەگەر پیاو هاوسەرەکەی خۆی جاری سێیەم تەلاٚقدا، ئەوا بۆی حەلاٚڵ نیە مەگەر شو بکاتەوە بە پیاوێکی تر بە گرێ بەستێکی دروست ولەگەڵیدا

---

(١) انظر: «تفسير ابن كثير» (٨/١٦٩).

جوت ببێت وبە حەزی خۆی بێت وبۆ حەڵاڵکردنی ئافرەتەکەی نەبێت بۆ مێردی یەکەمی» یانی: سێیەم.

تەڵاقی بیدعەییش لە کاتدا؛ سوننەتە بیگێڕێتەوە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر کە هاوسەری تەڵاق داوە ولە عادەدا بوە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی کردوە بیگێڕێتەوە[1]. کە گێڕایشیەوە واجبە لە سەری بیهێڵێتەوە تا پاك دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر ویستی تەڵاقی دەدات وئەگەریش ویستی دەیهێڵێتەوە.

ب- حوکمی تەڵاقی بیدعەیی:

حەرامە لە سەر مێرد بە شێوەی بیدعەیی تەڵاق بدات ئیتر لە ژمارە بێت یان لە کات، لەبەر ئایەتی: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ [البقرة:٢٢٩]، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ [الطلاق:١]، واتە: پاك بو بن ولەگەڵیان جوت نەبوبێتن. هەروەها چونکە ئیبن عومەر کە ژنەکەی تەڵاقدا ولە عادە بو، پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێکرد بیگێڕێتەوە.

تەڵاقی بیدعەییش دەکەوێت وەك تەڵاقی سوننەتی، چونکە پەیامبەر فەرمانی کرد بە ئیبن عومەر ﷺ هاوسەرەکەی بگێڕێتەوە، گێڕانەوەش بە دی نایەت مەگەر دوای کەوتنی تەڵاق، جا ئەو کاتەش ئەو تەڵاقە لە تەڵاقەکانی هەژمار دەکرێت.

پرسی شەشەم: گێڕانەوە:

أ- پێناسەکەی:

لە زماندا: «الرَّجْعَة» جارە لە گێڕانەوەدا، لە شەرعیشدا: گێڕانەوەی هاوسەرە تەڵاقدراوەکەیە -بائن نەبێت- بۆ پێش حاڵی تەڵاقدانەکەی بە بێ گرێ بەست.

---

(١) أخرجه البخاري (٥٣٣٢)، ومسلم (١٤٧١).

ب- **شەرعی بونی:** قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگی بەلگەن لە سەر شەرعی بونی گێڕانەوە. سەبارەت بە قورئان خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلاحًا﴾ [البقرة:٢٢٨] «ومێردی تەلاق دراون لە پێشترن بە گێڕانەوەی هاوسەرەکانیان لە ماوەی عیددەدا، ئەشبێت ئەمە بە مەبەستی خێر وچاك سازی بێت نەك بۆ ئازار دانیان بە درێژ کردنەوەی ماوەی عیددەکە»، هەروەها خوا ﷻ ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ [البقرة:٢٣١] «وئەگەر ئافرەتانتان تەلاقدا ونزیکبونەوە لە کۆتایی هاتنی عیددەکانیان، ئەوا بیانگێڕنەوە، ویا -ئەی پیاوان- نیەتیشتان هەستان بێت بە مافدانیان بە شێوازێکی چاکی شەرعی ونەریتی»، یانی: گێڕانەوە. سەبارەت بە سوننەتیش: فەرمودەکەی ئیبن عومەری پێشوە، کە پەیامبەر ﷺ فەرموی: «فەرمانی پێ بکە با بیگێڕێتەوە». وزانایانیش کۆکن لە سەر ئەوەی هەر کەس کەمتر لە سێ جار تەلاق بدات بۆی هەیە لە عیددە هاوسەرەکەی بگێڕێتەوە.

ج- **حیکمەت لێی:** دانایی لە ڕەجعەدا دەرفەتدانە بە مێرد ئەگەر پەشیمان بویەوە لە خستنی تەلاقەکەی، ویستی دوبارە ژیانی خێزانی دەست پێ بکاتەوە، جا دەبینێت دەرگای بە ڕودا کراوەتەوە، ئەمەش لە بەزەیی ونەرمی خوایە ﷻ بە بەندەکانی.

د- **مەرجەکانی:** گێڕانەوە بە چەند مەرجێك دروست ئەبێت، کە ئەمانەیە:

١- ئەبێت تەلاق دانەکانی کەم تر بێت لەو ژمارەی کە بە دەست پیاوە کە بریتیە لە سێ تەلاق بۆ ئازاد ودو تەلاق بۆ کۆیلە، جا ئەگەر هەمو ژمارەکە تەواو بو بو، ئەوا بۆی حەلاڵ نابێتەوە، تا ئافرەتەکە شویەکی تر نەکاتەوە.

٢- ئەبێت چوبێتە لای تەڵاقدراوەکە، چونکە گێڕانەوە نابێت مەگەر لە عیددەدا ئەوەشی جوت بون لەگەڵیدا ڕوی نەدا بێت عیددەی بۆ نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ [الاحزاب:٤٩] «ئەی باوەڕداران ئەگەر گرێ بەستی هاوسەرگیریتان کرد نەچوبونە لایان ئینجا تەڵاقیانتاندا پێش جوتبون ئەوە هیچ عیددەیەکتان لە سەر نیە بیژمێرن».

٣- ئەبێت تەڵاقەکە بێ بەرامبەر بێت، چونکە بەرامبەر لە تەڵاقدا [کە خولعە] دانراوە بۆ ئەوەی ئافرەت لە سڵای مێردەکەی بێتە دەرەوە، سا لەگەڵ گێڕانەوەدا ئەمە ڕو نادات، بۆیە حەڵاڵ نابێت مەگەر بە گرێ بەستێکی تازە وبە ڕەزامەندی خۆی.

٤- ئەبێت هاوسەرگیریەکی دروست بێت، بۆیە لە گرێ بەستێکی پوچدا گێڕانەوە نیە، جا ئەگەر هاوسەرگیریەکە دروست نەبێت تەڵاقەکەش دروست نابێت، چونکە لقێکە لەو، وئەگەر تەڵاقەکەی دروست نەبێت گێڕانەوەش دروست نابێت.

٥- ئەبێت ڕەجعەکەی لە عیددەدا بێت، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ﴾ [البقرة:٢٢٨]. یانی: لە عیددەدا.

٦- ئەبێت گێڕانەوە دەست بەجێ (مُنَجَّزة) بێت، نابێت هەڵ واسراو بێت، وەك بڵێ: ئەگەر ئەوە ڕو بدات ئەوا تۆم گێڕاوەتەوە.

د- گێڕانەوە بە چی ڕو دەدات؟

١- گێڕانەوە بە لەفز بە دی دێت، وەك بڵێ: هاوسەرەکەم گێڕایەوە، یان بردمەوە، یان هاوردمەوە، یان گرتمەوە، یان هێنامەوە.

٢- وبە چونە لای هاوسەر ڕو دەدات ئەگەر بەوە نیەتی گێڕانەوەی هەبێت.

و- لە حوکمەکانی تەڵاقی ڕەجعی؟

١- تەڵاق دراوی ڕەجعی هەر هاوسەرە مادام لە عیددەدایە، ئەوەی بۆ هاوسەرەکان هەیە لە بژێوی وبەرگ ونیشتەجێ بون، بۆ ئەمیش هەیە. هەروەها ئەمیش ئەوەی لە سەرە کە لە سەر هاو سەرەکان دایە لە پابەند بون بە شوێنی نیشتەجێ بون، هەروەها بۆی هەیە خۆی بۆ مێردەکەی برازێنێتەوە وتەنها بکەوێت لەگەڵی دا ئەویش جوت ببێت لەگەڵی دا، وهەر یەکەیان میرات لە بەرامبەرەکەی دەبات.

٢- لە گێڕانەوەدا ڕازی بونی هاوسەر یان کار بە دەستەکەی مەرج نیە، لەبەر فەرمایشتی خوا: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا﴾ [البقرة:٢٢٨].

٣- کاتی گێڕانەوە کۆتایی دێت بە کۆتایی هاتنی عیددە، وبە سێ سوڕی مانگانە عیددە دەگرێت، جا ئەگەر ئافرەت لە ڕەجعیدا لە سێ عادە پاك بویەوە ومێردەکەی نەیگێڕایەوە، ئەوا جیابونەوەی بچوکە (بینونة صغری)، بۆیە بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر بە گرێ بەستێکی تازە بە مەرجەکانیەوە: لە بونی کار بە دەست ودو شایەتی دادگەر.

٤- ئافرەت لە ڕەجعیدا، ولە بائیندا کە مێردەکەی مارەی کردۆتەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو تەڵاقانەی ماویەتی.

٥- جا ئەگەر هەمو ئەو تەڵاقانەی هەیبو تەواوی کرد وهەر سێ جارەکە تەڵاقیدا، ئەوا لێی حەرام دەبێت وجیابونەوەی گەورە (بینونة كبری) دەکەوێتە نێوانیانەوە، جا بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر مێردێکی تر بچێتە لای، بە گرێ بەستێکی دروست.

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی سوێند خواردنەوە «الإِيْلاَء»

[چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە]:

[پرسی یەکەم: پێناسەکەی، وبەلگەکانی]:

أ- پێناسەی «الإيلاء»:

لە زماندا: لە «الأَلِيَّة»ەوە وەرگیراوە، واتا: سوێند، ئەوترێ: «آلى فلانٌ يُولي إيلاءً وأَلِيَّة» یانی: سوێندی خوارد. لە شەرعیشدا: ئەوەیە مێرد سوێند بخوات بە خوا یان بە سیفەتێك لە سیفەتەكانی -توانای چونە لاشی هەبێت- لە سەر نەچونە لای هاوسەرەكەی لە پێشەوە بۆ هەمیشە یان زیاتر لە چوار مانگ.

ب- بەلگەكانی:

فەرمایشتەكەی خوایە ﷻ: ﴿لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّص أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ * وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ [البقرة: ٢٢٦، ٢٢٧] «بۆ ئەوانەی سوێند بە خوا دەخۆن كە نەچنە لای ژنەكانیان چوار مانگیان بۆ هەیە، جا ئەگەر وازی هێنا پێش تێپەڕ بونی چوار مانگەكە، ئەوا خوا لێ بوردەیە لەو سوێندەی خواردویەتی وبە بەزەییە بەرامبەری، ئەگەریش سورە لە سەر تەلاق دانی بەوەی بەردەوام بێت لە سەر سوێندەكەی ونەچێتە لای، ئەوا خوا بیسەری وتەكانیانە، زانایە بە مەبەستەكانیان، ولە سەریشی پاداشتیان دەداتەوە».

[پرسی دودم: مەرجەكانی ئیلاء]:

١. ئەبێ لە مێردێكەوە بێ بتوانێ بچێتە لای، جا كەسێك توانای ئەوەی نەبێت بە هۆی نەخۆشیەكەوە چاك نابێتەوە یان ئیفلیجیەوە، یان هەر گونی نەبو دروست نابێت.

٢. ئەبێت سوێند بەخوا بخوات یان بە سیفەتێك لە سیفەتەکانی، نەك بە تەلاق یان ئازادکردن یان نەزر.

٣. ئەبێت سوێند بخوات لە سەر جوت نەبون زیاتر لە چوار مانگ.

٤. ئەبێت هاوسەرەکە بکرێت بچێتە لای، بەڵام ئافرەتێك نەکرێت بچێتە لای، وەك: دامێنی پێکەوە نوسا بێت (الرَّتقاء)[١]، وشتێك لە دامێنی دروست بو بێت (القَرْنَاء)[٢] رێگر بێت بچێتە لای، ئەوا ئیلائکردن لەمانە دروست نابێت.

[پرسی سێیەم: حوکمەکەی]:

ئیلائکردن لە ئیسلامدا حەرامە، چونکە سوێند خواردنە لە سەر نەکردنی واجبێك جا ئەگەر مێرد سوێندی خوارد لە سەر جوت نەبون لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ هەمیشە یان زیاتر لە چوار مانگ ئەوا ئیلائی کردوە، جا ئەگەر چوە لای وکەفارەتی سوێندەکەیدا پێش تەواو بونی چوار مانگەکە ئەوا گەڕاوەتەوە بۆ کردنی ئەوەی وازی لێهێناوە وخوای میهرەبانیش لێبوردەیە لەوەی لێی وەشاوەتەوە، ئەگەریش دوای تێپەڕبونی ئەو ماوەیە هەر ڕازی نەبێت بچێتە لای وئافرەتەکەش داوای ئەوە بکات، ئەوا دادوەر فەرمانی پێدەکات بە یەکێك لەم دو شتە:

١- گەڕانەوە لە سوێندەکەی وچونە لای هاوسەرەکەی، وکەفارەتدانی سوێندەکە.

٢- یان تەڵاقدانی، ئەگەر هەر سورە لە سەر سوێندەکەی.

---

(١) ئەو ئافرەتەیە کە دامێنی هاتۆتە یەك وپێکەوە نوساوە وناکرێت جیماعی لەگەڵدا بکرێت، لە «الرتق»ەوە هاتوە، دژی: «الفتق»ە.

(٢) ئەو ئافرەتەیە کە لە دامێنیدا ڕێگرێکی تێدایە لە چونە ژورەوەی زەکەر، یان ڕژان (غدّة)یەکی ئەستورە، یان گۆشتێکی تۆکمەیە، یان ئێسکێکە.

جا ئەگەر ئەم دوانەی ڕەدکردەوە ئەوا دادوەر تەلاَقی دەدات لەبری، یان هەلَی دەوەشێنێتەوە، چونکە ئەو ئەچێتە شوێن ئیلائکەرەکە ئەگەر ڕازی نەبێت، تەلاَقیش بریکاری دەیگرێتەوە، ئەگەریش ماوەی سوێندەکە تێپەڕ بو، ویەکێك لە ژن ومێردەکە بیانویەکی هەبو ڕێگر بو لە جوت بون، ئەوا فەرمان دەکرێت بە مێرد بە دەمی بیگێڕێتەوە وبلَێ: کەی توانام هەبو لەگەلَتدا جوت دەبم، چونکە مەبەست لە گەڕانەوەی وازهێنانە لەو زیان گەیاندنەی مەبەستی بوە.

زانایان حوکمی کەسێکیش وەکو ئیلائکەر لێ دەکەن کە زیاتر لە چوار مانگ وازی هێناوە لە چونەلای ژنەکەی بە بێ سوێند خواردنیش، وهیچ عوزرێکیشی نیە.

[پرسی چوارەم: لە حوکمەکانی ئیلائکردن]:

- ئیلائکردن لە هەر مێردێکەوە دادەمەزرێت کە تەلاَقی دروست بێت، موسلَمان بێت یان ناموسلَمان، ئازاد بێت یان کۆیلە، تورە ونەخۆشیش دەگرێتەوە، هەروەها لەو ئافرەتەی کە هێشتا نەچوەتە لای، ئەمەش لەبەر گشتێتی ئایەتەکە.

- ئەم شەرع دانانە پڕ داناییە لە لایەن خواوە، کە فەرمان دەکرێت بە ئیلائکەر بچێتە لای ژنەکەی، یان تەلاَقی بدات، لادانی ستەم وزیانی تێدایە لە سەر ئافرەت، وپوچەلکردنەوەی ئەو شتەیە کە لە سەردەمی نەفامیدا لە سەری بون لە درێژکردنەوەی ماوەی ئیلائکردن.

- ئیلائکردن لە شێت وبێهۆشەوە دانامەزرێت، چونکە نازانن چی ئەلَێن، ومەبەستیان نیە.

دەروازەی شەشەم

ژن بە دایك وخوشكی خۆ كردن «الظَهار»

[چەند پرسێكی لە خۆ گرتوە]:

[پرسی یەکەم: پێناسەی زیهار، وحوکمەکەی]:

أ- پێناسەی «الظهار»:

لە «الظَّهْر= پشت»ەوە وەرگیراوە، لە شەرعیشدا: ئەوەیە پیاو لە لێ حەرام بوندا هاوسەرەكەی بچوێنێت بە یەكێك لە مەحرەمەكانی، بە پشت، یا شیردان، یا ژن خوازی، یا بە هەندێكی، جا كابرا كە ئەیەوێت نەچێتە لای ژنەكەی ئەڵێ: وەك پشتی دایكم بیت لێم، یان خوشكم یان جگە لەوان، جا كەی ئەوەی كرد ئەوە زیهاری لە هاوسەرەكەی كردوە.

ب- حوکمەکەی:

ژن بە خوشك ودایكی خۆ كردن حەرامە، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَرًا مِنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾ [المجادلة:٢] «ئەوانەی زیهار دەكەن لە ژنەكانیان ئەوانە سەرپێچی فەرمانی خوایان كردوە، ژنەكانیان لە راستیدا دایكیان نین، بەڵكو هاوسەریانن، تەنها ئەوانە دایكیانن كە لێیان بون، ئەم زیهار كەرانە قسەیەكی درۆ وخراپ دەكەن، خوای مەزنیش لێ بوردە وداپۆشەری تاوانە». زیهاریش لە سەردەمی نەفامیدا تەڵاق بو، كە ئیسلام هات كردیە سوێندێكی كەفارەت بۆ دانراو، وەك بەزەیی وئاسان كاریەك بەرامبەر بەندەكان.

جا حەرامە لە سەر زیهارکەر وزیهار لیکراو پێش کەفارەتدان چێژ لە یەکتر ببینن بە جوت بون بێت یان پێشەکیەکانی وەك ماچ کردن وچێژ وەرگرتن بە دەر لە دامێنیش، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا﴾ [المجادلة:٣] [ئێستا واتاکەی دێت] پەیامبەریش ﷺ فەرموی: «لَا تَقْرَبْهَا حَتَّى تَفْعَلَ مَا أَمَرَكَ اللهُ بِهِ» «نزیکی مەبەوە تا ئەوە دەکەیت خوا فەرمانی پێکردوە»[١].

[پرسی دوەم: سڕینەرەوە (کەفارەت)ی زیهار]:

کەفارەتی زیهار بەم شێوەیە ڕیز کراوە:

١. ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕ داری بێ عەیب.

٢. ئەگەر کۆیلە یان نرخەکەی دەست نەکەوت ئەوا دو مانگ بە دوای یەکتردا بە ڕۆژو دەبێت مەگەر ڕۆژویەکی واجب بکەوێتە بەینەوە وەك ڕۆژوی ڕەمەزان، یان نەگرتنێکی واجب وەك نەگرتنی ڕۆژی جەژن ورۆژانی تەشریق، ونەگرتن بە هۆی نەخۆشی وسەفەرەوە.

٣. ئەگەریش ڕۆژوگرتنی نەتوانی ئەوا نانی شەست هەژار دەدات، بۆ هەر هەژارێك مشتێك گەنم یان نیو مەن دەدات لە خواردنەکانی تری خەڵکی شارەکەی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾

---

(١) أخرجه الترمذي (١١٩٩) وحسّنه، وابن ماجه (٢٠٩٥) وحسّنه الشيخ الألباني. «الإرواء» (٢٠٩٢).

[المجادلة:٣، ٤]. «وئەوانەی زیهار لە هاوسەرەکانیان دەکەن ئینجا پەشیمان دەبنەوە وئەیانەوێت بڕۆنە لای ژنەکانیان، ئەوا لە سەر کابرای زیهارکەرە کەفارەت بدات کە بریتیە لە ئازادکردنی کۆیلە یان کەنیزەکێکی باوەڕدار پێش چونە لای ئەو ژنەی زیهاری لێکردوە، ئەمە حوکمی خوایە لەبارەی زیهارەوە ئامۆژگاریتانی پێدەکات ئەی باوەڕداران، بۆ ئەوەی توشی زیهارکردن وقسەی ناڕاست وناڕەوا نەبنەوە وکەفارەتی بدەن ئەگەر وتتان وبۆ ئەوەی جارێکی تر کاری وا نەکەنەوە وخوای میهرەبانیش هیچی لێ ون نابێت لە کارەکانتان وپاداشتیشتان لە سەر دەداتەوە * کێش کۆیلەیەکی دەست نەکەوت ئازادی بکات، ئەوا واجبە لە سەری دو مانگ بە شوێن یەکتردا بە ڕۆژو بێت پێش چونە لای خێزانی، کێ ئەوەشی نەتوانی بە هۆی عوزرێکی شەرعیەوە ئەوە لە سەریەتی خواردنی شەست هەژار بدات وتێریان بکات، ئەمەی کە ڕونمان کردەوە لە حوکمەکانی زیهارکردن بۆ ئەوەیە خوا بە ڕاست بخەنەوە وشوێنی پەیامبەر بکەون وشوێنی شەرعەکەی بکەون واز لە نەریتی نەفامی بهێنن...»، ولەبەر فەرمودەکەی سەلەمەی کوڕی سەخری بەیازی کە ژنەکەی وەك پشتی دایکی لێکرد پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێ کرد کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەگەر نەیبو دو مانك بە شوێن یەکتر دا بە ڕۆژو بێت، ئەگەریش نەیبو ئەوا با خواردن بدات[1].

ئەگەریش زیهارکەر چوە لای پێش کەفارەتدان ئەوا سەرپێچیکارە وتەنها یەك کەفارەتی لە سەرە، کەفارەتەکەش بە هەڵواسراوی لە ئەستۆی دەمێنێتەوە تا کەفارەت دەدات، ولێ حەرامبونی ژنەکەشی درێژ دەکێشێت تا کەفارەتدان.

---

(١) أخرجه الترمذي (١٢٠٠) وحسّنه، وأبو داود (٢٢١٣) وابن ماجه (٢٠٩٢)، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٠٩١).

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی نەفرەت لە خۆکردنەوە «اللّعان»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی لیعان، وبەڵگەی شەرعی بونی، وحیکمەتەکەی:

١. پێناسەی «اللعان»:

لیعان لە زماندا چاوگی (لاَعَنَ)ەیە، لە (اللَّعْن= نەفرەت)ەوە وەرگیراوە کە بریتیەی لە دەرکردن ودورخستنەوە. لە شەرعیشدا چەند شایەتی دانێکی بە سوێند تەئکید کراوە، ئەوەی مێردەکە نەفرەتیشی لەگەڵدایە، وئەوەی ئافرەتەکەش توڕەیی خوای لەگەڵدایە. جێگەی حەددی بوهتان کردن دەگرێتەوە دەرهەق بە مێردەکە، وشوێنی حەددی زیناکەر دەگرێتەوە دەرهەق بە هاوسەرەکە، لیعانیشی پێ وتراوە، لەبەر ئەودی کابرا لە پێنجەم جاردا ئەڵێ: نەفرەتی خوای لێ بێت ئەگەر درۆ دەکات، جا یەکێکیشیان درۆ دەکات بێگومان، بۆیە نەفرەت لێکراو ئەبێت.

٢. بەڵگەکانی شەرعی بونی لیعان:

بەڵگە بۆ شەرعی بونی لیعان فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ * وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ * وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکان [النور:٦-١٠] «وئەوانەی هاوسەرەکانیان تۆمەتبار دەکەن بە زیناکردن وشایەتیشیان لە سەر ئەو تۆمەتبار کردنە نیە مەگەر خۆیان، ئەوا لە سەر هەر یەکێکیانە لە بەردەم دادوەردا چوار جار شایەتی بدات وبڵێت: شایەتی دەدەم من

ڕاستگۆم لەوەی کە ئەڵێم زینای کردوە، ولە پێنجەم جار دا نەفرەتی خوا ﷻ لە خۆی دەکات ئەگەر درۆ دەکات لە تۆمەتبارکردنەکەی ﴿ وبەو شایەتیدانەی مێرد، هاوسەرەکەی شایستەی سزای زیناکارە کە بریتیە لە ڕەجم کردن تا مردن، ئەم سزایەشی لێ دور ناخرێتەوە مەگەر بەرامبەر ئەو شایەتی دانە چوار جار شایەتی بدات کە مێردەکەی درۆ دەکات کە ئەڵێ: زینای کردوە، لە پێنجەم جاریشدا تورەیی خوا لە خۆی حەڵاڵ دەکات ئەگەر مێردەکەی ڕاست بکات».

هەروەها بە بەڵگەی فەرمودەکەی سەهلی کوڕی سەعد ﷺ کە پیاوێك لە پشتیوانان هاتە خزمەتی پەیامبەر ﷺ وتی: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ! کابرا پیاوێك دەبینێت لەگەڵ ژنەکەی دا؛ ئەیکوژێت یان چی بکات؟ ئەودبو خوای مەزن لە بارەیانەوە ئەوەی دابەزان لە مەڕ لیعانەوە. پەیامبەریش ﷺ فەرموی: «قَدْ قَضَى اللهُ فِيكَ وَفِي امْرَأَتِكَ» «خوا لە بارەی تۆ وخێزاکەتەوە بڕیاری فەرمو»، ئەڵێ: ئەودبو لە مزگەوتدا نەفرەتیان لە یەکتر کرد ومنیش ئامادە بوم. لە ڕیوایەتێکدا: نەفرەتیان لە یەکتر کرد ومنیش وەتەك خەڵك لەگەڵ پەیامبەر بوین ﷺ[1].

٣. دانایی لە شەرعی بونی لیعان:

حیکمەت لە شەرعی بونی لیعان بۆ مێرد: بۆ ئەوەیە ئابڕوی نەچێت بە هۆی زیناکەی هاوسەرەکەیەوە، وجێگەی پیس نەکات، وهەروەها منداڵی خەڵك نەکەوێتە دوای، زۆر جاریش ناتوانێت بەڵگەی لە سەر بهێنێتەوە وئەویش دان بە تاوانەکەیدا نانێت، وقسەی ئەمیش لە دژی هاوسەرەکەی وەرناگیرێت، بۆیە هیچ ڕێگایەکی تر نیە مەگەر بە قورسترین سوێند سوێند بخۆن، بۆیە لە دانانی لیعاندا چارەسەری

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٣٠٨)، ومسلم (١٤٩٢).

كێشەكەی ئەوی تێدایە لەگەڵ نەهێشتنی تەنگی ودورخستنەوەی حەددی تۆمەتكار لە سەر مێرددكە. ومادام هیچ شایەتێكی نیە جگە لە خۆی، ڕێگە بە ئافرەت دراو كەوا دژی سوێندەكەی ئەو بوەستێتەوە بە چەند سوێندێكی هاوشێوە، كە حەددی لێ دور دەخاتەوە، وەگەرنا حەددی لە سەر مسۆگەر بوە. جا ئەگەر مێردەكە سوێندی نەخوارد ئەوا حەددی تۆمەتكاری لێ دەدرێت، ئەگەریش ئەم دوای سوێند خواردنی ئەو ئامادەی سوێند خواردن نەبو، ئەوسا سوێندەكەی ئەو وپاشەكشەی ئەم بەڵگەیەكی ڕون وبە هێزە ودژیشی نیە بۆیە ئەو كاتە حەددی لە سەر جێبەجێ دەكرێت.

پرسی دوەم: مەرجەكانی وچۆنێتیەكەی:

أ. مەرجەكانی ڕاست ودروستی لیعان:

١. ئەبێت لە نێوان دو هاوسەری تەكلیف لێكراو (پێگەیشتو وژیر) بێت، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ﴾ [النور:٦].

٢. مێرد هاوسەرەكەی تۆمەتبار بكات بە داوێن پیسی، وەك بڵێ: ئەی زیناكەر، یان بینیتم زینات دەكرد، یان زینات كرد.

٣. ئەبێت ئافرەتەكە مێردەكە بە درۆ بخاتەوە لەم تۆمەتباركردنەی، وبەردەوام دبێت لەمە تا تەواوبونی نەفرەت لە خۆ كردنەكە.

٤. ئەبێت نەفرەت لە خۆ كردنەكە بە بڕیاری دادوەر بەڕێوە بچێت.

ب. چۆنێتی نەفرەت لە خۆ كردن وشێوازەكەی:

شێوازی نەفرەت لە خۆ كردنەكە ئەوەیە: مێردە لای دادوەر بە پێش چاوی كۆمەڵێك خەڵكەوە بڵێ: سوێند دەخۆم وشایەتی دەدەم بە خوا من ڕاست گۆم لەوەی داومەتە پاڵ هاوسەرەكەم كە زینای كردوە، ئەمە چوار جار ئەڵێتەوە، وئەگەر لە

بەرامبەری بێت ئاماژەشی بۆ دەكات، ئەگەریش بەرامبەری نەبو ناوی دەهێنێت بۆ ئەوەی جیا ببێتەوە ودیار بێت، ئینجا لە پێنجەم سوێند وشایەتی دا -دوای ئەوەی كە دادوەر ئامۆژگاری دەكات ولە درۆ وریای دەكاتەوە- ئەڵێ: نەفرەتی خواشم لێ بێت ئەگەر درۆ دەكەم. ئینجا ئافرەتەكە چوار جار ئەڵێت: سوێند دەخۆم وشایەتی دەدەم بەخوا، مێردەكەم درۆ دەكات لەوەی دەیداتە پاڵم لە زینا، ئینجا لە شایەتیدانی پێنجەمدا ئەڵێ: تورەیی خوام لێ بێت ئەگەر مێردەكەم ڕاست دەكات. ئەمەش لە بەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ ...﴾ [النور:٦-١٠].

پرسی سێیەم: ئەو حوكمانەی لە لیعان دەكەوێتەوە:

ئەگەر لیعان تەواو بو، ئەوا ئەمانەی خوارەوەی لێ دەكەوێتەوە:

١- خستنی حەددی بوهتانچی لە سەر مێردەكە.

٢- جیابونەوەی نێوان ژن ومێردەكە ولە یەكتر حەرام بونیان بۆ هەمیشە، با دادوەریش لە یەكیان جیا نەكاتەوە.

٣- پشتی منداڵەكەی نادرێتە پاڵ مێردەكە وئەدرێتە پاڵ هاوسەرەكەوە، وبۆ دورخستنەوەی پشتی منداڵەكە دەخوازێت بە ڕاشكاوی لە لیعانەكە ناوی بهێنێت، وەك ئەوەی بڵێت: «سوێند دەخۆم وشایەتی دەدەم بە خوا من ڕاستگۆم لەوەی داومەتە پاڵ هاوسەرەكەم كە زینای كردوە، ئەوەش منداڵی من نیە». لەبەر فەرمودەكەی ئیبن عومەر ﷺ، كە پەیامبەری خوا لیعانی كردوە لە نێوان پیاوێك وژنەكەی، وجیای كردونەتەوە، ومنداڵەكەشی داوەتە پاڵ ئافرەتەكە[1].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٣١٥)، ومسلم (١٤٩٤).

٤- واجب بونی حەددی زینا لە سەر ئافرەتەکە مەگەر ئەویش نەفرەت بکات، چونکە سوێند نەخواردنی ئەم لەگەڵ سوێند خواردنی ئەودا بەڵگەیەکی ڕون وبەهێزە وئەبێتە مایەی جێبەجێکردنی حەدد بە سەریدا.

دەروازەی هەشتەم

لە بارەی عیددە گرتن وخۆ گرتنەوە «العدَّة والإحْدَاد»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی عیددە، وبەڵگەی شەرعی بونی، وحیکمەت لێی:

١. پێناسەی «العِدَّة»:

ناوی چاوگە لە (عَدَّ يَعُدُّ عَدًّا) کە لە (عَدَد= ژمارە) وهەژماردنەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی عیددە ژماردنی تێدایە لە سوڕی مانگانە ومانگەکان.

لە شەرعیشدا: ناوی ماوەیەکی دیاریکراوە ئافرەت تێیدا چاوەڕوان دەکات، وەکو پەرستن، یان لێ قەومان بەهۆی مردنی مێردەوە، یا بۆ دڵنیابونەوە لە پاکێتی ڕەحم.

عیددەگرتنیش لە شوێنەوارەکانی تەڵاق دان یان مردنە.

٢. بەڵگەکانی شەرعی بونی عیددە:

بنەما لە واجب بونی عیددە وشەرعی بونی: قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە. سەبارەت بە قورئان، ئەو فەرمایشتەی خوا ﷻ کە ئەفەرموێ: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ﴾ [البقرة:٢٢٨]. «وئافرەتانی تەڵاقدراو ئەوانەی دەکەونە سوڕی مانگانەوە پێویستە دوای تەڵاقەکە بۆ ماوەی سێ سوڕی مانگانە عیددە بگرن»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ [الطلاق:٤]. «ئەو ئافرەتانەی تەڵاقدراون خوێنی عادەیان نیە بە هۆی تەمەنەوە، ئەگەر نەتانزانی حوکمی خوا چیە لە بارەیانەوە؟ ئەوا بزانن عیددەکەیان سێ مانگە، بە هەمان شێوە ئەو بچوکانەی کە هێشتا نەکەوتونەتە عادەوە

عیددەكەیان سێ مانگە، وئافرەتانی دو گیانیش عیددەكەیان ئەوەیە كۆرپەلەیان دابنێن». هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا﴾ [البقرة: ٢٣٤]. «وئەوانەی لە ئێوە دەمرن وهاوسەر دوای خۆیان بە جێ دەهێڵن پێویستە لە سەریان بۆ ماوەی چوار مانگ وده ڕۆژ چاوەڕێ بكەن، لە ماڵ دەر ناچن وخۆیان ناڕازێننەوە وشوش ناكەنەوە لەو ماوەیەدا». سەبارەت بە سوننەتیش: فەرمودەكەی میسوەری كوڕی مەخرەمەیە ﷺ: «كە سەبیعەی ئەسلەمیە دوای مردنی مێردەكەی بە چەند شەوێك منداڵی بو، ئەوەبو هاتە خزمەتی پەیامبەر وداوای هێڵانی لێكرد شو بكاتەوە، ئەویش ئیزنی دا وشوی كردەوە»[1]. وفەرمودەی تریش هاتوە.

٣. حیكمەت لە دانانی عیددە:

حیكمەت لەمەدا: پاكبونەوەی ڕەحمی ئافرەتە لە دو گیانی بۆ ئەوەی وەچەكان تێكەڵ نەبن. هەروەها دەرفەتدانە بە مێردی تەڵاقدەر ئەگەر تەڵاقەكەی ڕەجعی بو وپەشیمان بویەوە بە خۆیدا بچێتەوە، هەروەها بۆ پاراستنی مافی كۆرپەلەكەیە ئەگەر جیابونەوەكە لە دو گیانیدا بو.

پرسی دوەم: جۆرەكانی عیددە:

عیددەی ئافرەت ئەبێتە دو بەشەوە:

١- عیددەی مردن.

٢- عیددەی جیابونەوە.

یەكەم: عیددەی مردن:

---

(١) أخرجه البخاري (٥٣٢٠).

عیددەیەکە واجبە لە سەر ئەو ئافرەتەی مێردەکەی مردوە، ولە دو حاڵەتیش بە دەر نیە:

- یان دو گیانە
- یان دو گیان نیە

جا ئەگەر دو گیان بو: ئەوا عیددەکەی بە دانانی کۆرپەلەکە کۆتایی پێ دێت ئەگەر دوای کات ژمێرێکیش بێت دوای مردنی مێردەکەی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ [الطلاق:٤]، ولەبەر فەرمودەکەی میسوەری کوڕی مەخرەمەی پێشو: سەبیعەی ئەسلەمی ﷺ دوای مردنی مێردەکەی بە چەند شەوێك منداڵی بو، ئەوەبو هاتە خزمەتی پەیامبەر وداوای ئیزنی کرد شو بکات، ئەویش ئیزنی پێ فەرمو.

ئەگەریش دو گیان نەبو: ئەوا عیددەکەی چوار مانگ ودە ڕۆژە بە ڕەهایی ئیتر مێردەکەی چو بێتە لای یان نەچوبێت، لەبەر گشتێتی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنْفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ [البقرة: ٢٣٤] «ئەوانەتان دەمرن وهاوسەر دوای خۆیان بە جێ دەهێڵن، پێویستە لە سەریان بۆ ماوەی چوار مانگ ودە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، کە ئەو ماوەیە تەواو بو ئەوا تاوانتان ناگات ئەی کار بە دەستانی ئافرەت لەوەی ئافرەت دەیکات لە چونە دەرەوە وخۆ ڕازاندنەوە وشو کردنەوە بە شێوازێکی شەرعی، خواش شارەزا وزانایە بە کردەوەکانتان، بە ئاشکرا ونائاشکرایەوە، لە سەریشی پاداشتان دەداتەوە»، هیچ شتێکیش نەهاتوە ئەم ئایەتە تایبەت بکات.

دووەم: عیددەی جیابونەوە: ئەو عیددەیەیە ئەبێت ئافرەت بیگرێت بە هۆی جیابونەوە لە میردەکەی بە هەڵوەشاندنەوە یان تەلاق، یان خولعی دوای چونە لا.

ئەمەش لە چەند حاڵەتێك زیاتر بە ددر نیە:

- یان دو گیانە
- یان دو گیان نیە
- خوێنی عادەی نیە بە هۆی مندالّیەوە یان تەمەنەوە.

جا ئەگەر دو گیان بێت: ئەوە عیددەکەی بە دانانی کۆرپەلەکە کۆتایی دێت، لەبەر گشتێتی فەرمایشتی: ﴿وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ [الطلاق:٤].

ئەگەریش دو گیان نەبو ولەوانەشبو ئەکەوتە عادەوە: ئەوە عیددەکەی بە تێپەڕ بونی سێ پاکی ئەبێت دوای جیا بونەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ [البقرة:٢٢٨] «وئافرەتانی تەلاقدراو کە ددکەونە عادەوە پێویستە لە سەریان سێ سوڕی مانگانە چاوەڕێ بکەن، بۆشیان حەلاڵ نیە ئەوە بشارنەوە کە خوا لە ڕەحمیاندا دروستی کردوە لە کۆرپەلە یان خوێنی عادە، ئەگەر بڕوایان بە خوا وبە ڕۆژی دوایی هەیە».

ئەگەریش خوێنی عادەی نەددبینی بە هۆی بچوکی یان تەمەنی بێ ئومێدی: ئەوا بە تێ پەڕبونی سێ مانگ بەسەر جیاب ونەوەکەی عیددەکەی کۆتایی پێ دێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ﴾ [الطلاق:٤].

حوكمی تەڵاقدراو پێش چونە لای:

ئەگەر مێرد لە ژنەكەی جیابویەوە بە هۆی هەڵوەشاندنەوەوە یان تەڵاق پێش چونە لای ئەوە عیددەی نیە، لەبەر فەرمیشتەكەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ [الاحزاب:٤٩]. هیچ جیاوازیەكیش نیە لە نێوان هاوسەری باوەڕدار وهی خاوەن كتێب بە كۆ دەنگی زانایان، كە باسی باوەڕدارانیش دەكات لە ڕوانگەی زۆرینەوەیە.

پرسی سێیەم: پابەند بون (التزامات)ەكانی عیددە، ئەوەی لێی دەكەوێتەوە:

١- **عیددەی تەڵاق:** ئەگەر ئافرەت عیددەی تەڵاقی لە مێردەكەی گرت بو، ئەوە لە دو حاڵەت بە دەر نیە:

- یا تەڵاقێكی ڕەجعیە.
- یا تەڵاقێكی بائینە.

یەكەم: ئافرەتی عیددەگر بە هۆی تەڵاقێكی ڕەجعیەوە:

ئەو ئافرەتەی عیددەی گرتوە لە تەڵاق، ئەمانەی خوارەی لێ دەكەوێتەوە:

١- واجبە شوێنی نیشتەجێ بونی بۆ دابین بكرێت لەگەڵ مێردەكەیدا، ئەگەر ڕێگرێگی شەرعی نەبو.

٢- واجبە خەرجی بكێشرێت لە بژێوی وبەرگ وجگە لەمانەش.

٣- پێویستە لە سەری لە شوێنی نیشتەجێب ونی بمێنێتەوە وجێی نەهێڵێت مەگەر بۆ زەدرورەت، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنْتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ...﴾ [الطلاق:٦]، «ئەی مێرد! تەڵاقدراوەكان لە كاتی عیددەدا لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆتاندا بیانهێڵنەوە بە پێی دارایی وبون وتوانای خۆتان...»، هەروەها

نەفەرموێ: ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾ [الطلاق:١] «وتەڵاقدراوان لەماڵەکانیان دەر مەکەن تا عیددەکەیان تەواو دەبێت، وخۆشیان بۆیان نیە بڕۆنە دەرەوە مەگەر کارێکی گەن ونەشیاو بکەن وەك زیناکردن».

٤- حەرامە لە سەر ئافرەتەکە خوازبێنی کردنی بخاتە بەر دەم پیاوان، چونکە ئەم هێشتا بەستراوەتەوە بە مێردەکەیەوە بۆیە حوکمی هاوسەری هەیە، لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا﴾ [البقرة:٢٢٨].

دوەم: ئەگەر عیددەی گرتبو بە تەڵاقێکی بائن:

لێرەشدا لە دو حاڵەت بە دەر نیە:

- یا دو گیانە.
- یا دو گیان نیە.

یەکەم: ئەگەر هاتو دو گیان بو ئەوا ئەمانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

١- شوێنی نیشتەجێ بونی لە سەر مێرد واجبە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾ [الطلاق:١]. «ئەی پەیامبەری خوا! ئەگەر تۆ وباوەڕداران ویستتان هاوسەرەکانتان تەڵاق بدەن ئەوا لە کاتی پێشوازی عیددەکانیاندا تەڵاقیان بدەن وعیددەکانیشیان بژمێرن ولە خوا بترسن، تەڵاق دراوانیش لە ماڵەکانیان دەر مەکەن تا عیددەکەیان تەواو دەبێ، وخۆشیان بۆیان نیە بڕۆنە دەرەوە مەگەر کارێکی گەن ونەشیاو بکەن وەك زیناکردن».

٢- خەرجی کێشان، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ [الطلاق ٦] «ئەگەر هاوسەرە تەلاقدراوەکانتان دو گیان بون، ئەوا نەفەقەیان بکێشن لە ماوەی عیددەکەیاندا تا کۆرپەلەکە دادەنێن».

٣- پابەندبون ودەرنەچون لەوماڵەی عیددەی تێدا دەکێشێت مەگەر بۆ پێویستی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ﴾ [الطلاق ١].

بەڵگەی دەرچونیشی بۆ پێویستی: فەرمودەکەی جابرە ﷺ، ئەڵێ: پورەکەم تەلاق درا، ویستی خورماکان لە دارەکانی بکاتەوە، پیاوێك ڕێگری لێکرد بێتە دەرەوە، ئەوەبو چوە خزمەتی پەیامبەر ﷺ، وئەویش فەرموی: «بَلَى، فَجُدِّي نَخْلَكِ، فَإِنَّكِ عَسَى أَنْ تَصَدَّقِي أَوْ تَفْعَلِي مَعْرُوفًا» «بۆ نا، بڕۆ بەر وبومەکەی لێ بکەوە، لەوانەشە صەدەقەیەك بکەیت یان چاکەیەك بکەیت»[١].

دوەم: ئەگەر دو گیان نەبو: ئەوە هەمو ئەوەی بۆ هەیە کە بۆ دو گیان هەیە جگە لە خەرجی کێشان وهاو واتاکانی، وەك: جل وبەرگ، ئەمانەی بۆ نیە، لەبەر فەرمودەکەی فاتیمەی کچی قەیس ﷺ کاتێك مێردەکەی ئەو یەك تەلاقەشیدا کە مابوی، پەیامبەر فەرموی ﷺ: «لَا نَفَقَةَ لَكِ إِلَّا أَنْ تَكُونِي حَامِلًا» «خەرجیت بۆ نیە مەگەر دو گیان بیت»[٢].

٢- عیددەی مێرد مردو:

ئافرەت کە لە عیددەی مردنی مێردەکەیەتی، ئەم حوکمانەی لە سەرە:

---

(١) أخرجه مسلم (١٤٨٣).

(٢) أخرجه أبو داود (٢٢٨٦)، والنسائي (٦/٢١٠)، ومسلم (١٤٨٠) بمعناه، وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٣٣٢٤).

أ. پێویستە لە سەری عیددەی بگرێت لەو ماڵەی مێردەکەی تێدا مردوە وئەوی تێدا بوە، ئەگەر کرێش بێت یان دەستیار، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «امْكُثِي فِي بَيْتِكِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ» «لە ماڵەکەت بمێنەوە تا ماوەکەت کۆتایی پێ دێت»[1]. لە ڕیوایەتێکی تردا: «امْكُثِي فِي بَيْتِكِ الَّذِي جَاءَ فِيهِ نَعْيُ زَوْجِكِ» «لەو ماڵەت کە هەواڵی مردنی مێردەکەت پێگەیشت بمێنەوە تا ماوەکەت کۆتایی پێ دێت»[2]. دروستیش نیە بچێتە شوێنێکی تر مەگەر بە هۆی عوزرێکەوە، وەك ئەوەی لە خۆی بترسێت تێیدا بمێنێتەوە، یان بە ناچاری تێیدا دەر بکرێت یان لەبەر جگە لەمانە ئەوا دروستە بۆی بڕوا بۆ ئەو شوێنەی ئەیەوێت لەبەر زەرورەت.

ب. مانەوە لەو ماڵەی عیددەی تێدا دەگرێت وتێیدا دەرنەچێت مەگەر بۆ پێویستی، بۆشی دروستە بە ڕۆژ نەك بە شەو لە ماڵەکەی بێتە دەرەوە بۆ پێویستیەکانی، چونکە شەوان جێی خراپەکاریە، بۆیە تێیدا نایەتە دەرەوە مەگەر زەرور بێت بە پێچەوانەی ڕۆژەوە کە شوێنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی.

ج. پێویستە لە سەری لە ماوەی عیددەکەدا خۆگرتنەوە (الإحداد) بۆ مێردەکەی بکات، دواجاریش بە وردی باسی ئیحداد دێت.

د. خەرجی بۆ نیە چونکە بە مردنی ژن ومێردایەتی کۆتایی هاتوە.

پرسی چوارەم: خۆگرتنەوە (الإحداد)

پێناسەی حیداد وبەڵگەی شەرعی بونی:

---

(١) أخرجه الترمذي (١٢٢٤) وصححه، وابن ماجه (٢٠٣١)، وصححه الألباني «صحيح ابن ماجه» (١٦٥١)

(٢) [أخرجه ابن ماجه في الموضع السابق].

١- پێناسەی (الإحداد):

لە زماندا: بریتیە لە خۆگرتنەوە، ئەوترێ: (حادٌ ومُحِدٌ) ئەگەر ئافرەت واز لە خۆڕازاندنەوە وبۆن لە خۆدان بهێنێت.

لە شەرعیشدا: بریتیە لە وازهێنان لە خۆڕازاندنەوە وبۆن لە خۆدان وئەو شتانەی تریش کە حەزی بۆ لا دەجولێنن وداخوازی چونە لای دەکەن.

٢- بەڵگەکانی شەرعی بونی خۆگرتنەوە:

خۆگرتنەوە پێویستە لە سەر ئافرەتی مێرد مردو، لەبەر فەرمودەکەی ئوم حەبیبە ﵂، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا» «حەڵاڵ نیە بۆ ئافرەتێك بڕوای بە خوا وڕۆژی دوایی هەبێت سێ ڕۆژ زیاتر خۆی بگرێتەوە بۆ هیچ مردویەك مەگەر ئافرەت بۆ مێردەکەی چوار مانگ ودە ڕۆژ خۆی دەگرێتەوە»[1]. هەروەها فەرمودەکەی ئوم عەتیەی ئەنساری ﵂ ئەڵێ: «كُنَّا نُنْهَى أَنْ نُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا، وَلَا نَكْتَحِلَ وَلَا نَتَطَيَّبَ، وَلَا نَلْبَسَ ثَوْبًا مَصْبُوغًا إِلَّا ثَوْبَ عَصْبٍ» «ڕێگریمان لێ دەکرا سێ ڕۆژ زیاتر خۆبگرینەوە بە هۆی مردوەوە مەگەر بۆ مێرد ئەوە چوار مانگ ودە ڕۆژە، وچاو نەڕەژێن وبۆن لە خۆمان نەدەین وبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ نەپۆشین مەگەر بەرگی عەصب... تا کۆتایی»[2].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٣٣٤)، ومسلم (١٤٨٦).

(٢) أخرجه البخاري (٥٣٤١)، ومسلم (٩٣٨). العَصْبُ: بەرگێکە خوریەکەی بۆیە دەکرێت پاشان دەچێنرێت، وناچەمێنرێتەوە وکۆ ناکرێتەوە، ئەوەی بۆی زیاد دەکرێت کۆ دەکرێتەوە ودەچەمێنرێتەوە، ئەوترێ: بُرْدًا عَصْبٍ، وبُرُودُ عَصْبٍ.

هەروەها دەرهەق ئافرەتی خۆگرەوە ئەمانەی خوارەوە پێویستە:

١- ڕێگری کردن لە دیاردەکانی خۆڕازاندنەوە وبۆن لە خۆدان، جا ڕێگری لێدەکرێت لە پۆشینی بەرگی ڕەنگا وڕەنگی جوان وسەرنج ڕاکێش، وچاو ناڕەژێت، وخشڵ ناپۆشێت زێڕ بێت یان زیو یان شتی تر، وهیچ جۆرێکی بۆیە بەکار ناهێنێت، لەبەر فەرمودەکەی ئوم سەلەمە دەیداتە پاڵ پەیامبەر ﷺ: «الْمُتَوَفَّى عَنْهَا زَوْجُهَا لَا تَلْبَسُ الْمُعَصْفَرَ مِنَ الثِّيَابِ، وَلَا الْمُمَشَّقَةَ، وَلَا الْحُلِيَّ، وَلَا تَخْتَضِبُ، وَلَا تَكْتَحِلُ» «ئافرەتی مێرد مردو بەرگی زەرد (الْمُعَصفَر)[1]، وسور (الْمُمَشَّقَةَ)[2]، وخشڵ وزێڕ ناپۆشێت، وخەنە ناکات، وچاو ناڕەژێت»[3]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئوم عەتیەی ئەنساری پێشتر.

٢- پێویستە پابەندی ئەو ماڵە بێت عیددەی تێدا دەگرێت ونەیەتە دەردوە مەگەر بۆ پێویستی، لەبەر فەرمودەکەی فوردیعەی کچی مالکی پێشتر.

(١) واتە: بە عوسفور ڕەنگکراو، ڕودکێکە ڕەنگی زەردی لێ دەردەهێنرێت. وەرگێڕ.
(٢) واتە: بە (المشق) ڕەنگکراو، کە ڕەنگێکی سورە.
(٣) أخرجه أبو داود (٢٣٠٤)، والنسائي (٣٥٣٥)، وصححه الألباني «الإرواء» (٢١٢٩).

دەروازەی نۆیەم

لە بارەی شیر خواردنەوە «الرَّضَاع»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسی شیر خواردن، وبەلگەی شەرعی بونی، ودانایی لێی:

١- **پێناسەی شیر خواردن:** «الرَّضاع» بە فەتحەی ڕاتەکە بە کەسرەش ئەبێت: مژینی شیری مەمکە، یان خواردنەکەیەتی. لە شەرعیشدا: بریتیە لە مژینی شیری دوای دو گیانی لەلایەن منداڵێکی خوار دو ساڵ، یان خواردنەوەی، یا هاوشێوەکانی.

٢- **بەڵگەکانی شەرعی بونی شیر خواردن:** شیر خواردن شەرعیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى﴾ [الطلاق:٦] «ئەگەریش لەگەڵ دایکەکە لە سەر شیر دان بە کۆرپەلەکە ڕێك نەکەوتن، ئەوە با باوکەکە شیر دەرێکی تر بگرێت»، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ [البقرة:٢٣٣] «ئەگەریش دایك وباوکەکە ڕێککەوتن لە سەر شیردان لە ڕێی شیردەرێکی تردوە ئەوا هیچ تاوانیان ناگات».

٣- **حوکمی شیر خواردن:** حوکمی شیر خواردن هەمان حوکمی پشتە لە حەرام کردنی هاوسەر گیری، وبون بە مەحرەم، وحەڵاڵ بونی تەنها کەوتن وتەماشا کردن. جا شیر خواردن ئەبێتە مایەی خزمایەتی ولابەری حەرامێتیە بە مەرجەکانیەوە.

بەڵگەش لە سەر حەرامکردن بە شیر خواردن: قورئان وسوننەت وکۆ دەنگیە؛ سەبارەت بە قورئان: فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ﴾ [النساء:٢٣]. سەبارەت بە سوننەتیش: فەرمودەکەی

عائیشەیە ڕەزای خوای لێبێت ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ الرَّضَاعَةَ تُحَرِّمُ مَا تُحَرِّمُ الْوِلَادَةُ» «شیرخواردن ئەوە حەرام دەکات کە لە دایك بون حەرامی دەکات»[1].

وفەرموودکەی [پێشتری] ئیبن عەبباسە ڕەزای خوایان لێبێت ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئەو بۆ من حەڵاڵ نیە، ئەو کچی برای شیریمە، بە شیریش ئەوە حەرام دەبێت کە بە لە دایك بون حەرام دەبێت». سەبارەت بە کۆ دەنگیش: زانایانی ئوممەت کۆکن لە سەر حەرام کردن بە شیر خواردن.

پرسی دووەم: مەرجەکانی شیر خواردنی حەرام کەر، وچی دەکەوێتەوە لە خزمی شیری:

١ - **مەرجەکانی شیردانی حەرام کەر:** شیر خواردن نابێتە مایەی خزمایەتی[2] وحەرامیەتیش هەڵ ناگرێت، مەگەر بە دو مەرج:

أ. ئەبێت شیردانەکە لە ماوەی دو ساڵی سەرەتای تەمەنی شیرە خۆرەکە بێت، جا دوای دو ساڵەکە کاریگەری نابێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾ [البقرة:٢٣٣]، لەگەڵ فەرمایشتی: ﴿وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ﴾ [لقمان:١٤] «هەڵگرتنی ولە شیر برینەوەی لە ماودی دو ساڵ دایە»، ولەبەر فەرموودەکەی ئوم سەلەمە ڕەزای خوای لێبێت ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لَا يُحَرِّمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ إِلَّا مَا فَتَقَ الْأَمْعَاءَ فِي الثَّدْيِ وَكَانَ قَبْلَ الْفِطَامِ» «بە شیرخواردن هیچ حەرام نابێت مەگەر ئەو شیر خواردنەی لە مەمکەوە

---

(١) أخرجه البخاري (٢٦٤٦)، ومسلم (١٤٤٤).

(٢) [وەرگێرانی «قرابة الرضاع» بە: «کەسی شیری» وردترە تا «خزمی شیری»، جا مرۆڤ بە برا ومامە و... ناڵێ: خزم، بەڵکو ئەڵێ: کەسمە، نزیکمە، بەڵام لە چوار چێوەکانی ئێرەدا «کەسی شیری» واتای تر دەبەخشێت ومێشکی خوێنەریش پەرتەوازە دەکات، بۆیە وتمان: «خزمی شیری»].

بێت ورێخۆڵە بکاتەوە، وپێش لە شیر بڕانەوەش بێت»[١]. واتای کردنەوە وتەقاندنی ڕێخۆڵە: یانی بگا پێی وجێ بگرێ. جا شیر خواردنی حەرامکەر ئەوەیە لە تەمەنی منداڵیدا بێت، وجێی خواردنی بۆ بگرێتەوە، ئەمەش ئەو کاتە ئەبێت کۆرپەلەکە منداڵ بێت وشیرەکە برسیەتی پڕ بکاتەوە وگۆشت بڕوێنێت.

ب. ئەبێت پێنج جاری تێرکەر یان زیاتر بێت، لەبەر فەرموودەکەی عائیشە ﵂ ئەڵێ: «كَانَ فِيمَا أُنْزِلَ مِنَ الْقُرْآنِ: ﴿عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ﴾، ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، وَهُنَّ فِيمَا يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ» «لەو ئایەتانەی لە قورئاندا دابەزی: ﴿دە جار شیر خواردنی زانراو ودیار حەرام دەکەن﴾، ئینجا سڕایەوە بۆ پێنج جاری دیار، ئەوەبو ئەوەندە درەنگ نەسخ بویەوە کە پەیامبەر ﷺ وەفاتی کرد هێشتا کۆمەڵێك لە هاوەڵان هەر دەیانخوێند»[٢]. ئەمەش لەو جۆرەیە کە خوێندنەوەکەی سڕاوەتەوە بەڵام حوکمەکەی ماوەتەوە. ئەگەریش شیرەکە بگاتە هەناوی منداڵەکە بە بێ لە مەمکەوە خواردن، وەك ئەوەی بیتکێنێتە دەمی، یان لە قاپ وئەو شتانەدا بیخواتەوە، ئەوا حوکمەکەی هەر حوکمی شیردانە، بە مەرجێك پێنج جار دو بارە ببێتەوە.

٢- **ئەوەی لە خزمی شیری دەبێتەوە:** ئەو خزمایەتیەی بە هۆی شیر خواردنەوە دروست ئەبێت دو حوکمی لێ دەبێتەوە، کە بریتیە لە:

- حوکمێك پەیوەستە بە حەرامیەتیەوە.
- حوکمێك پەیوەستە بە حەڵاڵێتیەوە.

---

(١) أخرجه الترمذي (٢١٣١) وقال. حسن صحيح، وصححه الألباني في «الإرواء» (٢١٥٠).
(٢) أخرجه مسلم (١٤٥٢).

سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە حەرامێتییەوە: ئەوە شیردان کاریگەری هەیە لە حەرامکردنی هاوسەرگیری وەك خزمایەتی پشت، بۆیە دایکی شیریت وبەردو سەرەوە وکچکی شیریت وبەرەو خوارەوە، وخوشکی شیری دایك وباوکی بێت یا یەکێکیان لێت حەرامن بە هۆی ئەم نزیکایەتیەی شیر خواردن دروستی کردوە.

سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە حەلاڵکردنەوە: جا هەمو ئەوەی بۆت حەلاڵە لە نێوان تۆ ونزیکێکی پشتیت وەك دایك وخوشك، هەمان ئەوەت بۆ حەلاڵە لە نێوان تۆ وئەودا لە ڕێی شیر خواردنەوە، بۆیە تەماشاکردن وتەنها کەوتنی نێوانیان حەلاڵە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عائیشە ﵂ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «شیر خواردن ئەوە حەرام دەکات کە لە دایك بون حەرامی دەکات».

پرسی سێیەم: سەلماندنی شیر خواردن:

شیر خواردن دەسەلمێت بە شایەتیدانی یەك ئافرەتی چاکی ناسراو بە ڕاستگۆیی، شایەتی لە سەر خۆی بدات یان بۆ جگە لە خۆی کە پێنج جار شیری داوە بە منداڵەکە لە ماوەی دو ساڵەکەدا، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی حارس ﵁، ئەڵێ: ژنم هێنا، ئافرەتێك هات وتی: شیرم بە هەردوکتان داوە، ئەڵێ: ئەودبو چومە خزمەتی پەیامبەر ﷺ ئەویش فەرموی: «وَكَيْفَ وَقَدْ قِيلَ؟ دَعْهَا عَنْكَ» «جا چۆن لەگەڵی دەژیت لە کاتێکدا وا ئەڵێن!؟ وازی لێ بهێنە، یان شتێکی وای وت»[1]. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمە شایەتی دانە لە سەر عەورەت [کە ئەبێت داپۆشراو بێت]، جا شایەتیدانی ئافرەتی تێدا وەردەگیرێت بە تەنها بە بێ پیاو وەك منداڵ بون، [چونکە تەنها ئافرەتان ئامادەی دەبن ودەیبینن زۆربەی جار].

---

(١) أخرجه البخاري (٢٦٦٠).

دەروازەی دەیەم

لە بارەی بە خێوکردن وحوکمەکانیەوە «الحضانة وأحكامها»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی، وحوکمەکەی، وبۆ کێ دەبێت؟

١- پێناسەی «الحَضَانَة»:

لە زماندا بریتیە لە پەروەردەکردنی منداڵ چاودێریکردنی، لە «الحضْن»ـەوە وەرگیراوە کە بریتیە لە کۆش، چونکە بەخێو کەر وپەروەردە کەر منداڵەکە دەخاتە کۆشی. وبەخێو کەری پیاو وژنیش (الحاضِن والحاضِنَة): ئەو کەسەن کە سپێردراون بە منداڵ تا بیپارێزن وبەخێوی بکەن.

بەخێوکردنیش لە شەرعدا: هەستانە بە خێوکردن وپاراستنی ئەوەی بە سەربەخۆیی کاروباری خۆی پێ بەڕێوە نابرێت، وپەروەردەکردنی لە ڕوی جەستەیی ومەعنەویەوە، وپاراستنی لەوەی ئازاری دەدات.

٢- حوکمەکەی:

ئەگەر کەسی تر دەست نەکەوێت ئەوا ئەبێتە فەرزی عەین دەرهەق بەخێو کەرەکە، یان دەست بکەوێت بەڵام بەخێو کراوەکە کەسی تر قەبوڵ نەکات، لەبەر ئەوەی تیا ئەچێت یان زیانی پێ دەگات بە نەپاراستنی، ئەو کاتە واجبە لە تیا چون بپارێزرێت، ئەگەریش زیاتر لە بەخێوکەرێك هەبو ئەوسا فەرزی کیفایەیە.

٣- مافی بەخێوکردن بە کێ دەدرێت؟

بەخێو کردن بۆ ژنان وپیاوانە لەوانەی شایستەین، ئەوەندە هەیە ئافرەتان دەخرێنە پێش پیاوانەوە لە بەخێو کردندا، چونکە ئەوان دڵسۆزتر ونەرم ترن بە منداڵ،

ئەگەریش ئەو مافەیان نەبو ئەوا دەگوازرێتە بۆ پیاوان چونکە ئەوان زیاتر توانای پاراستن وجێ بەجێ کردنی بەرژەوەندیەکانی منداڵیان هەیە.

وبەخێوکردنی منداڵیش لە ئەستۆی دایك وباوکیەتی ئەگەر هاوسەرگیری نێوانیان بەردەوام بو، بەڵام ئەگەر جیابونەوە ڕویدا بو ئەوە بەخێوکردن بۆ دایکە ئەگەر شوی نەکردبوە بێگانەیەك بۆ بەخێوکراوەکە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ بۆ ئەو ئافرەتەی پیاوەکەی تەڵاقی دابو وئەشی ویست منداڵەکەشی لێ بسێنێت: «أنتِ أحق به ما لم تنكحي» «تۆ لە پێشتری مەگەر شو بکەیتەوە»[١].

ئەوەی بەخێوکردنیش دەیخوازێت: پاراستنی بەخێو کراو، وگرتنەوەشی لە هەر شتێك زیانی بۆی هەبێت، وپەروەردە کردنیەتی تا گەورە دەبێت، هەروەها کردنی هەمو ئەو شتانەیە کە لە بەرژەوەندی ئەودایە: لە ئاگادار بون لە خواردن وخواردنەوەی وشۆردنی، وپاك وخاوێن کردنەوەی دەرون ودەرەوەی، وئاگا بون لە خەوتنی وهەستانی، وهەستان بە سەرجەم پێداویستی وداخوازیەکانی.

پرسی دووەم: مەرجەکانی بەخێوکەر، وڕێگریەکانی بەخێوکردن:

١- ئیسلامەتی: جا کافر بۆی نیە موسڵمان بەخێو بکات، چونکە نابێت ببێتە کار بە دەستی موسڵمان، هەروەها لەبەر ئەوەی مەترسی هەیە لە سەر دینی بەخێوکراو ولە ئیسلام بیباتە دەرەوە بۆ بێ باوەڕی.

٢- پێگەیشتن وژیری: جا منداڵ وشێت وتێکچو بەخێوکردنیان بۆ نیە، چونکە ئەوان ناتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن وپێویستیان بە کەسێکە خۆیان بەخێو بکات.

(١) أخرجه أحمد (١٨٢/٢)، وأبو داود (٢٢٧٦)، والحاكم (٢٠٧/٢) وصححه ووافقه الذهبي، وحسّنه الألباني «الإرواء» (٢١٨٧).

٣- دەست پاك وداوێن پاك بێت: جا خائین وفاسق بەخێوكردنیان بۆ نیە، چونكە جێی ئەمانەت نین، ومانەوەی بەخێو كراویش لە لایاندا زیانە بۆ خۆی ومالیشی.

٤- بتوانێت لە ڕوی جەستەیی ودارایییەوە هەستێت بە كاروباری بەخێوكراو: جا بێ توانایەك بە هۆی تەمەنەوە، یان عەیبدارێك وەك لاڵی وكەڕی بەخێوكردنی بۆ نیە، هەروەها هەژارێكی نەدار، یان ئەوەی سەرقاڵە بە كاروبارێكی زۆردەوە ونەبێتە مایەی زایەبونی بەخێوكراو= بەخێوكردنیان بۆ نیە.

٥- ئەبێت بەخێوكراو هیچ نەخۆشیەكی گوازراوەی نەبێت، وەك گەڕی وهاوشێوەكانی.

٦- ئەبێت سەر ڕاست بێت: جا گەمژەیەكی دەست باد بەخێوكردنی بۆ نیە بۆ ئەوەی ماڵی بەخێوكراوەكە لە ناو نەدات.

٧- ئەبێت بەخێوكەرەكە ئازاد بێت: جا كۆیلە بەخێوكردنی بۆ نیە، چونكە بەخێوكردن ویلایەت وكار بە دەستیە، وكۆیلەش شیاو نیە بۆ كار بە دەستی.

ئەمە ئەو مەرجانەیە كە گشتیە لە ژنان وپیاواندا. مەرجێكی تر هەیە بۆ ئافرەت زیاد دەكرێت، ئەویش ئەوەیە: ئەبێت شوی بە بێگانەیەك بۆ منداڵەكە نەكردبێت، چونكە ئەو كاتە سەرقاڵە بە مافی مێردەوە، ولەبەر فەرمودەكەی [پێشو]: «تۆ لە پێشتری بە بەخێوكردنی مەگەر شو بكەیتەوە».

بەخێوكردن دەكەوێت بە بونی ڕێگرێكی لەو ڕێگریانەی باس كرا، یان نەمانی مەرجێك لە مەرجە شایستەییەكانی پێشو.

پرسی سێیەم: لەو حوكمانەی پەیوەستن بە بەخێوكردنەوە:

- ئەگەر یەكێك لە دایك وباوكی بەخێوكراو سەفەرێكی درێژی كرد ومەبەستیشی زیان گەیاندن نەبو وڕێگاكەش ئەمان بو، ئەوا باوك لە پێشترە بە بەخێوكردن، ئیتر

مێردەکە سەفەری کردبێت یان نیشتەجێ بێت، چونکە ئەو هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی منداڵ وپارێزگاری لێکردنی، کە دوریش بێت منداڵ زایە دەبێت.

- ئەگەر سەفەرەکەی بۆ شارێکی نزیك بو وکەمتر بو لە ماوەی نوێژ کورت کردنەوە، ئەوا بەخێوکردن لە ئەستۆی دایکە، ئیتر دایکەکە سەفەر بکات یان نیشتەجێ بێت، چونکە ئەم زیاتر دڵسۆزترە، وباوکیش دەتوانێت سەرپەرشتی بکات وئاگای لێ بێت.

بەڵام ئەگەر سەفەرەکە درێژ بو ولەبەر پێویستیەك بو، بەڵام ڕێگاکە ئەمان بو ئەوا بەخێوکردن لە ئەستۆی نیشتەجێیە.

- بەخێوکردن لە تەمەنی حەوت ساڵاندا کۆتایی دێت، دوای ئەوە نێرینە لە نێوان دایك وباوکیدا سەر پشك دەکرێت ولای ئەودیان دەمێنێتەوە کە هەڵی دەبژێرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «يَا غُلَامُ هَذَا أَبُوكَ وَهَذِهِ أُمُّكَ فَخُذْ بِيَدِ أَيِّهِمَا شِئْتَ» «ئەی ڕۆڵە! ئەمە باوکتە وئەمەش دایکت، دەستی کامیانت دەوێت بیگرە» ئەویش دەستی دایکی گرت وبردی[1]. هەروەها عومەر وعەلیش ﷺ بڕیاریان بە سەر پشك کردن بو.

سەر پشکیش ناکرێت مەگەر دوای عەقڵ گرتن، ودایك وباوکەکەش ئەهلی بەخێو کردن بن. سەر پشك کردنیش تایبەتکرا بە حەوت ساڵانەوە، چونکە سەرەتای تەمەنێکە کە شەرع تێیدا فەرمانی پێ کردوە بە نوێژ، جا ئەگەر منداڵەکە باوکی هەڵبژارد ئەوە شەو وڕۆژ لای دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پەروەردەی بکات وئەدەبی

(١) أخرجه أحمد (٢/٢٤٦)، وأبو داود (٢٢٧٧)، والترمذي (١٣٧٥) وقال: «حسن صحيح»، والحاكم (٤/٩٧) وصححه، وافقه الذهبي. وصححه الألباني «الإرواء» (٢١٩٢).

بدات، وڕێگریشی نابێت لە سەردان کردنی دایکی، ئەگەریش دایکی هەڵبژارد ئەوا بە شەو لای دەبێت وبە ڕۆژیش لای باوکی بۆ ئەوەی ئەدەبی بدات وپەروەردەی بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕۆژ شوێنی کاتی جێ بەجێکردنی پێداویستیەکان وئیشی پیشەوەرانە.

مێینەش ئەگەر گەیشتە حەوت ساڵی ئەوە لای باوکی دەبێت، چونکە زیاتر دەپارێزێت وشیاوترە لە کار بە دەست گرتنی تا جگە لە خۆی، هەروەها لەبەر ئەوەی نزیکە لە تەمەنی شو کردنەوە وباوکیش کار بە دەست (وَلِيّ أمْر)یەتی وخوازبێنی لای ئەو دەکرێت، وئەویش شارەزاترە کێ هاو شانیەتی لە داواکەران. ڕێگریش ناکات لە سەردان کردنی دایکی ئەگەر ترسی حەرامی نەبو وەك ئەوەی بترسێت خراپ ببێت وهتد. ئەگەریش باوك نەیتوانی بیپارێزێت، بە هۆی سەرقاڵی یا تەمەن یا نەخۆشی یا کەم دینیەوە، ودایکەکەش چاکتر وبە تواناتر بو ئەوا ئەو لە پێشترە.

هەروەها ئەگەر باوك ژنی هێنا وخستیە لای باوەژن وئەویش ئازاری دەدا وکەم تەرخەمی دەرهەق دەکرد، ئەوا دایك لە پێشترە بە بەخێوکردن.

- کرێی بەخێوکردن -ئیتر دایکی بەخێوکەری بێت یان نا- لە ماڵی بەخێو کراوەکە دەدرێت ئەگەر هەیبو، ئەگەریش نەیبو ئەوا لە ماڵی کار بە دەستەکەی، وئەوەی بژێوی ئەمی لە سەرە دەدرێت.

دەروازەی یانزە

لە بارەی بژێوی وخەرجی کێشان «النَّفَقَات»

دو پرسی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی بژێوی، وجۆرەکانی:

أ. پێناسەی «النَّفَقَة»:

لە زماندا لە «الإِنْفَاق»ـەوە ودرگیراوە، کە لە بنەڕەتدا بریتیە لە دەکردن وتەواوکردن، وئینفاقیش بە کار ناهێنرێت مەگەر بۆ خێر وچاکە. لە شەرعیشدا: خەرجی کێشانە بە ئەندازەی بەس وکیفایەت بۆ ئەوانەی بژێویان دەکێشێت بە چاکە، لە خواردن وبەرگ وشوێنی نیشتەجێبون، وهاوماناکانیان.

ب. جۆرەکانی خەرجی:

١ - خەرجی خۆ کێشان.

٢ - خەرجی کێشانی لقەکان لە سەر بنەچەکان.

٣ - خەرجی کێشانی بنەچەکان لە سەر لقەکان.

٤ - خەرجی هاوسەر لە سەر مێرد.

یەکەم: خەرجی خۆ کێشان:

پێویستە لە سەر مرۆڤ لە خەرجی کێشانی خۆیەوە دەست پێ بکات ئەگەر توانای هەبو، لەبەر فەرمودەکەی جابر ﵁، ئەڵێ: پیاوێکی خێڵی عوزرە کۆیلەیەکی خۆی ئازاد کرد لە «دُبُر»دوە[1] تا ئەوەی پەیامبەر ﷺ پێی فەرمو:

---

(١) تدبیر العبد: پەیوەستکردنی ئازادکردنی کۆیلەیە بە مردنی خاوەنەکەیەوە، ئەڵێ: کەی مردم تۆ ئازادیت.

«ابْدَأْ بِنَفْسِكَ، فَتَصَدَّقْ عَلَيْهَا فإنْ فضل شيْءٌ، فلأَهْلِكَ فإنْ فضل عنْ أهْلِكَ شيْءٌ فَلِذِي قَرَابَتِكَ» «له خۆتەوە دەست پێ بکە وبژێوی خۆت بدە، ئەگەر شتێك مایەوە بۆ خێزانەکەت، ئەگەر شتێك لەوەیش مایەوە ئەوە بۆ نزیکەکانت لە خزمانت»[١].

دوەم: بژێوی لقەکان:

پێویستە لە سەر باوك وبەرەو سەرەوە بژێوی کورەکەی وبەردو خوارەوە بکێشێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [البقرة:٢٣٣]. جا لە سەر باوك پێویستی دەکات بژێوی شیردانی کۆرپەلەکەی بکێشێت. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂ کەوا هیندی کچی عوتبە وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕژدە، ئەوەندەم پێ نادات بەشی خۆم ومنداڵەکانم بکات مەگەر خۆم شتێك ببەم وپێی نەزانێت، فەرمووی: «خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالمَعْرُوفِ» «ببە ئەوەندەی بۆ خۆت ومنداڵەکانت بەسە بە چاکی»[٢].

سێیەم: بژێوی بنەچەکان:

بژێوی دایك وباوك پێویستە لە سەر منداڵەکانیان، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ [لقمان:١٥] «وله دونیادا بە چاکی لەگەڵیاندا بژی بەس نەگاتە تاوان»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ [الإسراء:٢٣] «خوا فەرمانتان پێ دەکات لەگەڵ دایك وباوکانتانیش باش بن». خەرجی کێشانیشیان بەشێکە لە چاك بون لەگەڵیان، بەڵکو ئەوە لە گەورەترین چاکەکردنە لەگەڵ دایك وباوك. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ

---

١) أخرجه مسلم (٩٩٧).
٢) أخرجه البخاري (٢٢١١)، ومسلم (١٧١٤).

فەرمویەتی: «إِنَّ مِنْ أَطْيَبِ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ ولدُهُ مِنْ كَسْبِهِ» «بەڕاستی پاکترین شتێك پیاو بیخوات ئەوەیە هی کەسابەتی خۆی بێت، منداڵەکەشی لە کەسبی خۆیەتی»[(١)]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی عەمری کوڕی عاص ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «أَنْتَ وَمَالُكَ لِوَالِدِكَ، إِنَّ أَوْلَادَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ، فَكُلُوا مِنْ كَسْبِ أَوْلَادِكُمْ» «خۆت وماڵەکەتیش هی باوکتە، منداڵەکانتان لە پاکترینی کەسابەتەکانتانن، جا بخۆن لە کەسابەتی منداڵەکانتان»[(٢)].

چوارەم: بژێوی هاوسەر:

بژێوی هاوسەر لە سەر مێرد واجبە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾ [النساء:٣٤]، وفەرمودەکەی جابری کوڕی عەبدوڵا لە میانەی باسی حەجەکەی پەیامبەردا ﷺ وتێیدا هاتوە: «وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ، وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ» «ومافی ئافرەتانە بە سەرتانەوە بژێویان بدەن وجل وبەرگیان بۆ بکەن بە چاکی»[(٣)]، هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ لە حەدیسەکەی جابری پێشتردا: «ئەگەر شتێك مایەوە ئەوە بیدە خێزانەکەت». هەروەها فەرمودەکەی عائیشەی پێشتر کە تێیدا هاتبو پەیامبەر ﷺ بە هندی فەرمو: «ببە ئەوەندەی بۆ خۆت ومنداڵەکانت بەستانە بە چاکی». کەواتە پێویستە لە سەر مێرد خەرجی هاوسەرەکەی بکێشێت، لە ڕوی خواردن وشوێنی نیشتەجێ بون وجل وبەرگ کە بۆ هاوشێوەی ئەو بگونجێت.

---

(١) أخرجه الترمذي (١٣٥٨)، وأبو داود (٣٥٢٨) [واللفظ له]، والنسائي (٧/٢٤١)، وابن ماجه (٢١٣٧)، وصححه الشيخ الألباني «صحيح النسائي» (٤١٤٤).

(٢) أخرجه ابو داود (٣٥٣٠) [واللفظ له]، وصححه الألباني (الإرواء ٨٣٨).

(٣) أخرجه مسلم (١٢١٨).

ئەم بژێویەش پێویستە بۆ هاوسەرێك کە لایەتی ولە ئەستۆیەتی، هەروەها تەڵاقدراوی ڕەجعی تا لە ماوەی عیددەکەی بێت، بەڵام تەڵاقدراوی بائین ئەوە نە خەرجی بۆ هەیە نە شوێنی نیشتەجێ بون، مەگەر دو گیان بێت ئەوە خەرجی بۆ هەیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ [الطلاق:٦].

پرسی دووەم: خەرجی کۆیلە[١]:

أ- حوکمی خەرجی کێشانی کۆیلەکان: پێویستە لە سەر خاوەن کۆیلە خەرجیەکەی بکێشێت لە خواردن وجل وبەرگ وشوێنی نیشتەجێبون بە چاکە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ﴾ [الأحزاب:٥٠]، هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «لِلْمَمْلُوكِ طَعَامُهُ وَكِسْوَتُهُ» «کۆیلە خواردن وجل وبەرگی لە سەر خاوەنەکەیەتی»[٢]. واجبە نەرم بێت لەگەڵیاندا، ولە سەروی توانای خۆیانەوە ئەرك بەسەریاندا نەدات، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «وَلَا تُكَلِّفُوهُمْ مَا يَغْلِبُهُمْ، فَإِنْ كَلَّفْتُمُوهُمْ فَأَعِينُوهُمْ» «توانای شتێکیان نەبو مەیدەن بە سەریاندا، ئەگەریش داتان بەسەریاندا یارمەتیان بدەن»[٣].

ب- ژن هێنان بۆ کۆیلە وبە شودانی کەنیزەك: ئەگەر کۆیلە داوای هاوسەرگیری کرد ئەوا خاوەنەکەی ژنی بۆ دەهێنێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ﴾ [النور:٣٢] «ئەی باوەڕداران!

---

(١) [پرسەکەم دابەش کردوە]
(٢) أخرجه مسلم (١٦٦٢).
(٣) أخرجه مسلم (١٦٦١).

ئەوانەی هاوسەرگیریان نەکردوە لە ئازادەکانتان، وکۆیلە وکەنیزەکە چاکەکانتان هاوسەرگیریان بۆ دابین بکەن». ولەبەر ئەوەی ئەگەر واز بهێنێت لە ژن هێنان مەترسی توشبونی خراپەی لێدەکرێت. ئەگەریش کەنیزەك داوای بە شودانی کرد، خاوەنەکەی سەر پشکە لە چونە لای، وبەشودانی، وفرۆشتنی، بۆ ئەوەی زیانی لێ دور بخاتەوە.

پرسی سێیەم: خەرجی ئاژەڵان:

پێویستە لە سەر خاوەن ئاژەڵ خواردن وخواردنەوەی پێ بدات، وهەستێت بە کار وبارەکانی وچاودێری کردنی، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «دَخَلَتِ امْرَأَةٌ النَّارَ فِي هِرَّةٍ رَبَطَتْهَا، فَلَا هِيَ أَطْعَمَتْهَا، وَلَا هِيَ أَرْسَلَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الْأَرْضِ حَتَّى مَاتَتْ هَزْلًا» «ئافرەتێك ڕۆیشتە ئاگرەوە بە هۆی پشیلەیەکەوە بەستیەوە، نە ئەودبو خۆی خواردنی پێ بدات، نە ئەوەش بو بەرەڵای بکات خۆی لە خاشاکی زەوی بخوات، تا لاواز بو وتۆپی»[1]. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر واجبێتی بژێوی دابین کردن بۆ ئاژەڵی خاوەندار، چونکە ئافرەتەکە چوە ئاگرەوە بەهۆی بژێوی دابین نەکردن بۆ پشیلەکە، بە هەمان شێوە ئاژەڵە خاوەندارەکانی تر.

ئەگەریش خاوەن ئاژەڵەکە نەیتوانی بژێوی بدات، ناچار دەکرێت بیفرۆشێت یان بە کرێی بدات، یان سەری ببڕێت ئەگەر ئەخورا، چونکە مانەوەی لە ژێر موڵکی ئەودا وبژێوی بۆ دابین نەکات ستەمە، ستەمیش پێویستە لا ببرێت.

---

(١) أخرجه مسلم (٢٦١٩).

دەیەم: بەشی تاوانەکان (الجِنَایَات)

لە سێ دەروازەش پێك هاتوە:

دەروازەی یەکەم: لە بارەی تاوانەکانەوە

دەروازەی دوەم: لە بارەی خوێن باییەوە

دەروازەی سێیەم: لە بارەی قەسامەوە

دەروازەی یەکەم

لە بارەی تاوان ودەست درێژیەکانەوە[1] «الجنَايات»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: مانای «جِنَايَات»، وبەشەکانی:

أ- پێناسەی «الجِنَايَة»:

کۆکەی «جنایات»ـە، کە لە زماندا: بریتیە لە دەست درێژی کردنە سەر جەستە یان ماڵ یان ناموس وکەسایەتی، بەڵام زاناکان بەشی تاوانەکانیان تایبەت کردوە بە دەست درێژی کردنە سەر جەستە، وبەشی حدودەکانیان تەرخان کردوە بە دەست درێژی کردنە سەر ماڵ وناموس وکەسایەتی.

جا جنایەت لە شەریعەتدا: بریتیە لە دەست درێژی کردنە سەر جەستە بە شێوەیەك کە تۆڵە کردنەوە، یان ماڵ، یان کەفارەت پێویست دەکات.

ب- بەشەکانی جنایەت:

دەست درێژی ئەبێتە دو بەشەوە:

- دەست درێژیکردنە سەر نەفس.
- دەست درێژیکردنە سەر جگە لە نەفس.

پرسی دوەم: دەست درێژیکردنە سەر نەفس:

ئەمەش هەمو کردەوەیەکە ئەبێتە مایەی دەرچونی ڕوح، کە بریتیە لە کوشتن. موسڵمانانیش کۆکن لە سەر حەرامێتی کوشتن بە ناڕەوا، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا

---

(١) [لە دو ڕوانگەی جیاوازە ئەکرێ هەم بە تاوانەکان، هەم بە دەست درێژی وەر بگێردرێت].

ﷻ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ [الإسراء:٣٣]. «وئەو نەفسە مەکوژن کە خوا قەدەغەی کردوە مەگەر بە هەقێکی شەرعی وەکو تۆڵەکردنەوە...». ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود ﷺ، کە پەیامبەری خوا فەرموی: «لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللهِ، إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: النَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالْمَارِقُ مِنَ الدِّينِ التَّارِكُ الْجَمَاعَةَ» «خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نیە کە شایەتی بدات بەوەی هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مەگەر الله، ومن پەیامبەری خوام مەگەر بە سێ شت: نەفس بەرامبەر بە نەفس، نا سەڵتێکی زینا کەر، ودەرچو لە دین ووازهێنەر لە کۆمەڵی موسڵمانان»[1]. جا حەرام بونی کوشتن بە ناڕەوا سەلماوە بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی.

حوکمی بکوژ بە ناڕەوا:

ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت بە ئەنقەست وبە ناڕەوا ئەوە حوکمەکەی ئەوەیە فاسقە، چونکە تاوانێکی گەورەی کردوە، وخوای مەزنیش کوشتنی زۆر بە گەورە داناوە، ودك ئەفەرموێ: ﴿مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا﴾ [المائدة:٣٢] «هەر کەس کەسێك بکوژێت بە بێ هۆکارێك ودك تۆڵەکردنەوە یان خراپەکاریەك لە سەر زەوی بە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی خراپەکاری کە ئەبێتە مایەی کوشتن ودك شیرك وجەردەیی، ئەوا وەکو ئەوە وایە هەمو خەلکی کوشتبێت بە هۆی ئەوەی شایستەی سزایەکی گەورەی خوایە». پەیامبەریش ﷺ ئەفەرموێ: «لَنْ يَزَالَ الْمُؤْمِنُ فِي فُسْحَةٍ مِنْ دِينِهِ، مَا لَمْ يُصِبْ دَمًا حَرَامًا» «بەردەوام موسڵمان لە فراوانیدایە لە دینەکەیدا ئەگەر خوێنێکی حەرامی

(١) أخرجه البخاري (٣٣٣٥)، ومسلم (١٦٧٧).

نەرشتبێت»[1]، خوای مەزنیش هەرەشە دەکات وئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا...﴾ [النساء:٩٣] «وەهەرکەس دەست درێژی بکاتە سەر باوەڕدارێك وبیکوژێت بە ئەنقەست وبە ناهەق ئەوە سزاکەی دۆزەخە وتێیدا دەمێنێتەوە لەگەڵ توڕەیی خوا ودەرکردنی لە بەزەیی خۆی، وتوندترین سزای بۆ ئامادە کردوە»، بڕیاریشی لای خوایە ئەگەر ویستی سزای دەدات ویستیشی لێبو لێی خۆش دەبێت، بە بەڵگەی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ [النساء:٤٨] «خوا خۆشنابێت هاوبەشی بۆ دابنرێت، وبۆ جگە لە شیرك وخوار لەو خۆش دەوێت بۆ تاوانێك ویستی لێ بێت»، جا لە ژێر ویستدایە، چونکە تاوانەکەی لە خوار هاوبەشدانانەوەیە، ئەمە ئەگەر تەوبە نەکات، بەڵام ئەگەر تەوبەی کرد ئەوە تەوبەی لێ وەر دەگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [الزمر:٥٣] «ئەی پەیامبەری خوا بەو بەندانەم کە ڕۆچون لە تاواندا وستەمی زۆریان لە خۆیان کردوە بڵێ: بێ ئومێد مەبن لە بەزەیی خوا بە هۆی زۆری تاوانەکانتانەوە، خوا لە هەمو تاوانێك خۆش دەبێت بۆ کەسێك تەوبە بکات وپەشیمان ببێتەوە، خوا لێبوردەیە وتەوبەی تۆبەکاران وەردەگرێت».

بەڵام هەر بە تەنها تەوبەکردنی پیاو کوژەکە مافی کوژراوەکە ناکەوێت لە دواڕۆژدا.

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٦٢).

نەرشتبێت»[١]، خوای مەزنیش ھەڕەشە دەکات وئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا...﴾ [النساء:٩٣] «وەھەرکەس دەست درێژی بکاتە سەر باوەڕدارێك وبیکوژێت بە ئەنقەست وبە ناحەق ئەوە سزاکەی دۆزەخە وتێیدا دەمێنێتەوە لەگەڵ توڕەیی خوا وددرکردنی لە بەزەیی خۆی، وتوندترین سزای بۆ ئامادە کردوە»، بڕیاریشی لای خوایە ئەگەر ویستی سزای دەدات ویستیشی لێبو لێی خۆش دەبێت، بە بەڵگەی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ [النساء: ٤٨] «خوا خۆشنابێت ھاوبەشی بۆ دابنرێت، وبۆ جگە لە شیرك وخوار لەو خۆش دەوێت بۆ تاوانێك ویستی لێ بێت»، جا لە ژێر ویستدایە، چونکە تاوانەکەی لە خوار ھاوبەشدانانەوەیە، ئەمە ئەگەر تەوبە نەکات، بەڵام ئەگەر تەوبەی کرد ئەوە تەوبەی لێ وەر دەگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [الزمر:٥٣] «ئەی پەیامبەری خوا بەو بەندانەم کە ڕۆچون لە تاواندا وستەمی زۆریان لە خۆیان کردوە بڵێ: بێ ئومێد مەبن لە بەزەیی خوا بە ھۆی زۆری تاوانەکانتانەوە، خوا لە ھەمو تاوانێك خۆش دەبێت بۆ کەسێك تەوبە بکات وپەشیمان ببێتەوە، خوا لێبوردەیە وتەوبەی تۆبەکاران وەردەگرێت».

بەڵام ھەر بە تەنھا تەوبەکردنی پیاو کوژەکە مافی کوژراوەکە ناکەوێت لە دواڕۆژدا.

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٦٢).

پرسی سێیەم: جۆرەکانی کوشتن:

کوشتن دەبێتە سێ بەشەوە: بە ئەنقەست، ونیمچە ئەنقەست، وبە هەڵە.

هەڵە وئەنقەست لە قورئاندا باسیان هاتوە لە فەرمایشتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا﴾ [النساء:٩٢] «بۆ هیچ موسڵمانێك نیە دەست درێژی بکاتە سەر برا موسڵمانەکەی وبە نارِەوا بیکوژێت مەگەر بە هەڵە بیکات وبە ئەنقەست نەبێت، کێش بە هەڵە کوشتی ئەوا لە سەریەتی کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات وخوێن بابیەکەش تەسلیمی کار بە دەستانی کوژراو دەکات، مەگەر بیکەنە صەددقە پێی وبیبەخشن ولێی خۆش بن». هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [النساء:٩٣]. بەڵام نیمچە ئەنقەست: لە سوننەتی پاکدا سەلماوە کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «عَقْلُ شِبْهِ الْعَمْدِ مُغَلَّظٌ مِثْلُ عَقْلِ الْعَمْدِ» «خوێن بابی نیمچە ئەنقەست قورسە، وەك خوێبابیی ئەنقەست، وبکوژەکە ناکوژرێتەوە»[(١)].

فەرمو ئەمەش وردەکاری باسەکەیە لە خواردوە:

بەشی یەکەم: کوشتنی ئەنقەست:

حەقیقەتەکەی: ئەوەیە بکوژ بڕوا ئادەمیزادێکی خوێن پارێزراو بکوژێت بە شتێك زۆربەی گومان ئەودیە دەمرێت پێی. کەواش بو ئەبێت سێ مەرج فەراهەم بێت، بۆ ئەودی کوشتنەکە بە ئەنقەست بدرێتە قەڵەم:

١- بونی مەبەستی کوشتن لەلایەن بکوژەوە، واتە ویستی کوشتن بێت.

(١) أخرجه أبو داود (٤٥٦٥)، وأحمد في المسند (١٨٣/٢) وحسّنه الأرناؤوط في حاشية المسند (٣٢٨/١١).

٢- ئەبێت بزانێت ئەوەی ڕۆیشتوە کوشتویەتی ئادەمیزادێکی خوێن پارێزراو بوە.

٣- ئەبێت ئەو ئامێرەی پێی کوژراوە عادەتەن بۆ کوشتن بەکار بشێت، ئیتر تیژ بێت یان نا.

جا ئەگەر مەرجێك لەمانەی تێدا نەبو ئەوا کوشتنەکەی نابێتە ئەنقەست.

• شێوەکانی کوشتنی ئەنقەست:

١- بە تیژکراوێك لێی بدات، ئەمەش ئەوەیە کە دەبڕێت ودەڕواتە لاشەوە؛ وەك شمشێر وچەقۆ وڕم وهاوشێوەکانیان.

٢- بە شتێکی قورسی گەورە بیکوژێت وەك بەردێکی گەورە وچەکوش وهاوشێوەکانی، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەسی کوڕی مالك ئەڵێ: کەنیزەکێك دۆزرایەوە تەماشا دەکەن سەری لە نێوان دو بەردا شکێنراوە. پرسیاریان لێکرد کێ وای لێکردی؟ فلان؟ فلان؟ تا ناو جولەکەیەکیان هێنا، ئەویش سەری جولاند، جولەکەکەیان گرت، ودانی نا بە تاوانەکەیدا، پەیامبەریش ﷺ فەرمانی کرد بە بەرد سەری بشکێنری[1].

٣- نەهێڵێت هەناسەی بێتە دەرەوە، وەك ئەوەی بیخنکێنێت بە پەتێك وهاوشێوەکانی، یان دەم ولوتی دابخات تا ئەمرێت.

٤- خواردنەوەیەکی ژەهراوی پێ بدات ئەو پێی نەزانێت، یان خواردنێکی بکوژی پێ بدات وبە هۆیەوە بمرێت.

٥- بیخاتە شوێنێکی تیاچونەوە کە دڕندەی تێدا زۆرە یان ئاوی تێدا نەبێت.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٤١٣)، ومسلم (١٦٧٢) -١٧.

٦- بیخاتە ئاوێکەوە بیخنکێنێت، یا ئاگرێکەوە بیسوتێنێت، ناشتوانێت خۆی لێیان رزگار بکات.

٧- بەندی بکات وخواردن وخواردنەوەی لێ بگرێتەوە بۆ ماوەیەك کە زۆر جار مرۆڤ تێیدا دەمرێت، ئەویش بە هۆیەوە لە برسێتی یان تینوێتی بمرێت.

٨- بیخاتە بەردەم ئاژەڵێکی دڕندەی وەك شێر، یا مارێکی کوشندە، ئەویش بە هۆیەوە بمرێت.

٩- ببێتە هۆی کوشتنی بە هۆیەك کە شتێك زۆرجار کوشتنی لێ دەبێتەوە، وەك ئەوەی شایەتیەکی لە دژ بدات ببێتە مایەی کوشتنی وەك زیناکردن یان هەڵگەڕانەوە یان کوشتن، ئەویش بکوژرێت، ئینجا شایەتەکان لە شایەتیەکەیان پەشیمان ببنەوە وبڵێن: بە ئەنقەست ویستمان بیکوژین، ئەوا دەکوژرێنەوە لە بری.

• **شێوەکانی کوشتنی ئەنقەست:**

کوشتنی بە ئەنقەست دو حوکمی هەیە:

١- حوکمی دوا ڕۆژ: ئەویش بریتیە لە حەرامێتی کوشتن، وبکەرەکەشی تاوانێکی گەورە دەکات، وسزایەکی بە ئازاری بۆ هەیە ئەگەر تەوبە نەکات، یان خوا لێی دەبورێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [النساء:٩٣].

٢- حوکمی دونیایی: کوشتنی ئەنقەست تۆڵەکردنەوە پێویست دەکات ئەگەر کار بە دەستانی کوژراوەکە لێی خۆش نەبن، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ﴾ [البقرة:١٧٨] «ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوا وپەیامبەر هەیە وئیش بە شەرعەکەی دەکەن فەرز کراوە لە

سەرتان کە تۆڵە بکەنەوە لە بکوژی ئەنقەست بە مەرجی یەکسانی وهاوشانی: ئازاد بە ئازاد، وکۆیلە بە کۆیلە، ومێینە بە مێینە، جا کار بە دەستانی کوژراو لە کێ بوران وتۆڵەیان نەکردەوە وتەنها خوێن باییان وەرگرت، ئەوا با هەردولا پابەندی ڕەوشت بەرزی بن، داوای خوێن بایی لە کار بە دەستەکانی دەکرێت بە بێ توند وتیژی، ئەوانیش خوێن باییەکە دەدەن بە چاکە بە بێ دواخستن ولێ بڕین». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﵁ ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ فەرموی: «وَمَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ؛ إِمَّا أَنْ يُفْدَى وَإِمَّا أَنْ يَقْتُلَ» «کێ کەسێکی کوژرا، دو ڕێگای لە بەردەمدایە: یان خوێن بایی دەبات، یان: دەیکوژێتەوە»[(١)]. جا کار بە دەستانی کوژراو سەر پشکن لە نێوان تۆڵە سەندنەوە ولێ بوردنی بێ بەرامبەر، یان خوێن بایی وەرگرتن کە لە بری تۆڵە سەندنەوەیە وبۆشی هەیە سولح بکات لە سەر زیاتریش. موەفەق [ئیبن قودامە] ئەڵێ: جیاوازی شك نابەم لەم بارەوە، لەبەر فەرمودەکەی عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە ﵁، بەرزی دەکاتەوە: «مَنْ قَتَلَ عَمْدًا، دُفِعَ إِلَى أَوْلِيَاءِ الْقَتِيلِ، فَإِنْ شَاؤُوا قَتَلُوا، وَإِنْ شَاؤُوا أَخَذُوا الدِّيَةَ، وَذَلِكَ ثَلَاثُونَ حِقَّةً، وَثَلَاثُونَ جَذَعَةً، وَأَرْبَعُونَ خَلِفَةً، وَذَلِكَ عَقْلُ الْعَمْدِ، [و]مَا صُولِحُوا عَلَيْهِ فَهُوَ لَهُمْ، وَذَلِكَ تَشْدِيدُ الْعَقْلِ» «هەر کەس بە ئەنقەست کەسێکی کوشت، ئەوە تەسلیمی کار بە دەستانی کوژراو دەکرێت، ئەگەر ویستیان لێ بو دەیکوژنەوە، ئەگەریش ویستیان لێ بو خوێن بایی وەردەگرن، ئەمەش بریتیە لە سی حیققە، وسی جەزەعە، وچل وشتری ئاوس، ئەمەش خوێن بایی ئەنقەستە، لە سەر چیش سولحیان کرد ئەوە بۆیان هەیە، ئەمەش توندکردن

(١) أخرجه البخاري (٤٢٩٥) [بل هو في (١١٢، ٢٤٣٤، ٦٨٨٠)]، ومسلم (١٣٥٤) واللفظ له.

وقورس کردنی خوێن باییە»[1]. لێ بوردنی بۆ بەرامبەریش باشترە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ [البقرة:٢٣٧] «ولێبوردنتان نزیکترە لە لەخواترسان وگوێڕایەڵیەوە».

• **مەرجەکانی تۆڵە سەندنەوە لە نەفسدا:**

کار بە دەستی کوژراوەکە مافی خۆیەتی تۆڵە بکاتەوە، بە چوار مەرج:

١- ئەبێت کوژراوەکە تەکلیف کراو بێت، کە بریتیە لە پێگەیشتوی ژیر. جا تۆڵە سەندنەوە نیە لە منداڵ وشێت وتێکچو وخەوتو، لەبەر فەرمایشتەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ: «قەڵەمی نوسین هەڵگیراوە لە سەر سیان: خەوتو تا بێدار دەبێتەوە، ومنداڵ تا پێدەگات، وشێت تا هۆشی دێتەوە». چونکە ئەمانە مەبەستێکی دروستیان نیە، یان هەر مەبەستیان نیە.

٢- ئەبێت کوژراوەکە خوێن پارێزراو بێت، چونکە تۆڵە سەندنەوە دانراوە بۆ نەڕشتنی خوێن، جا کەسی خوێن بە فیڕۆ دراو پارێزراو نیە، جا ئەگەر موسڵمانێك بێ باوەڕێکی شەڕانی، یان هەڵگەڕاوەیەك پێش تەوبە کردنی، یان زینا کارێکی ناسەڵت بکوژێت ئەوە تۆڵە سەندنەوە وخوێن بایی لە سەر نیە، بەڵام تەمبێ دەکرێت چونکە دەست درێژی کردۆتە سەر حکومەت.

٣- بونی هاوشانی لە نێوان بکوژ وکوژراودا، جا ئەبێت یەکسان بن لە ئازادی ودین وکۆیلایەتیدا، بۆیە موسڵمان بە ناموسڵمان ناکوژرێتەوە، ئەگەر موسڵمانەکە

(١) أخرجه ابن ماجه (٢٦٢٦)، وغيره [كالترمذي (١٣٨٧) هو أولى بالعزو] بسند حسن، انظر: «الإرواء» (٢٥٩/٧)، وصحيح ابن ماجه (٢١٢٥). و«الحقة»: ئەوەیە سێ ساڵی تەواو کردبێت وچو بێتە چوارەمەوە، و«الجذعة»: ئەوەیە چوار ساڵی تەواو کردبێت وچو بێتە ناو پێنجەمەوە، و«الخلفة»: بریتیە لە وشتری ئاوس، کۆکەشی «خلفة»یە بەدەر لە لەفزەکەی خۆی.

کۆیلە بێت وناموسڵمانەکە ئازاد بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «لا يُقتَل مسلمٌ بكافر» «موسڵمان بە ناموسڵمان ناکوژرێت»[(١)]. هەروەها ئازاد بە کۆیلە ناکوژرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ﴾ [البقرة:١٧٨].

جگە لەمانە جیاوازی لە هیچ شتێکی تردا دەور نابینێت، جا ناودار بە بێناو، نێر بە مێ، ساغ بە شێت وتێکچو= دەکوژرێتەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ﴾ [المائدة:٤٥] «ولە تەوراتدا نوسیمان لە سەریان کە نەفس بەرامبەر نەفس دەکوژرێتەوە».

٤- لێ نەبون (عدم الولادة): جا نابێت کوژراو کوڕی بکوژ بێت ولەو بو بێت، هەروەها بەرەو خوارەوە، بۆیە هیچ کام لە دایك وباوك وبەرەو سەرەوە بە هیچ کام لە منداڵەکان وبەرەو خوارەوە ناکوژرێنەوە، بە بەڵگەی فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لا يقتل والد بولده» «باوك بە کوڕ ناکوژرێتەوە»[(٢)].

بەڵام منداڵ بە هەردو دایك وباوك دەکوژرێتەوە، لەبەر فەرمایشتی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى﴾ [البقرة:١٧٨].

• **حیکمەت لە دانانی تۆڵە سەندنەوە:** خوای میهرەبان تۆڵە سەندنەوەی داناوە، وەکو بەزەییەك بە خەڵکی، وپاراستنی خوێنیان، وگرتنەوەیان لە دەست درێژی، وبەخۆرددانی ئەوەی بە خۆردی کەسی تری داوە، هەروەها نەهێشتنی تینی تورەیی ورقە لە دڵی کار بە دەستانی کوژراوەکەدا، هەروەها ژیانی تێدایە بۆ خەڵك، وهێشتنەوەی جۆری ورەگەزی مرۆڤە، وەك خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ فِي

---

(١) أخرجه البخاري (٦٩١٥).

(٢) أخرجه الترمذي (١٤٣٣، ١٤٣٤)، وابن ماجه (٢٦٦١، ٢٦٦٢) وصححه الألباني، «صحيح ابن ماجه» (٢١٥٦، ٢١٥٧).

الْقصاص حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ﴾ [البقرة:١٧٩] «وله تەشریعكردن ودانانی تۆڵە سەندنەوە وجێ بە جێ كردنی دا ژیانێكی سەلامەتی هەیە -ئەی خاوەن عەقڵە ساغەكان-».

• **مەرجەكانی سەندنەوەی تۆڵە:** ئەگەر مەرجەكانی شایستەبونی تۆڵەكردنەوە فەراهەم بو وپێویست بو، ئەوا تۆڵە لە دەست درێژیكار ناكرێتەوە وسزای بەسەردا جێبەجێ ناكەیت مەگەر بە فەراهەم بونی ئەم سێ مەرجە:

١- ئەبێت ئەو كەسەی شایستەی تۆڵەلێكردنەوەیە تەكلیف كراو (بالغ وژیر) بێت، جا ئەگەر كەسەكە یان هەندێكیان منداڵ یان شێت بو، كەسی تر ناخرێتە جێگایان بۆ تۆڵە كردنەوە، بەڵكو دەست درێژی كار بەند دەكرێت تا پێ دەگات، شێتیش تا عاقڵ دەبێت. موعاویەش ﷺ وای كردوە وهاوەڵانیش ﷺ بێ دەنگ بون لێی، جا وەك كۆ دەنگیان وایە.

٢- كۆ دەنگ بونی هەمو كار بە دەستانی كوژراوەكە لە سەر تۆڵە لێكردنەوەی، بۆ هەندێكیشیان نیە بە تەنها تۆڵە بكەنەوە، بۆ ئەوەی لە سەر مافی غەیرە خۆی تۆڵە نەكاتەوە ئیزنی خاوەن ماف، جا چاوەڕێی گەڕانەوەی ئامادەنەبو، وپێگەیشتنی منداڵ، وعاقڵ بونی شێت دەكرێت، كێش لە كار بە دەستانی كوژراو بمرێت میراتگرەكەی جێی دەگرێتەوە، ئەگەریش هەندێكیان بوران ئەوە تۆڵەكردنەوە دەكەوێت.

٣- ئەبێت دڵنیا ببنەوە لەوەی تۆڵە سەندنەوە سەر ناكێشێت بۆ جگە لە دەست درێژی كەر، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿فَلَا يُسْرِف فِي الْقَتْلِ﴾ [الإسراء:٣٣] «وبۆ كار بە دەستانی كوژراو نیە سنوری خوا ببەزێنن لە تۆڵەكردنەوەدا وەك ئەوەی دوان یان كۆمەڵێك بكوژرێتەوە بە یەك كەس، یان كوژراو بشێوێنرێت». ئەگەریش تۆڵە

کردنەوە پێویست بو لە سەر دو کیانێك، ئەوا ناکوژرێتەوە تا کۆرپەلەکەی دادەنێت چونکە کوشتنەوەی سەر دەکێشێت بۆ کوشتنی کۆرپەلەکەشی، کە کۆرپەلەکەشی دانا: ئەگەر کەس هەبو جێی بگرێتەوە لە شیر دان بە منداڵەکە ئەوا حەددی لە سەر جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەریش نەبو وێڵ دەکرێت تا لە دو ساڵی، لە شیر دەیبڕێتەوە، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ لە فەرمودەکەی غامدیەدا: «إذنْ لا نَرْجُمهَا وَنَدَعَ وَلَدَهَا صَغِيرًا لَيْسَ لَهُ مَنْ يُرْضِعُهُ» «کەوابو، ڕەجمی ناکەین ومنداڵەکەی بە بچوکی بهێڵینەوە وکەس نەبێت شیری پێ بدات!» پیاوێکی ئەنصاری هەستا وتی ئەی پەیامبەری خوا! شیردانی لە سەر من، ئەویش فەرمانی کرد ڕەجم بکرێت[١].

● لە حوکمەکانی تۆڵەکردنەوە:

١- تۆڵە سەندنەوە بە ئامادەبونی حکومەت -پێشەوا- یان جێگرەکەی جێبەجێ دەکرێت، ئەو ئیزن دەدات وبەرپای دەکات، بۆ ئەوەی ستەمی تێدا نەکرێت، وبە شێوەیەکی شەرعی بەڕێوە بڕوات وجێ بەجێ بکرێت، هەروەها ڕێگری بکات لە خراپەکاری وتێك دان وئاژاوە گێڕی.

٢- بنەما وایە: ئەوە بە دەست درێژی کەر بکرێت، کە بە دەست درێژی لێ کراوی کردوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ﴾ [النحل:١٢٦] «-ئەی باوەڕداران- ئەگەر تۆڵەتان کردەوە لەوانەی دەست درێژی کرۆدتە سەرتان، ئەوا وەکو خۆی تۆڵەیان لێ بکەنەوە وزیاتر لەوە مەکەن کە بە ئێوەیان کردوە». هەروەها پەیامبەر ﷺ سەری جولەکەکەی لە نێوان بەرد شکاند

(١) أخرجه مسلم (١٦٩٥).

وەك بە کەنیزەکەکەی کردبو [وەك پێشتر باس کرا]، هەروەها ئەگەر دەستەکانی بڕی بو پاشان کوشتبوی، وای لێ دەکرێت.

٣- ئەبێت ئەو ئامێرەی تۆڵە سەندنەوەی پێ جێ بەجێ دەکرێت بڕەر بێت وئیش خۆی بکات، وەك شمشێر وچەقۆ وهاوشێوەکانی، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِذَا قَتَلْتُم فَأَحْسِنُوا القِتْلَة» «ئەگەر کوشتتان بە شێوەیەکی جوان بکوژن»[1].

٤- ئەگەر کار بە دەستی کوژراوەکە دەیزانی بە شێودیەکی شەرعی تۆڵە بکاتەوە، ئەوا حکومەت ڕێگەی دەدات بە دەستی خۆی بیکات، ئەگەرنا فەرمانی پێدەکات کەسێکی شارەزا دابنێت بۆ ئەوەی تۆڵەی بۆ بکاتەوە.

بەشی دوەم: کوشتنی نیمچە ئەنقەست:

حەقیقەقەکەی: ئەوەیە بڕوا دەست درێژی بکاتە سەر کەسێك بە شتێك زۆرجار ناکوژێت، بەڵام دەست درێژی لە سەر کراو دەمرێت، هەروەها پێی دەوترێت هەڵەی ئەنقەست، جا لە دیوێکەوە لە ئەنقەست ئەچێت کە چوە لێیداوە، لە لایەکی تریشەوە لە هەڵە دەچێت کە بە شتێك لێیداوە مەبەستی پێی کوشتن نەبوە، هەر بۆیە حوکمەکەی لە نێوان ئەنقەست وهەڵەدایە. ئیتر مەبەستی دەست درێژی کردن بو بێتە سەری یان تەمبێکردنی.

- **لە شێوەکانی کوشتنی نیمچە ئەنقەست ونمونەکانی:**

١- بدات لە شوێنێك هی کوشتن نەبێت بە قامچی یان بەردێکی بچوك یان گۆچانێکی بچوك، یان بۆکس بدات لە سەر سنگی یان شوێنێکی هی کوشتن نەبێت وبمرێت.

---

(١) أخرجه مسلم (١٩٥٥).

٢- بیبەستێتەوە وبیخاتە کەنار ئاوێك لەوانەیە زیاد بکات ولەوانەشە زیاد نەکات، جا ئاوەکە زیاد بکات وبمرێت بەهۆیەوە، هەروەها بیخاتە ئاوێکی کەمەوە کە کەسی وەك ئەو ناخنکێت، بەڵام ئەو دەخنکێت.

٣- هاوار بکات بە سەر کەسێکی ژیردا لە کاتی بێئاگاییدا وبمرێت، یان هاوار بکات بە سەر منداڵ یان تێك چویەك لە سەر بانێکدا ئەویش بکەوێت وبمرێت.

● **حوکمی کوشتنی نیمچە ئەنقەست:**

کوشتنی نیمچە ئەنقەست دو حوکمی هەیە:

١- حوکمی دوا ڕۆژ: ئەویش بریتیە لە حەرامێتی وتاوانباری وسزای داو ڕۆژ، چونکە بەم کارەی بوەتە مایەی کوشتنی خوێن پارێزراوێك، بەڵام سزاکەی کەمترە لە کوشتنی ئەنقەست.

٢- حوکمی دونیایی: جا خوێن بایی قورسی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام تۆڵە سەندنەوەی لێ ناکەوێتەوە وەك ئەنقەست با کار بە دەستانی کوژراویش داوای بکەن، وکەفارەتدان واجبە لە ماڵی بکوژەکە بدرێت کە بریتیە لە ئازادکردنی کۆیلەیەك، ئەگەر نەیبو دو مانگ لە سەر یەك ڕۆژو دەگرێت. وکاربەدستانی کوژراو خوێن باییان بۆ هەیە، لەلایەن عاقیلەی[1] بکوژەکەوە دەدرێت لە ماوەی سێ ساڵدا، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عەبدولای کوڕی عەمر ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خوێن بایی نیمچە ئەنقەست قورسە، وەك خوێبایی ئەنقەست، وبکوژەکە ناکوژرێتەوە». هەروەها فەرمودەکەی موغیرەی کوڕی شوعبە ﷺ ئەڵێ: «ضَرَبَتِ امْرَأَةٌ ضَرَّتَهَا بِعَمُودِ فُسْطَاطٍ وَهِيَ حُبْلَى فَقَتَلَتْهَا... فَجَعَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ

---

(١) العاقلة: عەصەبەکانن، کە نزیکەکانن لە دیوی باوەکەوە کە لە سەریانە خوێن بایی کوشتنی هەڵە بدەن.

دِيَةَ الْمَقْتُولَةِ عَلَى عَصَبَةِ الْقَاتِلَةِ» «ئافرەتێك بە عامودی چادرێك دای لە هەویە دو گیانەکەی وکوشتی... پەیامبەریش خوێن بایی کوژراوەکەی خستە سەر عەصەبەی بکوژەکە»[1].

بەشی سێیەم: کوشتنی هەڵە:

حەقیقەتەکەی: ئەوەیە کەسێك بکوژێت بیٓ ئەوەی مەبەستی کوشتنی هەبێت

• جۆرەکانی کوشتنی هەڵە:

١ - هەڵە لە کردەوەدا: ئەویش ئەوەیە شتێك بکات کە بۆی دروستە بیکات بەڵام بەر ئادەمیزادێکی خوێن پارێزراو دەکەوێت بیٓ ئەوەی مەبەستی ئەو بێت، وەك ئەوەی ڕاو بکات بەر کەسێك بکەوێت وبیکوژێت، یان پل دەخوات لە ناو خەودا دەکەوێت بە سەر کەسێکدا ودەیکوژێت.

٢- هەڵە لە مەبەستدا: وەك ئەوەی شتێك بوەشێنێت بۆ شتێکی حەڵاڵ بەڵام دەر دەکەوێت ئادەمیزادە، بۆ نمونە: بوەشێنێت بۆ شتێك وا بزانێت نێچیرە، بەڵام دەردەکەوێت خوێنپارێزراوە.

٣- بکوژە ئەنقەستەکە بچوك یان شێت بێت، جا بە ئەنقەستی منداڵ وشێت مامەڵەی هەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە هەر دوکیان مەبەستیان نیە.

هەروەها بونە **هۆکاری کوشتنیش** دەدرێتە پاڵ کوشتنی ئەنقەست، وەك ئەوەی بیرێك یان چاڵێك لە ڕێگایەکدا هەڵبکەنێت بە هۆیەوە کەسێك بمرێت.

• حوکمی کوشتنی هەڵە:

١ - حوکمی دوا ڕۆژ: ئەویش بریتیە لە تاوانباری وسزادان.

---

(١) أخرجه مسلم (١٦٨٢).

لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عەبباس کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوای گەورە، تاوانی بە هەڵە وبە لە بیر چونەوە وبە زۆر لێکردنی لە سەر ئوممەتەکەم لاداوە».

٢- حوکمی دونیایی: ئەویش بریتییە لە واجبێتی خوێن بایی لە سەر عاقیلەی بکوژ لە ماوەی سێ ساڵدا دەدرێتا، وسوککراوە لە پێنج جۆری وشتردا، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا﴾ [النساء:٩٢]. ولەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ لە بارەی کۆرپەلەی ئافرەتێکەوە لە خێڵی لیحیان بڕیاریدا ویەکلای کردەوە بە بەنرخێك (غُرَّةٌ): بەندەیەك یان کەنیزەکێك، پاشان ئەو ئافرەتەی ئەم بڕیارانەی لە بەرژەوەندی درا وەفاتی کرد، پەیامبەریش بڕیاریدا میراتەکەی بۆ مێردەکەی ومنداڵەکانی بێت، وخوێن باییەکەش لە سەر عەصەبەکانی بکوژەکەیە»[1].

ئەوەی کەسێك بە هەڵە دەکوژێت، سەرباری خوێن بایی ئەمانەشی لە سەر واجبە:

١- ئازادکردنی کۆیلەیەکی بڕوادار: ئەمە ئەگەر ئەیتوانی، مەرجیشە کۆیلەکە باوەڕدار وبێ عەیب بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ [النساء:٩٢]، ئەگەریش نەیتوانی کۆیلە ئازاد بکات بە هۆی هەژاری یان نەبونەوە، ئەوا ئەڕوا:

---

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٧٤٠)، ومسلم (١٦٨١).

٢- دو مانگ بە شوێن یەکدا بە ڕۆژو دەبێت ئەگەر دەیتوانی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ﴾ [النساء:٩٢] «کێ نەیتوانی کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات، ئەوا ئەبێت دو مانگ بە دوای یەکدا بە ڕۆژو بێت بۆ ئەوەی خوا تەوبەی لێ وەر بگرێت». ئەگەریش ڕۆژوی نەتوانی بە هۆی نەخۆشی یان تەمەنەوە ئەوا کەفارەتدان هەر لە گەردنی دەمێنێتەوە وخواردندان لە سەری نایەت، چونکە خوای گەورە باسی نەکردوە، گۆڕانیش لە کەفاردتدا لە سەر دەق دەوەستێت نەك قیاس.

پرسی چوارەم: دەست درێژی کردنە سەر جگە لە نەفس:

ئەمەش بریتیە لە هەمو زیانێك کە بە سەر مرۆڤدا دێت ونابێتە مایەی مردنی، لە برین وبڕینی ئەندامەکان، وهاوشێوەی ئەمانە، لەمەشدا تۆڵە سەندنەوە واجبە، وچونکە لە قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیدا چەسپاوە.

سەبارەت بە قورئان: فەرمایشتەکەی خوایە: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾ [المائدة: ٤٥] «ولە تەوراتدا لە سەریانمان فەرز کرد کە نەفس بە نەفس دەکوژرێتەوە، وچاو دەتەقێنرێت بە چاو، ولوت دەبڕدرێت بە لوت، وگوێ دەبڕدرێت بەرامبەر بە گوێ، ودان دەکێشرێت بەرامبەر ددان، ولە برینەکاندا تۆڵە کردنەوە هەیە». سەبارەت بە سوننەت: فەرمودەکەی پەیامبەرە ﷺ لە چیرۆکی شکاندنی دو دانەکەی پێشەوەی کەنیزەکێك لەلایەن ڕوبەییعەوە کە فەرموی: «كِتَابُ اللهِ الْقِصَاصُ» «لە قورئانەکەی خوا تۆڵە کردنەوەیە»[(١)].

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٩٤)، ومسلم (١٦٧٥).

زانایانیش کۆکن لە سەر واجبێتی تۆڵە سەندنەوە -ئەگەر بکرێ- لەودی جگە لە نەفسە.

ئەمەش سێ جۆرە:

١- دەست درێژیکردن بە بریندار کردن.

٢- دەست درێژیکردن بە بڕینەوەی پەلەکان.

٣- دەست درێژیکردن بە پەك خستنی سودی ئەندامێك.

جۆری یەکەم: دەست درێژی کردن بە بریندار کردن:

ئەم دەست درێژی کردنەش ئەبێتە دو بەشەوە:

أ. ئەو برینەی بەسەر دەم وچاو وسەردا دێت، کە پێی دەوترێت: «شِجَاج» کۆی «شَجَّة»یە.

ب. برینەکانی باقی جەستە، وپێشی دەوترێت: «جَرْح» نەك «شَجَّة».

بەشی یەکەم: ئەو برینانەی لە سەر ودەم وچاودا ڕو دەدات، ئەمەش دە جۆرە:

١- «الْحَارِصَة»، ئەوەیە کە تۆزێك پێستە دەبڕێت وخوێنی لێ ناهێنێت وەك ڕوشان، پێشی دەوترێت: «القاشرة» و«الْمليطاء» لە «الحَرْص»دا بریتیە لە بڕین.

٢- «الدامية»، ئەوەیە کە شوێنی بڕینەکە (پێستەکە) خوێن لێ دێنێت، خوێنێکی کەم، پێشی دەوترێت: «البازلة» و«الدامعة» وەك شوبهاندنی بە دەرچونی فرمێسك بە چاودا.

٣- «البَاضِعَة»، ئەودیە کە دوای پێستەکە گۆشتەکەش بە سوکی دەبڕێت، بەڵام ناگاتە ئێسکەکە.

٤- «الْمتلاحمة»، ئەوەیە کە ئەڕواتە ناو گۆشتەکەوە وبەڵام ناگاتە ئەو پێستەیەی نێوان گۆشت وئێسکەکە.

٥- «السِّمْحَاق»، بریتیە لەو برینەی دەگاتە پێستە تەنکەکەی نێوان گۆشت وئێسکی کەللە سەر، برینەکەش هەر بەوەوە ناونراوە.

جا ئەم پێنجە هیچ تۆڵەکردنەوە وخوێن بایبەکی تێدا نیە، تەنها حکومەی تێدا واجبە، «حکومە»ش ئەوەیە دەست درێژی لە سەر کراو بخەملێنرێت بە پێش دەست درێژیەکە وەك ئەوەی کۆیلەیە، ئینجا دەخەملێنرێت دوای چاك بونەوە بزانرێت چەند لە نرخەکەی کەمی کردوە، ئەوا دەست درێژیکار ئەبێت ئەو ڕێژە خوێن بایی بدات[1].

٦- «الْمُوَضِّحَة»، ئەوەیە کە «السِّمْحَاق» دەبڕێت وئێسکەکە دەخاتە دەر، ئەمەش پێنج وشتری تێدایە، نیوەی دە یەکی خوێن بایبەك.

٧- «الهاشمة»، ئەوەیە کە ئێسکەکە دەر دەخات ودەیشکێنێت، ئەمەش دە وشتری تێدایە.

٨- «الْمُنَقِّلَة»، ئەوەیە کە ئێسکەکە لە جێ ئەبات، ئیتر بیخاتە دەر یان نا، ئەیشکێنێت یان نا، ئەمەش پانزە وشتری تێدایە.

٩- «الْمَأمُومَة»، ئەوەیە کە ئەگاتە ئەو پێستەیەی کە دەوری مێشکی داوە، پێشی دەوترێت: «الآمَّة»، ئەمەش سێیەکی خوێن بابیەکی تێدایە.

١٠- «الدَّامِغَة»، ئەوەیە کە پێستەی دەوری مێشك دەبڕێت ودەگاتە دەماخ، ئەمەش دیسانەوە سێیەکی خوێن بابیەکی تێدایە.

---

(١) بەڵام لەم سەردەمەدا، ئەوەی کاری پێ دەکرێت: بۆ بابیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی ئەندازەی برین دیاری دەکەن لە دادگاکاندا، ئەوان دیاری دەکەن لەو پێنج حاڵەتەدا بابی چەندە ئەمەش دوای بینینی ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەوسا بابی هەر دانەیەکی دیاری دەکەن بە گوێرەی ڕێژەکەی لە خوێن بابیدا.

هەروەها «الجَائفة» بۆ ئەمەش زیاد دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە ئەگاتە ناوەوەی هەناو، لەوەی بۆ بینەر دەرناکەوێت، وەك ناو ساك، وناو پشت، وسنگ، وقورگ، وگون، ئەمەش لە برینەکان (الشجاج) نیە، چونکە لە سەر یان دەم وچاودا نیە، بەڵام زانایان باسی دەکەن چونکە هەمان ئەندازەی تێدایە کە سێیەکی خوێن باییەکە.

بەڵگەی ئەم برینانە:

١- فەرمودەکەی ئەبو بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی حەزمە، لە باوکیەوە لە باپیریەوە ﷺ: کە پەیامبەری خوا ﷺ نوسراوێکی بۆ خەلکی یەمەن نوسیوە وتێیدا فەرمویەتی: «وَفِي الْمَأْمُومَةِ ثُلُثُ الدِّيَةِ... وَفِي الْمُنَقِّلَةِ خَمْسَ عَشْرَةَ مِنَ الْإِبِلِ... وَفِي الْمُوضِحَةِ خَمْسٌ مِنَ الْإِبِلِ» «ولە مەئمومەدا یەك لە سەر سێی خوێن بایی هەیە... لە مونەقیلەشدا پانزە وشتر هەیە... لە موەززیحەشدا پێنج وشتر هەیە»[1].

٢- زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی کەوا خوێن بایی مونەققیلە پانزە وشترە.

٣- زانایان کۆکن لە سەر ئەوەی لە جائیفەدا یەك لە سەر سێی خوێن بایی هەیە، لەبەر فەرمودەکەی عەمری کوڕی حەزم، ئەڵێ: «وَفِي الْجَائِفَةِ ثُلُثُ الدِّيَةِ» «ولە جائیفەدا یەك لە سەر سێی خوێن بایی هەیە».

٤- ئەسەرەکەی زەیدی کوڕی سابتە ﷺ کە لە بارەی هاشیمەوە بڕیاری بەوە بوە: دە وشتری تێدایە، نەزانراوە کەسیش پێچەوانەی کردبێت.

(١) صحيح: أخرجه النسائي (٢/٢٥٢)، والحاكم (١/٣٩٧)، والبيهقي (٨/٧٣). انظر: «الإرواء» (٧/٣٢٦).

٥- ولەبەر ئەوەی لە نوسراوەکەی عەمری کوڕی حەزمی پێشودا هاتبو: کە مەئمومە یەك لە سەر سێی خوێن بایی تێدایە، جا دامیغە لەو زیاتر وکاریگەرترە بۆیە ئەو لە پێشترە کە یەك لە سەر سێی خوێن بایی تێدا بێت.

ئەم برینانەش تۆڵە کردنەوەی تێدا پێویست نیە تەنها لە موەززیحە نەبێت، چونکە دەتوانرێ زەبت بکرێ وەك خۆی تۆڵەی تێدا بکرێتەوە بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە کە دڵنیایی نیە زیاد وکەمی نەکرێ لە درێژی وپانی برینەکەدا، وزەمان نیە لە تۆڵەکردنەوە وەك خۆی.

بەشی دوەم: برینەکانی باقی لاشە:

ئەم برینانە گۆڕانکاری بە سەردا دێت بە گوێرەی گۆڕانی جۆرەکەی، جا ئەوەی ئەگەر لە سەر یان دەم وچاو دا بێت وتۆڵە سەندنەوەی تێدا نیە، ئەوا ئەگەر لە باقی لاشەدا بێت تۆڵە سەندنەوەی هەر تێدا نیە، مەگەر موەززیحە کە بەشێك لە بەشەکانی لاشە دەبڕێت وەکو سنگ ومل.

جۆری دوەم: بڕینی پەلەکان: ئەم جۆری دەست درێژیەش ئەبێتە سێ بەشەوە:

١- ئەنقەست.

٢- نیمچە ئەنقەست.

٣- هەڵە.

تۆڵە سەندنەوەش لە هەڵە ونیمچە ئەنقەستدا پێویست نیە، بەڵکو تەنها لە ئەنقەستدا پێویستە وەك کوشتن، ئەویش بە سێ مەرج:

١- بکرێ تۆڵەی لێ بکرێتەوە بێ ستەمکردن، ئەمەش بەوەی کە بڕینەکە لە جومگەیەك بێت، یان لە سنورێك کۆتایی پێ بێت وەکو پەنجەکان ومەچەك وئەنیشك. جا تۆڵە سەندنەوە لە بڕینێکدا نیە سنورێکی نەبێت بۆ کۆتاییەکەی وەك

جانیفە، هەروەها تۆڵە سەندنەوە لە شکاندنی هیچ ئێسکێکدا نیە جگە لە دانەکان وەك ئێسکی ڕان وباڵ وهەر دو دەست.

٢- یەکسان بون لە نێوان هەر دو ئەندامی دەست درێژی کار ودەست درێژی لە سەر کراوەکە، هەم لە ناو وهەم لە شوێندا، جا تۆڵە لە ڕاست ناکرێتەوە بەرامبەر چەپ، وتۆڵە لە پەنجە توتە ناکرێتەوە بەرامبەر بە پەنجەکەی تەنیشتی، هەروەها تۆڵە لە ئەندامێکی بنەڕەتی ناکرێتەوە بەرامبەر بە ئەندامێکی نابنەڕەتی.

٣- یەکسان بونی هەردو ئەندامی دەست درێژی کەر ودەست درێژی لە سەر کراو لە ڕوی ساغی وتەواوێتیەوە، جا تۆڵە لە ئەندامێکی ساغ ناکرێتەوە بە ئەندامێکی ئیفلیج، هەروەها پەنجە تەواوێك بە پەنجە نوقسانێك، وئەوانی تریش بەهەمان شێوە.

جۆری سێیەم: پوچەڵکردنەوەی کەڵکی ئەندامێك:

ئەگەر دەست درێژی کار کەڵکی ئەندامێکی دەست درێژی لە سەر کراوی پەکخست، ئەوە تۆڵە سەندنەوەی لە سەر نیە، چونکە ناکرێ بێ ستەم کردن وەك خۆی تۆڵەی لێ بکرێتەوە، بۆیە لە سەریەتی خوێن باییەکی تەواو بدات. هەر کەسێکیش کەڵکی ئەندامێکی کەم کردەوە، ئەگەر ئەندازەی کەڵکەکە زانرا ئەوا بە گوێرەی ئەو کەڵکە کەمی کردوە خوێن بایی دەبات، بۆ نمونە وەك نیوەی خوێن باییەك، یا یەك لە چواری، ئەگەر کەڵکە ڕۆیشتوەکەش نیوە بو یا یەك لە چوار بو، وهەروەها. ئەگەریش نەکرا ئەندازەی ئەو کەڵکە ڕۆشتوەکە بزانرێت، ئەوە حکومە تێیدا پێویستە [کە پێشتر باس کرا]. دادوەر بە تێکۆشانی خۆی دیاری دەکات. لە کەڵکەکانیش، وەك: نەمانی عەقڵ وبیستن وبینین، وپەکخستنی بۆن کردن، ولە قسە ودەنگ وتام خستن، ونەمانی جاوین ونەمانی ئاو هاتنەوە، وپەکخستنی توانای دو گیان کردن، وجگە لەمانەش.

دەروازەی دوەم

لە بارەی خوێن بابییەوە «الدِّیَات»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی خوێن بایی:

پێناسەی «الدیة»: لە زماندا لەودو هاتوە: «ودَیْتُ القَتِیل أَدِیه دِیَةً»، ئەگەر خوێن بابیەکەی بدەی، کۆکەشی: «الدیات»ـە. لە شەرعیشدا: بریتیە لە ئەو ماڵەی بە هۆی دەست درێژی کردنەوە ئەدرێ بە دەست درێژی لێکراو یان بە کار بە دەستەکەی، پێشی دەوترێ: «العقل» چونکە بکوژەکە خوێن بابیەکەی لە وشتر کۆ ئەکردەوە، ولە بەردەم ماڵی کار بە دەستانی کوژراودا ئەیبەستەوە تا تەسلیمیان بکات.

پرسی دوەم: شەرعی بونی، وبەڵگەکەی، ودانایی لێی:

١- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** خوێن بایی واجبە بە قورئان وسونەت وکۆ دەنگی، سەبارەت بە قورئان، فەرمایشتەکەی خوای میهرەبانە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ﴾ [النساء:٩٢]. سەبارەت بە سونەتیش، فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەی پێشترە «هەر کەسێك کەسێکی بکوژرێ ئەوە لە نێوان دو شتدا سەر پشکە یان خوێن بایی دان یا کوشتنەوە»، هەروەها فەرمودەکەی عەمری کوڕی حەزم لەو نوسراوەی کە پەیامبەری خوا بۆی نوسی وئەندازەی خوێن بایەکانی تێدا ڕون کردەوە بەم نزیکانە باس کرا. هەروەها زانایانیش کۆکن لە سەر پێویستێتی خوێن بایی.

٢- دانایی لە شەرعی بونی: سەبارەت بە دانایی لە بونی، بریتیە لە پاراستنی گیانەکان ونەڕشتنی خوێنی بێ تاوانەکان وڕێگری کردن وبەربەست بون لە بەردەم سوکایەتی کردن بە نەفسەکان.

پرسی سێیەم: لە سەر کێ خوێن بایی پێویستە؟ وهەڵگرتنی لە سەر شانی کێیە؟

٣- هەر کەسێك مرۆڤێك یا بەشێکی لە ناو بدات لە دو حاڵەت بە دەر نیە:

- ئەگەر هاتو دەست درێژی کردنەکە کە بەهۆیەوە گیانەکە تیاچوە بە ئەنقەستێکی پەتی بو، ئەو کاتە خوێن باییەکە هەر هەموی لە ماڵی بکوژەکە ئەبێت، ئەمە ئەگەر لێی خۆشبون وتۆڵەکردنەوە کەوت، چونکە قەرەبوی لە ناوچون لە ئەستۆی لە ناوبەردایە، خوای دانا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ [الأنعام:١٦٤] «هیچ کەسێکی تاوانبار تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت».

- ئەگەریش دەست درێژی کردنەکە هەڵە یان نیمچە ئەنقەست بو، ئەوە خوێن باییەکە لە سەر عاقیلەی بکوژەکەیە لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرەی [پێشتر] کە ئەفەرموێ: «پەیامبەری خوا ﷺ لە بارەی کۆرپەلەی ئافرەتێکەوە لە خێڵی لیحیان بڕیاریدا ویەکلای کردەوە بە بەنرخێك (غُرَّةٌ): بەندەیەك یان کەنیزەکێك، پاشان ئافرەتەکە ئەو ئافرەتەی ئەم بڕیارانەی لە بەرژەوەندی درا وەفاتی کرد، پەیامبەریش ﷺ بڕیاریدا میراتەکەی بۆ مێردەکەیی ومنداڵەکانی بێت، وخوێن باییەکەش لە سەر عەصەبەکانی بکوژەکەیە».

وخوێن بایەکەش پێویست لە سەر عاقیلەی بکوژەکە، چونکە دەست درێژی کردن بە هەڵە زۆر ڕو ئەدات کە دەست درێژی کار تێیدا عوزردارە، بۆیە پێویستی کرد بە دەم وتەنگیەوە بن، ولە سەری سوك بکەنەوە بە پێچەوانەی ئەنقەستەوە، هەروەها

لەبەر ئەوەی بە ئەنقەستەکە خوێن بایی لە بری خۆی ئەدات چونکە تۆڵە سەندنەوەی لە سەر پێویستە، جا کە لێی خۆش بون ئەوا خوێن بایی لە سەر شانی خۆیەتی رخۆی هەڵی ئەگرێ.

پرسی چوارەم: جۆرەکانی خوێن بایی وئەندازەکانی:

١- **جۆرەکانی خوێن بایی:** بنەما لە خوێن بایدا بریتیە لە وشتر لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەری خوا: «وَفِي النَّفْسِ الْمُؤْمِنَةِ مِائَةٌ مِنَ الْإِبِلِ...» «لە هەر نەفسێکی ئیمانداردا سەد وشتر دانراوە»[١]، هەروەها فەرمودەی: «أَلَا وَإِنَّ قَتِيلَ الْخَطَأِ شِبْهِ الْعَمْدِ، مَا كَانَ بِالسَّوْطِ وَالْعَصَا، مِائَةٌ مِنَ الْإِبِلِ» «کوژراوی هەڵە؛ نیمچە ئەنقەست، ئەوەی کە بە قامچی وگۆچانە، سەد وشترە»[٢]. هەروەها لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوە ئەڵێ: «نرخی خوێن بایی لە سەردەمی پەیامبەردا هەشت سەد دینار، یان هەشت هەزار درهەم بو... ئیتر هەر بەم شێوازە مایەوە تا سەردەمی عومەر، ئەوەبو چوە سەر مینبەر وتارێکی فەرمو: «ئاگادار بن! وشتر گران بوە، ئەڵێ: ئەوەبو عومەر ئاوا ئەندازەی دانا، لە ریوایەتێکی تردا ئاوهای خەملاند کە بۆ زێرداڕەکان هەزار دینارە وبۆ زیوداڕەکان دوانزە هەزار درهەمە، وبۆ خاوەن مانگاکان دو سەد مانگایە، وبۆ خاوەن مەڕ ومالاتەکان دو هەزار شەکە، وخاوەن کراس (الحُلَّة)ـەکان[٣] دو سەد کراسە»[٤]. کە وابێت بنەما لە خوێن باییدا وشترە. ئەم شتانەشی لێرەدا باس کراوە جگە لەمانەش

---

(١) أخرجه النسائي (٤٨٥٧). وصححه الألباني (صحيح النسائي رقم ٤٥١٣).

(٢) أخرجه النسائي (٤٧٩١). وصححه الألباني (صحيح النسائي رقم ٤٤٦٠).

(٣) [کۆی «حُلَّة»یە، کە بریتیە لە بان وخوار (إزار ورداء)ێکە ئەپۆشرێ].

(٤) أخرجه أبو داود (٤٥٤٢). وحسنه الألباني «الإرواء» (٢٢٤٧).

هەر بە مانە دەپێورێن لە ڕوی خەملاندنەوە، ئەمەی عومەریش بە بەرچاوی هاوەڵانەوە بوە ونکوڵیان لێ نەکردوە، جا ئەبێتە کۆ دەنگی، بۆیە خوێن بایی بە وشتر یان بە نرخەکەی ئەدرێت لەم شتانەی باس کراوە لێردا.

٢- ئەندازەکانی خوێن بایی:

- خوێن بایی موسڵمانێکی ئازاد: سەد وشترە، ئەگەریش ئەنقەست یان نیمچە ئەنقەست بو ئەوە قورس ئەکرێتەوە (مُغَلَّظَة)، قورس کردنەوەی خوێن باییش ئەوەیە: چل وشتریان ئاوس بێت، وەك پێشتر لە فەرمودەکەی عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە باس کرا: «ئەبێت چل دانە وشتری ئاوس بێت».

- خوێن بایی خاوەن کتێبێکی ئازاد: ئەهلی زیمە بێت یان نا، نیوەی خوێن بایی موسڵمانە، لە بەر فەرمودەکەی عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «عَقْلُ أَهْلِ الذِّمَّةِ نِصْفُ عَقْلِ الْمُسْلِمِينَ» «خوێن بایی ئەهلی زیمە نیوەی خوێن بایی موسڵمانانە»[1]، لە لەفزێکدا: «دِيَةُ المُعَاهَدِ نِصْفُ دِيَةِ المُسْلِم» «خوێن بایی خاوەن پەیمان نیوەی خوێن بایی موسڵمانە»[2].

- خوێن بایی ئافرەت: خوێن بایی ئافرەتێکی ئازادی موسڵمان نیوەی خوێن بایی پیاوێکی ئازادی موسڵمانە وەك لە نوسراوەکەی عەمری کوڕی حەزمدا هاتوە: «دِيَةُ المَرْأَةِ على النِّصْفِ مِنْ دِيَةِ الرَّجُل» «خوێن بایی ئافرەت نیوی خوێن بایی پیاوە». ئیبن عەبدولبەڕ وئیبن مونزیر کۆ دەنگی لەم بارەوە دەگوازنەوە.

---

(١) أخرجه النسائي (٨/٤٥)، والترمذي (١٤١٣) وحسنه، وحسنه الألباني «الإرواء» (٢٢٥١).
(٢) [أخرجه الطبراني في «المعجم الأوسط» (١٦/ ٣٧٣) (٧٧٩٧)].

- **خوێن بایی پیاوی ئاگر پەرست:** خوێن بایی ئاگر پەرستێکی ئازاد -زیمی بێت یا خاوەن پەیمان یان هی دی-، وبت پەرستیش هەشت سەد درهەمە، لە بەر فەرموودەکەی عوقبەی کوڕی عامر بەرزی دەکاتەوە: «دِيَةُ الْمَجُوسِيِّ ثَمَانِمِائَة دِرْهَمٍ» «خوێن بایی ئاگر پەرست هەشت سەد درهەمە»[1].

- **خوێن بایی ئافرەتی ئاگر پەرست وخاوەن کتێب وبت پەرست:** نیوەی خوێن بایی نێرینەکانیانە، وەکو چۆن خوێن بایی ئافرەتی موسڵمان نیوەی خوێن بایی پیاوێکی موسڵمانە، ئەمەش لەبەر گشتێتی فەرموودەکەی عەمری کوڕی شوعەیبی پێشو کە فەرموی: «خوێن بایی خاوەن کتێبەکان نیوەی خوێن بایی موسڵمانە».

- **خوێن بایی کۆرپەلە:** خوێن بایی کۆرپەلە ئەگەر بە مردویەتی لە بار بچێ بە هۆی دەست درێژی دایکیەوە ئەنقەست بێ یان هەڵە ئەوە بە نرخێکە: بەندەیەك یان کەنیزەکێك، لەبەر فەرموودەکەی [پێشتری] ئەبو هورەیرە ﷺ، ئەڵێ: «پەیامبەری خوا ﷺ لە بارەی کۆرپەلەی ئافرەتێکەوە لە خێڵی لیحیان بڕیاریدا ویەکلای کردەوە بە بەنرخێك (غُرَّةٌ): بەندەیەك یان کەنیزەکێك». وبە یەك لە دەی خوێن باییەکەی دایکی ئەندازەی خوێن باییەکەی بۆ دادەنرێت، کە بریتیە لە: پێنج وشتر، وبە نرخ (غرة)ـەکەش بە میراتی ئەبات وەك ئەوەی بە زیندویەتی لە دایك بو بێت.

---

(١) أخرجه البيهقي في «سننه» (١٠١/٨) وفيه ضعف، لكنه قول جماعة من الصحابة، ولا يعرف لهم مخالف. انظر: «التلخيص الحبير» (٣٤/٤).

دەروازەی سێیەم

لە بارەی سوێند دابەش کردنەوە «القَسامَة»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی قەسامە، وحوکمەکەی، وحیکمەت لێی:

١- **پێناسەکەی:** «القسامة» لە زماندا: چاوگی: «أَقْسَم يُقْسِم إِقسامًا وقَسامَةً»ـە، یانی: سوێندی خوارد بە سوێند خواردن. لە شەرعیشدا: ئەو سوێندانەی چەند جارە دەکرێنەوە لە بانگەشەی کوژراوێکی خوێن پارێزراودا، بەوەوە ناونراوە چونکە سوێندەکان دابەش دەکرێن بە سەر کار بە دەستانی بکوژەکەدا، جا پەنجا سوێند ئەخۆن کەوا بانگەشە لە سەر کراو کەسەکەی ئەمانی کوشتوە. **شێوازەکەشی ئەوەیە:** کوژراوێك بدۆزرێتەوە وبکوژەکەشی ناناسرێت ئەوسا قەسامە تەنها لە ناو ئەو کەسانەدا ئەبێت کە ئەکرێت کوشتبێتیان، ئەمەش ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا بو وا باس دەکرێت.

٢- **شەرعی بونی:** کارێکی شەرعیە، وتۆڵە سەندنەوەی یان خوێن بایی پێ دەچەسپێت ئەگەر بانگەشەکە بەڵگە یان دانپێدانانی لەگەڵدا نەبو، هەروەها لەکەدار «لَوْث»یش هەبێت، ئەوەیە کە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لە نێوان کوژراوەکە وتۆمەت بۆ کراودا هەبێت، وەك ئەو خێڵانەی کەوا بە دوای تۆڵە سەندنەوەن لە یەکتر، وتراویشە: تایبەت نیە بەودوە بەڵکو هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە زۆربەی گومان ئەڕوا بانگەشەکە ڕاست بێت. بەڵگەش لە سەر بونی ئەمە لە شەرعدا فەرمودەکەی سەعدی کوڕی ئەبو حەسمەیە: «أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ سَهْلٍ وَمُحَيِّصَةَ خَرَجَا إِلَى خَيْبَرَ مِنْ جَهْدٍ أَصَابَهُمْ، فَأَتَى مُحَيِّصَةُ فَأَخْبَرَ أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ سَهْلٍ قَدْ قُتِلَ وَطُرِحَ فِي عَيْنٍ أَوْ فَقِيرٍ، فَأَتَى يَهُودَ فَقَالَ: أَنْتُمْ وَاللهِ قَتَلْتُمُوهُ، قَالُوا: وَاللهِ مَا قَتَلْنَاهُ، ثُمَّ أَقْبَلَ حَتَّى قَدِمَ عَلَى قَوْمِهِ فَذَكَرَ لَهُمْ ذَلِكَ، ثُمَّ أَقْبَلَ هُوَ وَأَخُوهُ حُوَيِّصَةُ -وَهُوَ أَكْبَرُ مِنْهُ- وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَهْلٍ [...] فَقَالَ رَسُولُ اللهِ

ﷺ لِحُوَيِّصَةَ ومُحَيِّصَةَ وعَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَتَحْلِفُونَ وَتَسْتَحِقُّونَ دَمَ صَاحِبِكُمْ؟ قَالُوا: لاَ. قَالَ: فَتَحْلِفُ لَكُمْ يَهُودُ؟ قَالُوا: لَيْسُوا بِمُسْلِمِينَ. فَوَدَاهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ عِنْدِهِ، فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِائَةَ نَاقَةٍ حَتَّى أُدْخِلَتْ عَلَيْهِمُ الدَّارَ، فَقَالَ سَهْلٌ: فَلَقَدْ رَكَضَتْنِي مِنْهَا نَاقَةٌ حَمْرَاءُ» «عەبدوڵای کوڕی سەهل وموحەیسەی کوڕی مەسعود بە هۆی وشکەساڵی وهەژاری وتەنگیەکەوە دەرچون بۆ خەیبەر، موحەیسە دێتەوە ئەڵێ: عەبدوڵای کوڕی سەهل کوژراوە وخراوەتە ناو کانیاو یا بیرێکەوە (فَقِير)[1]، ئەمیش ڕۆیشت بۆ لای جولەکەکان، وتی: بە خوا ئێوە کوشتوتانە، ئەوانیش وتیان: بە خوا ئێمە نەمان کوشتوە، پاشان چو بۆ لای خزمەکانی خۆی بە سەر هاتەکەی بۆ گێڕانەوە، ئینجا خۆی وحودیسەی برای -کە لەو گەورەتر بو- وعەبدولڕەحمانی کوڕی سەهل هاتن.... پەیامبەری خواش ﷺ بە حودیسە وموحەیسە وعەبدولڕەحمانی فەرمو: ئایا سوێند دەخۆن وخوێنی کەسەکەتان مسۆگەر بکەن؟! -لە ڕیوایەتێکدا: بەڵگە ئەهێنن؟!- وتیان: هیچ بەڵگەیەکمان نیە، فەرموی: ئەی سوێند ئەخۆن؟! وتیان: ئەی چۆن سوێند بخۆین لە سەر شتێك نە بینیومانە ونە ئاگامان لێیەتی!؟ فەرموی: ئەی جولەکە سوێندتان بۆ ئەخۆن! وتیان: ئەی ئەوان موسڵمان نین! بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ لەلایەن خۆیەوە لە خەزێنەی دەوڵەت خوێن بابیەکەی بۆ دان، وسەد وشتری بۆ ناردن، تا برایە ماڵەوە بۆیان، سەهل وتی: بە خوا وشترێ سوریان بە سمەکانی تێی ژەندم». ئەمەش بەڵگەیە لە سەر شەرعی بونی قەسامە، وکە بنەمایەکە لە بنەما سەریەخۆکانی شەرع[2].

٣- حیکمەت لێی: قەسامە دانراوە بۆ پاراستنی خوێنەکان وبە فیڕۆ نەدانی، شەریعەتی ئیسلامیش ئەو پەڕی سورە لە سەر پاراستنی خوێنەکان، وپارێزگاری

---

(١) الفقير: بیری دەم فراوانی بن تزیکە، وتراویشە: ئەو چاڵەیە لە بن دار خورما دەکرێت.

(٢) أخرجه البخاري (٦٨٩٨، ٦٨٩٩)، ومسلم في القسامة (١٦٦٩)، واللفظ لمسلم.

لێکردنی وبە فیڕۆ نەدانی، ولەبەر ئەوەی کوشتن زۆر ڕو ئەدات وکەمجار حەڵان دەبینن، چونکە بکوژ بە دوای شوێنی چۆڵدا دەگەڕێت بۆیە قەسامە دانرا بۆ پاراستنی خوێنەکان.

پرسی دوەم: مەرجەکانی قەسامە:

١- ئەبێت لەکەدار «لوث» بون هەبێت. پێشتریش واتاکەی ڕونکرایەوە.

٢- بانگەشە لە سەر کراو تەکلیف لێکراو بێت، جا بانگەشە کردن لە سەر منداڵ یان شێت دروست نابێت.

٣- ئەبێت بانگەشەکەر تەکلیف لێ کراو بێت، جا بانگەشەی منداڵ وشێت گوێی لێ ناگیرێت.

٤- ئەبێت بانگەشە لە سەر کراو دیاری کراو بێت، جا بانگەشەی سەر کەسێکی نادیار وەرناگیرێت.

٥- بکرێت بانگەشە لە سەر کراو کوشتبێتی، جا ئەگەر ڕێی تێ نەدەچو بە هۆی دوری لە شوێنی ڕوداوەکەوە لە کاتی ڕودانیدا وهاوشێوەی ئەمانە، ئەوە گوێ لەو بانگەشەیە ناگیرێت.

٦- ئەبێت بانگەشەی بانگەشە کەرەکە دژ بەیەك نەبێت.

٧- ئەبێت بانگەشەی قەسامە بە وردی بێت وڕونەوە بکرێت، بۆ نمونە ئەڵێ: من بانگەشەی ئەوە دەکەم، کە ئەو کەسە وەلیەکەی من فلانی کوڕی فلانی کوشتوە بە ئەنقەست یا نیمچە ئەنقەست یا بە هەڵە، وباسی شێوازی کوشتنەکەش ئەکات.

پرسی سێیەم: شێوازی قەسامەکردن:

ئەگەر مەرجەکانی قەسامە فەراهەم بو، ئەوا بە بانگەشەکاران دەست پێ دەکرێت، وپەنجا سوێند دەخۆن -کە بە سەریاندا دابەش دەکرێت بە گوێرەی میراتیەکەیان لە

کوژراوەکەدا- کە فلان کەس کوشتویەتی، ئەمەش بە ئامادەبونی بانگەشە لـە سـەر کراو دەبێت، لە بەر فەرمودەکەی نیبن ئەبی حەپـــمەی پێشـو: «ئایـا خـوێن بایەکـە مسۆگەر ئەکەن بە پەنجا سوێندا؟». جا ئەگەر میراتگرەکان سـوێندیان نـەخوارد، یـان پەنجا سوێندەکەیان تەواو نەکرد، ئەوا بانگەشە لە سـەر کـراو پـەنجا سـوێند ئـەخوات ئەگەر بانگەشەکاران بە سوێندەکانیان ڕازی بن، ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی پێشوی پەیامبەر ﷺ کە فەرموی: «جولەکە سوێندتان بۆ ئەخۆن!»، ئەوانیش وتیان: جا ئەوان موسڵمان نین، وڕازی نەبون بە سوێندیان. جا کە سوێندیان خـوارد ئەسـتۆ پـاك ئـەبن، ئەگەریش بانگەشەکاران بە سوێندیان ڕازی نەبون ئەوا کار بە دەستی موسڵمانان خوێن بایی کوژراوەکە لە خەزێنەی دەوڵەت دەدات، وەك پەیامبەری خوا ﷺ کـردی کاتێـك کە پشتیوانان ڕازی نەبون بە سوێندی جولەکـە، خـوێن بـایی کوژراوەکـەی لـە «بیـت المال»دا پێدان، چونکە هیچ ڕێگایەك نەما بۆ سەلماندنی خوێنەکە لە سەر بانگەشە لـە سەر کراو، بۆیە پێویستی کرد لە خەزێنەی دەوڵەت قەرەبو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنی ئەو خوێن پارێزراوە بە فیڕۆ نەڕوات. هەر کەسێکیش لە قەرەباڵغیەکدا بکـوژرێ ئـەوە خوێن باییەکەی لە خەزێنەی دەوڵەت ئەدرێت، بە بەڵگەی ئەوەی دەگێڕنـەوە[1] عـەلی لە باردی پیاوێکەوە کە لە قـەرەباڵغی عەرەفـەدا کـوژراوە بـە عومـەری وتـوە: ئـەی پێشەوای باوەڕ داران! خـوێنی کەسـی موسـڵمان بـە فـیڕۆ (لا يُطَلُّ) نـادرێ، ئەگـەر بکوژدکەی بناسرێ لە بکوژەکەی وەردەگیرێ، ئەگەرنا لە «بیت المال» خـوێن باییەکـەی بدە».

(١) أخرجه عبد الرزاق في المصنف (١٠/٥١)، وابن أبي شيبة (٩/٣٩٥). «لا يُطَلُّ»: یانی: فیڕۆدان، ئـەوتری: طَلَّ السُلطَانُ الدَّمَ طلًا -مِنْ بابِ قتل-: دەسەڵات دارەکەی خوێنەکەی بە فیڕۆ دا.

یانزەهەم: بەشی سنورەکان (الحدود)

لە هەشت دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکـــــەم: لە بارەی پێناسەی حدود وشەرعی بونی ودانایی لێی.

دەروازەی دوەم: لە بارەی حەددی داوێن پیسیەوە.

دەروازەی ســـێیەم: لە بارەی حەددی تۆمەتەوە.

دەروازەی چـــوارەم: لە بارەی حەددی مەیخۆرەوە.

دەروازەی پێنجـــەم: لە بارەی حەددی دزیەوە.

دەروازەی شەشـــەم: لە بارەی حەددی تەمیێ کردنەوە.

دەروازەی حەوتـــەم: لە بارەی حەددی جیابەوە.

دەروازەی هەشـــتەم: لە بارەی حەددی هەڵ گەڕانەوەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی پێناسەی سنورەکان و، شەرعی بونی و، دانایی لێی و، چەند پرسێکی تر

«تَعْرِيفُ الحُدُودِ، وَمَشْرُوعِيَتُهَا، والحِكْمَةُ مِنْهَا ومسائلُ أُخْرَى»

[چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە]:

[پرسی یەکەم: پێناسەی حدود، وبەڵگەکەی، ودانایی لێی]:

١- **پێناسەکەی:** «الحد= سنور» لە زماندا: ڕێگریە، وسنورەکانی خواش: ئەو حەرام کراوەنەیەتی کە نەهی لە شکاندنی وکردنی کردوە، خوا دەفەرموێ: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ [البقرة:١٨٧] «ئەم حوکمانەی خوا بۆی داناون بریتیە لە سنورە جیا کەرەوەکانی خوا کە حەلاڵ وحەرام لێك جیا دەکەنەوە، بۆیە نزیکی مەبنەوە بۆ ئەوەی نەکەونە ناو حەرامەوە»، بەمەش ناونراوە چونکە ڕێگرە لە تێکەوتنی. لە شەرعیشدا: سزایەکی دیاریکراوە لە پێناو مافی خوا. وتراویشە: سزایەکی دیاریکراوە لە ڕوی شەرعەوە بە هۆی تاوانێکەوە، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە تێکەوتنی هاوشێوەکەی یان هاوشێوەی ئەو تاوانەی سزای لە سەر دانراوە.

٢- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** بنەما لە شەرعی بونی سنورەکان؛ قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە، جا لە قورئان وفەرمودەدا چەندین سزای دیاریکراو هاتون بۆ چەندین تاوان وسەرپێچی دیاری کراو، وەك داوێن پیسی کردن، ودزی کردن، ومەی خواردنەوە، وجگە لەمانەش لەو تاوانانەی دواجار لە دەروازەکانی داهاتودا بە وردی باسی لێوە دەکرێت -بە ویستی خوا- لەگەڵ بەڵگەکانی هەمویان دا.

٣- **دانایی لە شەرعی بونی سنورەکان:** حەددەکان دانراون بۆ ڕێگریکردنی کەسەکان لە ئەنجامدانی سەرپێچیکردن ودەست درێژی کردنە سەر حەرامکراوەکانی خوا، ئەوسا ئۆقرەیی لە کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە وئاسایش تەشەنە دەکات لە نێوان تاکەکاندا، وئارامی باڵ دەکێشێت وژیان خۆش دەبێت. وەکو چۆن پاکبونەوەی بەندەی تێدایە لە دونیادا، لەبەر فەرموودەکەی عویادەی کوڕی صامت بەرزی دەکاتەوە -لە بارەی گفتدانەوە- وتێیدا هاتوە: «وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَتُهُ» «هەر کەسێکیش شتێك لەمانە بکات ولە سەری سزا بدرێت، ئەوا ئەبێتە کەفارەت (سڕێنەردوە) بۆی»[١]. هەروەها فەرموودەکەی خوزەیمەی کوڕی سابتە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «مَنْ أَصَابَ حَدًّا أُقِيمَ عَلَيْهِ ذَلِكَ الْحَدُّ، فَهُوَ كَفَّارَةُ ذَنْبِهِ» «هەر کەس تاوانێك لەو تاوانانە بکات کە حەددی لە سەرە، ولە سەری جێبەجێ کرا، ئەوە سڕێنەرەوەی تاوانەکەیەتی»[٢].

ئەم سنورانەش سەرباری ئەوەی فەراهەمکەری بەرژەوەندی بەندەکانە، هەروەها هەموی دادگەری وئینسافە بەڵکو ها لە ئەو پەڕی دادگەریدا.

[پرسی دووەم: واجبێتی بەرپاکردنی سنورەکان وحەرامێتی تکا کردن تێیدا]:

پێویستە سنورەکان لە نێوان خەڵکدا بەرپا بکرێت بۆ ڕێگری کردن لە سەرپێچی کردن وبەر بەست بون لە بەر دەم سەرپێچی کاران، پەیامبەریش ﷺ وەك هاندان بۆ جێبەجێکردنی فەرمویەتی[٣]: «إِقَامَةُ حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللهِ، خَيْرٌ مِنْ مَطَرِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً

---

(١) أخرجه البخاري (٦٧٨٤)، ومسلم (١٧٠٩).

(٢) أخرجه أحمد في المسند (٥/٢١٤)، والدارقطني في سننه (٣٩٧). قال الحافظ ابن حجر: «سنده حسن». (الفتح ١٢/٨٦). وصححه الشيخ الألباني «صحيح الجامع» (٦٠٣٩).

(٣) أخرجه ابن ماجه (٢٥٣٧)، وأحمد (٢/٤٠٢) واللفظ لابن ماجه، وحسنه الألباني «صحيح ابن ماجه» (٢٠٥٦-٢٠٥٧)، وانظر: «السلسلة الصحيحة» (٢٣١).

فِي بِلَادِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ» «بەرپاکردنی حەددێك لە حدوددکانی خوا باشترە لە چل شەو باران بارین لە سەر زەوی». وتکاکردن واسیتەکردن لەمەڕ سنورێك بۆ ئەوەی بخرێت وجێ بەجێ نەکرێت، حەرامە ئەگەر گەیشتە دادوەر وسەلما لە لای، وەکو چۆن حەرامە لە سەر کار بە دەست تکای ئاوها قەبوڵ بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ حَالَتْ شَفَاعَتُهُ دُونَ حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللهِ، فَقَدْ ضَادَّ اللهَ فِي أَمْرِهِ» «تکای هەر کەس ببێتە ڕێگر لە بەردەم حەددێك لە حدوددکانی خوا، ئەوا دژایەتی فەرمان ودینی خوای کردوە»[١]، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ تکاکەی ئوسامەی کوڕی زەیدی ﷺ ڕەدکردنەوە دەرهەق ئافرەتە مەخزومیەکە کە دزی کردبو، وتوڕە بو بە هۆی ئەم تکاوە، تەنانەت فەرموی: «وَايْمُ اللهِ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا» «سوێند بە الله، ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکات، ئەوا موحەممەد دەستی دەبڕێت»[٢].

سەبارەت بە خۆش بون لە حەددەکان پێش گەیشتن بە دادوەر ئەوە دروستە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کاتێك کەسێك کراسەکەی دزرابو ویستی لە دزەکە ببورێت، فەرموی: «فهلاً قبل أن تأتيني به» «ئەی بۆ لێی خۆش نەبویت پێش ئەوەی بیهێنیت بۆ لای من!؟»[٣].

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٩٧)، وأحمد (٧٠/٢)، والحاكم (٢٧/٢) وصحح إسناده، وافقه الذهبي، وصححه الألباني «الصحيحة» (٤٣٧).

(٢) أخرجه البخاري (٦٧٨٨)، ومسلم (١٦٨٨).

(٣) أخرجه أبو داود (٤٣٩٤)، والحاكم (٣٨٠/٤) وصححه، وافقه الذهبي، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٣١٧).

في بِلَادِ اللهِ عَزَّ وجَلَّ» «بەرپاکردنی حەددێك لە حدودەکانی خوا باشترە لە چل شەو باران بارین لە سەر زەوی». وتکاکردن واسیتەکردن لەمەر سنورێك بۆ ئەوەی بخرێت وجێ بەجێ نەکرێت، حەرامە ئەگەر گەیشتە دادوەر وسەلما لە لای، وەکو چۆن حەرامە لە سەر کار بە دەست تکای ئاوها قەبول بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ حَالَتْ شَفَاعَتُهُ دُونَ حَدٍّ مِنْ حُدُودِ الله، فَقَدْ ضَادَّ اللهَ فِي أَمْرِهِ» «تکای هەر کەس ببێتە رێگر لە بەردەم حەددێك لە حدودەکانی خوا، ئەوا دژایەتی فەرمان ودینی خوای کردوە»[1]، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامبەر ﷺ تکاکەی ئوسامەی کوڕی زەیدی ﷺ ڕەدکردنەوە دەرهەق ئافرەتە مەخزومیەکە کە دزی کردبو، وتوڕە بو بە هۆی ئەم تکاوە، تەنانەت فەرموی: «وَايْمُ اللهِ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا» «سوێند بە الله، ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکات، ئەوا موحەممەد دەستی دەبڕێت»[2].

سەبارەت بە خۆش بون لە حەددەکان پێش گەیشتن بە دادوەر ئەوە دروستە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کاتێك کەسێك کراسەکەی دزرابو ویستی لە دزەکە ببورێت، فەرموی: «فهلاً قبل أن تأتيني به» «ئەی بۆ لێی خۆش نەبویت پێش ئەوەی بیهێنیت بۆ لای من!؟»[3].

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٩٧)، وأحمد (٢/٧٠)، والحاكم (٢/٢٧) وصحح إسناده، وافقه الذهبي، وصححه الألباني «الصحيحة» (٤٣٧).
(٢) أخرجه البخاري (٦٧٨٨)، ومسلم (١٦٨٨).
(٣) أخرجه أبو داود (٤٣٩٤)، والحاكم (٤/٣٨٠) وصححه، وافقه الذهبي، وصححه الألباني «الإرواء» (٢٣١٧).

|پرسی سێیەم: کێ حەدد جێ بەجێ دەکا، وشوێنی جێ بەجێ کردنەکەی؟|:

ئەوەی حەدد جێبەجێ دەکات بریتیە لە پێشەوا وجێگرەکەی، چونکە پەیامبەر ﷺ لە ژیانی خۆیدا خۆی سنورەکانی جێبەجێ دەکرد، پاشان خەلیفەکانی لەودو دوا، پەیامبەریش ﷺ کەسێکی لە جێی خۆی ڕاسپارد بۆ جێبەجێکردنی حەدد، وفەرموی: «وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا» «ئەی ئونەیس بڕۆ بۆ ئەو ئافرەتە، جا ئەگەر دانی نا بە تاوانەکەیدا ئەوا ڕەجمی بکە»[1].

واجبیش کراوە لە سەر پێشەوا، وەکو زەمانەتێك بۆ دادگەری، وڕێگریکردنێك لە حەیف وستەم.

وحەددیش لە هەمو شوێنێك جێبەجێ دەکرێت جگە لە مزگەوت، چونکە «نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ يُسْتَقَادَ فِي الْمَسْجِدِ، وَأَنْ تُنْشَدَ فِيهِ الْأَشْعَارُ، وَأَنْ تُقَامَ فِيهِ الْحُدُودُ» «پەیامبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە مزگەوتدا: داوای تۆڵەکردنەوە بکرێت، وشیعری تێدا بخوێنرێت، وحەددی تێدا جێ بەجێ بکرێت»[2]. ئەمەش بۆ پاراستنی مزگەوت لە پیس بون وهاو شێوەکانی، ولە هەندێك ڕیوایەتی چیرۆکی ڕەجم کردنی ماعزدا هاتود: «فَأُخْرِجَ إِلَى الحَرَّةِ فَرُجِمَ» «ئەوەبو دەکرا بۆ ناوچەی حەرِرە لە ئەوێ دا ڕەجم کرا»[3].

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٣٥، ٦٨٣٦)، ومسلم (١٦٩٧، ١٦٩٨).

(٢) أخرجه أبو داود (٤٤٩٠)، وأحمد (٣/٤٣٤) وحسنه الألباني (الإرواء ٢٣٢٧).

(٣) أخرجه الترمذي (١٤٢٨)، وحسنه. وقال الألباني: «حسن صحيح». «صحيح الترمذي» (١١٥٤).

دەروازەی دووەم

لە بارەی حەددی داوێن پیسیەوە «حدُّ الزِّنی»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی داوێن پیسی، وحوکمەکەی، ومەترسیەکەی:

١- پێناسەی داوێن پیسی:

زینا لە زماندا: بە جوت بون ئەوترێت لەگەڵ ئافرەت بە بێ گرێ بەستی شەرعی، ویە بەرکەوتن (مُبَاشَرَة)ی ئافرەتی بێ گانەش دەوترێت.

لە شەرعیشدا: بریتیە لە جوت بونی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا لە دامێنەوە بە بێ موڵك وشوبهەکەی، یان: کردنی فاحیشەیە لە دامێنەوە یان لە پاشەوە.

٢- حوکمی داوێن پیسی:

داوێن پیسی حەرامکراوە، ولە تاوانە گەورەکانە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ [الإسراء:٣٢]، «ونزیکی داوێن پیسی وپێشەکیەکانی مەکەونەوە بۆ ئەوەی توشی زینا نەیەن، بەڕاستی کارێکی زۆر گەن وقیزەونە وخراپترین ڕێگا ئەو ڕێگایەیە». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود رضي الله عنه ئەڵێ[١]: «سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ: أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللهِ؟ قَالَ: أَنْ تَجْعَلَ لِلهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ، قُلْتُ لَهُ: إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ. قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ، قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ثُمَّ أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ» «پرسیارم کرد لە پەیامبەری خوا ﷺ: چی گەورەترین تاوانە لە لای خوا؟ فەرموی: ئەوەیە

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٦١)، ومسلم (٨٦).

دەروازەی دووەم

لە بارەی حەددی داوێن پیسیەوە «حدُّ الزِّنی»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی داوێن پیسی، وحوکمەکەی، ومەترسیەکەی:

١- پێناسەی داوێن پیسی:

زینا لە زماندا: بە جوت بون ئەوترێت لەگەڵ ئافرەت بە بێ گرێ بەستی شەرعی، ویە بەرکەوتن (مُبَاشَرَة)ی ئافرەتی بێ گانەش دەوترێت.

لە شەرعیشدا: بریتیە لە جوت بونی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا لە دامێنەوە بە بێ موڵك وشوبهەکەی، یان: کردنی فاحیشەیە لە دامێنەوە یان لە پاشەوە.

٢- حوکمی داوێن پیسی:

داوێن پیسی حەرامکراوە، ولە تاوانە گەورەکانە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ [الإسراء:٣٢]، «ونزیکی داوێن پیسی وپێشەکیەکانی مەکەونەوە بۆ ئەوەی توشی زینا نەیەن، بەڕاستی کارێکی زۆر گەن وقیزدونە وخراپترین رێگا ئەو رێگایەیە». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئیبن مەسعود رضي الله عنه ئەڵێ[١]: «سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ: أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللهِ؟ قَالَ: أَنْ تَجْعَلَ لِلهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ، قُلْتُ لَهُ: إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ. قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ، قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ثُمَّ أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ» «پرسیارم کرد لە پەیامبەری خوا ﷺ: چی گەورەترین تاوانە لە لای خوا؟ فەرموی: ئەوەیە

---

(١) أخرجه البخاري (٦٨٦١)، ومسلم (٨٦).

هاوتا بۆ خوا دابنێیت لە کاتێکدا ئەو دروستی کردویت، پێم وت: ئەمە زۆر گەوردیە، وتم: پاشان چی؟ فەرموی: ئەودیە منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی لەگەڵتدا نان بخوات! وتم: پاشان چی؟ فەرموی: ئەودیە زینا بکەیت لەگەڵ هاوسەری هاوسێکەت».

زانایانیش کۆکن لە سەر حەرامبونی.

٣- مەترسی تاوانی داوێن پیسی، وقیزەونیەکەی، لەگەڵ خراپیەکانی:

داوێن پیسی لە گەورەترین وقیزەونترین جەریمە وتاوانەکانە ولە هەموی زیاتر مەترسیدارترە لە سەر تاك وکۆمەڵگاكان لەبەر ئەو تێك دانەی لێی دەکەوێتەوە لە تێکەڵ بونی وەچە ورەچەڵەکەکان کە ئەمەش ئەبێتە مایەی زایەبونی مافەکان لە کاتی میرات برندا، وفەوتانی یەکتر ناسین ویەکتر سەرخستن لە سەر هەق. ئەمەش هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان وزایەبونی رۆڵەکان وخراپ پەروەردە بونیان ورەوشت تێکچونیان. هەروەها ئەمە فریودانی مێردی تێدایە چونکە لە داوێن پیسیەوە کۆرپەلە دروست دەبێت، ئەوساش مێرد منداڵی خەڵك پەروەردە دەکات. زیانەکانیشی زۆر زۆرە وکاریگەریەکانی شاراوە نیە چ لە تاك وچ لە کۆمەڵگادا: لە زایە بون وتێك چون وهەڵ وەشاندنەوە.

بۆیە ئیسلام ئەوپەری وریایی لێ کردوە، وتوندترین سزای داناوە بۆ ئەنجامدەرانی، وەك رون دەکرێتەوە.

پرسی دووەم: حەددی داوێن پیس:

حاڵی داوێن پیس لە دو حاڵەت بە دەر نیە:

١- یان هاوسەرگیری کردوە (أَنْ يَكونَ مُحْصَنًا).

٢- یان هاوسەرگیری نەکردوە.

یەکەم: داوێن پیسی هاوسەردار:

ئەو نا سەلتیەی کە حەدد پێویست دەکا، ئەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ:

١- جوت بو بێت لە دامێنەوە، ئەمەش بەوەی زیناکەرد نێرینە یان مێینەکە پێشتر بە حەلاڵی ولە دامێنەوە جوت بو بێت.

٢- ئەبێت جوت بونەکە لە هاوسەر گیریەکی دروست دا بێت.

٣- ئەبێت پیاوەکە یان ئافرەتەکە لە کاتی جوتبونەکەدا بالغ وئازاد وژیر بو بێتن.

جا نا سەلت (المُحْصَن) ئەوەیە: کەسەکە لە دامێنەوە جوت بو بێت لەگەڵ خێزانەکەیدا، لە هاوسەر گیریەکی دروست دا، وهەر دوکیشیان بالغ وئازاد بن.

ئەمە پێنج مەرجە ئەبێت فەراهەم ببێت بۆ بە دیهاتنی ئەو ئیحصانەی ئەبێتە مایەی حەدد، ئەویش: پێگەیشتن وژیری وئازادی وجوت بون، لە دامێنەوە، وئەبێت جوت بونەکە لە هاوسەرگیریەکی دروستدا بێت.

حەددەکەشی ئەمەیە: ئەگەر هاوسەردار داوێن پیسی کرد ئەوا حەددەکەی بەرد باران کردنە تا مردن، پیاو بێت یان ژن. ڕەجم کردنیش بە تەواتری چەسپاوە لە پەیامبەرەوە ﷺ لە وتە وکردەوەیدا. ڕەجمیش لە قورئاندا باس کرابو پاشان لەفزەکەی نەسخەوە بو وحوکمەکەی مایەوە، ئەمەش لە فەرمودەکەی خوای میهرەباندا: ﴿الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ نَكَالًا مِنَ اللهِ وَاللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ ﴿پیاو وژنی گەورە ئەگەر داوێن پیسیان کرد ئەوا بەرد بارانیان بکەن تا مردن وەکو سزایەك لە لایەن خواوە، خواش بە دەسەلات ودانایە﴾. وەك لە عومەری کوری خەتتابەوە هاتوە، لە وتاردا فەرمویەتی: «إِنَّ اللهَ قَدْ بَعَثَ مُحَمَّدًا بِالْحَقِّ، وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ الْكِتَابَ، فَكَانَ مِمَّا أَنْزَلَ عَلَيْهِ آيَةُ الرَّجْمِ، قَرَأْنَاهَا وَعَيْنَاهَا وَعَقَلْنَاهَا، فَرَجَمَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَرَجَمْنَا بَعْدَهُ، فَأَخْشَى إِنْ طَالَ بِالنَّاسِ زَمَانٌ أَنْ يَقُولَ قَائِلٌ:

ما نجدُ الرَّجمَ في كِتَابِ اللهِ، فيضلُّوا بتَرْكِ فريضةٍ أنزلَها اللهُ، وَإنَّ الرَّجْمَ في كِتاب الله حَقٌّ على مَنْ زَنى إذا أحْصنَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ، إذا قَامتِ الْبَيِّنَةُ أوْ كان الْحَبَلُ أوِ الاعْتِرَافُ» «خوا، موحەممەدی بە هەق ناردوە، وقورئانی بۆ دابەزاندوە، جا لەوانەی دایبەزاندوە ئایەتی ڕەجم کردن بو، ئەوەبو خوێندمان ولەبەرمان کرد ولێی تێگەیشتین، ئەوەبو پەیامبەر ﷺ ڕەجمی کرد وئێمەش ڕەجمان کرد دوای ئەو، جا دەترسم ڕۆژگارێك بە سەر خەلکدا بێت، هەندێکیان بلێن: ئێمە ڕەجم لە قورئان دا نابینینەوە، ئەوسا گومڕا بن بە هۆی وازهێنانیان لە فەرزێك لەوانەی خوا دایبەزاندوە، بەڕاستی ڕەجم کردن بۆ داوێن پیسی هاوسەردار ژن بێت یان پیاو هەقە ولە قورئانەکەی خوادا هەیە ئەگەر بەلگە یان دو گیانی، یان دان پێدانان هەبێ»[1].

هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ئەلێ: «پیاوێك لە موسلمانان هاتە خزمەتی پەیامبەر لە مزگەوتدا، بانگی لێکرد وتی: ئەی پەیامبەری خوا! من داوێن پیسیم کردوە! ئەمیش پشتی لێکرد، ئەویش هاتە بەردەمی وتی: ئەی پەیامبەر خوا! زینام کردوە! دیسانەوە پشتی لێکردەوە، تا چوار جار ئەمەی دوبارە بویەوە، کە چوار جار شایەتی لە سەر خۆیدا، پەیامبەری خوا بانگی کرد وفەرموی: ئایە شێت بوی؟ وتی: نەخێر، فەرموی: ئەی خێزانداری؟! وتی: بەلێ، فەرموی: بیبەن ڕەجمی بکەن»[2]. زانایانیش کۆکن لە سەر ئەوەی هەر کەس داوێن پیسی بکات وهاوسەردار بێت ئەوا حوکمەکەی ڕەجم کردنە بە بەرد هەتا مردن.

دووەم: داوێن پیسی ڕەبەن:

ئەو کەسەی مەرجەکانی پێشوی داوێن پیسی هاوسەرداری تێدا نەبێت.

---

(١) أخرجه البخاري (٣٨٧٢)، ومسلم (١٦٩١) [واللفظ له].

(٢) أخرجه البخاري (٦٨٢٥)، ومسلم (١٦٩١) - ١٦، واللفظ لمسلم.

حەددەکەشی ئەمەیە: ئەگەر سەڵت داوێن پیسی کرد ئەوا حەددەکەی سەد قامچیە، لەگەڵ نەفی کردنی بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام بۆ ئافرەت مەرجە لە نەفی کردنەکەدا مەحرەمی لەگەڵدا بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾ [النور:٢] «ئافرەتی داوێن پیس، وپیاوی داوێن پیس -کە پێشتر هاوسەرگیریان نەکردوە- سزای هەر یەکەیان سەد قامچیە»، ولەبەر فەرمودەکەی عوبادەی کوڕی صامت ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي، قَدْ جَعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا، الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ، جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ» «لە منەوە حەددی زیناکەر وەر بگرن، لە منەوە وەری بگرن، خوای گەورە دەروی لە ئافرەتانی داوێن پیس کردەوە[1]، حەددی داوێن پیسی سەڵت لەگەڵ سەڵتدا سەد قامچیە لەگەڵ نەفی ساڵێك»[2]. تەغریبیش: یانی نەفی کردنی ودورخستنەوەی لە نیشتمانەکەی.

ئەگەریش کۆیلە داوێن پیسی کرد -ڕەبەن بو یان نا بەندە یان کەنیزەك-، ئەوا حەددەکەی پەنجا قامچیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ﴾ [النساء: ٢٥] «جا ئەگەر ئەو کەنیزەکانە شویان کرد ئینجا داوێن پیسیان کرد، ئەوا حەددەکەیان نیوەی حەددی ئافرتانی ئازادە». جا سزای باس کراو لە ئایەتەکەدا بریتیە لە سەد قامچی، ونیوەکردنەوەش هەر بۆ ئەوە دەڕوا، چونکە بەرد باران کردن ناکرێتە دو کوت (بەش)ەوە.

---

(١) ئاماژەیە بۆ فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: {فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا} [النساء:١٥]. کە باسی بەند کردنیان دەکات لە ماڵەوە تا دەرویان لێ دەکرێتەوە. وەرگێڕ.

(٢) أخرجه مسلم (١٦٩٠).

حەددەکەشی ئەمەیە: ئەگەر سەڵت داوێن پیسی کرد ئەوا حەددەکەی سەد قامچییە، لەگەڵ نەفی کردنی بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام بۆ ئافرەت مەرجە لە نەفی کردنەکەدا مەحرەمی لەگەڵدا بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾ [النور:٢] «ئافرەتی داوێن پیس، وپیاوی داوێن پیس -کە پێشتر هاوسەرگیریان نەکردوە- سزای هەر یەکەیان سەد قامچییە»، ولەبەر فەرمودەکەی عوبادەی کوڕی صامت ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي، قَدْ جَعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا، الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ، جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ» «لە منەوە حەددی زیناکەر وەر بگرن، لە منەوە وەری بگرن، خوای گەورە دەروی لە ئافرەتانی داوێن پیس کردەوە[1]، حەددی داوێن پیسی سەڵت لەگەڵ سەڵتدا سەد قامچییە لەگەڵ نەفی ساڵێك»[2]. تەغریبیش: یانی نەفی کردنی ودورخستنەوەی لە نیشتمانەکەی.

ئەگەریش کۆیلە داوێن پیسی کرد -ڕەبەن بو یان نا بەندە یان کەنیزەك-، ئەوا حەددەکەی پەنجا قامچییە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ﴾ [النساء: ٢٥] «جا ئەگەر ئەو کەنیزەکانە شویان کرد ئینجا داوێن پیسیان کرد، ئەوا حەددەکەیان نیوەی حەددی ئافرتانی ئازادە». جا سزای باس کراو لە ئایەتەکەدا بریتییە لە سەد قامچی، ونیوەکردنەوەش هەر بۆ ئەوە دەڕوا، چونکە بەرد باران کردن ناکرێتە دو کوت (بەش)ەوە.

---

(١) ئاماژەیە بۆ فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: {فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا} [النساء:١٥]. کە باسی بەند کردنیان دەکات لە ماڵەوە تا دەرویان لێ دەکرێتەوە. وەرگێڕ.

(٢) أخرجه مسلم (١٦٩٠).

حەددەکەشی ئەمەیە: ئەگەر سەلت داوێن پیسی کرد ئەوا حەددەکەی سەد قامچیە، لەگەڵ نەفی کردنی بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام بۆ ئافرەت مەرجە لە نەفی کردنەکەدا مەحرەمی لەگەڵدا بێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾ [النور:٢] «ئافرەتی داوێن پیس، وپیاوی داوێن پیس -کە پێشتر هاوسەرگیریان نەکردوە- سزای هەر یەکەیان سەد قامچیە»، ولەبەر فەرمودەکەی عوبادەی کوڕی صامت ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي، قَدْ جَعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا، الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ، جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ» «لە منەوە حەددی زیناکەر وەر بگرن، لە منەوە وەری بگرن، خوای گەورە دەروی لە ئافرەتانی داوێن پیس کردەوە[١]، حەددی داوێن پیسی سەڵت لەگەڵ سەڵتدا سەد قامچیە لەگەڵ نەفی ساڵێك»[٢]. تەغریبیش: یانی نەفی کردنی ودورخستنەوەی لە نیشتمانەکەی.

ئەگەریش کۆیلە داوێن پیسی کرد -ڕەبەن بو یان نا بەندە یان کەنیزەك-، ئەوا حەددەکەی پەنجا قامچیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ﴾ [النساء: ٢٥] «جا ئەگەر ئەو کەنیزەکانە شویان کرد ئینجا داوێن پیسیان کرد، ئەوا حەددەکەیان نیوەی حەددی ئافرتانی ئازادە». جا سزای باس کراو لە ئایەتەکەدا بریتیە لە سەد قامچی، ونیوەکردنەوەش هەر بۆ ئەوە دەڕوا، چونکە بەرد باران کردن ناکرێتە دو کوت (بەش)ەوە.

---

(١) ئاماژەیە بۆ فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: {فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللهُ لَهُنَّ سَبِيلًا} [النساء:١٥]. کە باسی بەند کردنیان دەکات لە ماڵەوە تا دەرویان لێ دەکرێتەوە. وەرگێڕ.

(٢) أخرجه مسلم (١٦٩٠).

کۆیلەش نەفی کردنی لە سەر نیە چونکە لە سوننەتدا نەفی کردنی کۆیلە نەهاتوە ئەگەر داوێن پیسی کرد، هەروەها نەفیکردنی زیانی تێدایە بۆ خاوەنەکەی، وئافرەتیش نەفی ناکرێت مەگەر لەگەڵ مەحرەم دا.

پرسی سێیەم: داوێن پیسی بە چی دەسەلمێت؟

بۆ جێبەجێکردنی حەددی داوێن پیسی ئەبێت سەرەتا بسەلمێنرێت، وناشسەلمێنرێ مەگەر بە دو شت نەبێت:

یەکەم: زیناکەرەکە خۆی چوار جار دانی پێدا بنێت، با لە چەند دانیشتنێکی جیا جیا بێت، چونکە پەیامبەر ﷺ دانپێدانانی ماعز وغامدیەی وەرگرت. سەبارەت بە مەرج گرتنی چوار جار؛ لەبەر ئەوەی ماعز لەلای پەیامبەر ﷺ سێ جار ئیعترافی کرد بەڵام هەر ڕەددی کردەوە، کە چواردەم جار دانی پێدا نا حەددی لە سەر جێبەجێ کرد.

- وئەشبێت بە ڕاشکاوانە دان بنێت بە هەقیقەتی داوێن پیسی وجوت بون، چونکە لەوانەیە مەبەستی جگە لە داوێن پیسی بێت وەك چێژ وەرگرتنێك کە حەدد پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی کاتێك ماعز ئیعترافی کرد، پەیامبەر ﷺ پێی فەرمو: «لَعَلَّكَ قَبَّلْتَ، أَوْ غَمَزْتَ؟» «لەوانەیە ماچت کردبێت، یان بە دەستت یان چاوت ئاماژەیەکت کردبێت؟» وتی: نەخێر. وچەندین جار داوای ڕونکردنەوەی لێ کرد تا هیچ ئیحتمالێکی تر نەمایەوە.

- هەروەها ئەبێت لە سەر دانپێدانانەکەی بمێنێتەوە تا کاتی جێبەجێکردنی حەددەکە، ولێی پەشیمان نەبێتەوە، چونکە پەیامبەر ﷺ چەندین جار داوای دانپێدانانی لە ماعز کرد، بەشکو پەشیمان ببێتەوە لە وتەکەی، هەروەها لەبەر

ئەوەی کاتێك ماعز ڕای کرد لە حاڵی ڕەجمکرنەکەدا، پەیامبەر فەرموی: ئەی بۆ وێڵتان نەکرد ؟![١]

دوەم: چوار کەس شایەتی داوێن پیسی لە سەر بدرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ﴾ [النور: ١٣] «ئەی بۆ ئەو تۆمەت هاوێژانە چوار شایەتی دادگەر ناهێنن لە سەر قسەکەیان؟!»، وفەرمایشتی: ﴿فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ﴾ [النساء:١٥] «-ئەی دادوەران- چوار شایەتی دادگەر لە موسڵمانان داوا بکەن لە سەر ئەو ئافرەتانە». وبۆ ئەوەی شایەتیەکەیان بە داوێن پیسی دروست ببێت ئەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- ئەبێت شایەتەکان چوار کەس بن، لەبەر ئایەتەکانی پێشو، ئەگەریش لە چوار کەمتر بون وەر ناگیرێت.

٢- ئەبێت تەکلیف لێکراو (بالغ وعاقل) بن، جا شایەتیدانی منداڵ وشێت وەرناگیریت.

٣- ئەبێت پیاوی دادگەر بن، جا شایەتیدانی ئافرەت بۆ حەددی داوێن پیسی وەرناگیرێت، وەکو پاراستن وڕێزێك بۆ ئافرەتان، چونکە داوێن پیسی، فاحیشە وخراپەکاریە. هەروەها شایەتیدانی فاسق (لە گوێڕایەڵی خوا دەرچو) وەرناگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢] «ودو پیاوی دادگەر بە شاهید بگرن»، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا﴾

---

(١) أخرجه الترمذي (١٤٢٨) وحسنه، وابن ماجه (٢٥٥٤). وقال الألباني: «حسن صحيح» «صحيح الترمذي» (١١٥٤).

[الحجرات: ٦] «ئەی باوەڕداران ئەگەر فاسقێك هەواڵێکی بۆ هێنان، ئەوا لە هەواڵەکەی دڵنیا ببنەوە پێش بە ڕاست خستنەوەی وباسکردنی».

٤- ئەبێت شایەتەکان داوێن پیسیەکە بە چاوی خۆیان ببینن وبە ڕون وڕاشکاوی باس وەسفێکی بکەن، هەمو ئیحتمالێك دور بخاتەوە کە چێژ وەرگرتنی حەرام نەبوە، بۆیە ئەبێت بڵێن: کۆ ئەندامی نێرینەیان بینی لە دامێنی ئافرەتەکەدا وەك چۆن میل لە ناو کلدانەکەیدایە، تەماشاکردنی شتی واش ڕێگە پێدراوە لەبەر زەرورەت.

٥- ئەبێت شایەتەکان موسڵمان بن، جا شایەتیدانی ناموسڵمان وەرناگیرێت لەبەر ئەوەی دادگەری لەودا بەدی نەهاتوە.

٦- ئەبێت لە یەك دانیشتندا شایەتی لە سەر بدەن، ئیتر پێکەوە یان جیا جیا بێن بۆ دانیشتنەکە.

جا هەر کام لەم مەرجانە نەبو ئەوا پێویستە حەددی تۆمەت هاوێژەر بەسەر هەمو شایەتەکاندا جێ بەجێ بکرێت، چونکە هەمویان تۆمەتی زینایان بەخشیوەتەوە.

دەروازەی سێیەم

حەددی تۆمەتی داوێن پیسی هاویشتن «حدُ القذْف»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی داوێن پیسی، وحوکمەکەی، ومەترسیەکەی:

١- **پێناسەی «القَذْف»**: لە زماندا: بریتیە لە هاویشتن، لەمەشەوە دەوترێ: «القذف بالحجارة= بەرد هاویشتن» وشتی تریش، پاشان بە کار هێنراوە بۆ خراپە هاویشتن بۆ خەڵك وەك داوێن پیسی ونێر بازی کردن وهاوشێوەکانیان، لەبەر بونی خاڵی لێك چون لە نێوانیاندا، ئەویش ئازارە.

٢- **حوکمی تۆمەتی زینا**: تۆمەتی داوێن پیسی لە بنەمادا حەرامە بە قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگی، وتاوانێکی گەورەیە لە تاوانە گەورەکان، بۆیە حەرامە فاحیشە بدرێتە پاڵ کەس. ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی خوای میهرەبان: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النور:٢٣] «ئەوانەی تۆمەتی داوێن پیسی دەدەنە پاڵ ئافرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگا کە داوێن پیسی بە دڵیشیاندا نایەت، ئەوانە لە ڕەحمەت وبەزەیی خوا دوردوە خراون لە دونیا ودوا ڕۆژ دا، لە ناو دۆزەخیشدا سزایەکی بە ئێشیان بۆ هەیە». ولەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «اِجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقَات» «خۆتان لە حەوت لە ناو بەرەکە بپارێزن»، جا لەوانەی باسی کرد: «قذف المحصنات المؤمنات الغافلات» «وتۆمەتبارکردنی ئافرەتانی

داوێن پاکی باوەڕداری بێ ئاگا»[١]. موسڵمانانیش کۆکن لە سەر حەرامێتی تۆمەتی زینا هاویشتن، هەروەها دانانی بە تاوانێکی گەورە.

وتۆمەتی زینا هاویشتن واجبە لە سەر کەسێك کە ژنەکەی دەبینێت داوێن پیسی دەکات، پاشان منداڵێکیشی دەبێت، زۆربەی گومانی وایە لە کابرای داوێن پیسە، ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵەکە نەدرێتە پاڵی وبیباتە نێو خانەوادەکەی خۆیەوە ولەوانیش نەبێت. وتۆمەتی داوێن پیسی بەخشینەوەش حەڵاڵە بۆ کەسێك ببینێت ژنەکەی داوێن پیسی دەکات بەڵام منداڵی لەو داوێن پیسیە نەبێت.

پرسی دووەم: حەددی تۆمەتی زینا، ودانایی لەو حەددە:

١- **حەددی تۆمەتی زینا:** لە شەریعەت ئەوە چەسپاوە کە هەر کەس تۆمەتی زینا بداتە پاڵ موسڵمانێك وبەڵگە نەهێنێتەوە بۆ ڕاستگۆیی بانگەشەکەی ئەوا هەشتا قامچی لێ دەدرێت ئەگەر ئازاد بێت، وچلی لێ دەدرێت ئەگەر کۆیلە بێت، پیاو بێت یان ژن، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ [النور:٤] «وئەوانەی تۆمەتی داوێن پیسی دەدەنە پاڵ ئافرەتە داوێن پاکەکان، هەروەها پیاوانیش، بە بێ ئەوەی چوار شایەتی دادگەر بهێنن ئەوا هەشتا قامچیان لێ بدەن، وهەرگیز شایەتیان لێ وەر مەگرن». وپێویستە لە سەر تۆمەتباریش سەرباری حەدد لە سەر جێبەجێکردنی نەبێت سزاش بدرێت ئەویش بریتیە لە وەرنەگرتنی شایەتیدانی وحوکمی فاسقدان بە سەریدا، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ [النور:٤] «وهەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، وئەوانەش لە گوێڕایەڵی خوا

---

(١) أخرجه البخاري (٢٧٦٦)، ومسلم (٨٩).

دەرچون». ئەگەریش تۆمەتکەرەکە تەوبەی کرد ئەوا شایەتیەکەی وەردەگیرێت، تەوبەکەشی ئەوەیە: خۆی بە درۆ بخاتەوە لەو تۆمەتی زینایەی بەخشیویەتیەوە وپەشیمان بێتەوە وداوای لێبوردن لە خوا بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ النور: ٥ «بەڵام کێ لەوەدوا تەوبەی کرد وپەشیمان بویەوە لە تۆمەت بەخشینەوەکە وکردەوەکانی چاك کرد، ئەوا خوا لە تاوانەکانی دەبورێت وبەزەیی پێدا دێتەوە وتەوبەکەی وەردەگیرێ».

٢- دانایی لێی: ئامانجی ئیسلام لە جێبەجێکردنی حەددی تۆمەت هاویشتن: پاراستنی کۆمەڵگایە، وپارێزگاری کردنە لە ناموسی خەڵك، وبڕینی زمانی خراپە، وداخستنی دەرگای بڵاوکردنەوەی خراپەکاریە لە نێوان باوەڕداراندا.

پرسی سێیەم: مەرجەکانی پێویست بونی حەددی تۆمەتی زینا:

حەددی تۆمەت هاویشتن پێویست نابێت مەگەر چەند مەرجێك فەراهەم بێت لە تۆمەت کەر ولە تۆمەت بۆ کراو، بۆ ئەوەی تاوان بارەکە شایستەی سزای قامچی لێ دان بێت:

یەکەم: مەرجەکان لە تۆمەت کەردا، ئەویش پێنج دانەیە:

١- ئەبێت باڵغ بێت، جا بچوك حەددی لە سەر نیە.

٢- ئەبێت ژیر بێت، جا حەدد لە سەر شێت وتێکچو نیە.

٣- نابێت تۆمەتکەر بنەچە بێت بۆ تۆمەت بۆ کراو، وەك باوك وباپیر ودایك وداپیرە، جا حەدد نیە لە سەر باوك ودایك ئەگەر تۆمەتیان کرد بۆ کوڕ وکچەکەیان وبەرەو خوارەوە.

٤- ئەبێت سەر پشك بێت، جا حەدد نیە لە سەر خەوتو وزۆر لێ کراو.

٥- ئەبێت زانا بێت بە حەرام کردن، جا حەدد نیە لە سەر نەزان.

دوەم: مەرجەکان لە تۆمەت بۆ کراو دا، ئەمیش هەر پێنج دانەیە:

١- ئەبێت تۆمەت بار کراو موسُڵمان بێت، جا حەدد نیە لە سەر کەسێك تۆمەتی زینا بداتە پاڵ ناموسُڵمان، چونکە حورمەتی نوقسانە.

٢- ئەبێت ژیر بێت، جا حەددی لە سەر نیە ئەگەر بۆ شێتێك بیکات.

٣- ئەبێت بالغ بێت، یان بکرێ جوت ببێت یان جوت بن لەگەڵیدا، ئەمەش بریتیە لە دە ساڵان ونۆ ساڵان وبەرەو سەردوە.

٤- ئەبێت بە ڕوکەش لە زیناوە پاك بێت، جا حەددی لە سەر نیە ئەگەر بۆ خراپە کارێك بیکات.

٥- ئەبێت تۆمەت بۆ کراو ئازاد بێت، جا حەددی لە سەر نیە ئەگەر بۆ کۆیلەیەك بیکات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ(١): «مَنْ قَذَفَ مَمْلُوكَهُ بِالزِّنَا، يُقَامُ عَلَيْهِ الْحَدُّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ كَمَا قَالَ» «هەر کەس تۆمەتی زینا بداتە پاڵ کۆیلەکەی، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا حەددی لە سەر جێ بەجێ دەکرێت مەگەر بەو شێوازە بێت ئەو وتویەتی». پێشەوا نەوەوی رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەڵێ: «ئەم فەرمودە ئاماژەی بۆ ئەوە تێدایە کە تۆمەتکەر بۆ کۆیلە لە دونیادا حەددی لە سەر نیە، ئەمەش جێی کۆ دەنگیە، بەڵام تۆمەتکەرەکە تەمبێ دەکرێت، چونکە کۆیلە موحصەن نیە»(٢).

لەمەود ڕون بویەوە کە مەرجی جێبەجێکردنی حەدد لە سەر تۆمەتکەر ئەبێت تۆمەت بۆ کراو موحصەن بێت، ئەویش ئەوەیە کە: موسُڵمانێکی، ژیری، ئازادی،

---

(١) أخرجه مسلم (١٦٦٠).
(٢) شرح مسلم (١١/١٣١-١٣٢).

داوێن پاکی، پێشگەیشتوی -یان شیاو بێت بۆ جوت بون-، ئەمەش لە فەرمایشتەکەی خوادا باس کراوە کە ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ﴾ [النور:٤]. لەمە تێدەگەیت کە: قامچی نادرێت لە کەسێکی ناموحصەن.

پرسی چوارەم: مەرجەکانی جێ بەجێ کردنی حەددی تۆمەتی زینا:

ئەگەر حەددی تۆمەتی زینا پێویست بو، ئەوا ئەبێت چوار مەرجی تێدا فەراهەم بێت، کە بریتیە لە:

١- تۆمەت بۆ کراو داوای هەبێت لە سەر تۆمەتکەر، وئەم داواکاریەش بەردەوام بێت تا کاتی حەدد جێ بەجێ کردنەکە. چونکە حەددی تۆمەتی زینا مافی تۆمەت بۆ کراوە، جا بێ داواکاری وی جێ بەجێ ناکرێت، بە لێ خۆشبونیشی دەکەوێت. جا ئەگەر لە تۆمەت کەرەکە خۆش بو ئەوا حەددەکەی لە سەر دەکەوێت، بەڵام تەعبێ دەکرێت بە شێوازێك ڕێگری لێ بکات لە تۆمەت بەخشینەوەی حەرام.

٢- ئەبێت تۆمەتکەرەکە بەڵگەیەك نەهێنێت تۆمەتەکەی بچەسپێنێت ئەویش بریتیە لە چوار شایەت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ﴾ [النور:٤].

٣- ئەبێت تۆمەت بۆ کراوەکە تۆمەتەکە بە ڕاست نەخاتەوە ودانی پێدا نەنێت،، جا ئەگەر دانی پێ دا نا وبە ڕاستی خستەوە ئەوا حەددی لە سەر نیە، چونکە ئەمە لە بەڵگە هێنانەوە کاریگەر ترە.

٤- ئەبێت تۆمەت کەرەکە مولاعەنە نەکات لەگەڵ تۆمەت بۆ کراوەکەدا ئەگەر تۆمەت کەرەکە مێردەکە بو، جا ئەگەر مولاعەنەی لەگەڵ کرد ئەوا حەددەکەی لە سەر دەکەوێت، وەك پێشتر لە لیعاندا باس کرا.

دەروازەی چوارەم

لە بارەی حەددی مەی خۆرەوە «حدُّ شَارِبِ الخَمْر»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی مەی، وحوکمەکەی، ودانایی لە قەدەغە کردنی:

١ - پێناسەی «الْخَمْر»:

لە زماندا هەر شتێکە عەقڵ داپۆشێت لە هەر ماددەیەك بێت.

لە شەرعیشدا: هەر شتێکە سەر خۆش بکات ئیتر شەربەت بێت لە مێوژ یان لە شتی تر، یان لێ نراو بێت، یان لێ نەنراو بێت. **سەر خۆشکردنیش:** بریتیە لە تێکەڵ بونی عەقڵ، **سەر خۆش کەریش:** بریتیە لەو خواردنەوەی بخۆرەکەی سەر خۆش دەکات، **سەر خۆشیش:** پێچەوانەی بێدار (الصَّاحِي)ـە.

٢ - حوکمەکەی:

حوکمی مەی حەرامە، هەروەها سەرجەم سەر خۆش کەرەکانی تر، جا هەمو سەر خۆش کەرێك مەیە، جا دروست نیە مەی بخورێتەوە ئیتر کەم بێت یان زۆر، خواردنەوەشی تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان، مەییش حەرامە بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائدة:٩٠] «ئەی باوەڕداران مەی وقومار وئەو بتانەی هاوبەشدانەران ئاژەڵی لە لادا سەر دەبڕن، وتیر وپشکی نەفامەکان ئەمانە تاوانن ولە ڕازاندنەوەی شەیتانن، بۆیە لەم تاوانانە دور بکەونەوە بۆ ئەوەی بەهەشت ببەنەوە»، جا فەرمان کردن بە دور کەوتنەوە بەڵگەیە لە سەر حەرام کردن. ولەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂، ئەڵێ:

پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «كُلُّ شَرابٍ أَسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ» «هەمو خواردنەوەیەکی سەر خۆشکەر حەرامە»[1]، ولە ئیبن عومەرەوە ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وكُلُّ خَمْرٍ حَرامٌ» «هەمو سەر خۆش کەرێك مەیە، وهەمو مەیەکیش حەرامە»[2]. وفەرمودەکان لە بارەی حەرام کردن ولێ ڕەتانی زۆر زۆرە ئەگاتە رادەی تەواتر، ئوممەتیش کۆکە لە سەر حەرام بونی.

٣- دانایی لە بارەی حەرامێتی مەیەوە:

خوای میهرەبان زۆر نیعمەتی بەخشیوە بە مرۆڤ، لەوانە: نیعمەتی عەقڵ کە پێی لە دروست کراوەکانی تری جیا کردۆتەوە، ولەبەر ئەوەی سەر خۆش کەرەکان وا لە مرۆڤ دەکەن نیعمەتی عەقڵ لە دەست بدەن، ورق وکینە لە نێوان باوەڕداران بلاوە پێ دەکەن، ورێگری لە نوێژ دەکات، ولە یادی خوا دورت دەخاتەوە، شەرع حەرام کرد، بۆیە مەی مەترسیەکەی گەورەیە، وخراپیەکەی مەزنە، مەی ولاخی شەیتانە سواری ئەبێت بۆ زەرەردان لە موسڵمانان، خوای بەرز ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ﴾ [المائدة: ٩١] «شەیتان بە ڕازاندنەوەی تاوانەکان دەیەوێت هۆکارەکانی دوژمنایەتی ورق وکینە بخاتە نێوانتانەوە، بە هۆی مەی خواردن وقومارکردنەوە، ولە یادی خوا ونوێژ دورتان بخاتەوە».

(١) أخرجه البخاري (٥٥٨٥)، ومسلم (٢٠٠١).
(٢) أخرجه مسلم (٢٠٠٣)-٧٥.

پرسی دووەم: حەددی مەی خۆر، ومەرجەکانی، وبە چی دەسەلمێت؟

١- **حەددی مەی خۆر**: حەددی مەی خۆر، قامچی لێدانە، ئەندازەکەشی: چل قامچیە. دروستیشە بگەیەنرێتە هەشتا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی پێشەوا. کە پێویستی کرد زیادی دەکات ئەگەر خەڵك خویان گرت بە مەی خواردنەوە وبە چل قامچی وازیان نەدەهێنا، لەبەر فەرمودەکەی عەلی کوڕی ئەبو تالب ﷺ: «جَلَدَ النَّبِيُّ ﷺ أَرْبَعِينَ، وَأَبُو بَكْرٍ أَرْبَعِينَ، وَعُمَرُ ثَمَانِينَ، وَكُلٌّ سُنَّةٌ، وَهَذَا أَحَبُّ إِلَيَّ» «پەیامبەر ﷺ چل قامچی لێدەدا، ئەبوبەکریش هەروەها، وعومەر کردیە هەشتا، هەمویشی سونەتە (ڕێگایەکە گیراوەتە بەر)، ئەمەش [واتە: چل]م پێ خۆش ترە»[١]. ولەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَضْرِبُ فِي الْخَمْرِ بِالنِّعَالِ وَالْجَرِيدِ أَرْبَعِينَ» «پەیامبەری خوا ﷺ لە سەر مەی خواردنەوە بە پێڵاو وسەعەفی دار خورما چل جاری لە کابرای دەدا»[٢].

٢- **مەرجەکانی جێ بەجێ کردنی حەددی مەی خواردنەوە:**

چەند مەرجێك هەیە بۆ جێبەجێ کردنی حەدد لە سەر سەکران، ئەویش ئەوەیە:

- موسڵمان بێت، جا نا موسڵمان حەددی لە سەر نیە.
- بالغ بێت، جا حەدد نیە لە سەر منداڵ.
- ژیر بێت، جا حەدد نیە لە سەر شێت، وتێکچو.
- ئەبێت ویستدار بێت، جا حەدد نیە لە سەر زۆر لێکراو ولە بیرچو وهاوشێوەکانی. ئەم سێ مەرجەش فەرمودەکەی [پێشتر] بەلگەیە لە سەری: «خوای

---

(١) أخرجه مسلم (١٧٠٧).
(٢) أخرجه مسلم (١٧٠٦).

میهرەبان لە: هەڵە ولە بیر چونەوە وزۆر لێ کردنی ئوممەتەکەم خۆش بوە». هەروەها فەرمودەی: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سێ جۆر خەڵك:... ». پێشتریش چەند جار باس کرا.

- ئەبێت بزانێت حەرامە، جا حەدد نیە لە سەر نەزان.

- ئەبێت بزانێت ئەو خواردنەوەیە مەیە، جا ئەگەر خواردی وای زانی خواردنەوەیەکی ترە ئەوا حەددی لە سەر نیە.

٣- ئەوەی حەددی مەی خواردنەوەی پێ دەسەلمێت؟

حەددی مەی خواردنەوە بە یەکێك لەم دو شتە دەچەسپێت:

١- داننان بە خواردنەوەی: وەك ئەوەی ئیعتراف بکات بە ویستی خۆی مەی خواردۆتەوە.

٢- بەڵگە، ئەویش شایەتی دانی دو پیاوی دادگەری موسڵمان لە سەری.

پرسی سێیەم: حوکمی مادده هۆش بەر (المخدرات)ەکان وبازرگانی پێوە کردنیان:

١- حوکمی مادده هۆشبەرەکانی جگە لە مەی: مەبەست لە موخەددەرات ئەوەیە هۆش وبیر دا دەپۆشێت، وبەکار هێنەرەکەی توشی تەمبەڵی وقورسی وتەوەزلی وسارد بونەوە دەکات، وەك بەنج وئەفیون، وحەشیش وهاو شێوەکانی. مادده هۆش بەرەکانیش حەرامە هەر چۆنێك بە کاری بهێنێت، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عائیشە ﵂، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «هەمو خواردنەوەیەك سەر خۆش بکات حەرامە». هەروەها فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر ﵄، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «هەمو سەر خۆش کەرێك مەیە، هەمو سەر خۆش کەرێکیش حەرامە... هتد». هەروەها لەبەر گەورەیی ترسناکی ئەم مادده

هۆشبەرانە، وزۆری خراپی، وتوندی لە ناو بردنی بۆ گەنج وپیاوانی ئوممەت، وسەرقاڵ کردنیان لە گوێڕایەڵی خوا وتێکۆشان لە دژی دوژمنانی وشتە بەرز وبە سودەکان ئیسلام حەرامی کردوە.

٢- حوکمی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە: لە پەیامبەرەوە ﷺ، نەهی هاتوە لە حەرام کردنی فرۆشتنی مەی، جابر دەگێڕێتەوە لە پەیامبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّ اللهَ حَرَّمَ بَيْعَ الْخَمْرِ، وَالْمَيْتَةِ، وَالْخِنْزِيرِ، وَالْأَصْنَامِ» «خوای دانا فرۆشتنی مەی ومردارەوە بو وبەراز وبتی حەرام کردوە»(١). هەروەها ﷺ ئەفەرموێ: «وَإِنَّ اللهَ إِذَا حَرَّمَ شَيْئًا حَرَّمَ ثَمَنَهُ» «خوای دانا ئەگەر شتێك حەرام بکات، نرخەکەشی حەرام دەکات»(٢).

هەر بۆیە زانایان ئەڵێن: ئەوەی خوا حەرامی کردبو کەڵکی لێوەر بگیرێت، فرۆشتنیشی حەرام ئەبێت، ونرخ خواردنەکەشی هەروەها.

وله بەر ئەوەی ماددە هۆشبەرەکان ناوی مەی دەیگرێتەوە، جا نەهی لەبارەی فرۆشتنی مەیەوە، لە ڕوی شەرعەوە ئەم ماددە هۆشبەرانەش دەگرێتەوە، کەواتە حەرامە بفرۆشرێت، هەروەها ئەو پارەشی لەمەوە دەست دەکەوێت حەرام دەبێت.

(١) أخرجه مسلم (١٥٨١).
(٢) أخرجه أبو داود (٣٤٨٨)، وأحمد (٢٤٢/١)، وهو صحيح «مسند أحمد» (٩٥/٤) (٢٢٢١) ط الأرناؤوط.

دەروازەی پێنجەم

لە بارەی دزی كردنەوە «حدُّ السَّرِقَة»

چەند پرسێكی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەكەم: پێناسەی دزی وحوكمەكەی حەددی بكەرەكەی ودانایی تێیدا:

١- پێناسەی دزی:

لە زماندا: بردنی شتە بە دزیەوە. لە شەرعیشدا[١]: بردنی ماڵی كەسی ترە بە ستەم، وبە شاراوەیی ودزیەوە، لە شوێنێكی قایم وتۆكمەی هاوشێوەدا بە چەند مەرجێكی دیاری كراو كە باس دەكرێت بە ویستی خوا.

٢- حوكمی دزین:

دزین حەرامە، چونكە دەست درێژی كردنە بۆ سەر مافی خەڵك، وبردنی ماڵیانە بە ناڕەوا. وقورئان وسوننەت وكۆ دەنگی بەڵگەن لە سەر حەرامیەكەی. ویەكێكیشە لە تاوانە گەورەكان، خوای گەورەش نەفرەتی لە خاوەنەكەی كردوە وەك لە فەرمودەكەی ئەبو هورەیرەدا ﵁ هاتوە، كە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «لَعَنَ اللهُ السَّارِقَ، يَسْرِقُ الْبَيْضَةَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ، وَيَسْرِقُ الْحَبْلَ فَتُقْطَعُ يَدُه» «خوا نەفرەتی لە دز كردوە، هێلكەیەك دەدزێت ودەستی دەبڕدرێت، وپەتێك دەدزێت ودەستی دبڕدرێت»[٢].

٣- حەددی بكەرەكەی: حەدد پێویستە لە سەر بكەرەكەی جێ بەجێ بكرێت.

---

(١) [هاو شێوە: یانی: شوێنی هەڵ گرتنەكە شیاوی ئەو شتە بێت تێیدا حەشار دەدرێت، بۆ نمونـە: ئەڵماسـێك لە تاقەكەی ژوری میوانیان دا نەنێت، كە لە بەر دەست دایە]

(٢) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٧٨٣)، ومسلم (١٦٨٧).

ئەویش بریتیە لە: برینی دەستی، پیاو بێت یان ژن، لەبەر فەرمایشتەکەی خوای باڵا: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللهِ وَاللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [المائدة: ٣٨] «-ئەی کار بە دەستان!- دەستی دزی پیاو ودزی ئافرەت ببڕنەوە بە گوێرەی شەرع، وەکو سزایەك لە سەر خواردنی ماڵی خەڵك بە ناڕەوا، تا بشبێتە ڕێگر لە بەردەم کەسی تر دەست بۆ کاری وا نەبات، خواش بە دەسەڵاتە لە موڵکەکەیدا، ودانایە لە کاردکانیدا». ولەبەر فەرموودەکەی عائیشە رضي الله عنها، فەرمووی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَقْطَعُ السَّارِقَ فِي رُبُعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا» «پەیامبەری خوا ﷺ دەستی دزی دەبڕی بەرامبەر ڕوبعە دینارێك وبەرەو سەرەوە»[(١)]. ولەبەر فەرموودەکەی عائیشە دیسانەوە، ئەڵێ: قورەیش خەمی ئافرەتە مەخزومیەکە دایگرتبون کە دزی کردبو، تێیدا هاتوە کە پەیامبەر ﷺ فەرمویەتی: «وَايْمُ اللهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا» «سوێند بە خوا ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکات ئەوە بێگومان دەستیم دەبڕی»[(٢)]. زانایانیش کۆکن لە سەر حەرامێتی دزی کردن، واجبێتی بڕینی دەستی دز بە گشتی.

٤- دانایی لە جێبەجێکردنی حەددی دزی کردن:

ئیسلام حورمەتی بۆ پارە داناوە، وحورمەتیشی گرتوە لە مافی تاکەکان کە هەیانبێت، ودەست درێژی کردنیشی قەدەغە کردوە بۆ سەر ئەم مافە، ئیتر بە دزی بێت یان لە ڕێدا بردن، یان غەش کردن یان خیانەت کردن یان بەرتیل یان شێوەکانی تری بە ناڕەوا خواردنی ماڵی خەڵك.

(١) أخرجه البخاري (٦٧٩٠)، ومسلم (١٦٨٤).
(٢) أخرجه البخاري (٣٤٧٥)، ومسلم (١٦٨٨).

جا لەبەر ئەوەی دز ئەندامێکی خراپی کۆمەڵگایە، چونکە ئەگەر دەبێ بکرێت خراپە وشەڕی تەشەنە دەکات وەمەترسی وزەردەکەی بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ئیسلام بڕینی ئەو ئەندامە خراپەی داناوە، وەك سزایەك بۆ ئەو دەستە لە سەر ستەم ودەست درێژیەکەی، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگر کەسی تر دەست بۆ ئەم تاوانە ئەبات، ومالّ ومافی خەڵکیش بپارێزراو بێت.

پرسی دووەم: مەرجەکانی واجیبێتی حەددی دزی کردن:

بۆ ئەوەی حەددی دزی کردن جێبەجێ بکرێت ودەستی دز ببڕدرێت، ئەبێت ئەم مەرجانە هەبێت:

١- ئەبێت پارە بردنەکە بە دزی وشاراوەییەوە بێت، ئەگەر وا نەبێت ئەوا نابڕدرێت، جا تالآنکەر -بە زۆر-، وزەوتکەر، وفڕێنەر، وخیانەتکار ئەمانە دەست بڕینیان لە سەر نیە[1]، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ[2]: «لَيْسَ عَلَى خَائِنٍ وَلَا مُنْتَهِبٍ، وَلَا مُخْتَلِسٍ قَطْعٌ» «دەست بڕین نیە بۆ خیانەتکەر، وتالآنکەر، وفڕێنەر».

٢- ئەبێت دزەکە تەکلیف لێکراو (بالّغ وعاقلّ) بێت، جا دەستی منداڵ وشێت نابڕدرێ، چونکە قەڵەمیان لە سەر هەڵ گیراوە وەك باس کرا، منداڵیش تەمبێ دەکرێ.

٣- ئەبێت دزەکە ویستدار بێت، جا دەستی زۆر لێ کراو نابڕدرێت، چونکە عوزری هەیە، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] پەیامبەر ﷺ: «لە سەر ئوممەتەکەم هەڵە ولە بیر چونەوە وزۆر لێ کردن هەڵ گیراوە».

٤- ئەبێت بزانێت حەرامە، جا دەستی نەزان بە حەرامێتی دزی کردن نابڕدرێت.

---

(١) [دەست بڕینیان لە سەر نیە، نەك هیچ سزایەك! جا ئاگادار بە].

(٢) أخرجه الترمذي (١٤٨٨) واللفظ له، وقال: «حسن صحيح»، وابن ماجه (٢٥٩١)، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١١٧٢).

٥- ئەبێت ماڵە دزراوەکە حورمەت دار بێت، جا ئەوەی ماڵ نیە وحورمەتی نیە وەك ئامێرەکانی مۆسیقا ومەی وبەراز ومردارەوە بو، هەروەها ئەوەی کە ماڵە بەڵام حورمەت دار نیە وەك ماڵی ناموسڵمانی شەڕ کەر -چونکە ناموسڵمانی شەڕ کەر خوێن وماڵی حەڵاڵە- ئەوە دەست بڕینی تێدا نیە.

٦- ئەبێت ماڵە دزراوەکە بگاتە ڕادە، کە بریتیە لە ڕوبعە دینارێکی زێڕ وبەرەو سەردوە، یان سێ درهەم زیو، یان بەرامبەر ئەمانە لە دراوەکانی تر، جا کەمتر لەمە دەست بڕینی تێدا نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا تُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ إِلَّا فِي رُبُعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا» «دەستی دز نابڕدرێت مەگەر لە ڕوبعە دینارێك وبەرەو سەردوە»[1].

٧- ئەبێت ماڵە دزراوەکە لە شوێنێکی قایم (حِرْز)ی هاوشێوەی خۆی بێت، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە زۆرجار پارەی تێدا قایم دەکرێت، ئەمەش دەگۆڕێت بە گوێرەی ماڵ وشارەکان وهتد، ولەمەشدا دەگەڕێتەوە بۆ داب ونەریت، جا ئەگەر لە شوێنێکی قایم نەیبرد، وەك ببینێت دەرگاکە کراوەتەوە، یان شوێنەکە هەڵدراوەتەوە، ئەوە دەست بڕینی تێدا نیە.

٨- ئەبێت شوبهە لە سەر دزەکە نەمێنێت، جا ئەگەر شوبهە هەبو لەوەی دزیویەتی ئەوا دەست بڕینی تێدا نیە، چونکە حەددەکان بە شوبهە دور دەخرێنەوە، سا دەستی کەسێك نابڕدرێت دزی لە ماڵی باوکی بکات، بە هەمان شێوە لە ماڵی کوڕەکەی بیکات، چونکە بژێوی هەر یەکەیان لە سەر ئەوی تریانە. هەروەها دەستی هاوبەش نابڕدرێت بە هۆی دزیەوە لە ماڵی هاوبەشەکەی لەوەی هاوبەشی هەیە، بە

---

(١) أخرجه مسلم (١٦٨٤) -٢.

هەمان شێوە هەر کەسێك شایستەییەکی لە ماڵێکدا هەبێت ولێی ببات، ئەوا بڕینی تێدا نیە، بەڵام تەمبێ دەکرێت وئەوەی بردویەتی دەگێڕدرێتەوە.

٩- ئەبێت لە لای دادوەر دزیەکە بچەسپێت، ئەمەش یان بە شایەتی دانی دو کەسی دادگەر، یان بە دان پێدانانی دزەکە خۆی دەبێت، لەبەر گشتێتی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ﴾ [البقرة: ٢٨٢]، سەبارەت بە دان پێدانانیش، لەبەر ئەوەیە مرۆڤ تۆمەتبار ناکرێت لە سەر شایەتیدانی لە دژی خۆی وزیان پێگەیاندنی.

١٠- ئەبێت دزی لێ کراوەکە داوای ماڵەکەی بکات، چونکە ماڵ، بە بەخشین ویۆ حەڵاڵ کردن حەڵاڵ ئەبێت، یان بهێڵێت بڕواتە شوێنی هەڵ گرتنەکەوە، یان ئەو شتەکانی تریش کە حەدد لە سەر دەخەن.

پرسی سێیەم: تکا کرن بۆ حەددی دزی کردن، وبەخشینی دزراوەکە بە دزەکە:

١- **تکا کردن بۆ حەددی دزی کردن:** دروست نیە تکا بکرێت نە بۆ حەددی دزی کردن، نە بۆ هیچ حەددێکی تر ئەگەر گەیشتە پێشەوا وپێی زانی، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ کاتێك ئوسامە تکای کرد بۆ ئافرەتە مەخزومیەکە کە دزی کرد، پێی فەرمو: «أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدودِ اللهِ؟!» «تکا دەکەیت بۆ حەددێك لە حەددەکانی خوا؟!». پێشتریش لە سەرەتای دەروازەی حەددەکان باسی لێوە کرا.

٢- **بەخشینی دزراو بە دز:** دروستە دزراو ببەخشرێت بە دز، ودزەکەی لێ ببەخشرێت، پێش بەرز کردنەوەی بۆ لای دادوەر. بەڵام کە گەیشتە دادوەر نەخێر، لەبەر فەرمودەکەی سەفوانی کوڕی ئومەییە ﷺ کە دزێك عاباکەی لە ژێر سەری دزیوە، کە بەرزی دەکاتەوە بۆ لای پەیامبەری خوا ﷺ وفەرمانی کرد دەستی

ببڕدرێت، سەفوان وتی: من خۆش دەبم وچاو پۆشی لێدەکەم، لە ڕیوایەتێکدا: وتی ئەی پەیامبەری خوا! بۆ خۆی، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: ئەی بۆ پێش ئەوەی بگاتە لای من وات نەکرد ؟![1].

پرسی چوارەم: چۆنێتی بڕینەوە وشوێنەکەی:

ئەگەر مەرجەکانی پێشو فەراهەم بو، وبڕین پێویست بو، ئەوا دەستی ڕاستی دز لە جومگەی لەپەوە دەبڕدرێت، دوای بڕینەوەش دەستەکەی بە ئاگر کەوی دەکرێت، یان دەژەنرێتە زەیتێکی کوڵاو یان هەر هۆکارێکی تر کە ئەبێتە مایەی ودستانی خوێن بەر بونەکە وساڕێژ کردنەوەی برینەکە، بۆ ئەوەی برینەکە توشی لەناو چون وتیاچون نەیەت.

ئەگەریش هەم دزی کردەوە، ئەمجارە پێی چەپی دەبڕدرێت.

(١) أخرجه النسائي (٢/٢٥٥)، وأحمد (٦/٤٦٦)، وهو صحيح، وصححه الألباني في الإرواء (٢٣١٧).

دەروازەی شەشەم

تازیر وئەدەب دان وتەمبێ کردن «التَّعْزِير»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: پێناسەی تەمبێ کردن، وحوکمەکەی، ودانایی تێیدا:

١- پێناسەی تەمبێ: «التعزیر» لە زماندا: ڕێگریکردن وگەڕاندنەوەیە. وبە واتای سەرخستن لەگەڵ گەورەڕاگرتندا دێت، وەك لە فەرمایشتەکەی خوا ﷻ هاتوە: ﴿وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ﴾ [الفتح:٩] «بۆ ئەوەی بڕوا بە خوا وپەیامبەر بهێنن، وخوا سەر بخەن بە سەر خستنی دینەکەی وبە گەورەی ڕا بگرن، وتەسبیحاتی بکەن...»، واشی پێ وتراوە چونکە ڕێگری لە دەست درێژی کار دەکات زیان بگەیەنێت، هەروەها بە واتای سەر شۆڕکردن وسوکایەتیش دێت، ئەوترێت: «عَزَّرَه عَلَى ذَنْبٍ وَقَعَ مِنْه»، کەواتە لە دژ بە یەك (الأضداد)ـەکانە[١]. وەکو بنەڕەتیش بە واتای: ڕێگری کردن دێت. لە زاراوەشدا: تەمبێکردنە لە سەر هەر تاوانێك کە حەدد وکەفارەتی تێدا نیە.

٢- حوکمی تەمبێکردن: تەمبێکردن پێویستە لە هەمو تاوانێکدا کە حەدد وکەفارەتی نیە لە شەرعدا، لە کردنی حەرامێك، یان نەکردنی واجبێك ئەگەر پێشەوا پێی باش بو، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو بوردەی کوڕی نیار کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لَا يُجْلَدُ فَوْقَ عَشْرِ جَلَدَاتٍ إِلَّا فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللهِ» «سەروی دە قامچی لە هیچ کەسێك نادرێت مەگەر بۆ حەددێك بێت لە حەددەکانی خوا»[٢].

---

(١) [ئەو وشانەیە، کە بە واتایەك وژەکەی دێت، وەك «بیع» بە کڕین وفرۆشتنیش دەوترێ]

(٢) متفق علیه: أخرجه البخاري (٦٨٤٨، ٦٨٤٩)، ومسلم (١٧٠٨).

هەروەها: «أَنَّه ﷺ حَبَس فِي تُهْمَةٍ» «پەیامبەری خوا ﷺ بە هۆی تۆمەتێکەوە کەسێکی بەند کرد»[(١)]. هەروەها عومەریش خەڵکی تەمبیێ دەکرد وئەدەب دەدا بە نەفی کردن وسەر تاشین وجگە لە مانەش. تەمبێکردنیش دەگەڕێتەوە بۆ کار بە دەست یان جێگرەکەی، کە بەرژەوەندی لە کردنیدا بینی دەیکات، ولە نەکردنیشی بینی وازی لێ دەهێنێت.

٣- **دانایی لە بونی تەمبێکردن:** تەمبێکردن شەرع کراوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە ئاژاوە وخراپەکاری، ودور خستنەوەی ستەم، ورێگری کردن لە سەرپێچی کاران وتەمبیێ کردنیان.

پرسی دوەم: ئەو جۆرانەی تاوان کە ئەبێتە مایەی تەمبیێ لە سەرکردن:

ئەو تاوانانەی تەمبێکردن پێویست دەکەن دو جۆرن:

١- نەکردنی واجبەکان لەگەڵ توانینی جێبەجێکردنی، وەك قەرزدانەوە، وئەمانەت ومالی هەتیو دانەوە، ئەم شتانە وهاوشێوەکانی لە سەر بە جێ نەگەیاندنی تەمبیێ دەکرێت تا دەیداتەوە، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْمٌ» «ماتەڵکردن لە لایەن داراوە ستەمە»[(٢)]. لە ڕیوایەتێکی تردا: «لَيُّ الْوَاجِدِ يُحِلُّ عِرْضَهُ وَعُقُوبَتَهُ» «دواخستنی دارا ناموس وسزادانی حەڵاڵ دەکات»[(٣)].

---

(١) أخرجه الترمذي (١٤٥٠)، وأبو داود (٣٦٣٠) وحسنه الألباني «صحيح الترمذي» (١١٤٥).

(٢) أخرجه البخاري (٢٤٠٠)، ومسلم (١٥٦٤).

(٣) أخرجه أبو داود (٣٦٢٨)، والنسائي (٣١٦/٧)، وابن ماجه (٢٤٢٧)، وصححه غير واحد، وحسنه الألباني. انظر: «صحيح سنن النسائي» (٤٣٧٢، ٤٣٧٣). واللَّيُّ معناه: المطل.

٢- کردنی حەرامکراوەکان: وەك ئەوەی تەنها بکەویت لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا یان بچێتە لای بە بێ جوت بون، یان ماچی بکات یان یاری لەگەڵ بکات، هەروەها وەك ئافرەت بچێتە لای ئافرەت، جا لەمانە وهاوشێوەکانیان دا تەمبێ کردن هەیە، ئەگەر سزایەکی دیاری کراوەی لە سەر نەهاتبو.

پرسی سێیەم: ئەندازەی تەمبێ کردن:

شەرع ئەندازەیەکی دیاری کراوی دانەناوە بۆ سزادانی تەمبێ کردن، جا لەمەدا گەڕانەوە بۆ لای تێکۆشان وئەندازە گیری دادوەرە، بزان چی بە گونجاو دەزانێت بۆ کارەکە، تەنانەت هەندێك لە زانایان پێیان وایە: سزای تەمبێ کردن دەگاتە ڕادەی کوشتنیش ئەگەر بەرژەوەندی بیخوازێت، وەك کوشتنی موسڵمانی سیخوڕ وپەرتەوازەکەری کۆمەڵی موسڵمانان، ئەوانی تریش کە خراپەیان تەنها بە کوشتن لا دەچێت.

پرسی چوارەم: جۆری سزاکانی تەمبێکردن:

ئەو سزایانەی تەمبێی پێ دەکرێ، ئەکرێت بە گوێرەی پەیوەستیەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکرێت:

١- ئەوەی پەیوەستە بە جەستەوە، وەك قامچی وکوشتن.

٢- ئەوەی پەیوەستە بە ماڵەوە، وەك لە ناو بردن وقەرەبوکردنەوە، بۆ نمونە: لە ناو بردنی بتەکان وشکاندنیان، ولە ناو بردنی ئامێرەکانی مۆسیقا وگۆرانی وقاپ وقاچاخی مەی خواردنەوە.

٣- ئەوەی لە هەردوکیان پێك هاتوە، وەك قامچی دان لە دز بە بێ ئەوەی لە شوێنێکی قایمی بردبێت لەگەڵ چەند قاتکردنەوەی قەرەبوەکەی سەری، چونکە بڕیاری پەیامبەر ﷺ لە بارەی، دزی کردنەوە لە بەر وبومی هەڵ واسراو بە

دارەکەیەوە پێش بردنی بۆ خەرمان وبێدەر (الجرين)= حەدد جێ بەجێ کردن ودو جار غەرامە کردنی بو[١]. «الجرين»یش بریتیە لە شوێنی وشکردنەوەی خورما.

٤- هەشیەتی پەیوەستە بە بەستنەوەی ویستەوە، وەك بەند کردن ودورخستنەوە.

٥- هەشیەتی پەیوەستە بە لایەنی مەعنەویەوە، وەك ئازاردانی بە سەرزەنشت کردنی وبە گژا چونەوەی.

(١) [انظر: «مستدرك الحاكم» (٨٢٤٣)، و«سنن النسائي» (٤٩٧٣، ٤٩٧٤)، و«سنن أبي داود» (٤٣٩٠)].

دەروازەی حەوتەم

لە بارەی حەددی جەردەیی وڕێگریەوە «الحرابة»

چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی حیرابە، وحەددی بکەرەکانی:

١- **پێناسەی «الحِرَابة»**: لە زماندا وەرگیراوە لە: «حَرَبه» یانی: هەمو ماڵەکەی تالاّن کرد. لە شەرعیشدا: هەڵگرتنی چەکە لە سەر موسڵمانان -بێ هیچ دوژمنایەتیەکی پێش وەختە- بۆ بردنی ماڵیان، یان لە ناو بردنی خوێیان، یان ئەتکردنی ناموسیان، ئیتر لە شار بێت یان لە دەشت، لە لایەن کەسێکی تەکلیف لێ کراوەوە با ئەهلی زیمە یان هەڵگەڕاوەش بێت. هەروەها ڕێگریشی پێ دەوترێت.

٢- **حەددی جەردەیی وسزای جەردەکان**: بنەما لە بارەی جێبەجێکردنی حەدد لە سەر جەردە وڕێ بڕەکان وسزادانیان فەرمایشتەکەی پەروەردگارە ﷻ: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ﴾ [المائدة:٣٣] «سزای ئەوانەی دژایەتی خوا دەکەن وبە ئاشکرا دژی دەوەستنەوە، وحوکمەکانی خوا وپەیامبەر پێشێل دەکەن ولە سەر زەویدا خراپەکاری دەکەن بە کوشتنی خەڵك وتالاّن بردنی ماڵیان، سزاکەیان ئەوەیە: بکوژرێن، یا لە خاچ بدرێن لەگەڵ کوشتندا، یا دەستی ڕاستی لەگەڵ پێی چەپی ببڕدرێتەوە، ئەگەریش تەوبەی نەکرد دەستی چەپی وقاچی ڕاستی، یان دور دەخرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر ولەوێدا بەند دەکرێت تا تەوبە دەکەن..»).

حەددی جەردەکانیش دەگۆڕێ بە گوێرەی جۆراوجۆری ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەوانەیان دەکوژن ومالەکەش دەبەن: دەکوژرێن ولە خاچ دەدرێن تا بڵاو ببێتەوە، دروستیش نیە چاوپۆشی لێ بکرێت بە کۆ دەنگی زانایان.

- ئەوانەیان دەکوژن بەلام مالەکە نابەن: دەکوژرێت، بەلام لە خاچ نادرێت.

- ئەوانەیان مالەکە دەبەن وناکوژن: لە یەك کاتدا دەستی ڕاست وقاچی چەپی دەبڕدرێت.

- ئەوانەیان تەنها خەلك دەتۆقێنن وڕێگاکە ترساوی دەکەن وناکوژن ومال نابەن: لە زەوی دور دەخرێتەوە وشار بە دەر دەکرێت ودەر دەکرێت، ناهێلرێت لە هیچ شارێکدا ئۆقرە بگرێت.

ئەم وردەکاریەش لە بارەی سزادانیانەوە لە ﴿أَوْ﴾ی ئایەتەکەوە وەرگیراوە، لەوێ بۆ جۆرا وجۆریە لە سزادان، وڕیز بەندیە، نەك سەر پشك کردن، ئەمەش لە ئیبن عەبباسەوە ﷺ گێردراوەتەوە[1].

پرسی دووەم: مەرجەکانی پێویست بونی حەدد لە سەر جەردەکان:

بۆ جێبەجێ کردنی حەدد لە سەر جەردەکان ئەبێت چەند مەرجێك هەبێت، گرنگترینیان:

١- تەکلیف لێ کراو بێت: جا ئەبێت بالغ وعاقل بێت بۆ ئەوەی بە جەردە هەژمار بکرێت، وحەددی لە سەر جێبەجێ بکرێت، سا شێت ومندال بە جەردە هەژمار ناکرێن وحەددیشیان لێ نادرێت، وچونکە هیچ کامیان تەکلیف لێ کراو نین.

٢- بە ئاشکرا بیکەن، ومالەکە بە زۆر ببەن، جا ئەگەر بە شاراوەیی بیبەن ئەوە دزن، ئەگەریش بیرفێنن وڕا بکەن ئەوا ڕاوڕوت وتالانکاریە، ودەستیان نابڕدرێت.

---

(١) أخرجه الشافعي في «مسنده» (٢٨٢).

٣- بسەلمێت جەردەن، ئەمەش بان خۆیانی دان پێدا بنێن، یان دو شایەتی داد گەر شایەتی بدەن، وەك لە دزی دا هەیە.

٤- ئەبێت ئەو ماڵەی ئەبرێت لە شوێنێکی قایمدا بێت، وەك ئەوەی بە زۆر لە دەستی کابرای بباتێ، جا ئەگەر ماڵەکە وێڵ کرا بو، ولە دەستی کەسدا نەبو ئەوا بە بردنی نابێتە جەردە.

پرسی سێیەم: کەوتنی حەدد لە سەر جەردەکان:

حەددی جەردە دەکەوێت ئەگەر جەردە تاوانبارەکە تەوبەی کرد پێش ئەوەی دادوەر دەسەڵاتی بشکێت بە سەریدا، وەك ئەوەی ڕا بکات، یان دیار نەمێنێت پاشان تەوبە بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [المائدة:٣٤] «بەڵام هەر جەردەیەك پێش ئەوەی دەسەڵاتتان بشکێت بە سەریدا تەوبەی کرد ئەوا مافەکانی خوای لە سەر دەکەوێت، بشزانن ئەی باوەڕداران خوا لێخۆشبو وبە بەزەییە». جا کامەی مافی واجبی خوا بێت، دەکەوێت؛ وەك دور خستنەوە، ودەست وقاچ برین، وحەتمیەتی کوشتنی، بەڵام مافی مرۆڤەکان ناکەوێت وەك نەفس وپەل وماڵ، چونکە مافێکی ئادەمیزادەکانە وکەوتۆتە سەری وەك قەرز، مەگەر خاوەن مافەکە لێی ببورێت.

بەڵام دوای دەسەڵات بە سەر شکان وبەرزکردنەوەی بۆ لای کار بە دەست تەوبەی کرد، ئەوا حەددی لە سەر ناکەوێت، با ڕاستگۆش بێت لە تەوبەکردنەکەی.

٣- بسەلمێت جەردەن، ئەمەش یان خۆیانی دان پێدا بنێن، یان دو شایەتی داد گەر شایەتی بدەن، وەك لە دزی دا هەیە.

٤- نەبێت ئەو ماڵەی ئەبرێت لە شوێنێکی قایمدا بێت، وەك ئەوەی بە زۆر لە دەستی کابرای ببات، جا ئەگەر ماڵەکە وێڵ کرا بو، ولە دەستی کەسدا نەبو ئەوا بە بردنی نابێتە جەردە.

پرسی سێیەم: کەوتنی حەدد لە سەر جەردەکان:

حەددی جەردە دەکەوێت ئەگەر جەردە تاوانبارەکە تەوبەی کرد پێش ئەوەی دادوەر دەسەڵاتی بشکێت بە سەریدا، وەك ئەوەی ڕا بکات، یان دیار نەمێنێت پاشان تەوبە بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [المائدة:٣٤] «بەڵام هەر جەردەیەك پێش ئەوەی دەسەڵاتتان بشکێت بە سەریدا تەوبەی کرد ئەوا مافەکانی خوای لە سەر دەکەوێت، بشزانن ئەی باوەڕداران خوا لێخۆشبو وبە بەزەییە». جا کامەی مافی واجبی خوا بێت، دەکەوێت؛ وەك دور خستنەوە، ودەست وقاچ بڕین، وحەتمیەتی کوشتنی، بەڵام مافی مرۆڤەکان ناکەوێت وەك نەفس وپەل وماڵ، چونکە مافێکی ئادەمیزادەکانە وکەوتۆتە سەری وەك قەرز، مەگەر خاوەن مافەکە لێی ببورێت.

بەڵام دوای دەسەڵات بە سەر شکان وبەرزکردنەوەی بۆ لای کار بە دەست تەوبەی کرد، ئەوا حەددی لە سەر ناکەوێت، با ڕاستگۆش بێت لە تەوبەکردنەکەی.

دەروازەی هەشتەم

لە بارەی هەڵگەڕانەوەوە «الرِدَّة»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسي يەكەم: پێناسەی هەڵگەڕاوە، ومەرجەكانی، وحوكمەكەی:

١- پێناسەی «الرِّدَّة»:

لە زماندا: گەڕانەوەیە لە شت، لەمەش: هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام. لە زاراوەشدا: كوفر كردنە دوای موسڵمان بون، بە ویستی خۆی، لە ڕێگەی زمان یان بیر وباوەڕ، یان گومان یان كردەوەوە.

٢- مەرجەكانی:

مەرجەكانی بریتیە لە: ژیری وجیاكاری سەر پشكی. جا حوكمی هەڵگەڕانەوە نادرێت بە سەر شێت یان منداڵێكی ناجیاكار، یان زۆر لێكراودا ئەگەر لێیان وەشایەوە.

٣- حوكمی هەڵگەڕاوە: حوكمی لە دونیادا: بریتیە لە كوشتن، لەبەر فەرمایشتەكەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ بَدَّل دِينَه فَاقْتُلوه» «كێ دینی خۆی گۆڕی بیكوژن»[1].

وئەبێت پێش كوشتن داوای تەوبەی لێ بكرێت، وبانگ بكرێت بۆ ئیسلام، وبەری لێ تەسك بكرێتەوە وبەند بكرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، جا ئەگەر تەوبەی كرد ئەوە باشە وەگەرنا دەكوژرێتەوە، بە بەڵگەی فەرمودەی ئەو جولەكەیەی موسڵمان بو

---

(١) أخرجه البخاري (٦٥٢٤).

پاشان هەڵگەڕایەوە، موعاز بە ئەبو موسای وت: لە سەر ئاژەڵەکە دانابەزم تا نەکوژرێت، ئەوەبو کوژرا[١]. لە ڕیوایەتێکی تردا[٢]: «پێشتریش داوای تەوبەی لێکرا بو». هەروەها لەبەر وتەکەی عومەر کە پێی دەکات پیاوێك دوای موسڵمان بونی بێ باوەڕ بوە بۆیە کوژراوە پێش ئەوەی داوای تەوبەی لێ بکرێت، وتی: «ئەی بۆ سێ ڕۆژ بەندتان نەکرد، هەر ڕۆژ ونانێکتان پێ بدایە، وداوای تەوبەتان لێ بکردایە بەشکو تەوبەی بکردایە یان بە دوا ڕۆژی خۆیدا پێداچونەوەیەکی بکردایە، خوایە ئامادە نەبوم، وڕازیش نەبوم کە پێیان وتم»[٣].

ئەوەشی کە هەڵدەستێت بە کوشتنی، پێشەوا یان جێ نشینەکەیەتی، چونکە مافی خوایە بۆیە دەدرێتە کار بە دەست، ومنداڵی جیاکار ناکوژرێت -با بشوترێت هەڵ گەڕانەوەکەی دروست ئەبێت- هەتا باڵغ دەبێت.

سەبارەت حوکمیشی لە دوا ڕۆژدا: خوا ﷻ ئەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ [البقرة: ٢١٧] «بێ باوەڕان سورن لە سەر هەڵگەڕانەوەتان... جا هەر کامتان -ئەی موسڵمانان- گوێڕایەڵیان بکات وهەڵبگەڕێتەوە ولە سەریشی بمرێت، ئەوا کردەوەکانی لە دونیا ودوا ڕۆژدا پوچ دەبێتەوە، وئەبێتە پەیوەستی ئاگری دۆزەخ وهەرگیز تێیدا ناهێنرێتە دەرەوە».

---

(١) أخرجه أبو داود (٤٣٥٥). وقوّاه الحافظ ابن حجر «الفتح» (١٢/٢٨٧).

(٢) بەڵکو هەر هەمان ڕیوایەتەکەی ئەبو داودی پێشترە، تێیدا هاتوە ئەڵێ: «قَال أحدُهما» واتە: «یەکێکیان وتی»، مەبەستیشی تەڵحەی کوڕی یەحیا وبورِدەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەبو بوردەیە، کە هەواڵخوانی فەرمودەکەن. وەرگێڕ.

(٣) أخرجه مالك (٢/ ٧٣٧) (١٦).

پرسی دووەم: ئەو شتانەی پێی هەڵ دەگەڕێتەوە:

هەڵگەڕانەوە بەدی دێت بە کردنی هەر شتێك ببێتە مایەی هەڵگەڕانەوە، ئیتر شتی جددی یان گاڵتە یان ڕابواردن بێت، وەك شیرك دانان بۆ خوا بە هەمو جۆرەکانیەوە، ونکوڵی کردن لە نوێژ وپایەکانی تری ئیسلامیش، هەروەها جوێن دان بە خوا وپەیامبەر ﷺ، ونکوڵی کردن لە قورئان یان هەندێکی، یان کەسێك پێی وابێت هەندێك کەس دەتوانن لە شەریعەتی موحەممەد ﷺ بڕۆنە دەرەوە وەك سۆفیە زیادەڕۆکان، هەروەها کەسێك پشتگیری هاوبەشدانەران بکات ویارمەتیان بدات، وەك خۆشویستنی دینی بێ باوەڕان یان وەك سەرخستنیان بە سەر موسڵماناندا، وجگە لەمانەش لە جۆرەکانی هەڵ گەڕانەوە کە بە دی دێت بە کردنی هەڵ وەشێنەرەوەیەك لە هەڵ وەشێنەرەوە زۆرەکانی ئیسلام. لەوانەش: حوکم کردن بە یاسا دەستکردەکان کە وا بزانێت باشترە لە شەریعەتی ئیسلام یان یەکسانە بەو.

کەواش بێت دەکرێت ئەو شتانەی هەڵگەڕانەوەی پێ بە دی دێت لە مانەی خوارەوە کورت هەڵبهێنین:

١- **قسە:** وەك جوێندان بە خوا ﷻ یان پەیامبەر ﷺ یان فریشتەکان، یان بانگەشەی پەیامبەرایەتی یان زانینی غەیب بکات، هەروەها شیرك دانان بۆ خوا.

٢- **کردەوە:** وەك سوژە بردن بۆ بت وگۆڕ وهاو شێوەکانی، یان قورئان بخرێتە زبڵ دانەوە، یان بە ئەنقەست سوکایەتی پێ بکات، یان پشتگیری ویارمەتی هاوبەش دانەران بکات لە دژ موسڵمانان وەك حەزێك لە دینی بێ باوەڕان، وهتد.

٣- **بیر وباوەڕ:** وەك باوەڕ بە بونی هاوبەش یان هاوسەر یان منداڵ بۆ خوا، یان بڕوا بون بە حەڵاڵێتی داوێن پیسی یان مەی، یان بڕوا بون بەوەی ڕێبازی غەیرە پەیامبەر ﷺ باشترە لە ڕێبازی ئەم [یا وەکو ئەمە وەك باس کرا].

٤- **گومان**: وەك گومان بون لە حەرامیێتی شتێك كۆ دەنگی هەبێت بۆ حەڵاڵ بونی، یان حەڵاڵ بونی ئەوەی كۆ دەنگی هەیە بۆ حەرام بونی، وهاوشێوەی ئەو كەسەش لای شاراوە نابێت چونكە لە نێوان موسڵمانان گەورە بوە.

پرسی سێیەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە هەڵگەڕانەوەوە:

١- زۆر لیّ كراو لە سەر وتنی قسەیەك ببێتە مایەی هەڵگەڕانەوەی، ئەوە حوكم نادرێت بە هەڵگەڕانەوەی، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾ [النحل: ١٠٦] «مەگەر كەسێك ناچار كرابێت بە دەمی كوفر بە خوا بكات وهەڵ بگەڕێتەوە دوای باوەڕ هێنانی، ئەمەشی كردوە لە ترسی تیا چون».

٢- هەڵگەڕاوە سێ ڕۆژ داوای تەوبەی لێ دەكرێت، تەوبەی كرد باشە، ئەگەرنا دەكوژرێت، كوشتنیشی لای پێشەوا یان جێ نشینەكەیەتی وەك باس كرا.

٣- هەڵگەڕاوە ڕێگری لیّ دەكرێت هەڵس وكەوت بە ماڵەكەیەوە بكات، كە موسڵمان بو ئەوسا ڕێگەی هەڵس وكەوت كردنی پیّ دەدرێت. ئەگەریش لە سەر هەڵ گەڕانەوەكەی بمرێت یان بە هەڵ گەڕاوەیی بكوژرێت، ئەوا ماڵەكەی دەستكەوتە بۆ خزێنەی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی میراتگری نیە، چونكە موسڵمان میرات لە ناموسڵمان نابات، وهیچ ناموسڵمانێكیش میراتی لیّ نابات، چونكە ئیقرار ناكرێت لە سەر هەڵ گەڕانەوەكەی.

٤- هەڵگەڕاوە نە دەشۆردرێت نە نوێژی لە سەر دەكرێت نە لەگەڵ موسڵمانان دەنێژرێت ئەگەر لە سەر هەڵگەڕانەوەكەی بكوژرێت؟

٥- تەوبەکردنی هەڵگەڕاوە بە دی دێت، بە هێنانی شایەتومان، لەبەر گشتێتی فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ[1]: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، فَإِذَا قَالُوهَا عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا» «فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکدا تا دەڵێن: «لا إله إلا الله»، کە وتیان، ئیتر خوێن وماڵیان لە من پارێزراو دەبێت مەگەر بە مافی ئەو ڕستەیە». هەر کەسێکیش هەڵگەڕانەوەکەی بە هۆی نکوڵی کردن بێت لە پرسێکی دینی ئەوا، تەوبەکەی ئەوەیە: لەگەڵ شایەتومانەکەی دا دان بنێت بەوەی نکوڵی لێکردوە وپەشیمان ببێتەوە لەوەی کوفری پێکردوە.

(١) أخرجه البخاري (٢٥)، ومسلم (٢١).

دوانزەهەم: بەشی سوێندەکان ونەزرەکان

لە دو دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکـــــەم: سوێندەکان.

دەروازەی دوەم: نەزرەکان.

دەروازەی یەکەم

سوێندەکان «الأیمان»

چەند پرسێکی لە خۆ گرتوە:

پرسی یەکەم: لە بارەی پێناسەی سوێندەوە:

پێناسەکەی: «الأیمان»: لە زماندا کۆی «یَمین»ـە، کە سوێند وقەسەمە، واشی پێ وتراوە چونکە کاتێك سوێندیان خواردوە هەر یەکەیان دەستە ڕاستی دەخستە ناو دەستە ڕاستی هاوڕێکەی[1]. لە شەرعیشدا: تەئکیدکردنەوەی شتێکی سوێند لە سەر خواراوە بە ناو هێنانی خوا یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی.

پرسی دوەم: جۆرەکانی سوێند:

سوێند لە ڕوانگەی دامەزراندنی ودانەمەزراندنیەوە ئەبێتە سێ بەشەوە:

۱- **سوێندی حساب بۆ نەکراو (اللغو):** ئەمەش سوێندێکە بێ ئەوەی مەبەستی سوێند بێت، وەك ئەوەی بڵێت: نە بە خوا، ئا بە خوا، مەبەستیشی سوێند نیە، ئەمە بە لەغو دادەنرێت، یان سوێند بخوات لە سەر شتێك وا بزانێت وایە ودەردەکەوێت وا نیە، ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ [وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ]﴾ [المائدة:٨٩] «**خوا** لێتان ناگرێت وسزاتان نادات بە هۆی ئەو سوێندانەی دەیخۆن بە بێ مەبەست، بەڵام لە سەر ئەو وسوێندانە سزاتان دەدات کە بە دڵ مەبەستتانە». عائیشە ؓ ئەڵێ: ئەم ئایەتە ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ﴾ سەبارەت بەم قسەیە دابەزی: نا بە

---

(١) [انظر: الصحاح للجوهري، «يمين»].

خوا، وئا بە خوا، نەخێر بە خوا. ئەم سوێندەش نە کەفارەت ونە لێگرتنی تێدا نیە، ونە تاوانباریش دەبێت[١].

٢- **سوێندی دامەزراو:** ئەو سوێندەیە سوێند خۆرەکە مەبەستێتی وسورە لە سەری، وبۆ کارێکی ئایندەیی دەیخوات، وبۆ شتێك ئەبێت بکرێت، ئا ئەمە سوێندی دامەزراو ومەبەست دار، هەر کەوتیش (الْحِنْث)[٢] کەفارەتی تێدا پێویستە، لەبەر فەرمایشتەکەی [پێشوی] خوا ﷻ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الأَيْمَانَ﴾ [المائدة: ٨٩].

٣- **سوێندی نقوم کەر (الغَمُوس):** ئەو سوێندی درۆیەیە کە مافی پێ دەخوات، یا مەبەست لێی غەشکردن وفێڵکردن وخیانەتکردنە، جا خاوەنەکەی سوێند لە سەر شتێك دەخوات ئەشزانێت درۆ دەکات، ئەم سوێندەش تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان، وئەم سوێندەش دانامەزرێت وکەفارەتیشی تێدا نیە، چونکە لەوە گەورەتره کەفارەت بیسرێتەوە، ولەبەر ئەوەی دانەمەزراوە، جا کەفارەت واجب ناکات وەك لەغو. بەلاّم تەوبە لێ کردن وماف گێڕانەوە بۆ خاوەنەکانی واجبە ئەگەر زایەکردنی مافی لە خۆ گرتبو، پێشی وتراوە نوقمکەر، چونکە خاوەنەکەی نوقمی تاوان دەکات، پاشان نوقمی ئاگری دۆزەخ پەنا بەخوا، بەلگەی حەرامیەکەشی فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿وَلَا تَتَّخِذُوا أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُوا السُّوءَ بِمَا صَدَدْتُمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النحل:٩٤] «وسوێندەکانتان بە کار مەهێنن بۆ فێڵ کردن لەو کەسانەی سوێندیان بۆ دەخۆن، ئەوسا بەو هۆیەوە لە ناو

---

(١) أخرجه البخاري (٤٦١٣).

(٢) بریتیە لە وەفا نەکردن بەوەی سوێندەکە دەیخوازێت.

دەچن دوای ئەوەی لە ئەماندا بون، وەك کەسێك پێی بخلیسکێت دوای جێگیر بونی، وسزای خراپ دەچەژن لە دونیادا بە هۆی ئەوەی بونەتە بەر بەستی بەردەم خەڵکی تر لە هاتنە ناو دینەوە بە هۆی بینینی غەدر وخیانەت لە ئێوە، ولە دوا ڕۆژیشدا سزای بە ئێشتان بۆ هەیە». ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «الْكَبَائِرُ: الْإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، وَقَتْلُ النَّفْسِ، وَالْيَمِينُ الْغَمُوسُ» «تاوانە گەورەکان ئەمانەیە: هاوبەش دانان بۆ خوا، وئازار دانی دایك وباوك، وکوشتنی نەفس، وسوێندی نوقم کەر»[1]. هەروەها فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «خَمْسٌ لَيْسَ لَهُنَّ كَفَّارَةٌ: الشِّرْكُ بِاللهِ ﷻ، وَقَتْلُ النَّفْسِ بِغَيْرِ حَقٍّ، أَوْ بَهْتُ مُؤْمِنٍ، أَوِ الْفِرَارُ يَوْمَ الزَّحْفِ، أَوْ يَمِينٌ صَابِرَةٌ[2] يَقْتَطِعُ بِهَا مَالًا بِغَيْرِ حَقٍّ» «پێنج شت کەفارەتیان نیە: هاوبەش دانان بۆ خوا ﷻ، وکوشتنی کەسێك بە ناهەق، یان بوهتان کردن بۆ باوەڕدار، یان ڕاکردن لە ڕۆژی ڕوبەڕوبونەوەدا، یان سوێندێکی بەندکەر کە ماڵێکی بە ناهەق پێ زەوت دەکات»[3].

پرسی سێیەم: کەفارەتی سوێند ومەرجەکانی واجب بونی:

١- **کەفارەتی سوێند:** خوای مەزن کەفارەتی سوێندی داناوە بۆ بەندەکانی، کە ئەبێتە مایەی حەڵاڵ بونی سوێندەکە ولێ دەرچونی، ئەمەش وەك میهرەبانیەك بە بەندەکانی، خوا ﷻ ئەفەرموێت: ﴿قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ﴾ [التحريم:٢]

(١) رواه البخاري (٦٢٩٨).

(٢) ئەمەش سوێندی نوقمکەرە، پێشی وتراوە «صابرة» لە «صبر»ەوە وەرگیراوە، کە بەندکردن وپەیوەستبونە، چونکە خاوەنەکەی بە هۆیەوە پەیوەست وبەند دەکرێت، هەروەها لە ڕوانگەی حوکمەکەشیەوە پەیوەستە.

(٣) أخرجه أحمد [(١٤/ ٣٥١) (٨٧٣٧) الرسالة، وانظر التعليق عليه]، وحسّنه الألباني «الإرواء» (٢٥٦٤).

«بێگومان -ئەی باوەڕداران- خوا حەڵاڵکردنی سوێندەکانتانی بۆ داناون ئەویش بە کەفارەتدانی». وپەیامبەریش ﷺ ئەفەرموێ: «مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ؛ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا، فَلْيَأْتِهَا وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ» «کێ سوێندی لە سەر شتێك خوارد، دوایی بینی جگە لەو شتە باشترە سوێندی لە سەر خواردوە، ئەوا با بیکات وکەفارەتی سوێندەکەی بدات»[1]. ئەم کەفارەتەش لە سەر کەسەکە واجب دەبێت ئەگەر سوێندەکەی شکاند ووەفای نەکرد بەوەی سوێندەکە ئەیخوازێت.

کەفارەتی سوێندیش سەر پشکی وڕیزبەندیشی تێدایە؛ جا ئەو کەسەی کەفارەتی لە سەرە سەر پشك دەکرێت لە نێوان: ناندانی دە هەژار بۆ هەر هەژارێك نیو مەن خواردن، یان دابینکردنی کەلوپەلی دە هەژار بۆ هەر یەکێکیان بەرگێکی بۆ دەکات نوێژی لە سەر بکات[2]، یان ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕداری بێ عەیب، کێش هیچی لەم سیانە دەست نەکەوت سێ ڕۆژ بە ڕۆژو دەبێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ﴾ [المائدة:٨٩] «خوا لێتان ناگرێت وسزاتان نادات بە هۆی ئەو سوێندانەی دەیخۆن بە بێ مەبەست، بەڵام لە سەر ئەو وسوێندانە سزاتان دەدات کە بە دڵ مەبەستتانە، جا ئەگەر وەفاتان نەکرد بە سوێندەکەوە، ئەوا خوای گەورە تاوانەکەیتان بۆ دەسڕێتەوە بە ناندانی دە هەژار، بۆ هەر هەژارێك نیو مەن لە خواردنی مامناوەندی خەڵکی شارەکە، یا کەلوپەل بۆ

(١) أخرجه البخاري (٦٧٢٢) ومسلم (١٦٥٠) واللفظ له.

(٢) یانی: ئەگەر بەو کەل وپەلەوە نوێژ بکات، ئەوەندەی دا بپۆشێت نوێژەکەی لە سەر بکەوێت. وەرگێڕ

دابین کردنیان، یان ئازادکردنی کۆیلەیەك، جا سەر پشکە لە نێوان ئەمانەدا، هیچ کام لەمانەشی پێ نەکرا ئەوا لە سەریەتی سێ ڕۆژ بە ڕۆژو بێت». جا کەفارەتی سوێند هەم سەر پشکی تێدایە هەم ڕیزبەندی؛ سەر پشکی لە نێوان خواردندان وجلو بەرگ وئازادکردن. وڕیزبەندیش لە نێوان ئەم سیانە ونێوان ڕۆژو.

٢- مەرجەکانی واجب بونی کەفارەتی سوێند: ئەگەر سوێند شکێنرا وەفا نەکرا بەوەی ئەیخوازێت کەفارەتەکەی واجب نابێت مەگەر بە سێ مەرج، کە بریتیە لە:

مەرجی یەکەم: ئەبێت سوێندەکە دابمەزرێت، وەك ئەوەی مەبەستی گرێدانی سوێندەکە بێت بۆ شتێکی ئاینده وەك پێشتر باس کرا، سوێندیش دانامەزرێت مەگەر بە خوا یان ناوێك لە ناوەکانی یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی بخورێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ﴾ [المائدة: ٨٩] ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەفارەت واجب نابێت مەگەر سوێندی دامەزراو، بەڵام سوێند بێت بە سەر زمانیدا بە بێ مەبەست، ئەوە سوێندەکەی دانامەزرێت، وکەفارەتیشی لە سەر نیە.

مەرجی دوەم: بە ویستی خۆی سوێند بخوات، جا هەر کەس بە زۆر سوێند بخوات سوێندەکەی دانامەزرێت وکەفارەتیشی تێدا نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی [پێشتری] پەیامبەری خوا ﷺ: «هەڵە ولە بیر چونەوە وزۆر لێ کردن لە سەر ئومەتەکەم هەڵ گیراوە».

مەرجی سێیەم: سوێندەکەی بشکێنێت، بەوەی ئەوە بکات کە سوێندی خواردوە نەیکات، یان ئەوە نەکات کە سوێندی خواردوە بیکات، سوێندەکەشی لە بیر بێت،

بە ویستی خۆشی بیکات، بەڵام ئەگەر شکاندی بە لە بیر چونەوە یان زۆر لێ کران، ئەوە کەفارەتی لە سەر نیە لەبەر فەرمودەی پێشو.

• «إن شاء الله= خوا ویستی لێ بێت»[1] کردن لە سوێندا:

هەر کەس لە سوێند خواردنەکەیدا وتی: «إِنْ شاء الله» ئەوە ئەگەر سوێندەکەی بشکێنێت کەفارەتی لە سەر نیە، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «مَنْ حَلَفَ فَقَالَ: إِنْ شَاءَ اللهُ لَمْ يَحْنَثْ» «هەر کەس لە سوێندەکەیدا بڵێت: خوا ویستی لێ بێت، سوێندەکەی نەشکاوە»[2].

• شکاندنی سوێند ووەفانەکردن بەوەی ئەیخوازێت:

بنەما ئەوەیە کەسەکە وەفا بکات بە سوێندەکەیەوە، بەڵام جاری وا هەیە بە هۆی بەرژەوەندیەك یان زەرورەتێك دەیشکێنێت، جا کەفارەتی بۆ دانراوە وەك باس کرا. ئەشکرێ سوێند شکاندن بە گوێرەی سوێند لە سەر خوراو بەم شێوازەی خوارەوە دابەش بکرێت:

١- سوێند شکاندنەکە واجب بێت: ئەمەش ئەگەر سوێند بخوات لە سەر نەکردنی واجبێك، وەك ئەوەی سوێند بخوات سەردانی خزمە نزیکەکانی نەکات، یان سوێند بخوات لە سەر کردنی حەرامێك، وەك ئەوەی سوێند بخوات مەی بخواتەوە، لێرەدا واجبە سوێندەکەی بشکێنێت، وکەفارەتیشی دەکەوێتە سەر، چونکە سوێندە لە سەر تاوان کردن.

---

(١) [بەڵام ئەگەر سوێندی خوار ووتی: خوا حەز بکا، دوا جار سوێندەکەی شکاند، ئەوە کەفارەتی لە سەرە].

(٢) أخرجه الترمذي (١٥٣٢)، وأحمد (٣٠٩/٢). وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١٢٣٧).

٢- سوێند شکاندنەکە حەرام بێت: وەك ئەوەی سوێند بخوات لە سەر کردنی واجبێك، یان نەکردنی حەرامێك، ئەوا واجبە لە سەری وەفای پێوە بکات، وحەرامە لە سەری سوێندەکەی بشکێنێت، چونکە سوێندەکەی لەم حاڵەتەدا تەئکید کردنەوەیە لە سەر ئەوەی خوا تەکلیفی کردوە لە بەندەکان.

٣- سوێند شکاندنەکە حەڵاڵ بێت: ئەمەش ئەگەر سوێندی خوارد لە سەر کردن یان نەکردنی حەڵاڵێك.

پرسی چوارەم: شێوەی چەند سوێندێکی دروست وقەدەغەکراو:

سوێند خواردنی دروست ئەو سوێندەیە بە ناوی خوا یان سیفەتێك لە سیفەتەکانی دەیخوات، وەك ئەوەی بڵێت: ئەمەش سوێند بە خوا، یان: بە وەجهی خوا، یان: بە عەزەمەت (گەورەی) ومەزنیی خوا...، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ گەیشتۆتە عومەر تەماشا دەکات لەگەڵ کاروانێکدا بە ڕێوەیە وسوێند بە باوکی دەخوات، پەیامبەر ﷺ فەرموی: «أَلَا إِنَّ اللهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ، مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ، أَوْ لِيَصْمُتْ» «ئاگادار بن! خوا ڕێنگریتان لێ دەکات سوێند بە باوکانتان بخۆن، کێ لە ئێوە سوێندی خوارد با سوێند بە خوا بخوات، یان با بێ دەنگ بێت»[١]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ: «كَانَتْ يَمِينُ النَّبِيِّ ﷺ: لَا، وَمُقَلِّبِ الْقُلُوب» «سوێندی پەیامبەر ﷺ ئەمە بو: نەخێر، بە هەڵگێڕەرەوەی دڵەکان»[٢]. هەروەها ئەگەر وتی: سوێند بە خوا دەخۆم ئەبێت ئەو کارە بکەم، ئەگەر نیەتی سوێند بێت سوێندە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا

(١) أخرجه البخاري (٦٢٧٠)، ومسلم (١٦٤٦).
(٢) أخرجه البخاري (٦٦٢٨).

﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ [النحل: ٣٨] «وئەو هاوبەشدانەرانە سوێند بە خوا دەخۆن بە سوێندی قورس وتەئکید لە سەر کراو».

ولە سوێندە قەدەغەکراوەکانیش:

١- سوێند خواردن بە جگە لە خوا ﷻ، وەك ئەوەی بڵێ: بە گیان تۆ، بە ئەمانەت قەسەم...، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عومەر ﷺ کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «هەر کەس سوێند دەخوات با سوێند بە خوا بخوات یان با بێ دەنگ بێت».

٢- سوێند بخوات کە ئەو جولەکە یان گاورە، یان ئەو بەریە لە خوا یان لە پەیامبەری خوا ﷺ ئەگەر فلان کار بکات، لەبەر فەرمودەکەی بورەیدە لە باوکیەوە کە پەیامبەری خوا فەرمویەتی: «مَنْ حَلَفَ فَقَالَ: إِنِّي بَرِيءٌ مِنَ الْإِسْلَامِ، فَإِنْ كَانَ كَاذِبًا فَهُوَ كَمَا قَالَ، وَإِنْ كَانَ صَادِقًا فَلَنْ يَرْجِعَ إِلَى الْإِسْلَامِ سَالِمًا» «هەر کەس سوێندی خوارد وتی: من بەریم لە ئیسلام ئەگەر ئاوها وئاوها نەکەم یان بکەم، جا ئەگەر درۆ بکات لە سوێندەکەیدا ئەوە بەو شێوازەیە وتویەتی، ئەگەریش ڕاستگۆ بێت، ئەوا بە سەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلامەتی»[١].

٣- سوێند خواردن بە باوکان [ومامەوان وخاڵوان وشەهیدان] وبە تاغوتەکان [... وهتد]، لەبەر فەرمودەکەی عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمورە ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لَا تَحْلِفُوا بِالطَّوَاغِي وَلَا بِآبَائِكُمْ» «نە سوێند بە تاغوت ونە سوێند بە باوکانتان مەخۆن»[٢].

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٢٥٨)، والنسائي (٦/٧)، وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٣٥٣٢).

(٢) أخرجه مسلم (١٦٤٨).

دەروازەی دووەم

نەزرەکان «النُّذُور»

چەند مەسەلەیەکی لە خۆ گرتوە:

مەسەلەی یەکەم: پێناسەی نەزر، وشەرعی بونی، وحوکمەکەی:

١- **پێناسەی «النَّذْر»**: لە زماندا پێویستکردنە، ئەڵێی: ئەودم نەزر کردوە، ئەگەر واجبت کرد لە سەر خۆت. لە شەرعیشدا: پێویستکردنی شتێکە لە سەر خۆ لەبەر خوا ﷻ، لە لایەن تەکلیف لێکراوێکی سەر پشکەوە.

٢- **شەرعی بونی نەزر وحوکمەکەی:** نەزر شەرعیە بە قورئان وسوننەت وکۆ دەنگی زانایان، وەك دواجار بەڵگەکان لەو بارەوە باس دەکرێت. سەبارەت بە حوکمی نەزر کردن هەر لە سەرەتاوە، کەراهەتی هەیە وسوننەت نیە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِنَّهُ لَا يَرُدُّ شَيْئًا، إِنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الشَّحِيحِ» «نەزر هیچ ڕەد ناکاتەوە، بەڵکو تەنها بە هۆیەوە لە ڕەزیل وچروکەوە شتێك دەر دەهێنرێت»[1]. هەروەها لەبەر ئەوەی نەزر کەر خۆی پابەند دەکات بە شتێکەوە لە بنچینەدا لە شەرعدا واجب نیە، جا خۆی توشی تەنگی وئیحراجی وقورسی دەکات، ولەبەر ئەوەی موسڵمان داوای لێ کراوە خێر بکات بە بێ نەزر کردن. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر نەزری کردنی کارێکی چاکی کرد ئەوا پێویستە لە سەری وەفای پێوە بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ نَفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُمْ مِنْ نَذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ﴾ [البقرة:٢٧٠] «وهەر ماڵێك یان جگە

---

(١) أخرجه البخاري (٦٦٩٢)، ومسلم (١٦٣٩)، واللفظ له.

لەودش ببەخشنەوە زۆر بێت یان کەم، دەیکەنە خێر بە مەبەستی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوا، یان نەزرێك دەکەن وشتێك لە سەر خۆتان پێویست دەکەن، ئەوا خوا هەمووی دەزانێت وئاگای لێیەتی، ونیەتتان دەزانێت ولە سەریشی پاداشتان دەداتەوە»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾ [الإنسان:٧] «ئەو بەندانەی خوا لە دونیادا وەفایان دەکرد بە نەزرەوە، ولە سزای خوا لە ڕۆژی دواییدا دەترسان کە زیانی زۆر ومەترسیناکە»، ولەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﷺ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلَا يَعْصِهِ» «کێ نەزری کرد گوێ ڕایەڵی خوا بکات، با گوێڕایەڵی بکات، کێش نەزری کرد سەرپێچی بکات با سەرپێچی نەکات»(١). هەروەها خوا ﷻ مەدح وستایشی ئەوانەی کردوە کە وەفا دەکەن بە نەزرەکانیانەوە، پەیامبەریش ﷺ هەرودها فەرمانی بە بردنە سەری کردوە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی نەهی پێشتری پەیامبەر ﷺ بۆ کەراهەت بوە نەك بۆ حەرامێتی، وحەرامەکەی ومەکروهەکەی ئەو کاتەیە لە سەرەتا ودەست پێکردن بێت، بەڵام بردنە سەری وبە جێ گەیاندنی بۆ کەسێك کەوتۆتە سەری واجبە وگوێڕایەڵی خوایە. نەزریش جۆرێکە لە جۆرەکانی پەرستن دروست نیە بۆ جگە لە خوا بکرێت، جا هەر کەس نەزری کرد بۆ گۆڕ یان ودلی وهاوشێوەکانی، ئەوە هاوبەشی گەورەی داناوە بۆ خوا ﷻ پەنا بەخوا.

پرسی دووەم: مەرج ولەفزەکانی نەزر:

١- **مەرجەکانی نەزر:** نەزر دروست نابێت مەگەر لە کەسێکی باڵغی عاقڵی سەر پشکەوە، جا نەزری منداڵ وشێت وتێك چو وزۆر لێکراو دروست نابێت، لەبەر

(١) أخرجه البخاري (٦٦٩٦).

فەرمودەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سیان:...». هەروەها لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەری خوا ﷺ: «خوا ﷻ لە هەڵە و...ی ئومەتەکەم خۆشبوە»، پێشتریش چەندین جار باس کرا.

٢- **لەفزەکانی نەزر:** (صِيغَة) ولەفزەکانی نەزر ئەوەیە بڵێت: لە سەرم بێت ئەبێت ئەوە بۆ خوا بکەم، یان: ئەوە نەزر بێت لە سەرم، وهاو شێوەی ئەم لەفزانەی کە بە ڕاشکاوانە باسی نەزر دەکات.

پرسی سێیەم: بەشەکانی نەزر:

١- نەزری دروست بو، ونەزری نادروست بو:

نەزر بە گوێرەی دروست بونی ودروست نەبونی دابەش ئەبێت بۆ: صەحیح وناصەحیح، یان: دروست ونادروست، یان: دامەزراو دانەمەزراو.

جا نەزر صەحیح ودامەزراو ئەبێت وبردنە سەری واجب دەبێت: ئەگەر نەزری گوێ ڕایەڵی ونزیك بونەوە بو، نەزر کەرەکە پێی نزیك دەبوە لە خوا.

ونا صەحیح ودانەمەزراو ئەبێت وبردنە سەری واجب نابێت: ئەگەر نەزری سەرپێچی بێت، وەك نەزرکردن بۆ گۆڕ وەلیەکان یان پەیامبەران، یان نەزر بکات کەسێك بکوژێت، یان مەی بخواتەوە، وهاوشێوەی ئەم تاوانانە، ئەوا ئەو نەزرە دانامەزرێت وحەرامە ببرێتە سەر.

٢- نەزری ڕەها وپەیوەست کراو.

أ- نەزری ڕەها: ئەوەیە کە کەسەکە هەر لە سەرەتاوە لە سەر خۆی پێویستی ددکات، بێ ئەوەی بیبەستێتەوە بە مەرجێکەوە، ئەشکرێ وەکو شوکرانەبژێری بکرێت لە سەر نیعمەتێك یان بە بێ هۆکار، وەك ئەوەی بڵێت: لە سەرم بێت ئەبێت ئەوەندە نوێژ بکەم یان ئەوەندە ڕۆژو بگرم بۆ خوا، ئەوە پێویستە ببرێتە سەر.

ب- **نەزری پەیوەست:** ئەویش ئەوەیە کە پەیوەست دەکرێت بە مەرجێك یان ڕودانی شتێکەوە، وەك ئەوەی بڵێ: ئەگەر خوا نەخۆشیەکەم چاك بکاتەوە، یان فلان کەسی غائیب ونائامادە هاتەوە، ئەوا ئەوەم لە سەر بێت، ئەمەش پێویستە بىرێتە سەر ئەگەر مەرجەکەی هاتە دی، ومەبەستەکەی فەراهەم بو.

پرسی چوارەم: جۆرەکانی نەزر وحوکمەکانی:

نەزر -بە گوێرەی ئەو حوکمانەی لێی دەبێتەوە، وپێویستی بردنە سەری ونەبردنە سەری- دابەش ئەبێت بۆ پێنج جۆر:

١- **نەزری ڕەها:** بۆ نمونە بڵێت: نەزرێکم بۆ خوا لە سەر بێت، وهیچ دیاری ناکات، ئەوا کەفارەتی سوێندی لە سەرە، ئیتر ڕەها بێت یان پەیوەست، لەبەر فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی عامر ﵁، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «كَفَّارَةُ النَّذْرِ إِذَا لَمْ يُسَمَّ كَفَّارَةُ يَمِينٍ» «کەفارەتی نەزری دیاری نەکراو [وەك ئەوەی بڵێ: نەزرێکم لە سەر بێت، ئیتر دیاری ناکات ڕۆژوە یان چی؟]، کەفارەتی سوێندە»[1].

٢- **نەزری دەمەقاڵێ وتوڕەبون:** ئەمەش بەستنەوەی نەزرەکەیە بە مەرجێکەوە مەبەستی پێی ڕێگری کردنە لە کردنی شتێك یان هاندانە بۆ کردنی کارێك، یان بەڕاست خستنەوە یان بە درۆ خستنەوە، وەك ئەوەی بڵێت: ئەگەر قسەم لەگەڵ کردی، یان: ئەگەر باسی تۆم بۆ نەکرا بێت، یان: ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست نەبێت، یان: ئەگەر درۆ بێت؛ ئەوا حەجێك یان ئازادکردنی کۆیلەیەکم لە سەرە...، ئەم نەزرە وەك سوێند وتراوە بۆ هاندان لە سەر کردنی کارێك یان ڕێگری لێکردنی،

(١) أخرجه الترمذي (١٥٢٨)، وقال: «حسن صحيح غريب»، وضعفه غيره، لكن يؤيده ما أخرجه أبو داود (٣٣٢٢) بنحوه من حديث ابن عباس، ورجح الأئمة وقفه عليه انظر: «سبل السلام» (٤٢/٨).

ومەبەستی نەزر ونزیك بونەوە نەبوە، لەم کاتەدا سەر پشك دەکرێت لە نێوان بردنە سەری نەزرەکەی یان کەفارەتی سوێندان، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «كَفَّارَةُ النَّذْرِ، كَفَّارَةُ الْيَمِينِ» «کەفارەتی نەزر، کەفارەتی سوێندە»(١).

٣- **نەزری حەڵاڵ:** ئەوەیە نەزر بکات بۆ کردنی شتێکی حەڵاڵ، بۆ نمونە: نەزر بکات بەرگێك بپۆشێت، یان سەر بکەوێتە سەر ئاژەڵێك... وهاوشێوەکانی، شێخ [ئەحمەد عەبدولحەلیم] ئەوە هەڵ دەبژێرێت کە هیچی لە سەر نیە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﵄، ئەڵێ: لەو کاتەی پەیامبەری خوا ﷺ وتاری دەفەرمو، تەماشا دەکات پیاوێك بە پێوە وەستاوە، پرسیاری لە بارەوە کرد، وتیان: ئەوە ئەبو ئیسرائیله نەزری کردوە لە بەردەم خۆر ڕابوەستێت ونەچێتە بەر سێبەر وقسەش نەکات وهەر بە ڕۆژوش بێت، فەرموی: «مُرْهُ فَلْيَتَكَلَّمْ وَلْيَسْتَظِلَّ وَلْيَقْعُدْ، وَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ» «پێی بڵێ با قسە بکات وبڕواتە بەر سێبەر ودابنیشێت، بەڵام با ڕۆژوەکەی تەواو بکات»(٢).

٤- **نەزری سەرپێچی:** ئەوەیە نەزر بکات سەرپێچی بکات، وەك نەزرکردن بۆ مەی خواردنەوە، ونەزرکردن بۆ گۆڕ، یان بۆ مردوی ناو گۆڕەکان، وگرتنی ڕۆژو لە ڕۆژانی سوڕی مانگانەدا، وڕۆژی جەژندا، جا ئەم نەزرە دانامەزرێت واجبیش نیە ببرێتە سەر، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عائیشە ﵂، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «هەر کەس نەزری کرد سەرپێچی خوا بکات با نەیکات» چونکە سەرپێچی خوا لە هیچ حاڵێکدا حەڵاڵ نابێت، وکەفارەتیشی بە هۆوە نایەتە سەر.

---

(١) أخرجه مسلم (١٦٤٥).
(٢) أخرجه البخاري (٦٧٠٤).

٥- نەزری چاکە وخێر: ئەمەش نەزری گوێڕایەڵیە، بۆ نمونە: نەزر بکات بۆ کردنی نوێژ ورۆژو وحەج، ئیتر رەها بێت یان پەیوەست بێت بە بەدیهاتنی شتێکەوە؛ ئەوا پێویستە ببرێتە سەر ئەگەر رەها بێت، ئەگەریش پەیوەست بێت، کەی مەرجەکە بە دی هات دەیباتە سەر، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] عائیشە ﵂، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «کێ نەزری کرد گوێڕایەڵی خوا بکات با گوێڕایەڵی بکات».

پرسی پێنجەم: نمونەی چەند نەزرێك کە دروست نیە ببرێتە سەر:

ئەو نەزرەی کە دروست نیە ببرێتە سەر بریتیە لە نەزری سەرپێچی، ئەمەش لە چەند نمونەیەك بەدی دێت:

١- نەزرکردنی مەی خواردنەوە یان گرتنی رۆژو لە رۆژانی عادەدا، لەبەر فەرمودەکەی [پێشوی] عائیشە ﵂، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «هەر کەس نەزری کرد سەرپێچی خوا بکات با نەیکات».

٢- ئەو نەزرەی بۆ مردوان دەکرێت، بۆ نمونە بڵێت: ئەی گەورەم فلان کەس! ئەگەر کەسە غائیبەکەم بگەڕێتەوە، یان نەخۆشیەکەم چاك ببێتەوە، یان پێویستیەکەم پڕ بکەیتەوە، ئەوە ئەوەندە پارە یان خواردن یان مۆم، یان زەیت، ئاوها وئاوها دەکەم، ئەمەش پوچ وباتڵە، وشیرکی گەورەیە پەنا بەخوا، چونکە نەزرکردنە بۆ دروستکراو، ئەوەش دروست نیە، چونکە نەزر پەرستنە، پەرستنیش بۆ خوا نەبێت بۆ کەس ناکرێت.

٣- ئەگەر نەزر بکات گۆڕێك یان دارێك رِوناك بکاتەوە، ئەوە دروست نیە ببرێتە سەر، نرخەکەش بۆ بەرژەوەندیەکان خەج دەکرێت، چونکە سەرپێچیە، ونەزریش نیە لە سەرپێچی خوا، لەبەر فەرمودەی پێشتر.

سیانزەهەم: بەشی خواردەمەنی وسەر بڕینەکان وڕاوکردن

لە سێ دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکـــــەم: لە بارەی خواردنەکانەوە.

دەروازەی دوەم: لە بارەی حوکمەکانی سەر بڕینەکانەوە.

دەروازەی ســــێیەم: لە بارەی حوکمەکانی ڕاوکردنەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی خواردەمەنیەکانەوە «الأطعمة»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی خواردەمەنی، وبنەما تێیدا:

۱- **پێناسەکەی:** «الأَطْعِمَة»: کۆی «طَعَام»ە، ئەوەیە کە مرۆڤ دەیخوات ودەبێتە خۆراك بۆی لە خۆراك (قوت)ـەکان وجگە لەوانەش، یان خواردنەوەکان.

۲- **بنەما تێیدا:** ڕێسای شەرعی لە بارەی زانینی ئەوەی چی حەڵاڵە وچی حەرامە لە خواردەمەنیەکان لەم ئایەتەوە وەرگیراوە: ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [الأنعام:١٤٥] «-ئەی پەیامبەر- بڵێ: من لەوەی وەحیم بۆ هاتوە نابینم شتێك حەرام بێت مرۆڤ بیخوات لەوەی ئێوە باسی دەکەن، مەگەر مردارەوە بو (مردار بو بێتەوە بە بێ سەر بڕینی شەرعی)، یان خوێنی ڕژاو، یان گۆشتی بەراز ئەوە پیسە، یان ئەوەی سەر بڕینەکەی دەرچون بێت لە گوێڕایەڵی خوا وەك ئەوەی ناوی جگە لە خوای لە سەر هێنرا بێت لە کاتی سەر بڕینیدا، جا کێ ناچار بو لەم حەرامکراوانە بخوات بە هۆی برسێتی زۆرەوە بە بێ ئەوەی مەبەستی لە خواردنی چێژ وەرگرتن بێت، وبە بێ بەزاندنی سنوری ناچاری ئەوا بێگومان خوا لێی دەبورێ، ومیهرەبانە بەرامبەری»، هەروەها لە فەرمایشتەکەی تری خواوە ﷻ کە ئەفەرموێت: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ [الأعراف:١٥٧] «بەزەیی خۆم بۆ ئەوانە دەنوسم کە شوێنی ئەم پەیامبەرە نەخوێندەوارە دەکەون کە... وپاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات

لە خواردن وخواردنەوە وهاوسەرگیری، وپیسەکانیان لە سەر حەرام دەکات وەك گۆشتی بەراز»، هەروەها لە فەرمایشتی: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ﴾ [الأعراف ٣٢] «-ئەی پەیامبەر- بەو نەزانە هاویەشدانەرانە بڵێ: کێ کەلوپەلی جوانی لە سەر حەرام کردون کە خوا کردویەتی ڕازاوەیی بۆ ئێوە، وکێیە چێژ وەرگرتن لە خواردەمەنی حەڵاڵ وپاکی لێ حەرام کردون»، مەبەستیش لە پاکەکان: ئەوەیە نەفس پێی پاکە وحەزی لێ دەکات، چونکە خواردمەنی خۆراکی مرۆڤە، بۆیە شوێنەوارەکەشی لە سەر ڕەوشتەکەی ڕەنگ دەداتەوە، جا خواردەمەنی پاك شوێنەوارەکەشی پاك دەبێت، پیسیش پێچەوانەی ئەمەیە، هەر بۆیە خوا ﷻ خواردەمەنی پاکی حەڵاڵ کردوە، وپیسەکەی حەرام کردوە.

جا بنەما لە پرسی خواردەمەنیەکان حەڵاڵێتیە، مەگەر ئەوەی شەرعی دانا حەرامی کردبێت، بۆیە خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ [الأنعام:١١٩] «چی ڕێگرتانە -ئەی موسڵمانان- لە خواردنی ئەوەی ناوی خوای لە سەر هێنراوە، لە کاتێکدا خوا هەمو ئەوەی لە سەرتان حەرامە بۆی بەیان کردون، بەڵام ئەوەی ناچاری دەیخوازێت لە حەرامەکان بە هۆی برسێتیەوە ئەوا بۆتان حەڵاڵە».

ئەم بەیانەش، سێ شتی لە خۆ گرتوە:

١- باسکردنی حەڵاڵکراوەکان بە دەق.

٢- باسکردنی حەرامکراوەکان بە دەق.

٣- ئەوەی شەرع لێی بێ دەنگ بوە.

پەیامبەریش ﷺ ئەمەی ڕون کردۆتە لە فەرمودەکەی خۆیدا:

«إِنَّ اللهَ حَدَّ حُدُودًا فَلَا تَعْتَدُوهَا، وفرض لَكُمْ فرائض فلا تُضَيِّعُوهَا، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ فَلَا تَنْتَهِكُوهَا، وَتَرَكَ أَشْيَاء مِنْ غَيْرِ نِسْيَانٍ مِنْ رَبِّكُمْ ولكِنْ رَحْمَةً مِنْهُ لَكُمْ فَاقْبَلُوهَا وَلَا تَبْحَثُوا فِيهَا» «خوا کۆمەڵێك سنوری داناوە مەیشکێنن، وکۆمەڵێك شتی فەرز کردوە زایەی مەکەن، وشتانێکی حەرام کردوە ئەنجامی مەدەن، وشتانێکیشی وێڵ کردوە بە بێ لە فەرامۆش کردن چونەوە، بەڵکو وەکو میهرەبانی لەودوە بۆ ئێوە، جا وەری بگرن وبە دوایدا مەگەڕێن»[1].

پرسی دوەم: ئەوەی شەرع بە دەق وتویەتی حەلاڵە:

بنەما وڕێسا لەمەدا ئەوەیە: هەمو خواردەمەنیەکی پاك زیانی تێدا نەبێت ئەوە حەلاڵە، خواردەمەنیە حەلاڵەکانیش ئەبنە دو جۆرەوە: ئاژەڵەکان وڕوەکەکان، وەك دانەوێڵە وبەر وبومەکان، وئاژەلانیش دو جۆرن: وشکانی وئاوی.

یەکەم: ئاژەڵی دەریایی: ئەمەش هەر ئاژەڵێکە تەنها لە دەریادا دەژیت، وەك ماسی بە جۆرەکانیەوە، هەروەها ئاژەڵە دەرياييەکانی تریش، مەگەر ژەهردار بێت ئەوە حەرامە چونکە زیانی هەیە. هەروەها ئەوانەش حەرامن کە بە پیس دادەنرێن وقیزەونن وەك قورباق (بۆق)، ونەهیش هاتوە لە کوشتنی، هەروەها وەك تیمساح چونکە بە پیس دادەنرێت، هەروەها کەڵبی هەیە ونێچیری پێ دەگرێت، ئەمانەش لە بەر گشتێتی فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ [الأعراف:١٥٧]. ودروستیشە ئاژەڵی دەریایی بخورێت ئیتر موسڵمان ڕاوی بکات یان نا موسڵمان، یان هاوشێوەی هەبێت لە وشکانیدا دەخورێت یان نا، ئاژەڵی دەرياییش پێویستی بە

(١) أخرجه الدارقطني (١٨٤/٤)، والبيهقي (١٢/١٠) [ونقلت لفظ الحاكم لتمامه] وحسنه النوي كما في الحديث الثلاثين من كتاب الأربعين له.

سەر بڕینی شەرعی نیە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ [المائدة:٩٦] «ئەی موسڵمانان! لە کاتی ئیحرامدا خوا ڕاوی لە دەریادا بۆ حەڵاڵ کردون، هەروەها خواردنەکەشی بۆ حەڵاڵ کردون کە مردارەود بوەکانیەتی چونکە سودی لێ دەبینن لە نیشتەجێ ولە گەشتەکانتاندا»، عەبدوڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما ئەڵێ: «ئاگادار بن! ڕاوەکەی: ئەودیە بە ڕاو دەگیرێت، خواردنەکەشی: ئەوەیە لە دەریا دێتە دەرەوە»[١]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە کە پیاوێك پرسیاری کرد لە پەیامبەری خوا ﷺ: ئەی پەیامبەری خوا! ئێمە بە دەریادا دەڕۆین وکەمێك ئاو لەگەڵ خۆماندا دەبەین، جا ئەگەر دەست نوێژی پێ بگرین تینومان دەبێت، ئایا بە ئاوی دەریا دەست نوێژ بگرین؟ فەرموی: «هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ» «دەریا ئاوەکەی پاکە، ومردارەوە بودکەشی حەڵاڵە»[٢].

دووەم: **ئاژەڵی وشکانی**: ئەو ئاژەڵە وشکانیانەی بە دەق حەڵاڵن، دەکرێت لەمانەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە:

أ- **مەڕ وبزن ومانگا وشتر (الأَنْعَام)**: لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ [النحل:٥] «وشتر ومانگا ومەڕ وبزن خوا بۆی دروست کردون -ئەی خەڵکینە- کە خوریەکەی ئەبێتە مایەی گەرم کردنەوە بۆتان، کەڵکی تریشی تێدایە لە شیر وپێستە وسەرکەوتن بە سەریدا، ولە گۆشتەکەشیان دەخۆن». هەروەها فەرمایشتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ

---

(١) أخرجه الدارقطني (٢٧٠/٤)، وانظر: «تفسير ابن كثير» (١٨٩/٣) عند الآية المذكورة.

(٢) أخرجه أبو داود (٦٤/١)، والنسائي (٥٩)، وابن ماجه (٣٨٦)، والترمذي (٦٩) وقال: «حسن صحيح»، ومالك (ص ٢٠)، والحاكم (١٤٠/١) وغيرهم، وصححه الألباني «صحيح سنن النسائي» (٥٨).

أُحِلَّتْ لَكُمْ بَهِيمَةُ الْأَنْعَامِ إِلَّا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ﴾ [المائدة: ١] «ئەی ئەوانەی بڕواتان بە خوا وپەیامبەر هەیە وشەرعەکەیتان بە ڕاست خستۆتەوە، پەیمانە کرێدراودکانتان ببەنە سەر... خوا وشتر ومەڕ ومانگا وبزنی بۆحەلاڵ کردون، مەگەر ئەوانەی بۆی ڕون کردونەتەوە کە حەرامە». مەبەست لە ئەنعامیش: وشتر ومانگا ومەڕ وبزنە.

ب- **ئەسپ:** لەبەر فەرمودەکەی جابری کوڕی عەبدولا ﷺ، ئەڵێ: «نَهى النَّبيُّ ﷺ يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ، وَرَخَّصَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ» «لە ڕۆژی خەیبەردا پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کرد لە گۆشتی کەر، ورێگەیدا بە گۆشتی ئەسپ»(١).

ج- **بزن مژە (الضَّبّ):** لەبەر فەرمودەکەی عەبدولای کوڕی عەبباس ﷺ، ئەڵێ: «أُكِلَ الضَّبُّ عَلَى مَائِدَةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ» «لە سەر خوانی پەیامبەر ﷺ بزن مژەك خوراوە»(٢). هەروەها فەرمودەی: «كُلُوا فَإِنَّهُ حَلَالٌ، وَلَكِنَّهُ لَيْسَ مِنْ طَعَامِي» «ئێوە بیخۆن حەلاڵە، بەلام ئەوە خواردنی من نیە»(٣).

د- **گوێدرێژی دەشتی (الحِمَارُ الوَحْشِي):** کە ماڵی نیە، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو قەتادە ﷺ کە گوێدرێژێکی دەشتەکی بینیوە وسەری بڕیوە، جا پەیامبەر فەرمویەتی: «هَلْ مَعَكُمْ مِنْ لحمه شيء» «هیچتان لە گۆشتەکەی پێیە؟»، وتیان: پێکەیان لایە، ئەوەبو بردی ولێی خوارد(٤).

ه- **کەروێشك:** لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ کە وشترێکی گرتوە، ئەبو تەڵحەش سەری بڕیوە، وڕانەکەی نارد بۆ پەیامبەر ﷺ، ئەویش وەری گرت(٥).

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٢٠)، ومسلم (١٩٤١).
(٢) أخرجه البخاري (٥٢١٧)، ومسلم (١٩٤٥).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٧٢٦٧)، ومسلم (١٩٤٤).
(٤) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦/٢٢٢)، ومسلم (١١٩٦).
(٥) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦/٢٣١)، ومسلم (١٩٥٣).

﴿أُحِلَّتْ لَكُمْ بَهِيمَةُ الْأَنْعَامِ إِلَّا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ﴾ [المائدة:١] «ئەی ئەوانەی بڕواتان بە خوا وپەیامبەر هەیە وشەرعەکەیتان بە ڕاست خستۆتەوە، پەیمانە گرێدراوەکانتان بێنەنە سەر... خوا وشتر ومەڕ ومانگا وبزنی بۆحەلاڵ کردون، مەگەر ئەوانەی بۆی ڕون کردونەتەوە کە حەرامە». مەبەست لە ئەنعامیش: وشتر ومانگا ومەڕ وبزنە.

ب- **ئەسپ:** لەبەر فەرمودەکەی جابری کوڕی عەبدولاّ رضي الله عنهما، ئەڵێ: «نَهَى النَّبِيُّ ﷺ يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ، وَرَخَّصَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ» «لە ڕۆژی خەیبەردا پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کرد لە گۆشتی کەر، وڕێگەیدا بە گۆشتی ئەسپ»[1].

ج- **بزن مژە (الضَّبّ):** لەبەر فەرمودەکەی عەبدولاّی کوڕی عەبباس رضي الله عنهما، ئەڵێ: «أُكِلَ الضَّبُّ عَلَى مَائِدَةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ» «لە سەر خوانی پەیامبەر ﷺ بزن مژەك خوراوە»[2]. هەروەها فەرمودەی: «كُلُوا فَإِنَّهُ حَلَالٌ، وَلَكِنَّهُ لَيْسَ مِنْ طَعَامِي» «ئێوە بیخۆن حەلاڵە، بەلاّم ئەوە خواردنی من نیە»[3].

د- **گوێدرێژی دەشتی (الحِمَارُ الوَحْشِي):** کە ماڵی نیە، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو قەتادە رضي الله عنه کە گوێدرێژێکی دەشتەکی بینیوە وسەری بڕیوە، جا پەیامبەر فەرمویەتی: «هَلْ مَعَكُمْ مِنْ لحمه شيء» «هیچتان لە گۆشتەکەی پێیە؟»، وتیان: پێکەیان لایە، ئەوەبو بردی ولێی خوارد[4].

ه- **کەروێشك:** لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس رضي الله عنه کە وشترێکی گرتوە، ئەبو تەڵحەش سەری بڕیوە، وڕانەکەی نارد بۆ پەیامبەر ﷺ، ئەویش وەری گرت[5].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٢٠)، ومسلم (١٩٤١).
(٢) أخرجه البخاري (٥٢١٧)، ومسلم (١٩٤٥).
(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٧٢٦٧)، ومسلم (١٩٤٤).
(٤) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦/٢٢٢)، ومسلم (١١٩٦).
(٥) متفق عليه: أخرجه البخاري (٦/٢٣١)، ومسلم (١٩٥٣).

و- کەمتیار: لەبەر فەرمودەکەی جابر ﷺ، ئەڵێ: پرسیاری کەمتیارم لە پەیامبەری خوا ﷺ کرد، فەرموی: «هُوَ صَيْدٌ، وَيُجْعَلُ فِيهِ كَبْشٌ إِذَا صَادَهُ [الْمُحْرِمُ]» «ئەوا نێچری ڕاوە، ئەگەر کەسێك لە ئیحرامدا بێت ڕاوی بکات شەکێك سەر دەبڕێت (مادامیش کردی بە ڕاو وفیدیەی لە سەر دانا کەواتە حەڵاڵە)»[١].

حافز ئیبن حەجەر ئەڵێ: «لە بارەی حەڵاڵی کەمتیاردوە کۆمەڵێ فەرمودە هاتون خراپ نین»[٢].

ز- مامر (مريشك): لەبەر فەرمودەکەی ئەبو موسا ﷺ، ئەڵێ: «رأَيتُ رسولَ الله ﷺ يأكُلُ لحمَ دَجاجٍ» «پەیامبەرم ﷺ بینی گۆشتی مریشکی دەخوارد»[٣].

وقاز وسۆنەش دەدرێنە پاڵ مریشکەوە، چونکە لە پاکەکانن ونەرۆنە ژێر فەرمایشتی: ﴿أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ﴾ [المائدة:٤].

ح- کولە: لەبەر فەرمودەکەی عەبدوڵای ئەبو ئەوفا ﷺ، ئەڵێ: «لەگەڵ پەیامبەری خوادا حەوت یان شەش غەزامان کرد، لەگەڵیدا کولەمان دەخوارد»[٤].

پرسی سێیەم: ئەوەی شەرع بە دەق وتویەتی: حەرامە:

بنەما لەو خواردەمەنیانەی حەرام کراون ئەوەیە: هەر خواردەمەنیەکی پیسی قیزەون زیانی تێدا بێت، دروست نیە بخورێت، بەم شێوازەی خوارەوە:

١- خواردنە حەرامەکان لە قورئاندا کورت هەڵهاتوە لە دە شتدا، کە لەم فەرمایشتەی خوادا ﷻ هاتوە: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٨٠١) [واللفظ والزيادة له]، والترمذي (٢٢٢/٤) [(١٧٩١)] وقال: «حسن صحيح»، وابن ماجه (٣٠٨٥) والنسائي (٤٣٣٤)، وصححه الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (٢٥٢٢).

(٢) فتح الباري: (٥٧٤/٩).

(٣) متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٥١٧)، ومسلم (١٦٤٩).

(٤) أخرجه البخاري (٥٤٩٥)، ومسلم (١٩٥٢).

أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ﴾ [المائدة: ٣] «خوا ئەمانەی لە سەر حەرام کردون: [١] مردارەوەبو، [٢] وخوێنی ڕژاو، [٣] وگۆشتی بەراز، [٤] وئەوەی ناوی جگە لە خوای لە سەر هێنراوە لە کاتی سەر بڕیندا، [٥] وخنکاو، [٦] وئەوەی بە لێدان مرداردوە بو بێت، [٧] وبەردەوە بو، کەوتۆتە خوارەوە ومردار بۆتەوە، [٨] هەروەها قۆچ لێدراو، بە هۆیەوە مردار بۆتەوە، [٩] هەروەها ئەو ئاژەڵەی لە سەر حەرام کردون کە دڕندە خواردویەتی، مەگەر پێش مردار بونەوە پێ ڕا بگەن وبە شێوەیەکی شەرعی سەری ببڕن ئەوەیان حەڵاڵە بۆتان، ئەمەش هەڵاوێرە لە خنکاو وئەوانەی پاشی، [١٠] هەروەها خوا خواردنی ئەوانەشی لە سەر حەرام کردون کە لای بتەکان سەر دەبڕدرێت».

- **سەبارەت بە مردارەوە بو:** ئەوەیە کە لە خۆوە مردار بو بێتەوە وگیانی دەرچو بێت بێ ئەوەی شەرعیانە سەر بڕدرا بێت، حەرامیش کراوە لەبەر ئەو زیانەی تێیدایە بە هۆی قەتیس بونی خوێنەکەیەوە وپیسی خۆراك وخواردنیەوە. بۆ ناچاریش حەڵاڵ ئەبێت بە پێی پێویست، ولە مردارەوەبو: ماسی [ئەوانەی تریش کە بە تەنها لە دەریا دەژین] وکولە هەڵاوێر کراون، چونکە حەڵاڵن.

- **خوێنیش:** مەبەست پێی خوێنی ڕژاوە، ئەمەش حەرامە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ لە ئایەتێکی تردا: ﴿أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا﴾ [الأنعام: ١٤٥] «یان خوێنێکی ڕژاو بێت». ئەو خوێنەشی کە لە دوای سەر بڕین لە بەین گۆشت ودەمارەکاندا دەمێنێتەوە، حەڵاڵە، هەروەها ئەو خوێنانەش حەڵاڵە کە شەرع حەڵاڵی کردوە، وەك جگەر وسپڵ.

- **گۆشتی بەراز:** چونکە قیزەونە، وخۆراکی پیس وگەن دەخوات، هەروەها لەبەر زیانە زۆرەکەی[1]، خوای گەورەش ئەم سیانەی لەم فەرمایشتەدا کۆ کردۆتەوە: ﴿إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ [الأنعام:١٤٥].

- **ئەوەی ناوی جگە لە خوای لە سەر هێنرا بێت:** یانی ئەوەی لە کاتی سەر بڕینیدا ناوی جگە لە خوای لە سەر هێنرا بێت، ئەمەش حەرامە لە بەر ئەوەی هاوبەشدانانی تێدایە کە دژی تەوحیدە، چونکە سەر بڕین وپەستنە دروست نیە بۆ جگە لە خوا بکرێت، وەك خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الكوثر:٢] «سا نوێژەکانت هەر هەموی بە پاکی بۆ خوا بکە، وسەر بڕینەکانت هەر با بۆ ئەو بێت وتەنها ناوی وی لە سەر بهێنە».

- **خنکاو (الْمُنْخَنِقَةُ):** ئەوەیە کە دەخنکێت تا مردارەوە بون، بە ئەنقەست بێت یا نا.

- **لێدراو (الْمَوْقُوذَةُ):** ئەوەیە کە بە گۆچان یان شتێکی قورس لێی دەدرێت، مردار ئەبێتەوە.

- **بەرەوە بو (الْمُتَرَدِّيَةُ):** ئەوەیە کە لە شوێنێکی بەرزەوە کەوتۆتە خوارەوە، مردار ئەبێتەوە.

- **قۆچ لێدراو (النطيحة):** ئەوەیە کە ئاژەڵێك قۆچی لێ دەدات دەیکوژێت.

---

(١) [بۆ زانینی زیاتر لەسەر پیسی وقیزەونی بەراز، بڕوانە کتێبی: گۆشتی بەراز خۆشە یان وشتر؟! علی خان]

- **ئەوەی دڕندە خواردبێتی:** ئەوەیە کە شێر وپڵنگ (النمر والفهد[١]) وگورگ وسەگ هێرش دەکاتە سەری وهەندێکی دەخوات، بەو هۆیەوە مردار دەبێتەوە، جا کام لەم پێنجەی کۆتایی پێی گەیشتی وژیانی تێدا بو ئەوا شەرعیانە سەری دەبڕیت وحەلاڵە بیخۆیت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ [المائدة:٣].

- **ئەوەی لای بتەکان سەر بڕدرا بێت:** بەردێك بو لە دەوری کەعبە دانرا بو، لە سەردەمی نەفامیدا سەر بڕینیان لەوێدا دەکرد، ئەمە دروست نیە بیخۆیت، چونکە لەو هاوبەش دانانەیە کە خوا حەرامی کردوە، وەك لە «أهل لغير الله به»دا باس کرا.

لە خواردەمەنیەکان ئەمانەش دیسانەوە حەرامن:

٢- ئەوەی زیانێکی تێدا بێت: وەك ژەهر، ومەی، وسەرجەم سەر خۆش کەر وخاوکەرەوەکانی تر، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ [البقرة:١٩٥] «وخۆتان توشی لە ناو چون مەکەن بە وازهێنان لە تێکۆشان لە پێناو خوا ونەبەخشین لەو پێناوەدا»، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ﴾ [النساء:٢٩] «وخۆتان ویەکتر مەکوژن».

٣- ئەوەی لە زیندو بڕا بێت: لەبەر فەرمودەکەی ئەبو واقدی لەیسی رضي الله عنه، ئەڵێ[٢]: پەیامبەری خوا فەرموی: «مَا قُطِعَ مِنَ الْبَهِيمَةِ وَهِيَ حَيَّةٌ فَهُوَ مَيْتَةٌ» «ئەوەی لە ئاژەڵ بڕا بێت بە زیندویی ئەوە مردارەوە بوە».

٤- ئاژەڵی دڕندە: لە ئاژەڵە وشکانیەکاندا ئەوەیە بە کەڵپەکانی نێچیر دەگرێ (قەپ دەگرێت) وەك شێر وگورگ وپڵنگ وسەگ، لەبەر فەرمودکەی ئەبو سەعلەبەی

---

(١) [الفهد: سبع من الفصيلة السنورية بين الكَلْب والنمر لكنه أصْغَر مِنْهُ].

(٢) أخرجه أحمد (٥/٢١٨)، وأبو داود (٢٨٥٨)، والترمذي (١٤٨٠)، وحسّنه، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١١٩٧).

خوشەنی ﷺ: «نَهَى النَّبِيُّ ﷺ عَنْ [أَكْلِ] كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ» «پەیامبەر نەهی کردوە لە خواردنی هەمو کەڵپە دارێك لە دڕندەکان»[1]. ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر: «كُلُّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ فَأَكْلُهُ حَرَامٌ» «هەمو کەڵپەدارێك لە دڕندەکان خواردنی حەرامە»[2].

٥- باڵندەی دڕندە: ئەوەیە کە بە چڕنوکەکانی ڕاو دەکات، وەك داڵ، وباز وهەڵۆ، وکۆلارد، وکوندە پەپو، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﷺ، ئەڵێ: «نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کردوە لە هەمو کەڵپە دارێك لە دڕندەکان، ولە هەمو چڕنوك دارێك لە باڵندەکان»[3].

٦- ولە باڵندەکان ئەوانە حەرامە کە پاشەڕۆ وپیسی دەخۆن، وەك داڵ، وڕەخەم[4] وقەلە ڕەش، لەبەر پیسی ئەو خۆراکانەی دەیخوات.

٧- هەر ئاژەڵێك کوشتنی سوننەت بێت، خواردنی حەرامە: وەك مار وکولاژدوم (دو پشك) ومشك وکۆلارە، لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خَمْسٌ مِنَ الدَّوَابِّ، كُلُّهُنَّ فَاسِقٌ يَقْتُلُهُنَّ فِي الْحَرَمِ: الْغُرَابُ، وَالْحِدَأَةُ، وَالْعَقْرَبُ، وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ» «پێنج ئاژەڵ هەمویان لە هاوتاکانیان ناچن ولە سنوریان دەرچون، جا لە سنوری حەرەم بێت یان لە دەرەوە

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٣٠)، ومسلم (١٩٣٢) [والزيادة لهما في الموضعين].

(٢) أخرجه مسلم (١٩٣٣).

(٣) أخرجه مسلم (١٩٣٤). و«المخلب= چڕنوك» بۆ باڵندە ودڕندە وەك نینۆك وایە بۆ مرۆڤ؛ چونکە باڵندە بە چڕنوکەکانی پێستە دەبڕێنێت ودەدڕێنێت.

(٤) [باڵندەیەکی، سپیە وخاڵی ڕەشی پێوەیە، پەڕی زۆرە، دنوکەکانی درێژە وتۆزێك چەماوەتەوە. «المعجم الوسيط» (رخم)].

خوشەنی ﷺ: «نَهَى النَّبِيُّ ﷺ عن [أَكْلِ] كُلِّ ذِي نابٍ مِنَ السِّبَاعِ» «پەیامبەر نەهی کردوە لە خواردنی هەمو کەڵپە دارێك لە دڕندەکان»(١). ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر: «كُلُّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ فَأَكْلُهُ حَرَامٌ» «هەمو کەڵپەدارێك لە دڕندەکان خواردنی حەرامە»(٢).

٥- باڵندەی دڕندە: ئەوەیە کە بە چڕنوکەکانی ڕاو دەکات، وەك داڵ، وباز وهەڵۆ، وکۆلارە، وکوندە پەپو، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﷺ، ئەڵێ: «نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کردوە لە هەمو کەڵپە دارێك لە دڕندەکان، ولە هەمو چڕنوك دارێك لە باڵندەکان»(٣).

٦- ولە باڵندەکان ئەوانە حەرامە کە پاشەڕۆ وپیسی دەخۆن، وەك داڵ، ورەخەم(٤) وقەلە ڕەش، لەبەر پیسی ئەو خۆراکانەی دەیخوات.

٧- هەر ئاژەڵێك کوشتنی سوننەت بێت، خواردنی حەرامە: وەك مار وکولاژدوم (دو پشك) ومشك وکۆلارە، لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﷺ، ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خَمْسٌ مِنَ الدَّوَابِّ، كُلُّهُنَّ فَاسِقٌ يَقْتُلُهُنَّ فِي الْحَرَمِ: الْغُرَابُ، وَالْحِدَأَةُ، وَالْعَقْرَبُ، وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ» «پێنج ئاژەڵ هەمویان لە هاوتاکانیان ناچن ولە سنوریان دەرچون، جا لە سنوری حەرەم بێت یان لە دەرەوە

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٣٠)، ومسلم (١٩٣٢) [والزيادة لهما في الموضعين].

(٢) أخرجه مسلم (١٩٣٣).

(٣) أخرجه مسلم (١٩٣٤). و«المخلب= چڕنوك» بۆ باڵندە ودڕندە وەك نینۆك وایە بۆ مرۆڤ؛ چونکە باڵندە بە چڕنوکەکانی پێسە دەبڕێنێت ودەدڕێنێت.

(٤) [باڵندەیەکی، سپیە وخاڵی ڕەشی پێوەیە، پەڕی زۆرە، دنوکەکانی درێژە وتۆزێك چەماوەتەوە. «المعجم الوسيط» (رخم)].

دەکوژرێن: قەلە بازەلە، وکۆلارە، وکولاژدم، ومشك، وسەگی هار»[١]. ولەبەر ئەوەی بە پیس دانراو وقیزەونن.

٨- کەری ماڵی: لەبەر فەرمودەکەی جابر ﷺ: «أَنَّ رسُول الله ﷺ نهى يوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ» «پەیامبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا نەهی کرد لە گۆشتی گوێدرێژی ماڵی»[٢].

٩- ئەو خواردەمەنیانەی بە پیس دادەنرێت: وەك مشك ومار ومێش وزەردەواڵە وهەنگ، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ [الأعراف:١٥٧].

١٠- «الجَلَّالَة»: ئەو ئاژەڵەیە زۆربەی خواردنەکانی پیسە، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ ئەڵێ: «نَهَى رسولُ اللهِ ﷺ عَنْ أَكْلِ الجَلَّالَة» «پەیامبەری خوا ﷺ نەهی کرد لە خواردنی ئاژەڵی خواردن پیس»[٣]. لەمەشدا وشتر ومانگا ومەڕ وبزن ومریشك وهاوشێوەکانیان هەموویان وەکو یەکن، ئەگەریش لە پیسی دور بخرێتەوە، وخواردنی پاکی پێ بدرێت حەڵاڵ ئەبێت. ئیبن عومەریش کەی بیویستایە ئەم جۆرە ئاژەڵە بخوات سێ ڕۆژ ئەیبەستەوە، وتراوە: زیاتر لەوەش.

پرسی چوارەم: ئەوەی شەرع لێی بێدەنگ بوە:

ئەوەی کە شەرع لێی بێ دەنگ بوە، ودەقێك نەهاتوە حەرامی بکات، ئەوە حەڵاڵە، چونکە بنەما لە شتەکاندا حەڵاڵیە، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لە سەر ئەوە: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ [البقرة: ٢٩] «خوا بە تەنها، هەرچی لە سەر ئەرز هەیە لە نیعمەتەکان لە پێناوی ئێوە دروستی کردوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێ

---

(١) أخرجه البخاري (١٨٢٩)، ومسلم (١١٩٨).
(٢) أخرجه البخاري (٥٢٠٤)، ومسلم (١٩٤١).
(٣) أخرجه أبو داود (٣٧٨٥)، وابن ماجه (٣١٨٩) وهو صحيح. انظر إرواء الغليل (١٤٩/٨).

وەر بگرن». هەروەها فەموودەکەی ئەبو دەردایش ﷺ [کە پێشتر بە لەفزێکی تر باس کرا]، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «مَا أَحَلَّ اللهُ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ حَلَالٌ، وَمَا حَرَّمَ فَهُوَ حَرَامٌ، وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ عَافِيَةٌ، فَاقْبَلُوا مِنَ اللهِ الْعَافِيَةَ، فَإِنَّ اللهَ لَمْ يَكُنْ نَسِيًّا، ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾» «ئەوەی خوا حەلاڵی کرد ئەوە حەلاڵە، ئەوەشی حەرام کردبێت حەرامە، لە چیش بێ دەنگ بو بێت ئەوە عەفوی لێداوە وچاو پۆشی لێکراوە، جا بێوەیی خوا وەر بگرن، وەنەبێت خوا هیچی لە بیر چو بێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وەنەبێت خوا هیچ شتێکی لە شتەکان فەرامۆش کردبێت﴾»[1].

پرسی پێنجەم: ئەوەی کەراهەتی هەیە بخورێت:

کەراهەتی هەیە پیاز وسیر وهاوشێوەکانیان لە بۆن ناخۆشەکان بخورێت، وەك کەوەر وتور، بە تایبەت لە کاتی هاتن بۆ مزگەوتەکان وشوێنی کۆبونەوەکان بۆ پەرستن ویادی خوا، لەبەر فەرمودەکەی جابر ﷺ، پەیامبەری خوا فەرمویەتی: «مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ الْمُنْتِنَةِ فَلَا يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَأَذَّى مِمَّا يَتَأَذَّى مِنْهُ الْإِنْسُ» «هەر کەس لەم دارە بۆ گەنەی خوارد با نزیك مزگەوتەکەمان نەکەوێتەوە، چونکە فریشتەکان ئازاریان پێ دەگات بەوەی مرۆڤەکان ئازاریان پێ دەگات»[2]. یانی: داری سیر، لە ڕیوایەتێکدا: «تا بۆنەکەی دەچێت»[3]. ئەگەریش کوڵاندی وبۆ نەکەی نەما ئەوە هیچی تێدا نیە بیخوات، لەبەر وتەکەی عومەری

---

(١) أخرجه الحاكم (٢/٣٧٥) وصحح [إسناد]ه [وهذا لفظه]، وافقه الذهبي.
(٢) أخرجه البخاري (٥٤٥٢)، ومسلم (٥٦٤).
(٣) [أخرجه مسلم (٥٦١)].

کوڕی خەتتاب ﷺ: «کێش خواردی با بە کوڵاندنی بۆنەکەی بمرێنێت»[(١)]. ولە ڕیوایەتێکی جابر دا ﷺ[(٢)]: «وا گومان ئەبەم مەبەستی بە کاڵی بێت»[(٣)].

پرسی شەشەم: ئادابەکانی خواردن:

خواردن کۆمەڵێك ئادابی هەیە ئەبێت موسڵمان سور بێ لە سەری، کە ئەمانەیە:

١- «بسم الله» کردن لە سەرەتای خواردن: لەبەر فەرمودەکەی عومەری کوڕی ئەبو سەلەمە ﷺ، ئەڵێ: مێرد منداڵێك بوم لە کۆشی پەیامبەردا ﷺ، جا لە کاتی چێشت خواردندا دەستم بە هەمو لایەکی قاپەکە دەسوڕاند ولە شوێنێکەوە نەمدەخوارد، ئەوەبو پەیامبەر ﷺ فەرموی: «يَا غُلَامُ، سَمِّ اللهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ» «ڕۆڵە گیان! بسم الله بکە، وبە دەستی ڕاست بخۆ، ولە پێشی خۆشتەوە بخۆ»، جا لەو ڕۆژەوە هەمیشە خواردنی من بەو شێوازەیە[(٤)].

٢- بە دەستی ڕاست خواردن: لەبەر فەرمودەی پێشو.

٣- لە پێش خۆوە خواردن: دیسانەوە لەبەر فەرمودەی پێشو، مەگەر بزانێت بەرامبەرەکانی بەوە ئازاریان پێ ناگات وپێی ناخۆش نیە، ئەوا هیچی تێدا نیە لەم سەر وئەو سەری قاپەکەوە بخوات، لەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ کە باسی ئەو پیاوە بەرگ دورەمان بۆ دەکات پەیامبەری خوای ﷺ دەعوەت کردوە بۆ خواردنێك، ئەنەس ئەڵێت: «تەماشا دەکەم پەیامبەر ﷺ دەست بۆ کولەکە دەبات لە دەوریەری

---

(١) أخرجه مسلم (٥٦٧).

(٢) [واتە ڕیوایەتێکی حەدیسی پێشو نەك وتەکەی عومەر].

(٣) جامع الأصول (٢٨٠/٨) [!! بل هو عند البخاري (٨٥٤)].

(٤) أخرجه البخاري (١٩٦/٦) [(٥٣٧٦)]، ومسلم (٢٠٢٢). ومعنى تطيش: تتحرك في نواحي القصعة ولا تقتصر على موضع واحد.

قاپەکە»[١]. یان کەسەکە تەنها بێت وکەسی لەگەڵدا نەبێت، یان خواردنەکە جۆراوجۆر بێت، ئەو کاتە بۆی دروستە لە غەیرە پێشی خۆشیەوە بخوات ئەگەر ئازاری کەسی نەدەدا.

٤- ستایشی خوا کردن لە کۆتاییەکەی: لەبەر فەرمودەکەی ئەبو ئومامە ﷺ، ئەڵێ: ئەگەر سفرد لە بەردەم پەیامبەر ﷺ هەڵبگیرایە، دەیفەرمو: «الْحَمْدُ لِلهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، غَيْرَ مُوَدَّعٍ وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا» «حەمد وستایش بۆ خوا، ستایشێکی زۆری پاك وبێ خەوشی پڕ فەر وپیرۆز، ستایشێکی واز لێ نەهێنراو (یان: خواردنێکی نەبڕاوە ودوا خواردن نەبێت)، بێ بێنیاز بون پێی (واتە: پێویستیمان پێیەتی) ئەی پەروەردگارەکەم»[٢]. ولەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «إِنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الْأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا» «خوا لە بەندە ڕازی دەبێت کە خواردنێکی خوارد ستایشی ئەوی لە سەر بکات یان خواردنەوەیەکی خوارد ستایشی ئەوی لە سەر بکات»[٣].

٥- خواردن لە سەر سفرە: لەبەر فەرمودەکەی ئەنەسی کوڕی مالك ﷺ، ئەڵێ: «مَا أَكَلَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَى خِوَانٍ وَلَا فِي سُكُرُّجَةٍ وَلَا خُبِزَ لَهُ مُرَقَّقٌ [قَطُّ] [حَتَّى مَاتَ]، قُلْتُ لِقَتَادَةَ: عَلَى مَا يَأْكُلُونَ؟ قَالَ: عَلَى السُّفَرِ» «پەیامبەر هەرگیز نانی نەخواردوە نە لە سەر خوان ومێز، ونە لە ناو قاپی پێخۆر، ونانی نەرمی نەخواردوە. بە قەتادەم وت: ئەی لە سەر چی نانیان دەخوارد، وتی: لە سەر سفرە»[٤].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٣٧٩).

(٢) أخرجه البخاري (٥٤٥٩). ومعنى «غير مودع»: غير متروك الطاعة.

(٣) أخرجه مسلم (٢٧٣٤).

(٤) أخرجه البخاري (٥٣٨٦) [واللفظ أشبه (٥٤١٥) والزيادات للبخاري نفسه]. «الخوان»یش: ئەودیە خواردنی لە سەر دەخورێت، بریتیە لە سفرە، کراودتە عەرەبی. «السُّفرة»ش: هەر وایە، واشی پێ وتراوە

٦- خواردن بە ڕاکشانەوە کەڕاهەتی هەیە: لەبەر فەرمودەکەی عائیشە ﵂، ئەڵێ: «قُلْتُ: يَا رَسول الله! كُلْ -جَعَلَنِي اللهُ فِدَاكَ- مُتَّكِئًا، فَإِنَّهُ أَهْوَنُ عَلَيْكَ، فَأَصْغَى بِرَأْسِه حَتَّى كَادَ أَنْ تُصِيبَ جَبْهَتَه الأَرْضَ، قَالَ: «لَا، بَلْ آكُلُ كَمَا يَأْكُلُ العَبْدُ، وَأَجْلِسُ كَمَا يَجْلِسُ العَبْدُ» «وتم: ئەی پەیامبەری خوا -خوا بمکات بە قوربانت- بە ڕاکشانەوە خوارد بخۆ، ئەوە ڕەحەتترە بۆت، ئەویش سەری کردە خوارەوە خەریك بو ناوچەوانی بەر زەویەکە بکەویت، فەرمووی: نەخێر، بەڵکو ئەخۆم وەکو کۆیلە، ودادەنیشم وەکو کۆیلە»[1]. ولەبەر فەرمودەکەی ئەبو جوحەیفە ﵁، پەیامبەر ﷺ فەرمووی: «إِنِّي لَا آكُلُ مُتَّكِئًا» «من بە ڕاکشانەوە شت ناخۆم»[2].

٧- عەیبدار نەکردنی خواردنێك کە حەزی لێ ناکات: لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﵁ ئەڵێ[3]: «مَا عَابَ النَّبِيُّ ﷺ طَعَامًا قَطُّ إِنِ اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ وَإِلَّا تَرَكَهُ» «هەرگیز پەیامبەر هیچ خواردنێکی عەیبدار نەکروە، حەزی لێ ببوایە دەیخوارد، وەگەرنا وازی لێ دەهێنا».

٨- خواردن لە دەورو بەری قاپ وناوەڕاستی دەفرەوە کەڕاهیەتی هەیە: لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عەبباس ﵄، ئەڵێ: دەوریەك تریتیان هێناوە بۆ پەیامبەری خوا ﷺ، ئەویش فەرمووی: «كُلُوا مِنْ جَوَانِبِهَا، وَلَا تَأْكُلُوا مِنْ وَسَطِهَا، فَإِنَّ الْبَرَكَةَ تَنْزِلُ

چونکە ڕا دەخرێت لە کاتی خواردن لە سەری. «السکرجة»ش: پەرداخێکی بچوکە شتی تێدا دەخورێت لە پێخۆر، فارسیە، لەوانەیە بۆیە لە سەر خوان نانی نەخواردوە، چونکە عادەتی عەجەم شێوازێکی دیاری کراوی هەبوە، لەوانەیە «السکرجة»ش هەر لەبەر ئەمە بێت.

(١) أخرجه البغوي في «شرح السنة» (١١/٢٨٦-٢٨٧)، وأحمد في «الزهد» (ص ٥، ٦) وصححه الأرناؤوط بشاهد مُرْسَل «حاشية شرح السنة».

(٢) أخرجه البخاري (٥٣٩٨).

(٣) أخرجه البخاري (٥٤٠٩)، ومسلم (٢٠٦٤).

فِي وَسَطِهَا» «لە دەوربەردکەی بخۆن، ولە ناوەڕاستەکەیەوە مەخۆن، چونکە فەڕ وبەرەکەت دا دەبەزێتە ناوەڕاستەکەی»[1].

٩- خواردن بە سێ پەنجە، ولێسانەوەیان دوای خواردنەکە، لەبەر فەرمودەکەی کەعبی کوڕی مالك ﷺ، ئەڵێ: «پەیامبەر بە سێ پەنجە خواردنی دەخوارد، ودەستیشی نەدەسڕی تا پەنجەکانی دەلێسایەوە»[2].

١٠- خواردنی ئەوەی لە کاتی خواردنەکە دەکەوێت یان پەرش وبڵاو بۆتەوە، لەبەر فەرمودەی: «إِذَا سَقَطَتْ لُقْمَةُ أَحَدِكُمْ فَلْيُمِطْ عَنْهَا الْأَذَى وَلْيَأْكُلْهَا، وَلَا يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ» «ئەگەر پاروی کەسێکتان کەوت، با زیانەکەی لێ بکاتەوە وبیخوات، وێڵی نەکات بۆ شەیتان»[3].

١١- سڕین ولێسانەوەی ئەو دەوریەی لێی دەخوات: لەبەر وتەکەی ئەنەس لە فەرمودەی پێشو: «پەیامبەر ﷺ بە لێسانەوەی دەوری فەرمانی پێکردین». یانی: بیسڕین وچی خواردنێکی تێدا ماوە بخورێت، ولە ڕیوایەتێکدا: «پەیامبەری فەرمانی کرد بە لێسانەوەی پەنجە ودەوریەکان، وفەرموی: «إِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ فِي أَيِّهِ الْبَرَكَةُ» «ئێوە نازانن لە کوێیدا بەرەکەت وفەڕ هەیە»[4].

---

(١) أخرجه أحمد (١/٢٧٠)، والترمذي (١٨٠٥) وقال: حسن صحيح، وأبو داود (٣٧٧٢)، وابن ماجه (٣٢٧٧)، وصححه الألباني «صحيح سنن ابن ماجه» (٢٦٥٠).

(٢) أخرجه مسلم (٢٠٣٢).

(٣) أخرجه مسلم (٢٠٣٥).

(٤) أخرجه مسلم (٢٠٣٣).

دەروازەی دووەم

حوکمی سەر بڕینەکان «أَحْكَامُ الذَّبائِحِ»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: واتای سەر بڕین، وجۆرەکانی، وحوکمەکەی:

١- **پێناسەی** «الذَّبَائِح»: کۆی «ذَبِيحَة»یە، واتا: سەر براو. لە شەرعیشدا: ئەو ئاژەڵەیە کە شەرعیانە سەر بڕاوە. و«تَذْكِيَة= سەر بڕین»یش: بریتیە لە سەر بڕین یان لە ملدانی ئاژەڵی وشکانی گۆشت خوراوی دەسەڵات بە سەر شکاو، بە بڕینی قوڕ قوڕاگە وبۆڕی خواردن، یان بریندار کردن (عَقْر)ی دەسەڵات بە سەر نەشکاو.

٢- **پێناسەی سەر بڕین:** ولەبەر ئەوەی مەبەست لە سەر بڕین (الذبح) ئەو ئاژەڵەیە کە بە شەرعیانە سەر بڕاوە، جا گونجاوە جۆرەکانی سەر بڕین کە خواردنی ئاژەڵ حەڵاڵ دەکەن ڕون بکرێتەوە، ئەمەش ئەبێتە سێ بەشەوە، وەك لە پێناسەکەی پێشتر ڕون دەبێتەوە.

یەکەم: سەر بڕین (الذَّبْح): ئەمەش بڕینی قوڕ قوڕاگەی ئاژەڵە بە کۆمەڵێك مەرجەوە.

دووەم: لە گەردن دان (النَّحْر): ئەمەش بڕینی گەردن (لَبَّة)ی ئاژەڵە، کە ئەکەوێتە خوار ملەوە، ئەمەش سەر بڕینی سوننەتانەیە بۆ وشتر، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الكوثر:٢].

سێیەم: بریندار کردن (العَقْر): ئەمەش کوشتنی ئاژەڵی دەسەڵات بە سەر نەشکاوە لە نێچیر وشتر ومانگا ومەڕ وبزن، بە بریندار کردنی هەر شوێنێکی لاشەی جگە لە قوڕگ وگەردن، لەبەر فەرمودەکەی ڕافع ﷺ ئەڵێ: «وشترێك هەڵهات وبۆی

دەرچو، كابرایەك تیرێكی تێگرت وەستانی، پەیامبەر ﷺ فەرموی[1]: «فَمَا نَدَّ عَلَيْكُمْ، فَاصْنَعُوا بِهِ هَكَذَا» «هەر ئاژەڵێكتان لە یاخی بو، وەكو ئەمەی لێ بكەن».

٣- **حوكمی سەر برین:** سەر برینی ئاژەڵی دەسەڵات بە سەر شكاو حوكمەكەی ئەودیە پەیوەست ولازمە، هیچ بەشێكی ئاژەڵی باس كراو حەڵاڵ نابێت بە بێ ئەمە، ئەمەش بێ جیاوازی لە نێوان زانایان، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ﴾ [المائدة:٣]. هەر ئاژەڵێكیش سەر نەبڕدرێت بەم شێوازە ئەوە مردارەوە بوە، جگە لە ماسی وكولە، وئەوەی لە ئاودا نەبێت ناژیت، ئەمانە بێ سەر برینیش حەڵاڵ دەبن، وەك باس كرا لە باسی خواردەمەنیەكان.

پرسی دوەم: مەرجەكانی دروست بونی سەر برین:

ئەم مەرجانە ئەبێتە سێ بەشەوە:

١- ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە سەربڕەوە.

٢- ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە سەر براوەوە.

٣- ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە ئامێری سەر برینەوە.

یەكەم: ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە سەر بڕەوە:

١ - **شیاوی سەر بڕ:** بەوەی سەر بڕەكە ژیر وجیاكار بێت، ئیتر نێر بێت یان مێ، موسڵمان بێت یان خاوەن كتێب. خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ [المائدة:٣] «مەگەر ئەوەی سەرتان بری بێت» ئەمەش بۆ موسڵمانە، وهەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ﴾ [المائدة:٥]، ئەمەش لە بارەی سەر براوی

---

(١) أخرجه البخاري (٥٥٠٩)، ومسلم (١٩٦٨). ونَدّ: نَفَرَ وذهب على وجهه شاردًا.

خاوەن کتێبەکانە، ئیبن عەبباس ﷺ ئەڵێ: «خواردنەکەیان: سەر براوەکانیانە»[1].

بەڵام بێ باوەڕەکانی تری جگە لە خاوەن کتێبەکان، وەك شێت وسەر خۆش، ومنداڵی ناجیاکار، ئەوە سەر براویان حەڵاڵ نیە.

٢- ئەبێت بۆ جگە لە خوا سەر نەبڕدرێت، یان ناوی جگە لە خوای لە سەر نەهێنرێت، جا ئەگەر بۆ بت یا موسڵمان یا پەیامبەرێك سەر برا ئەوە حەڵاڵ نابێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ لەباسی خواردەمەنیە حەرامەکان: ﴿وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ [المائدة:٣].

جا ئەگەر ئەم دو مەرجە فەراهەم بو لە سەر بڕدا، ئەوا سەر براوەکەی حەڵاڵ ئەبێت، جیاوازیش نیە لە نێوان پیاو وژن، وگەورە وگچکە، وئازاد وکۆیلە.

دوەم: ئەو مەرجانەی پەیوەستن سەر براوەوە:

١- ئەبێت قوڕ قوڕاگە وبۆڕی خواردن ودو دەمارەکەی مل (الوَدَجَين)ی ئاژەڵەکە ببڕێت، قوڕقوڕاگەش بۆڕی هەناسەیە، وەدەجەکانیش دو دەماری بەرامبەرن دەوری قوڕ قوڕاگەیان داوە، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ڕافعی کوڕی خەدیج ﷺ، پەیامبەری خوا فەرموی: «مَا أَنْهَرَ الدَّمَ، وَذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ فَكُلُوهُ، لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ» «ئەوەی خوێنی چۆڕان، وناوی خوای لە سەر هێنرا، ئەوە لێی بخۆن، بەڵام بە ددان ونینۆك نا»[2]. جا بە مەرجی گرت خوێن بچۆڕێنێت. وسەر بڕینەکە بە بڕینی ئەو شتانەی ئاژەڵەکە بێت کە ئاماژەی بۆ کرا، بە تایبەتیش لەو شوێنانەوە،

---

(١) أخرجه البخاري معلقاً، وصله البيهقي. انظر: «فتح الباري» (٩/٥٥٢-٥٥٣).
(٢) أخرجه البخاري (٥٥٠٣)، ومسلم (١٩٦٨).

چونکە وا دەکات خێرا تر خوێنی بڕێژێت وزوتر ڕوحی دەر بچێت، بۆیە گۆشتەکەی پاکتر ئەبێت، وسوکتر وساناتریش ئەبێت بۆ ئاژەڵەکە.

ئەوەشی کە هۆکاری مردنی توش ئەبێت وەك خنکاو ولێدراو وبەرەوە بو ئەوەی بە قۆچ لێی دراوە وئەوەی دڕندە خواردویەتی، هەروەها نەخۆش، وئەوەی ئەکەوێتە تۆڕەوە، یان لە تیاچون ڕزگاری دەکات= ئەگەر پێی ڕاگەیشت وبینی بە تەئکید ژیانی تێدا ماوە -وەك جولاندنی دەستی یان قاچی یان پێڵوی چاوەکانی- وسەری بڕی ئەوە حەلاڵە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ [المائدة:٣]، یانی: ئەوە حەرام نیە. بەلاّم ئەگەر نەیتوانی لە شوێنی دیاری کراو سەری ببڕێت، بە هۆی ئەوەی دەسەلاّتی ناشکێت بە سەریدا، وەك ڕاوکردن، وئاژەڵە دەشتەکیەکان، ویان کەوتۆتە ناو بیرێکەوە وهاوشێوەکانی، ئەو کاتە سەر بڕینی بە برینداركردنی دەبێت لە هەر شوێنێکی لاشەی، ئەبێتە سەر بڕین بۆی، لەبەر فەرمودەکەی ڕافعی کوڕی خەدیج پێشو لەبارەی وشترە ڕاکردوەکەوە کە کابرا بە تیرێك تێی وەشاند وەستاندی، پەیامبەر ﷺ فەرموی: «چی هەڵهات ویاخی بو لە دەستان ئاوهای لێ بکەن».

٢- لە کاتی سەر بڕیندا ناوی خوای لە سەر بهێنرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ [الأنعام:١٢١] «ئەی موسڵمانان لەو سەر براوانە مەخۆن کە لە کاتی سەر بڕیندا ناوی خوای لە سەر نەهێنراوە، خواردن لەو سەر بڕوانە دەرچونە لە گوێڕایەڵی خوا». سوننەتیشە لەگەڵ «بسم الله» کرندا، «الله أكبر»یش بکات، چونکە پەیامبەر ﷺ[1] لە کاتی سەر

(١) صحيح مسلم (رقم ١٩٦٦).

بڕینی قوربانیەکەیدا ناوی خوای هێناوە، وتەکبیریشی کردوە. لە ڕیوایەتێکدا: دەیفەرمو: «بِسْم الله، اللهُ أكبر»(١).

سێیەم: ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە ئامێری سەر بڕینەوە:

ئەبێت ئامێرەکە تیژاییەکەی برینداركەر بێت لە ئاسن ومس وبەرد وئەو شتەکانی تریش کە قوڕگ دەبڕێت، وخوێن دەچۆڕێنێت، جگە لە ددان ونینۆك، لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ڕافعی کوڕی خەدیج، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئەوەی خوێنی چۆڕان، وناوی خوای لە سەر هێنرا، ئەوە لێی بخۆن، بەڵام ددان ونینۆك نا». وسەرجەم جۆرەکانی ئێسك هی ئادەمیزاد بێت یان نا ئەڕواتە ژێر حوکمی ددان ونینۆکەوە.

هۆکاری ڕێگریەکەش ئەوەیە کە لە فەرمودەکەدا هاتوە: «وَسَأُحَدِّثُكُمْ عَنْ ذَلِكَ: أَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ، وَأَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشَةِ» «وباسی ئەوەشتان بۆ دەکەم: سەبارەت بە ددان، ئێسقانە، نینۆکیش چەقۆی حەبەشیەکانە»(٢). سەبارەت بە نەهی کردنیش لە سەر بڕین بە ئێسك: چونکە بە خوێن پیس دەبێت، پەیامبەریش نەهی کردوە لە پیس کردنی، چونکە توێشوی برا جنۆکەکانمانە. سەبارەت بە نینۆکیش: لەبەر ئەوەی چاو لێ کەری بێ باوەڕانی تێدایە(٣).

پرسی سێیەم: ئادابەکانی سەر بڕین:

سەر بڕین کۆمەڵێك ئادابی هەیە، ئەبێت سەر بڕ پێوەی پابەند بێت، ئەوانەش:

---

(١) صحيح مسلم (١٩٦٦)-١٨.
(٢) أخرجه مسلم (١٩٥٥).
(٣) انظر: فتح الباري (٩/٥٤٤).

١- سەر بڕ چەقۆکەی تیژ بکات، لەبەر فەرمودەکەی شەددای کوڕی ئەوس ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ» «خوا چاکە کاری لە سەر هەمو شتێك نوسیوە، جا ئەگەر کوشتتان ئەوا بە شێوازێکی چاك بکوژن، ئەگەریش سەرتان بڕی بە شێوازێکی چاك سەری ببڕن، وبا چەقۆکەی تیژ بکات وسەر بڕاوەکەی ڕەحەت بکات».

٢- ئاژەڵەکە پاڵ بخات بە لای چەپدا، وقاچی ڕاستی دوای سەر بڕینی وێڵ بکات بجولێتەوە، بۆ ئەوەی بە جولانەوەی ڕەحەت بێت، لەبەر فەرمودەکەی پێشوی شەددادی کوڕی ئەوس ﷺ، هەروەها لەبەر فەرمودەکەی ئەبولخەیر: پیاوێکی ئەنساڕی بۆی گێڕایەوە لە پەیامبەری خواوە ﷺ، کە قوربانیەکەی پاڵ خستوە بۆ سەر بڕین، بە کابرای فەرموە: «أَعِنِّي عَلَى ضَحِيَّتِي» «یارمەتیم بدە لە قوربانیەکەمدا» ئەویش یارمەتیداوە»[١].

٣- لە گەردن دان (نَحْر)ی وشتر بە پێوە وبە دەست چەپ بەستراوی ئەبێت، نەحریش ئەوەیە بە تیژێك بدەیت لە گەردن (لَبَّة)، کە چالایی نێوان مل وسنگە، ئەمەش لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ﴾ [الحج:٣٦] «جا لە کاتی سەر بڕینیدا بڵێن: بسم الله، با وشترەکە بە پێوە بێت لە سەر سیان لە قاچەکانی وچوارەمیشی بەستراوەتەوە»، یانی[٢]: لە سەر سیان لە قاچەکانی بە پێوە بێت.

---

(١) أخرجه أحمد (٣٧٣/٥)، قال الهيثمي: «ورجاله رجال الصحيح» «مجمع الزوائد» (٢٥/٤)، وقال الحافظ: «رجاله ثقات». «الفتح» (١٩/١٠).

(٢) «زاد المسير» (٤٣٢/٥).

وئیبن عومەر تێپەڕ بو بە لای پیاوێکدا یەخی وشترەکەی دابو تا سەری ببڕێت، پێی وت: هەڵی بسێنە بە پێوە وبە بەستراوی سوننەتی موحەممەد ﷺ[1].

٤ - سەر بڕینی هەمو ئاژەڵەکان جگە لە وشتر، لەبەر فەرمایشتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُوا بَقَرَةً﴾ [البقرة: ٦٧] «خوا فەرمانتان پێ دەکات مانگایەك سەر ببڕن». ولەبەر فەرمودەکەی ئەنەس ﷺ: «پەیامبەر خۆی ئەو دو شەکەی سەر بڕی کە کردی بە قوربانی»[2].

پرسی چوارەم: ئەو شتانەی کەڕاهەتی هەیە لە سەر بڕیندا:

١- کەڕاهەتی هەیە بە ئامێری کول سەر ببڕدرێت -یانی: نەبڕ-، چونکە ئەمە سزادانی ئاژەڵە، لەبەر فەرمودەکەی پێشتری شەدداد، کە تێیدا هاتبو: «با چەقۆکەی تیژ بکات وسەر براوەکەی ڕەحەت بکات». ولەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر ﷺ[3]: «أَمَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِحَدِّ الشِّفَارِ، وَأَنْ تُوَارَى عَنِ الْبَهَائِمِ» «پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بە تیژکردنی تیغ، ولە بەرچاوی ئاژەڵانیش دور بخرێتەوە».

٢- کەڕاهەتی هەیە ملی ئاژەڵ بشکێنرێت یان پێستی بکەنرێت پێش گیان دەرچونی، لەبەر فەرمودەکەی پێشوی شەددادی کوڕی ئەوس ﷺ: «ئەگەریش سەرتان بڕی بە شێوازێکی چاك سەر ببڕن». ولەبەر وتەکەی عومەر ﷺ: «وَلَا تُعْجِلُوا الْأَنْفُسَ أَنْ تَزْهَقَ» «پەلە مەکەن؛ پێش دەرچونی گیانەکان مەکەون»[4].

---

(١) أخرجه البخاري (١٧١٣)، ومسلم (١٣٢٠).

(٢) أخرجه البخاري (٥٥٥٤)، ومسلم (١٩٦٦).

(٣) أخرجه أحمد (٢/١٠٨)، وابن ماجه (٣١٧٢)، وضعّفه الألباني «ضعيف ابن ماجه» (٦٨١) لكن له ما يشهد

(٤) أخرجه البيهقي في سننه (٩/٢٧٨)، وقال الألباني: «هذا إسناد يحتمل التحسين» «إرواء الغليل» (٨/١٧٦).

٣- كەراهەتی هەیە چەقۆ تیژ بكرێت بە پێش چاوی ئاژەڵێكی ترەوە، لەبەر فەرمودەكەی ئیبن عومەری پێشو: «ولە بەرچاوی ئاژەڵان دور بخرێتەوە».

پرسی پێنجەم: حوكمی سەر بڕاوی خاوەن كتێبەكان:

سەر بڕاوی خاوەن كتێبەكان لە جولەكە وگاورەكان حەڵاڵە، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ﴾ [المائدة: ٥]. یانی: ئەی موسڵمان سەر بڕاوی خاوەن كتێبەكان لە جولەكە وگاورەكان حەڵاڵە بۆتان. ئیبن عەبباس وتی [وەك باس كرا]: خواردنەكەیان، واتا: سەر بڕاوەكەیان. جا سەر بڕاوی خاوەن كتێبەكان لە جولەكە وگاورەكان حەڵاڵە بە كۆ دەنگی موسڵمانان، چونكە ئەوانیش بڕوایان هەیە بە حەرامێتی: سەر بڕین بۆ جگە لە خوا، ومردارەوە بو، بە پێچەوانەی بێ باوەڕانی ترەوە لە بت پەرستان وزندیقەكان وهەڵگەڕاوەكان وئاگر پەرستەكان، ئەمانە سەر بڕاویان حەڵاڵ نیە، بە هەمان شێوە هاوبەش دانەر -هاوبەشی گەورە- لە گۆڕ ومەزار پەرستان وهاوشێوەكانیان.

هەروەها خواردنی ئەوانە حەرامە كە بزانین سەر بڕدراوە بە خنكاندن، یان بە لە سەر دان، یان بە تەزوی كارەبا وەك عادەتی زۆربەی خاوەن كتێبەكانە لەم سەردەمەدا[١].

(١) انظر: «مجلة البحوث الإسلامية» (٧/٢٤٧).

دەروازەی سێیەم

حوکمی ڕاو کردن «أَحْكَامُ الصَّيْد»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی ڕاو کردن، وحوکمەکەی، وبەڵگەی شەرعی بونی:

١- **پێناسەی «الصيد»**: چاوگی «صادَ يصيدُ صيدًا»ە، یانی: ڕاوی کرد ولە پڕدا وبە فێڵ بردی، ئیتر بخورێت، یا نا، وبە «المصيد= ڕاوکراو»دکە ئەمە وتراوە، لە ڕوانگەی ناونانی «المفعول» بە ناوی «اسم المصدر»ەوە، جا بە ئاژەڵە «مصيد= ڕاوکراو»ەکە ئەوترێ: «صيد= ڕاو».

لە شەرعیشدا: ڕاوکردنی ئاژەڵێکی حەڵاڵی بە سروشت دەشتەکی (متوحش)ە، کە مولکی کەس نیە، ودەسەڵاتیش ناشکێت بە سەریدا.

«الوحش»: یش هەمو ئاژەڵێکی نا ماڵیە لە ئاژەڵانی وشکانی.

٢- **شەرعی بونی ڕاوکردن**: ڕاوکردن شەرعی وحەڵاڵە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿أُحِلَّتْ لَكُمْ بَهِيمَةُ الْأَنْعَامِ إِلَّا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّي الصَّيْدِ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ﴾ [المائدة:١] «خوا وشتر ومەڕ ومانگا وبزنی بۆ حەڵاڵ کردون، مەگەر ئەوەی خوا بۆی ڕون کردونەتەوە کە حەرامە، وەك: مردارەوە بو... هتد، وحەرامێتی ڕاو کردن لە کاتی ئیحرام دا»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا﴾ [المائدة:٢] «ئەگەر لە ئیحرامەکەتان تەواو بون ئەوا ڕاوکردنتان بۆ حەڵاڵە». ولەبەر فەرمودەکەی عەدی کوڕی حاتیم ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ الْمُعَلَّمَ، وَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ عَلَيْهِ فَكُلْ» «ئەگەر سەگە فێرکراوەکەت نارد،

و«بسم الله»ت لێ کرد، ئەوا لە نێچیرەکە بخۆ»[١]. ئەمە ئەگەر ڕاوکردنەکە بۆ پێویستی مرۆڤ بو، بەڵام ئەگەر بۆ خۆشی وگەمەکردن بێت ئەوە مەکڕوهە، چونکە گاڵتەی بێ هودەیە، وپەیامبەریش ﷺ نەهی کردوە ئاژەڵ بکرێتە نیشان شکێن[٢].

پرسي دوەم: ڕاو کردنی حەڵاڵ وڕاو کردنی حەرام:

ڕاو هەموی حەڵاڵە دەریایی وشکانیەکەی مەگەر لە چەند حاڵەتێکدا:

حاڵەتی یەکەم: ڕاوکردن لە حەرەمدا حەرامە لە ئیحرامدا بێت یان نا، ئەمەش بە کۆ دەنگی، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا: «إِنَّ هَذَا الْبَلَدَ حَرَّمَهُ اللهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللهِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ... لَا يُعْضَدُ شَوْكُهُ وَلَا يُنَفَّرُ صَيْدُهُ» «ئەم شارە لەو ڕۆژەوەی خوا ئاسمانەکان وزەوی دروست کردوە، حەرامی کردوە... دڕکەکەی نابڕدرێت، نێچیری ئیزعاج ناکرێت»[٣]. حافز ئیبن حەجەر ئەڵێ: وتراوە: مانایە بۆ ڕاو کردن... زانایان ئەڵێن: کە نەهی دەکات لە ئیزعاج کردن سودی ئەوەی لێ دەکرێت لە ناو بردنی لە پێشترە حەرام بێت»[٤].

حاڵەتی دوەم: حەرامە لە سەر کەسێك لە ئیحرامدا بێت لە نێچیری وشکانی بخوات، یان ڕاوی بکات، یان یارمەتیدەر بیت بۆ ڕاوکردنی لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ﴾ [المائدة: ٩٥] «ئەی باوەڕداران ڕاوی ئاژەڵی وشکانی مەکەن لە کاتێکدا لە ئیحرام دان ئیتر حەج بێت

---

(١) أخرجه البخاري (٥٤٨٣)، ومسلم (١٩٢٩).
(٢) أخرجه البخاري (٥٥١٣)، ومسلم (١٩٥٦).
(٣) أخرجه البخاري (١٨٣٣)، ومسلم (١٣٥٣).
(٤) «فتح الباري»: (٤/٥٥-٥٦).

یان عومرە، یان لە ناو سنوری حەرەم بون». هەروەها حەرامە لە سەری لەوە بخوات کە ڕاوی کردوە، یان لەبەر ئەم ڕاو کراوە، یان یارمەتی ڕاوکردنی داوە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا﴾ [المائدة:٩٦] «وخوا ڕاوی وشکانی لە سەرتان حەرام کردوە هەتا لە ئیحرامدا بن». وپەیامبەریش ﷺ، کە سەعبی کوڕی جەسسامە ﷺ بە دیاری گوێدرێژێکی دەشتەکی پێدا، ڕەدی کردنەوە وفەرموی: «إِنَّا لَمْ نَرُدَّهُ عَلَيْكَ إِلَّا أَنَّا حُرُمٌ» «تەنها لەبەر ئەوە ودرمان نەگرت کە لە ئیحرامداین»[1].

پرسی سێیەم: مەرجەکانی حەڵاڵ بونی ڕاو کردن:

بۆ ئەوەی ڕاو کردن حەڵاڵ بێت، هەندێك شت بە مەرج گیراوە لە نێچیرەوان، وهەندێکیش لە ئامێرەکەی:

یەکەم: مەرجەکانی ڕاو چی: ئەوەی مەرجە بۆ کەسی سەربڕ، مەرجیشە بۆ ڕاو کەرەکە؛ کە ئەبێت موسڵمان یان خاوەن کتێب، وژیر بێت، جا ئەوەی شێت وسەر خۆش ڕاوی دەکەن حەڵاڵ نیە، چونکە شیاوی ئەوەیان نیە (عدم الأهلية)، هەروەها سەر بڕاوی ئاگر پەرست وبت پەرست وهەڵ گەڕاوە دروست نیە، چونکە ڕاوکەر وەك سەر بڕ وایە. بەڵام ئەوەی پێویستی بە سەر بڕین نیە وەك ماسی وکولە، حەڵاڵە ئەگەر کەسی ڕاو کەریش سەر بڕینی دروست نەبێت. هەروەها ئەبێت ڕاوکەر مەبەستی ڕاو بێت، چونکە وەشاندن بە ئامێر وناردنی بریندار کەر وەك سەر بڕین وایە، بۆیە مەبەست مەرجە.

دوەم: مەرجەکانی ئامێری ڕاو کردن: ئامێریش دو جۆرە:

---

(١) أخرجه البخاري (١٨٢٥).

١- ئەوەی تیژیەکی هەیە بریندار دەکات، وەك شمشێر وچەقۆ وتیر: لەمەشدا ئەوە مەرجە کە لە ئامێری سەر بڕیندا مەرجە، کە ئەبێت خوێن بچۆڕێنێت، وئە ددان بێت نە نینۆك، وئەبێت بە تیژیەکەی نەك بە پانی وقورسیەکەی نێچیرەکە بریندار بکات. لەبەر فەرمودەکەی [پێشتری] ڕافعی کوڕی خەدیج ، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «ئەوەی خوێنی چۆڕاند وناوی خوات لێ هێنا بو بیخۆ». وپرسیار لە پەیامبەری خوا ﷺ کرا لە بارەی شکار بە تیری بێ پەڕ ونێزە «المِعْرَاض»؟ فەرموی: «مَا خَزَقَ فَكُلْ، وَمَا أَصَابَ بِعَرْضِهِ فَلَا تَأْكُلْ» «هەرچی ئەیدڕی وئەچود ناوەوە بخۆ، هەرچیش بە پانیەکەی بەری کەوت مەیخۆ»(١). وبەرد وگۆچان وتەڵە وپارچە ئاسن وهاوشێوەکانیان کە تیژ نین هاوواتای «المِعْرَاض»ن، ئەو گولەیە نەبێت کە ئەمرۆ لە تفەگەکاندا بە کار دێت، ئەمەیان ڕاوی حەڵاڵە، چونکە هێزێکی تێدایە توانای دڕین وخوێن چۆڕانی هەیە.

٢- بریندارکەرەکان لە ئاژەڵە دڕندەکان یان باڵندە بریندارەکان کە بە چڕنوکیان ڕاو دەکەن، جا دروستە ڕاو بکرێت بە ئاژەڵی دڕندە کە بە کەڵپەکانی ڕاو دەکات، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ [المائدة: ٤] «بڵێ: پاکەکانتان بۆ حەڵاڵە، هەروەها ڕاوی ئەوانەی ڕاهێنانتان پێ کردون لە چڕنوکدار وکەڵپەدارەکان لە سەگ وباز وپڵنگەکان وئەوانی تریش، فێریان دەکەن ڕاوتان بۆ بکەن، کە خوا فێری کردون، سا لەوە بخۆن کە بۆ ئێوەی دەگرن، وناوی خوای لە سەر

---

(١) أخرجه البخاري (٥١٦٨)، ومسلم (١٩٢٩). و«المِعْرَاض»: تیرێکە بێ پەڕ ونێزە «بلا ریش ولا نصل»، جا بە پانایيەکەی بەر دەکەوێت نەك تیژیەکەی. وئەوتری: «خزق السهم الرمية»: واتە لێیدا وچوە ناویەوەوە.

بهێنن لە کاتی ڕەوانە کردنی بۆ ڕاو کردن». ئاژەڵانی دڕندیش وەکو: سەگ، وپلنگ. باڵندەی بریندارکەریش وەکو: باز وداڵ، وشاهین.

مەرجەکانی ڕاو کردن بە ئاژەڵی دڕندە وباڵندەی بریندار کەر:

مەرجە بۆ ڕاوکردن بە ئاژەڵی دڕندە وباڵندەی ڕاوچی، کە فێرکراو بێت، یانی: فێری چۆنێتی گرتنی نێچیرەکە بو بێت، بەوەی ئەم سیفەتانەی تێدا بێت:

١- بڕوا بۆ ئاژەڵی مەبەست، نەك بڕوا بۆ شتێکی تر.

٢- کە خاوەنەکەی لێی خوڕی واز بهێنێت، کەی خاوەنەکەی ویستی بوەستێت بوەستێت، ئەم دو مەرجەش تایبەتن بە سەگەوە، چونکە پلنگ وەختە وەلامی کەس نەداتەوە، ئەگەرچی ئەشبێت فێرکراو بێت. بەلام باڵندە: فێرکردنی بە دو شت حساب دەکرێت: کە نێردرا بڕوات، کە بانگ کرا بگەڕێتەوە.

٣- پێش ئەوەی بیهێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەبێت هیچ نەخوات لەو نێچیرەی ڕاوی کردوە ئەگەر کوشتی.

بنەماش لە حیساب کردن بۆ ئەم مەرجانە فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ﴾ [المائدة:٤]. هەروەها فەرمودەکەی عەدی کوڕی حاتیمە رضي الله عنه لە پەیامبەری خواوە ﷺ: «أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ [الْمُعَلَّم] وَسَمَّيْتَ، فَأَمْسَكَ وَقَتَلَ فَكُلْ، وَإِنْ أَكَلَ فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِهِ» «ئەگەر سەگەکەت نارد و«بسم الله»ت کرد، وگرتی وکوشتی بیخۆ، ئەگەریش لێی خوارد مەیخۆ چونکە بۆ خۆی گرتویەتی»[1].

---

(١) أخرجه البخاري (٥٤٨٣)، ومسلم (١٩٢٩)-٣.

☼ «بسم الله» کردن لە کاتی وەشاندن لە نێچیر:

هەروەها لەو مەرجانە: بسم الله کردنە لە کاتی وەشاندن لە نێچیر یان ناردنی بریندارکەردکە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ [المائدة:٤]. هەروەها لەبەر فەرمودەکەی [پێشوی] عەدی کوڕی حاتیم ﷺ بەرزی دەکاتەوە: «ئەگەر سەگەکەت نارد «بسم الله»ی لە سەر بکە... ئەگەر تیرەکەت هاویشت «بسم الله»ی لە سەر بکە»، ولە لەفزێکدا: «ئەگەر سەگە فێرکراوەکەت نارد وناوی خوات لە سەر هێنا ئەوا بخۆ»[1]. ئەگەریش «بسم الله» نەکرد بە سەهووەوە ئەوا نێچیرەکە حەڵاڵ نەبێت.

حوکمی گەیشتن بە نێچیر هەر بە زیندویی:

ئەگەر ڕاوچی گەیشتە نێچیرەکە وهێشتا ژیانێکی ئۆقرەی تێدا مابو، ئەوا واجبە شەرعیانە سەری ببڕێت، وبە بێ ئەوە حەڵاڵ نابێت، بەڵام ئەگەر پێی گەیشت وبینی شکارەکە ژیانێکی ئۆقرەی تێدا نەماوە، ئەوە بە بێ سەر بڕینیش دروستە بخورێت.

---

(١) أخرجه مسلم (١٩٢٩)-٦.

چواردەهەم: بەشی قەزاوەت وشایەتیدان

لە دو دەروازە پێك هاتوە:

دەروازەی یەکـــــەم: لە بارەی قەزاوەتەوە.

دەروازەی دوەم: لە بارەی شەیاتی دانەوە.

دەروازەی یەکەم

لە بارەی قەزاوەتکردنەوە «القَضَاء»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی دادوەری، وحوکمەکەی، وبەڵگەکانی شەرعی بونی:

١- پێناسەکەی: «القضاء»: لە زماندا: حوکمدان ویەکلاکردنەوە، وموحکەم کردنی شت، ولێ بونەوەیە، ئەوترێ: «قَضَى يقضِي قضاءً» ئەگەر حوکم بدات ویەکلای بکاتەوە. لە زاراوەشدا: ڕونکردنەوەی حوکمی شەرعە، لەگەڵ پابەندکردنە پێوەی، ویەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان، وبڕانەوەی کێشەکانە. «دادوەری»ش پێی وتراوە: حوکم، چونکە ڕێگری دەکات لە مافخواردن، لە حیکمەت=داناییەوە وەرگیراوە کە ئەخوازێت شت لە جێی خۆی دابنێیت.

٢- حوکمەکەی ودانایی تێیدا: دادوەری فەرزی کیفایەتە، ئەگەر ئەوەندەی بەس بێت پێی هەستا، تاوان لە سەر ئەوانی تر دەکەوێت، ئەگەریش هەمو چاکان نەیانکرد ئەوا هەمویان تاوانبار دەبن. چونکە کاروباری خەڵك بە بێ ئەمە ڕێك ناڕوا، ئەمەش یەکێکە لە کارە چاکە گەورەکان؛ سەرخستنی ستەم لێکراو، وجێ بەجێکردنی سنوری خوا، ومافدانی خاوەن ماف، وسوڵح کردن لە نێوان خەڵك، ویەکلاکردنەوەی ناکۆکی وکێشە وشکاتەکانی تێدایە، بۆ ئەوەی ئاسایش بەرقەرار بێت وخراپەکاری کەم ببێتەوە.

بۆیە پێویستە لە سەر پێشەوا، دادوەر دیاری بکات بەو شێوازەی پێویستی وبەرژەوەندی دەیخوازێت، بۆ ئەوەی مافەکان زایە نەبێت وستەم تەشەنە نەکات، هەروەها فەزڵێکی مەزن، وپاداشتێکی گەورەی تێدایە بۆ کەسێك پێی هەستێت

ومافی بدات، وشیاوی ئەو شوێنە بێت، هەروەها تاوانێکی گەورەی تێدایە بۆ کەسێك بیکات ومافی نەدات وشیاوی ئەو شوێنە نەبێت.

٣- **بەڵگەکانی شەرعی بونی:** بنەما تێیدا قورئان وسوننەت وکۆ دەنگیە. بەڵگەی شەرعی بونی لە قورئاندا، فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ: ﴿يَا دَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ﴾ [ص:٢٦] «ئەی داود ئێمە تۆمان وەك جێنشین داناوە لە سەر زەویدا وتۆمان کردوە بە پادشا تێیدا، سا حوکم بکە لە نێوان خەڵکدا بە دادگەری وئینسافەوە». لە سوننەتیشدا فەرمودەکەی پەیامبەرە ﷺ: «إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ» «ئەگەر دادوەر دوای تێکۆشان حوکمی کرد وپێکای ئەوا دو پاداشتی بۆ هەیە، وئەگەریش تێکۆشا وحوکمی کرد بەڵام هەڵەی کرد یەك پاداشتی بۆ هەیە»[١].

پەیامبەری خواش ﷺ خۆی دادوەری کردوە، وداوەریشی داناوە، هاوەڵەکانیش ﷺ وپێشینانی چاکیش لەوەو دوا هەر وایان کردوە.

سەبارەت بە کۆ دەنگی؛ موسڵمانان کۆکن لە سەر شەرعی بونی دانانی دادوەر وحوکم کردن لە نێوان خەڵکدا.

پرسی دوەم: مەرجەکانی دادوەر:

ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ کەسێك ببێتە دادوەر:

١- ئەبێت موسڵمان بێت، چونکە ئیسلامەتی مەرجی دادگەر بونە، بێ باوەڕیش دادگەر نیە، هەروەها بە دادوەرکردنی بێباوەڕ بەرزیە بۆی...

(١) متفق عليه: أخرجه البخاري (٧٣٥٢)، ومسلم (١٧١٦).

٢- نەبێت تەکلیف لێ کراو (پێگەیشتو وژیر) بێت، چونکە منداڵ وشێت تەکلیف لێکراو نین، هەروەها لە ژێر ویلایەتی کەسی تریشن.

٣- ئازاد بێت، چونکە کۆیلە سەرقاڵی مافی خاوەنەکەیەتی وهیچ ویلایەتێکی نیە، جا شیاوی دادوەری نیە، وەك ئافرەت.

٤- نێر بێت، جا ئافرەت ناکرێتە دادوەر، چونکە ئەهلی ویلایەت نیە، پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً» «کەلێك سەر فراز نابێت ئافرەتێك ببێتە کار بە دەستیان»[(١)].

٥- دادگەر بێت، جا فاسق ناکرێتە دادوەر، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا﴾ [الحجرات:٦]. جا ئەگەر هەواڵی وەرنەگیرێت، حوکم وەر نەگرتنی لە پێشترە.

٦- دور بێت لە عەیب ودەردی بەردەوام وەك کەڕی وکوێری ولاڵی، چونکە لەگەڵ ئەم عەیبانەدا ناتوانێت ناکۆکیەکان یەکلا بکاتەوە، وبە مەرج گرتنی چاویش جێی زیاتر تێڕامانە.

٧- ئەبێت زانا بێت بە حوکمە شەرعیەکان کە بە هۆیەوە کراوە بە دادوەر، با لە مەزهەبەکەی خۆیشی بێت کە تەقلیدی پێشەوایەك دەکات لە پێشەواکان.

پرسی سێیەم: ئادابی دادوەر ورەوشتەکانی، وچی بۆ شیاوە وچی بۆ نەگونجاوە:

١- ئەبێت دادوەر بە هێز وسامدار بێ، بێ لوتبەرزی وتیژی، ونەرم بێ، بێ لاوازی، بۆ ئەوەی بەهێز تەمای ببڕێ لە ناهەق کردنی، ولاوازیش بێئومێد نەبێ لە دادگەریەکەی.

(١) أخرجه البخاري (٤٤٢٥).

٢- ئەبێت لە سەر خۆ وهێور بێت، بۆ ئەوەی لە قسەی ناکۆکەکان تورە نەبێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم حوکمدانەکەی.

٣- ئەبێت زرنگ وهۆشیار بێت، لە بێ ئاگایی پەی پێ نەبرێت، ولە خۆش باوەڕی فێڵی لێ نەکرێت.

٤- ئەبێت پاك بێت، ولە خراپە وشتی نەشیاو وحەرامەوە دور بێت.

٥- ئەبێت قەناعەتدار وراستگۆ بێت، خاوەن ڕا وبۆچون ومشور بێت. عەلی ﷺ ئەڵێت: «نابێت دادوەر داوەری بکات تا پێنج خەسڵەت لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، لە شتی نەشیاوەوە دور بێت، لە سەر خۆ بێت، بزانێت پێشتر چی بوە، ڕاوێژ بە ژیرەکان بکات، ولە لۆمەی لۆمەکار نەترسێت»[1].

٦- حەرامە دادوەر چپە بۆ هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان بکات، یان موجامەلەی یەکێکیان بکات، یان بەڵگەکەی بخاتە سەر زوبانی، یان فێری بکات چۆن بانگەشە بکات.

٧- حەرامە دادوەر بە توڕەییەکی زۆرەوە حوکم بدات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا يَقْضِي الْحَاكِمُ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ» «دادوەر لە کاتی توڕەییدا حوکم ناکات لە نێوان دو کەسدا»[2]. هەروەها هەر شتێك بیر پەرتەوازە بکات لە کێشە وغەم وبرسیەتی وتینیەتی وماندویەتی ونەخۆشی وهاوشێوەکانی قیاس دەکرێتە سەر توڕەیی.

---

(١) انظر: «المغني» لابن قدامة (١٧/١٤). وقال الألباني: «لم أره لعلي، وأخرج البيهقي (١١٠/١٠) نحوه عن عمر بن عبد العزيز»، انظر: «إرواء الغليل» (٢٣٩/٨).

(٢) أخرجه البخاري (٧١٥٨)، ومسلم (١٧١٧).

٨- حەرامە لە سەر دادوەر بەرتیل وەر بگرێت، لەبەر فەرمودەکەی ئەبو هورەیرە ﷺ، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «لَعن اللهُ الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِي فِي الْحُكْمِ» «خوا نەفرەتی کردوە لە بەرتیل دەر وبەرتیل وەرگر لە حوکمدان»(١)، جا بەرتیل دان رێگری دەکات لە حوکم کردن بە هەق بۆ خاوەنەکەی، یان وای لێ دەکات حوکم بە ناهەق بکات بۆ ناهەقەکە، هەر دوکیشیان شەرێکی مەزنە.

٩- حەرامە لە سەر دادوەر دیاری لە لایەنە ناکۆکەکان یان یەکێکیان وەر بگرێت، کێش عادەتی هەیە بەردەوام دیاری پێ دەدات پێش دادوەری، ئەوە هیچی تێدا نیە بە مەرجێك دیاری بەخشەکە کێشەی نەبێت ودادوەرەکە لە بەرژەوەندی ئەو بڕیار بدات. ئەگەریش لە هەمو ئەمانە خۆی بگرێتەوە باشترە بۆی، جا دادوەر ئەبێت خۆی لە هەمو ئەو شتانە بە دور بگرێت کە کاریگەری ئەبێت لە سەر دادوەریەکەی وسومعەکەی، تەنانەت کڕین وفرۆشتنیش؛ نابێت خۆی بە خۆی کڕین وفرشتن بکات لەگەڵ کەسێکدا بیناسێت، لە بەر موجامەلە، چونکە موجامەلە لە کڕین وفرۆشتندا وەك دیاری وایە، بۆیە کڕین وفرۆشتن لە ڕێگەی بریکارێکەوە دەیکات کە نەزانرێت بۆ ئەوە.

١٠- دروست نیە دادوەر دادەوەری بکات بۆ خۆی وخزمانی لەوانەی کە شایەتیان بۆی وەرناگیرێت، ودادوەری ناکات لە سەر دوژمنەکەی، چونکە لەم حاڵەتانەدا مایەی تۆمەتە.

(١) أخرجه الترمذي (١٣٣٦) وقال: حسن صحيح، وابن ماجه (٢٣١٣)، وصححه الألباني «صحيح الترمذي» (١٠٧٣).

١١- دادوەر بە زانینی خۆی حوكم ناكات، چونكە سەر دەكێشێ بۆ تۆمەتباركردنی.

١٢- سوننەتە دادوەر نوسەرێكی هەبێت ڕوداوەكان بنوسێت، وجگە لەوەش لەوانەی پێویستی پێ دەبێت بۆ یارمەتیدانی، وەك دەرگاوان، وتەزكیەچی[1]، وەرگێڕ، وجگە لەمانەش، لەبەر زۆری سەرقاڵی بە كاروباری خەڵكەوە پێویستی بە یارمەتیدەر دەبێت.

١٣- ئەبێت دادوەر حوكم بكات بەوەی لە قورئان وسوننەتدا هاتوە، ئەگەر نەیدۆزیەوە ئەڕوات بۆ كۆ دەنگی، لەوێش دەستی نەكەوت وشیاوی تێكۆشان بو ئەوا تێدەكۆشێت، ئەگەریش شیاوی ئەوە نەبو ئەوا لە سەریەتی پرسیار بكات لە موفتیەك وفەتواكەی وەربگرێت.

١٤- پێویستە لە سەر دادوەر دادگەر بێت لە نێوان لایەنە ناكۆكەكاندا لە هەمو شتێكدا، عومەر ﷺ نوسراوێكی نوسی بۆ ئەبو موسای ئەشعەری: «وَآسِ بَيْنَ النَّاسِ فِي وَجْهِكَ وَمَجْلِسِكَ وَعَدْلِكَ، حَتَّى لَا يَيْأَسَ الضَّعِيفُ مِنْ عَدْلِكَ، وَلَا يَطْمَعَ الشَّرِيفُ فِي حَيْفِكَ» «لە سەیركردنت ودانیشتننت ودادگەریت یەكسانی بكە لە نێوان هەمویان (یان یەكسانی بكە هەر یەكەیان وەك بەرامبەرە ناكۆكەی تەماشا بكە)، بۆ ئەوەی لاواز بێئومێد نەبێت لە دادگەریت، وناوداریش بە تەما نەبێت ستەمی بۆ بكەیت»[2].

---

(١) [ئەو كەسەیە، دادوەر پشتی پێ دەبەستێت لە مەڕ دادگەری شاهیدەكان و...هتد]

(٢) أخرجه الدارقطني (٥١٢) وهو صحيح، انظر: إرواء الغليل (٢٤١/٨).

پرسی چوارەم: ڕێگای حوکم دان وچۆنیەتیەکەی:

دادوەر لە هەر کێشەیەکدا دەکاتە بڕیاردان، بە گرتنە بەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

- ئەگەر هەر دو لایەنە ناکۆکە ئامادە بون، ئەیانهێنێت لە بەر دەستی خۆی دەیان وەستێنێت، وپرسیاریان لێدەکات: کامتان بانگەشەی هەیە؟ یان بێ دەنگ دەبێت تا بانگەشەکار خۆی قسە دەکات وگوێی لێ دەگرێت.

- جا ئەگەر بانگەشەکە بە شێوەیەکی دروست باس کرا، ئەوسا دادوەر پرسیار دەکات لە بانگەشە لە سەر کراو کە هەڵوێستی چیە لە سەر ئەوە، ئەگەر دانی پێدا نا ئەوا بڕیار دەدات لە دژی، ئەگەریش نکوڵی لێ کرد، داوای بەڵگە لە بانگەشە کار دەکات.

- ئەگەر بانگەشەکار بەڵگەی هەبو داوای هێنانی لێ دەکات، وگوێ شل دەکات بۆ شایەتەکە، وبە مەرجەکانیەوە حوکمی بۆ دەدات، وئیش بە زانینی خۆیشی ناکا.

- ئەگەریش بانگەشەکار بەڵگەی نەبو، ئەوا دادوەر پێی دەڵێت: بۆی هەیە سوێندی بانگەشە لە سەر کراو بدات، لەبەر ئەوەی کاتێك کابرای حەدرەمی بانگەشەی ئەوەی کرد کە زەویەکەی، کابرای کیندی زەوتی کردوە، پەیامبەر ﷺ فەرمووی: بەڵگەت هەیە؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: سا بۆت هەیە سوێندی بدەیت[١]. هەروەها لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ: «الْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينُ عَلَى

---

(١) أخرجه مسلم (٢٢٣).

المدعى عليه» «بەڵگە لە سەر بانگەشەکەرە، سوێندیش لە سەر بانگەشە لە سەر کراو»[١].

- ئەگەر بانگەشەکار ڕازی بو بە سوێند خواردنی بانگەشە لە سەر کراو، ئەوا دادوەر سوێندی دەدات وڕێگەی دەدات بڕوات، چونکە بنەما ئەستۆ پاکیە.

- ئەگەر بانگەشە لە سەر کراو سوێندی نەخوارد وڕازی نەبو، ئەوسا دادوەر بە نکوڵی کردن (النُكُول) بڕیار دەدات، نکوڵیش قەرینەیەکی ڕوکەشە لە سەر ڕاستگۆیی بانگەشەکەر، عوسمان ﷺ وکۆمەڵێك لە زانایان بە نکوڵی کردن بڕیاریان داوە.

کۆمەڵێکی تریش لە زانایان پێیان وایە ئەگەر بانگەشە لە سەر کراو نکوڵی کرد لە سوێند خواردن، ئەجا سوێندی بانگەشەکەر دەدرێت، بە تایبەت ئەگەر لاکەی ئەو بەهێزتر بو.

- جا ئەگەر بانگەشە لە سەر کراو سوێندی خوارد ودادوەر ڕێگەی ڕۆیشتنی دا، ئەجا بانگەشە لە سەر کراو دوای ئەوە بەڵگەی هێنا، ئەوە وەری دەگرێت وبڕیاری لە سەر دەدات، چونکە سوێندەکە هەقەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو تەنها ناکۆکی ناهێڵێت.

---

(١) سيأتي تخريجه في الباب الذي بعد هذا.

دەروازەی دووەم

لە بارەی شایەتی دانەوە «الشَّهَادَات»

چەند پرسێکی تێدایە:

پرسی یەکەم: پێناسەی شاهێدی، وحوکمەکەی، وبەڵگەکانی:

١- **پێناسەکەی:** «الشَّهَادَة»: لە زماندا: هەواڵی یەکلایە، لە «المشاهدة= بینین»ەوە وەرگیراوە، چونکە شایەت باسی ئەوە دەکات کە بینیویەتی وسەیری کردوە. مەبەستیش پێی لەلای فەقیهەکان: هەواڵ دانە بە هەق بۆ کەسێکی تر لە سەر کەسێکی تر لە دانیشتنی دادوەریدا، یان: هەواڵدانی شایەتە بەوەی بینیویەتی بە لەفزێکی تایبەت، کە بریتیە لە: شایەتی ئەدەم، یان بینیم، یان جێگرەوەکانیان.

٢- **حوکمەکەی:** چونە ژێر باری شایەتیدانەوە بۆ جگە لە مافەکانی خوا -یانی: مافی ئادەمیزادەکان- فەرزی کیفایەیە، ئەگەر هەبو پێی هەستێت لە سەر ئەوانی تر دەکەوێت لەبەر بەدیهاتنی مەبەست، ئەگەریش نەبو دەبێتە فەرز لە سەری، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا﴾ [البقرة:٢٨٢] «ولە سەر شایەتەکانە ئەگەر وترا بێن بۆ شایەتیدان، لە سەریانە شایەتی بدەن».

بەڵام شایەتیدان وسەلماندنی لەلای دادوەر: فەرزی عەینە لە سەر ئەو کەسەی چۆتە ژێر باری کەی بانگکرا بۆ ئەداکردنی، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾ [البقرة:٢٨٣] «جا ئەگەر قەرزار نکوڵی کرد لە مافەکە، شایەتیشی لە سەر هەیە، ئەوا لە سەریەتی گەواهیدانەکەی ئاشکرا بکات ونەیشارێتەوە، کێش بیشارێتەوە ئەو دڵێکی غەدرکەر وخراپی هەیە».

ئەمەش هەڕەشەیەکی توندە بۆ کەسێك بیشارێتەوە، ئەمەش بەلگەیە لە سەر فەرزبونی ئەداکردنی شایەتی بۆ شایەت کەی داوای لێکرا.

بۆ واجب بونی ئەداکردنی شایەتیش: ئەبێت شایەت توشی زەرەر وزیان نەبێت، ئەگەرنا توشی زەرەر دەهات لە ناموس وکەسایەتی یان ماڵی یان خۆی یان خێزانەکەی، ئەوا واجب نیە لە سەری، لەبەر فەرمودەکەی پەیامبەر ﷺ: «لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ» «نە زیان بگەیەنە، ونە زیان بە زیان وەلام بدەرەوە»[1].

٣- بەلگەکانی شەرعی بونی: بەلگەی شەرعی بونی، قورئان وفەرمودە وکۆ دەنگیە، سەبارەت بە قورئان فەرمایشتەکەی خوایە ﷻ کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا﴾ [البقرة:٢٨٢]. هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ﴾ [الطلاق:٢] «وشایەتیەکانتان لە بەر خوا بدەن بە تەنها نەك لەبەر شتی تر»، هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾ [البقرة:٢٨٣]، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢]، هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ﴾ [البقرة:٢٨٢] «وشایەتی دو پیاو بخوازن، ئەگەر نەبو، ئەوا شایەتی پیاوێك ودو ئافرەت بخوازن کە بە شایەتیان ڕازین».

لە سوننەتیشدا: فەرمودەکەی ئیبن مەسعودە رضي الله عنه کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی[2]: «شَاهِدَاكَ أَوْ يَمِينُهُ» «یان دو شاهید دەهێنیت، یان ئەو سوێند

---

(١) أخرجه الحاكم (٢/٥٧) وصححه ووافقه الذهبي، والبيهقي (٦/٦٩) وصححه الألباني «الصحيحة» (٢٥٠).
(٢) أخرجه البخاري (٦٦٧٦)، ومسلم (١٣٨)-٢٢١، واللفظ لمسلم.

دەخوات»، وفەرمودەکەی [پێشتری] ئیبن عەبباسە: «بەڵگە لە سەر بانگەشەکەرە، سوێندیش لە سەر نکوڵی کەر».

زانایانیش کۆکن لە سەر شەرعی بونی، بۆ چەسپاندنی مافەکان، هەروەها چونکە پێویستی دەیخوازێت.

پرسی دووەم: مەرجەکانی ئەو شایەتیەی وەر دەگیرێت:

ئەو کەسەی شایەتی وەر دەگیرێت دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- ئیسلامەتی: جا شایەتیدانی بێ باوەڕ وەر ناگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢]. هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ﴾ [البقرة:٢٨٢] هەروەها ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنْتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ [المائدة:١٠٦]، «ئەی باوەڕداران ئەگەر مردن لە کەسێکتان نزیك بویەوە ئەوا با دو کەسی ئەمین ودادگەری موسڵمان بە شایەت بگرێت بۆ وەسەت نامەکەی، یان دو کەسی ناموسڵمان لە کاتی پێویست ونەبونی موسڵماندا، جا دەیانکەن بە شایەت ئەگەر سەفەرتان کرد ومردن یەخەی پێگرتن»، ئیبن عەبباس وزۆرێکی تر لە بارەی: ﴿أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ﴾ ئەڵێن: لە نا موسڵمانەکان یانی: خاوەن کتێبەکان[1].

٢- پێگەیشتن وژیری: جا منداڵ با دادگەریش بێت شایەتی نیە، چونکە عەقڵی کامڵ نیە، بۆیە شیاوێتی نوقسانە. بەڵام شایەتی منداڵان لە سەر یەکتر لەبارەی برینەکانەوە -بە تایبەت- وەردەگیرێت، بە تایبەت پێش بڵاوە لێ کردن بێت، ئەگەر

---

(١) انظر: تفسير ابن كثير (٣/٢١١).

هەموویان پەك قسەیان دەكرد، هەروەها شایەتی شێت ونوقسان وسەر خۆش وەر ناگیرێت؛ چونكە شایەتیان دڵنیایی نادات بەو بڕیارەی لە سەر ئەوە درا بێت.

٣- قسەكردن: جا شایەتی لاڵ وەر ناگیرێت، با لە ناماژەشی تێ بگەن، رئاماژەشی وەر دەگیرێت لە كۆمەڵێك حوكمی تایبەت بە خۆی لەبەر زەرورەت، بەڵام ئەگەر شایەتیەكەی بە نوسین پێشكەش كرد وەر دەگیرێت، چونكە نوسین دەلالەتە لە سەر لەفزەكان.

٤- لەبەر بون وزەبتكردن وبە ئاگا بون (الحِفْظُ والضَّبْطُ واليَقَظَةُ): جا شایەتی بێ ئاگا وناسراو بە زۆری هەڵە وسەهو وەرناگیرێت، چونكە متمانە بە وتەكەی بە دی نایەت؛ لەوانەیە غەڵەتی خۆی بێت، بەڵام كێ ئەمەی كەم بێت لێی وەردەگیرێت، چونكە كەس لێی سەلامەت نابێت.

٥- دادگەری: جا شایەتی فاسق وەرناگیریت، لەبەر فەرمایشتەكەی خوا ﷻ: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢]. «داد گەر»یش ئەوەیە: لە دینداری دا ڕێك بێت، كە هیچ جێی گومان نیە، وخاوەن كەسایەتیە، واجب وسوننەتەكان بە جێ دەگەیەنێت، وخۆی لە حەرام ومەكڕوهەكان بە دور دەگرێت.

پرسی سێیەم: ئەو حوكمانەی پەیوەستن بە گەواهی دانەوە:

١- پێویستە لە سەر شایەت، زانستی هەبێت بەوەی شایەتی لە سەر دەدات، جا بۆی دروست نیە شایەتی بدات لە سەر شتێك زانستی لە بارەوە نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ [الإسراء:٣٦] «ئەی مرۆڤ شوێن ئەوە مەكەوە كە زانستت پێی نیە بەڵكو تەئكید بكەوەوە ودڵنیابەرەوە»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [الزخرف:٨٦] «مەگەر یەكێك شایەتی هەق بدات، وزانستیشی هەبێت بە هەقیقەتی ئەوەی شایەتی لە سەر

دەدات» یانی: لە سەر بەر چاو ڕۆشنی زانست. زانستیش بە دی دێت بە بیستن یان بینین، یان بڵاو بونەوە وتەشەنە کردن ئەکەر زۆر جار بە دی نەدەهات مەگەر بەمە وەك ڕەچەڵەك ومردن.

٢- شایەتی باوك بۆ کوڕەکەی وبە پێچەوانەشەوە وەرناگیرێت، چونکە جێی تۆمەتە، هەروەها شایەتیدانی ژن ومێرد بۆ یەکتر. بەڵام شایەتیدانیان لە دژی یەکتر وەر دەگیرێت، جا ئەگەر شایەتیدا لە دژ باوکی یان کوڕی یان هاوژینەکەی یان ژن لە دژ پیاوەکەی ئەوە وەر دەگیرێت، چونکە جێی تۆمەت نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ [النساء:١٣٥]. «ئەی بڕواداران بە خوا وپەیامبەرەکەی بە دادگەری هەستن، شایەتی لەبەر خوا بدەن، ئەگەر لە دژی خۆشتان یان باوك ودایکانتان یان خزم ونزیکەکانتان بێت، شایەتی لە سەر دراو هەر چۆنێك بێت؛ هەژارە یان دەوڵەمەندە».

٣- شایەتی دوژمندار لە دژ دوژمنەکەی وەرناگیرێت، هەروەها ئەوەی بە هۆیەوە سودێکی پێ دەگات، یان بە هۆیەوە زیانێکی لێ دور دەکەوێتەوە، بەڵام دوژمنی دینی ڕێگر نابێت لە وەرگرتنی شایەتی، بۆیە شایەتی موسڵمان لە دژ نا موسڵمان، وسوننەتی لە دژ بیدعەچی وەردەگیرێت.

٤- پێویستە گەواهیدەر بە هەق شایەتی بدات ئەگەر لە دژ نزیکترین کەسیشی بێت، موجامەلەکردنیش دروست نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ [النساء:١٣٥]. یانی: ئەگەر شایەتیەکە لە دژ دایك وباوکت وخزمەکانت بێت، ڕەچاویان مەکە لە شایەتیداندا، بەڵکو شایەتی هەق بدە، با بە هۆیەوە زیانیشیان بەر بکەوێ.

هەمویان یەك قسەیان دەکرد، هەروەها شایەتی شێت ونوقسان وسەر خۆش وەر ناگیرێت؛ چونکە شایەتیان دڵنیایی نادات بەو بڕیارەی لە سەر ئەوە درا بێت.

٣- قسەکردن: جا شایەتی لاڵ وەر ناگیرێت، با لە ئاماژەشی تێ بگەن، وناماژەشی وەر دەگیرێت لە کۆمەڵێك حوکمی تایبەت بە خۆی لەبەر زەرورەت، بەڵام ئەگەر شایەتیەکەی بە نوسین پێشکەش کرد وەر دەگیرێت، چونکە نوسین دەلالەتە لە سەر لەفزەکان.

٤- لەبەر بون وزەبتکردن وبە ئاگا بون (الحِفْظُ والضَّبطُ واليَقَظَةُ): جا شایەتی بێ ئاگا وناسراو بە زۆری هەڵە وسەهو وەرناگیرێت، چونکە متمانە بە وتەکەی بە دی نایەت؛ لەوانەیە غەڵەتی خۆی بێت، بەڵام کێ ئەمەی کەم بێت لێی وەردەگیرێت، چونکە کەس لێی سەلامەت نابێت.

٥- دادگەری: جا شایەتی فاسق وەرناگیریت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢]. «داد گەر»یش ئەوەیە: لە دینداری دا ڕێك بێت، کە هیچ جێی گومان نیە، وخاوەن کەسایەتیە، واجب وسوننەتەکان بە جێ دەگەیەنێت، وخۆی لە حەرام ومەکڕوهەکان بە دور دەگرێت.

پرسی سێیەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە گەواهی دانەوە:

١- پێویستە لە سەر شایەت، زانستی هەبێت بەوەی شایەتی لە سەر دەدات، جا بۆی دروست نیە شایەتی بدات لە سەر شتێك زانستی لە بارەوە نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ [الإسراء:٣٦] «ئەی مرۆڤ شوێن ئەوە مەکەوە کە زانستت پێی نیە بەڵکو تەئکید بکەوەوە ودڵنیابەرەوە»، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [الزخرف:٨٦] «مەگەر یەکێك شایەتی هەق بدات، وزانستیشی هەبێت بە هەقیقەتی ئەوەی شایەتی لە سەر

دەدات» یانی: لە سەر بەر چاو ڕۆشنی زانست. زانستیش بە دی دێت بە بیستن یان بینین، یان بڵاو بونەوە وتەشەنە کردن ئەگەر زۆر جار بە دی نەدەهات مەگەر بەمە وەك ڕەچەڵەك ومردن.

٢- شایەتی باوك بۆ کوڕەکەی وبە پێچەوانەشەوە وەرناگیرێت، چونکە جێی تۆمەتە، هەروەها شایەتیدانی ژن ومێرد بۆ یەکتر. بەڵام شایەتیدانیان لە دژی یەکتر وەر دەگیرێت، جا ئەگەر شایەتیدا لە دژ باوکی یان کوڕی یان هاوژینەکەی یان ژن لە دژ پیاوەکەی ئەوە وەر دەگیرێت، چونکە جێی تۆمەت نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ [النساء:١٣٥]. «ئەی بڕواداران بە خوا وپەیامبەرەکەی بە دادگەری هەستن، شایەتی لەبەر خوا بدەن، ئەگەر لە دژی خۆشتان یان باوك ودایکانتان یان خزم ونزیکەکانتان بێت، شایەتی لە سەر دراو هەر چۆنێك بێت؛ هەژارە یان دەوڵەمەندە».

٣- شایەتی دوژمندار لە دژ دوژمنەکەی وەرناگیرێت، هەروەها ئەوەی بە هۆیەوە سودێکی پێ دەگات، یان بە هۆیەوە زیانێکی لێ دور دەکەوێتەوە، بەڵام دوژمنی دینی ڕێگر نابێت لە وەرگرتنی شایەتی، بۆیە شایەتی موسڵمان لە دژ نا موسڵمان، وسوننەتی لە دژ بیدعەچی وەردەگیرێت.

٤- پێویستە گەواهیدەر بە هەق شایەتی بدات ئەگەر لە دژ نزیکترین کەسیشی بێت، موجامەلەکردنیش دروست نیە، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ [النساء:١٣٥]. یانی: ئەگەر شایەتیەکە لە دژ دایك وباوکت وخزمەکانت بێت، ڕەچاویان مەکە لە شایەتیداندا، بەڵکو شایەتی هەق بدە، با بە هۆیەوە زیانیشیان بەر بکەوێ.

٥- شایەتی لە سەر شایەتی وەردەگیرێت، چونکە پێویستی دەیخوازێت، ئەمەش بە مەرجێك شایەتە سەرەکیەکان بەردەست نەبن بە هۆی نەخۆشی یان مردن یان شتی ترەوە، لەگەڵ دادگەر بونی شایەتە سەرەکی ولقەکان هەر دو لایان.

٦- شایەتی درۆ وەرناگیرێت، ئەمەش لە تاوانە گەورەکانە، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾ [الحج:٣٠] «جا دور بکەونەوە لە پیسیەکان کە بریتیە لە بتەکان، هەروەها دور بکەونەوە لە درۆش»، هەروەها پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ: «أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ، ثَلَاثًا، قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: الْإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا، فَقَالَ أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ قَالَ: فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ» «ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە گەورەترینی تاوانە گەورەکان (سێ جار)، وتیان: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا، فەرموی: شیرك بۆ خوا بڕیار دان، ونازار دانی دایك وباوك، جا ڕاکشا بو دانیشت وفەرموی: ئاگادار بن! هەروەها شایەتی دانی درۆ، ئیتر هەر دوبارەی دەکردەوە، تا وتمان: خۆزگە بێ دەنگ بوایە»[1]، هەروەها لابەری دادگەری وبەرپاکەری ستەمە.

٧- دروست نیە شایەت کرێ وەر بگرێت لە سەر شایەتی دان، بەڵام ئەگەر نەیتوانی بڕوات بۆ شوێنی شایەتیدانەکە ئەوا بۆی هەیە کرێی ڕێگا وەربگرێت.

٨- ژمارەی شایەتەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی گۆڕانکاری شایەت لە سەر دراوەکان: جا داوێن پیسی ونێربازی کەمتر لە چوار شایەتی پیاوی تێدا وەرناگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿لَوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ﴾ [النور:١٣]. بەڵام

---

(١) أخرجه البخاري (٢٦٥٣، ٢٦٥٤)، ومسلم (٨٧).

باقی سنورەکانی تر وەك دزین وتۆمەت بەخشینەوە، هەروەها هەر مەسەلەیەکی تر ماڵ نەبێت، ومەبەستیش لێی ماڵ نەبێت، هەروەها لەو شتانە بێت کە زۆر جار پیاو لێی دەڕوانێت، وەك هاوسەرگیری، وتەڵاق، وگێڕانەوە، وزیهارکردن، ورەچەڵەك، وبریکاری، وەسیەت کردن، وهاوشێوەکانی، لەمانەدا دو شاهیدی پیاو وەردەگیرێت وشایەتی ئافرەت وەرناگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ لەبارەی رەجعەوە: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق:٢]. جا سەرجەم ئەوانەی تر کە باس کران قیاس دەکرێتە سەری. چونکە نە ماڵە ونە مەبەست لێی ماڵە، بۆیە وەك سزاکان وایە.

سەبارەت بە ماڵ وئەوەی مەبەست لێی ماڵە وەك کڕین وفرۆشتن وبە کرێدان وقەرز وبارمتە وسپاردە، وهاوشێوەکانیان لە گرێ بەستە ماڵیەکان، ئەوە شایەتی دو پیاو، یان پیاو وئافرەتێکی تێدا وەر دەگیرێت، لەبەر فەرمایشتەکەی خوا ﷻ: ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ﴾ [البقرة:٢٨٢].

هەروەها لە ماڵ وئەوەی مەبەست لێی ماڵە شایەتی یەك پیاو وسوێندی بانگەشەکارەکەش وەردەگیرێت، چونکە پەیامبەر لە سەر ئەوە بڕیاری داوە ﷺ[1].

بەڵام ئەوەی کە -زۆر جار- پیاوان نایبینن وەك ئەو عەیبانەی ئافرەتان کە شاراوەن یا بێوەژنانە یا کچانەن، یا لە دایك بون یا شیردانن، یان لە دایك بونی کۆرپەلە وهاوشێوەکانیانین، ئەوا شایەتی ئافرەتان تێیدا بە تەنها وەردەگیرێت، یەك ئافرەتیش بەسە.

(١) [أخرجه أحمد (١٤٤٩٩)، والترمذي (١٣٤٤، ١٣٤٥)، وابن ماجه (٢٣٦٩)].

كێش بانگەشەی هەژاری بكات كە دەوڵەمەند بو بێت، ئەوا پێویستی بە سێ شایەتی پیاو هەیە [تا بە ڕاست بخرێتەوە وزەكاتی پێ بدرێت]، لەبەر فەرمایشتەكەی پەیامبەری خوا ﷺ: «رجُلٌ أصابَتْهُ فاقَةٌ حَتَّى يَقُومَ ثَلاثَةٌ مِنْ ذَوِي الْحِجَا مِنْ قَوْمِهِ لَقَدْ أَصَابَتْ فُلانًا فَاقَةٌ» «داواكردن ودەست پان كردنەوە لە خەڵك دروست نیە مەگەر لە سێ حاڵەت:... وپیاوێك توشی هەژاریەك هاتبێت بۆی دروست نیە داوا بكات مەگەر سێ پیاوی عاقڵی نێو خێڵەكەی خۆی شایەتی بۆ بدەن كە فلان كەس توشی هەژاری هاتوە»[1].

٩- لە ئەداكردنی شایەتیدا مەرج نیە بە لەفزی شایەتی بێت، وەك بڵێ: شایەتی دەدەم، یان بینیم، بەڵكو ئەوەندە بەسە بڵێت: ئەوە وئەوەم بینی یان بیستم، وهاوشێوەكانی، چونكە هیچ بەڵگەیەك نەهاتوە ئەمەی بە مەرج گرتبێت.

پاشان: ئەمە ئەوە بو كە خوا كۆكردنەوەی ئاسان كرد لەم پوختەیەدا، داوا لە خوا دەكەین بە تەنها بۆ خۆی بێت، وبە هۆیەوە سود بگەیەنێت بە بەندە باوەڕدارەكانی.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، وصلّى الله وسلم وبارك على نبيّنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

(١) أخرجه مسلم (١٠٤٤). والحِجا: العقل.

پێڕست